دانیل دیفو

# روبینسون کرۆزۆ

(ڕۆمان)

و: حەمەکەریم عارف
٠٧٧٠١٣٠٩٣٩٠
٠٧٥٠١١٢٠٩١٥

ناوی کتێب:روبینسون کرۆزۆ
بابەت: ڕۆمان
نووسەر:دانیل دیفو
وەرگێڕ:حەمەکەریم عارف
تیراژ: 1000دانە
چاپ و چاپخانە: کتێبخانەی زانیار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
تایپ:رزگار حەساری

پێڕست

١-بەرەو دەریا..

٢-دزانی دەریایی دیلم دەکەن
٣- لە دەستی دزانی دەریایی هەڵدێم
٤- لە بەرازیل کشت و کاڵ دەکەم
٥- لە سەعاتێکی شووما سواری کەشتی دەبم
٦- کەلوپەلی هەمەجۆر بۆ خۆ پەیدا دەکەم
٧- قەلاّ دروست دەکەم
٨- رۆژانە یاداشت
*- توێکڵی دانەوێڵەکان هەڵدەرێژم
*- گژەبایەکی توند هەڵیکرد
*-نەخۆشی قورس هەراسانم دەکات
*- دورگەکە دەپشکنم
٩- تۆوەکانم دادەچێنم
١٠- دەچم بۆ ئەوبەری دورگەکە
١١- زۆر بە دەگمەن بێکار دەبم
١٢- بۆ خۆم بەلەمێك دروست دەکەم
١٣- پەرە بە توانا هونەرییەکانی خۆم دەدەم
١٤- جیّ پێی خاوسی مرۆڤێك پەیدا دەکەم
١٥- لە کەنارەکەدا چاوم بە ئێسك و پروسکی پەراگەندە دەکەویّ
١٦- بە دەگمەن لە ماڵ دەچمە دەریّ
١٧- بۆدی کەشتییەك دەبینم
١٨- بۆ یەکەمجا ر گوێم لە دەنگی بەشەرێك دەبێت
١٩- ناوی دەنەم جوعمە
٢٠- لۆتکەیەکی دی د روستدە کەین
٢١- ڕوو بە ڕووی بەشەرخۆران دەبینەوە
٢٢- نەخشەی سەفەر بۆ کۆڵۆنیەکانی ئەمریکا دەکێشین
٢٣- ئاژاوەیەك دادەمرکێنینەوە
٢٤- دەست بەسەر کەشتیەکەدا دەگرین
٢٥- هەموو سەروەت وسامانەکەم بەدەست دێنمەوە
٢٦- لە کۆساران تێدە پەڕین
٢٧- جارێکی دی سەردانی دورگەکەم دەکەم
٢٨- فەرهەنگۆك
٢٩- ژینامەی وەرگێڕ

**دانيل ديفو(١٦٦٠-١٧٣١ )**

"١"

دانیل دیفو، بەر لەوەی لە تەمەنی شەست ساڵیدا یەکەمین ڕۆمانی خۆی، کە روبینسون کرۆزۆیە بنووسێت، بابایەك بوو بازرگان، ئابوریزان، رۆژنامەنووس و جاسوس و سیخوڕ. بە بۆچوونی گەلێك لە پسپۆران و شارەزایانی مەیدانی ئەدەب، دیفو یەکەمین ڕۆماننووسی ڕاستەقینەی زمانی ئینگلیزییە.

دیفو، لە لەندەن لە دایك بووە. باوکی، واتە جیمز فویە کاری شەمسازی دەکرد و پاشان کەوتە کاری قەسابی. دیفو، لە دەوروبەری ساڵی ١٦٩٥دا، ناوی شۆرەت و خانەوادەیی خۆی لە فۆیەوە گۆڕی بۆ دیفو. دیفو لە سەرەتاوە بۆ خوێندن چووە ئەو قوتابخانە مەزەبیانەی کە دژی کڵێسای فەرمی و باوی ئینگلیستان بوو. پاشان دەستی دایە کاری بازرگانی و بەهۆی کاری بازرگانییەوە سەفەری ولاٌتانی جۆراوجۆری وەکو ئەسپانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و ئەڵمانیای کرد وئیدی سەفەر بوو به خەون و خولیای سەرانسەری ژیانی. لە ساڵی ١٦٨٣دا بۆ ئینگلیستان گەڕایەوەو لە ساڵی ١٦٨٤دا دەگەڵ ماری تافلیدا زەماوەندی کرد و سێ هەزارو حەوت سەد پاوەندی لەبری جیازی بەرکەوت، بەلاٌم بەمەش نەهاتەوە مایە و پاشان بەهۆی قەرزارییەوە کەوتە زندان. بەهەر حاڵ ژیانی دیفو یەجگار جەنجاڵ و پڕ هەورازو نشێو بوو. لە ساڵی ١٦٨٥دا بۆ ماوەیەکی کەم بەگەڵ ڕاپەڕین ویاخی بوونەکەی دۆکی "مونموت"ی کەوت..پاشان لە ساڵی ١٧٠١دا بەیتێکی ڕەخنە ئامێزی بە ناوی (پیاوی ئینگلیزی ڕەسەن) بلاٌوکردەوە. ئەمە کارێکی رەخنە ئامێز بوو لەو ئینگلیزانەی کە گاڵتەیان بەو هاوولاٌتیانەی خۆیان دەکرد کە لە هەندەران و ولاٌتانی بیانی لە دایك بووبوون، لە کاتێکا لە ئینگلتەرادا تاقە یەك ئینگلیزی ڕەسەن نەبوو. ئەم بەرهەمە لە ڕاستیدا داکۆکی بوو لە پاشایەك کە لە ولاٌتی بێگانە لە دایك بووبوو..ئەوجا لە ساڵی ١٧٠٢دا کتێبی (کورتترین رێگە بۆ بنبڕکردنی ئاژاوەی ناڕازیان)ی بلاٌوکردەوە، کە رەخنەیەکی توند بوو لە کاربەدەستانی ڕادیکالی کڵێساو لە شێوەی تەنزدا پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە گوناهکارانی ئەنتی کڵێسای فەرمی لە سێدارە بدرێن.دیفو، بە هۆی ئەم کتێبەوە زندانی کرا و بە بەرچاوی خەڵکییەوە ئەشکەنجەو سزا درا.پاشان بە هۆی یەکێك لە وەزیرە محافەزە کارەکانەوە بە ناوی رۆبرت هارلی لە زندان ئازاد بوو و، ئیدی خووی دایە سیاسەت و هەواداری و داشداری لە رێبازو باوەڕێن سیاسی ویلیامی سێیەمی پاشای ئینگلیستان دەکرد. لە ساڵی ١٦٩٢دا بەهۆی نابووتیەوە لە کاروباری بازرگانی، دەسبەرداری کاری بازرگانی بوو و، خۆی بۆ کاروباری سیاسی و ڕۆژنامەوانی تەرخان کرد و تا ساڵی ١٧١٣ هەفتەنامەی (ریڤیو)ی کە لایەنگری دەوڵەت بوو، بە تاقی تەنیا دەرکرد. دیفو نووسەرێکی پڕکارو فرەبەرهەمی هەمە بابەتی سیاسی، ئاینی، جوگرافیایی، خێزانداری، سایکۆلۆژی و میتافیزیکی بوو...هتد

دیفو، لە تەمەنی پیریدا ڕووی کردە ئەدەبیاتی چیرۆکڤانی و قەڵەمی خۆی لەو بوارەدا جەڕباند.یەکەمین بەرهەمی،روبینسون کرۆزۆ، لە ساڵی ١٧١٩دا بلاٌوکردەوە کە سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێناو لە مەیدانی ئەدەبیدا ناوبانگێکی فرەی پەیدا کرد. دیفو، تیمەو ناوەرۆکی ئەم چیرۆکەی لە واریقات و سەربهوردەکانی ژیانی ئەلکساندەر سیلکریکەوە وەرگرتووە کە لە ساڵی ١٧٠٤دا کەوتبووە دورگەیەکی چۆڵ و دوورە دەست و رووداوەکانی ژیانی ، لە

ئینگلیستاندا، دەنگیان دابووەوە و بووبوون بە داستانی سەر زاری خەڵك و خوا. دیفو، وای نواندووە کە ئەم چیرۆکە، کۆمەڵێك یاداشتێن دیکۆمێنتاری و هەندێ رووداوی ژیانی خۆیەتی. ناوی کرۆزۆش ناوی یەکێك لە هاورێیانی کۆنی سەردەمانی قوتابیەتی دیفو خۆی بووە. کرۆزۆ ،قارەمانی چیرۆکەکە، کوڕێکە کە خەون و خولیای ڕیسك و سەرکێشی واداری دەکات کە ماڵی بابی بەجێ بێڵێت. ئیدی سواری کەشتییەك دەبێت و دەڕوات. کەشتیەکە غەرق دەبێت و لە سۆنگەی ئەمەوە دەکەوێتە دوڕگەیەکی دوورە دەست و ماوەی بیست و چوار ساڵ بە تەنیا لەوێندەر دەژی و تووشی زۆر گێرمەو کێشەی ژیان دەبێت. لە دوڕگەکەدا تووشی کوڕێکی خەڵکی ئەو دەڤەرانە دەبێت و لە مەرگ ڕزگاری دەکات و ئیدی دەیکات بە هاودەم و خزمەتکاری خۆی و بە دوو قۆڵی تووشی واریقات و بۆیەرێن جۆراوجۆر دەبن، لەوانە: شەڕی هۆڤیانی بنیادەمخۆر، تا لە ئەنجاما کەشتییەك بە دەست دێنن و بەو کەشتییە بۆ ئینگلیستان دەگەڕێنەوە. ڕۆمانی روبینسون کرۆزۆ، بوو بە یەکێك لە ڕۆمانە هەرە مەنشوورەکانی دنیاو سەرکەوتنێکی بێوێنەی بە دەست هێنا و تا ئیستاش خوێنەری خۆی هەیە و بە بۆچوونی رەخنەگرێکی ئینگلیزی بە ناوی چارلز لەمب:"شێوازی گێڕانەوەی دیفو هێندە ئاسایيە کە هیچ ڕۆماننووس یان چیرۆکنووسێکی دی بە بای قولانیدا ناگات."

هەڵبەتە دیفو زۆر ڕۆمانی دیکەشی نووسیوە لەوانە: موول فلاندرز، ڕۆژانە یاداشتێن ساڵی تاعوون،و ڕۆکسانا.

دیفو،نووسەرێکە، کە جیهانبینییەکی بەهێز و توانایەکی ئەفراندنەوانی سەیرو سەرنجڕاکێش لە سەرانسەری بەرهەمە زۆرو زەبەندەکانیا بە دی دەکرێت.چیرۆکەکانی بە زۆری بە زمانێکی سادەو ڕوون و ڕەوان و باوی ئەوتۆ نووسراون کە ڕەنگ و بۆیەکی تەواو ڕیالیستی بە دەقی چیرۆکەکانی بە خشیوە. دیفو، بیروبۆچوونێکی مرۆڤدۆستانەی هەیەو داشداری و لایەنگری ئازادی تاکە. لە لایەکەوە ژیانی شەخسی و تایبەتی تاریك و گۆنگە و، لە لایەکی ترەوە ژیانی جفاکی و کۆمەڵایەتی زۆر جەنجاڵ و قەرەباڵغە. سەفەران، کارێن جۆراوجۆر، سیاسەتدۆستی، کارێن نهێنی و سیخوڕی، زندان، ئەشکەنجە بە بەرچاوی خەڵکییەوە، نابووت بوون و ناکامی و هەزاران هەورازو نشێوی دی، لە بوونی دیفودا ئاوێتە بوون و دیفویەکی ئەوتۆیان دروستکردووە کە لە بەرهەمە زۆرەکانیا کە پتر لە دووسەدو پەنجا بەرگن، بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە.خەڵکانێکی زۆر لە شارەزایانی مەیدانی ئەدەبیات، دیفو بە پێشەنگ و پێشڕەوی شێوازی نوێی چیرۆکنووسی دەژمێرن.

دانیل دیفو، وەکو دەڵێن لە ساڵی ١٧٣١دا بە هۆی " خەوی مەرگەوە" کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بانهیلی فیلدزی لەندەن بە خاك سپێردراوە.

"٢"

دانیل دیفو (١٦٦٠– ١٧٣١): رۆماننووس، مێژوونووس و گوتارنووس، کوڕی قەساوێکی لەندەنی بوو. لە دەمی لاویدا چەند ساڵێك بە بازرگانییەوە خەریك بوو، بەڵام وا دیارە بۆ نووسینەوەی رووداوان خوڵقا بوو و، کە نووسەریی کرد بە پیشە، پتر لە دوو سەدو پەنجا بەرهەمی

نووسی. سەرباری ئەمەش بە دانەری ئیحتیمالی سەدو پەنجا بەرهەمی دیکەشی دەزانن، دیفو هەرچەندە باوەڕی بەریفۆرمی ئاینی هەبوو و، لەسەر ئەمە ڕەنجی زندانی کێشا، کەچی هەندێجار لە خزمەتی ویگەکاندا بوو، و هەندێ جار هاوکاری توریەکان بوو، ڕۆژێك جاسووسی بۆ ئەم حیزب دەکردو ڕۆژێکی دی بۆ ئەو حیزب، و هەندێجاریش دەبووە جاسوسی دووسەرە.

دیفو لە ساڵی ١٧٠٤– ١٧١٣دا هەفتەنامەی ریڤیوی بلاوکردەوە، کە لەوێدا دەربارەی هەموو بابەتێك قەڵەمڕانی دەکرد، سەیر ئەمەیە کە دیفو تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ بوو کە بەهرەی ڕۆماننووسی گەشایەوە، دیفو بە پشتیوانی ئەزموونان، بیرەوەریان، و ئیعترافاتی خۆیو خەڵکانی دی، و بەشێوەیەکی واقیعبینانە، بەرهەمی چیرۆکڤانی بەرەو قەڵەمڕەوی ریالیزم بکێش کرد. بە جۆرێ کە لەسەر بنەمای بەسەر هاتەکانی دەریاوانی کەشتی شکاوی ئوسکاتلاندی، ئەلکساندەر سیلکریك (١٦٧٦– ١٧٢١) ڕۆمانی بە ناوبانگی ڕۆبینسون کروزوی (١٧١٩) نووسی، کە لە سەرانسەری دنیادا ناوی خستە سەرزاران. لەم ڕۆمانەدا، سەربوری پیاوێکی کۆڵنەدەری داهێنەر بە نێوی ڕۆبینسون کروزو، کە ماوەی بیست و چوار ساڵ لە دوڕگەیەکی دوورە دەستا بە تەنێ دەژی، دەگێڕدرێتەوە. لە بەر ڕۆشنایی بوێری، سەبر، توانا، زیرەکی و داهێنەری سەیری خۆدا ڕووبە ڕووی گرفت و ڕووداوانی جۆراوجۆر دەبێتەوەو بەسەر هەموویاندا سەردەکەوێت.

دیفو لە دوای ڕوبینسون کروزو، کە لە ریزی پێشەوەی ڕۆمانانی ئینگلیزی دایە، چیرۆکی دیکەشی نووسیون کە باشترینیان: کاپتن سینگلتونە (١٧٢٠)، سەر بورێکە دەربارەی دزیی دەریایی لە کەناری ئەفریقیا، و مول فلاندرز (١٧٢٢)، ڕۆمانێکی پیکارسکە کە لە قاڵبی بیرەوەرییەکانی نووسەردا دەگێڕدرێتەوە. قارەمانی چیرۆکەکە، مول فلاندرز، ژنێکە کە لە ماوەی شەست ساڵی تەمەندا، پێنج جاران شوو دەکات، دوانزە ساڵ بە قەحبەکاری، دوانزە ساڵ بە دزی، و هەشت ساڵ بە تاوانکاری بەسەر دەبات و، سەرەنجام دەوڵەمەندو شەرەفمەند دەبێت و، بە تۆبەکاری دەمرێت، کۆڵۆنێل جاك (١٧٢٢) و ڕۆکسانا (١٧٢٤) لە ڕۆمانەکانی دیکەی دیفون.

ڕۆژانە یاداشتێن ساڵی تاعون (١٧٢٢) بە باشترین بەرهەمی دیفو دەزانرێ، ئەم کتێبە ڕاپۆرێکی ڕاستگۆیانەیە دەربارەی هاوولاتییەکی لەندەنی کە سەرانسەری ساڵی ١٦٦٥ی، کە تاعونێکی ترسناك لە لەندەن دا بلاو بووە، لە شاردا گوزەراندووە.

دیفو لە بەر دوو هۆ لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا دەدرەوشێتەوە. یەکەم ڕێگەی بۆ ڕۆمانی ئینگلیزی خۆشکرد، ڕۆمانسەکانی ئەو هەموو مەرجەکانی ڕۆمانیان تێدایە، جگە لە پلۆتی مکومو سفت چنراوی ڕۆمان. دووەم دیفو لە پەرەسەندنی پەخشانی ئینگلیزیدا بەشدارییەکی گەورەی هەیە– ودیارە ئەمە بۆ ئەوێك کە هیچ جۆرە بایەخێکی بە شێواز نەدەدا، سەیر دەنوێنێ.. بێموبالاتی دیفو بە ڕەخنەی فەرمی، و هەروەها پەلەکردنی لە نووسیندا، خۆی گوتەنی شێوازێکی سادەو ڕاشکاوی لێکەوتەوە. چۆنیەتی پەخشانی زندوو و دیالۆگی ئەو بەسەر ناسکی و مەندی دەستکردی پەخشانی ئینگلستاندا زاڵ بوو و، لە چەسپاندنی تۆنی پەخشانی ئینگلیزی ڕۆژانەدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو.

ڕۆمانی روبینسون کرۆزۆ، کە یەکەمجار لە ساڵی ١٧١٩دا بڵاوبووەتەوە و زۆرجار بە یەکەمین ڕۆمانی ئینگلیزی دێتە ژماردن، بریتییە لە ژینامەیەکی خەیاڵی وباسی ژیانی کوڕێکی گەنج دەگێڕێتەوە کە دەکەوێتە دورگەیەکی دووره دەستی چەپەك و تەریکەوەو تا ماوەیەکی زۆر بە تاقی تەنیا و دوور لە کۆمەڵی بەشەری دەژی.پاشان ،دوای ساڵانێکی زۆری تەنیایی، تووشی کابرایەکی هۆڤی دەبێت و لە بکوژانی رزگار دەکات و دەیکات بە هاودەم وخزمەتکاری خۆی.لە کۆتایی چیرۆکەکەدا رۆبینسون کرۆزۆ دەگەڵ خزمەتکارەکەیدا، بۆ ئەوروپا، بۆ مەڵبەندی شارستانییەت دەگەڕێتەوە. ئەم چیرۆکە بەلای زۆر کەسەوە بریتییە لە هەڵاتن لە دنیای جەنجاڵ و زبر و زاڵمی شارستانییەت و خەون و خەیاڵی گەرانەوە بۆ باوەشی سروشت و تەبیعەتی میهرەبان دەنوێنێ..

کرۆزۆ، بەبێ پرس و رەزامەندی دایك و بابی لە ئەیلولی ساڵی ١٦٥١دا، بە سەفەرێکی دەریایی ئینگلتەرا بەجێدێڵێت. بۆ نەگبەتی لە ڕێگا، دزانی دەریایی بەسەر کەشتییەکەیاندا دەدەن و کرۆزۆش بە کۆیلەیی بۆ بەندەرێکی باکووری ئەفریقیا دەبرێت و ژیانی یەجگار سەخت و دژوار دەبێت و تەحەموول ناکات و لە هەوەڵین دەرفەتا بە بەلەمێك هەڵدێت. ئیدی تووشی کەشتییەکی باریی پرتوگالی دەبێت و رزگاری دەکات و دەیگەیەنێتە بەرازیل و لەوێندەر بە کۆمەك و یارمەتی کاپتنی کەشتییەکە کە پیاوێکی باش دەبێت، مەزرایەك دەکرێت و دەکەوێتە کاری کشتوکاڵ.

پاشان د ەگەڵ چەند مەزرادارێکی دیکەدا، بە نیازی هێنانی کۆیلە، بە کەشتی سەفەری ئەفریقیا دەکات و ئەمجارە لە رێگادا گەرداو و زریان دەیانگرێت و کەشتییەکەیان تێك دەشکێت و گشت هاوڕێ و هاوسەفەرەکانی دەمرن و تەنیا کرۆزۆ ڕزگار دەبێت. ئیدی بەهەرحاڵێ بووە کەڵەکێك بۆ خۆی دروست دەکات و بەر لەوەی کەشتییەکە بە تەواوەتی نقوم بێت، هەر شتێك لە ناو کەشتییەکە دەبێت لە خواردن، چەك و تەقەمەنی، ئاو، ڤەخارن و شەراب، جل و بەرگ، پارچە بایەوان و لەوحەدار هەر هەمووی بەرەبەرە بۆ کەنارەکە دەگوازێتەوە.بۆ خۆی لەسەر پارچە دارێك رۆژ ژمێرێك دروست دەکات و هەموو رۆژێك خەتێکی وەکو نیشانە لێدەدات..ئیدی بەرەبەرە و بە ناچاری پەناگەو جێ حەوانەوە بۆ خۆی خۆش دەکات و مل بە ژیانەوە دەنێت ،دەکەوێتە ڕاو، گەنمە شامی و زۆڕات وجۆ دەروێنێت، خۆی فێری گۆزەگەری و سواڵەتسازی دەکات، بزنە کێوی بە خێو دەکات. ئەو سێ ئینجیلە دەخوێنێتەوە کە لە کەشتییە شکاوەکە هێنابوونی و سوپاسی خوا دەکات و ئیدی لە هیچی کەم نابێت تەنیا لە هاوڕێ و هاودەمی بەشەر نەبێت.

کرۆزۆ، لە پڕێکا و دوای ساڵانێکی زۆر ئەو بنیادەمخۆرانەی بۆ کەشف دەبن کە لە شوێنانی ترەوە دێن بۆ کەناری دورگەکەی لەمەڕ ئەو، تا لەوێ دیل و یەخسیر و ناحەزان و زیندانییەکانی خۆیان بکوژن و بیانخۆن. کە یەکەمجار ئەم دیمەنە هۆڤیانەیە دەبینێ زۆری لە بەر گران دەبێت، لێدەبرێت بە گژیاندا بچێت و بیانکوژێت.بەڵام کە بیر دەکاتەوە، دەگاتە قەناعەت کە ئەو مافەی نییە، چونکە هیچ غەدرو نەهەقییەکیان لەو نەکردووە. بە هەرحاڵ کرۆزۆ بیر لەوەدەکاتەوە کە یەك دووانێك لەو دیل و یەخسیرانە رزگار بکات و بیانکات بە هاودەم و خزمەتکاری خۆی، بە هەرحاڵ جارێك، یەکێك لەو دیلانە لە دەستی پیاوخۆرەکان هەڵدێت و کرۆزۆ یارمەتی دەدات و لە مردنی

ئەسەح رزگاری دەکات و ڕۆژی رزگارکردنەکەی ڕێکەوتی هەینی دەکات و بەو بۆنەیەوە ناوی دەنێت جوعمە، ئیدی بەرەبەرە فێری ئینگلیزی دەکات و دەیکات بە مەسیحی.

جارێکی دی کۆمەڵێك لەو بنیادەمخۆرانە، دێنە کەنار دوڕگەکەی لەمەڕ کرۆزۆ و زیافەت و دەعوەتکارییەکی یەجگار خوێناوی و درێو بەرپا دەکەن. جوعمەو کرۆزۆ لێیان دێنە دەست و زۆربەیان دەکوژن و دوان لە قوربانییەکان واتە لەو دیلانەی کە هێنرابوون بۆ کوشتن و خوارن رزگار دەکەن، یەکێکیان بابی جوعمە دەردەچێت و ئەویتریان کابرایەکی ئەسپانیایی سپی پێست دەردەچێت. یارۆی ئەسپانیایی کرۆزۆ ئاگادار دەکاتەوە کە کۆمەڵێك لەو ئەسپانیانەی کە کەشتییەکەیان غەرق بووبوو، لەو دوڕگەیەی هاوسێی دوڕگەکەی کرۆزۆدان.. ئیدی کرۆزۆ تەگبیری بۆ دەکات بچێتەوە بە دوای هاوڕێ ئەسپانیەکانی دیکەیدا، ئیدی بە هەموویان بەلەمێکی گەورە دروست دەکەن و باوکی جوعمە و کابرای ئەسپانی سواری پیرە بەلەم دەبن و دەڕۆن گوایە بە دوای ئەسپانیەکانی تردا.

پێش ئەوەی ئەوان بگەڕێنەوە، کەشتییەکی ئینگلیزی پەیدا دەبێت کە خزمەتگوزارانی کەشتی ناوبراو لە بەینی خۆیاندا لێیان دەبێت بەشەڕو لە کاپتنی کەشتییەکە یاخی دەبن و کودەتای لێدەکەن و کاپتنەکەو دووانی دی لە هەوادارەکانی کاپتنەکە سواری بەلەمێك دەکەن و ڕەهەنەی کەناری دوڕگەکەیان دەکەن. کرۆزۆ دوای ماوەیەکی کەم کاپتنەکە و دوو هاورێکەی دەبینێ و ئیدی هەموو تەگبیر دەکەن و کرۆزۆ بە هاوکاری جوعمە و ئەو سێ زەلامە، دەتوانێ دەست بەسەر کەشتییەکەدا بگرێت و بەو جۆرە لەو دوڕگەیە دەرباز ببێت. هەڵبەتە کرۆزۆ لەوە نارەحەت دەبێت کە بەر لە گەڕانەوەی بابی جوعمە و کابرای ئەسپانی، دەبێ دوڕگەکە بەجێ بێڵێ، بۆیە لێدەبڕێ رۆژێ لە رۆژان سەریان لێبداتەوەو لە وەزع و حاڵیان ئاگاداربێت. هەڵبەتە پێنج کەسیش لە خزمەتگوزارە یاخییەکانی کەشتییەکە، بڕیار دەدەن، لە جیاتی ئەوەی بۆ ئینگلتەرا بگەڕێنەوە و لە سێدارە بدرێن، لە دوڕگە چۆڵو هۆڵەکەدا بمێننەوە.. ئەوەبوو روبینسون و جوعمە چوون بۆ ئینگلیستان و کرۆزۆ پاش سی و پێنج ساڵ دووری، لە مانگی ٦/١٦٨٧دا وەکو غەوارەیەکی گومناوی کەسنەناس گەییەوە خاکی ولاّتی خۆی. کرۆزۆ کە چووەوە ماڵە کۆنەکەی خۆی سەیری کرد هەموو کەس و کارو ماڵباتەکەی جگە لە دوو خوشك و دوو برازای، هەموو کۆچی دواییان کردبوو. ئیدی لە ئینگلستان نامێنێت و دەڕوات بۆ لیشبۆنە تا تاقیبی مەزراکەی بکات. ئیدی لەوێ بۆی دەردەکەوێت کە دۆستەکانی هەموو موڵك و ماڵەکەیان بۆ پاراستووەو سەرمایەیەکی نزیکەی پێنج هەزار پاوەندی ئەستەرلێنیان بۆ کۆکردووەتەوە. دوای ئەوە دەگەڵ جوعمەدا بۆ ئینگلیستان دەگەرێتەوەو ژن دێنێت و سێ منداڵ دەخاتەوە.

کرۆزۆ، دوای مردنی هاوسەرەکەی، دووبارە لە ساڵی ١٦٩٥دا لە سەفەرێکی دەریایی دیکەدا، بە ڕێبەری برازاکەی، بەرەو ئاسیای باشووری رۆژهەلاّتی و چین، دەکات.کەشتییەکەیان لە کەنار هەمان دوڕگەدا لەنگەرێك دەگرێت و کرۆزۆ بۆی دەردەکەوێت کە کابرای ئەسپانی و یاخییە ئینگلیزەکانی دی، دەگەڵ ژنانی دوڕگەکەی هاوسێیاندا زەماوەندیان کردووەو زۆڕیەتێکی زۆریان

خستووەتەوە و ژمارەیان زۆر بووە. کرۆزۆ ئەمەی زۆر پێخۆش دەبێت و جەژن و ئاهەنگێکیان بۆ دەگێڕێت و زۆر شتیان بە دیاریی پێشکەش دەکات و....

دیارە ئەم چیرۆکە هەرچەندە لە سەربەووردی ژیانی دەریاوانێکەوە بە ناوی ئەلکساندەر سیلکریکەوە، کە لە دوڕگەیەکی دوورە دەست و چەپەك و چۆڵدا گیر دەخوات، وەرگیراوەو هەڵێنجراوە، بەلاّم بووە بە سەرچاوەو ئیلهامبەخشی زۆر چیرۆکی دیکەو کارێن تەلەفیزیۆنی جوراوجۆر..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- فرهنگ ادبیات جهان/تالیف: زهرای خانلری/چاپ اول/١٣٧٥/تهران/ شرکت سهامی انتشارات خوارزمی

*- شاهکارهای ادبی جهان/ ویراستەی فرانك نورتن مگیل/ ترجمە:دکتر امیر اسماعیل ادر/ انتشارات سخن/ تهران/ چاپ اول/ ١٣٨٨

*- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان/ باکنر ب.تراویك/بەرگی سێیەم/ چ١/ ٢٠٠٨/ناوەندی بلاّوکردنەوەی ئاوێر/ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان(ئەمریکاو ئینگلستان)/و:حەمەکەریم عارف

من ساڵی ١٦٣٢ له شاری یۆرك، له بنەماڵەیەكی باش، بەڵام به ئەسڵ ئەوێندەری نا، له دایك بووم. بابم غەوارەو خەڵكی بیرمن بوو كه سەرەتا هاتبووه هال. له رێگەی بازرگانییەوه سەروەت و سامانێكی پەیدا كردبوو. پاش ئەوەی وازی له بازرگانی هێنا بوو هاتبووه یورك و لەوێندەر زەماوەندی دەگەڵ دایكمدا كردبوو كه ناوی شۆرەت و فامیلی رۆبینسون بوو و لەو پارێزگاو شارەدا بنەماڵەیەكی دیارو ناسراو بوون. من، رۆبینسون كرویتزنایر، به ناوی ئەوانەوه ناو نرا بووم. بەڵام چونكه له ئینگلیستاندا وشه هەڵدەگێرنەوە، هەنووكه به خۆمان دەڵێین "كروزو"و بەو جۆره ناوی خۆمان دەنووسین و دۆست و ناسیاوەكانم هەمیشه بەم ناوه بانگم دەكەن.

من دوو برادەری له خۆم گەورەترم هەبوو كه یەكێكیان سەرهەنگ دووەمی هێزی پیادەی ئینگلیستان بوو له فلاندرز، كه پێشتر سەرهەنگ لاكهارتی بەناوبانگ فەرماندەی ئەو هێزه بوو و له شەڕی ئەسپانیادا، له شەڕی دانكیرك كوژرا، بەڵام ئێستاش هیچ هەواڵێكم له چارەنووسی براكەم نەزانی، وەكو چۆن باب و داكمش هەرگیز هیچ سەرو سۆراخێكی منیان نەزانی و نەیانزانی كەوتمه كوێ و چیم بەسەر هات.

من كه منداڵی سێیەمی ماڵباتەكه بووم و هیچ كارو پیشەیەك فێر نەبوو بووم، زۆر زوو بیرو خەیاڵاتی بێهودەم بە مێشكا هات. بابم كه زۆر پیر بوو، ئیمكاناتێكی زۆر باشی مەكتەب و خوێندنی بۆ فەراهەم كردبووم و من هەم له ماڵەوەو هەم له قوتابخانەی بەلاشی پارێزگادا (شار) دەمخوێند. بابم حەزی دەكرد ماف بخوێنم و، ئەمه كردیه كارێك كه سەر پێچی دەستورەكەی ئەو بكەم و رووبەڕووی ئامۆژگاری و هاندانەكانی دایكم و كەسوكارو دۆستەكانی دیكەمان بوەستمەوە، كه دەیانگوت ئەگەر وا بڕۆم، چاوەڕوانی ژیان و ئایندەیەكی ناخۆش و نالەبارم بۆ دەكەن.

بابم كه پیاوێكی به ئاوەزو جدی بوو، كاتێ به خولیاو خەیاڵاتی منی زانی، زۆری قسان دەگەڵ كردم تا بەڵكو ژێوان ببمەوە. بەیانیەك بۆ ژوورەكەی خۆی بانگی كردم، كه به هۆی نەخۆشی نوقرسەوه ناچار بوو هەمیشه لەوێ بێ و، زۆر به گەرمی لەم بارەیەوه كۆمەڵێك قسەی گازاندە ئامێزی دەگەڵ كردم. پرسی جگه له حەزو مەیلی گەشت و گوزار، لەبەر چیتر حەز دەكەم بڕۆم و ماڵه باوان و وڵاتی خۆم به جێبێڵم، له كاتێكا دەتوانێت من به خەڵكانی دەسترۆو دەسەڵاتدار بناسێنێ و به كارو كۆششی ماقووڵ و دیار، سەروەت و سامان و ژیانێكی زۆرو خۆش و مسۆگەر بۆ خۆم فەراهەم بكەم. گوتی خەڵكانێك هەن چ هەژارو چ دەوڵەمەند كه ریسك دەكەن و دەڕۆن بۆ هەندەران تا یا له رێگای كاری گرینگەوه تەرەقی بكەن و دەوڵەمەند ببن یان له رێگای كارێكی نا ئاساییەوه ناوبانگ و شۆرەت و پەیدا بكەن و، گوتی ئەم خەڵكانه رەوش و وەزعێكی زۆر باشتر یان زۆر خراتریان له من هەیه، وەزع و حاڵی من مامناوەندیەو بگره له سەرووی مامناوەندیشەوەیە.

به تەجرەبەش بۆی دەركەوتووه كه ئەم رەوش و وەزعه باشترین رەوش و وەزعه له دنیادا. مرۆڤ بەم وەزع و حاڵەوه دەتوانێ بەختەوەر بێت. نه گیرۆدەی ئەو زەحمەت و رەنج و ڕاكه ڕاكه و هەڵپه هەڵپەیه كه هەژاران و زەحمەتكێشان پێوەی دەناڵێن و نه تووشی ئەو غووررو

شۆرەتخوازیو بەغیلیو حەسوودیە دەبێ کە خەڵکانی سەر بە چینە باڵاو دەوڵەمەندەکان پێوەی گیرۆدەن. گوتی دەتوانم بە جۆرێ دەربارەی بەختەوەری چینی مامناوەندی (بۆرژوا) دڵنیا بم کە خەڵکی هەموو بە غیلی بەم جۆرە ژیانە بەرنو خۆزیای پێبخوازن.

گەلێك لە پاشایان پەشیمانی خۆیان لەوە دەربڕیوە کە لە نازو نیعمەتدا لە دایك بوونو خۆزگەیان خواستووە کە کاشکێ لە وەزعو رەوشێکی مامناوەندیدا بان، لە نێوان هەژارانو دەوڵەمەنداندا و گوتی بە گوتەو شایەدی خەڵکانی زاناو دانا پێوەرو پێوانەی بەختەوەری راستەقینە ئەمەیەو دوعا دەکەن کە نە هەژار بن نە دەوڵەمەند.

بابم داوای لێکردم چاوانم بکەمەوە تا ببینم کە بەڵاو قۆرتو چورتمەکانی ژیان هەمیشە یەخانگیری هەردوو چینی باڵاو پاین دەبێت، لێ چینی ناوەڕاست ڕووبە ڕووی کەمترین قۆرتو بەڵا دەبێتەوەو لە زۆربەی ئەو هەورازو نشێوانە دوور دەبێ، کە دێنە ڕێی چینی باڵاو پاینی کۆمەڵ. بە گوتەیەکی دی خەڵکانی سەر بە چینی ناوەڕاست نە گیرۆدەی ئەم هەموو ناڕەحەتیو پەریشانیە جەستەییو دەروونییەن کە خەڵکانی دەوڵەمەند بە هۆی ژیانی پڕ کێشماکێشو ململانێو کەشو فشو توندرەوانەوە تووشی بوونو نەگیرۆدەی کاری سەختو دەستکورتیو بێ نانو ئاوی هەژارانن و، ئەو جۆرە سەریەشانەیان نابێت کە بە هۆی ئەو جۆرە ژیانەوە، چێدەبن. گوتی هەرچی خۆشیو لەزەتی ئەم دنیایە هەیە، کالایەکەو ڕێك بە بالای چینی ناوەڕاست دوراوە، ئارامیو ئاسایش هی چینی ناوەڕاستە، میانڕەوی، ئارامی، سەلامەتی، تەبایی، هەرچی خۆشیو لەزەتێك هەیە، هەر هەمووی بۆ چینی ناوەڕاستە. گوتی بەمجۆرە خەڵکی بە ئارامیو ئاسوودەیی لە دنیادا دەژین و بە ئەرخایەنی بە جێی دێڵن و زەینو جەستەیان ناکەوێتە ئەزیەتەوە، هەموو ژیانیان بە کۆیلەتی لە پێناوی بە دەستهێنانی نانو رزقو رۆزی رۆژانەدا بەسەر نابەن، یان لە ترسو دڵەڕاوکەی رۆژی رەشا بەسەر نابەن کە ئاسوودەیی لە جەستەو دەروونیاندا سەلب بکات، بە داخو کەسەری بەغیلیو حەسوودیەوە ناتلێنەوە، یان ژێراو ژێر بە داخی دەوڵەمەند بوونەوە گینگل نادەن، بەڵکو بە ئاسانیو هێمنی لە دنیادا دەژینو ئاقڵانە تامی شیرینیەکانی ژیان دەچەژنو خۆ لە تاڵییەکانی دەبوێرنو هەست بە شادمانی دەکەنو ئەزموونی رۆژانەی ژیان فێریان دەکات کە چۆن ئاقڵانەتر بژین.

دوای ئەم قسانە، زۆر دڵسۆزانەو بە میرەبانترین شێوە ئامۆژگاری کردم کە لاسایی هەرزەکاران نەکەمەوەو، بە خوتو خۆڕایی خۆم گیرۆدەی ئەو فەلاکەتو بەڵاو سەریەشانە نەکەم، کە ژیانی خانەوادەییم ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساندووم کە لێیان دوور بم. گوتی هیچ پێویست ناکات کە دووی پاروە نانێك بکەوم، گوتی کە بە خۆی لە خەمی مندایەو مشوورم دەخواتو هەوڵدەدا بمگەیەنێتە هەمان ئەو وەزعو حاڵەی کە باسی دەکرد، ئیدی ئەگەر لە دنیادا هەستم بە ئاسوودەییو بەختەوەری نەکرد، یان چارەنووسم وا بووە یان هەڵەیەکم کردووە کە ئەو رەوشەی لێ کەوتووەتەوەو، ئیدی ئەو بەرپرسیار نابێت، چونکە ئەو ئەرکی خۆی ئەنجام داوەو لەو کارانەی ئاگادار کردوومەتەوە کە زانیویەتی ئاسیوم پێدەگەیەنن. بە کورتیەکەی گوتی ئەگەر بە قسەی بکەمو لە نك وی بمێنمو لەوێندەر جێگیر ببم، هەموو کارێکم بۆ دەکاتو ئیدی هیچ

دەورێکی لە نەگبەتیو بەدبەختی مندا نابێت، چونکە ئەو هانی نەداوم کە بڕۆم. پێی گوتم، بە خۆم وەزعو حاڵی برا گەورەکەم لەبەر چاوە، کە ئەویشی بە هەمان دڵسۆزی و میرەبانی ئامۆژگاری کردبوو کە بۆ شەڕێن فروبومان نەڕوات، لێ نەیتوانی بوو قەناعەتی پێبکات. ئیدی کەڵکەڵەو خولیای گەنجایەتی کردبوویە کارێك براکەم پەیوەندی بە ریزەکانی سوپاوە بکاتو ئیدی لەوێدا کوژرا بوو. گوتی هەر چۆنێ بێ دوعا و نزای خێرم بۆ دەکاتو دەستبەرداری دوعاو نزایان نابێت، بەڵام رێگەش بە خۆی دەدات پێم بڵێ کە ئەگەر ئەم هەڵەیە بکەم، خوا دەمگرێتو لێم خۆش نابێتو هەنگێ چەند باسی پەشیمانی خۆم بکەم کە بە گوێی ئەوم نەکردووە، هیچ کەسێك گوێم لێناگرێو فریام ناکەوێت.

لە کۆتایی قسەکانیا کە بە ڕاستی پێشگۆیانە بوون، ئەگەرچی خۆی ئاگای لێ نەبوو، سەیرم کرد ڕوندك بە چاویا دێتە خوارێ، بە تایبەتی کاتێ کە باسی برایەکەمی، کە کوژرا بوو، دەکردو، کاتێ کە پێی دەگوتم دوایی زۆر پەشیمان دەبمەوەو کەس بە دادما ناگات، هێندە بێ تاقەت بوو بوو کە قسەکەی بڕیو گوتی هێندە دڵی پڕە کە ناتوانێت هیچ شتێکی دی بڵێ.

بەڕاستی ئەو قسانە کاریان تێکرد بووم. چۆن کارم تێ نەکەن، خۆ بەرد نیم؟ لێبڕام بیری چوونە هەندەران لە مێشکی خۆم دەرکەمو بە دڵی بابم بکەمو وڵات بەجێ نەهێڵم. لێ مخابن! دوای چەند رۆژێك هەموو ئامۆژگاریەکانیم لە بیر کردو، گوێم لە هیچ ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانەی دواتری بابم نەگرت، دوای چەند هەفتەیەك لێبڕام بابم بەجێ بێڵم. هەڵبەتە زۆریش پەلەم نەکرد. رۆژێك کە هەستم کرد دایکم کەمێ لە رۆژان میرەبانترەو چووم بە گیرم هێناو گوتم ئەوەندە حەزم لە دیتنی دنیایە، خەریکە سوێم دەبێتەوە، بووە بە خولیای شەو و رۆژم، بە عەمراتم بەم شێوەیە حەزم لە هیچ کارێکی دی نەبووەو نابێت، وا چاکە باوکیشم رێگری نەکاتو قاییل بێت تا بە ڕەزامەندی ئەو بڕۆم. گوتم ئێستا تەمەنم هەژدە ساڵەو ئیدی لەوە درەنگترە تازە تازە فێری کاروباری بازرگانی بم یان ببم بە یاریدەدەری ئەوقاتو پارێزەرو دڵنیام ئەگەر دەست بدەمە ئەو جۆرە کارانە، هەرگیز تەواوی ناکەمو بە نیوەچڵی بەجێی دێڵمو لە دەستی مامۆستا هەڵدێمو روو دەکەمە دەریا، داوام لە دایکم کرد قسە دەگەڵ بابم بکات کە مۆڵەتی سەفەرێکی دەریاییم بدات. ئەگەر گەڕامەوە بۆ ماڵو حەزم لەم کارە نەکرد ئیدی جارێکی دی ناڕۆمو بە هەوڵو کۆششی دوو چەنانە، قەرەبووی رۆژانی لە دەست چووم دەکەمەوە.

ئەم قسانە زۆریان کار لە دایکم کرد، ختووکەی سۆزیان دا. گوتی دەزانی کە قسە کردن دەگەڵ بابم دەربارەی ئەم جۆرە بابەتانە بێهودەو بێفایدەیەو بابم بەڕادەیەك قازانجو مەسڵەحەتی منی دەوێ کە ئامادە نیە، بە کاری قاییل ببێت کە بەم رادەیە بە زیانی منە. گوتی پێی سەیرە کە چۆن ئەم شتەم بە بیرا هاتووە، کەیش! دوای ئەو گفتوگۆیەی کە دەگەڵ بابمدا کردم، دوای ئەو هەموو لوتفو خۆشەویستیەی کە دەزانێت بابم بەرانبەر بە من هەیەتی. بە کورتی گوتی ئەگەر خۆشم بکوژم، کەس بە دەنگمەوە نایەتو دەبێ ئەوە بزانم کە ئەوان هەرگیز قاییل نابنو گوتی کە ئەو بەش بە حاڵی خۆی، یەك لە باری خۆی ئامادە نیە لە مردنو فەوتانی مندا هیچ دەورێکی هەبێت، بە کورتی ناتوانم بڵێم کە وێڕای نا قاییلی بابم، توانیم ڕەزامەندی دایکم بە دەست بێنم.

نزیکـی سـاڵێك دوای ئـەم واریقاتـە بـوو کـە ڕۆییشـتم. لـەم ماوەیـەدا گـوێی خـۆم لـە هـەر پێشنیازێك بۆ کاروکارکردن خەواند بوو و زۆرجار گەنگەشەم دەگەڵ باب و داکمدا کردبوو کە بۆچی بەم هەموو جدیەتە دژی حەزو ئارەزووەکانی من دەوەستنەوە. بەڵام ڕۆژێك کە وەکو هەمیشە بۆ هال چوو بووم، بێئەوەی لەو کاتەدا هیچ نیازێکی هەڵاتنم هەبێت، سەیرم کرد یەکێك لە برادەرەکانم خەریکە بە کەشتیەکەی بابی بۆ لەندەن دەڕوات. پێشنیازی کرد کە دەگەڵ ئەواندا بڕۆم و گوتی ئەم سەفەرە بۆ من هیچ خەرجێکی تێناچێت. ئیدی نە پرسم بە بابم و نە بە دایکم و نە بە هیچ کەسێکی دی نەکرد، تەنانەت پەیام و هەواڵێکیشم بۆ نەناردن، وازم هێنا تا پاشان خۆیان بە مەسەلەکە بزانن، بێئەوەی داوای ڕەزای خودا یان دوعای خێری بابم بکەم، خوا دەزانێ بێئەوەی تاوتوێی ئاکام و پێشهاتی بڕیارەکەی خۆم بکەم، لە سەعاتێکی شووما، ڕۆژی ١٦٥١/٩/١ سواری ئەم کەشتیە بووم کە بۆ لەندەن دەچوو. پێموایە هیچ سەرکێش و ریسککارێك، وەکو من زوو بە زوو نەگبەتی بەرۆکی نەگرتووەو، لە نەگبەتی و بەڵاکەی من زیاتر درێژەی نەکێشاوە. کەشتیەکە هێشتا بە تەواوی لە هامبیر دەرنەچوو بوو کە با هەڵیکردو شەپۆلی ترسناك هەستا. من چونکە قەت سەفەری دەریاییم نەکردبوو، هەم لە رووی بە دەنییەوە تێك چووم و هەم لە باری دەروونیەوە دووچاری ترس و دڵە ڕاوکێیەکی توند بووم. هەنووکە، زۆر بەجدی بیرم لەو کارە دەکردەوە کە کردبووم و، دەربارەی ئەمەی کە چەند شایستەی ئەم بەڵای ئاسمانیەم، بۆچی ماڵە بابم بەجێ هێشتبوو و ئەرکی خۆم فەرامۆش پشت گوێ خستبوو. هەموو پەندو ئامۆژگارییە باشەکانی داك و بابم، فرمێسکەکانی بابم، پاڕانەوەکانی دایکم بە روونی لە مێشکمدا بەرجەستە بوون و، ویژدانم، کە تا ئەو کاتە هێشتا پەی بەو بارە قورسە نەبرد بوو کە لە مێژ بوو بار بوو بەسەریەوە، هەنووکە سەرزەنشتی دەکردم کە بۆچی گوێم بە ئامۆژگاری خەڵکی دی نەدابوو و ئەرکی خۆم لە بەردەم خواو باوکمدا ئەنجام نەدابوو.

هەر هەموو ئەم واریقاتە کاتێ رووی دا کە زریانەکە سات بە سات توندتر دەبوو، شەپۆلی دەریا، کە من پێشتر سەفەری دەریاییم نەکردبوو، بەرزو بەرزتر دەبوو، ئەگەرچی ئەم زریانە لە چاو زریانەکانی دواترا، بە گوتەیەکی دی لە دوای زریانەکەی چەند ڕۆژێك دواترا، هیچ نەبوو. بەڵام لەو کاتەدا کارێکی زۆری لە من کرد، چونکە من دەریاوانێکی گەنج بووم ئەم شتانەم نەبینی بوو. دەگەڵ هەر شەپۆلێکدا وام بیر دەکردەوە کە هەنووکە قووتم دەدات، هەر جارێ کەشتیەکە دەگەڵ شەپۆلێکدا نشێو دەبووەوە، وامدەزانی جارێکی دی ناکەوێتەوە سەر ئاوەکە. بەدەم ئەو بیرانەوە نەزرێکی زۆرم قەراردا، بڕیارم دا کە ئەگەر خواوەند بە لوتف و دلۆڤانی خۆی لەم سەفەرەدا بە سەلامەتی دەربازم بکات و ئەگەر توانیم جارێکی دی پێ بنەمەوە سەر زەوی، یەکڕاست بۆ ماڵی بابم بڕۆمەوەو ئیدی بە عەمرانم پێ نانەمە ناو هیچ کەشتیەك، گوێ لە ئامۆژگاریەکانی باوکم دەگرم، بە گوێی دەکەم و هەرگیز خۆم ناخەمە داوی ئەم جۆرە بەڵایەوە.

هەنووکە بە روونی دروستی قسەکانی بابم دەربارەی چینی مامناوەندی کۆمەڵگە دەبینی، بۆم دەردەکەوت کە لە هەموو ژیانیا چەند بە هێمنی و ئاسوودەیی ژیانی بەسەر بردبوو، هەرگیز

گێرۆدەی زریانی دەریایی یان کێشەو قۆرتی ژیان لەسەر زەوی، نەبوو بوو. لێبڕام وەکو کوڕێکی نارەسەن تۆبە بکەمو بۆ ماڵی بابم بگەڕێمەوە.

بە درێـژایی مـاوەی زریانەکـەو تەنانـەت تـا ماوەیـەك پـاش زریانەکـەش، ئـەم بـیرو هزرینـە ماقوولانە بەردەوام بوون. بەڵام رۆژی دوایی بایەکە نیشتەوەو دەریا هێور بووەوەو منیش کەمێك دەگەڵ دەریادا ڕاهاتم. بەڵام بە درێژایی ئەو رۆژە زۆر دڵتەنگو خەمبار بووم، هێشتا بە تەواوی وەخۆ نەهاتبوومەوە. دەمەو ئێواریێ، هەوا خۆش بوو، بایەکە بە تەواوەتی خستی، و زەردەپەڕی رۆژاوا زۆر جوانو دڵگیر بوو. هەتاو، لە ئاسمانێکی سافو بێگەردەوە ئاوا بوو و رۆژی دوایی لە هەمان ئاسمانی سافو بێگەردەوە هەڵهات، هەرچەندە نەرمە بایەکی بە ئاستەمی هەبوو، بەڵام دیمەنەکەم بەلاوە نەك هەر جوان بەڵکو جوانترین دیمەن بوو کە لە ژیانما دیتبووم.

شەو باش خەوتبووم، دەریا زەدەگیو سەرەگێژکێکەم ڕەوی بوو بووەوە. هەنووکە سەر حاڵو سەرسام دەمڕوانیە ئەو دەریایەی کە دوێنێ بەو جۆرە ترسناکە تووڕە بوو بوو و، هەنووکە بەو ماوە کەمە، زۆر هێور بوو بووەوە. ئێستا لەوە دەچوو قەدەر وای هێنابێ کە بڕیارە ئاقڵانەکانم نەیەنە دیو بەردەوام نەبن. چونکە برادەرەکەم، کە لە راستیدا دەستی بە زاخا کردبووم، هات بە سۆراغمەوەو دەستی خستە سەر شانمو گوتی "ئێ، کوڕی باش چۆنی؟ دڵنیام کە دوێ شەو لەو سووکە بایە ترسا بووی، نا؟" گوتم "تۆ بەمە دەڵێی سووکە با؟ زریانو تۆفانێکی ترسناك بوو." بەرسڤی دایەوە: "زریان! بەڕاستی فەقیری. بەمە دەڵێی زریان؟ ئەمە هیچ نەبوو. ئەگەر کەشتییەکی باشو دەریایەکی گەورەو بەرینمان هەبێت، بەم جۆرە بایە ناڵێین زریان. بەڵام تۆ دەریاوانی ئەم دەریایانە نیت، کوڕی باش، وەرە با بڕۆین کەمێك خواردنەوە دروست بکەینو ئەم قسانە فەرامۆش بکەین. دەبینی ئێستا هەواکەی چەند خۆشە؟" وا چاکە لێرەدا کۆتایی بەم بەشە ناخۆشەی سەربهووردەکەم بێنم. بە کورتی، وەکو هەموو دەریاوانانی دی رەفتارمان کرد، ئەو خواردنەوەیەمان دروست کرد، هەراو هەنگامەو عەربەدەی ئەو شەوە هەموو شتێکی لە بیر بردمەوە، نە بیری تۆبەو، نە خەیاڵێ رابردوو و، نە بڕیاری ئایندەم لە بیروخەیاڵ نەمان، یانی بە کورتیەکەی هەرکە دەریا هێور بووەوەو زریان نیشتەوە، بیروخەیاڵی منیش هێور بووەوە، ترسو نیگەرانی ئەوەی ببم بە خۆراکی پێلو شەپۆلان، ڕەوییەوە، خولیاو کەڵکەڵەکانی جاران لە هزرو بیرمدا زندوو بووەوە. ئەو بەڵێنو پەیمانانەی کە لە کاتی تەنگانەو پەرێشانیدا دابووم، هەموویم لە مێشكو خەیاڵی خۆ دەرکرد. بەڵام ئەمجاش جارجاریێ خەیاڵێکم بە مێشکا دەهاتو دووبارە نیگەرانیو نارەحەتی تێم دەوڕوکا، بەڵام زوو ئەو بیرانەم، وەکو بیری خراپ لە مێشکی خۆم دەردەکردو خۆم بەهاونشینی دەگەڵ برادەرەکاندا سەرقاڵو مژول دەکرد. زۆری نەبرد کە لە مەیدانی بەرپەرچ دانەوەی ئەو جۆرە هێرشو پەلامارانەدا (کە وایان ناو دەنێم) بووم بە وەستاو لە زەرفی پێنج شەش ڕۆژدا بە تەواوەتی بەسەر ویژدانی خۆمدا زاڵ بووم، وەکو چۆن هەر گەنجو هەرزەکارێك کە بڕیار بدات گوێ لە گازی (نداء ) ویژدان نەگرێت، بەو ئاوایە گازی ویژدانم فەرامۆش کرد.بەڵام تەقدیر دەگەڵ تەگبیردا تێکی نەکردەوە،ناچار جارێکی دی ڕێم کەوتەوە بەر دادگای ویژدان. تەقدیر وابوو کە ئیدی هیچ گلەیی و بیانوویەکم بە دەستەوە نەمێنێت.چونکە

ئەگەر ئەم دەرفەتەم نەقۆستبایەتەوە رووداو وقەوماوی داهاتوو بە جۆرێ دەبوو کەخاترین یارانیشم دان بە ترسناکی قەوماوەکەو بوونی رەحمەتی خودادا بنەن.

لە رۆژی شەشەمی سەفەرە دەریاییەکەماندا گەیینە لەنگەرگەی یارمۆت، چونکە بایەکە بەرەو ڕوومان دەهات ودنیا ساف بوو، لە رۆژی زریانەکە بەملاوە پێشڕەوییەکی زۆر کەممان کردبوو. ناچار لێرەدا لەنگەرمان خست و بەدەم چاوەڕوانی خستنی بایەکەوە کە لە باشووری رۆژاواوە دەهات، حەوت هەشت رۆژ لەوێندەر ئیسراحەتمان کرد. لەم کاتانەدا، کەشتیانێکی زۆر لە نیوکاسلەوە دەهاتنە هەمان لەنگەرگە، چونکە ئێرە لەنگەرگەیەکی گشتی بوو وکەشتیان بەدەم چاوەڕوانی بای لەبارو گونجاوەوە لێرە لایان دەداو دەمانەوە.

هەڵبەتە ئەگەر ئاوەکە هەڵکشابا،ئێمە ماوەیەکی زۆر لێرە نەدەماینەوە، بەلاّم کزەبایەکی زۆر ناخۆشی دەهات.دوای چوار پێنج رۆژ مانەوە،هێشتا هەر بایەکی توندی دەهات.لێ چونکە ئێرە لەنگەرگەیەکی زۆر باش بوو، شوێنێکی لەنگەرخستنی لەباری هەبوو، زنجیرو لەنگەرەکەشمان زۆر قوت و قایم و مکووم بوو، یارانی مە هیچ خەمێکیان نەبوو وهەستیان بە کەمترین ترس و مەترسی نەدەکرد،بەڵکو وەکو خووی هەموو دەریاوانان کاتەکەیان بە ئیسراحەت و خۆشی و ڕابواردن دەگوزەراند، لێ بەیانی رۆژی هەشتەم بایەە توندتری کردو هەموو سەرنشینان و کرێکارانی سەر کەشتییەکەمان خستنە کار تا بورجەکەی سەر کەشتییەکە ئامادە بکەن و هەموو شتێك بۆ حەرەکەت فەراهەم بکەن. لە نیوەڕۆدا شەپۆلی دەریا بە جارێ خرۆشا و نووکی کەشتییەکە دەچوو بە ئاوەکەداو،یەك دوو جار وامان زانی لەنگەرەکەمان هەڵکەندراوە، کەشتیوانەکە دەستووری دا لەنگەرە ئەسڵییەکە فڕێ بدەنە دەرێ. بەم پێیە بە دوو لەنگەرەوە کەوتینە ڕێ و کندڕو گوریسەکانمان فڕێ دایە دەرێ.

زریانەکــەی لــەوەدا نــەبوو، زۆر ترســناك بــوو، بــە ئاشــکرا تــرس و سەرســامیم بــە ســیمای دەریاوانەکانــەوە دەبــینی. کەشــتیوانەکە، هەرچــەندە، لــە کەشــتیڕانیدا، پیــاوێکی شــارەزا و لــەزەبر بوو، بەلاّم کە بەلای منا هاتوچۆی کابینەکەی خۆی دەکرد، گوێم لــێ بوو، لەبــەر خۆوە دەیگــوت و دەیگوتەوە "خودایا، بەڕەحمی خۆت ڕەحممــان پێبکە، ئەم بایــە لــەم کونــەوە بــێ هــەموومان غــەرق دەبــین، هــەموومان تیــا دەچــین." لــە کاتێکــا هــەموو سەرنشــینانی کەشــتیەکە شــپرزەو نیگــەران دەهــاتن و دەچــوون، مــن وەکــو کــەر لــە کابینەکــەی خۆمــا کــە لــەژێرخانی کەشــتیەکەدا بــوو ڕاکشــا بووم. حاڵێکم هــەبوو لــە وەسف کردن نایــەت. مەگــەر ئــەو خوایــە بزانــێ چــەند لــەو عینــادی و ســەر سەختییەی خۆم، کە دەرفەتی گەڕانەوەم لە دەست دابوو، پەشیمان بووم. هەڵبەتــە جاری پێشــوو تالاّوی مەرگم چەشتبوو و مەرگم بە چا وی خۆم دیتبوو، بــەلاّم هــەر تــەمێ خواردوو نــەبوو بووم، لــە هەوەڵــەوە وامــەزانی ئەمــەش وەکــو زریانەکــەی پێشــووەو هــیچ نییــە. بــەلاّم، وەکــو گــوتم، کــاتێ کەشــتیوانەکە بــەلاما رەت بــوو وگــوتی هــەموومان غــەرق دەبــین، زۆر ترســام و بــە تــەواوەتی ورەم بەردا، لە کابینەکەم هاتمــە دەرێ و روانیمــە دەوروبــەر. لــە ژیانمــا دیمــەن و بەرجــەوەنی وا ترسناکم نەبینی بوو. شەپۆلانی بە بەرزی چیا بەرز دەبوونەوەو هــەر ســێ چوار دەقیقە جارێك بەســەرماندا دەهاتە خوارێ. کاتێ تەمەشای دەوروبەرم دەکرد جگــە لــە پەریشــانی هیــچی تــرم نــەدەبینی. دوو

کەشتی کە لە نزیك ئێمەوە ڕێیان دەکردو باریان قورس بوو، بورجەکانی تەنیشتیان دادابووەوە، خەڵکەکانی لای ئێمە کردیان بە هاوار ئەو کەشتییەی کە میلێك لە پێش ئێمەوە بوو، غەرق بووە. دوو کەشتی دی کە لەنگەرەکانیان هەڵکەندرا بوو، لە لەنگەرگەکەوە دەرچوو بوون و بەرەلای ناو دەریاکە بوو بوون و کەوتبوونە بەر ڕەحمەتی زریان و تاقە یەك بورجیان بە پێوە نەما بوو. وەزعی کەشتیە سووکەکان باشتر بوو، چونکە لە ناو دەریاکەدا کێشەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەلام دووان سیانیٚ لەو کەشتییە سووکانە کە لە ئێمە نزیك بوونەوە، تەنیا بایەوانە چکۆلەکەیان کرا بووەوە.

دەوروبەری خۆراوا، یاریدەدەری کەشتیوانەکەو دەریاوانباشی لە کەشتیوانەکە پاڕانەوە کە بورج و بایەوانەکەی پێشەوە ببڕن، لیٚ یارۆی گەمیەوان قەبووڵی نەکرد. دەریاوانباشی ئیعتازی گرت کە ئەگەر ئەم کارە نەکەن کەشتیەکە غەرق دەبێت و، ئەویش قاییل بوو. کاتیٚ کە بورجەکەی پێشەوەیان بڕی، بورجە سەرەکیەکە لەق بوو و هێندەی کەشتیەکە تەکان دا کە ناچار بوون ئەویش ببڕن، و سەر کەشتیەکە بە تەواوی خاڵی بوو.

جا بە خۆت دەتوانی تەسەور بکەی کە من لەم رەوش و وەزعەدا چ حاڵێکم هەبوو، چونکە بابایەکی دەریاوانی گەنج بووم و تەنیا ماوەیەکی زۆر کەم بوو لەسەر ئەم کەشتییە بووم، لە چاو جاری یەکەمدا، کە دوای کۆمەڵێك هەڵەی خۆم گەیی بوومە کۆمەڵێك قەناعەت و بڕیارو ئەوانەشم ژێر پیٚ نابوو، ئەمجارەیان دە هێندەی ئەو جارەو زیاتریش ترسام و مەرگم بە چاوی خۆم بینی، ئەمە جگە لەوەی کە ترسی زریانەکە خستبوومیە وەزع و حاڵێکەوە کە بە هیچ وشەیەك نایەتە وەسفکردن. بەلام هێشتا لە کوێم بوو! زریانەکە بە جۆریٚ توندی کرد کە دەریاوانەکانیش دەیانگوت تا ئەو کاتە زریانی لەوە توندترو ترسناکتریان نەبینی بوو. ئێمە کەشتیەکەمان باش بوو، بەلام بارەکەی قورس بوو و، بە جۆریٚ دەنیشتە ناو دەریاکە کە دەریاوانەکان هەندێجار دەیانگوت هاکا لە ئاوەکەدا نقوم ببیٚ. جا من خۆم و بەختم گیانم بەوە بوو کە نەمدەزانی مەبەستیان لە "نقوم بوون" چیە، تا لێم پرسین. لیٚ زریانەکەی زۆر ترسناك بوو، دیمەنێکم بینی کە بەڕاستی سامناك بوو، گەمیەوانەکە، دەریاوانباشی و هەندێکی دی لە دەریاوانەکان کە لەوانی دی بە ئەزموونتر بوون دوعایان دەخوێندو چاوەڕوانی ئەوە بوون کەشتییەکە لە هەر ئان و ساتێکا غەرق بیٚ و ژێر ئاو بکەویٚ. نیوەشەو، لە کاتێکا کە لە ژێر ئەو جۆرە گوشارو دڵەڕاوکێیەدا بووین، یەکێك لە یارانمان چوو بووە قاتی ژێرەوە، تا تاقیبێك بکات و بزانیٚ چی هەیەو چی نییە، لەوێوە هاواری کرد کە درزێکی دۆزیوەتەوەو ئاو دەدزیٚ. یەکێکی دی گوتی کە پتر لە چوار پیٚ ئاو هاتووەتە ناو عەماری کەشتیەکەوە. هەموو هاواریان کرد تا ئاوەکە بە ترومپا دەربدەن. کە گوێم لەو قسانە بوو هەستم کرد دڵم خەریکە دەوەستیٚ. لە کاتێکا لەسەر تەختەکەم دانیشتبووم ڕێك خۆم بە پشتا خست. لیٚ زوو هەڵیان ساندمەوەو گوتیان کە تا ئێستا هیچ کارێکم لە دەست نەهاتووە، خۆ بەلای کەمەوە دەتوانم وەکو ئەوانی دی پەمپ و ترومپا لێبدەم، کە ئەو قسەیەیان کرد تەکانێکم دایە خۆو چووم بەلای ترومپاکەوەو زۆر بە جدی کەوتمە کاری ترومپالێدان. لەم کاتەدا یارۆی گەمیەوان، کە ژمارەیەك کەشتی هەڵگری زوخاڵی بەردی بینی،

کە دەرەقەتی زریانەکە نەدەهاتن و بەلەقە لەق دەهاتنە پێشێ و لە ئێمە نزیک دەبوونەوە، دەستووری دا هەر بۆ ئاگاداری تۆپێك بتەقێنین. من کە سەرم لەم قسانە دەرنەدەکردو نەمدەزانی چی دەگەیەنن، بە جۆرێ حەپەسام وامزانی کەشتیەکە شکاوە یان شتێکی مەترسیدار رووی داوە. بە کورتیەکەی بە ڕادەیەك غافڵگیر بوو بووم کە لە خۆ چووم. جا چونکە ئێستا هەر کەسەو لە خەمی خۆیدا بوو، کەس نە گوێی دامێ و نە هات بەلامەوە. تەنیا یەك پیاوی دی هات بە سۆراغی ترومپاکەوەو بە نووکی پێ کەناری خستم و درێژاو درێژ بێ خاوەن لەوێ کەوتم. وای زانی بوو مردووم. ماوەیەکی زۆری پێ چوو تا وەخۆ هاتمەوە.

درێژەمان بە کار دا، لێ ئاوی ناو عەماری کەشتیەکە سات بە سات زیاتر دەبوو. دیار بوو کە کەشتیەکە نقوم دەبێت، هەرچەند زریانەکە کەمێ سووك بوو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی مەحاڵ بوو بە سەلامەتی بگەینە کەنار، گەمیەوانەکەمان، دیسان بە مەبەستی داواکردنی کۆمەك دەستووریدا کە تۆپێك بتەقێنرێ. کەشتیەکی بار سووك کە ڕێك لە پێش ئێمەوە بوو، بەلەمێکی کۆمەکی بۆ ناردین، بەلەمەکە بەناو مەترسیەکی زۆردا هات و خۆی گەیاندە ئێمە، لێ نە ئێمە دەمانتوانی سواری بەلەمەکە بین و نە بەلەمەکە دەیتوانی خۆی بگەیەنێتە کەنار کەشتییەکەی ئێمە، بەڵام ئەنجام سەرنشینانی بەلەمەکە، بەدەم سەوڵ لێدانەوە، گیانی خۆیان خستە مەترسییەوەو هاتنە کۆمەکی مە. برادەرانی ئێمە لەپشتی کەشتیەکەوە گوریسێکیان دەرهێناو بۆیان هەڵدان، گوریسەکە چوپی پێوە بوو، تا ماوەیەکی زۆر گوریسەکەیان دایە پێش، ئەنجام سەرنشینانی بەلەمەکە دوای هەوڵ و تەقەلاو ڕیسکێکی زۆر سەری گوریسەکەیان گرت و ئێمە ئەوانمان بە بەلەمەکەیانەوە ڕاکێشایە ژێر پاشەوەی کەشتیەکەی خۆمان و هەمووماں سواری بەلەمەکە بووین. پاش ئەوەی سواری بەلەمەکە بووین هەم ئەوان و هەم ئێمە سەیرمان کرد هەوڵدان بۆ ئەوەی بگەینە کەشتیەکەی ئەوان بێهودەیە، هیچ فایدەیەکی نییە، ئیدی هەموو ڕێکەوتین کە واز بێنین بەلەمەکە بەرێی خۆیدا بڕوات، بەڵام هەوڵ بدەین بە گوێرەی توانا بەرەو کەنارەکە باژوین. گەمیەوانەکەمان، قەولی دانێ کە ئەگەر بەلەمەکە بە سەلامەتی گەییە کەنارەکە ئەو ڕێزێکی گەورە لە گەمیەوانەکەی ئەوان دەنێت. بەمجۆرە بەلەمەکەمان، جارێ لە ڕێگەی سەوڵ لێدانەوەو جارێ خۆ بەخۆ، بەرەو سەمتی باکوور ڕۆیی و دوای بڕینی مەودایەکی زۆر، بەرەو لووتەو کەپکی وێنتەرتۆن نیس بووەوە. هەمووی چارەکێك نەبوو کە لە کەشتییەکە هاتبووینە دەرێ کە سەیرمان کرد غەرق بوو. ئەوسا تێگەیشتم کە مانای غەرق بوونی کەشتی لە دەریادا چییە. هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەم کە کاتێ کرێکارەکە پێی گوتم کەشتیەکەمان خەریکە نقوم دەبێت، زاتم نەکرد سەرم هەڵبڕم، چونکە لەو ساتەوە کە منیان لە بەلەمەکە نا، کە هەڵبەتە نەمتوانی بەپێی خۆم بچمە ناو بەلەمەکە، وەکو ئەوە وا بوو دڵم لە کار وەستا بێت، هەم لە ترساو هەم لە ترسی ئەو شتەی هێشتا چاوەڕوانم بوو.

لە کاتێکا کە لەم وەزع و حاڵەدا بووین و جەماعەت هێشتا سەوڵیان لێدەدا تا بەلەمەکە بگەیەننە نزیکی کەنارەکە، کاتێ بەلەمەکە بەسەر شەپۆلەکاندا دەجولا، دەمانتوانی کەنارەکە بدینین و چاومان لێ بوو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بە کەنارەکەدا غاریان دەدا تا هەر کاتێ نزیك

بووینەوە بێنە فریامان، لێ حەرەکەتی ئێمە بەرەو کەنارەکە زۆر خاوو هێواش بوو. تا لە فانۆسی دەریـایی وینتــەرتۆن تــێ نەپــەڕیباین، نەمانـدەتوانی بگەینـە کەنارەکـە. کەنارەکـە لـە نزیکـی کرومـەرەوە بـەرەو رۆژاوا پـێچ دەکاتـەوە، بۆیـە وشـکایی ئەرزەکـە کـەمێك تونـدی بایەکـەی خـاو دەکردەوە. لەم شوێنەدا توانیمان دابەزین، بە هـەزار زەحمـەت پێمـان نایـە سەر کەنارەکەو بەپای پیادە بەرەو یارموت رۆییشتین. لەوێ، وەکو لێقەوماوان، بە شێوەیەکی زۆر مرۆڤانی مامەڵەیان لە تەکماندا کرد. بەرپرسانی شاریش دریغیان نەکرد. بۆ شوێنی زۆر باش و شایستەیان بردین، بۆ ئەو شـوێنانەی کـە گـەورە بازرگانـان و خـودانی کەشـتیانیان بـۆ دەبـردن. پـارەی پێویسـتیان داینێ تا بە دڵخوازی خۆمان بۆ لەندەن یان بۆ هال بڕۆین.

خۆ ئەگەر لێرەوە تەمێ خواردوو ببوایەم و بۆ هال گەڕابامەوەو بۆ ماڵ رۆییشتبامەوە، بۆ خۆم خەنی دەبووم. بابم وەکو حیکایەتی کابرای فریارەسی پیرۆزمان، گوێرەکەیەکی دابەستەی بۆ دەکردم بە نەزرو قوربانی، چونکە لە سەرەتادا بیستبووی ئەو کەشتیەی کە سەفەرم پێکرد بوو، لە لەنگەرگای یارموت غەرق بووەو دوای مودەتێك زانی  بووی کە من بە سەلامەتی دەرباز بووم.

بەڵام ئێستا قەدەری شووم بەرەو سەر سەختی و عینادیەکی سەیری دەبردم. هەرچەند ئەقڵ و لۆژیك چەندین جار داوایان لێکردم کە بۆ ماڵ بگەڕێمەوە، بەڵام توانای ئەم کارەم نەبوو، با شارم بەسترا بوو. نازانم ئەمە ناو بنەم چی، سووریش نیم کە ئەمە ناو بنەم فرمانێکی شاراوەو پەنهان کە دەمان کات بە ئەوزارێك بۆ نابودی خۆمان، ئەگەرچی ئەوزارەکە لە بەردەممانداییەو بە چاوی کراوەوە بەکاری دەبەین. بەڵام بێگومان قەدەرێکی پڕ خەتەرو مەرگبار بوو کە نەمدەتوانی خۆمی لێ بدزمەوە، شتێك بوو دژی ئەقڵ، دژی دوو ئەنجامی زەق و دیار کە لە هەوەڵین ئەزموونندا رووبەڕوویان بوومەوە، هانی دام.

هاوڕێکەم، کوڕی گەمیەوانەکە، کە ئەو منی خستبووە سەر کەڵکەڵەی ئەو سەفەرە، هەنووکە بە ئەندازەی من ئازا نەبوو. پاش گەڕانەوەمان بۆ یارموت، دوای دوو سێ رۆژ ئەمجا بۆ یەکەمجار قسەی دەگەڵ کردم، چونکە لە گەڕەکانی دوور لە یەکدی بووین. هەوەڵجار کە منی بینی، هەستم کرد تۆنی قسەکردنەکەی گۆڕا بوو، رواڵەت و رەنگ و رووی زۆر سیس و ژاکاو بوو، بە کەسەرەوە سەری لەقاندو لێی پرسیم حاڵت چۆنە، کاتێ کە بە باوکی گوت من کێم و چۆن بۆ ئەم سەفەرە هـاتبووم تـا بـبێ بـە ئـەزموونێك بـۆ سـەفەری هەنـدەرانم، بـابی بـە زمـانێکی زۆر جـدی و پـڕ لـە نیگـەرانی رووی تێکـردم و گـوتی: "کـوڕۆ، ئیـدی نـابێ هـەرگیز روو بکەیتـە دەریـا، پێویسـتە ئـەم ئەزموونە بۆت بووبێ بە پەندو دەرسێکی ئاشکرا کە دەریاوانی کاری تۆ نییە." گوتم: "بۆچی قوربان، مەگەر ئێوە جارێکی دی سەفەری دەریایی ناکەن؟" گوتی: "ئەمە شتێکی دیکەیە. ئەمـە کـاری منـەو لـە دوا ئەنجامـدا ئـەرکی منـە. بـەڵام سـەفەرەکەی تـۆ چونکە لـە بنەڕەتدا سـەفەرێکی ئەزموونگـــەرا بـــووە، دەبـــینی کـــە خواوەنـــد چـــۆن هـــەقی کەڵەوەکێشـــی و عینـــادی خـــۆتی لێکردووەتەوەو تاڵاوی مەرگی پێ نۆشیویت. رەنگە هەر هەموو ئەم شتانەمان لە سۆنگەی تۆوە بەسەر هاتبێت. وەکو یونس لە کەشتی تەرسوس*دا". ئەوجا لەسەری رۆیی "تۆ کێیت و بۆچی

ملت بە دەریاوە ناوە؟" لە وەڵاما بە شێکم لەسەربوورەکەم بۆ گێڕایەوەو بە شێوەیەکی سەیر هاواری کرد" ئاخر من چ گوناح و خەتایەکم کردبوو کە ئەم نەگبەتی بێچارەیە بێتە ناو کەشتیەکەم؟ ئەگەر هەزار پاوەندم بدەنێ، ئامادەنیم چیتر پێ بنەمە ناو کەشتیەك کە تۆی تیا بیت" ئەم رەفتارە، وەکو گوتم، پێچەوانەی خوو و خدەی ئەو بوو، بەڵام چونکە زەرەرێکی زۆری پێکەوتبوو، فرە بێتاقەت بوو. بەڵام پاشان زۆر بە هێوری قسەی دەگەڵ کردمو ئامۆژگاری کردم کە بگەرێمەوە بۆ لای بابمو بەدەستی خۆم عەزابی خوایی بۆ خۆم نەکرم. گوتی پێویستە دەستی خودا بدینم کە بەرهەڵستی منە. گوتی: "کوڕۆ، دڵنیابە کە ئەگەر نەگەرێیتەوە بۆ هەر شوێنێ بڕۆیت، جگە لە ناکامی و کارەسات هیچی دیکەت نایەتە رێ، مەگەر بە گوێی باوکت بکەیت.".

پەراوێز:

(..کەشتی تەرسوس):بەگوێرەی کتێبی پیرۆز، پەروەردگار، فەرمانی بە یونس پێغەمبەر کرد کە بۆ نەینەوا بڕوات، لێ یونس نا فەرمانی کردو بە کەشتی بەرەو ترشیش (تەرتوس) دەڕوات. کەشتیەکە تووشی زریانێکی ترسناك دەبێت و دەریاوانەکان یونس بە خەتابارو بایسی ئەو وەزعە دەزانن.

مودەتێك پاش ئەم گفتوگۆیە لێکدی جیابووینەوە. چونکە وەڵامی دروستم نەدایەوە ئیدی نەم بینیەوە، ئیدی نازانم بۆ کوێ ڕۆیی. بەڵام من کە تۆزێکم پارە پێ بوو، لە ڕێگەی زەمینییەوە بەرەو لەندەن وەڕێ کەوتم، چ لەوێ‌و چ لە ڕێگا زۆر لە گژ فکران ڕاچووم کە چ ڕێگەیەك لە ژیاندا هەڵبژێرم، بۆ ماڵ بڕۆمەوە یان بۆ دەریا.

دەربارەی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، تووشی کورتە نامووسی بوو بوومو بە قسەی خۆمەوە بوو بوومو شەرمم دەکرد بڕۆمەوە. بیرم لەوە دەکردەوە کە دەرو دراوسێ گاڵتەم پێدەکەن‌و بە ریشم پێدەکەنن. نەك هەر شەرمم لە داك‌و بابم دەکرد، بەڵکو شەرمم لە هەموو کەسێك دەکرد. لەوە بە دواوە زۆرجار بیرم لەوە کردووەتەوە کە خوو و خدەو مجێزی بەشەر چەند ناکۆك‌و هەڤدژو نالۆژیکیە، بە تایبەتی گەنجان، کە پێویستە لەو جۆرە هەڵوێستانەدا پەنا وەبەر ئەقڵ بەرن، کەچی سەیر دەکەی لە هیچ گوناحێك ناپرینگێنەوە، شەرم ناکەن، بە پێچەوانەوە، شەرم لە تۆبەکردن‌و ژێوان بوونەوە دەکەن. شەرم لە کارە گەوجانەکانی خۆ ناکەن، بەڵام شەرم لە گەڕانەوەو ژێوان بوونەوە دەکەن، لە کاتێکا تەنیا بە بادانەوە، دەبن بە خەڵکانی زیرەك‌و ئاقڵ‌و ئەزموونـدار، بەڵام لەم ماوەیەی ژیانم دا، مودەتێك دوو دڵ بووم کە چی بکەم‌و چ ڕێگەیەك هەڵبژێرم. هەرچی سەرم دێناو سەرم دەبرد حەزم نەدەکرد بۆ ماڵ بگەڕێمەوە. بەرە بەرەو دەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژا ئەو فەرتەنەیەی کە بەسەرم هاتبوو کاڵ دەبووەوە. ئەمە وای کرد ئەو سووکە مەیلەش کە سەبارەت بە گەڕانەوە هەم بوو، کاڵ ببێتەوە. سەرەنجام بیری گەڕانەوەم لە مێشکی خۆم دەرکردو کەوتمە بیرو خەیاڵی ئەوەی دەرفەتێك پەیدا بکەم‌و دەست بە سەفەری دەریایی بکەمەوە.

ئەو ئەنگێزەو فاکتەرە ئەهریمەنیەی کە لە سەرەتاوە منی لە ماڵی بابم دوورکردەوەو منی خستە سەر بیرو کەڵکەڵەی هەوسار پچڕیوو وخەیاڵی خاوی وەدەست هێنانی سەروەت‌و سامان، ئەو غرورەی لە منا بێدار کردەوەو گوێم لە ئاستی پەندو تەنانەت فەرمانی بابم خەواند، هەمان ئەنگێزەو فاکتەر بوو، کە شووم ترین بڕیاری پێدام‌و سواری کەشتییەك بووم کە بۆ کەنارەکانی ئەفریقیا، یان دەریاوانەکان گوتەنی بۆ گینیا، دەڕۆیی.

لە بەد شانسی خۆم بوو کە لە تەواوی ئەم سەفەرو بەسەرهاتانەدا لە کەشتیەکەدا سیفەتی دەریاوانیم نەبوو، هەرچەندە ئەگەر هەر کارێکی دەریاوانیم هەبوایە، ناچار دەبووم هەوڵ‌و تەقەللایەکی زیاتر بدەم‌و پتر ماندوو ببم، بەڵام بەلای کەمەوە، فێری ئەرك‌و مەسئولیەتی بەرپرس‌و چاودێرێکی بورجی کەشتی دەبووم، لەوە بوو بەرە بەرە بە تێپەڕبوونی زەمان ببم بە یاریدەدەری ناخودا (گەمیەوان) یان بەرپرسی ئەفسەران، یان تەنانەت ببم بە ناخودا، بەڵام چونکە بەخت‌و ناوچەوانەکەم نەیدەهێناو هەمیشە خراترین بڕیارم دەدا، ئەمجارەش هەر وام کرد، چونکە پارەیەکم لە بەڕکا بوو و جل‌و بەرگێکی باشم لە بەر بوو، دیسان وەکو پیاوماقووڵان سواری پیرە کەشتی بووم، بەمجۆرە نە کارێکم لە کەشتیەکەدا هەبوو و نە کارێك فێر بووم کە ئەنجامی بدەم.

ڕێکەوت وابوو کە لە لەندەن دۆستانی باش بدۆزمەوە، لە کاتێکا لاوانی سەرکێش و خۆسەری وەکو من بە دەگمەن تووشیان دەبیٚ بە تووشی دۆستی باشەوە. زۆر جار شەیتان تووشی داوی خراپیان دەکات. بەڵام بۆ من وا نەبوو. سەرەتا ئاشنایەتیم دەگەڵ گەمیەوانێکدا پەیدا کرد کە مەنزڵی کەناری گینیا بوو، پێشتر سەفەرێکی سەرکەوتووی بۆ ئەوێندەر کردبوو، لێبڕا بوو دووبارە سەفەری ئەویٚ بکاتەوە. ئیدی ئەم پیاوە خۆشی بە هاوڕێتی مندا چوو، کاتیٚ کە پێمگوت حەزدەکەم دنیا ببینم، گوتی ئەگەر دەگەڵ ئەودا سەفەر بکەم، پێویست ناکات هیچ مەسرەفێك بکەم، بەڵکو دەبم بە هاوکاسەو هاودەمی خۆی. ئەگەر بتوانم شتێك دەگەڵ خۆدا بێنم، دەتوانم بۆ خۆم بیفرۆشم و مایەو قازانجەکەی بۆ خۆم هەڵگرم و لەوەشە ئەم کارەم لێخۆش بێت.

ئەلهەقی بە پێشنیازەکەی ئەوم کرد. ئیدی دەگەڵ ئەم ناخودایەدا کە پیاوێکی سەر ڕاست و بیٚ غەل و غەش بوو، بووم بە دۆست و هاوسەفەر، بڕێك وردەواڵەم دەگەڵ خۆدا هێنا، کە بە هۆی دووربینی دۆستە گەمیەوانەکەمەوە، فرۆشتنمەوەو قازانجێکی باشم کرد، بە گوێرەی ڕێنوێنی ناخوداکە، بایی نزیکەی چل پاوەند ئەسپابی گەمەو وردەواڵەم دەگەڵ خۆدا هێنا. ئەم چل پاوەندەم، بە کۆمەك و یارمەتی هەندیٚ لەو خزمانەی کە نامەم بۆ ناردبوون و پێموایە باوکم یان دایکمیان ڕازی کرد بوو کە یارمەتیم بدەن، فەراهەم کرد بوو کە ئەمە بوو بە یەکەمین دەستمایەی من.

ئەمە تاقە سەفەرم بوو کە دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بوو، هەڵبەتە لەم سەرکەوتنەدا قەرزارباری دروستکاری و ڕاستگۆیی دۆستە گەمیەوانەکەم (ناخودا) بووم. لە سایەی ئەودا زانستی بیرکاری و یاسای ئەندازەگیری و کەشتیڕانی فێر بووم، فێری ئەوە بووم کە چۆن ڕێڕەوی کەشتی حیساب بکەم، تەمەشای ڕێڕەوی کەشتی بکەم، بە کورتیەکەی هەموو زانیارییەکی پێویست بۆ بابایەکی دەریاوان، فێر بووم. چونکە ئەو حەزی دەکرد ئەو کارانەم فێر بکات، منیش لەزەتم لە فێر بوونی دەبینی. بە کورتیەکەی ئەم سەفەرە هەم کردمی بە دەریاوان و هەم بە بازرگان، چونکە لەم سەفەرەمدا توانیم بە هۆی ئاڵوێڕەوە پێنج پۆندو نۆ ئونس زێڕ بە دەست بێنم، کە دوای گەڕانەوەم بۆ لەندەن فرۆشتم و سیٚ سەد پۆندم نایە تەنکەی باخەڵم، ئەمە تەماحی دەوڵەمەند بوونی نایە بەرم کە پاشان بووە هۆی نابووت بوونی تەواوەتیم.

هەڵبەتە لەم سەفەرەدا هەندیٚ ناخۆشی و بەدبەختیشم تووش بوو، بە تایبەتی کە بەردەوام نەخۆش و لەش بەبار بووم. تووشی گرانەتای ناوچە گەرمەسێرەکان بوو بووم کە هۆیەکەی بەرزی پلەی گەرما بوو. بازرگانیەکەی ئێمەش لە کەناردا بوو. یانی لە پازدە نمرەی باکوورییەوە تا هێڵی ئستیوا.

ئێستا لێبڕا بووم لە قوڵی گینیادا کارو کاسبی و بازرگانی بکەم، جا بۆ بەدبەختی من، دۆستەکەم پاش ماوەیەکی کەم لە گەڕانەوەکەمان، کۆچی دوایی کرد، بڕیارم دا بە خۆم دووبارە بچمە هەمان سەفەر. بە هەمان کەشتی و بەڕێبەریی کەسێکی دی کە جاران یاریدەدەری ناخودا بوو و، هەنووکە بوو بوو بە فەرماندە، چوومە سەفەر. بەڵام ئەمە خراپترین سەفەری ژیانم بوو، چونکە هەر چەندە سەد پوندم لەو پارەیەی کە تازە دەستم کەوتبوو دەگەڵ خۆدا نەبردبوو، یانی

تەنیا دوو سەد پوندم پێ بوو،و لە ماڵی بێوەژنێکی دۆستم ئاکنجی بوو بووم کە ئەلهەقی زۆر بە لوتف بوو دەگەڵما، بەڵام لە سەفەرەکەدا تووشی زۆر قۆرت و چورتمی ترسناك بووم. بۆ نموونە یەکێك لەو قۆرتانە ئەمە بوو کە کاتێ کەشتیەکەمان بەرەو دوڕگەکانی قەناری دەڕۆیی، بە گوتەیەکی دی کاتێ لە نێوان ئەم دوڕگانەو کەناری ئەفریقیادا بوو، لە بولێڵی سپێدەدا، کەشتیەکی دزانی دەریایی تورك غافڵگیری کردین و بە هەموو هێزێکی خۆیەوە کەوتە تاقیبمان. ئێمە بە هەموو توانایەکی خۆمانەوە، بایەوانی سەر بورجەکانمان بڵاوکردەوە تا زیاتر گوڕبگرینەوەو خۆمان دەرباز بکەین، لێ کاتێ کە زانیمان دزە دەریاییەکان، هەر بە دوامانەوەن و تا چەند سەعاتێکی دی دەمانگەنێ، خۆمان بۆ شەڕ ئامادەکرد. کەشتیەکەمان دوازدە تۆپ و هەژدە دەریاوانی هەبوو، سەعات نزیکەی سێی پاش نیوەڕۆ، کەشتی دزەکان گەییە سەرمان، جا لە جیاتی بکەوێتە شان بە شانی کەشتییەکەی ئێمە کە وای مەبەست بوو، بە هەڵە کەوتە ئاستی پاشەڵی کەشتیەکەی ئێمە. بۆیە بەپەلە هەشت دانە تۆپمان بردنە ئەوێ و کەوتینە تۆپبارانیان و ترسان و لێمان دوور کەوتنەوە. هەڵبەتە ئەوانیش تەقەیان لە ئێمە کرد، نزیکەی دوو سەد زەلامێك دەبوون کە هەر هەموویان تەقەیان لێکردین. بەڵام کەسمان لێ زایە نەبوو و هەموو دەریاوانەکانمان خۆیان شاردەوە. ئەوان خەریك بوون خۆیان ئامادە دەکرد کە دووبارە هێرشمان بکەینەوە سەرو ئێمە خۆمان بۆ بەرگری ئامادە دەکرد. بەڵام کەڕەتی دووەم کەوتنە شان بە شانی کەشتیەکەی ئێمە، تەواو لێمان نزیك بوونەوەو شەست کەسیان، خۆیان بە کەشتیەکەی ئێمەدا کردو دەم و دەست کەوتنە وێرانکاری حەوشی کەشتیەکەو پچڕینی گوریس و بایەوانەکان (شراع). ئێمە بە تفەنگی ساچمەزەن و کورتەنێزەو پاکەتە باروت و ئەو جۆرە شتانە کەوتینە گیانیان و توانیمان دووجار حەوشی کەشتیەکەیان لێ پاك بکەینەوە. — بە هەرحاڵ با باسی ئەم بەشە خەمناکەی بەسەر هاتەکە نەکەم— کەشتیەکە لە دەسەڵاتی ئێمە دەرچوو، سێ کەسمان کوژراو هەشت کەسیش بریندار بوون و ناچار بووین تەسلیم ببین. هەموو دیل و یەخسیر بووین و بردیانین بۆ سەلا، ئەم سەلایە بەندەرێك بوو بە دەست مورەکانەوە، ئەم مورانە عەرەبی ساراگەڕی باکووری ئەفریقیا بوون.

ئەو ڕەفتارەی کە لەوێ دەگەڵ منیاندا کرد، بەو خراپیەش نەبوو کە لە هەوەڵەوە وێنام دەکرد. منیان بە پێچەوانەی برادەرەکانی ترمەوە بۆ ناو وڵاتەکەی خۆیان و بۆ دەرباری ئیمپراتۆرەکەیان نەبرد، بەڵکو گەمیەوانی کەشتی دزەکان، منی وەکو خەڵاتێکی شایستە بەخۆی، بردە لای خۆی و کردمی بە کۆیلەو خولامی خۆی، چونکە گەنج و چالاك بووم بە کاری دەهاتم. کە ئەم گۆڕانە کوت و پڕە بەسەر وەزع و حاڵمدا هات و لە بابایەکی بازرگانەوە بووم بە کۆیلەیەکی نابووت، زۆر بە خۆما شکامەوە، بەزەییم بە خۆدا دەهاتەوە. بیرم لە قسە میهرەبانەکانی بابم دەکردەوە کە دەیگوت بەدبەخت دەبیت، کەس فریات ناکەوێ، سەیرم دەکرد قسەکانی موو بە موو هاتوونەتە دی، بەجۆرێ نەگبەتی شانی گرتووم و بەدبەختی بەرۆکی گرتووم ئەوپەڕی دیار نەبێ. نەگبەتی لەوە خراتر نابێت. هەستم دەکرد خوا گرتوومی و کارم

کراوەو ڕێگەی ڕزگار بوونم داخراوە. لێ مخابن! ئەمە مشتێك بوو لە خەرمانی ئەو بەڵایەی کە قەرار بوو بە سەرما بێت و لە درێژەی ئەم چیرۆکەدا بە خۆتان دەی بینن.

ئاغای تازەم دەگەڵ خۆیدا بردمیەماڵەوە، لە دڵی خۆدا خوا خوام بوو کە ئەگەر ئەمجارە سەفەری دەریای کردەوە دەگەڵ خۆیم ببات، لەو باوەڕەدا بووم کە ئەنجام، درەنگ یان زوو هەر ئەسیرو دیلی شەڕڤانانی ئەسپانیایی یان پرتوگاڵی دەبێت وهەنگێ من بۆ خۆم ئازاد دەبم. لێ ئەم چاوە ڕەشەم زوو کاڵ بووەوە، چونکە کاتێ چووە سەفەری دەریا، منی لە ماڵەوە بەجێهێشت تا بە باخچەکەی رابکەم و وەکو هەر کۆیلەو خولامێك بێگاری ماڵەوەی بۆ بکەم، کاتێ لە سەفەر گەڕایەوە، فەرمانی دا کە لە کابینەکەی ئەودا بنووم و ئاگاداری کەشتیەکەی بکەم.

ئیدی بیروخەیاڵی هەڵاتن بوو بە خولیای شەوو ڕۆژم، چۆن هەڵبێم، چ ڕێگەیەك بگرمە بەر. بەڵام بیرم بە هیچ کوێ ڕانەگەیی، هیچ ڕێگەیەکم نەدۆزییەوە کە بچووکترین ئەگەری سەرکەوتنی تیابێ. هیچ کەسێکم شك نەدەبرد کە پەیوەندی پێوە بکەم، کە هاوڕێیەتیم بکات، نە کۆیلەو دیلێك، نە کەسێکی ئینگلیز، نە ئیرلاندییەك، نە سکوتلاندییەك لەوێ نەبوو، هەر خۆم و خۆم بووم. بۆیە دوو دانە ساڵی تەواو، هەرچەندە دڵخۆشی خۆم بە هەڵاتن دەدایەوە، بچووکترین تروسکەی ئومێدەواریم بەدی نەدەکرد بۆ پراکتیزە کردنی بیرۆکەی هەڵاتنەکەم.

دوای نزیکەی دوو ساڵ، ڕێکەوتێکی سەیر هاتە پێشێ کە بووە مایەی ئەوەی دووبارە خولیا کۆنەکەی ئازادی، لەسەری دامەوە. ئاغام لە جاران زیاتر لە ماڵ دەمایەوەو ئیسراحەتی دەکرد و دەمێ بوو نە چوو بوو بەلای کەشتیەکەیەوە، بیست بووم کە گوایە پارەی نەبوو. هەفتەی یەك دوو جار، ئەگەر هەوا خۆش بوایە، زیاتر بەلەمی کەشتیەکەی دەبردو دەچووە ڕاوە ماسی، هەمیشە من و گەنجێکی دیکەی، بە نێوی ماریسکۆ، بە سەوڵ لێدان، دەگەڵ خۆدا دەبرد. ئیدی دڵیمان خۆش دەکردو بە دڵی ئەومان دەکرد، من بۆم سەلماند کە ماسیگرێکی زۆر لێهاتووم، هەندێجار منی دەگەڵ عەرەبێك و یەکێك لە خزمەکانی خۆی و ماریسکۆدا دەنارد تا تلیانەیەکی پڕ لە ماسی بۆ بگرین.

بە ڕێکەوت بەیانیەکی زۆر خۆش و ئارام چووین بۆ ڕاوە ماسی، لە پڕ کردی بەچڕە تەم و مژێك چاو چاوی نەدەبینی، هەرچەندە تەنیا پێنج کیلۆمەترێك لە کەنارەکە دوور کەوتبووینەوە، بەڵام کەم و زۆر کەنارەکەمان نە دەبینی و نەماندەزانی بەرەو کوێ سەوڵ لێدەدەین. بە درێژایی شەوو ڕۆژ هەر سەوڵمان لێدا، ڕۆژی دوایی بۆمان دەرکەوت، لە جیاتی بەرەو کەنارەکە چووبین، لە کەنارەکە دوور کەوتبووینەوەو بەلای کەمەوە نزیکەی دە کیلۆمەتر دوور کەوتبووینەوە. هەڵبەتە ڕێگای دروستمان دۆزییەوە، ئەگەرچی زەحمەتێکی زۆرو پڕ مەترسیمان کێشا. بە تایبەتی کە ئەو بەیانیە بایەکی یەجگار ساردی دەهات و زۆریشمان برسی بوو.

لێ ئاغامان کە ئەم مەسەلەیە هەراسانی کردبوو، بڕیاری دا کە لەوەدوا پتر ئاگای لە خۆ بێ. چونکە بەلەمێکی گەورەی سەر بە کەشتیەکی ئینگلیزی پەیدا کرد بوو کە لەو دواییانەدا دزی بووی، لێبڕا، جارێکی دی هەرگیز بەبێ قوتبنماو ئازووقەو خۆراك نەچێتە ڕاوە ماسی. ئیدی دەستوری بە دارتاشی کەشتیەکەی، کە ئەویش کۆیلەیەکی ئینگلیزی بوو، دا کە ژوورێك

کابینەیەکی لە ناوەڕاستی بەلەمە گەورەکەدا، وەکو کابینەی بەلەمانی باری، بۆ دروست بکات، کە شوێنێکی هەبێت بتوانیٚ تیایا بوەستیٚو سوکان بە دەستەوە بگریتو بایەوانە سەرەکیەکە کۆنترۆڵ بکەیو هەروەها لە پێشەوەش ژوورێکی هەبیٚ کە جێی یەك دوو یاریدەدەری تیا ببێتەوەو بایەوانەکان کۆنترۆڵ بکەن. بایەوانی بەلەمەکە، لەو جۆرە بایەوانانە بوو کە ئێمەمانان پێی دەڵێین بایەوانی دەفە پەزی یان سیٚ گۆشەیی، ئەستوونەکەی لەسەر کابینەکەو زۆر نزم بوو و بە ئاسانی دەست دەیگەییشتیٚ. کابینەکە شوێنێکی هەبوو کە ئاغا بتوانیٚ دەگەڵ یەك دوو کۆیلەدا تیای ڕابکشێت، مێزێکی نانخواردنی تیا بوو کە چەند چەکمەجەیەکی بچووکی هەبوو دەیتوانی چەند قاپە مەشرووبێکی دڵخوازی خۆیو هەندیٚ نانو برنجو قاوەی تیا هەڵگریٚ.

ئێمە زوو زوو بەم بەلەمە دەچووینە ڕاوە ماسی. چونکە من لێهاتووترین ماسیگری ئەو بووم. هیچ کاتیٚ بەبیٚ من نە دەچووە ڕاوە ماسی. بە ڕێکەوت ڕۆژێك بڕیاری دا کە هەم بۆ کەیفو خۆشیو هەم بۆ راوە ماسی دوو سیٚ عەرەبی تا رادەیەك ناسراوی ئەو دەڤەرە دەعوەت بکات. جا بۆ میوانداری ئەو عەرەبانە، ئامادەکارییەکی زۆری کردبوو. شەویٚ، دەستوری دابوو، ئازووقەوو خواردنی زیاتر لە ڕۆژان بخەنە بەلەمەکەوە. دەستوری بە منیش دا بوو ئەو سیٚ تفەنگە ساچمەزەنەی کە لە کەشتیەکەدا بوون، بە بارووتو فیشەکەوە بێنم، چونکە دەیانویست جگە لە ڕاوە ماسی ڕاوی باڵندەش بکەن.

من هەموو شتەکانم بە گوێرەی دەستورەکەی ئەو ئامادە کردو بەیانی، حازرو ئامادە لە بەلەمەکەدا چاوەڕوان بووم. ئاڵاو نیشانە سیٚ گۆشەکەی هەڵکرا بوو و هەموو شتێك بۆ پێشوازی میوانەکان ئامادەکرابوو. لیٚ ئاغام بەتەنیا هات، گوتی کە کارێك هاتووەتە پێشیٚو میوانەکانی نایەن. دەستوری بەمن دا کە بە سواری بەلەمەکە بڕۆینو وەکو هەمیشە دەگەڵ پیاوەکەو کوڕیژگەکەدا ماسیان بۆ بگرین، چونکە بڕیار وا بوو میوانەکان شەویٚ بێن بۆ ماڵەوە. فەرمانی دامیٚ هەرکە ماسیەکانم گرت، یەکسەر بۆ ماڵی ئەوی بەرمەوە. ئیدی منیش ئامادەی ئەنجامدانی ئەم کارانە بووم.

# لە دەستی دزانی دەریایی هەڵدیم

لەم ساتەدا دیسان کەڵکەڵەو خولیاکانی جاران، سەبارەت بە هەڵاتن، دایەوە لە کەللەم، کە دیتم کەشتیەکی چکۆلەم لە ژێر دەستدایەو ئاغام رۆیی بوو، کەوتمە ئەوەی خۆم ئامادە بکەم، بەڵام نەك بۆ ڕاوەماسی، بەڵکو بۆ سەفەر، هەرچەندە نەدەمزانیو نە بەلامەوە گرینگ بوو روو بکەمە کوێ، چونکە رووم بکردایەتە هەر کوێیەك بۆ من فەرقی نەبوو.

یەکەمین تەگبیرم ئەمە بوو کە یاریدەدەرە عەرەبەکەم فریو بدەم تا کەرەستەو تفاقی پێویست بۆ ناو بەلەمەکە بێنێ. پێم گوت، دروست نیە لە نانەکەی ئاغا بخۆین. ئەویش گوتی ڕاست دەکەیو، یەك سەبەتە نانو سێ گۆزە ئاوی خواردنەوەی بۆ ناو بەلەمەکە هێنا. من دەمزانی سەندوقی بوتڵەکانی ئاغام کوێندەریە، بە ڕواڵەتیاندا دیار بوو، کە دزیارینو لە کەشتیەکی ئینگلیزی تالان کراون، کاتێ کە یاریدەدەرە عەرەبەکە لە وشکایی بوو، بوتڵەکانم بۆ ناو بەلەمەکە گواستەوە، وەکو ئەوەی پێشتر لەبەر ئاغا بۆ ناو بەلەمەکە هێنرابن. هەروەها تۆپەڵە مۆمێکی گەورەشم کە سەد پوند زیاتر دەبوو، دەگەڵ کلافەیەك مەچیرو تەورێکی چکۆلەو، هەرەیەكو، چەکوشێکدا هێنا بۆ ناو بەلەمەکە کە پاشان زۆر بە کەڵکمان هاتن، بە تایبەتی مۆمە خاوەکە بۆ شەم سازی. فێڵێکی دیکەشم لە یارۆی عەرەب کرد کە ئەمجارەش زۆر ساویلکانە فریوی خواردمو باوەڕی پێکردم. یارۆی عەرەب ناوی ئیسماعیل بوو و بە مەولا بانگیان دەکرد. پێم گوت: "مەولا تفەنگەکانی ئاغامان لە بەلەمەکەدان، دەتوانی کەمێك باروتو فیشەك بێنی؟ بەڵکو بتوانین بۆ خۆمان چەند کاروانەیەك ڕاو بکەین (کاروانە: تەیرێکی دەنووك درێژە بە قەد مریشکێ دەبێ . وەرگێڕ )، چونکە دەزانم ئەو کەرەستەی پێویست بۆ تفەنگچییەکان لە کەشتیەکەدا دادەنێ." گوتی "بە چاوان دەی هێنم"و ئیدی یەك هەنبانەی گەورەی پڕ لە باروتی هێنا کە پوندو نیوێك پتر دەبوو، ئەوجا کیسەیەك فیشەكو ساچمەی هێنا کە ئەویش پێنج پوند دەبوو، هەردوو کیسەکەی لە بەلەمەکە بارکرد. لەم کاتەدا من لە کابینە گەورەکەدا بڕێکی زۆر باروتم دۆزییەوە، کە هی ئاغا بوو، هەر هەموویم کردە ناو یەکێك لە بوتڵە گەورەکانی ناو سەندووقەکەوە، کە شتەکانی ناویم بە تاڵ کردبووە ناو بوتڵێکی ترەوە. بەمجۆرە هەموو کەرەستەو تفاقێکی پێویستمان ئامادەکردو بە ناوی ڕاوەماسییەوە کەوتینە ڕێ، پاسەوانی سەر بورجی بەندەرەکە دەیناسین، بۆیە هیچ قسەی نەکرد. تازە کیلۆمەترێك یان زیاتر لە کەنارەکە دوور کەوتبووینەوە، بایەوانەکەمان دادایەوەو کەوتینە ڕاوە ماسی. بایەکە لە باکوورو باکووری رۆژهەڵاتەوە دەهات، کە ڕێك بە پێچەوانەی مەیلو حەزی من بوو، چونکە ئەگەر لە باشوورەوە هاتبا، ڕێك بەرەو کەنارەکانی ئەسپانیا دەڕۆییشتینو بەلای کەمەوە دەگەییینە کەنداوی کادیز. بەڵام گەییمە ئەم قەناعەتەی کە گرینگ نیە با لە کوێوە بێت، گرینگ ئەوە بوو من لەو دۆزەخەی کە تیایا بووم هەڵێمو هەموو شتێکی دی بە قەدەرو چارەنووسی بسپێرم.

ماوەیەك خۆمان بە ڕاوەماسییەوە خەریك کردو هیچمان نەگرت (چونکە کاتێ ماسیەك بە قولابەکەمەوە دەبوو، هەڵم نەدەکێشایە سەرێ تا مەولا نەی بینێ) بە یارۆی یاریدەدەری عەرەبم

گوت: "ئەمە فایدەی نییە، ناکرێ بەم شێوەیە خزمەتی ئاغامان بکەین، پێویستە دوورتر بڕۆین." کە هیچ زیانێکی لەمەدا نەدەبینی یەکسەر قاییل بوو، چونکە لە پێشی بەلەمەکەوە بوو یەکسەر بایەوانەکەی هەڵکرد. منیش کە سوکانەکەم بە دەستەوە بوو، دەستم بە ئاژۆتنی پیرە بەلەم کرد، تەواوێ دوور کەوتمەوە، وام دەنواند دەمەوێ لەوێ ڕاوە ماسی بکەم. پاشان سووکانەکەم دایە دەستی کوڕیژگەکەو چوومە پێشی بەلەمەکە بۆ لای یاریدەدەرە عەرەبەکە، وام دەنواند کە گوایە بۆ شتێك دەگەڕێم، لە پشتی ئەوەوە دوولا کۆمامەوەو لە پڕ دەستم لە هەردوو لاقی توند کردو لەسەر حەوشەی بەلەمەکەوە هەڵمدایە ناو دەریاکە. کەچی دەمو دەست وەکو تەپەدۆر هاتەوە سەر ئاوەکە، تومەز مەلەوان بوو. بانگی کردم، پاڕایەوە کە بیگێڕمەوە سەر بەلەمەکەو گوتی بۆ ئەوپەری دنیا دەگەڵما دێت. هێندە خێرا، بە مەلە بەدووی بەلەمەکەدا دەهات، وام تەسەور دەکرد، هاکا بمگاتێ، بە تایبەتی کە دنیا ئارام بوو و بای نەدەهات. خۆم بە کابینەی بەلەمەکەدا کرد، یەکێك لە ساچمەزەنەکانم هەڵگرت و هێنام، لەسەر بەلەمەکەوە نیشانەم لێگرتەوەو لە دڵی خۆدا گوتم هیچ زیانێکم بۆی نەبووەو ئەگەر وازبێنێ هیچ ئاسیوێکی ناگەیەنمێ. گوتم "تۆ مەلەوانێکی زۆر باشیت، دەتوانی خۆت بگەیەنیتەوە کەنارو دەریاکەش ئارامە. هەوڵبدە خۆت بگەیەنیتەوە کەنار، هەنگێ من هیچ هەقم بە سەرتەوە نابێ، زەڕت پێ ناگەیەنم. بەڵام ئەگەر بە دووما بێی و لە بەلەمەکە نزیك ببیتەوە بە گوللەیەك مێشکت دەپژێنم، چونکە من بڕیارم داوە ئازادی خۆم وەربگرمەوە." ئەوە بوو گەڕایەوەو بە مەلە بەرەو کەنار ڕۆیی. دڵنیام بە سەلامەتی و ئاسانی گەییوەتەوە کەنار، چونکە مەلەوانێکی مەعلان و لە زەبر بوو.

خۆ دەمتوانی کابرای عەرەب دەگەڵ خۆدا ببەم وکوڕیژگەکە بخەمە دەریاوەو بخنکێ، لێ یارۆی عەرەب جێگەی متمانە نەبوو. ڕووم کردە کوڕیژگەکە، کە بە سوری بانگیان دەکردو، گوتم: سووری ئەگەر کوڕێکی بە ئەمەك بیت و خیانەتم لێنەکەیت، دەتکەم بە پیاوێکی گەورە. بەڵام ئەگەر دەگەڵما پاك نەبیت، تۆش دەخەمە دەریاکەوە." و گوتم کە سوێندم بۆ بخوات، بە پێغەمبەرو بە ڕدێنی بابی سوێندم بۆ بخوات. کوڕیژگەی تاین بەدەم زەردەخەنەیەکەوە تەمەشای کردمو هێندە بە بێگەردی و پاکی هاتە قسان کە نەمتوانی باوەڕی پێنەکەم. ئیدی سوێندی بۆ خواردم کە خیانەتم لێنەکات و بۆ هەر شوێنێکی دنیا ڕۆییشتم دەگەڵما بێت.

لە کاتێکا کە کابرای عەرەب هێشتا دەیتوانی بەدەم مەلەوە ئێمە ببینێ، ڕووی بەلەمەکەم بە تەواوەتی کردە دەریاو خۆم دایە دەم ڕەوتی بایەکەوە، تا وا بزانن کە بەرەو زارکی کەنداوەکە دەڕۆم. ( چونکە هەر کەسێکی دیکەش بوایە هەر وای دەکرد). کێ بیری لەوە دەکردەوە کە ئێمە بەرەو باشوورو بۆ کەنارەکانی مەڵبەنی هۆڤیان و بەربەریان بڕۆین، تا هەموو خێڵانی ڕەش پێستان، بە بەلەمەکانیان گەمارۆمان بدەن و لە ناومان بەرن، هەرکە پێمان بگاتە سەر زەوی و نەگات، یان ببین بە خۆراکی گیانلەبەرانی دڕندە یان بوونەوەرانی هۆڤی و دڕو دڕندەتر لە ڕەگەزی ئادەمیزاد؟

لێ هەرکە شەو داهات و دنیا تاریکی کرد، ڕێڕەوی خۆم گۆڕی و یەکڕاست بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات وەڕێکەوتم. کەمێك دەستی لای ڕۆژهەڵاتم گرت تا بتوانم شان بەشانی کەنارەکە بڕۆم،

بایەکی خۆش‌و فێنکی دەهات، دەریا ئارام‌و کەم شەپۆل بوو، هێندە خۆش پیرە بەلەمم ئاژۆت، پێموایە تا سەعات سێی پاش نیوەڕۆی سبەینێ، کاتێ بۆ یەکەمجار گەییمە وشکایی، یانی بە مەزندە پەنجا میلی باشووری سەلا بوو، و بە تەواوەتی لە قەڵەمڕەوی پاشای مەراکش، یان قەڵەمڕەوی هەر پاشایەکی دی دوور کەوتبوومەوە، چونکە هیچ شوێنەوارێکی بەشەری لێ نەبوو.

لێ عەرەبەکان بە جۆرێ ترساندبوومیان، هێندە لەوە ترسا بووم کە بکەومە دەستیان، کە ئامادە نەبووم بوەستم یان بچمە کەنار یان لە شوێنێکدا لەنگەر فڕێ بدەم. ڕەوتی بایەکە هێشتا باش بوو، پێنج دانە ڕۆژ بەو جۆرە درێژەم بە ڕێگادا. پاشان ڕەوتی بایەکە بە ئاراستەی باشووردا گۆڕاو، گەییمە ئەم ئەنجامەی کە ئەگەر هەر یەکێك لە بەلەم‌و کەشتیەکانیش دوام کەوتبن، ئیدی وەرز بوون و وازیان هێناوە. بۆیە بەرەو کەنار رووی پیرە بەلەمم بادایەوەو لە زارکی روبارێکی چکۆلەدا لەنگەرم خست کە نازانم ناوی چی بوو یان لە کوێ بوو، لە چ دەڤەرو قەڵەمڕەوێکی جوگرافیاییدا بوو، سەر بە کام وڵات یان میللەت بوو یان دەڕژایە چ روبارێکەوە. بەنی بەشەرم لەو شوێنەدا نەبینی، حەزیشم نەدەکرد هیچکەسێك بدینم، تەنیا ئاوی خواردنەم پێویست بوو. دەمەو ئێوارە گەییشتینە ئەم روبارەو لێبڕام هەرکە هەوا تاریك بوو، بە مەلە بەرەو کەنار بڕۆین‌و تاقیبێکی ناوچەکە بکەین. لێ هەرکە دنیا تاریك بوو، لە هەموو لایەکەوە دەنگی سەگوەڕو لورەلوری گیانلەبەرانی کێوی‌و دڕندە، بەرز بووەوە، خۆیشم نەمزانی چی بوو، کوڕیژگەی بەستەزمان کە گوێی لەو دەنگە ترسناکانە بوو خەریك بوو زراوی بتۆقێ، لێم پاڕایەوە کە بەم شەوە نەڕۆین. گوتم: "باشە سوری ناڕۆین، بەڵام کێ دەڵێ بە رۆژەوە تووشی خەڵکانێك نابین سەد خۆزگە بەم شێرو دڕندانە بخوازین." سوری بەدەم پێکەنینەوە گوتی "کەواتە تەقە بکە، ناچار هەڵدێن." سوری، لە ئەنجامی تێکەڵ بوون دەگەڵ ئێمەی دیل‌و کۆیلەدا کەمێك ئینگلیزی فێر بوو بوو بەو شکاویە قسانی دەکرد. بەڵام من زۆر خۆشحاڵ بووم کە دەمبینی ئەوەندە زیتەڵ‌و سەرحاڵە، شتێکم لە ( سەندووقی بوتڵەکانی ئاغا) دایە تا خۆشحاڵ ببێت. بە هەرحاڵ تەگبیرەکەی سوری زۆر باش بوو و بە گوێم کرد. لەنگەرە چکۆلەکەمان خست‌و بە درێژایی شەو ڕاکشاین. بۆیە دەڵێم ڕاکشاین چونکە کەم‌و زۆر نەخەوتین، چونکە دوو سێ سەعات دواتر، هەندێ حەیواناتی زۆر زەلاممان بینی کە (نەماندەزانی چ حەیواناتێك بوون) بە راکە ڕاك بەرەو ئاوەکە هاتن‌و خۆیان لە قوڕاوەکە وەرداو، خۆیان شت تا فێنك ببنەوە، هێندە بەسام‌و بەتوندی دەیان لوراند‌و دەیان بۆڕاند، کە ئەلهەقی بە عەمراتم دەنگی وام نەژنەوتبوو.

سوری لە ترسا روحی پێ نەما بوو، پیاو راست بڵێ منیش زۆر لەو باشتر نەبووم. بەڵام هەردووکمان کاتێ گوێمان لێ بوو کە یەکێك لەو نەفرەجایانە خەریکە بەمەلە کردن بەرەو بەلەمەکەمان دێت، زیاتر ترسمان لێنیشت. هەڵبەتە نەماندەتوانی بیدینین، بەڵام بە شڵپە شڵپەکەیدا دەمازانی کە دڕندەیەکی زەلام‌و توڕەو ترسناکە. سوری گوتی شێرە، دوور نەبوو شێر بێ، لێ سوری بەلەنگاز، بەم دەم هاوارەوە بە منی گوت لەنگەرەکە هەڵکێشین‌و بە سەوڵ لێدان هەڵێین. من گوتم: "نا، سوری، دەتوانین شناوەرێك بە پەتی لەنگەرەکەوە ببەستین‌و بە پەلە

بڕۆین و خۆمان بگەیەنینە دەریا کە ناتوانن تا ئەوێندەر دوامان بکەون." هێشتا قسەکە بە تەواوەتی لە زارم دەرنەچوو بوو کە هەستم کرد ئەو بوونەوەرە (هەرچیەك بوو) گەییوەتە سەرمان، هەر یەك دوو سەوڵ لێمانەوە دوورە. ڕاچڵەکیم، بەڵام یەکسەر خۆم گەیاندە کابینەکە، دەستم دایە تفەنگەکەم و تەقەم لێکرد، ئیدی یەکسەر گەڕایەوەو بەدەم مەلە کردنەوە بەرەو کەنارەکە بووەوە.

ئیدی دوای تەقەکردنەکەی من بوو بە لورە لورو هەراو هەنگامەیەکی ترسناکی ئەوتۆ کە لە وەسف کردن نایەت. ئەم لورە لورو دەنگە دەنگە کە هەم لە نزیکی کەنارەکەو هەم لەم بەرزاییەکانی دیکەی ئەو دەڤەرەوە دەهات، گەیاندمیە ئەم باوەڕەی کە ئەو جانەوەرانە تا ئەو کاتە گوێیان لە دەنگی تەقە نەبوو بوو. هاتمە سەر ئەو قەناعەتەی کە ناتوانین بەشەو بڕۆین بۆ کەنارەکەو، بە ڕۆژیشەوە چوونمان بۆ ئەوێندەر لە مەترسی بەدەر نەبوو، چونکە چ بکەوتینایە دەست ئەو مرۆڤە کێویانەو چ بکەوتینایە دەست شێرو بەوران، بە هەمان ئەندازە مەترسیدار بوو، یان ئێمە وامان وێنا دەکرد.

لێ وێڕای ئەمەش ناچاربووین، بۆ پەیدا کردنی ئاوی خواردنەوە روو بکەینە شوێنێك، چونکە ئاومان پێ نەما بوو، تاقە یەك گۆزەشمان پێ نەما بوو، ئیدی هیچ دیار نەبوو کەی و لە کوێ ئاومان دەست دەکەوێ. سوری گوتی ئەگەر من مۆڵەتی بدەم گۆزەیەك دەبات و دەڕوات بۆ کەنار تا تاقیبێ بکات و بزانێ ئاو لەوێ دەست دەکەوێ یان نا، ئەگەر ئاوی دەست کەوت گۆزەکە پڕ دەکات و دەگەڕێتەوە. لێم پرسی بۆچی ئامادەیە بڕوات، بۆچی من نەڕۆم و ئەو لە بەلەمەکەدا بمێنێتەوە؟ کوڕیژگەکە بەمیهرو مەحەبەتێکی ئەوتۆ وەڵامی دامەوە کە کردیە کارێك لەوە بە دواوە تا هەتا هەتایە خۆشم بوێ. گوتی: "ئەگەر پیاوە کێوییەکان هاتن و منیان خوارد، تۆ دەتوانی هەڵێیت و رزگار ببی". گوتم: "باشە سوری، هەردووکمان دەڕۆین، ئەگەر پیاوە کێوییەکان هاتن، دەیانکوژین و هەنگێ کەسمان ناخۆن." ئیدی پارچەیەك نانم دا بە سوری کە بیخوات، بەلەمەکەمان تا نزیکی کەنارەکە برد، لەوێندەر دابەزین، بەرەو کەنار خۆمان بە ئاوەکەدا دا، جگە لە تفەنگ و دوو گۆزەی بەتاڵ بۆ ئاو، هیچی ترمان دەگەڵ خۆدا نەبرد.

من خەمی ئەوەم نەبوو بەلەمەکە لە هەتەری چاومان دەرچێت، لەوە دەترسام کێوییەکان بە سواری بەلەم لە روبارەکەوە بۆمان بێن. سوری کە لە دووری میلێکەوە، گردولکەیەکی لە ناو جەرگەی وشکایی دەڤەرەکەدا بینی بوو، بە گورگە لۆقە بۆ ئەوێندەر رۆیی، ئەنجام سەیرم کرد خەریکە بە ڕاکەڕاك بەرەو لای من دێت. وام بەخەیاڵ هات کە رەنگە کێوییەکان راویان نابێ، یان لە جانەوەرێکی درندە ترسا بێت. بەرەو پیری غارم دا تا یارمەتی بدەم، لێ کە لێی نزیك بوومەوە، سەیرم کرد شتێکی داوە بە شانیا. گیانلەبەرێك بوو بە گوللە کوشتبووی. گیانلەبەرەکە لە کەروێشکە کێوی دەچوو، بەڵام رەنگی جیاوازتر بوو و دەست و لاقیشی درێژ تر بوون، بە هەرحاڵ پێی خەنی بووین و گۆشتێکی یەجگار بەلەزەتی هەبوو، سوری وێڕای ئەمەش هەواڵێکی خۆشی بۆ هێنا بووم کە گوایە ئاوێکی سازگارو شیرینی پەیدا کردبوو و هیچ بەشەرێکی کێویشی نەبینی بوو.

پاشان زانیمان کە پێویست نەبوو بۆ ئاو پەیدا کردن ئەو هەموو زەحمەتە بکێشین، چونکە کەمێك هێوەتر لەو شوێنەی کە بەلەمەکەمان لە روبارەکەدا راگرتبوو، کاتێ کە ئاوەکە نیشتەوە، کانیەکمان لەو نزیکانە دۆزییەوەو گۆزەکانمان پڕکردو بەو کەروێشکەی کە کوشتبوومان، کەمێك ریخۆڵەکانمان خوساندەوەو ئەوجا بێئەوەی هیچ جێ پێیەکی بەشەر لەو بەشە وشکاییەدا بدینین هەستاین و ڕۆییشتین.

چونکە من پێشتر جارێکی دی سەفەری کەنارم کردبوو، دەمزانی کە دوڕگەێن کەناریو دوڕگەی کەپکی کەسکیش زۆر لەوێوە دوورنین. بەڵام چونکە هیچ ئامێرێکی قوتب نماو قیبلەنمام پێ نەبوو، نەمدەزانی لە چ شوێنێکم و نەمدەزانی کە ئەو دوڕگانە بە دروستی کەوتوونەتە کوێوەو یان کەی بەرەو ئەو دوڕگانە بکەومە ڕێ، دەنا بە ئاسانی دەمتوانی هەندێ لەو دوڕگانە بدۆزمەوە. بەڵام ئومێدم بەمە بوو کە ئەگەر هەر بەو دەقەوە شان بەشانی ئەم کەنارە بڕۆم، تا دەگەمە ئەو بەشەی کە ئینگلیزەکان لەوێدا کاری بازرگانیان دەکرد، لەوەیە بتوانم کەشتیە بازرگانیەکانی ئەوان بدۆزمەوەو ئەوان دەگەڵ خۆیانمان ببەن و لەو رێگەیەوە رزگار ببین.

بە گوێرەی وردترین حیساباتی من، ئەو شوێنەی کە ئێستا تیایا بووم، وڵاتێك بوو لە نێوان قەڵەمرەوی پاشای مەراکیش و قەڵەمرەوی رەش پێستان، شوێنێك بوو کاکی بە کاکی، جگە لە جانەوەرانی دڕندەو کێوی هیچ بەنی بەشەرێکی تیا نەبوو. رەش پێستەکان لە ترسی مورەکان ئەوێیان چۆڵ کردبوو و روویان کردبووە باشوورو مورەکانیش پێیان وابوو، ئەو سەر زەمینە لەبەر بیابانی بە کەڵکی دانیشتن و ئاوەدانکردنەوە نایەت. بەڵام لە ڕاستیدا هەردوو لایان بۆیە ئەو شوێنەیان چۆڵ کردبوو کە ژمارەیەکی یەجگار زۆر بەور، شێر، پڵینگ و جانەوەری دڕندەو کێوی دیکەی تیادا دەژیا. لەبەر ئەمە مورەکان، تەنیا بۆ ڕاووشکار بۆ ئەوێندەر دەهاتن و هەر جارەی لەشکرێکی دوو سێ هەزار کەسییان بۆ ئەوێ دەنارد. بەڕاستی بە درێژایی سەد میلی شانبەشانی ئەم کەنارە، بە رۆژەوە جگە لە دەشت و بیابانێکی چۆڵ و هۆڵ هیچ شتێکی ترمان نەبینی و، بە شەویش جگە لە لورە لورو قروسکەو قروسك و نەڕە نەڕی جانەوەرێن دڕندە گوێمان لە هیچ شتێکی دی نەبوو.

یەك دووجار، بە رۆژەوە وام هاتە بەرچاو کە قوللەی تینریف، هەمان قوللەی کێوی تینریفی دوڕگەکانی کەناری دەبینم، ئیدی کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە بەرەو ئەوێندەر بکەومە ڕێ، دووجارم هەوڵدا، بەڵام بای پێچەوانە رێی نەدام، شەپۆلی دەریاش لەوە بەرزتر بوو، بەلەمە چکۆلەکەی من بەرگەی بگرێت. بۆیە لێبڕام، لەسەر نەخشەکەی هەوەڵم بەردەوام بم و شانبەشانی کەنارەکە درێژە بە رێی خۆم بدەم.

پاش ئەوەی بە رێکەوتین و لەوێندەر هەڵبڕاین، چەندجارێك ناچار بووین بۆ پەیدا کردنی ئاوی خواردنەوە بڕۆین بۆ کەنار. رۆژێ بەیانیەکی زوو، کە لە نزیکی کەنارێکی زۆر بەرزا لەنگەرمان خستبوو، لە پڕ ئاوەکە جوڵا، ئێمەش بۆ ئەوەی کەمێك پشوو بدەین، خۆمان دایە دەم رەوتی ئاوەکەوە تا بە کۆمەکی ئاوەکە بەرەو کەنارەکە درێژە بە رێڕەوی خۆ بدەین. سوری، کە دیار بوو

له من به ئاگاتر بوو، به هێمنی بانگی کردمو گوتی وا چاکه به گوێرەی توانا له کەنارەکه دوور بکەوینەوه " تۆ تەمەشای ئەوێندەر بکه، دێوێکی بیٚ رەزا له پالٚ ئەو گردەدا خەوتووه." سەیری ئەو شوێنەم کرد کە ئەو نیشانی دام، سەیرم کرد بەڕاستی نەفرەجایەکی ترسناك لەوێیە. شێرێکی زەلامی سامناك بوو که له کەنارەکەدا، له ژێر سێبەری گردەکەدا راکشا بوو و لەوه دەچوو گردەکه رێك به دیار سەرییەوه بێت. گوتم "سوری، پێویسته خۆت بگەیەنیته کەنارەکەو بیکوژیت." سوری که ترسا بوو گوتی: "من کوشت! دەمکات به یەك پاروو." مەبەستی ئەوه بوو که شێرەکه دەیکات به یەك پاروو. ئیدی هیچم به سوری نەگوت، تەنیا ئاماژەم کردیٚ که له جێی خۆی بوەستیٚو نەجولێت. گەورەترین تفەنگم هەلٚگرت، پڕم کرد له بارووتو دوو فیشەکم خسته بەری و له عاردیم دانا، دوو گوللەم خسته بەر تفەنگی دووەمیش، پێنج گوللەی بچووکتریشم خسته بەر تفەنگی سێیەم (تەنیا سیٚ تفەنگمان هەبوو) به تفەنگی یەکەم، بەوپەڕی دیقەت نیشانەم لەسەری شێرەکه گرتەوه، بەلاٚم به جۆریٚ راکشا بوو که دەستی کەمێك له کەپووی بەرزتر بوو، گوللەکه رێك له نزیکی ئەژنۆیەوه بەر دەستی کەوتو ئێسقانەکەی شکا. هەوەلٚجار بەدەم نەڕەیەکەوه راپەڕی، بەلاٚم چونکه دەستی شکا بوو، دووبارە کەوتەوه سەر زەویو پاشان لەسەر سیٚ لاقان هەستا، نەڕەیەکی هێندە ترسناکی بۆ کرد که به عەمرانم گوێم له نەڕەی وا نەبوو بوو. تیا مابووم که چۆن نەمتوانی بوو، سەری بپێکم.بەهەرحالٚ دەستم دایه تفەنگی دووەم، هەرچەند شێرەکه کەمێك جولاٚ بوو، دووبارە تەقەم لێکرد، گوللەکه ڕێك بەر سەری کەوت، زۆر خۆشحالٚ بووم که دیتم کەوتە سەر زەویو تەنیا سووکە قروسکەیەکی لێوه هات، بەلاٚم هێشتا هەر له گیانەللاٚ دا بوو. پاش ئەوه سوری زاتی وەبەرخۆ ناو داوای لێکردم که رێی بدەم بڕوات بۆ کەنارەکه. گوتم: "باشه، بڕۆ." سوری خۆی هەلٚدایە ئاوەکەوه، به دەستێکی تفەنگێکی چکۆلەی گرتبوو و به دەستەکەی دیکەشی بەدەم مەلەوه بەرەو کەنارەکه رۆیی. له شێرەکه نزیك بووەوه، سەری لوولەی تفەنگەکەی خستە ناو گوێچکەیو فیشەکێکی تیا خالٚی کردو حەیاتی لەبەر بڕی.

ئەمه به ڕاستی راوێکی باش بوو، بەلاٚم جێی خواردنی بۆ پڕ نه دەکردینەوه، زۆرم پیٚ ناخۆش بوو که سیٚ چنگ بارووتمان به فێڕۆ داو تەقەمان لەحەیوانیٚ کرد که هیچ سوودێکی بۆمان نەبوو. لیٚ سوری گوتی سوودی لیٚ وەردەگرێت، هات بۆ سەر بەلەمەکەو داوای تەوری لێکردم. گوتم: "تەورت بۆ چیه سوری؟" گوتی "دەمەویٚ سەری ببڕم." لیٚ نەیتوانی سەری ببڕێت، لاقێکی بڕیو دەگەلٚ خۆیدا هێنای، که بەڕاستی گەورە بوو.

بیرم کردەوه ڕەنگه پێستەکەی به کەلٚکمان بێت، ئیدی لێبڕام کەولٚی بکەم. به دوو قۆلٚی دەگەلٚ سوری دا دەستبەکار بووین. سوری زۆر له من کارامەترو لێهاتووتر بوو، من ئەسلٚەن نەمدەزانی ئەم کارە چۆن ئەنجام بدەم. ئەو رۆژە هەموو وەختەکەمان بەو کارەوە بەسەر برد، ئەنجام کەولٚمان کرد، کەولٚەکەیمان لەسەر کابینەی بەلەمەکه هەلٚخست، له زەرفی دوو رۆژا لەبەر هەتاوەکه هیشك بووەوەو ئیدی وەکو رایەخ بۆ خۆم رامدەخستو لەسەری دەنووستم.

دوای ئـەم وەسـتانە، کەوتینـەوە ڕێ، دە دوازدە ڕۆژێـك بـە سـەمتی باشـووردا درێـژەمان بـە ڕێـڕەوی خۆمـان دا. چـونکە زەخـیرەو ئازووقـەمان روو لـەکزی بـوو، زۆر بـە رەزیلـیو قنیاتـەوە دەژیاین، تەنیا ئەو کاتانە دەچووین بۆ کەنار کە پێویستمان بە ئاوی خواردنەوە بوایە.

نەخشـەی مـن ئەمـە بـوو کـە خـۆم بگەیەنمـە رۆخانـەی گامبیـا یـان سـنیگاڵ، یـانی بگەمـە دەوروبـەری لووتـە و کـەپکی سـەوزو تـەماحی ئـەوەم هـەبوو لەوێنـدەر تووشـی کەشـتیانی ئەوروپایی ببم، ئەگەر ئەمە سەری نەگرتبا، نەمدەزانی روو بکەمە کوێو چ ڕێڕەوێك هەڵبژێرم. چونکە جگـە لـە چـوون بـۆ دوڕگـەکانو لـە بـەین چـوون بـە دەسـت رەش پێسـتەکان هـیچ چارەو تەگبیرێکی ترم نەبوو. دەمزانی کە هەموو ئەو کەشتیە ئەوروپاییانەی بەرەو قوڵی کـەناری گینیا یـان بـەرازیل یـان بـەرەو دوڕگـەکانی هنـدی رۆژهـەڵاتی دەچـوون، بـەم لووتـە یـان بـەو دوڕگانـەدا تێدەپەڕن، بە کورتیەکەی چارەنووسم وەستا بووە سەر ئەمەی کە یان تووشی کەشتیەك ببم یان تیا بچم.

وەکو گـوتم، دە دانـە رۆژی دیکەشـم بـەم نیـازو نیەتـەوە بەسـەر بـرد. تـا کـاتێکم بـە خـۆ زانـی وشـکاییەکی ئـاواو ئـاوەدانم لێدەرکـەوت. کـاتێ کـە بـە کەنارەکـەدا رەت دەبـووین، لـە دوو سـێ شـوێندا خـەڵکانێکم بـینی کـە لـە کەنارەکـەدا وەسـتاونو تەمەشـای ئێمـە دەکـەن. تـا چـاوم بـڕی دەکرد هەر خەڵکی رەش پێستو رووتو قووت بوو. جارێك هات بە سەرما بڕۆم بۆ کەنارەکە، لـێ سـوری کـە شـیرەتکارێکی باشـی مـن بـوو گـوتی: "رۆییشـتن نـە، رۆییشـتن نـە." لـێ هەنـدێك لـە کەنارەکە نزیکتر بوومەوە تا بەڵکو بتوانم قسەیان دەگەڵ بکەم، سەیرم کرد بە کەنارەکەدا بەرەو لای مـن کەوتنـە غـاردان. تەمەشـام کـرد چەکیان پـێ نییـە، تـەنیا یـەك نەفـەریان نـەبێ کـە دارێکـی درێـژو بـاریکی بـە دەسـتەوە بـوو. سـوری گـوتی نێزەیـەو ئەوانـە سـەگڤانی بەڵـەدو کارامـەنو لـە دووری دوورەوە نیشانان دانگێون. لێ من لە دوورەوە بە ئاماژە دەگەڵیان کەوتمـە قسـانو ئاماژەم کردنـێ کـە پێویسـتمان بـە خواردنـە. بـە ئامـاژە وەڵامیـان دامـەوە کـە بەلەمەکـەم رابگـرم تـا تـۆزێ گۆشتمان بۆ بێنن. کە ئەو ئاماژەیەم لێ دیتن بایەوانەکەم دادایەوەو وەستام، دوو کـەس لـەوان بـە ڕاکەڕاك لە کەنارەکە دوور کەوتنەوەو دوای نیو سەعاتێك بە دوو پارچە گۆشـتی وشـكو هەنـدێ دانەوێڵەوە گەڕانەوە، کە دیار بوو بەروبوومی دەڤەرەکەی خۆیان بوو، لێ ئێمە، نە منو نـە سـوری نەماندەزانی کە چ دانەوێڵەیەکە. بەڵام هەرچۆنێ بوو ئێمە زۆر ناچار بووین کە قەبووڵی بکەین. بـەڵام کێشـەکەمان ئەمـە بـوو کـە چـۆن دەسـتمان بیگـاتێ. مـن یـەك لـە بـاری خـۆم زاتـم نـەدەکرد بـۆ کەنارەکە بڕۆمو ئەوانیش زۆر لە ئێمە دەترسانو سڵیان دەکردەوە. بەڵام ئەوان میکانیزمێکیان هەڵبژارد کە بۆ هەردوولامان بێ مەترسی بوو. خواردنەکەیان هێنایە کەنارەکە، لەسەر ئەرزەکە دایـان نـاو بـە خۆیـان گەڕانـەوەو لـە دووری دوور وەسـتان، ئیـدی نەهاتنـە پێشـەوە تـا ئێمـە خواردنەکەمان هەڵگرتو بۆ ناو بەلەمەکەمان هێنا.

ئێمە تەنیا بە ئاماژە سوپاسمان کردن، چونکە هیچ شتێکمان نەبوو کە ئەو چاکەیەی ئەوانی پێ بدەینەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێکەوتێ هاتە پێشەوە کە سووکە خزمەتێکیان بکەین، کاتێ کە لە نزیکی کەنارەکە وەستا بووین، دوو نەفرەجای زەلام هاتن، بە خەیاڵی ئێمە یەکێکیان بە

تـوڕەیی ئـەوی تریـانی راو دەنـا، لـە چـیاوە بـەرەو دەریاکـە دەهـاتن، ئیـدی نەمانـدەزانی ئـاخۆ حەیوانێکی نێرە بوو دوای مێچکەکە کەوتبوو یان دەیانویست پێکەوە گەمە بکەن. نەماندەزانی کە ئەمـە دیاردەیـەکی ئاسـاییە یـان سـەیرە، بـەڵام پێموایـە سـەیر بـوو، چـونکە یەکـەم ئـەو جـۆرە حەیوانە برسیانە بە دەگمەن بە ڕۆژەوە دەردەکەون و بە زۆری شەوانە بە دەردەکەون و دەبینـرێن و دووەم سەیرمان کرد خەڵکەکە زۆر ترسان، بە تایبەتی ژنان، تەنیا پیاوە نێرە بە دەستەکە رای نـەکرد. ئـەوانی دی هـەموویان هـەڵهاتن. لـێ کـاتێ جووتـە نەفرەجاکـە راسـتەوخۆ بـەرەو ئاوەکـە هاتن، لەوە نەدەچوو بە نیازی پەلامارداني رەش پێستەکان بووبن، بەڵکو خۆیان بە ئاوەکەدا دا، لـە تـۆ وایـە بـۆ ئـەوە هـاتبوون هەوایـەك بگـۆڕن و بایـەکی بـاڵی خۆیـان بـدەن، کەوتنـە مەلـەکردن. ئـەنجام یـەکێکیان بـە خـەیاڵی مـن لـە ئەندازبـەدەر لـە بەلەمەکـەمان نزیـك بووەوە. بـەڵام مـن ئامـادە بـووم، چـونکە تفەنگەکـەم بـە تـەواوەتی پـڕ کردبـوو، ئامـاژەم بـۆ سـوری کـرد هـەردوو تفەنگەکـەی دیکەش ئامادە بکات. کە حەیوانەکە تەواو نزیك بووەوە، دەستم بە پیرە تفەنگدا هێنا، گوللەکە راستەوخۆ بەر سەری کەوت. حەیوانەکە یەکسەر خۆی بە ژێر ئاوەکـەدا کـرد، لـێ دووبـارە هاتـەوە سەر ئاوەکە، لەوە دەچوو ئاوزینگ بدات، بەدەم لەقەفرتێ و گیانـەڵڵاوە بـەرەو کەنارەکـە دایکێشـا، لـێ زامەکـەی کـاری بـوو، لـە کاتێکـا خـەریك بـوو لـە ئاوەکـەدا دەخنکـا، خـۆی گەیانـدە نزیکـی کەنارەکەو لە جێی خۆی مردار بووەوە.

ئـەو خەڵکـە بەلـەنگازو داماوانـە، کـە گوێیـان لـە دەنـگ و ئـاگری تفەنگەکـەم بـوو، خـەریك بـوو زیڕەیان دەکرد. لە ترسا روحیان پێ نەما بوو. لێ کاتێ کە دیتیـان حەیوانەکـە مـردار بووەوەو لـە ئاوەکەدا نقوم بوو و بە دەست ئاماژەم کردنێ کە بێن بۆ کەنارەکـە، کەمێـك زاتیـان پەیـدا کـردو هاتن بۆ کەنارەکەو کەوتنە گەڕان بە دوای حەیوانەکەدا. من بـەو خوێنـەدا کـە لەبـەری ڕۆیـی بـوو، لە ئاوەکەدا دۆزیمەوە. رەش پێستەکان، بەو گوریسـەی کـە مـن تێمـەوە ئـاڵان و دامـە دەسـت ئـەوان کە رایکێشن بەرەو کەنارەکە بردیان، سەیریان کرد پڵنگێکی یـەجگار دەگمـەن بـوو، کەوڵەکـەی پـڕ بـوو لـە وردەخـاڵی زۆر جوان. رەش پێسـتەکان دەسـتیان بـە نیشـانەی ئافـەرین و دەسـتخۆشـی بـۆ بەرزکردمەوە، بیریان لەوە دەکردەوە بە چ شتێك ئەم پڵینگەم کوشت.

حـەیوانی دووەم کـە لـە دەنـگ و تەقـەی گوللەکـە ترسـا بـوو، بـەدەم مەلـەوە بـەرەو کـەنار ڕۆیـی، لەوێنـدەرەوە یەکڕاسـت و بەلـەز بـەرەو هـەمان کوێسـتان بـووەوە کـە لێـوەی هـاتبوو، ئیـدی لـەو دوورەوە نەمزانی چ حەیوانێك بوو. ئیدی سەیرم کرد رەش پێستەکان، بەپەلـە بڕیـاری خـواردنی گۆشـتی حەیوانەکەیان دا، منیش پـێم خـۆش بـوو وەکـو دیارییـەك لێمـی قـەبوول بکـەن. کـاتێ بـە ئاماژە تێمگەیاندن کە دەتـوانن بـۆ خـۆ بیبـەن، زۆر مـەمنوون بـوون، یەکسـەر دەسـت بـەکار بـوون، هەرچـەندە کێردیـان نـەبوو، بـەڵام بـە دارێکـی تیـژ، بەلـەزو بـە جـۆرێ کەوتنـە کـەوڵکردنی کـە ئێمەمانان بە چەقۆش ناتوانین بەو خێراییە کار بکەین. تۆزێ گۆشتیان دایە من، بەڵام من وەرم نـەگرت. بـە هێمـاو ئامـاژە تـێم گەیانـدن کـە گۆشـتەکەم نـاوێ، هـەمووی بـۆ خۆیـان، بـەڵام کـەوڵ و پێستەکەم دەوێ. ئەوانیش بە کەماڵی مەیل رازی بوون و بڕێ ئازووقەی دیکەشیان دامێ کە هـەر چەندە نەمزانی چییە، بەڵام لێم وەرگرتن. پاش ئەوە بە ئاماژە حاڵیم کردن کە ئاوی خواردنەوەم

دەویٚ‌و یەکێك لە گۆزەکانم نیشان دان‌و سەرو خوارم کرد تا پێیان بڵێم خاڵیەو دەمەویٚ پڕی بکەم. ئەوانیش دەم‌و دەست ژمارەیەك لە دۆستانی خۆیان گاز کرد‌و دوو ژن هاتن‌و گلێنەیەکی گەورەیان هێنا کە پێموایە لەبەر تیشکی هەتاو سووریان کردبووەوە. لەسەر ئەرزەکەیان دانا. من سوریم بە گۆزەکانەوە بۆ کەنارەکە نارد تا هەر سێکیان تەژی بکات.

ئێستا ئازووقەو خواردن‌و ئاوی تەواوم هەبوو، دۆستانی رەش پێستم بە جێهێشت‌و نزیکەی یازدە رۆژی دی درێژەم بە رێڕەوی خۆم دا بێئەوەی بۆ کەنار بڕۆم، ئیدی لە دووری دە- پازدە کیلۆمەتریکەوە، وشکاییەکم بینی کە زۆر هاتبووە ناو ئاوەکەوە. دەریا زۆر هێمن بوو، جا بۆ ئەوەی بگەمە ئەو وشکاییە پێچێکی گەورەم کردەوە. لە دووری چوار پێنج کیلۆمەتری ئەو شوێنەوە پێچم کردەوە تا خۆم بگەیەنمە سەمتەکەی دیکەی وشکاییەکە. گەییمە ئەو قەناعەتەی کە رەنگە ئەو وشکاییە لووتەو کەپکی سەوز بیٚ‌و ئەو دوڕگانەش دوڕگەکانی کەپکی سەوزن. لیٚ لە ئێمەوە زۆر دوور بوون‌و نەمدەزانی چی بکەم، چونکە ئەگەر تووشی زریان بوومایە لەوە بوو نەگەمە هیچ یەکێك لە دوڕگەکان.

ئیدی لەم دووڕیانەدا تیا مابووم، خۆ بە کابینەکەدا کردو لێی دانیشتم. سوری سووکان بە دەست، لە ناکاو هاواری کرد "ئاغا، ئاغا، کەشتی بایەوانی!" کوڕیژگەی نەفام، کە ترس ئەقڵی لە کار خستبوو، وای هەست کرد بوو کە ئەو کەشتیە، یەکێکە لە کەشتیەکانی ئاغای کە بۆ سۆراخ‌و تاقیبی وانی ناردووە، لە کاتێکا من نەمدەزانی ئیدی ئەوەندە لەوان دوور کەوتووینەتەوە کە تازە دەستیان نامانگاتیٚ. لە کابینەکە دەرپەڕیمە دەرەوەو یەکسەر نەك هەر کەشتیەکەم بینی، بەڵکو زانیم چ کەشتیەکە، مەبەستم ئەوەیە کەشتیەکە پرتوگالی بوو، بە مەزەندەی من بەرەو گینیا دەڕۆیی تا کۆیلەی رەش پێست بێنیٚ. لیٚ کاتیٚ لە رەوت‌و رێڕەوەکەی ورد بوومەوە، گەییمە ئەو قەناعەتەی کە نیازی شوێنێکی دیکەی هەیەو بە تەما نیە بەرەو کەنار بێت. ئەنجام ئەوەندەی توانیم لە وشکاییەکە دوور کەوتمەوە، تا بەڵکو بتوانم قسە دەگەڵ واندا بکەم.

هەرچەندە، زۆر بە باشی بایەوانەکانم بەکار دێنا، بەڵام بۆم دەرکەوت کە ناتوانم خۆمیان بگەیەنمیٚ‌و بەر لەوەی فریا بکەوم ئاماژەیەکیان بۆ بکەم، دوور دەکەونەوە. بەڵام پاش ئەوەی بەوپەڕی خێرایی رۆییشتم‌و ئیدی هیچ ئومێدێکم نەما کە بیانگەمیٚ، لەوە دەچوو، بە دووربینەکانیان منیان دیتبیٚ‌و کە زانیبوویان بەلەمەکەم ئەوروپاییە، وایان هەست کردبوو سەر بە کەشتییەکی نقووم بووە، بۆیە بایەوانەکانیان (چارۆکە) دادایەوە تا بیانگەمیٚ. ئەم رەفتارەیان هانی دام‌و چونکە بەیداخەکەی ئاغام هێشتا لە بەلەمەکەدا بوو، ئیدی بەیداخەکەم دەرهێناو وەکو نیشانەی کۆمەکخوازی کەوتمە شەکاندنەوەی‌و گوللەیەکیشم تەقاند. تومەز هەردوو کارەکەی منیان بەدی کردبوو، چونکە پاشان پێیان گوتم هەرچەندە گوێیان لە دەنگی گوللەکە نەبوو بوو. بەڵام دووکەڵەکەیان بینی بوو. ئیدی کە ئەم نیشانەیەیان بینی بوو بە خێری خۆ وەستان‌و چاوەڕوانیان کردم‌و من دوای سیٚ دانە سەعات پێیان گەییشتم.

بە سێ زمانی پورتوگالی و ئەسپانیایی و فەرەنسایی لێیان پرسیم کێم، لێ من هیچ زمانێکم لەو زمانانە نەدەزانی. پاشان دەریاوانێکی سکۆتلاندی بانگی کردم، من وەڵامم دایەوە کە ئینگلیزم و لە ئەسیریی مورەکان لە سەلا هەڵاتووم، ئەوجا لە کەشتییەکەی خۆیاندا جێیان کردمەوەو بەوپەڕی میهرەبانی و دلۆڤانی منیان بە هەموو شتەکانمەوە بردە سەر کەشتییەکەی خۆیان.

زۆر خۆشحاڵ بووم کە خەڵکانێك منیان لەو وەزعە نالەبارو خراپە رزگار کردبوو، یەکسەر هەرچیم هەبوو و نەبوو، لە خۆشی ئەوەی کە رزگاریان کردبووم، پێشکەش بە کاپتنی کەشتیەکە کرد، بەڵام ئەو مەردانە گوتی نەك هیچم لێوەر ناگرێت، بەڵکو کە گەییمە بەرازیل هەر هەموو داراییەکەم بە دەقی خۆیەوە تەسلیم دەکاتەوە. گوتی "چونکە من بەو گیانە تۆم رزگار کردووە، کە حەزدەکەم خۆم رزگار بکەن، لەوەیە رۆژێ لە رۆژان تووشی هەمان وەزعی تۆ ببم. ئەمە جگە لەوەی کاتێ تۆ بگەیەنمە بەرازیل، هێندە لە وڵاتی خۆتەوە دوورە، ئەگەر ئەم شتانەت لێوەربگرم، لەوێ لە برسا دەمریت، ئەو کاتە وەکو ئەوەیە ئەو گیانەی کە رزگارم کردووە، بە دەستی خۆم بیکوژم. نا، نا، برادەری ئینگلیز، من بە خۆڕایی دەتگەیەنم و ئەم شتانە بە کەڵکت دێن و، بەشی ئەوەت دەکات لە برسا نەمری و بگەیتەوە وڵاتی خۆت."

چەند پێشنیازەکەی پیاوانە بوو، بە کردەوەش پابەندی بوو. کابرا خاوەن قسەو بەڵێنی خۆی بوو، چونکە ئەمری بە دەریاوانەکانی کرد کە کەس هەقی نییە دەست بۆ شتەکانم ببات. پاشان هەموو شتەکانی لای خۆی تۆمار کردو نوسخەیەکی دایە من، تا حیسابی دارایی و شتەکانی خۆمم لەلا بێ، لەو تۆمارەدا تەنانەت سێ گۆزەکەشی نووسی بوو.

بەڵام سەبارەت بە بەلەمەکەم، چونکە بەلەمێکی زۆر باش بوو و تەماحی تێکردبوو، گوتی کە ئامادەیە بۆ ئەوەی لە کەشتییەکەیدا سوودی لێ ببینێ، لێمی بکڕێت و لێی پرسیم داوای چی لێدەکەم. گوتم ئەوەندە چاکەی بەرانبەرم کردووە کە نامەوێ هیچ نرخێك لەسەر بەلەمەکە دابنێم و خۆی دەکەم بە وەکیل، ئەویش گوتی بە خەتی خۆی نووسراوێکم بۆ دەنووسێت کە لە بەرازیل هەشتا دۆلاری ئەسپانیاییم بدەنێ، و ئەگەر گەییشتینە ئەوێ و ئەمە دنیایە کەسێك نرخێکی زیاتری دا، ئەم، ئەو نرخە دەدا، بۆ کوڕیژگەکەش، یانی بۆ سوری شەست دۆلاری تری پێشنیاز کرد، کە قەبووڵ کردنی ئەمەم زۆر لەبەر گران بوو، نەك لەبەر ئەوەی نەمدەویست کاپتن ببێ بە خاوەنی، بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆرم پێناخۆش بوو کە کوڕێك ئەوەندە وەفادارانە یارمەتی ئازاد بوونی منی دابوو، ئێستا ئازادی خۆی لە دەست بدات. کاتێ ئەمەم بە کاپتن گوت، گوتی قسەیەکی ماقووڵە، بۆیە پێشنیازێکی مامناوەندی کردو گوتی ئەگەر ئەم کوڕە ببێ بە مەسیحی، بەڵێن دەدات لە زەرفی دە ساڵدا ئازادی بکات. سوری کە گوێی لەم پێشنیازە بوو گوتی حەز دەکات دەگەڵ کاپتن دا بڕوات، ئیدی منیش قایل بووم کە کاپتن ببێ بە خاوەنی.

## لە بەرازیل دا کشتوکاڵ دەکەم

سەفەرێکی زۆر خۆشمان بەرەو بەرازیل کرد، دوای نزیکەی بیست و دوو ڕۆژ گەییـنە کەنداوی تودوس لوس سانتوس، کەنداوی قەدیسان. بەمجۆرە جارێکی دی لە خراترین وەزع و حاڵی ژیان ڕزگار بووم. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو بڕیار بدەم کە دەمەوێ چ بکەم.

هەرگیز لە چاکەو پیاوەتی و دڵاوایی کاپتن دەرناچم، نازانم چۆنی یاد بکەمەوە! ئەو هەموو ڕێگایە بە خۆڕایی بردمی، تاقە پولێکی لێوەرنەگرتم، بیست دانە سکەی زێڕی لە بری کەوڵە پڵینگەکە دامێ، چل سکەشی لە بری پێستە شێرەکە کە لە ناو بەلەمەکەدا ڕام خستبوو، دامێ، کە وەختی جیابوونەوەشمان هات ئەمری کرد، هەر شتێکم لە کەشتیەکەدا هەبوو هەر هەموویان دامەوە، هەرچیەکم مەیل لە فرۆشتنی هەبوو، لێی کڕیم، وەکو سەندووقی بوتڵەکان، دوان لە تفەنگەکانم و پارچەیەك مۆم، چونکە ئەویتریم کردبوو بە شەمالك، بە هەرحاڵ لە فرۆشی شتەکانم بووم بە خاوەنی نزیکەی دوو سەدو بیست دۆلاری ئەسپانیایی و بەم پارەیەوە لە وڵاتی بەرازیل لام دا.

تازە پێڵاوی غەریبیم داکەندبوو کە یارۆی کاپتن بە پیاوێکی مەردو ڕەندو شەریفی ناساندم کەخۆیان گوتەنی بابایەکی ئینـژینۆ بوو، واتە کێڵگەی نەی شەکەرو کارگەیەکی شەکەرسازی هەبوو. ماوەیەکم دەگەڵ ئەم پیاوەدا بردە سەر، شارەزاییم لە ڕواندنی نەی شەکەرو بەرهەمهێنانی شەکردا پەیدا کرد، کە سەیرم کرد جووتیاران چەند ژیانێکی باشیان هەبوو و چۆن زوو بە زوو دەوڵەمەند دەبوون، لێبڕام کە ئەگەر توانیم لەوێ مۆڵەتی مانەوەو نیشتەجێ بوون وەربگرم، منیش وەکو ئەوان دەبم بە جووتیار، ئیدی لەم بەینەدا لێبڕام ڕێگەیەك بدۆزمەوە تا ئەو پارەیەی کە لە لەندەن هەمبوو، بۆم بنێرن. جا بە نیازی ئەوەی جۆرە کارتێکی هاووڵاتیەتی بەدەست بێنم، بە گوێرەی توانا پارچە زەوییەکی بە یارم کڕی و نەخشەیەکم بۆ کشتووکاڵ و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆم کێشاو هەوڵم دا ئەم نەخشەیە دەگەڵ ئەو پارەیەدا کە بە تەما بووم لە ئینگلیستانەوە بۆم بێت، تێك بکاتەوە.

دراوسێیەکی پرتوگاڵی خەڵکی لیشبونەم هەبوو، ئەمە دایك و باوکی ئینگلیز بوون، ناوی ویڵز بوو، ئەویش کەم تا زۆر هەمان وەزعی منی هەبوو. بۆیە دەڵێم دراوسێ، چونکە زەوییەکانمان هاوسنوور بوو و بوو بووین بە هاوڕێ. بەروبوومی زەویەکانی هەردووکمان کەم بوو، تا دوو ساڵ پتریش هەر بەشی نانەسکی دەکرد. بەڵام بەرەبەرە بەروبوومەکانمان زیادی کردو زەوییەکانمان ژیانەوە، بە جۆرێ کە لە ساڵی سێیەمدا هەندێ تووتنیشمان چاندو لە ساڵی پاشتردا هەریەکەمان پارچەیەکی گەورەی زەویمان بۆ چاندنی نەی شەکەر تەرخان کرد، لێ هەردووکمان پێویستمان بەکۆمەك و یارمەتی هەبوو، ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر هەستم بەوە دەکرد کە جیابوونەوەم لە سوری چ هەڵەیەکی گەورە بوو.

لێ مخابن! من هەمیشە ئەم جۆرە هەڵانەم دەکرد، بە هەرحاڵ هیچ چارەیەکم نەبوو جگە لەوەی بەردەوام بم. گیرۆدەی کارێك بوو بووم بە هیچ جۆرێ دەگەڵ بەهرەو توانای مندا تێکی نەدەکردەوەو ڕێك پێچەوانەی ژیانی دڵخوازی من بوو، یانی پێچەوانەی ئەو ژیانە بوو کە لە

پێناویا ماڵی بابم بەجێ هێشتبوو، هەموو ئامۆژگاریە باشەکانی بابم فەرامۆش کردبوو. بەڕاستی خەریك بوو دەبووم بە بەشێك لەو چینی مامناوەندیەی کە بابم ئامۆژگاری دەکردم، بیبەمێ. خۆ ئەگەر قەرار بوایە کار بۆ ئەوە بکەم، دەمتوانی لە وڵاتی خۆدا بمابامەوەو هەرگیز بەمجۆرە ئاوارەی دنیا نەبم. زۆرجار بە خۆم دەگوت دەمتوانی لە ئینگلیستاندا، لە ناو دۆستانی خۆدا هەمان کار بکەم، نەك هەزاران فەرسەخ لە ماڵ و کەسوکار دوور بکەمەوەو لە نێو بێگانان و کێویاندا لە دەشت و بیاباندا ژیان بەسەر بەرم، ئەویش لە شوێنێکی ئەوەندە دوور کە هەرگیز هیچ شتێك دەربارەی ئەو بەشەی دنیا کە من پێی ئاشنا بووم، نەژنەوم.

بەمجۆرە، خەفەتم لەحاڵی خۆم دەخوارد، هیچ کەسێکم نەبوو کە قسەی دەگەڵ بکەم، جگە لەم دراوسێیە کە جارجارێ دەمبینی. جگە لە کاری دەستی هیچ کارێکی دی نەبوو بیکەم، دەمگوت وەکو پیاوێکم لێهاتووە کە رەهەنەی دوڕگەیەکی دوورە دەست کرابێت و جگە لە خۆی کەسی تری لێ نەبێ. بەڵام ئەم وەزعە چەند دادپەروەرانە بووە، ئەمەی کە ئینسان کاتێ وەزعی ئێستای خۆی دەگەڵ وەزعی کەسانێکی لە خۆی خراتر بەراورد بکات دەبێ چۆن بیر بکاتەوە، مەسەلەیەکە لەوانەیە خودا کارێك بکات کە بۆیە ئەم وەزعە گۆڕکێیە چێ ببێ تامرۆڤ بە تەجرەبە قەدری بەختەوەری ڕابردووی خۆی بزانێت. مەبەستم ئەمەیە کە بەڕاستی هەقم بوو کە دووچاری ژیانێکی گۆشەگیر لە دووڕگەیەکی دوورە دەست ببم، چونکە ئەو ژیانەی کە ئەوسا هەمبوو، هەمیشە بەبێ ئینساف هەڵم دەسەنگاند، لە کاتێکا ئەگەر لەسەر هەمان ژیان بەردەوام بایەم، هەم خۆشگوزەران و هەم دەوڵەمەندو دارا دەبووم.

تا ڕادەیەك لە کاری کشتووکاڵدا قاڵ بوو بوومەوە، ڕۆژێك دۆستە دڵسۆزەکەم، کاپتنی ئەو کەشتیەی کە لە دەریا رزگاری کردم، گەڕایەوە، چونکە کاری باربەری کەشتیەکەی تەواو بوو بوو و خەریك بوو خۆی ئامادە دەکرد دوای سێ مانگی دی سەفەر بکات. پێم گوت کەمێك پارەم لە لەندەن هەیەو ئەویش ئامۆژگاریەکی دۆستانەو راستگۆیانەی کردم. وەکو عادەتەکەی خۆی گوتی: "برادەری ئینگلیز، ئەگەر وەکالەت نامەیەك بۆ من بکەیتەوەو نامەیەکیش بنووسیت و لە نامەکەدا داوا لەو کەسە بکەیت کە لە ئینگلیستان پارەکەتی لەلایە، کە پارەکەت بنێرێ بۆ لیشپونە، بۆ لای کەسێك کە من ئەدرەسەکەیت دەدەمێ، هەڵبەتە ئەگەر پارەکەت ئەوەندە بێ کە بە کەڵکی ژیان لەم وڵاتەدا بێت، خوا یار بێ، لە گەڕانەوەدا بۆتی دێنم. بەڵام چونکە کاروباری بەشەری زۆر جێی متمانە نییە، بە گوێی من دەکەی تەنیا سەد پاوەندی ئەستەرلینی حەواڵە بکە، کە وەکو خۆت دەڵێی نیوەی پارەکەتەو، لە هەوەڵەوە بەو بڕە پارەیە قەناعەت بکەو ریسك مەکە، کە ئەگەر شتێك بوو و پارەکەت پێ نەگەیی، بەلای کەمەوە بانیوەیت بۆ ژیان و گوزەران بمێنێ."

ئامۆژگارییەکی ماقووڵ بوو، هێندە دۆستانە دەری بڕی کە گەییمە قەناعەت ئەمە باشترین کارە. ئیدی بە گوێرەی تەگبیرەکەی ئەو نامەیەکم بۆ ئەو خانمە نووسی کە پارەکەم پێ سپاردبوو، هەروەها وەکاڵەتنامەیەکیشم بۆ کاپتن کردەوەو دامێ.

نامەیەکم بۆ بێوەژنی کەشتیوانە ئینگلیزیەکە، دایەو لە نامەکەدا هەموو بەسەرهاتەکەی خۆم بۆ گێڕایەوە، هەر لە ئەسیر بوونمەوە تا هەڵاتنم و چۆن لە دەریادا تووشی کاپتن و کەشتیوانە پرتوگالیەکە بوو بووم ، ئەو چاکی و پیاوەتی و مرۆڤدۆستی و خۆشڕەفتارییەی کە ئەو نواندبووی، و وەزع و حاڵی ئێستام و هەموو داوایەکی پێویست دەربارەی پاشەکەوتەکەم لە نامەکەدا بە دوورو درێژی نووسی. کاتێ کاپتنی ئابڕوومەندی پرتوگالی دەگاتە لیشپونە، لە رێگەی چەند بازرگانێکی ئینگلیزەوە نەك هەر پارەکەی بۆ ناردم، بەڵکو بە تێرو تەسەلی باسی سەربهوردو واریقاتەکەی منی بۆ بازرگانێك لە لەندەن شەرح کردبوو، کە ئەویش خانمی ناڤبری لە هەموو واریقات و بەسەرهاتەکانم ئاگادار دەکاتەوەو خانمیش نەك هەر پارەکەی بۆ ناردم، بەڵکو لە کیسەی خۆی دیاریەکی بە نرخی بۆ کاپتنە پرتوگالییەکەش نارد بوو تا بەو شیوەیە سوپاسی ئەو لوتف و چاکەیە بکات کە دەگەڵ منی کردبوو.

یارۆی بازرگانی لەندەنی، ئەم سەد پاوەندەی بەگوێرەی داوای کاپتن دابوو بەکاڵای ئینگلیزی و راستەوخۆ بۆی نارد بوو بۆ لیشپونە و ئەویش هەر هەمووی بە سەلامەتی گەیاندە دەستی من لە بەرازیل. کاپتن، بێئەوەی من داوام کردبێت گوتبووی، کاڵاکان با جۆرەها ئەوزارو ئامێرو ئامورو کەرەستەو تفاقی کشتوکاڵیشیان لەگەڵدا بێ، کە زۆرم پێویست پێیان دەبوو. کاتێ کە کەرەستەو تفاقەکانم پێ گەیی، هەستم کرد بەخت رووی تێکردووم، لەخۆشیا لە پێستی خۆم نەدەهێوریم. کاپتن، وەکیلەکەم بەو پێنج پاوەندەی کە دۆستەکەم بەدیاری بۆ ئەوی ناردبوو، خزمەتگوزارێکی بۆ کڕی بووم و لەگەڵ خۆیدا هێنا بووی کە قەرار بوو شەش دانە ساڵ کارم بۆ بکات و، لە بری ئەمەش جگە لە تۆزێك تووتن، کە بەروبوومی مەزراکەی خۆم بوو، ئامادە نەبوو هیچ شتێکی دیکەم لێ قەبووڵ بکات.

هێشتا ماویەتی، کاڵاکان، کە بریتی بوون لە جل و بەرگ، پارچەو قوماش، ماهووت و زۆر شتی دیکەی ئینگلیزی کە لەم وڵاتەدا زۆر بە رەواج بوون، هەموویم بە قازانجێکی زۆر باش فرۆشتنەوە، دەتوانم بڵێم چوار هێندەی دەسمایەکەی خۆمم دەسکەوت. ئێستا وەزعم زۆر لە دراوسێ بێنەواو داماوەکەم باشتر بوو. هەڵبەتە مەبەستم لە رووی پێشڤەچوونی کاری کشتوکاڵیەوەیە، چونکە بەر لە هەر شتێك بۆ خۆم کۆیلەیەکی رەش پێست و خزمەتگوزارێکی ئەوروپاییم ڕاگرت، ئەمە جگە لەو خزمەتگوزارەی کە کاپتن لە لیشپونەوە بۆی هێنا بووم.

بەڵام ئەگەر بە دروستی سوود لە سەرکەوتنی خۆمان وەرنەگرین، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە مایەی بەڵاو سەریەشە بۆمان، ئەم بەڵایە بەسەر مندا هات. ساڵی دواتر لە کاری کشتوکاڵیەکەمدا زۆر سەرکەوتوو بووم. پەنجا تاقەی گەورەی تەماکۆم لە زەویەکەی خۆم هەڵگرت کە زۆر لەوە زیاتر بوو کە بە دراوسێکانم فرۆشتبوو تا کاڵای پێویستی خۆمی پێ دابین بکەم، ئەم پەنجا تاقە تەماکۆیە کە هەر یەکێکیان پەنجا کیلۆ دەبوو، کاتی گەڕانەوەی ناڤگانی(ئوستوڵ) کەشتیان لە لیشپونە، حازرو ئامادە بوو بوون. ئێستا کە کارو کاسبیەکەم ڕەونەقی پەیدا کردبوو و سەروەت و سامانەکەم زیاد بوو بوو، مێشکم پڕ بوو بوو لە نەخشەو پلانی خەیاڵی، بیرو خەیاڵاتێ کە زۆرجار باشترین بازرگاکانیش لە قوڕی ڕەش دەنێ و دەیانخاتە سەر ساجی عەلی.

ئەگەر درێژەم بەم وەزعە دابا کە ئێستا تیایدا بووم، رەنگە خێرو خۆشی دنیام هاتبایە رێ، کە بابیشم زۆر راستگۆیانە وەکو ژیانی ئارامو بێ سەریەشە باسی کردبوو و دەیگوت ژیانی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگە پڕە لەو جۆرە ئارامیی و ئاسوودەییە. بەڵام من ئاوازێکی دیم لە کەللەدا بوو، بە تەما بووم بەڵای زیاتر بەسەر خۆدا بێنم. بە تایبەتی قەرار بوو هەڵەی گەورەتر بکەمو دوو چەنانەی جاران لە فکران ڕابچمو لە ئایندەدا داخێکی فرە بخۆم. هەر هەموو ئەم شکستانە زادەی خۆ سەری ئاشکرای من بوو، کە ئەمەیش زادەی مەیلو ئارەزووی گەوجانەی سەفەری من بوو بۆ هەندەرانو، هەڵبەتە ملدان بۆ ئەم مەیلو ئارەزووە، کە بووە مایەی ئەوەی لە جیاتی بەزەییم بەخۆدا بێتەوەو پەیگیری ئەو پێگەو پایەیە بکەم کە تەبیعەتو مەشیەتی خوایی لە ژیاندا بۆی رەخساند بووم، دوای ئەو بیرە بەدئاکامانە بکەوم.

ئێستاش بە هەمان رەفتارگەوجی ئەوساوە کە لە بابو داکم هەڵبڕام رەفتارم دەکرد، هەرچیم دەکردو دەکۆشا قەناعەتم بەوە نەدەکرد کە هەمبوو، دەبوایە بڕۆیشتمایەو ئەو سەرچاوەی شادمانیی و سەروەتو رەونەقەی لە مەزراکەمدا دەستم کەوتبوو، بەجێ بێڵم، تا دوای مەیلو کەڵکەڵەی شێتانەی پێشکەوتنی لە رادەبەدەر بکەوم. ئەوە بوو کە دووبارە خۆم خستە قووڵترین قۆرتی نەگبەتیی و فەلاکەتەوە، قۆرتێ مەگەر هەر بە خەیاڵ تەسەور بکرێت.

جا ئێستا بۆ ئەوەی زانیاریەکی بڕێك پترتان لەمەڕ وردەکاریانی ئەم بەشەی حیکایەتو سەربهوردەکەم هەبێ، وا چاکە ئەوە بزانن کە لە ماوەی چوار ساڵی ژیانم لە بەرازیلو، سەرەتای رەونەقو گەشەکردنی کاری کشتوکاڵیەکەمدا، نەك هەر زمانی ئەوێندەر فێر بوو بووم، بەڵکو لە نێو فەلاو جووتیارەکاندا دۆستانی دیکەشم پەیدا کردبوون. هەروەها دۆستایەتیم دەگەڵ بازرگانەکانی ساوسولڤادورا، کە بەندەرێکی نزیکی ئێمە بوو، پەیدا کردبوو. زۆر لە باسو گفتوگۆکانماندا، واریقات و سەربردەی دوو سەفەرەکەی خۆمم بۆ کەناری گینیا، بۆ گێڕابوونەوەو باسی چۆنیەتی سەواو مامەڵەی خۆمم دەگەڵ رەش پێستەکانی ئەوێندەرا بۆ کردبوون کە نەك هەر زۆر ئاسان بوو لە کەنارەکەدا وردتکەو پرتکەی وەکو تەزبیح، متومورو، گەمەو ئەسپاب وازی، چەقۆ، قەیچی، تەورو... هتد بە خاکەی زێڕو ئاڵتوون، دانەوێڵەی گینیایی، عاجی فیلو ئەو جۆرە شتە بگۆڕمەوە، بەڵکو هەندێ لە قولە رەشانیش بکڕمو بۆ کار بۆ بەرازیلیان بێنم.

هەمیشە بە تاسەوە گوێیان لە قسەکانم دەگرت، بەتایبەتی حەزیان لە باسی کڕینی قولە رەشان بوو کە لەو زەمانو رۆژگارەدا زۆر ئاسانو باو نەبوو و تەنیا بەمۆڵەتی پاشایانی ئەسپانیاو پرتوگال ئەنجام دەدراو بازرگانیەکی تایبەتی بوو. بۆیە ژمارەیەکی زۆر کەمی قولان دەهاتنە کڕینو فرۆتنو یەجگار بەنرخو گران بوون.

بە رێکەوت سبەینێی ئەو شەوەی کە دەگەڵ بازرگانو جووتیارە ئاشناکانمدا، باسی ئەو مەسەلانەم کردبوو،سێ نەفەریان هاتنە لامو گوتیان بیریان لە قسەکانی دوێشەوی من کردووەتەوەو هاتوون تا بە نهێنی پێشنیازێك بۆ من بکەن، پاش ئەوەی منیشان راسپارد کە مەلەسەکە هەر لە بەینی خۆمانا بمێنێ، گوتیان بە تەمان کەشتیەك ئامادە بکەنو بڕۆن بۆ

گینیاو، گوتیان ئەوانیش وەکو من مەزرایان هەیەو زۆر پێویستیان بە کرێکارو وەرزێرەو چونکە ناتوانن بازرگانی کۆیلان بکەن، بۆیە ناتوانن دوای گەڕانەوەیان قولەکان بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵکیەوە بفرۆشن، بۆیە حەزدەکەن تەنیا یەك سەفەری ئەوێندەر بکەن و بە دزییەوە هەندێك قولان دەگەڵ خۆدا بێنن و بەسەر مەزراکانی خۆیاندا دابەشیان بکەن، خۆلاسە پرسیارەکەیان ئەمە بوو کە ئایا من ئامادەم ببمە دەمڕاستیان و دەگەڵیاندا بڕۆم و لە کەناری گینیا کاری کڕینی کۆیلانیان بۆ ئەنجام بدەم. ژێراو ژێر پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردم کە لەم حاڵەدا دەتوانم لە قولەکاندا شەریکی برابەش بم، بێئەوەی تاقە پولێك بدەم.

ئەلهەقی پێشنیازەکەیان، دادپەروەرانەو جێی تەماح بوو، هەڵبەتە بۆ کەسێك کە ئەگەر ماڵ و مەزرای خۆی نەبوایەو دەستی بە تاڵ بوایەو بەروبووم و دەستکەوتێکی فرەی نەبوایە. بەڵام بۆ منێك کە بەو حاڵەوە چوو بوومە ئەو وڵاتەو کراژێکم پەیدا کردبوو هیچ کارێکم نەبوو جگە لەوەی سێ یا چوارساڵی دی درێژە بەو کارە بدەم کە دەستم دابویە، تەرتیبێکی ئەوتۆشم کردبوو کە سەد پاوەندی دیکەشم لە ئینگلیستانەوە بۆ بنێرن. جا لەو قۆناغە تایبەتیەداو بەو سووکە زێدە دەستمایەوە دەمتوانی سێ چوار هەزار پاوەندی ئەسترلینی بەدەست بێنم، بیرۆکەی ئەو جۆرە سەفەرە ناماقووڵترین بیرۆکە بوو بۆ کەسێك کە بیتوانیبا ئەو هەلومەرجەی هەبێ کە بۆ من ڕەخسا بوو.

## له سه‌عاتێكی شووما سواری كه‌شتی ده‌بم

به‌لاَم من، كه‌ ده‌تگوت بۆ ئه‌وه‌ هاتبوومه‌ دنیاوه‌ تا خۆم فه‌وت‌و فه‌نا بكه‌م، ئیدی نه‌مته‌وانی خۆم له‌به‌ر پێشنیازه‌كه‌ی ئه‌وان بگرم، رێك وه‌كو ئه‌و كاتانه‌ی كه‌ بابم به‌ نه‌خشه‌ منداڵانه‌كه‌ی زانیم‌و به‌ خێری خۆ ئامۆژگاری كردم‌و من گوێم نه‌دایه‌و به‌ گوێم نه‌كرد. به‌ هه‌ر حاڵ پێمگوتن به‌ هه‌موو بوونێكمه‌وه‌ ئاماده‌م ده‌گه‌ڵیاندا بچم، به‌و مه‌رجه‌ی به‌ڵێنم بده‌نێ كه‌ له‌ نه‌بوونی خۆما ئاگاداری مه‌زراكه‌م بكه‌ن‌و ئه‌گه‌ر به‌لاَیه‌كم به‌سه‌ر هات، به‌ گوێره‌ی وه‌سێتی خۆم مامه‌ڵه‌ ده‌گه‌ڵ مه‌زراكه‌مدا بكه‌ن. هه‌موو ئه‌م مه‌رجه‌یان قه‌بووڵ كردو كه‌وتنه‌ نووسینی قه‌ولنامه‌یه‌ك كه‌ به‌ گوێره‌ی ئه‌و قه‌ولنامه‌یه‌ كاربكه‌ن‌و، منیش وه‌سێتنامه‌یه‌كی فه‌رمیم ئاماده‌ كردو چاره‌نووسی مه‌زراكه‌م‌و به‌روبوومه‌كه‌م تیا روون كرده‌وه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر من مردم مه‌زراكه‌م به‌ تاقه‌ میراتگرم، كاپتنی ئه‌و كه‌شتیه‌ی كه‌ رزگاری كردم بدرێت، به‌لاَم ده‌بێ ئه‌ویش به‌ڵێن بدات كه‌ ته‌نیا نیوه‌ی به‌روبوومی مه‌زراكه‌م بۆ خۆی ببات‌و نیوه‌كه‌ی تری به‌ كه‌شتیه‌ك بۆ ئینگلیستان بنێرێت.

به‌ كورتیه‌كه‌ی، هه‌موو كارێكی پێویستم كرد تا به‌روبووم‌و دارایییه‌كه‌م بێته‌ پاراستن‌و مه‌زراكه‌م به‌بێ خاوه‌نی نه‌مێنێته‌وه‌. ئه‌گه‌ر نیوه‌ی ئه‌م مه‌رج‌و سه‌رنجانه‌م له‌به‌ر خاتری خۆم‌و به‌ قازانجی خۆم دانا بوو، ئه‌وا هه‌رچیم كرد بوو و، نه‌كردبوو، به‌ دڵنیاییه‌وه‌ له‌ روانگه‌ی وه‌زع‌و حاڵی سه‌ركه‌وتووی خۆمه‌وه‌ كردبووم و ده‌ستبه‌رداری وه‌زعی باشی خۆم نه‌ده‌بووم‌و ملم بۆ ئه‌م سه‌فه‌ره‌ ده‌ریاییه‌، به‌ هه‌موو مه‌ترسی‌و ریسكه‌ ئاساییه‌كانیه‌وه‌، نه‌ده‌دا، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ هه‌موو ئه‌و به‌ڵگانه‌ی كه‌ ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌یان لێده‌كرا تووشی كۆمه‌ڵێك به‌لاَو نه‌گبه‌تی تایبه‌تی ببم.

لێ به‌ په‌له‌و به‌ چاوی به‌ستراوه‌وه‌ خۆم دایه‌ ده‌ست كه‌ڵكه‌ڵه‌و ئاره‌زووه‌وه‌، نه‌ك ئه‌قڵ‌و لۆژیكه‌وه‌، كه‌شتی ئاماده‌ بوو، بارو پێویستی سه‌فه‌ری باركرد، ده‌گه‌ڵ كۆمپانیاكاندا رێكه‌وتین‌و هه‌موو كارێكی پێویستمان ئه‌نجام داو، له‌ سه‌عاتێكی شوومدا، رۆژی ١٦٥٩/٩/١، یانی رێك هه‌شت ساڵ دوای ئه‌و رۆژه‌ی كه‌ له‌ باب‌و دایكم یاخی بووم، ماڵم به‌جێ هێشت‌و دوای گه‌وجێتی خۆم كه‌وتم، سواری كه‌شتی بووم.

باری كه‌شتیه‌كه‌مان نزیكه‌ی سه‌دو بیست تۆن بوو، شه‌ش دانه‌ تۆپی له‌گه‌ڵ بوو، جگه‌ له‌ كاپتن‌و كه‌شتیه‌وانه‌كه‌، سه‌كن‌و شاگرده‌كه‌ی، من‌و چوار زه‌لامی دیكه‌شی ده‌گه‌ڵ بووین،

بارەکەمان زۆرو قورس نەبوو، یانی بارەکەمان بریتی بوو لەو وردە والآیانەی بە کەڵکی مامەڵە دەگەڵ رەش پێستەکاندا دەهات وەکو، تەزبێح، مت و مورو، سەدەف، ئاوێنەی چکۆلە، چەقۆو قەیچی و تەورو ئەو شتانە.

ئەو ڕۆژەی کە سواری کەشتی بووم، بایەوانەکانمان هەڵکردو کەوتینە ڕێ. لە کەنارەکەی لەمەڕ خۆمانەوە بەرەو باکوور وەڕێکەوتین و لێبڕاین بەرەو کەنارەکانی ئەفریقیا بڕۆین و کەشتیەکە بەڕێڕەوی دە دوازدە دەرەجەی پانی باکووردا رێی دەکرد، کە گوایە رێڕەوی باوی ئەو رۆژگارە بوو. دنیا زۆر خۆش بوو، تەنیا گەرماکە لە ڕادەبەدەر بوو، شان بە شانی کەنارەکە دەڕۆییشتین، تا گەییشتینە لووتەو کەپکی سەنت ئوگوستینو و لەوێوە ئیدی بە قولآیی دەریاکەدا پێشڕەویمان کردو ئیدی وشکاییمان لێوە دیار نەبوو و بە جۆرێ کەشتیەکەمان داژۆت دەتگوت مەنزڵمان دوڕگەی فرناندۆدینورونیایەو دەستی باکووری رۆژهەلآتمان گرت و لە سەمتی چەپی دوڕگەکەوە ئەوێمان بەجێهێشت. ئەم رێڕەوە نزیکەی دوازدە رۆژ بەردەوام بوو و، بە گوێرەی دوا ڕوانگەی خۆمان لە حەوت نمرەو بیست و دوو دەقیقەی پانی باکوور بووین کە تووشی گژەبایەك بووین کە بە تەواوەتی لە رێڕەوە دیارەکەی خۆمانی دوور خستەوە. گژەباو زریانەکە لە سەمتی باشووری رۆژهەلآتیەوە دەستی پێکردو بەرەو دەوروبەری باکووری رۆژئاوا هات و پاشان گەییە سەمتی باکووری ڕۆژهەلآتی و لەوە بە دواوە، تێکڕا بۆ ماوەی دوازدە رۆژان، هێندە کێویانە بەردەوام بوو کە هیچ کارێکمان، جگە لە راندنی کەشتیەکە لە دەست نەدەهات، تەنیا هەوڵی ئەوەمان دەدا، خێراتر پێشڕەوی بکەین و خۆمان بدەینە دەست قەدەرو گژەبا تووڕەکە بۆ کوێمان دەبات، بمانبات. هەڵبەتە پێویست بە وتن ناکات کە لەم دوازدە رۆژەدا، بە تەمای خۆمان نەما بووین، هەموو رۆژێ چاوەڕوانی ئەوە بووین زریان قووتمان بدات و هیچ کەسێك بە تەمای ئەوە نەبوو بە سەلامەتی دەربچێت.

جگە لەو هەموو ترسەی لە زریانەکە هەمان بوو، یەکێك لە نەفەرەکانمان تووشی گەرما بردەیی بوو و کۆچی دوایی کردو یەکێکیش لە نەفەرو یاریدەدەرەکانی یارۆی کەشتیوان، شەپۆل لەسەر حەوشەی کەشتیەکە ڕای ماڵی و کەوتە دەریاکەوە. دەوروبەری رۆژی دوازدەیەم، زریانەکە کەمێك هێور بووەوەو کەشتیوانەکە بە گوێرەی توانا شوێنی کەشتیەکەی رەسەد کردو بۆی دەردەکەوت کە بە مەزەندە لە یازدە دەرەجەی پانی باکووریە، بەلآم لە بیست و دوو دەرەجەی درێژی رۆژاوایی لووتەو کەپکی سەنت ئوگوستینۆیە، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە لە کەناری گینیا یان بەشی باکووری بەرازیل نزیك بووەتەوەو بەو بەری روباری ئەمازۆندا بەرەو ئورینوکو دەڕوات، کە خەڵکی پێیان دەگوت روباری مەزن، راوێژی دەگەڵ مندا کرد کە چ رێڕەوێك بگرێت، چونکە ئاو دزەی دەکردە نێو کەشتیەکەو کەشتیەکە تا رادەیەکی زۆر لە کار کەوتبوو و خەریك بوو بەرەو کەناری بەرازیل دەگەڕایەوە.

من زۆر بە توندی دژی بیرۆکەکەی ئەو بوومەوە، پێکەوە تەمەشایەکی نەخشەی کەنارەکانی ئەمریکامان کرد، گەیینە ئەم ئەنجامەی کە تا نەگەینە بازنەی دوڕگەکانی کارایب، ناگەینە هیچ سەرزەمینێکی ئاواو ئاوەدان، بۆیە بڕیارمان دا لە باربارۆس دوور بکەوینەوەو بەرەو وشکایی

نەچین تا ناکەوینە ناو کەنداوی مەکسیكو ئومێدەوار بووین کە بتوانین بە ئاسانی درێژە بە سەفەری خۆ، بەرەو کەنارەکانی ئەفریقیا بدەین، بێئەوەی پێویستمان بە کۆمەکی کەس بێت چ بۆ خۆمانو چ بۆ کەشتیەکەمان.

بە گوێرەی ئەم نەخشەیە ڕێڕەوی خۆمان گۆڕیو لە سەمتی ڕۆژئاواوە بەرەو قوڵی باکووری ڕۆژهەڵاتی بە ڕێکەوتین تا بگەینە ژمارەیەك لە دوڕگەکانی ئینگلیستانو من حەزم لێ بوو لەوێندەر لا بدەینو سووکە ئیسراحەتێك بکەین، بەڵام ڕێکەوت وابوو کە سەفەرەکەمان شێوەیەکی دیکە لە خۆی بگرێت، چونکە کاتێ گەیینە پانایی دوازدە دەرەجەو هەژدە دەقیقە، زریانی دووەم گرتینی کە بە هەمان توندی زریانەکەی بەرێ، لە ڕێڕەوی ئاسایی خۆمانی دەرکردو بەرەو ڕۆژئاوای بردینو بە جۆرێ لە ڕێڕەوی بازرگانی کەشتیەکان دووری کردینەوە کە ئیدی ئەگەری ئەوەی ببین بە خۆراکی بە شەر خۆران زۆر لەوە زیاتر بوو کە بە سەلامەتی بگەینەوە وەڵاتی خۆمان.

هێشتا لەم نیگەرانیو دڵە ڕاوکێیەدا بووینو گژەبایەکە هەر وەکو خۆی توندو ترسناك بوو، کە بەیانی زوو یەکێك لە هاوڕێکانمان هاواری کرد "وشکایی!" بەڵام هێشتا لە کابینەکەمان نەهاتبووینە دەرێ تا سەیری دەوروبەر بکەین، کە کەشتیەکەمان خۆی کێشا بە خەرمانێك چەوو لم داو دەمو دەست لە جوڵە کەوتو شەپۆلی دەریاکە هێندە بە قورسی بەسەرمانا داهاتەوە کە وتمان هەر هەموومان تیا چووینو، بە پەلە خۆمان گەیاندە جێیەکی سەرگیراو تا لە کەفو ئاو باران دوور بین.

بۆ کەسێك کە خۆی هەرگیز وەزعێکی وای نە جەرباندبێ، زەحمەتە کە بتوانێت نیگەرانیو پەشۆکاوی کەسانێك کە دەکەونە ئەم وەزعەوە وەسف یان تەسەور بکات. کەمو زۆر نەمدەزانی لە کوێین یان گەیوینەتە کوێ، ئەوێ دوڕگەیە یان وشکایی ڕاستەقینە، ئاوەدانیە یان چۆڵەوانی، چونکە بایەکە هێشتا هەر توند بوو، هەرچەندە لە چاو جاراندا کەمێ سووك بوو بوو، ئومێدێکی ئەوتۆمان نەبوو کە کەشتیەکە زۆر بەرگە بگرێتو پارچە پارچە نەبێت، مەگەر پەڕجوویەك ڕووی بدایەو یەکسەر سەمتی بایەکەی بگۆڕایە. بە هەرحاڵ، بەو دەقەوە دانیشتبووینو زەق زەق تەمەشای یەکترمان دەکردو هەموو ساتێ چاوەڕوانی مەرگ بووینو، هەمووان هەمان وەزعیان هەبوو و خۆیان بۆ ئەو دنیا ئامادە دەکرد، چونکە لەم وەزعو حاڵەدا هیچ کارێکی دیکەمان لە دەست نەدەهات. بە پێچەوانەی تەسەورەوە، جارێ بڕێك ئارامو ئاسوودە بووینو تاقە ئارامی ودڵخۆشیەك کە هەمان بوو ئەمە بوو کە کەشتیەکەمان هێشتا نەشکا بوو و کەشتیوانەکە گوتی کە بایەکە کەمێك نیشتووەتەوە.

ڕاستە بایەکە کەمێك نیشتبووەوە، بەڵام کەشتیەکە بە جۆرێ لە خەرمانە چەوو لمەکە چەقی بوو کە دەرهێنانەوەی زۆر زەحمەتو ئەستەم دەهاتە بەرچاوو بەڕاستی لە ڕەوشو وەزعێکی ترسناکدا دەژیاینو هیچ کارێکمان لە دەست نەدەهات، تەنیا ئەوە نەبێ کە بیر بکەینەوە چۆن دەتوانین گیانی خۆمان ڕزگار بکەین، لە بەشی پاشەوەی کەشتیەکەدا، بەلەمێکی نەجاتمان هەبوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بەر تیغەی سوکانی کەشتیەکە کەوت بوو و پاشان لە کەشتیەکە

جودا بووەوە، ئیدی یا غەرق بوو یان ئاوەکە دەگەڵ خۆیدا بردی. بۆیە ئەو خەیاڵ پڵاوەشمان کەرووی هەڵهێنا. بەلەمێکی دیکەمان لە ناو کەشتیەکەدا هەبوو، لێ دوو دڵ بووین کە چۆن بیخەینە ناو ئاوەکەوە، بەڵام ئیدی جێگەی هیچ گەنگەشەو گفتوگۆیەك نەما بوو، مەسەلەکە لە گفتوگۆو گەنگەشە دەرچوو بوو، چونکە تەسەورمان دەکرد کەشتیەکە لە هەر ئان و ساتێکا تێك بشکێت و داغان ببێت و تەنانەت هەندێك دەیانگوت حاڵی حازر ئاسیوی دیتووە.

لەم قسانەدا بووین کە یاریدەدەری کەشتیوانەکە، بەلەمەکەی ئازادکردو بە کۆمەکی هەموو ئەوانی دی، بە قەراغ کەشتیەکەدا شۆڕیان کردەوەو هەر یازدە نەفەرەکە سواری بووین و خۆمان بە دەستی خواو شەپۆلێن خرۆشاوی دەریا سپارد، هەرچەندە زریانەکە تا ڕادەیەك نیشتبووەوە، بەڵام شەپۆلە قورس و ترسناکەکانی دەریا خۆیان بە کەنارو وشکاییدا دەکێشاو دەکرا هۆڵاندیەکان گوتەنی ناوی بنەی دەریای هۆڤی.

هەنوکە، وەزعمان بەڕاستی مایەی نائومێدی بوو، چونکە هەمووومان بە ئاشکرا دەمانبینی کە شەپۆلی دەریاکە هێندە توندو بەرزە کە بەلەمەکە ناتوانێ بەرگەی بگرێت و بێگومان غەرق دەبێت. سەبارەت بە بایەوانیش، ئەوان هیچ بایەوانێکمان نەبوو، ئەگەر هەشمان بوایە بە کەڵکمان نەدەهات، بۆیە کەوتینە هەوڵی ئەوەی بە سەوڵ لێدان خۆمان بگەیەنینە وشکایی، هەر چەندە لە ناخیشا هیچ ئومێدێکمان نەبوو. ڕێك وەکو خەڵکانێك بووین کە بۆ ئیعدامیان دەبەن، چونکە هەموو دەمانزانی کە هەر کاتێ بەلەمەکە لە وشکایی نزیك ببێتەوە شەپۆلێن دەریا دەیکات بە هەزار پارچەوە. بەڵام گیانی خۆمان دەربەست بە یەزدان سپاردو بایەکە بەرەو کەناری دەبردین ئیدی خەریك بوو بە دەستی خۆمان، خۆمان لە نێو دەبردو ئەوەندەی لە توانامانندا بوو خۆمان بەرەو کەنار دەکوتا.

ئیدی ئاگامان لەوە نەبوو کە کەنارەکە چتۆ کەنارێکە، تاوێرە، لمەلان، نشێوە یان تەختانیە. تاقە ئومێدمان ئەوە بوو کە سەر لە کەنداوێك یان زارکی ڕۆخانەیەکەوە دەربێنین کە لەو حاڵەدا ئەگەری ئەوە هەبوو کە بتوانین بەلەمەکەمان بەرەو ئەوێندەر بڕانین یان لە پەنایەکی وشکانی دا، بگەینە ئاوێکی مەندو مەنگتر. بەڵام هیچ شوێنەوارێکی ئەو جۆرە شتە دیار نەبوو، و بە پێچەوانەوە، تا زیاتر لە وشکانی نزیك دەبووینەوە، دیمەنی وشکانیەکە لە دەریاکە ترسناکتر دەهاتە بەرچاو.

پاش ئەوەی نزیکەی سێ کیلۆمەترو نیو سەوڵمان لێدا یان بە گوتەیەکی دی ئاوەکە دەگەڵ خۆی بردینی، ئەوەندەمان زانی شەپۆلێکی ترسناکی کێوئاسا گەییە سەرمان و لە پشتەوە خۆی بە بەلەمەکەدا کێشاو دوا تیری ڕزگاری لێداین. بە کورتی بە جۆرێ خۆی پێداکێشاین کە بەلەمەکەی لە چاوتروکانێکا وەرگێڕاین و تەفروتونای کردین کە فریا نەکەوتین خوا حافیزیش بکەین، چونکە شەپۆلەکە لە چاو تروکانێکا هەموومانی هەڵلوشی.

هیچ وشەیەك ناتوانێت، بیرکردنەوەی ئەو ساتەم کە خەریك بوو لە ئاوەکەدا نقوم دەبووم وەسف بکات، چونکە هەرچەندە مەلەوانێکی لەزەبر بووم، نەمدەتوانی خۆم لە قوڕگی شەپۆلەکان دەربێنم و هەناسەیەك بکێشم، تا ئەوە بوو کە شەپۆلێك دامیە بەر، یان بە گوتەیەکی دی تا

مەسافەیەکی زۆری بردمو گەیاندمیە شوێنێك کە کەم دابێژێك لە وشکاییەوە نزیکی نزیك بوو و بە خۆی لەوێندەرەوە گەڕایەوە، بەڵام هێندەم ئاو دەورگی چوو بوو گەیی بوومە شەرای مەرگ. تەنیا ئەوەندەم هۆش بە خۆ بوو و بایی ئەوە هەناسەم لەبەر مابوو کە دیتم گەییوومەتە نزیکی وشکایی، هەستم کرد هەر رەخاوەتو سستیەك لەوەیە ببیتە باعیسی گیانم، ئیدی هەستامو هەوڵم دا بەوپەڕی خێرایی و بەر لەوەی شەپۆلێکی دی بگاتە سەرمو ڕاپێچم بکاتەوە، خۆم لە دەریاکە دوور بخەمەوە. بەڵام خێرا بۆم دەرکەوت کە هەڵاتن لە دەستی شەپۆلان مەحاڵە، چونکە سەیرم کرد شەپۆلێکی بەرز، بە بڵندی کێوێكو، بە توڕەیی دژمنێکەوە خەریکە لە پشتمەوە دێتو هیچ ئەوزارو توانایەکی ڕووبەڕوو بوونەوەشیم نەبوو، تەنیا هەوڵی ئەوەم دا کە ئەگەر بتوانم هەناسەی خۆم بگرمو خۆم بخەمە سەر ئاوەکەو بەو جۆرە بەدەم مەلەوە هەناسە بدەمو بە هەر شێوەیەك بووە خۆم بەرەو کەنارەکە بکێش بکەم. ئێستا گەورەترین خەمو نیگەرانی من ئەمە کە شەپۆلی دەریاکە، کە لە هاتندا مەسافەیەکی زۆر بەرەو کەنارەکەی دەبردم، لە گەڕانەوەدا، دیسان بەرەو قوڵایی دەریام بەرێتەوە.

ئەو شەپۆلەی کە بەرەو رووم هات، بە قوڵایی ٢٠- ٣٠ پێ نقومی کردم، هەستم کرد هێزێکی مەزن بەخێراییەکی زۆرەوە خەریکە بەرەو کەنارەکەم دەبات. هەناسەم حەپس کردو هەوڵم دا بە هەموو تینو تاوێکی خۆمەوە بە دەم مەڵەوانیەوە پێشڕەوی بکەم. ئەوەندەم هەناسەی خۆ حەپس کردبوو خەریك بوو دەتەقیم، کە خۆشبەختانە سەیرم کرد خەریکە دێمە سەرەوەو سەرو دەستم لە ئاوەکە هاتووەتە دەرێ، هەرچەندە ئەم وەزعو رەوشە لە تاقە ساتێك پتری نەخایاند، بەڵام زۆری ئاسوودە کردمو بووە بایسی ئەوەی نەفەسێك تازە بکەمەوەو ورەو نەترەم وەبەر بێتەوە، پاش ئەوەی دووبارەو بۆ ماوەیەکی زۆر ژێر ئاو کەوتمەوە،باش بوو زۆر زۆری نەخایاندو دووبارە وەسەر ئاو کەوتمەوە، کاتێ دیتم ئاوەکە، گوڕو تینەکەی جارانی تیا نەماوەو خەریکە دەگەڕێتەوە، دەگـژ گەڕانەوەی شەپۆلەکان چووم، دووبارە توانیم نووکی پێیان بگەیەنمە سەر زەوی ژێر ئاوەکە. بۆ چەند ساتێك لە جوڵە وەستام تا نەفەسێك تازە بکەمەوەو ئاوەکەم لێ دوور بکەوێتەوە، ئەوجا وەستامو تا هێزم تیا بوو گوڕم بەستەوە و بەرەو کەنارەکە غارم دا. لێ ئەم کارەش نەیتوانی لە غەزەبی دەریام بخەلەسێنێ. شەپۆلان دیسان بەسەرما دارژانو دووجاری دی لە جێی خۆ هەڵیان کەندمو وەکو جاری پێشوو بەرەو پێشیان بردم، چونکە کەنارەکەش زۆر تەختانی بوو.

شەپۆلی دووەم لەزگ بوو گیانم بسێنێ، کە دەریاکە وەکو جاری پێشوو رای ماڵی بووم، هێندە بە توندی کێشامی بە تاوێرێکدا کە یەکسەر ئاگام لە خۆ بڕاو ئیدی هیچ کارێکم لە دەست نەدەهات بۆ رزگارکردنی خۆم، چونکە جەزرەبەکە بەر قەبرغەو سینەم کەوتو لە تۆ وایە هەناسەی لەبەر بڕیم، خۆ ئەگەر شەپۆلەکە یەکسەر گەڕاباوە، بێگومان لە ئاوەکەدا دەخنکام، لێ بەر لە گەڕانەوەی شەپۆلەکە، دەرفەتم هێناو وەخۆ هاتمەوەو کە دیتم ئەگەر ئەو بایە لەو کونەوە بێ، ئەوا ئاوەکە دووبارە دەمباتەوە، ئیدی لە ترسی گیان بڕیارم دا توند خۆم بە تاوێرێکەوە بگرمو لە کاتی پێویستدا نەفەسم حەپس بکەم تا شەپۆلەکە بگەڕێتەوە، هەنووکە ئیدی

شەپۆلەکان بە بەرزی جاران نەبوون و من کە لە وشکاییەوە نزیك بووم، خۆم بە تاوێرەکەوە چەسپاند تا شەپۆلەکە بنیشێتەوە، پاشان پێم وەغارەوە نا، ئیدی ئەوەندە لە کەنارەکە نزیك بوومەوە کە شەپۆلی دواتر، هەرچەندە گرتمیەوە، بەڵام نەیتوانی قووتم بدات یان دەگەڵ خۆیم ببات، دووبارە پێم وەغارەوە ناو گەییمە وشکاییەکەو هەناسەیەکی ئۆخەیم هەڵکێشا. زۆر بەزەحمەت بە کەلێن و درزەکاندا سەرکەوتم و لەسەر گژو گیا ڕاکشام. ئیدی گیانم لە مەترسی بەدەر برد بووو بە تەواوەتی لە چنگی ئاوەکە دەرباز بوو بووم.

هەنووکە ساغ و سەلامەت لەسەر وشکایی بووم. تەمەشای ئاسمانم کردو سوپاس و شوکری خوام کرد کە گیانی رزگار کرد بووم، لە کاتێکا چەند چرکەیەك لەوە پێشتر هیچ ئومێدێکم بە مان و ژیان نەبوو. لەو باوەڕەدام کە مەحاڵە ئەوە روون بکرێتەوە کە کاتێ کەسێك لە مەرگ دەگەڕێتەوە، لە گوێی قەبرەوە دەگەڕێتەوە، چەند شادو خۆشحاڵ دەبێت، ئێستا دەزانم بۆچی کە کاتێ قەراری هەڵوەشانەوەی حوکمی پیاوکوژێك کە لە پای قەنارەیەو پەتەکەی لە مل کراوە، دەردەچێت، پزیشکێك دێننە دیار سەری تا لەو ساتەدا کە ئەم هەواڵەی دەدەنێ، خوێنی تێ بکەن، چونکە بەرگەی ئەم هەواڵە کوت و پڕە ناگرێت و شا مەرگ دەبێت:

چونکە چ خۆشی کوت و پڕ و چ ناخۆشی و خەم، لە سەرەتاوە بەشەر پەریشان دەکەن. لە کەنارەکەدا کەوتمە پیاسە، دەستم بەرز کردنەوە، بە روح و گیان بیرم لە رزگار بوونەکەی خۆم کردەوە، هەزار ئەداو ئەتواری لە وەسف نەهاتووم نواند. بیرم لە چارەنووسی هەموو ئەو هاو سەفەرانەم دەکردەوە کە نقوم بوو بوون و جگە لە من کەس بە سەلامەتی دەرنەچوو بوو، چونکە دواتر نە کەسیانم بینی، نە هیچ شوێنەوارو قۆڵاغێکی کەسیان دیار بوو، ئەوەی لە دوایان بە جێ مابوو سێ کڵاو، کاسکێتێك و دوو تاکە پێڵاو بووە.

تەماشایەکی کەشتیە شکاوەکەم کرد، دەریا ئەوەندە بە شەپۆل و پێل بوو بە ئاستەم نەدەبینرا، لە دڵی خۆدا دەمگوت خودایا چۆن توانیومە خۆم بگەیەنمە کەنار!

پاش ئەوە دڵخۆشی خۆم بەوە دەدایەوە کە هەر باشە ماوم، روانیمە دەوروبەرم تابزانم لە چ شوێنێکم و دەبێ چی بکەم، زۆری پێ نەچوو هەموو خۆش خەیاڵیەکم بوو بە بڵقی سەر ئاو، بەکورتیەکەی بۆم دەرکەوت کە چ رزگار بوونێکی مەینەتبار، رزگار بووم. تەڕی تەڕ بووم، هیچ جل و بەرگێکم پێ نەبوو کە خۆم بگۆڕم، هیچ خواردن و خواردنەوەیەکم پێ نەبوو، تا گەدەمی پێ بخوسێنمەوە، هیچ ئاسۆو چاو ئەندازێکم لە بەردەم خۆدا نەدەبینی جگە لەوەی لە برسا بمرم یان ببم بە خۆراکی جانەوەرانی دڕندەو کێوی. ئەوەی کە لە هەموو شتێکم پتر پەریشانی دەکردم ئەوە بوو کە هیچ چەکێکم نەبوو تا ڕاوی پێبکەم و حەیوانێکی پێ بکوژم و لە برسانا نەمرم، یان خۆمی لە پەلاماری حەیوانێ، شتێك پێ بپارێزم. خۆڵاسە جگە لە چەقۆیەك، سەبیلێك وبڕێك تووتن لە کیسەیەکی چکۆلەدا، هیچی ترم پێنە بوو، ئەمە هەموو داراییەکی من بوو، هەڵبەتە کە بیرم لەمە دەکردەوە، زۆرم ئازار دەچەشت. ماوەیەك وەکو شێت و دینان بەو دەقەوە ڕێم کرد. کە شەو داهات، بە دڵێکی خەمینەوە لەفکران ڕاچووم کە ئەگەر حەیوانێکی دڕندەی برسی لەو

دەورومەکانە بێ چیم بەسەر دێت، بە تایبەتی کە حەیوانات بە زۆری بە شەوان، دەکەونە گەڕان بە دووی نێچیراندا.

تەنیا چارەیەك کە لەو کاتەدا بە بیرما هات. ئەوە بوو، کە دارێکی بە لق و پۆپ و چڕە گەڵای نیمچە دڕکاوی وەکو سنۆبەر لە نزیکمەوە بوو، بەو دارەدا هەڵگەڕێم وبە درێژایی شەوەکە لەوێندەر دانیشم و بیر لەوە بکەمەوە کە ئاخۆ سبەی چۆن دەمرم، چونکە زەڕەیەك ئومێدم بە ژیان و مان نەما بوو. نزیکەی دوو سەد شەقاوێك لە کەنارەکە دوور کەوتمەوە تا بزانم ئایا ئاوی خواردنەوە پەیدا دەبێت. بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئاوم پەیدا کرد، تۆزێ تووتنم لە زارم نا تا برسێتی خۆمی پێ بڕەوێنمەوە. پاشان چووم بۆ لای درەختەکە و پێیا سەرکەوتم، لە سەرەوە بە جۆرێ جێی خۆم خۆشکرد کە ئەگەر خەو بردمیەوە نەکەومە خوارەوە، دار دەستێکی کورتی وەکو کوتەکم لە درەختەکە کردەوە تا خۆمی پێ پاس بکەم. ئیدی جێم بۆ خۆ خۆشکرد، هێندە کفت و شەکەت و ماندوو بووم، خێرا خەوم پیا کەوت، لە چاو ئەو وەزع و حاڵەدا کە تێی کەوتبووم، خەوێکی خۆشم کردو، بەیانی، لە چاو وەزعی خۆما، بەوپەڕی تەڕدەماخی لە خەو هەستام.

## کەلوپەلی هەمە جۆر بۆ خۆ پەیدا دەکەم

کاتێ لەخەو ڕابووم، دنیا تەواو روناك‌و ئاسمان ساف‌و بێگەرد بوو. زریانەکە نیشتبووەوەو، هیچ هەواڵێك لە پێڵ‌و شەپۆلانی خرۆشاوو تورەی دەریا نەبوو. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك پتر بەلامەوە سەیر بوو ئەوە بوو کە شەوێ خێزاوی دەریاکە کەشتیەکەی لەو خەرمانە چەوو لمەی کە تیای چەقی بوو دەرهێنا بوو و بەرەو ئەو تاوێرەی هێنا بوو کە پێشتر باسم کردو سینگ‌و قەبرغەی بریندار کرد بووم. ئەم تاوێرە نزیکەی یەك میل لە کەنارەکەوە دوور بوو، لە دوورەوە لەوە دەچوو کەشتیەکە هێشتا وەرنەگەڕا بێت، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد لە کەشتیەکەدا بوومایەو بەلای کەمەوە دەمتوانی هەندێ کەلوپەلی پێویستی لێدەربێنم‌و سوودێکی لێببینم.

وەختێ لە هێلانەکەم، لەسەر دارەکە هاتمە خوارەوە، دووبارە چاوم بە دەوروبەرا گێڕاو یەکەم شت کە بەرچاوم کەوت بەلەمەکە بوو، کە شەپۆل‌و با گەیاندبوویانە کەنارەکەو نزیکەی دوو میلێك لەلای دەستەڕاستی منەوە بوو. وردە وردە ئەوەندەی لە توانامدا بوو بە کەنارەکەدا هەوراز بوومەوە، بەڵام کە دیتم بەینی من‌و بەلەمەکە، لەو شوێنەوە کە دەریاکە هاتبووە سەر وشکایی نزیکەی نیو میل بوو، ئیدی گەڕامەوە تا جارێ شتێك بۆ خواردن بدۆزمەوە.

دوا نیوەڕۆیەکی زوو بوو، سەیرم کرد دەریا تەواو هێور بووەو ئاوەکە تەواو کشابووەوە، کاتێکم بە خۆ زانی لە دووری چارەکە میلێکی کەشتیەکەم. داخی دڵم تازە بووەوە، چونکە روونی دەمبینی کە ئەگەر لە ناو کەشتیەکە مابایەنەوە، هەموومان سەلامەت دەردەچووین، یانی دەمانتوانی بە سەلامەتی بگەینە کەنارەکەو منی بەلەنگاز بەم جۆرە بێ ئۆقرەو نیگەران بە تاقی تەنیا لەم چۆڵەوانیەدا نە دەمامەوە. بە دەستی خۆم نەبوو دەستم بەگریان کرد، بەڵام چونکە گریان سوودی نەبوو، بۆیە لێبڕام، ئەگەر بکرێ، خۆم بگەیەنمە کەشتیەکە، دنیا زۆر گەرم بوو، جلەکانم داکەند، خۆم بە ئاوەکەدا دا، لێ کە گەییمە کەشتیەکە، کارەکەم قورستر بوو، چونکە نەمدەزانی چۆن خۆ بە نێو کەشتیەکەدا بکەم، چونکە لە قوڕ چەقی بوو و زۆر لە ئاوەکەوە بەرز بوو وهیچ شتێکیش نەبوو خۆمی پیا هەڵواسم. دووجار بە مەلە بەدەوری کەشتیەکەدا سوڕامەوە، جاری دووەم چاوم بە پەتێکی کورت کەوت، کە نازانم بۆ جاری یەکەم نەمبینی بوو. ئەم پەتە بە زنجیرەکانی بەرایی کەشتیەکەوە ئاوێزان بوو، لێ ئەوەندە کورت بوو، زۆر بە زەحمەت دەستم پێی گەیی‌و ئیدی بە یارمەتی ئەو پەتە خۆم گەیاندە بەشی پێشەوەی حەوشەی کەشتیەکە. لەوێدا بۆم دەرکەوت کە کەشتیەکە ئاسیوێکی زۆری دیتووەو ئاوێکی زۆری تیا کۆ بووەتەوە، لەلایەکەوە شانێکی دادابووە سەر تەپەیەکی خاکی،و بەشی پاشەوەی لەسەر تەپەکە گیرسا بووەوەو سەریشی تەقریبەن چوو بووە ناو ئاوەکە. یانی هەموو بەشی پاشەوەی بەدەقی خۆیەوەو بە وشکی مابوو. هەوەڵین کاری من ئەوە بوو کە بگەڕێم‌و بزانم چ شتانێك زایە

بووبوونو چ شتانێك به كەڵك مابوون. یەكەم شتی دڵخۆشكەرە ئەمە بوو هەرچی ئازووقەیەك لە كەشتیەكەدا بوو، هەر هەمووی بە وشكی مابوو و ئاو نەیان گەییشتبویٚ، من كە زۆر برسیم بوو، لە برسانا لاكەی سەرم دەهات، خۆم گەیاندە ژووری نانو ئازووقەكەو گیرفانەكانم پڕ كردن لە پسكیت، ئیدی بەدەم گەڕان بە دووی شتی دیدا بەرە بەرە لە پسكیتەكەشم دەخوارد، چونكە كاتم زۆر كەم بوو. لە كابینە گەورەكەدا هەندیٚ نۆشینەمەنیو قەخارنی نەی شەكەرم دۆزییەوەو تۆزێكم لێی خواردەوە، كە بەڕاستی پێویستم پێی بوو تا گوڕێكم تیٚ بكەوێتەوەو خۆم ئامادە بكەم بۆ رووبە ڕوو بوونەوەی ئەو كارانەی لە پێشم بوون. هەنووكە تەنیا پێویستم بە بەلەمێك بوو، تا بتوانم ئەو كەلوپەلو شتانەی پیٚ بگوازمەوە كە پێموابوو پێویستم پێیان دەبێت.

دانیشتنو بیركردنەوەو خەفەت خواردن لە نەبوونی شتی مەحاڵ فایدەی نەبوو، ئەم وەزعە ناچارییە تەواو وڕوژاندمی. خۆ ئێمە چەند قۆڵە بورجی یەدەكو دوو سیٚ كاریتەی داری گەورەو یەك دوو بورجی یەدەكمان لە ناو كەشتیەكەدا هەبوو. لێبڕام شتێك لەوانە دروست بكەم، هەموو ئەو شتانەم، كە سووك بوون، هێنایە حەوشەی كەشتیەكەو هەموویانم بە پەتێك توند بەست، تا نەكەونە خوارەوە. وەختایە ئەم كارەم تەواو كرد، چوومە تەنیشتی كەشتیەكەو لە كاتێكا بەرەو خۆم رامدەكێشان، چوار دانەیانم بە پەلەو، تا بكریٚ توند لە دوو سەرەوە پێكەوە بەستنو كردمن بە نیمچە كەڵەكێكو دوو سیٚ تەختەی ڕاستو چەپم لەسەری داناو سەیرم كرد دەتوانم بە ڕەحەتیو ئاسانی بەكاری بێنمو هاتوچۆی پێبكەم، بەڵام لەوە ناچوو بەرگەی باری قورس بگرێت، چونكە داروبارەكەی زۆر باریكو ڕاویچ بوون، بۆیە دووبارە دەست بەكار بووم، دەستم دایە هەڕەو بورجێكم كرد بە سیٚ بەشەوەو بە هەزار زەحمەتو گیانەمەرگی چەند پارچەیەكی دیكەم لە كەڵەكەكەم نا، بەڵام ئەوەی دڵگەرمی دەكردمو هانی دەدام بە توانایەكی نائاساییەوە كار بكەم، ئەوە بوو كە بە ئومێد بووم كەلوپەلی زەروریو پێویستی ژیان دابین بكەم.

هەنووكە، كەڵەكەكەم ئەوەندە مكومو قوتو قایم بوو، بەرگەی باری تا ڕادەیەك گەورەو قورسیشی دەگرت. كەڵكەڵەی دواترم ئەوە بوو كە چ شتێكی لێبار بكەم، چۆن شتەكانی سەری لە شەپۆلانی دەریا بپارێزم، بە هەرحاڵ ئەم بیركردنەوەیەم زۆری نەخایاند، هەوەڵجار هەرچی تەختەم بەردەست كەوت لەسەر پیرە كەڵەكم هەڵچنی، پاشان كە باش بیرم كردەوە، چ شتێكم زیاتر پێویستە، سەرەتا سیٚ سەندوقی خاڵی دەریاوانەكانم، كە دەرگاكانیان شكا بوو و خاڵیم كرد بوون، هەڵگرتو هەڵمدانە خوارەوە بۆ سەر كەڵەكەكە. سەندوقی یەكەمیانم لەم ئازووقانە پڕ كرد: نان، برنج، سیٚ قاڵبە پەنیری هۆڵاندی، پێنج پارچە گۆشت بزنی بە قاورمە كراو كە قووتی زۆربەمان بوو، پاشماوەی هەر هەموو ئەو دانەوێڵانەی كە بۆ ئەو تەیرانەمان هێنا بوو كە دەگەڵ خۆمان برد بوومان– لیٚ تەیرەكان هەموو مردار بوو بوونەوە. كەمێك گەنمو جۆمان هەبوو، بەڵام دوایی بۆم دەركەوت كە مەخابن مشكان هەموویان خواردبوو و خەساریان كردبوو. چەند سەندوقێكی پڕ لە شووشەو بوتڵی تایبەت بە كەشتیوانەكەم دۆزییەوە كە بڕێك قەخارنی وزەبەخشی تیا بوو، دەستم لەمانە نەدا، چونكە هیچ پێویست نەبوو ئەمانە لە سەندوقەكان بنەمو جێگەش نەبوو. كە خەریكی ئەم كارانە بووم سەیرم كرد ئاوەكە خەریكە بەرز دەبێتەوە،

هەڵبەتە زۆر بە هێواشی بەرز دەبووەوە. لەوە دەترسام ئاو چاکەت، کراس‌و، ئێلەکەکەم، کە لە کەناری دەریاکەو لەسەر لمەلانەکە دامنا بوون، ببات. بەتۆی دەرپێ کورتەیەك‌و جووتێ گۆرەوی دەزووەوە بە مەلە هاتبووم بۆ لای کەشتیەکە. بە هەرحاڵ، ئەم ترسە وای لێکردم لە ناو کەشتییەکەدا بۆ جل‌و بەرگ بگەڕێم، بە ئەندازەی پێویست جل‌و بەرگم دۆزییەوە، بەڵام هەر بە ئەندازەی پێویستی ئێستامم لێ هەڵگرتن، چونکە شتی دیکەش هەبوون کە چاوم تێ بڕیبوون: یەکەم، ئەو ئەوزارانەی کە بتوانم لە کەناردا کاریان پێبکەم، دوای گەڕانێکی زۆر، سەندوقی دارتاشیەکەمانم دۆزییەوە کە ئەلهەقی دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ من‌و بۆ ئەو کات‌و شوێنە لە کەشتیەك زێڕ بەنرختر بوو. سەندوقەکەم لە کەشتیەکەوە هەڵداشتە خوارێ‌و بە هەموو ئەوزارەکانی ناویەوە خستمە سەر کەڵەکەکە، تەنانەت وەختی خۆم بەوە نەکوشت کە سەیری ناوەکەشی بکەم، چونکە کەم دابێژێك دەمزانی چ شتێکی تیایە.

کەڵکەڵەی دواترم تەقەمەنی‌و چەك بوو. دوو تفەنگی زۆر چاکی ڕاو و دوو دەمانچە لە کابینە گەورەکەی کەشتیەکەدا هەبوو. هەوەڵجار ئەوانەم دەگەڵ چەند شووشە باروت‌و کیسەیەکی چکۆڵەی پڕ لە فیشەك‌و دوو شمشێری کۆنی ژەنگ گرتوودا هەڵگرت. دەمزانی کە کەشتیەکە سێ بەرمیل  بارووتی تیایە، بەڵام نەمدەزانی کە تۆپچییەکەمان لەکوێی دانا بوون، بەڵام دوای گەڕانێکی زۆر دۆزیمنەوە، دوو بەرمیلی وشك‌و باش بوو، لێ بەرمیلی سێیەم تەڕ بوو بوو. ئەو دوو بەرمیلەم دەگەڵ چەك‌و چۆڵەکاندا دە کەڵەکەکە بارکرد. هەستم دەکرد کە بارێکی رەنگین‌و سەنگین وباشم پێکەوە ناوە. بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بەم بارەوە بگەمە کەنارەکە، چونکە نە بایەوان (شراع)م هەبوو نە سەوڵ‌و نە سوکانێك، و لەگین بوو، هەر نەرمە بایەك، بە تەواوەتی لە ڕێڕەوی خۆم دەرم بکات‌و بەلایەکی دیکەمدا ببات.

دڵم بە سێ شت خۆش بوو: یەك، دەریای ئارام، دوو، هەڵکشانی ئاوەکەو ڕۆییشتنی بەرەو کەنار. سێ، ئەو نەرمە بایەی کە دەهات بەرەو وشکایی دەبردم. دوو سێ سەوڵی شکاوی بەلەمەکەشم دۆزییەوە، جگە لەو ئامێرو ئەوزارانەی کە لە سەندوقەکەمدا بوون، دوو هەڕەو تەورێك و چەکوشێکیشم دۆزییەوەو، ئیدی بەم بارەوە کەوتمە ڕێ. کەڵەکەکە تا مەودای نزیکەی میلێك زۆر چاك ڕۆیی، بەڵام هەستم کرد کەمێك لەو وشکاییەی کە لێوەی هاتبووم، دوورتر کەوتبووەوە، ئەمە خستمیە گومانی ئەوەوە کە وا وێنا بکەم کە ئاوەکە کەمێك لە وشکاییەکە نزیك بووەتەوە. ئەنجام خولیای ئەوەم کەوتە سەر کە ڕوبارێك یان ڕۆخانەیەك بدۆزمەوە تا وەکو بەندەرگا بۆ گەییشتن بە وشکایی‌و داگرتنی بارەکەم سوودی لێببینم.

هەروا دەرچوو کە تەسەورم کردبوو، لە بەرانبەر خۆمدا چاوم بە کەلینێك لە وشکاییەکەدا کەوت، سەیرم کرد ئاوەکە زۆر بە توندی دەچێتە ئەو کەلێنەوە. بۆیە بە گوێرەی توانای خۆم هەوڵمدا کەڵەکەکە نەکەوێتە تەنکاوەوە. بەڵام هەر لەوێدا لەزگ بوو بۆ جاری دووەم دووچاری کەشتی شکان ببمەوە، کە ئەگەر شتی وا ڕووی دابا، بێگومان دڵم دەتەقی، جا چونکە هیچ شارەزاییەکم لەمەڕ کەنارەکە نەبوو، لە پڕ سوچێکی پاشەوەی کەڵەکەکەم لە شوێنێکی تەنکاودا، لە قوڕ نیشت‌و، چونکە سووچەکەی دیکەی پاشەوەی هێشتا لە ئاوەکەدا بوو و نەنیشتبووە

قوڕ، لە پڕ هەموو بارەکەم، بەو لایەدا کە هێشتا لە ئاوەکەدا بوو خوار بووەوەو هەڵڕژایە ناو ئاوەکە. هەرچەندە هەوڵم داو ویستم بە پشت سەندوقەکان بگرمەوەو نەیەڵم بکەونە ئاوەکەوە، هاوسەنگی کەڵەکەکەم پێ ڕانەگیراو نەگیرا. لەلایەکی دیکەشەوە زاتم نەبوو لە جێی خۆم بجوڵێم، تەنیا سەندووقەکانم بە هەزار زەحمەت ڕاگرت و نیو سەعاتێك بەو حاڵەوە مامەوە. لەم ماوەیەدا هەڵکشانی ئاوەکە، کەڵەکەکەی کەمێك بەرزتر کردبووەوەو، دوای تۆزێك، لە حاڵێکا ئاوەکە هێشتا لە بەرز بوونەوەدا بوو، کەڵەکەکەم دووبارە کەوتەوە سەر ئاو، بەو کەچە سەوڵەی کە پێم بوو بەرەو کەناڵەکەم ئاژۆت و درێژەم بە ڕێڕەوی خۆم دا، تا ئەنجام خۆم لەبەر زارکی ڕۆخانەیەکی چکۆلەدا بینییەوە ، ئەملاو ئەولام وشکایی بوو و، ڕەوتی ئاوەکە خێرا بوو. ڕوانیمە هەردوولا تا لە بارترین شوێن بۆ گەییشتن بە کەنارەکە، بدۆزمەوە. جا چونکە حەزم نەدەکرد زیاد بە ڕووبارەکەدا پێشڕەوی بکەم، بە هیوا بووم کەشتیەك لە دەریادا بەدی بکەم، بۆیە بڕیارم دا ئەوەندەی بکرێت خۆم لە نزیکی کەنارەکەدا ڕابگرم.

سەرەنجام بە سەمتی ڕاستی کەنارەکەدا، کەنداوێکی چکۆلەم بەرچاو کەوت. کەڵەکەکەم، بە هەزار زەحمەت و دژواری بەرەو ئەوێندەر ڕانی، ئەنجام هێندە لە کەنداوەکە نزیك بوومەوە کە سەوڵەکەم دەگەییە عاردی و توانیم کەڵەکەکە ڕاستەوخۆ ببەمە نێو کەنداوەکە، لێرەش دووبارە لەزگ بوو هەموو بارەکەم بکەوێتە ئاوەکەوەو ریسەکەم لێ ببێتەوە بە خوری، جا چونکە ئەو بەشەی کەنارەکە زۆر نشێو بوو، یانی سەرەولێژگە بوو، نەدەکرا لەوێ بوەستی، بەڵام ئەو سووچەی پاشەوەی کەڵەکەکە کە بەسەر ئاوەکەوە بوو، ئەگەر بەر کەنارەکە بکەوتایە بەرزتر دەبووەوەو سووچەکەی دیکەی زیاتر بە ئاوەکەدا دەچوو و هەنگێ باری کەڵەکەکە دەکەوتە مەترسییەوە. تەنیا کارێك کە لە دەستی من دەهات ئەوە بوو کە چاوەڕوان بکەم تا ئاوەکە بگاتە بەرزترین ئاستی خۆی و بە سەوڵەکەم لە نگەری کەڵەکەکە بگرم تا لە کەنارەکەداو نزیکی ئەو زەویە تەختانیە بوەستێ کە پێم وابوو ئاوەکە ئەوێش بگرێت، کە هەرواش دەرچوو. هەرکە دیتم ئاوەکە بەڕادەی پێویست بەرز بووەتەوە ( یانی کەڵەکەکە نزیکەی پێیەك لە زەوی بەرز بووەوە) یەکسەر بەرەو زەویە تەختاییەکەم ئاژۆت. هەردوو کەچە سەوڵەکەم لە عاردی چەقاندن، هەر یەکێکیانم لە سووچێکی پاشەوەی کەڵەکەکە داچەقاندو پیرە کەڵەکم ڕاگرت، بەو دەقەوە چاوەڕوانم کرد تا ئاوەکە نیشتەوە و کشایەوە و کەڵەکەکە و بارەکەم بەسەلامەتی گەیاندنە کەنارەکە.

کاری دواترم ئەوە بوو، شوێنێکی لەبار لە وشکاییەکەدا بدۆزمەوە کە هەم بۆ دانیشتنی خۆم و هەم بۆ پاراستنی کەلوپەلەکانم ئەمین بێ و لە هەر ڕێکەوت و بویەرێکی ناگەهان بە دووربم. هێشتا بە تەواوەتی نەمدەزانی لە کوێم، لە وشکایی ڕاستەقینە دام یان لە دورگەیەك دام، لە ئاوەدانیدام یان لە چۆڵەوانی، مەترسی گیانلەبەرانی دڕندەم لەسەرە یان نا. لە یەك میلی سەرووی منەوە، گردێکی یەجگار بەرزو ڕك هەبوو، پێدەچوو لە هەموو گردەکانی سەمتی چەپی خۆی بەرزتر بێ. یەکێك لە ساچمە زەنەکان و دەمانچەیەك و شووشەیەك بارووتم هەڵگرت و پڕ چەك بە نیازی تاقیب و سۆراخ بەرەو لوتکەی گردەکە وەڕێکەوتم. کاتێ بە هەوڵ و تەقەلایەکی

زۆر گەییمە لوتکەی ناو براو، هەنگێ بۆم دەرکەوت چ چارەنووسێکی ڕەش چاوەڕوانمە، کەوتبوومە دوڕگەیەکەوە کە هەر چوار نکالی ئاو بوو، نە لە دوورو نە لە نزیك وشکایی بەدی نەدەکرا، جگە لە زنجیرە تاوێرێك کە لە دووری دوورەوە دیار بوو، جگە لە دوو دوڕگەی بچووکتر کە لە نزیکی سێ چوار کیلۆمەتری ڕۆژاواوە بوون، هیچ وشکاییەکی دی بە دی نەدەکرا.

هەروەها بۆم دەرکەوت ئەو دورگەیەی کە من تیای بووم بەیارە، هیچ کشتووکاڵێکی تیا نەکراوە، بۆیە قەناعەتم هێنا کە چۆڵەوانیەو کەسی تیا ناژیو جگە لە حەیواناتی دڕندەو کێوی هیچی تری تیا نیە. هەڵبەتە من هیچ حەیوانێکم بە چاوی خۆم نەبینی بوو، بەڵام مەلو باڵندەیەکی زۆرم لەو ناوە بینی بوو، بەڵام نەمدەزانی چ جۆرە مەلو باڵندەیەکن، کە دەشم کوشتن نەمدەزانی کامیان دەخورێنو کامیان ناخورێن. لە گەڕانەوەدا سەیرم کرد باڵندەیەکی زەلام لەسەر درەختێکی کەناری بێشەیەکی گەورەو چوغووردا هەڵنیشتبوو، گوللەیەکم پێوەنا، وابزانم لەوەتای دنیا دروست بوو بوو ئەمە یەکەم گوللە بوو کە لەو دەڤەرەدا تەقێنرابوو. هەرکە فیشەکەکەم تەقاند، لە هەموو پەناو پەسێرو گۆشەو کەنارێن بێشەکەوە دەنگی جۆرەها فڕندەو باڵندە بەرز بووەوە، هەر تەیرەو بە شێوەی خۆی هاواری دەکرد. دەنگی هیچیانم بە گوێ ئاشنا نەبووو ئەو تەیرەش کە کوشتم، پێموایە جۆرە تەڕلانو بازێك بوو، بە ڕەنگو دەنووکیا لە باز دەچوو، بەڵام چنگو پەنجەی بازی نەبوو، گۆشتەکەی وەکو گۆشتی مردار وابوو، بە کەڵکی هیچ نەدەهات.

ئیدی بەم کەشفە قەناعەتم کرد، بە کەڵەکەکەم گەڕامەوە، ئیدی ئەو ڕۆژەم تا ئێوارێ بە گواستنەوەی کەلو پەلو پێویستی بۆ کەنارەکە، بەسەر برد. نەمدەزانی شەوێ چی بکەمو لە کوێ بخەوم، چونکە لە ترسی حەیواناتی دڕندە نەدەوێرام لە عاردی بخەوم، هەرچەندە دوایی بۆم دەرکەوت کە لەم رووەوە شوێنێکی ئەمینو بێ ترس بوو.

بەهەرحاڵ، بە گوێرەی توانای خۆم سەندوقو تەختەکانم لە چوار دەوری خۆم کەڵەکە کردو دەرهەق بەو شەوە پەناگەیەکم بۆ خۆ دروستکرد. سەبارەت بە خواردن هێشتا تیا مابوومو نەمدەزانی چ بکەم، بەڵام دوو سێ حەیوانی کەروێشك ئاسام بینی کە بەلەز لەو جەنگەڵەوە کە تەیرەکەم تیا کوشت، دەردەچوون. هەنوکە بیرم لەوە دەکردەوە کە دەتوانم زۆر شت لە کەشتیەکەوە بێنمو بەکەڵکم بێت، بە تایبەتی پەتو گوریسو بایەوان وشتی دیکە. بۆیە بڕیارم دا سەرێکی دیکەی کەشتیەکە بدەمەوە، چونکە سوور دەمزانی لەگەڵ هەڵکردنی یەکەمین زریاندا کەشتیەکە داغانو پارچە پارچە دەبێت. بۆیە بڕیارم دا هەموو کارێك وەلاوە بنەم، بە گوێرەی توانا هەرچی شتێك لە کەشتیەکەدایە دەری بێنم. ئەوجا لە دڵی خۆدا کەوتمە ڕاوێژو تەگبیر دەگەڵ خۆمدا کە ئایا دووبارە کەڵەکەکە بەرم، پێدەچوو ئەمە کارێکی عەمەلی نەبێت. ئیدی بڕیارم دا وەکو کەڕەتی پێشوو دەگەڵ نیشتنەوەو کشانەوەی ئاوەکەدا وەڕێ بکەوم. هەرواشم کرد، بەڵام ئەمجارەیان بەر لەوەی لە کوختەکەم بێمە دەرێ، جلەکانم لەبەر داکەندو جگە لە کراسێکی خانە خانەو دەرپێ کورتەیەكو جووتێ پێڵاو هیچم لەبەری خۆما نەهێشتەوە.

وەکو کەرەتی پێشوو چووم بۆ لای کەشتیەکە، کەڵەکێکی دیکەم دروست کرد. ئەمجارەیان ئەزموونی کەڵەکەکەی پێشووم هەبوو، ئەمەیان، زۆر ناشیرین دەرنەچوو، باریشیم زۆر قورس نەکرد، بەڵام زۆر شتی زەروریشم دەگەڵ خۆدا هێنا. لە ناو کەرەستەو تفاقەکانی دارتاشی کەشتیەکەدا، دوو سێ پاکەتی پڕ لە مێخ و مێخ زنجیر، جەکێکی گەورە، یەك دوو دەرزەن تەشوێ و لە هەموو ئەوانە بە سوودتر هەسانێکم جیاکردنەوە، هەر هەموو ئەم شتانەم پێکەوە بەستن، لە ناو کەرەسەو تفاقەکانی یارۆی تۆپچیشدا کۆمەڵێك شتم هەڵبـژارد، لەوانە دوو سێ لۆسەی ئاسن و دوو بەرمیل فیشەکی تاپڕ، حەوت تفەنگی تاپڕ، یەك ساچمە زەنی دیکە دەگەڵ کەمێك بارووت، کیسەیەکی گەورەی ساچمەو یەك تۆپ وەرەقی قورقوشم، بەڵام تۆپە قورقوشمەکە زۆر قورس بووو نەمدەتوانی هەڵی بگرم و بیبەمە قەراخ کەشتیەکە. جگە لەمانە، هەرچی جل و بەرگم بەر دەست، با یەوانێکی یەدەکی پێشەوە، جۆلانەیەك و چەندین چەرچەف ولێفەشم هەڵگرت. هەموو ئەم کەل و پەلانەم لە کەڵەکی دووەم بارکردو هەمووم بەسەلامەتی گەیاندە کەنارەکە، کە زۆری پێ ئاسوودە بووم.

تا لە ئاوەکەداو لەسەر کەشتییەکە بووم، خەمی ئەوەم بوو نەبادا ئەو ئازووقەیەی لە کەنارەکەدا هەمبوو، بخۆن. لێ کاتێ گەڕامەوە، هیچ شوێنەوارو نیشانەیەك دیار نەبوو کە کەسێك هاتبێ بەلای ئازووقەو شتەکانمەوە. تەنیا حەیوانێکی وەکو پشیلە کێوی، لەسەر یەکێك لە سەندوقەکان دانیشتبوو، کە بەرەو رووی چووم کەمێك لەوێ دوور کەوتەوەو وەستا. زۆر بێ ترس و ئاسوودە چینچکی دایەوەو زەق زەق تێی روانیم، لەوە دەچوو بیەوێ ببێ بە دۆستم. لوولەی تفەنگم تێکرد، لێ چونکە شتی وای نەبینی بوو، بێ خەم و خەیاڵ، لە جێی خۆی نەجولا. کە ئەم رەفتارو هەڵوێستەم لێ بینی، پارچەیەك پسکیتم بۆ هەڵدا، هەڵبەتە پارچە پسکیتەکە زۆر گەورە نەبوو، چونکە زەخیرەم زۆر نەبوو. بەرەو پسکیتەکە رۆیی، بۆنێکی پێوەکردو خواردی، ئەوجا بە جۆرێ تەمەشای کردم وەکو ئەوەی داوای هی دی بکات. بەڵام سوپاسم کردو هیچی ترم نەدایە، ئەویش ملی رێی گرت و رۆیی.

کاتێ باری دووەمم گەیاندە کەنارەکە، بە بایەوانەکەو ئەو چەند کاریتەیەی ئامادەم کردبوون، خێوەتێکم دروستکردو هەڵمدا، هەموو ئەو شتانەم، کە دەمزانی لە ژێر باران و لەبەر تیشکی هەتاوا خرادەبن، لە ژێر پیرە خێوەت نا. هەر هەموو سەندوقە بەتڵ وجلیکانەو بەرمیلە بەتاڵەکانم لە دەوراندەوری خێوەتەکە هەڵچنی، تا شتەکانی ناو خێوەتەکە لە ئەگەری پەلاماری ناگەهانی ئادەمیزاد یان گیانلەبەرانی هۆڤی و درندە بپارێزم ( هەڵبەتە نەمتوانی بۆشکە (بەرمیل) بارووتەکان بکەمەوەو پاکەتە باروتەکان دەربێنم، چونکە بەرمیلەکان زۆر قورس بوون).

کاتێ ئەم کارانەم تەواوکرد، لە ناوەوە بە چەند تەختەیەك دەرگای چادرەکەم گرت، سەندوقێکی بەتاڵیشم بەسەرو خواری بە پشتەوە نان، یەکێك لە لێفەکانم لە عاردی ڕاخست، دوو دەمانچەم لای سەرمەوەو تفەنگەکەشم لەبەر دەستمدا دانان، بۆ یەکەمجار چوومە ناو جێگاوەو بە درێژایی شەو، سەر ڕەحەت و ئاسوودە خەیاڵ لێی نووستم، چونکە بەڕاستی شەکەت و ماندوو

بووم، دوێشەو زۆر کەم نووستبووم‌و بە درێژایی ڕۆژیش هەر کارم کردبوو، ئەو هەموو شتەم لە کەشتیەکەوە هێنا بوو و هەموویم لە کەنارەکەدا داگرتبوو.

وام هەست دەکرد گەورەترین عەماری خۆم هەیە، لێ هێشتا هەر رازی نەبووم، لە دڵی خۆدا دەمگوت تا کەشتیەکە غەرق نەبووە، پێویستە هەرچیەکی تیایە دەری بهێنم. بۆیە هەموو رۆژێ دەگەڵ نیشتنەوەو کشانەوەی ئاوەکەدا بەرەو کەشتیەکە دەڕۆییشتم‌و شتێکم دەگەڵ خۆدا دێنایەوە. جاری سێیەم کە رۆییشتم، بە تایبەتی هەرچی پەت‌و کندرو گوریسی قایمکردنی بورجان هەبوو هێندەی توانیم دەگەڵ خۆم هانی، هەروەها هەرچی پەتی باریکترم بەردەست کەوت، دەگەڵ ئەو پارچە جاوەدا کە قەرار بوو بایەوانەکەی پێ پینە بکەن، هەروەها بۆشکە بارووتە تەڕەکەشم هەمووی هێنا. هەموو بایەوانەکانیشم (شراع) هێنا، بەڵام ناچار بووم پارچە پارچەیان بکەم،و هەرجارەی، بە گوێرەی توانا، هەندێکیان لێ بێنمەوە، ئیدی وەکو بایەوان بەکار نەدەبران‌و تەنیا جاوەکەیان بە کەڵك دەهات.

ئەوەی کە زیاتر دڵخۆشی دەکردم ئەمە بوو کە لە کۆتاییدا، دوای پێنج شەش سەفەری لەمجۆرەو پاش ئەوەی گەییمە قەناعەتی تەواو کە کەشتییەکە تەواو هیچ شتێکی تری تیا نەماوە کە بە کەڵك بێت‌و هیچی ترم لێی دەستناکەوێ، کەچی دوای ئەم هەمووە، یەك بەرمیلی گەورە نان، سێ جلیکانە ڤەخارنی نەیشەکەر یان نۆشینەمەنی دی، یەك کارتۆن شەکرو، یەك بۆشکە ئاردیشم دۆزییەوە. زۆرم پێ سەیر بوو، چونکە بە تەمای دۆزینەوەی هیچ ئازووقەیەکی دی جگە لەوانەی کە ئاو زایەی کردبوون، نەمابووم. بە پەلە بەرمیلە نانەکەم بە تاڵ کرد، نانەکەم سەفتە سەفتە لەو پارچە بایەوانانەوە پێچا کە خۆم بڕی بوومن. بە کورتیەکەی هەر هەموو ئەم شتانەشم بە سەلامەتی گەیاندە بەستێن‌و کەنارەکە.

ڕۆژی دوایی سەفەرێکی تازەم کرد، دوای ئەوەی هەرچی شتی لەبارو باش هەبوو لە کەشتییەکەم گواستبوونەوە، ئێستا دەچوومە سۆراخی تەناڤ تێل‌و سیمان، سیمێکی گەورەم، بۆ ئەوەی بێتە هەڵگرتن‌و گواستنەوە، کەرت کەرت کرد، دوو تێلی دیکەو سیمێکی پۆڵاو هەر پارچە ئاسنێکی دیم بەرچاو کەوت هەر هەموویم بۆ کەنارو بەستێنەکە هێنا، هاتم قوڵی ئاسۆیی بورجێکم لەت کردو لەوەو لە تەختەو شتی دی کەڵەکێکم دروست کرد، پڕم کرد لەو شتە قورسانەو کەوتمە ڕێ، بەڵام لەو دەچوو، بەخت حەزی لەوە بێ رووم لێ وەربگێڕێ، چونکە ئەم کەڵەکە هێندە قورس‌و گران بوو کاتێ کە خۆم بەو کەنداوە چکۆلەیەدا کرد کە بارەکانی پێشووشم هەر لەوێ داگرتبوو، کەڵەکەکە بۆ خۆی وەرگەڕاو بە خۆم‌و هەموو بارەکەمەوە کەوتینە ئاوەکەوە. بەخۆم، چونکە نزیکی بەستێنەکە بووم ئازارێکی ئەوتۆم نەگەیی، بەڵام بەشی هەر زۆری بارەکەم لە دەست چوو، بە تایبەتی ئاسنەواتەکان، کە زۆرم پێویست پێیان دەبوو. بە هەرحاڵ وەختایە ئاوەکە نیشتەوە، زۆربەی پارچە سیمەکان‌و هەندێ لە ئاسنەواتەکانم، هەڵبەتە بە زەحمەتێکی زۆر، بۆ ڕەخی دەریاکە گواستەوە، چونکە ناچار بووم بۆ دۆزینەوەیان زەرگ لێبدەم‌و بچمە ژێر ئاوەکە، کە ئەم کارە زۆری ماندوو دەکردم، دوای ئەمە هەموو رۆژێ بۆ لای کەشتیەکە دەچووم‌و هەرچیەکم دۆزیباوە، دەگەڵ خۆم دێنا.

سیازده رۆژ بوو له وشكاییدا دەژیام، لەم ماوەیەدا یازده كەڕەت چوو بووم بۆ لای كەشتیەكە، هەر شتێك بەدەست هەڵگیرباِ، دەگەڵ خۆدا هێنا بووم، خۆ دڵنیا بووم كه ئەگەر هەواكەی ئارام بوایە، هەر هەموو كەشتیەكەم پارچە پارچە دێنا. لێ وەختێ خەریك بوو خۆم بۆ دوازدەمین سەفەر ئامادە دەكرد، سەیرم كرد با هەڵیكرد. وێڕای ئەمەش دەگەڵ نیشتنەوەو كشانەوەی ئاوەكەدا، بەرەو كەشتیەكە وەڕێكەوتم. هەرچەنده به خەیاڵی خۆم كابینەی كەشتیەكە هێنده به وردی گەڕا بووم كە هیچ شتێكی دیكەی تیا نەما بوو، كەچی وێڕای ئەوەش كۆمەدییەكی چەكمەجەدارم دۆزییەوە، كە لە یەكێك لە چەكمەجەكانیدا دوو سێ گوێزان و قەیچیەكی گەورەو دە دوازده چەقۆو چنگاڵی زۆر باشی تیا بوو. چەكمەجەیەكی دیكەی نزیكەی سی و شەش پاوەند، بڕێك سكەی ئەوروپایی، بڕێك سكەی بەرازیلی و كۆمەڵێك دۆلاری ئەسپانیایی، هەندێ زێڕو بڕێك زیوی تیا بوو.

كە چاوم بە پارەكان كەوت، پێكەنین گرتمی، بە دەنگی بەرز گوتم: "تڕحێو، ئاخر ئێوه بە كەڵكی چی من دێن؟ بۆ من هیچ نرخێكتان نیە، ئەوە نایەنن دەگەڵ خۆمتان بەرم. یەكێك لەم چەقۆیانە هەر هەموو ئەم پارانە دێنێ. ئێوه هیچ خێرێكتان بۆ من نیە. باشتر وایە هەر لێرە بمێنن و وەكو بوونەوەرێك كە شایستەی رزگار كردن نەبێ، بچنە بنی دەریا." لێ كە زیاتر لەفكران ڕاچووم، پارەكانم هەڵگرت، هەموویم لە پارچە جاوێكدا پێچایەوە، ئەوجا لە دڵی خۆدا گوتم وا چاكە كەڵەكێكی دیكە دروست بكەم. لێ بەدەم چێكرنی كەڵەكەكەوە، هەستم كرد هەواكەی گۆڕی، بایەكە توندی كرد، دوای چارەكە سەعاتێك گژە بایەكی توند لە سەمتی رەخ و بەستێنەكەوە هەڵیكرد. یەكسەر هات بە خەیاڵما كە بەم بایە وەختی كەڵەك چێكردن نیەو باشتر وایە تا زووەو بەر لەوەی شەپۆلان دەست پێبكەن بڕۆم، ئەگینا لەوەیە بە ئاسانی نەگەمەوە كەنار. ئەنجام خۆم بە ئاوەكەدا داو بە مەلە ئەو مەودایەی نێوان كەشتیەكەو گردولكە چەوو لمەكەم بڕی و تەنانەت ئەم كارەشم بە دژواری ئەنجام دا،چونكە كێشی ئەو شتانەی كە پێم بوون، قورس بوو، بەشێك لە سەختی كارەكەش بە هۆی پێكدانی شەپۆلی ئاوەكەوە بوو، بایەكەش توند بوو و پێش ئەوەی ئاوەكە بە تەواوەتی هەستێت، گژەبا دەستی پێكرد.

ئەنجام گەییمەوە وشكایی و چادرە چكۆلەكەی خۆم، بە هەموو ئەو سەروەت و سامانەوە كە بە سەلامەتی دەگەڵ خۆمدا هێنا بووم ڕاكشام. بە درێژایی ئەو شەوە هەر زریان و گژەبا بوو، بەیانی وەختایە روانیمە پیرە دەریا، سەیرم كرد هیچ شوێنەوارێكی كەشتی تاین دیار نییە. هەندێ حەپەسام، بەڵام بەمە دڵخۆشی خۆم دەدایەوە كە دەرفەتم لە كیس نەدا بوو،و ئەوەی بە كەڵك هاتبوو لە كەشتیەكەم دەرهێنا بوو، ئەوەی ڕاستی بێ شتێكی ئەوتۆی تیا نەما بوو كە جێی داخ بێ.

لێبڕام، چیدی بیر لە كەشتییەكەو شتەكانی ناوی نەكەمەوە، مەگەر بیر لەو شتانە بكەمەوە كە دوای نقوم بوونی كەشتیەكە شەپۆلی ئاو بۆ كەنارەكەی دێنان، كە بەڕاستیش زۆر شتی جۆراو جۆریش گەیینە كەنارەكە، بەڵام تەقریبەن هیچ سوودێكیان بۆ من نەبوو.

## قەلا دروست دەکەم

ئێستا هەموو خەمێکم ئەوە بوو کە خۆم لە هەنبەر دڕندان، چ مرۆڤێن هۆڤی کە دوور نەبوو پەیدا ببن و چ حەیواناتی دڕندەو کێوی کە ئەگەری ئەوە هەبوو لە دوڕگەکەدا هەبن، بپارێزم. زۆرم بیر لەمەو لەوە کردەوە کە چ جۆرە ماوایەك بۆ خۆم دروست بکەم، لە دڵی خۆمدا دەمپرسی ئایا بۆ خۆ نیمچە ئەشکەوتێك لە عاردی هەڵکەنم یان لەسەر عاردی چادرێك هەڵدەم. بە هەرحاڵ گەییمە دوو ئەنجامگیری کە جێی خۆیەتی باسی هەر یەکێکیان بکەم.

هەر زوو بۆم دەرکەوت ئەو شوێنەی کە تیای دەژیام، شوێنێکی لە بارو ئەمین نییە، بە تایبەتی کە لە نێو سەوزە زارێکی کورت و نزیکی دەریاکە بوو. لە رووی تەندروستیشەوە شوێنێکی باش نەبوو، ئاوی خواردنەوەی نزیك نەبوو. بۆیە لێبڕام شوێنێکی ئەمین ترو لە بارتر وەدۆزمـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەوە.

ئیدی دەرهەق بە رەوش و وەزعی خۆم بیرم لە زۆر شت کردەوە: یەکەم، تەندروستی و ئاوی شیرین، دووەم، سێبەرو ساباتێ کە لە گەرمای هەتاو بمپارێزێت، سێیەم، دووری لە بوونەوەرانی برسی چ مرۆڤ و چ حەیوان. چوارەم، دەریام لێوە دیار بێ تا ئەگەر خواکردی و کەشتیەك لە دوورەوە دەرکەوت، دەرفەتی رزگار بوونم لە دەست نەچێت، چونکە هێشتا هەر بە ئومێدی رزگاری بووم.

بەدەم گەڕانەوە لە شوێنێکی لەبار، پارچە ئەرزێکی چکۆلەم لە پەنا گردێکی بەرزدا دۆزییەوە. روویەکی گردەکە کە دەهاتەوە سەر ئەم زەویە تەختانییە، لێژ بوو، یانی هیچ شتێك نەبوو بەسەرما بکەوێ. لە بناری گردەکەدا تاوێرێك هەبوو هەندێك چاڵ بوو، چوو بووە ناوەوە، لە زارکی ئەشکەوت دەچوو، بەڵام لە راستیدا نە هیچ ئەشکەوتێك لە ئارادا بوو و نە هیچ رێگایەکی بۆ دەچوو.

لێبڕام لەم سەوزەزارە تەختانیەداو رێك لەبەردەم ئەم چاڵییەدا چادرەکەم هەڵدەم. پانی ئەرزەکە لە سەد شەقاو پتر نەبوو، درێژییەکەی دوو هێندەی پانیەکەی دەبوو. بەردەم ماڵەکەم سەوزەزارێکی پان و بەرین بوو کە بە شێوەیەکی نا رێك و پێك تا زەویە نزمەکانی کەنار دەریاکە دەڕۆیی. زەویەکە کەوتبووە باکوورو باکووری رۆژاوای گردەکەوە، یانی بەم پێیە تا ئەو کاتەی خۆر بەرەو سەمتی رۆژئاواو باشوور یان ئەو ئاقارە دەڕۆیی، لە گەرمای خۆرەکە دەیپاراستم. لەو بەشەی گۆی زەویدا هەتاو لەو قۆڵەوە ئاوا دەبێت.

بەر لەوەی خێوەتەکەم هەڵدەم، نیو بازنەیەکم لەبەردەم چاڵەکەدا کێشا کە کۆتایی تیرەکەی نزیکەی دە شەقاو لە تاوێرەکەوە دوور بوو و تیرەکەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بیست شەقاو بوو.

دوو ڕیز ئەستوونی مەحکەم‌و قایمم لەم نیو بازنەیەدا چەقاند. بەرزترین ئەستوونیان نزیکەی پێـنج پـێ‌و نیـو لـە ئەرزەکـەوە بـەرز بـوو و نـووکێکی تیـژی هـەبوو. دووری ئـەم دوو ریـزە لـە یەکدیەوە هەر شەش ئینج دەبوو، زیاتر نەبوو.

پاشان ئەو تەل‌و سیمانەی کە لە کەشتیەکەم هێنا بوون‌و بڕی بوومن، هەڵگرت‌و لە خوارەوە تا سەرەوە بە بەینی ئەستوونەکاندا ڕایەڵم کرد، ئەوجا ریزێك سنگم، کە بەرزی هەر یەکێکیان نزیکەی دوو پێ‌و نیو دەبوو، لە دیوی ناوەوەی بازنەکەداو روو لە ئەستوونەکان داکوتی. ئیدی ئەم حەوش‌و حەسارە هێندە مکووم بوو کە هیچ ئینسان یان حەیوانێك نەیدەتوانی لێوەی بێتە ژوورەوە. ئەم کارە زەحمەت و زەمانێکی زۆری برد، بە تایبەتی بڕینی کاریتەکان لە جەنگەڵ‌و لێرەوارەکەو گواستنەوەیان‌و داچەقاندنیان لە عاردی کارێکی زۆر قورس بوو.

کارێکی وەهام کرد کە ڕێگای چوونە ژوورەوە لـە دەرگاوە نـەبێ، بەڵکو لـە ڕێگـەی پەیژەیـەکی نزمەوە بێت کە پێیا سەر بکەوم‌و پاش ئەوەی چوومە ژوورەوە پەیژەکە هـەڵگرم، بـەو شـێوەیە کـە دەچـوومە نـاو حەسـارەکە ئیـدی لـە ئـەمانی تـەواودا دەبـووم‌و وام هەسـت دەکـرد لـە هـەموو دنیـا جیـام، شـەوان بـە ئیسـراحەت دەخـەوتم، لـە کاتێکـا ئەگـەر وا نەبوایـە نەمـدەتوانی ئاسـوودەو دڵنیابم، هەرچەندە پاشان دەرکـەوت کـە هیچ پێویست بـەم هـەموو دڵـەڕاوکێ‌و تـرس‌و نیگـەرانیـە نەبوو و ترسی من لە دژمنان، ترسێکی بێ بنج‌و بناوان بوو.

هەرچـیم هـەبوو بـە زەحمـەتێکی زۆر، بردمـە نـاو حەسـار یـان قەڵاکەمـەوە، یـانی هـەموو ئـەو ئازووقە، تەقەمەنی، کەلوپەل‌و زەخیرانەی هەمبوون، بردمنە ژوورەوە. بۆ خۆم خێوەتێکی (چادر) گەورەم هەڵدا تـا لـە باران بمپـارێزێ، لـە هەنـدێ وەخـتی سـاڵدا بارانی توند دەباری. خێـوەتێکی دوو بەرم دروست کرد، یانی خێوەتێکی چکۆلەم، لە ژێر خێوەتە گەورەکەمدا هەڵداو، لە دەرەوە مشەمایەکی گەورەم، کە لە بایەوانەکانی کەشتیەکەم کرد بووەوە، دا بەسەر خێوەتە گەورەکەدا.

ئێستا بە زۆری لە جۆلانەکەی یاریدەدەری کەشتیەکەدا دەخەوتم کە بەڕاستی زۆر رەحەت بوو، لەسەر ئەو تەختە خەوە نەدەنووستم کە هێنا بوومە کەنارەکە.

هەموو ئازووقەکەم‌و، هەرچی شتێك کە هەستم دەکرد رتوبەت‌و شـێ خراپـی دەکـات، هێنایـە ناو چادرەکە. هەنووکە کە هەموو دارونەداری خۆم قایم کردبوو، دەرکۆکەیـەکم کـردەوە کـە تـا ئـەو کاتە هێشتا نەکراوە بوو، وەکو گوتم لە ڕێگەی پەیژەیەکی کورتەوە دەرو ژوورم دەکرد.

دوای ئەم کارانە کەوتمە کونکردنی تاوێرەکە، هەر هەموو ئەو گڵ‌و بەردەی کە هەڵم دەکەند، بەناو چادرەکەما دەمبردە دەرێ، هەموویم لە ناو حەسارەکەدا لە شێوەی سەکۆیەك لەسەر یەك کەڵەکە دەکرد، بەرە بەرە ئاستی زەویەکە نزیکەی پێ‌و نیوێك بەرز بووەوە. بەمجۆرە لە پشت چادرەکەمەوە غارێکم دروستکرد، کە وەکو عەمارێك بوو بۆ ماڵەکەم.

ئەم کارانە رۆژانێکی زۆرو پڕ زەحمەتی بردو هەڵبەتـە دەبـێ ئامـاژە بـۆ چـەند شتێکی دیکـەش بکـەم کـە مێشـکیان مـژول کردبـووم. لـەو دەمانـەدا کـە نەخشـەی هەڵـدانی چـادرو دروسـتکردنی ئەشـکەوتم دەکێشـا، بـارانێکی تونـد دەسـتی پێکـرد، هـەورێکی تونـدو تاریـك بـەری ئاسمـانی گرتبـوو، لـە ناکـاوا چـەخماخەیەك بڵاچـەی دا، دوای ئـەوە گـرم‌و هـۆڕی هـەور دەسـتی پێکـرد.

چەخماخەکە زۆری نەترسانم، ئەوەی غافڵگیری کردم ئەو بیرۆکەیە بوو کە بروسکە ئاسا بە مێشکم دا هات: بارووتەکان! وەختێ بیرم کردەوە لەگینە هەموو باروتەکانم بە هۆی تەقینەوەیەك تیا بچێت، دڵم داخوریا، چونکە ئەگەر شتی وا روویدابایە، نەك هەر بێ چەك و بێ بەرگری دەمامەوە، بەڵکو بێ خواردن و خۆراکیش دەمامەوە. ئەسڵەن بیرم لەو مەترسیە نەدەکردەوە کە هەڕەشەی لە خۆم دەکرد، لە کاتێکا کە ئەگەر بارووتەکان گڕیان گرتبا، بە خۆیشم نەمدەزانی چیم بەسەر دەهات.

ئەم رووداوە بە جۆرێ کاری تێکردم کە دوای کۆتایی زریانەکە هەموو کارەکانم، بیناکاری و حەوش و حەسارسازی و هەموو شتێکم نایە لاوەو کەوتمە ئامادەکردنی کیسەو پاکەتان تا بارووتەکەم جیا بکەمەوەو هەر تۆزێکی لە کیسەو پاکەتێك بکەم تا ئەگەر بویەرێك قەوما هەمووی بە جارێك و لە یەك شوێنا ئاگر نەگرێت و، کیسەو پاکەتەکان بەڕادەیەك لە یەکەوە دووربن کە ئەگەر یەکێکیان ئاگری گرت، ئەوانی دی نەگرێتەوە. ئەم کارە نزیکەی دوو هەفتەی خایاند، وا بزانم بارووتەکەم، کە هەمووی نزیکەی دوو سەد و چل پاوەند بوو، بەسەر سەد کیسەو پاکەتدا دابەش کرد. سەبارەت بەو بۆشکەیەی (بەرمیل) کە تەڕ بوو بوو، خەمم نەبوو، ئەوەم لە ئەشکەوتە تازەکەمدا دانا، کە لە دڵ و خەیاڵی خۆمدا ئەوێم ناو نابوو ئاشخانە. باقی کیسەو پاکەتەکانم لە درزو پەناو پەسێوی سەرو خواری تاوێرەکەدا تاقەت کرد، هەڵبەتە بە جۆرێکم دانان کە رتوبەت و شێ نەکێشن و شوێنەکانیانم بە دیقەت نیشانە کرد.

لەو ماوەیەدا کە ئەم کارەم دەکرد، بەلای کەمەوە رۆژی جارێك تفەنگ بەدەست دەچوومە دەرێ تا هەم بای باڵێکی خۆم بدەم و هەم سڕی پێیان دەربکەم، هەم ئەگەر بتوانم شتێك بۆ خواردن ڕاو بکەم و هەر چۆنێ بووە خۆم دەگەڵ هەر خواردنێکی دوڕگەکەدا ڕابێنم. جاری یەکەم کە چوومە دەرێ، یەکسەر بۆم دەرکەوت کە دوڕگەکە بزنە کێوی تیایە، کە ئەمە زۆری خۆشحاڵ کردم، بەڵام ئەم کەشفە بە بەختی من نەگەڕا، چونکە بزنەکان هێندە سڵۆك، هێندە ڕەقۆك و هێندە قۆچاخ بوون، ڕاوکردنیان قورسترین کاری دنیا بوو. لێ ئەمە ساردی نەکردمەوە، دڵنیا بووم کە درەنگ یان زوو یەکێکیان هەر ڕاو دەکەم و ئەم خەونەش زۆر زوو هاتە دی. دوای ئەوەی ماوەیەك کەوتمە چاودێری و تاقیبی هاتوچۆیان، بەمجۆرە بۆیان کەوتمە کەمین نانەوە: بیرم کردەوە کاتێ لەسەر تاوێرەکانەوە من بدینن، سڵ دەکەنەوەو دەڕەڤن، بەڵام ئەگەر ئەوان لە دۆڵەکاندا خەریك لەوەڕ بن و من لەسەر تاوێرەکان بم هەنگێ ئاگایان لە من نابێ و سڵ ناکەنەوە، گەییمە ئەم ئەنجامەی کە بە گوێرەی کۆ ئەندامی بینایییان، چاویان لە خوارەوە دەبێت و ناتوانن بە ئاسانی شتەکانی سەرەوە بدینن، بۆیە ئیدی ئەو رێبازەم گرتەبەر کە هەمیشە لە سەرەتاوە دەچوومە سەر تاوێرەکان تا لە سەرووی ئەوانەوە بم و بە زۆریش لە نیشانە گیریدا سەرکەوتوو دەبووم. هەوەڵ ڕاوم ئاسکێك بوو کە کارمامزە چکۆلەکەی بە دیاریەوە بوو و گوانی دەمژی، هەڵبەتە زۆر نارەحەت و نیگەران بووم. کاتێ دایکەکە کەوتە سەر زەوی، بێچووەکەی هەر بە دیارییەوە وەستا تا من هاتم و دایکەکەم هەڵگرت، مەسەلەکە هەر بەوەندە نەبڕایەوە، بەڵکو کاتێ من دایکەکەم دا بە شانماو بردم، بێچووەکەش دوام کەوت. کە چاوم بەم دیمەنە کەوت، دایکەکەم لە عاردی داناو

بێچوەکەم لە باوەش کردو بەو ئومێدەی کەماڵی بکەم، بۆ قەڵاکەی خۆم برد، لێ هیچی نەدەخوارد، بۆیە ناچار بووم ئەویش بکوژمەوەو بۆ خۆم بیخۆم. تا ماوەیەکی زۆر بە گۆشتی ئەو دوو حەیوانە ئیدارەم کرد، چونکە قنیاتم لە خواردن دەکردو ئەوەندەی بکرایە دەستم بە ئازووقەوە، بە تایبەتی بە نانەوە دەگرت.

هەنوکە کە جێ حەوانەوەم دابین بوو بوو، سەیرم کرد کاری هەرە پێویست ئەوەیە کە ئاگردانێك چێبکەم. هەنووکە بە تێرو تەسەلی و دوورو درێژی باسی ئەوە دەگێڕمەوە کە بۆ ئەو مەبەستە چیم کردو چۆن شکەفتەکەم گەورە کرد. بەڵام سەرەتا پێویستە شتێك دەربارەی خۆم و چۆنیەتی بیرکردنەوەم لە ژیان و دەربارەی ژیان بگێڕمەوە، کە هەڵبەتە تەسەور ناکرێت، ئەم بابەتە زۆریش کورت بێ.

دەربارەی وەزعی خۆم زۆر رەشبین بووم و هەرچی سەرم دێناو دەبرد تروسکەی ئومێدم بەدی نەدەکرد، چونکە بەهۆی زریانێکی تووشەوە، بە تەواوەتی لە رێڕەوی هەوەڵینی سەفەرە دەریاییەکەم دوور کەوتبوومەوەو کەوتبوومە ئەو دوڕگە چۆڵ و هۆڵەوە، یانی سەدان فەرسەخ لە رێڕەوی ئەسڵی بازرگانی و بەشەرەوە دوور بووم،و ئەمەم بە ئیرادەو خواستی خوایی دەزانی، کە قەراری دابوو ژیانی من لەم چۆڵەوانیەو بەم گۆشەگیرییە کۆتایی بێت. کاتێ کە بیرم لەم مەسەلەیە دەکردەوە فرمێسك بە چاوانمدا دەهاتە خوارێ و هەندێجار گلەییم دەکرد کە بۆچی دەبێ خواوەند بەمجۆرە مەخلوقاتی خۆی گیرۆدە بکات و لە قوڕی ڕەشیان بنشینێ، بەمجۆرە بێ یارو یاوەر بەرەڵلایان بکات و دووچاری ئەم مەینەتیەیان بکات، ئاخر چۆن بەشەر بەم ژیانە شوکرو رازی بێ.

لێ هەمیشە، شتێك ڕووی دەداو دەهاتە پێشێ کە ئەم بیرانە لە خۆم دوور بخەمەوەو خۆم سەرزەنشت بکەم. رۆژێ تفەنگ بە دەست، بە ڕەخی دەریاکەدا رێم دەکردو لەفکران ڕاچوو بووم و بیرم لە وەزع و حاڵی ئێستای خۆم دەکردەوە، لە پڕ ئەقڵ بەرۆکی گرتم و لە روویەکی ترەوە کەوتە سەرزەنشتم: "بەڵێ، تۆ لە هەلومەرجێکی خەمناکدا دەژی، بەڵام بیرێك لەوەش بکەوە کە هاوڕێکانی ترت لە کوێن. مەگەر کە سواری کەشتیەکە بوون یازدە کەس نەبوون؟ بۆچی ئەوان رزگار نەبوون و تۆ نەفەوتاوی؟ وەزعی تۆ باشترە یا هی ئەوان؟" ئەوجا چاوم بڕیە دەریاکە. هەر خراپیەك جۆرە باشیەکی پەنهانی هەیەو هەر باشیەك جۆرە خراپیەکی پەنهانی هەیە.

دیسان لە فکران ڕاچووم، لە دڵی خۆدا دەمگوت بەس نەبوو توانیم ئەم شتانەش فەراهەم بکەم، ئەگەر وا نەبوایە چم دەکرد، خوا دەزانێ چم بەسەر دەهات، بەس نەبوو کەشتیەکە لەو شوێنەدا کە پەکی کەوت بە مۆڵەقی مایەوەو غەرق نەبوو، بەس نەبوو ئەوەندە لە کەنارەکەوە نزیك بوو کە بتوانم ئەو هەموو شتە بگوازمەوە. ئەگەر ناچار بوایەم، بەو شێوەیەی کە هەوەڵ جار گەیی بوومە کەنارەکە، بەبێ هیچ کەلوپەل و کەرەستەیەکی پێویستی ژیان، بژیم، چ دەبوو؟ بە دەنگی بەرز وەڵامی خۆم دایەوەو گوتم: "بە تایبەتی بەبێ تفەنگ، بەبێ تەقەمەنی، بەبێ هیچ ئامێرو ئەسپابێکی کارکردن، بەبێ جل و بەرگ، کەرەسەی خەوتن، چادر، پەناگە، چم دەکرد؟" لە دڵی خۆدا گوتم هەنووکە هەموو ئەو شتانەم بە زیادەوە هەن، خۆ ئەگەر تەقەمەنی و شتیشم

تەواو بێ دەتوانم درێژە بە ژیان بدەم، دەتوانم هەر چۆنێ بووە تا کۆتایی تەمەن، ژیانێکی هاکەزایی و پەسند بەسەر بەرم، چونکە لە سەرەتاوە بیرم لە هەر تەنگانەو مەبادایەك کردبووەو نەك هەر تەگبیری ئەوەم کردبوو کە ئەگەر تەقەمەنیم تەواو بوو چ بکەم، تەنانەت تەگبیری ئەوەشم کرد بوو کە نەخۆش بکەوم پەکم بکەوێ چ بکەم.

هەڵبەتە نایشارمەوە کە هیچ کاتێ گومانم نەدەکرد تەقەمەنیم بە یەك تەقینەوە تەواو ببێت، مەبەستم تەقینەوەی بارووتەکەمە بە هۆی هەورە بروسکەوە، بۆیە ئێستا کە چەخماخەو هەورە بروسکە دەستی پێکردبوو، زۆر غافڵگیر بوو بووم.

هەنووکە کە دەمەوێ باسی دیمەنێکی خەمناکی ژیان بکەم، دیمەنێك کە رەنگە لە دنیادا هیچ کەسێك هیچی دەربارە نەبیستبێت، پێویستە لە هەوەڵەوە دەست پێبکەم و بویەرو واریقاتەکان بە ریز بگێرمەوە. بە گوێرەی مەزەندەی من، سی و یەکی مانگی نۆ بوو کە پێم نایە ئەم دوڕگە سامناکەی کە پێشتر باسم کرد. لەو کاتەدا هەتاو، کە ناوەڕاستی پایز بوو، رێك بە دیار سەرمەوە بوو، چونکە بە مەزەندەو روانینی خۆم لە پانی نۆ دەرەجەو بیست و دوو دەقیقەی باکووری دابووم.

دوای ئەوەی کە دە دوازدە رۆژم لە دوڕگەی ناوبراودا بەسەر برد، هەستم کرد بە هۆی نەبوونی دەفتەرو قەڵەم و مەرەکەبەوە حیسابی رۆژو زەمانم لێ تێك دەچێت و، تەنانەت لە بیرم دەچێت کە چ رۆژێك رۆژی پشووەوەو چ رۆژێك رۆژی کارە. جا بۆ ئەوەی لەو فەرامۆشییە رزگار بم، کاریتەیەکی داری گەورەم هێنایە ئەو بەشەی کەنارەکە کە هەوەڵجار لەوێوەوە هاتبوومە سەر وشکایی، ئیدی دارەکەم لە شێوەی خاچێکی گەورەدا لە عاردی داچەقاندو بە حەرفی درشت لەسەریم هەڵکۆڵی "١٦٥٩/٩/٣٠ پێم نایە ئەم کەنارە."ئیدی هەموو رۆژێك، هەر جارەی لە لایەکی ئەم دیرەکە چوار گۆشەیەوە، بە چەقۆیەکەم خەتێکم دەکێشا، بۆ حەوتەمین رۆژ خەتێکی درێژم دەکێشا و بۆ هەوەڵین رۆژی هەر مانگێکیش خەتێکی درێژی دیکەم، بەڵام بە درێژییەکی جیاوازتر دەکێشا، بەمجۆرە حیسابی رۆژان، هەفتە، مانگ و ساڵانم بۆ خۆم ڕاگرت.

هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێم کە لە ناو ئەو شتانەدا کە لە کەشتیەکە کێشابوومنەوە، پێشتر باسم نەکردوون، زۆر شتان هەبوو بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو. بۆ نموونە قەڵەم، مەرەکەب و چەند بەند کاغەز کە لە ژوورەکەی یارۆی کەشتیوان، یاریدەدەرەکەی، کابرای تۆپچی و دارتاشەکە هێنابوومن، سێ چوار قیبلەنما، هەندێ ئامێری حیسابیاتی ماتماتیك، سەعات، دووربین، نەخشەو کتێبی رێنمایی دەریاوانی کە هەر هەموویانم بێئەوەی بە کەڵکم بێن یان نا کۆ کردبووەوە. جگە لەمانە سێ بەرگی یەجگار توحفەو دەگمەنی ئینجیلم، کە لە ئینگلیستانەوە بۆم هاتبوو، دۆزییەوە، ئەمانەم دەگەڵ شتەکانی دیکەمدا بەستەبەندی کرد. هەروەها چەند کتێبێك بە زمانی پرتوگالی، کە دوو سێ کتێبی دوعای کاتولیکان، ژمارەیەك کتێبی دیکە، کە هەر هەموویم بە دیقەت هەڵگرتبوو، لە کەشتیەکەدا سەگێك و دوو پشیلەشم هەبوون، کە پێویستە لێرەدا یادێکی رابردووی ئەوانیش بکەمەوە، هەردوو پشیلەکەم دەگەڵ خۆدا هێنا بوون، سەبارەت بە سەگەکەش، بەخۆی خۆی لە کەشتیەکە هەڵدایە دەرەوەو رۆژێ دوای ئەوەی کە

یەکەمین بارم گەیاندە کەنارەکە، بە مەلە خۆی گەیاندمیّ و سالآنێکی زۆر وەکو خزمەتکارێکی ئەمەکدار لام مایەوە. رەنگ نەبوو شتێکم لێی بویّ و بۆم نەیەنیّ، هاودەمی هەمیشەییم بوو. پڕ بە دلْ حەزم دەکرد زمانی هەبوایەو توانیبای قسەم دەگەلْ بکات، بەلآم ئەمەی لە تواناد نەبوو. وەکو گوتم قەلّەم و مەرەکەب و کاغەزم پەیدا کردبوو و زۆر بە چاکی هەلّم گرتبوون، تا ئەو کاتەی مەرەکەبەکەم تەواو نەبوو بوو، هەموو شتێکم بە وردی دەنووسی، لێ پاش تەواو بوونی مەرەکەبەکەم، ئیدی پەکم کەوت، نەمدەتوانی درێژە بەو کارەم بدەم، چونکە کەم و زۆر شارەزای دروستکردنی مەرەکەب نەبووم.

ئەمە بووە مایەی ئەوەی پەی بەوە بەرم کە پێویستم بە زۆر شتان هەیە، هەرچەندە زۆر شتیشم بۆ خۆم فەراهەم کردبوو. یەکێك لەو پێویستیانە مەرەکەب بوو، هەروەها بێلْ، خاکەناز، قوڵنگ بۆ هەڵکەندنی زەوی، دەرزی، سنجاق، دەزوو، جل و بەرگی ژێرەوە، چەند پێویستم پێی بوو!

کەمی ئامێرو ئەوزاران کردبوویانە کارێك، بمویستبایە هەر کارێك بکەم، زۆر بە زەحمەت و دژواری لەبەرم بڕوات، نزیکەی یەك دانە سالّی تەواوی پێ چوو تاتوانیم قەلآ چکۆلەکەم یان شوێنە سنووردارەکەم ، تەواو بکەم، بڕین و ئامادەکردنی ئەستوون و کاریتان لە لێرەوارەکە زۆری درێژە کێشا، هەروەها گواستنەوەشیان بۆ مالّەکەم زۆری برد، هەندێجار بڕینەوەی یەکێك لەو کاریتانە دوو دانە رۆژی دەخایاند و رۆژێکی تەواویش بە داچەقاندنیەوە دەبووم. لە سەرەتا، بۆ داچەقاندنی کاریتەکە، سوودم لەکۆڵکە دارێکی قورس دەبینی، بەلآم پاشان بیرم کردەوە کە بۆ ئەو مەبەستە لۆسەی ئاسن بەکار بەرم، ئەگەرچی لۆسەم پەیدا کرد، بەلآم ئەوەندە قورس بوو، زۆری ماندوو دەکردم. بەلآم ئەمە جێی نیگەرانی نەبوو، چونکە وەختم زۆر بە دەستەوە بوو. ئەگەر ئەم کارە قورسانە تەواو بوایەن، هیچ کارێکی دی نەبوو بیکەم. جگە لەو کارانە، تاقە کاری ترم ئەوە بوو کە لە دورگەکەدا لە خواردن بگەڕێم و هەموو رۆژێك کەم دابێژێك ئەم کارەشم دەکرد.

ئیدی کەوتمە بیرکردنەوە لە خۆم و لەو وەزع و حالّەی تێی کەوتووم، هەر هەموو کارو بەسەرهاتەکانی خۆم تۆمار کردو کۆم کردەوە، نەك بۆ ئەوەی وەکو یادگارێك بۆ خەلّکانی دوای خۆم بمێنیّ، چونکە میراتگری زۆرم نەبوو، بەلّکو بۆ ئەوەم بوو کە خۆم لەم رۆژانە یاداشتانە دوور بخەمەوە، بەرە بەرە ئەقلّم خەریك بوو زالْ دەبوو بەسەر نائومێدی و نامورادیمدا بۆیە هەولّم دا بە گوێرەی توانا دلْخۆشی خۆم بدەمەوەوخێرو شەڕی خۆم بە یەك بگرم تا بزانم ئاخۆ لەم وەزع و حالّەی منیش خراتر هەیە یان نا، هەولّم دا وەزعی خۆم بەبیّ لایەنی تەواو وەکو دەفتەری قەرزان تۆمار بکەم و خێرو شەڕی خۆم بەم شێوەیە تۆمار بکەم.

| خێر | شەڕ |
|---|---|
| بەلآم زندووم و غەرق نەبووم، لە کاتێکا هەموو هاوسەفەرەکانم مردن. | بێکەس و تەنیا، بیّ ئومێد لە رزگاری کەوتوومەتە دورگەیەکی ترسناکی و چۆڵەوە |

| | |
|---|---|
| تەنیاو دوور لە هەموو دنیا، لە وەزعو حاڵێکی زۆر خراپا دەژیم | لە هەموو سەرنشینەکانی دیکەی کەشتیەکە کە مردوون باشترم، ئەو کەسەی کە بە شێوەیەکی پەڕجووئاسا رزگاری کردم، دەشتوانێ لەم وەزعەش رزگارم بکات. |
| لە مرۆڤان دابڕاوم، بە تەنیام، لە کۆمەڵگەی بەشەری دوور کەوتوومەتەوە | بەڵام لە برسا نەمردوومو لە چۆڵەوانیەکدا تیا نەچووومو توانیومە خۆراکی خۆم پەیدا بکەم. |
| جلو بەرگم نیە لەبەری بکەم. | بەڵام لە کەشو هەوایەکی گەرمو ئەگەر جلو بەرگیشم هەبوایە، دوور بوو لەبەری بکەم |
| ئەوزاری بەرگریم نیە کە لە هەنبەر ئینسانان یان حەیواناتی دڕندەدا، بەرگری لە خۆبکەم | لێ کەوتوومەتە دوڕگەیەك کە هیچ حەیوانێکی دڕندەی لێ نیە ئاسیوم پێ بگەیەنێ، یانی وەکو کەناری ئەفریقیا نیە، ئەگەر کەشتیەکەم لەوێ غەرق بوایە چیم دەکرد؟ |
| هیچ کەسێك نییە کە قسەی دەگەڵ بکەم یان دڵخۆشیم بداتەوە. | بەڵام خواوەند کەشتییەکەی بەرادەیەك لە کەنارەکە نزیك کردۆتەوە کە توانیومە زۆر شتی پێویستی لێ بگوازمەوە، کەیان پێویستیەکانم دابین دەکەن، یان یارمەتیم دەدەن تا زندووم پێویستیەکانی خۆمی پێ جێبەجێ بکەم. |

بە شێوەیەکی گشتی ئەم لیستە بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدا کە بە دەگمەن وەزعی لەمە خراپتر لە دنیادا دەبینرێ، بەڵام لە هەنبەر هەر شتێکی خراپدا، شتێکی باشیش هەبوو کە جێگەی سوپاسو شوکرانەیە وهەڵبەتە جێی خۆیەتی، لەم نالەبارترین وەزعەی دنیاوە ئەوە هەڵێنجین کە تەنانەت لەم جۆرە وەزعەشدا دەتوانین شتێك بدۆزینەوە کە دڵخۆشی خۆمانی پێ بدەینەوەو لە ئەنجامی بەراوردی خێرو شەڕدا، تای تەرازووەکە بەلای خاوەن قەرزا، واتە قەرز وەرگرەوەدا قورس بێت.

هەنووکە جۆرە گەشبینییەکم لای خۆ دروست کردبوو، ئیدی دەستم لەوە هەڵگرتبوو کە بڕوانمە دەریا تا بزانم کەشتیەك دیارە یان نا. بە کورتی هەنووکە کە دەستم لەم جۆرە کارانە هەڵگرتبوو، کەوتبوومە ئەوەی ژیانی خۆم دەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا بگونجێنمو ئەوەندەی بتوانم کارەکان لە خۆم ئاسان بکەم.

پێشتر باسی سوکنەکەی خۆم کرد کە بریتی بوو لە چادرێك لە پاڵ تاوێرێکداو چوار دەوریم بە کاریتەو تەلو سیم کرد بوو بە حەسارێکی مکومو قایم، ئێستا باشتر وایە ئەم حەسارە ناو بنەم دیوار، چونکە بە هەژگو شولو دڕكو داڵ پەرژینو دیوارێکم لە دەوری ئەم حەسارە دروستکرد بوو کە لە دەرەوە دوو پێیان ئەستوور دەبوو، دوای مودەتێك (نزیکەی ساڵو نیوێك)

هەندێ کاریتەم بەسەر ئەم دیوارەو تاوێرەکەدا رایەڵ کردو بە پێی توانا بە هەژگو دەوەنان‌و هەرچییەکم دەستکەوتبا، سەریم داپۆشی تا لە باران بمپارێزێت، چونکە بۆم دەرکەوتبوو لە هەندێ وەختی ساڵدا بارانی زۆر دەباری.

پێشتر باسی ئەوەم کرد بوو کە چۆن هەموو کەلوپەل‌و شتەکانم گواستەوە ناو ئەم حەسارەو لەو ئەشکفتەم نان کە لە پشت خۆمەوە دروستم کردبوو. لێ دەبێ ئەوەش بڵێم کە لە سەرەتاوە کەلوپەل‌و شتەکانم، زۆر بەبێ سەروبەری لەسەریەك کەڵەکە کردبوو، بە جۆرێ ماڵەکەیان قەرەباڵغ کردبووم کە جێم نەبوو بجوڵێمەوە. بۆیە بڕیارم دا شکفتەکەم هەندێ گەورەتر بکەم‌و تاوێرەکە زیاتر هەڵکۆڵم، چونکە تاوێرەکە قسلێ ئاساو نەرم بوو و بە ئاسانی هەڵدەکەنرا. بەمجۆرە کاتێکم بە خۆزانی کە بە تەواوەتی لە مەترسی دڕندان خەلەسیووم، بە سەمتی راستی تاوێرەکەدا هەڵم کۆڵی‌و پاشان دووبارە بەڕاستا پێچم کردەوەو تاوێرەکەم بە تەواوەتی دەرهێناو دەرکەیەکم کردەوە کە بە دیوی دەرەوەی حەسار یان قەڵاکەما دەکرایەوە.

ئەم دەرکەیە چونکە لە پشتەوە رێگەی بۆ ناو چادرەکەو عەمارەکەم هەبوو، نەك هەر رێگەی هاتوچۆی بۆ خۆم فەراهەم دەکرد، بەڵکو جێگەی هەڵگرتنی کەلوپەل‌و شتەکانیشی فراوانتر دەکردم.

ئیدی کەوتمە دروستکردنی ئەو شتانەی کە وام وێنا دەکرد زۆر پێویستم پێیانە، بە تایبەتی مێزو کورسیەك، چونکە بەبێ مێزو کورسی، نەمدەتوانی بە ئاسانی بنووسم یان نان بخۆم، یان هەندێ کاری دی بە بێ مێز ئەنجام بدەم.

ئیدی دەست بەکاربووم، جا لێرەدا پێویستە ئاماژەیەك بۆ ئەوە بکەم کە چۆن بەڵگەو سەلماندن (استدلال) پایەو بناغەی ماتماتیکە، بەو ئاوایە بە بەڵگەو سەلماندن‌و قەزاوەتی لوژیکی دەربارەی هەر بابەتێك، هەموو کەسێك دەتوانێ بەرە بەرە ببێ بە وەستای هەموو کارێکی هونەری. من لە ژیانما دەستم بۆ هیچ ئامێرو ئەوزارێك نەبردبوو، کەچی بە تێپەڕبوونی رۆژو بە مومارەسەو کۆڵنەدان‌و دەست پێشکەری، بۆم دەرکەوت دەتوانم هەرچییەکم بوێ دروستی بکەم، بە تایبەتی ئەگەر ئامێرو ئەوزارم هەبێت. تەنانەت بەبێ ئەوزارو ئامێریش توانیم زۆر شت دروست بکەم‌و جگە لە تەشوێ و تەور هیچ ئامێرێکی دیکەشم نەبوو. کە رەنگە گەلێك لەو شتانە، هەرگیز پێشتر بەو جۆرە ئامێرانە (تەورو تەشوێ)و بەو زەحمەتە زۆرە، دروست نەکرابن. بۆ نموونە ئەگەر تەختەم پێویست بوایە هیچ چارێکم نەبوو جگە لەوەی درەختێك ببڕمەوە، کە درەختەکەشم دەبڕییەوە، دەبوایە لە بۆشاییەکدا دای بنەم‌و بە تەور سەرو ژێری بتاشم‌و تەنکی بکەمەوە تا ببێ بە تەختەیەکی تەنك‌و ئەوسا بە تەشوێ ساف‌و لووسی بکەم. یانی بەم رێگەیە، یەك تەختەم لە درەختێکی گەورە دروست دەکرد، بەڵام هیچ چارم نەبوو دەبوایە بە سەبرو حەوسەڵەبم‌و وەختێکی زۆر بە دروستکردنی تەختەیەکەوە بەسەر بەرم‌و زەحمەتێکی زۆر بکێشم. بەڵام کارو کاتی من بایەخێکی زۆریان نەبوو، هەمیشە بەم کارانەوە بەسەر دەچوون.

بە هەرحاڵ وەکو گوتم هەوەڵجار مێزو کورسییەکم دروستکردو لەو تەختە چکۆلانە دروستم کردن کە بە کەڵەك لە کەشتییەکەو هێنابوومن. بەڵام کاتێ چەند تەختەیەکم، بەو شێوەیەی کە

باسم کرد، ئامادە کرد، چەند دۆلابێکی گەورەی چەند ڕەفەییم، بە پانی پێ‌و نیوێك دروستکرد، هەر هەموویانم لەلایەکی شکفتەکەوە بەریز داناو ئەوزارو ئامێرو بزمارو هەموو شتەکانم لەسەر ڕەفەکان ریز کردو بە جیا دامنان تا لە کاتی پێویستدا بە ئاسانی بیاندۆزمەوە. چەند تەختەیەکیشم بە دیواری تاوێرەکەدا داکوتی، تا چەك و شتی تریان پێوە هەڵواسم.

بەمجۆرە، ئەگەر یەکێك شکفتەکەی دیتبام هەستی دەکرد وەکو عەمارێك هەموو شتێکی پێویستی تیایە. کە دەمبینی شتەکانم بەو ڕێك‌و پێکییە ریز کراون‌و ئەوزارو ئامێرە زەروریەکانم ئەوەندە زۆرن، زۆرم کەیف پێ دەهات.

ئێستا نۆرەی ئەوە بوو دەست بە نووسینەوەی کارو سەربهوردی ڕۆژانەی خۆم بکەم، چونکە ڕۆژانی هەوەڵ بەڕاستی زۆر شپرزەو سەرقاڵ بووم، نەك هەر لەبەر کار، بەڵکو مێشکیشم زۆر جەنجاڵ بوو، ئەگەر یاداشتم نووسیباوە، بەدڵی خۆم دەرنەدەچوو. بۆ نموونە دەمنووسی:

سییەمی سێپتامبەر: پاش ئەوەی گەییمە کەنارەکەو لە غەرق بوون رزگار بووم، لە سەرەتادا بە هۆی ئەوەوە کە خوێاوێکی زۆر چووبووە سکمەوە، زۆر ڕشامەوە، دوای ئەوەی کەمێك وەخو هاتمەوە، لە بری ئەوەی شوکرانەی خوا بکەم بە غاردان کەوتمە سەر کەنارەکە، بەدەم دەست هەڵتەکاندنەوە دەمکێشا بەسەرو چاوی خۆمدا، شیوەنم بۆ خۆم، بۆ ئەو نەگبەتیە دەکرد کە تێی کەوتبووم، هێندەم هاوار کرد کە تازە کارم کراوە، تیا چووم، شنگ‌و هێزم لەبەر بڕاو یەك تەختە لەسەر ئەرزەکە ڕاکشام کە گوایە ئیسراحەت بکەم، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبا ببم بە خۆراکی جانەوەرو دڕندە، خەوم پێیانەکەوت.

چەند رۆژێك دوای ئەم رووداوەو، پاش ئەوەی چوومەوە بۆ لای کەشتیەکەو هەرچیەکم توانی، دەگەڵ خۆدا هێنام، نەمدەتوانی جڵەوی خۆم بگرم‌و دەچوومە سەر تەپەیەکی چکۆلەو لە دوورەوە، بە ئومێدی ئەوەی کەشتیەك بدینم، دەمڕوانیە دەریاکە. پاشان بە خەیاڵ لە دووری دوورەوە تارمایی کەشتیەکەم دەبینی، دڵی خۆم بەو خەیاڵە خۆش دەکرد، هێندە چاوم دەبڕییە ئەو ئاقارە، تا خەریك دەبوو چاوم کوێر ببێ ، ئەوجا دەست بەردار دەبووم‌و دادەنیشتم‌و وەکو منداڵان دەگریام‌و، ئیدی بەم حەماقەتە هێندەی دی باری خۆم گران دەکرد.

بەڵام پاش ئەوەی ماوەیەك، کە وازم لەم کارانە هێناو توانیم سوکنەو ژیان‌و گوزەرانێك بۆ خۆم فەراهەم بکەم، مێزو کورسیەکی، بە گوێرەی توانا جوان دروست بکەم، دەستم بە نووسینەوەی یاداشتێن رۆژانە کرد، کە لێرەدا، ئەوەندەی نووسیومە بۆتانی دەگێڕمەوە (ئەگەرچی هەموو ئەم وردەکاریانەی تیادا دووبارە دەبێتەوە) چونکە کاتێ کە مەرەکەبم تەواو بوو، ناچار بووم دەست بەرداری نووسینەوەی یاداشتەکانم ببم.

## ڕۆژانە یاداشت

:١٦٥٩/٩/٣٠

من، ڕۆبینسۆن کرۆزی نەگبەت و بێنەوا، کەشتیەکەم کەوتە زریانیکی بەترەف و ترسناکەوەو لە دەریادا تێك و پێك شکا، بە هەزاران گیانەمەرگی گەییمە کەناری ئەم دوڕگە خەمناك و چۆڵ و هۆڵە کە ناوم نا "دوڕگەی نائومێدی". هەموو سەرنشینەکانی دیکەی کەشتیەکە خنکان و تیا چوون، منیش لە مردن گەڕامەوە.

سەرانسەری ئەو ڕۆژەم بە داخ و خەفەتەوە بەسەر برد، دنیام لێ بوو بوو بە چەرمی چۆڵەکە، سەری دنیام لێهاتبووەوە یەك، بۆ نموونە نەخواردنم هەبوو، نەسوکنەیەك، نە جل وبەرگێك، نە چەکێك، نەشوێنێك هەبوو پەنای بەرمێ، چەندم سەر دێناو دەبرد تروسکە ئومێدێکم بەدی نەدەکرد. جگە لە مەرگ و مردن هیچ شتێکی دیکەم لە بەردەم خۆدا نەدەبینی، لەو باوەڕەدا بووم کە یان حەیواناتی دڕندە هەڵمدەدڕن، یان مرۆڤانی کێوی دەمکوژن، یان لە برسانا دەمرم. کە شەو داهات، لە ترسی جانەوەرانی دڕندە، چوومە سەر دارێك، هەرچەندە بە درێژایی شەوەکە هەر باران بوو و بۆ ساتێکیش خۆشی نەکردەوە، بەڵام شوێنەکەم ئەمین بوو.

:١٠/١

بەیانی بەوپەڕی سەرسامی سەیرم کرد کەشتیەکە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی دەریاکەوە، کەوتبووە سەر ئاوو بەرەو کەنارەکە هاتبوو و زۆر نزیکی دوڕگەکە بووەتەوە. ئەم مەسەلەیە لەلایەکەوە دڵخۆشی کردم (چونکە کاتێ بینیم کەشتیەکە ساغەو تێك و پێك نەشکاوە، ئومێدی ئەوەم پەیدا کرد کە بە نیشتنەوەو کشانەوەی ئاوەکە، بتوانم خۆم بگەیەنمە کەشتیەکە و بڕێك ئازووقەو کەلوپەلی زەروری دیکە بۆ خۆم بێنم)، بەڵام لە لایەکی دییەوە زۆرم سوو لە نەمانی هەموو هاوسەفەرەکانم خوارد، چونکە وام وێنا دەکرد کە ئەگەر هەموومان لە کەشتیەکەدا مابایینەوە لەگین بوو بتوانین ڕزگاری بکەین، یان بەلای کەمەوە ئەگەر هەموویان غەرق نەبوایەن و هەندێکیان ڕزگار بوایەن، لەگین بوو بتوانین لە پارچەکانی کەشتیەکە کەڵەکێك دروست بکەین و ڕوومان بکردایەتە گۆشەو کەنارێکی دیکەی دنیا، زۆربەی کاتی ئەمڕۆم بە بیرکردنەوە لەو شتانە بەسەر برد، لێ ئەنجام کاتێ دیتم کەشتیەکە تەقریبەن لە دەرێی ئاوەکەیە، بە تەپە زیخەڵانەکەدا هەوراز بوومەوەو تەواوێك لە کەشتیەکە نزیك بوومەوەو ئەوسا بە مەلە خۆم گەیاندێ. ئەمڕۆش هەر باران بوو، بەڵام دنیا کپ بوو و بای نەدەهات .

:١٠/٢٤ –١

هەموو ئەم ڕۆژانەم بە هاتوچۆی نێوان کەشتیەکەو دوڕگەکەوە بەسەر برد،ئەوەندەی پێم دەکراو لە توانامدا بوو، شتم لە کەشتیەکە بە تاڵ دەکردو دەگواستەوە، هەر جارێ ئاوی دەریاکە هەستابا و خێزاو دەستی پێکردبا، شتەکانم بە کەڵەك بۆ کەنارەکە دەگواستەوە، لەم ڕۆژانەدا

بارانێکی زۆر باری، هەرچەندە جار جاریش دەبوو بە سایەقەو ساماڵ. بەڵام وا دیارە ئەم وەختەی ساڵ، وەرزی بارانی ئەم دەڤەرەیە.

:١٠/٢٠

کەڵەکەکەم بە هەموو بارەکەیەوە وەرگەڕا، بەڵام چونکە شوێنەکەی تەنکاو بوو و شتەکانیش بە زۆری قورس بوون، توانیم دوای نیشتنەوەی ئاوەکە، زۆربەیان بگەیەنمە کەنارەکە.

:١٠/٢٥

تەواوی ئەو شەوو رۆژە باران بە باوە باریو بۆ ساتێ خۆشی نەکردەوە، لەم شەوو رۆژەدا کەشتیەکە پارچە پارچە بوو، بایەکە کەمێك توندتری کرد، جگە لە پاشماوەی کەشتیەکە هیچی دی دیار نەبوو، ئەو پاشماوانەش تەنیا لە تەنکاوەکاندا دەبینران. ئەمرۆم بە داپۆشینو جێکردنەوەی ئەو شتانەوە بردە سەر کە لە کەشتیەکەوە هێنا بوومن، تا باران تەڕو خراپیان نەکات.

:١٠/٢٦

بە درێژایی رۆژەکە من بە کەنارەکەدا گەڕاوم تا شوێنێکی لەبار بۆ سوکنە بدۆزمەوە. زۆر نیگەرانی ئەوە بووم کە نەبا شەوێ حەیوانی دڕندە یان مرۆڤێن کێوی پەلامارم بدەن. نزیکی شەوێ شوێنێکی لە بارم لە ژێر تاوێرێکدا دۆزییەوە. نیوە بازنەیەکم کێشاو شوێنی هەڵدانی خێوەتەکەم دەست نیشان کردو لێبڕام چەند کاریتەیەك بە تەلو سیم لێکدی ببەستم وبە دەوری نشیمەنەکەما دایبکوتمو بیکەم بەدیوارو حەسارو دیوی دەرەوەی دیوارەکە بە هەژگو بژاڵو چرپیو چاڵ داپپۆشم.

:١٠/٣٠-٢٦

لەم ماوەیەدا هەوڵو تەقەلایەکی زۆرم دا، هەموو کەلوپەلەکانم بۆ شوێنی سوکنە تازەکەم گواستەوە. هەڵبەتە لەم ماوەیەدا هەندێجار بارانی زۆر توندش دەباری.

:١٠/٣١

بەیانی زوو، تفەنگێکم هەڵگرتو بەناو دوڕگەکە کەوتم تا هەم خواردنێ شتێ پەیدا بکەمو هەم شارەزای شوێنەکە ببم. بزنە کێویەکم کوشت، کارەکەی تا ماڵەوە بە دووما هات، کە پاشان ئەویشم کوشتەوە، چونکە هیچی نەدەخوارد.

:١١/١

لە ژێر تاوێرێکدا خێوەتم هەڵداو بۆ یەکەمجار شەوێ لەوێ نووستم. هەڵبەتە هەوڵمدا، تا بکرێ حەوشەو بانەکەم گەورەتر دروست بکەم، بەو ئەستوونو کاریتانەی هێنابوومنە ژوورەوە، جولانەیەکم لە شێوەی تەختە خەودا دروستکرد.

:١١/٢

بەو سەندوقو تەختەو لەوحانەی کە کەڵەکەکەم پێ دروستکرد، حەسارێکم لە دەوری خۆم کێشا، کە کەمێك لە ناو ئەو حەوشەو حەسارەدا بوو کە بۆ شوێنی سوکناکەم دەست نیشانم کردبوو.

:١١/٣

دەستم دایە تفەنگ وچوومە دەرێ، دوو تەیری وەکو مراویم ڕاو کرد کە بەڕاستی خواردنێکی زۆر باش بوو. دوای نیوەڕۆ کەوتمە دروستکردنی مێزێك بۆ خۆم.

:١١/٤

ئەمڕۆ بەیانی هەولّم دا وەختی خۆم، وەختی کار، وەختی چوونە دەرەوەو راو، وەختی نووستن‌و، وەختی پیاسەو گەڕان خشتەبەندی بکەم. بۆ نموونە هەموو بەیانییەك ئەگەر باران نەبوایە دوو سەعاتێك بە تفەنگەوە دەچوومە ڕاو، پاشان تا نزیکی سەعات یازدە کارم دەکرد، پاشان شتێکم دەخواردو لە سەعات دوازدەوە تا دوو دەخەوتم، چونکە دنیا تەواو گەرم دەبوو، عەسر دووبارە دەکەوتمەوە کارکردن. دوای وردە ئیشی ئەم یەك دوو ڕۆژە، ئیدی هەر خەریکی دروست کردنی مێزەکە بووم، چونکە زۆر نە شارەزا بووم، بەلاّم ناچاری‌و رۆژگار کردمی بە وەستایەکی زکماك، کە هەڵبەتە هەر کەسێکی دیکەش لە جیاتی من بوایە هەر وا دەردەچوو.

:١١/٥

ئەمڕۆ تفەنگ بە شان دەگەڵ سەگەکەم لە ماڵ وەدەرکەوتم، پشیلە کێویەکم کوشت. پێستەکەی تا حەزکەی نەرم بوو، بەلاّم گۆشتەکەی نە دەخورا. هەر حەیوانێکم دەکوشت کەولّم دەکردو پێستەکەیم هەڵدەگرت. کاتێ کە بە قەراخ دەریاکەدا دەگەڕامەوە، جۆرەها گیانلەبەری دەریاییم بینی کە شتاقیانم نەدەناسی، بەلاّم دوو سێ بەرازی دەریاییم بینی کە زۆرم بەلاوە سەیر بوو، لە کاتێکا بە نیمچە ترس‌و سەرسامیەکەوە سەیرم دەکردن‌و بیرم لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ چ گیانلەبەرێك بن، سڵیان کردەوە، ڕەڤین‌و خۆیان بە ئاوەکەدا کرد.

:١١/٦

دوای پیاسەو پیادەرۆیی بەیانی دووبارە کەوتمەوە کارکردن لە مێزەکە، هەرچەندە زۆر بەدڵم نەبوو، بەلاّم تەواوم کرد، زۆری پێنەچوو کە فێری چاککردن‌و دەسکاری بووم.

:١١/٧

هەوا بەرە بەرە بەرەو خۆشی دەچوو. رۆژانی حەوت، هەشت، نۆ، دەو هەندێکی دوازدەش (چونکە رۆژی یازدەیەم یەك شەممە بوو) خەریکی دروستکردنی کورسییەك بووم، بە دەردەسەرییەکی فرە ئەوسا تەواوم کرد، هەرچەندە زۆر خراپ نەبوو، بەلاّم هیچ بە دڵم نەبوو، تەنانەت لەکاتی دروستکردنیشیا چەند جارێك تێکم دایەوەو پارچە پارچەم کرد. سەرنج: زۆری پێنەچوو کە ئیدی چاوم لە خێرو بێری یەك شەممونیش پۆشی، چونکە لە بیرم چوو لەسەر تەقویمەکەم (کاریتەکەم) نیشانەی بکەم‌و ئیدی حیسابی ڕۆژو هەفتەم لە دەست چوو.

:١١/١٣

ئەمڕۆ باران باری، کە زۆرم لە گیان خۆش بوو، دنیای فێنك کردەوە، بەلاّم چەخماخەو هەورە تریشقەو تەشبریقێکی ترسناکی دەگەڵدا بوو، چونکە لە بارووتەکانم دەترسام، هەرکە بارانەکە خۆشی کردەوە، لێبڕام زەخیرەو یەدەکی باروتەکەم لە شتەکانی دیکەم جیا بکەمەوە. بۆیە، ئەوەندەی بۆم کرا، کردمنە جێی بچووك بچووکەوە تا لە مەترسی بە دووربن.

١٤، ١٥، ١١/١٦:

ئەم ڕۆژانەم بە دروستکردنی پاکەت یان سەندوقی شەش پاڵووەوە بەسەر برد، کە هەر یەکێکیان نزیکەی پوندێك یان ئەوپەڕی دوو پوند بارووتی دەگرت، کە بارووتەکەم لە سەندوقەکان کرد، ئەوەندەی بۆم کرا لە شوێنانی ئەمین و دوور لە یەکدی دامنان. لە ماوەی نێوان ئەم سێ ڕۆژەدا، باڵندەیەکی گەورەم کوشت کە گۆشتەکەی خۆش بوو، بەڵام ناوی نازانم.

١١/١٧:

ئەمڕۆ کەوتمە هەڵکۆڵینی تاوێرەکەی پشت چادرەکەم تا شوێنەکەم گەورەتر بێت و دڵم ئاسوودەتر بێ، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستم بە سێ شت هەبوو: قوڵنگ، بێڵ، سەبەتە. بۆیە دەستم لە کارەکەم هەڵگرت و کەوتمە بیرکردنەوە کە چۆن ئەو شتانە پەیدا بکەم، ئەو ئامێرانە بۆ خۆم دروست بکەم. بۆ قوڵینگەکە، سوودم لە لۆسەو باریەکان وەرگرت کە هەرچەندە قورس بوون، بەڵام بەکار دەهاتن، بەڵام پێویستی دووەمم بێڵ یان بێڵچەیەك بوو. بێڵ بەڕادەیەك پێویست بوو کە بەبێ بێڵ نەمدەتوانی هیچ کارێك ئەنجام بدەم، لێ هەرچی سەرم دێناو سەرم دەبرد نەمدەزانی چۆن بێڵێك دروست بکەم.

١١/١٨:

ڕۆژی دواتر لە کاتێکا بە نێو لێڕەوارەکەدا دەگەڕام، درەختێکم دۆزییەوە، دارەکە لەو دارە دەچوو کە لە بەرازیلدا لەبەر مکومی پێی دەڵێن دار ئاسن. بە زەحمەتێکی زۆر توانیم پارچەیەك لەو درەختە ببڕم، چیوای نەمابوو تەورەکەشم بشکێنێ، بە هەرحاڵ چونکە دارەکە زۆر قورس بوو، بە زەحمەتێکی زۆر بۆ ماڵم هێنایەوە ،چونکە دارەکە زۆر سەخت بوو و هیچ تەگبیرو چارەیەکی دیکەشم نەبوو، وەختێکی زۆرم بەسەر برد تا سەرێکیم لە شێوەی بێڵ دا تاشی. دەسکەکەی وەکو دەسکی ئەو بێڵانە بوو کە لای خۆمان، لە ئینگلیستان بەکار دەبرا، بەڵام دەمەکەی چونکە ئاسن نەبوو، زۆر بەرگەی نەدەگرت، بەڵام بە هەرحاڵ بۆ ڕایی کردنی کارەکەی من خراپ نەبوو، بەڵام لەو باوەڕەدام کەس لە دوای من بێڵی وەهای دروست نەکردووە.

هێشتا هەندێ نوقستانیم هەبوو، پێویستم بە سەبەتە یان عەرەبانەیەکی دەستی هەبوو. دروستکردنی سەبەتە یەجگار زەحمەت بوو، لە خانەی مەحاڵدا بوو چونکە هیچ شتێکی شول و تەرکە ئاسام شك نەدەبرد کە بە ئاسانی بچەمێتەوەو نەشکێت، تا سەبەتەی لێ دروست بکەم یان بەلای کەمەوە هیچ ئەوە جۆرە شتەم نەدۆزی بووەوە. سەبارەت بە عەرەبانەی دەستی، کە بیرم لێ کردەوە، سەیرم کرد جگە لە پێچکەکەی دەتوانم هەموو بەشەکانی تری دروست بکەم، بەڵام بە هیچ جۆرێ نەمدەزانی چۆن تایەکەی دروست بکەم، یان لە کوێوە دەست پێبکەم، تەوەرە ئاسنەکەی، کە پێچکەکەی لەسەر دەسوڕایەوە چۆن دروست بکەم. هیچ کەرەستەیەکم لەبەر دەستا نەبوو، بۆیە ئەم خەیاڵەم لە مێشکی خۆ دەرکردو دەستبەرداری عەرەبانە بووم، ئیدی بۆ گواستنەوەی ئەو گڵ و خۆڵەی کە لە شکفتەکەم هەڵدەکەن، دەرهەق بەو وەزعە شتێکی تاس ئاسای لەو بابەتە تاسانەم دروستکرد کە کرێکارو شاگرد مەڵاتی تیا دەبەن بۆ بەر دەستی وەستای بەنایی.

دروست کردنی ئەم تاسە، بە قەد دروستکردنی بێڵەکە قورس نەبوو، بەڵام ئەم کارە، دەگەڵ دروست کردنی بێڵەکەداو دەگەڵ هەوڵی بێهودەما بۆ دروستکردنی عەرەبانەکە، چوار دانە رۆژی لێگرتم. هەڵبەتە هەموو رۆژێ، پیاسەکەی بەیانیانم دەکرد، تفەنگەکەشم دەگەڵ خۆدا دەبرد، بەدەگمەن بەبێ تفەنگ دەردەچووم، زۆر کەمیش رێدەکەوت بەبێ نێچیرو خواردن بۆ ماڵ بگەڕێمەوە.

:١١/٢٣

ئێستا چونکە مژولی دروست کردنی ئەو ئامێرو پێویستیانە بووم، هەموو کارەکانی ترم ڕاگرتبوو، کە لە دروستکردنی ئەو شتانە بوومەوە، سەر لە نوێ دەست بەکار بوومەوە، هەموو رۆژێ ئەوەندەی تواناو وەخت بواری دەدا کارم دەکرد. هەژدە رۆژی تەواوم بە کاری قووڵکردن و پان کردنی غارەکەوە بەسەر برد، تا بە ئاسانی جێگەی شتی تری تیا ببێتەوە.

سەرنج: بە درێژایی ئەم ماوەیە هەوڵم دا ئەم ژوورە یان ئەم غارە بە رادەیەك گەورە بکەمەوە کە هەم جێی عەمار، ئاشخانە، ژووری نانخواردن و هەم جێی ژێر زەمینم بۆ بگرێتەوە. سەبارەت بە جێی دانیشتن و نووستن، خێوەتەکەم بەس بوو، بەڵام هەندێجار لە وەرزی باراندا، هێندە دەباری کە تەڕ دەبووم، ئەمە ناچاری کردم کە پاشان بە تەختەو لەوحی درێژ، سەری هەموو حەسارەکە بگرم، سەرێکی لەوحەکانم نایە سەر تاوێرەکەو سەرکەی تریانم نایە سەر ئەستوون و کاریتەکان، ئیدی سەری لەوحەکانیشم، بە هەژگ و بژاڵ و چرپی و چاڵ وەکو کەپر داپۆشی.

:١٢/١٠

ئێستا وام هەست دەکرد کە غارەکەم یان ژێر زەمینەکەم تەواو بووە، بەڵام لە پڕ، کۆمەڵێك گڵ و خۆڵ، لە بن میچی سووچێکی غارەکەوە هاتە خوارەوە ( دیار بوو شتەکەم لە ڕادەی خۆی بەگەورەتر وەرگرتبوو). گڵ و خۆڵەکە ئەوەندە زۆر بوو ترسام، ترسەکەشم نابەجێ نەبوو، چونکە ئەگەر لەژێریا بوومایە، ئیدی پێویستم بە گۆڕ هەڵکەن نەدەبوو تا بە خاکم بسپێرێت و بم نێژێت. دوای ئەم کارەساتە ناچار بووم شان بدەمە بەر کارێکی زۆر، دەبوایە ئەو گڵ و خۆڵە دەربدەم و بن میچەکەش بە جۆرێ قایم بکەم کە دڵنیا بم لەوەی کە چیتر نەیەتە خوارێ.

:١٢/١١

ئەمڕۆ دەستم بە کاری میچەکە کرد، دوو ئەستوونم هێنا، سەرو دوو پارچە تەختەم لەسەریان دانا. ئەم کارە بۆ سبەینێ تەواو بوو، ئیدی چەندین ستوونی دیکەم بە هەمان شێوە دایە بەر سەقفەکە، دوای هەفتەیەك لەم کارە بوومەوەو ئیدی دڵنیا بووم لەوەی کە سەقفەکە ناڕوخێت، ئەستوونەکان کە بەریز دانرا بوون دەوری دیواریان لە ماڵەکەمدا دەبینی.

:١٢/١٧

لەم رۆوە تا بیستی مانگ، دۆڵابەکانم دانا، بزمارم بە ئەستوون و کاریتەکاندا داکوتا تا شتیان پێدا هەڵواسم، ئیدی ناو خانووەکەم رێك و پێك بوو بوو.

:١٢/٢٠

هەموو شتەکانم بردنە ناو غارەکەو دەستم بە دانانی کەلوپەلەکان کرد. هەندێ لە تەختەکانم وەکو دۆلابی موبەق هەڵچنی تا ئازووقەکانمیان بخەمە سەر. بەرە بەرە تەختەی دیکەشم هێناو مێزێکی دیکەم بۆ خۆ دروستکرد.

:١٢/٢٤

ئەو شەو و رۆژە لە یەکبینە باران باری. دەرفەتی چوونە دەرەوە نەبوو.

:١٢/٢٥

بە درێژایی رۆژەکە هەر باران باری.

:١٢/٢٦

باران خۆشی کردەوە، قەترە نەباری، هەوا لە جاران فێنك ترو خۆشتر بوو.

:١٢/٢٧

بزنێکم ڕاو کرد، یەکێکیشم بریندار کرد، گرتمو پەتێکم لە ملی کردو بە ڕاکێشان بۆ ماڵم هێنایەوە. چونکە لاقی شکا بوو، لە ماڵەوە لاقیم گرتەوەو بەستم. سەیر ئەوەیە بە جۆرێ تیماریم کرد کە مردار نەبووەوەو لاقی چاك بووەوەو گەڕایەوە دۆخی جارانی، بەڵام لەو ماوەیەدا کە پەرستاریم دەکرد ماڵی بوو و لەو سەوزەگیایەی بەر ماڵەکەم دەلەوەڕاو ئامادە نەبوو بڕوات. ئەمە یەکەمجار بوو کە بیری بەخێو کردنی حەیواناتی کەوی و ماڵیم کەوتە سەر، بیرم کردەوە کە ئەگەر باروووت و فیشەکم تەواو بێ، دەتوانم لەم ڕێگەیەوە خۆراکی خۆم فەراهەم بکەم.

٢٨، ٢٩، ١٢/٣٠:

دنیا زۆر گەرم بوو، هیچ سروە بایەکی نەدەهات، بۆیە چوونە دەرەوە دژوار بوو، مەگەر دەمەو ئێوارانێکی درەنگ بۆ بەدەستهێنانی خواردن، ئەم رۆژانەم بە ڕێکخستنی کەلوپەل و ناو ماڵەکەمەوە بەسەر برد.

:١/١

هێشتا هەوا گەرم بوو، لێ بەیانی زوو و ئێوارێ درەنگ بە خۆو پیرە تفەنگەکەمەوە وەدەرکەوتم، لە ناوەندی رۆژا ئیسراحەتم کرد. ئەمشەو ڕێگاکەم دوورتر کردەوەو خۆم بەو دۆڵانەدا کرد کە بەرەو ناوەندی دوورگەکە دەبوونەوە. سەیرم کرد بزنەکێوی دنیای لێیە، هەر چەندە زۆر ڕەڤۆك و سلۆك بوون و نزیکبوونەوە لێیان زەحمەت بوو، بەڵام لێبڕام ئەگەر هیچم پێنەکرا، سەگەکەم بێنم و بە سەگ ڕاویان بکەم.

:١/٢

ئیدی رۆژی دوایی سەگەکەم بردو رۆییشتم، سەگەکەم تێ بەردان لێ من هەڵە بووم، چونکە بزنەکان بە دیتنی سەگەکەم هەموو ڕەونیەوەو رۆییشتن، سەگەکە نەیدەتوانی نزیکیان بکەوێتەوە. لێی دەترسان.

:١/٣

کەوتمە دروستکردنی حەسارو دیوار، دەترسام کەسێك هێرشم بکاتە سەر، لێبڕام دیوارو حەسارێکی زۆر ئەستوورو مکوم دروست بکەم.

سەرنج: چونکە پێشتر ئەم حەسارو دیوارەم وەسف کردووە، بۆیە بە ئانقەست لەم رۆژانە یاداشتەمدا خۆم لە وەسفی دەبوێرم. بە هەر حاڵ لە رۆژی ١/٣ەوە تا چواردەی ٤/١٤ هەموو وەختی خۆم بۆ دروستکردن و دەست پێداهێنان و تەواو کردنی ئەم دیوارو حەسارە تەرخان کرد، درێژی حەسارەکە نزیکەی بیست و چوار گەز دەبوو کە لە شێوەی نیو بازنەیەکدا بوو، تاوێرەکە کەوتبووە نێو نیوبازنەکەوە، لە تاوێرەکەوە بۆ ئەم سەر نزیکەی هەشت یاردە دەبوو و دەرگای غارەکە کەوتبووە ناوەندی نیمچە بازنەکەوە.

بە درێژایی ئەم ماوەیە کارم کرد ئەمما کار. زۆر جار باران، بە هەفتە لە کاری دەکردم، بەڵام هەستم دەکرد تا ئەم دیوارە تەواو نەکەم، ئەمنیەتی تەواوم نابێت. مەگەر ئەو خوایە بزانێ ئەم کارانەم بە چ زەحمەتێك دەکرد، هەر مەپرسە، لە باس کردن نایەت، بە تایبەتی هێنانی دارو لەوحەکان لە لێرەوارەکەوەو چەقاندنیا لە ئەرزەکە، چونکە لەوحەکانم زۆر قەبەو گەورە دروست کردبوو.

کاتێ لە هەموو ئەم کارانە بوومەوە، لە پشتەوە هەژگ و بژاڵ و چربی و چاڵێکی زۆرم وەکو پەرژین پێوەنا ئیدی قەناعەتی تەواوم کرد کە ئەگەر کەسێك رێی بکەوێتە ئەم بەشەی کەنارەکە، هەرگیز وێنای ئەوە ناکات کە لەم شوێنەدا شتێکی خانووئاساو ئاوەدانی هەبێت، هەڵبەتە ئاقڵیم کرد کە ئەم حەوشەو حەسارەم دروستکرد، چونکە پاشان بویەرێکی یەجگار گرینگ روویدا کە دوایی باسی دەکەم.

## تویکڵی دانەوێڵەکان هەڵدەرێژم

لەم ماوەیەدا، هەر رۆژێ باران رێی بدایە، گەشتێکی ناو لێرەوارو جەنگەڵەکەم دەکردو بە دووی نێچیردا دەگەڕام، لەم گەشت و گەڕانانەمدا زۆرجار شتێکم کەشف دەکرد کە بە کەڵکم دەهات، بۆ نموونە جۆرە کۆترە کێوییەکم دۆزییەوە کە وەکو کۆتری جەنگەڵی لەسەر درەختان هێلانەی نەدەکرد، بەڵکو وەکو کۆتری ماڵی لە درزو قلیشە بەردانددا هێلانەی دەکرد. چەند بێچوە کۆترێکم هەڵگرت و بردمنەوە بەو نیازەی ماڵیان بکەم، بەخێوم کردن، لێ کە گەورەو باڵەفڕە بوون، لە شەقەی باڵیان داو ڕەڤین. رەنگە لەبەر کەم خۆراکی رۆیی بن، چونکە هیچم نەبوو بیاندەمێ. بەڵام هەمیشە هێلانەکانم دەدۆزینەوەو بێچوەکانم دەگرتن و بەراستی گۆشتێکی بەلەزەتیان هەبوو.

کە رۆژانە خەریکی ماڵەکەم دەبوومو دەستم پێدا دێنا، بۆم دەرکەوت کە لە زۆر شتم کەمە،و دروست کردنیان لە تواناو کێشی مندا نییە، کە هەڵبەتە سەبارەت بە هەندێ لەو شتانە، وابوو لە توانای مندا نەبوو، بۆ نموونە هەرگیز نەمدەتوانی بۆشکەیەك دروست بکەمو قەیدێکی لە دەورو بدەم. وەکو پێشتر باسم کرد بوو، یەك دوو بۆشکەی چکۆلەم هەبوون، بەڵام هەرگیز نەمتوانی بۆشکەیەکی گەورەیان لێدروست بکەم، ئەگەرچی رۆژانێکی زۆریش بەو کارەوە خەریك بووم. هەرگیز نەمتوانی سەرو خواریان دروستبکەم یان بە جۆرێکی چێ بکەم کە ئاو ڕابگرێت، ئەنجام چاوپۆشیم لە خێرو بێری ئەم کارەش کرد.

نەبوونی مۆمیش، یەکێکی دی بوو لە کێماسی و نوقستانیەکانم، نوقستانیەکی گەورەش بوو، هەرکە دنیا تاریک دەبوو، کە نزیکی سەعات حەوت تاریک دەبوو، ناچار دەبووم بخەوم. ئەو تۆپەڵە مۆمەم بیرکەوتەوە کە کاتی خۆی لە بەسەر هاتەکەی ئەفریقیادا مۆمم لێ دروست کردبوو، بەڵام هیچی نەما بووەوە. دوای بیر کردنەوەیەکی زۆر رێگەیەکم دۆزییەوە، رێگەکە ئەوە بوو ئەو بزنە کێویەی کە کوشتبووم، پیوەکەیم هەڵگرتبوو و لە نێو قاپێکی چکۆلەی سواڵەتدا لەبەر هەتاوەکە تواندبوومەوە، کەمێك ماجومم تێکەڵ کردو بۆ خۆم چرایەکم دروستکرد. بەمجۆرە سەرچاوەیەکی رۆشناییم بۆ خۆ فەراهەم کرد، ئەگەرچی ڕوناکییەکەی وەکو روناکی شەم (مۆم) روناك و یەکدەست و نەوا نەبوو. لە میانەی هەموو ئەم کارانەوە، کاتێ کە کەلوپەل و شتەکانم ئەم دیوو و ئەو دیو دەکرد، کیسەیەکی چکۆڵەم دۆزییەوە، وەکو پێشترش باسم کرد، دانە مریشکی تیا بوو و وابزانم هی ئەم دوا سەفەرە نەبوو، بەڵکو هی سەفەرەکانی پێشوو بوو، هی ئەو کاتانە بوو کە کەشتیەکە لە لیشبۆنەوە دەهات و ئیدی لە کەشتیەکەدا مابووەوە، تەنیا بڕێکی کەمی ئەو دانەوێڵەیە لە بنی کیسەکەدا مابووەوە. هەر هەمووی مشك خواردبوویان و جگە لە هەندێ توێکڵ و خاشاك هیچی تر لە کیسەکەدا نەمابووەوە. چونکە لێبڕا بووم، کیسەکە بۆ شتێکی دی بەکار بەرم (وا بزانم دەمویست باروتی تێبکەم، تا لە ترسی تەشبریق و چەخماخە دابەشی بکەم، یان شتێکی لەو بابەتە). ئیدی چووم کیسەکەم لەلایەکی حەوشەو حەسارەکەوە، لە ژێر تاوێرەکەدا تەکان ، تا توێکڵ و خاشاکەکەی ناوی بڕژێنم.

دوای ئەوەی کیسەکەم تەکان، بە ماوەیەکی کەم بارانێکی زۆر باش باری. کە ئەم توێکڵە دانەوێڵانەم تەکان، نە بیرم لای ئەم کارە بوو و نە باشیش لە بیرمە کە شتێکم لەوێندەر هەڵڕشتبێ، بەڵام دوای نزیکەی مانگێك سەیرم کرد کۆمەڵە چوزەرەیەکی کەسك سەریان لە خاك دەرێناوە، هەوەڵجار لەدڵی خۆما گوتم ڕەنگە چوزەرەی جۆرە گیایەك بن کە نەم دیوون. بەڵام وەختایەك دوای ماوەیەك سەیرم کرد نزیکەی دە دەوازە هێشوویەك رواون زۆرم پێ سەیر بوو، تومەز چوزەرەکان، جۆرە جۆیەکی ئەوروپایی بوون، هەر هەمان جۆی ئینگلیزی خۆمانە.

ناتوانم سەرسامی و تەریقی خۆم لەم وەزع و حاڵەدا باس بکەم. تا ئەو کاتە مەزەب و ئاین هیچ کاریگەرییەکی بەسەر رەفتارمەوە نەبوو. ئەلهەقی لە بیرو هزری خۆدا سووکە باوەڕێکم بە مەزەب هەبوو، هەرچیەکم بەسەر هاتبوو و هاتبووە ڕێ، هەر هەموویم دابووە پاڵ بەخت و یەغباڵ یان وەکو دەڵێن دابووە پاڵ خواست و ویستی خودا، هەڵبەتە بێئەوەی بیرم لە ئامانجی خواست و ئیرادەی خوا لە بەرێوەبردنی کاروباری دنیایی کردبێتەوە. بەڵام پاش ئەوەی کە سەیرم کرد جۆ لەوێندەر رواوە، ئەویش لە کەش و هەوایەکدا کە دەمزانی بۆ دانەوێڵە لە بار نەبوو، جا کە بیرم لەوە دەکردەوە ئەم جۆیە چۆن لەوێندەر شین بووە، بە تەواوەتی سەرم دەسوڕما، بەرە بەرە گەییمە ئەم قەناعەتەی کە خودا بەشێوەیەکی پەڕجو ئاسا، ئەم دانەوێڵەیەی، بێئەوەی هیچ کەسێك دایچاندبێ، تەنیا بۆ ئەوە ڕواندووە تا من، کە قەدەری خوایی خستبوومیە ئەو شوێنە بێ کەڵك و چۆڵ و هۆڵەوە، بمێنم.

ئەم مەسەلەیە کەمێك دڵخۆشی کردمو روندك لە چاوانم هاتنە خواریٚو بەرە بەرە دڵخۆشی خۆم دایەوە کە تەبیعەت لەبەر خاتری من ئەم پەڕجووەی نواندووە، جا وەختایە دیتم لە نزیکی ئەو جوزەرانەوەو بە درێژایی تەنیشتی تاوێرەکەدا، چەند چوزەرەیەکی دیکەی پەڕاگەندە هەن، کە پاشان بۆم دەرکەوت هی برنجن، هێندەی دی سەرم سوڕما، بەوەدا زانیم کە ئەمانە چوزەرەی برنجن، کە وەختایەك لە کەنارەکانی ئەفریقیادا بووم، دیتبوومن لەویٚ ڕوا بوون.

نەك هەر ئەم دیاردەو رووداوانەم بە خواستی خوایی دەزانی، بەڵکو گومانم لەوەش نەما کە دەبیٚ لەم جۆرە گیایانە لە شوێنی دیکەی دوڕگەکەش زۆر هەبن. هەر هەموو ئەو شوێنەی دوڕگەکە، کە تیا بووم، گەڕام، سەرم کێشایە هەر سووچ و پەنا بەردێك تا گیای زیاتر بدۆزمەوە، لیٚ هیچم نەدۆزییەوە. سەرەنجام بیرم کەوتەوە کە کیسەیەکی دانە مریشکم لەوێندەر تەکان بوو، دەبوایە شوکری خوداوەندو پەروەردگار بکەم کە دە دوازدە دانەوێڵەی ساغ لە کیسەکەدا مابووەوە، کە ئەمە خواستی خوایی بوو (لە کاتێکا مشکان هەموو ئەوانی تریان خوارد بوو) وەکو ئەوە بوو ئەم دانەوێڵانە لە ئاسمانەوە نازڵ بووبن و خودا ئیرادەی لەسەر بوو کە من لەو شوێنەدا، لە سایەی تاوێرێکی بەرزدا، هەڵم رشتبوون و یەکسەر چەکەرەیان دەرکرد بوو، لە کاتێکا کە ئەگەر لە هەمان کاتاو لە شوێنێکی دیکەم هەڵڕشتبان، دەبوون بە کوێرەك و نەدەڕوان.

ئاخرو ئۆخری مانگی شەش کە کۆتایی وەرزی دانەوێڵە بوو، زۆر بە وردی هەموو گوڵە جۆیەکانم چنی و هەڵمولێن و دانەکەیم هەڵگرت، چونکە دەمویست بۆ جاری دووەم تۆویان بدەمەوە. بە هیوای ئەوە بووم بەرە بەرە دانەوێڵەکەم زیاد بکات و بگاتە ڕادەیەك کە بەشی نانەکەم بکات. بەڵام دوای چوار ساڵ ئەوجا توانیم کەمێك لەم دانەوێڵانە بخۆم. ئەویش زۆر بە قیناتەوە، کە پاشان لە شوێنی خۆیدا ئەم واریقاتە بە دوورو درێژی دەگێڕمەوە. لە وەرزی یەکەمدا، چونکە کاتی لە باری داچاندنی دانەوێڵەکەم رەچاو نەکردبوو، مایە سەری قازانجی خوارد، ئەوە بوو دانەوێڵەکەم رێك پێش وەرزی دروێنە تۆو داو لە ئەنجاما نەك هیچم نەدوریەوە، بەڵکو هەر نەشڕوا، ئەم واریقاتەش لە شوێنی خۆیدا باس دەکەم.

جگە لە جۆیەکە، چەند دەنکە برنجێکیشم کۆ کردبووەوە، کە ئەویشم هەڵگرتبوو، کە لە مەسەلەی نان و خواردندا، هەمان گرینگی جۆیەکەی بۆ من هەبوو، چونکە هەندیٚ رێگەم دۆزی بووەوە کە بەبیٚ تەنوور نان ببرژێنم، هەڵبەتە ئەم رێگایانەم دوای ماوەیەك دۆزییەوە. بەڵام وا چاکترە جاریٚ بگەرێمەوە سەر رۆژانە یاداشتەکانم. لەو سیٚ چوار مانگەدا کارێکی زۆرم کرد تا دیوارەکەم تەواو بکەم، رۆژی ٤/١٤ لە دروست کردنی دیوار بوومەوە، بەلام لە رێگەی پەیژەیەکەوە دەرو ژوورم دەکرد، پەیژەکەم بە جۆریٚ دەنا بە دیوارەکەوە کە کەس لە دەریٚ را هەست نەکات کە ئەویٚ ماڵی منە.

٤/١٦:

لە دروست کردنی پەیژەکە بوومەوەو پێیدا سەرکەوتوومە سەر دیوارەکە، پاشان پەیژەکەم هەڵکێشا، لە دیوارەکە ئاودیو بووم، پەیژەکەم لە دیوی ناوەوە، لە ژێر دیوارەکەدا دانا. ئیدی بۆ

خۆم حەسارێکی تەواوم هەبوو، چونکە لە ناو حەسارەکەدا شوێنی تەواوم هەبوو و لە دەریشەوە هیچ بوونەوەرێك نەیدەتوانی زەفەرم لێبێنێ، مەگەر بە دیوارەکەدا سەرکەوتبایە.

رێك ڕۆژێ دوای تەواو کردنی دیوارەکە، خەریك بوو ریسەکەم لێ ببێتەوە بە خوریو هەموو رەنجەکەم بە فیڕۆ بچێو خۆشم بکوژرێم. واریقاتو سەربردەکەش بەمجۆرە بوو: لە نێو حەسارەکەدا، لە پشت چادرەکەمەوە، رێك لەبەر زارکی غارەکە مژولی کار بووم، کە لە پڕ شتێکی چاوەڕوان نەکراوی ترسناك رووی داو زۆری ترساندم. لە ناکاوا سەیرم کرد ساپیتەی غارەکەم خەریکە دادەڕوخێو سەقفەکە خەریکە لە قەراخی گردەکەوە بەسەر سەرما دەڕوخێت. دوو کاریتەش، لەو کاریتانەی کە دابوومنە بەر سەقفو ساپیتەکە زۆر خراپ درزیان برد. زۆر پەشۆکا بووم، هەرچی سەرم دێناو سەرم دەبرد، هۆی ئەم کارەساتەم نەدەزانی، تەنیا ئەوەندەم دەزانی کە سابیتەی غارەکەم خەریکە دادەڕوخێت، وەکو چۆن پێشتر بەشێکی روخا بوو، لە ترسی ئەوەی نەبا زندە بە چاڵ ببم، بەلەز بەرەو پەیژەکە غارم دا، کە هەستم کرد ئەوێش سەلامەت نیە، لە ترسی ئەوەی پارچە بەردەم بەسەردا غل نەبێتەوە خۆم گەیاندە سەر دیوارەکە، کە پێم گەییە سەر زەوی بتەو، هەستم بە بوومە لەرزەیەکی ترسناك کرد، چونکە ئەو ئەرزەی کە لەسەری وەستا بووم لە ماوەی هەشت دەقیقەیەکدا سێ جار لەرزی، ئەم سێ لەرزینە هێندە توند بوو، مکوم ترین بینای رووی زەویش بەرگەی نەدەگرتو لەگەڵ زەویدا تەخت دەبوو، تاشە بەردێکی گەورە کە لەسەر تاوێرێكو لە دووری نیو میلی منو نزیکی دەریاکە بوو، بەگرمو هۆڕێکی وەها داڕوخا کە بە عەمراتم دەنگی وەهام نەژنەوتبوو. هەروەها هەستم کرد دەریاکەش کەوتە شڵپە شڵپو شەپۆلدان، لەوەدەچوو ئەم بوومەلەرزەو لەرزینە لە دەریاکەداو لە قولایی ئاوەکەدا زۆر بە قوەت تر بوو تا لە دوڕگەکە.

حەپەساوی ئەم دیاردەیە بووم، چونکە نە شتی وام بینی بوو و نە کەس شتی وای بۆ گێڕابوومەوە، وەکو مردوو وشك بوو بووم. لەرزینی ئەرزەکە، وەکو یەکێك فڕێ درابێتە دەریاوە، بەو ئاوایە تووشی دڵ تێکهەڵدانی کربووم. لێ دەنگی ترسناکی تاشە بەردەکە وەخۆی هێنامەوەو لەو حاڵەتی حەپەسانەی بێدار کردمەوە، هەر خەریك بوو زارەتەرك ببم، تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە کە تاشە بەردەکە بەسەر چادرەکەم، بە سەر هەموو کەلوپەلو ماڵەکەم دا بکەوێتو هەر هەمووی بەجارێ بکاتە ژێرەوەو قوەت نەبێ دەری بێنێتەوە، ئەمە کردیە کارێك بۆ جاری دووەم نەترە بەر بدەمو ورەم بڕوخێت.

پاش سێیەمین بوومەلەرزە، کاتێ مودەتێك تێپەڕیو هەستم بە هیچ زەمین لەرزەیەکی دی نەکرد، بەرە بەرە وەخۆ هاتمەوە، بەڵام هێشتا زاتی ئەوەم نەبوو دووبارە بە دیوارەکەدا سەر بکەمەوە، چونکە دەترسام زندە بە چاڵ ببم. بەبێ جوڵە لەسەر ئەرزەکە لێی دانیشتم. زۆر خەمینو پەشێوو پەریشان بوومو نەمدەزانی چی بکەم، بە درێژایی ئەم ماوەیە هیچ بیرێکی مەزەبی جدیم بە بیرو خەیاڵدا نەهات، جگە لەمەی "خودایا، خۆت فریام بکەوە!" کە ئەمەم عادەت بوو، وەختێ تەنگانەکە ڕەوییەوە، ئەوەشم لە بیر کرد.

## گژە بایەکی زۆر ترسناك هەڵیکرد:

دانیشتبووم سەیرم کرد هەواکەی گۆڕی، هەور بەری ئاسمان گرت، پێدەچوو باران ببارێت. زۆری پێنەچوو کە بایەکە بەرە بەرە توندی کرد، لە زەرفی نیو سەعاتێکدا بوو بە باهۆزو گێژەلوکەیەکی سامناك. لە پڕ کەف سەری دەریاکەی گرت، ئاو کەنارەکەی گرت، درەختان لە ریشەوە هەڵکەندران، زریانێکی ترسناك بوو. ئەم وەزعە سێ دانە سەعاتی خایاند، پاشان زریانەکە بەرە بەرە نیشتەوەو لە زەرفی دوو سەعاتدا، جەوەکە تەواو هێور بووەوەو بارانێکی توند دایکرد.

بە درێژایی ئەم ماوەیە مات و خەمبار لەسەر ئەرزەکە دانیشتبووم، کە لە پڕ بیرم کردەوە کە دیارە ئەم باو بۆرانە ئەنجامی بوومەلەرزەکەیە. یانی بوومەلەرزەکە تەواو بووەو ئەم بارانەش نیشانەی تەواو بوونیەتی، بۆیە واچاکە بگەڕێمەوە بۆ شکەفتەکەم. دڵم بەو بیرە خۆش بوو، بارانەکەش هانی دام کە بۆ ماڵەکەم بگەڕێمەوەو لە خێوەتەکەما دانیشتم. لێ بارانەکە هێندە توند بوو کە خەریك بوو خێوەتەکەی داغان دەکردم، ناچار بووم خۆم بە غارەکەدا بکەم، هەڵبەتە دەترساشم کە غارەکە بەسەرمدا بڕوخێ.

ئەم بارانە توندە ناچاری کردم دەست بدەمە کارێکی تازە، یانی کونێ، کەلەبەرێکی ئاوەڕۆ ئاسا لە حەسارەکەم بکەم تا ئاوەکە بڕوات و نە پەنگێتەوە، دەنا ئاو غارەکەمی هەڵدەگرت. پاش ئەوەی ماوەیەك لە غارەکەدا مامەوەو سەیرم کرد هیچ هەواڵێك لە بوومەلەرزەکەوە نیە، ئیدی بە خۆ هاتمەوە، ئیدی بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خۆم کە یەجگار پێویست بوو، چووم بۆ عەمارە چکۆلەکەم و کەمێك ڤەخارنم خواردەوە، کە هەڵبەتە ئەو کاتەش و هەموو کاتێك زۆر بە قنیاتەوە دەمخواردەوە، چونکە دەمزانی کە ئەگەر تەواو بێت، هی دیکەم بۆ دروست ناکرێت.

هەموو ئەو شەوەو بەشێك لە رۆژی دوایی هەر باران باری، بارانەکەی لەوەدا نەبوو، نەمتوانی سەر بەرمە دەرەوە. بەڵام بیرو خەیاڵم کەوتبووە سەر سکەی خۆی و بیرم لەوە دەکردەوە کە باشترین کارو تەگبیری من چیە، گەییمە ئەم ئەنجامەی کە ئەگەر دورگەکە، لەسەر هێڵی ئەم بوومەلەرزانە بێت، غارەکەم بە کەڵکی ژیان نایەت، بەڵکو دەبێ کەوێڵێکی چکۆلە لە هاماجی کراوەدا بۆ خۆ دروست بکەم و دیوارێکی وەکو ئەمەی لە دەورا بکێشم تا لە هێرش و پەلاماری دڕندەو مرۆڤێن کێوی بە دوورو سەلامەت بم، گەییمە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر لێرە بمێنمەوە، درەنگ یان زوو زندە بەچاڵ دەبم.

دوای ئەم بیر کردنەوانە لێبڕام چادرەکەم لێرە، یانی لەم سەرەو لێژییەی گردەکە، بگوازمەوە، چونکە ئەگەر بوومەلەرزەیەکی دیکە رووی دابا، بێگومان گردەکە بەسەر چادرەکەمدا دەڕوخا. دوای دوو رۆژان، واتە رۆژانی ١٩و ٤/٢٠ بیرم لە شوێنی تازەو چۆنیەتی گواستنەوەی ماڵەکەم کردەوە .

لە ترسی ئەوەی نەبا بە زندوویەتی ببم بە خۆراکی حەیوانێك، دەیکردە کارێك هیچ کاتێك بە ئیسراحەت نەخەوم و تێر خەو نەبم، بەڵام خۆ خەوتنیش لەو دەشتە پان و بەرینە، لەو دەشتە بێ

دەرو دیوارە، لەو فەزا والآیە، لە مەترسیو نیگەرانی بەدەر نەبوو. ویڕای هەموو ئەمەش کاتێ دەمڕوانیە دەوروبەرو دەمبینی چۆن هەموو شتێك نەزمو تەرتیبی خۆی وەرگرتووەو چەند باش توانیوومە خۆ حەشار بدەمو چەند ئاسوودەم، زۆر لە بارکردنو گواستنەوە بێزار دەبووم.

لە هەمان کاتدا وام بە خەیاڵدا هات کە ئەم کارە وەختێکی زۆرم لێدەگرێتو بێ سوکنەو ماوا دەمێنمەوە، بۆیە پێویستە تا بۆ خۆم سوکنەو ماوایەکی تازە فەراهەم نەکەمو سەلامەتیو ئەمنیەتی خۆم دابین نەکەم، هەر لێرە بمێنمەوەو بە ئێرە قاییل بم. بۆیە لە نزیکترین دەرفەتدا لێبڕام بەزووترین کات بە کاریتان دیوارێك دروست بکەم، یانی وەکو ئەوەی پێشوو بە شێوەی بازەنەیی بێتو کاتێ دیوارەکەم تەواو کرد، هەنگێ چادرەکەی تیا هەڵبدەم، بەڵام تا ئەو کاتەی کە کارەکەم تەواو دەبێ هەر لێرە بمێنمەوە و بار نەکەم. ڕۆژی ٤/٢١ ئەو بڕیارەم دا.

٤/٢٢:

ڕۆژی دوایی بیرم لە شێوەی ئەنجامدانی کارەکە کردەوە، بەڵام کەرەستەو تفاقم کەم بوون. سێ تەوری گەورەو کۆمەڵێك تەشویم هەبوو (چونکە بۆ سەواو مامەڵە دەگەڵ سورپێستاندا تەشویمان دەگەڵ خۆدا دێنا) بەڵام ئەوەندەم داری سەختو قایمو بە گرێو گۆڵم پێ تاشی بوون، دەمەکەیان کول بوو بوو، هەرچەندە بەردەسانێکم هەبوو، بەڵام نەم دەتوانی بیچەرخێنمو ئامێرەکانمی پێ تیژ بکەمەوە. ئەم مەسەلەیە بە جۆرێ بیرو بیرکردنەوەی مژولی کردم کە هیچ دەوڵەتڕانێکیش دەربارەی بڕیارێکی گەورەی سیاسی یان بڕیارێك دەربارەی مەرگو ژیانی کەسێك ئەوەندە بیر ناکاتەوە. ئەنجام نەخشەی دروستکردنی چەرخێکم کێشا کە بکرێت بە پێو بە هۆی پەتێکەوە با بدرێت، تا لە کاتی کارپێکردنیدا هەردوو دەستم ئازاد بن. سەرنج: هەرگیز لە ئینگلیستاندا شتی وام نەبینی بوو، یان بەلای کەمەوە هەرگیز دیقەتم نەدا بوو کە ئەم کارە چۆن دەکرێت، هەرچەندە کە ئێستا بیر دەکەمەوە، دەبینم کە ئەمە لە ئینگلیستاندا ئامێرێکی یەجگار باوە، بۆ نەگبەتی من بەردەسانەکەم زۆر گەورەو قورس بوو. دروست کردنو تەواوکردنی ئەم چەرخو ئامێرە یەك هەفتەی تەواوی برد.

٢٨و ٤/٢٩:

ئەم دوو ڕۆژەم بۆ تیژکردنەوەی ئامێرەکانم تەرخان کرد، ئەو چەرخەش کە بۆ سوڕاندنی بەردەسانەکەم دروست کردبوو، زۆر چاك کاری دەکرد.

٤/٣٠:

کە دیتم زەخیرەی نانم ماوەیەکی زۆرە داویەتیە کەمی، جارێکی دەی تەمەشای زەخیرەکەمم کردەوەو جیرەی ڕۆژانەی خۆمم کەم کردەوە بۆ ڕۆژی یەك پسکیت، کە هەڵبەتە ئەمە زۆری نائومێد کردم.

٥/١:

بەیانی کە ڕوانیمە دەریا، کە ئاوەکەی تەواو نیشتبووەوە، بینیم شتێك لە کەنارەکەدایە، شتێکی گەورەتر لە ئاساییو زیاتر لە بۆشکە دەچوو. کاتێ لێی چوومە پێشەوە، سەیرم بۆشکەیەکی بچووکە لەگەڵ دوو سێ پارچە لە پاشماوەی کەشتیەکە، کە گژە بایەکەی ئەو

دواییانە بەرەو کەنارەکەی هێنابوو. کاتێ کە ڕوانیمە خودی کەشتیە وێرانەکە، هەستم کرد لە جاران زیاتری لە دەرێی ئاوەکەیە. تەمەشای بۆشکەکەم کرد، سەیرم کرد پڕە لە باروت، بەڵام ئاوی تێ چوو بوو و باروتەکە تەڕ بوو بوو و وەکو بەردی لێهاتبوو. وێڕای ئەوەش بە کەنارەکەدا گلۆرم کردەوەو لە ئاوەکەم دوور خستەوە. پاشان بەگردۆلکە لمەلانەکەدا هەڵگەڕام و ئەوەندەی توانرا لە پاشماوەی کەشتیەکە نزیك بوومەوە تا بزانم چ شتێکی دی دەدۆزمەوە.

کە خۆم بە کەشتیەکەدا کرد، دیتم بە شێوەیەکی سەیر جوڵاوە، بەشی پێشەوەی کە جاران لە زیخ و لمەکە چەقی بوو، ئێستا بەلای کەمەوە مەترو نیوێك هاتبووە سەرەوە، بەشی پاشەوەشی کە بە زەبری هێزی پێل و شەپۆلان، پارچە پارچە بوو بوو و لە باقی کەشتیەکە جیا بوو بووەوە، هاتبووە سەرەوەو بەلایەکدا خوار بوو بووەوەو زیخ و لم بە جۆرێ ئەو لایەی داپۆشی بوو کە دەمتوانی لەگەڵ نیشتنەوەی ئاوەکەدا، بەو شوێنەدا ڕێ بکەم کە پێشتر ئاوێکی قووڵ بوو و دەبوایە بۆ ئەوەی بگەمە کەشتیەکە دوو سەد مەترێك پتر بە مەلە بڕۆم. ئەم شتانەم لە هەوەڵەوە پێ سەیر بوو، لێ پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەم گۆڕانکاریە بە هۆی بوومەلەرزەکەوە رووی دابوو، کە کەشتیەکەی لە جاران داغانتر کردبوو، و هەموو ڕۆژێ شەپۆلی دەریا شتی زیاتری هەڵدەدایە سەر ئاوەکەو باوو ئاو بۆ کەنارەکەیان دێنان.

ئەم مەسەلەیە، بە تەواوەتی نەخشەی بارکردن و جێ گۆڕکێیەکەی لە بیر بردمەوە، بەردەوام لە بیری ئەوەدا بووم کە ڕێگەیەك بدۆزمەوەو خۆم بگەیەنمە ناو کەشتیەکە، لێ هیچ ڕێگەیەکم نەدۆزییەوە، چونکە هەموو کون و کەلەبەرێکی کەشتیەکە پڕ بوو بوو لە لم و زیخ. بەڵام چونکە فێری ئەوە بوو بووم کە هەرگیز نائومێد نەبم، لێبڕام هەرچیەکم لە کەشتیەکە بەردەست کەوت، پارچە پارچەی بکەم و بیهێنم، چونکە گەیی بوومە ئەو قەناعەتەی کە هەر چیەك لە کەشتیەکەوە بێنم، ڕۆژێ لە ڕۆژان بە کەڵکم دێت.

٣/٥:

سەرەتا بە هەڕەو مشار پارچەیەکم لەو ئەستوونە بڕییەوە کە پێم وابوو کۆڵەکەو ڕاگری بەشی سەرەوەی حەوشەی کەشتیەکەیە. پاش ئەوەی ئەستوونەکەم بە تەواوەتی بڕییەوە، ئەو زیخ و لمەم، کە لەوێدا کەڵەکە بوو بوو، لادا، کەچی ئاوەکە بەرز بووەوەو هاتە ناو کەشتیەکەوەو ناچار بووم جارێ واز لەم کارە بێنم.

٤/٥:

چوومە ڕاوە ماسی، بەڵام تاقە ماسیەکیشم بۆ خواردن دەست نەکەوت، تەواو شەکەت و ماندووبووم، خەریك بووم دەڕۆییشتم کە بێچوە دۆلفینێکم گرت. بۆ خۆم پارچە پەتانم دابووە دەم یەکەوەو پەتێکی درێژم دروستکردبوو، بەڵام قولاپم نەبوو، بەڵام بەم حاڵەشەوە زۆر جار ماسیم دەگرت و خواردنەکەم دابین دەبوو. ماسییەکانم لەبەر هەتاو وشك دەکردەوەو بە هیشکی دەمخوارد.

٥/٥:

چووم بۆ لای پاشماوەی کەشتیەکە. ئەستوونێکی دیکەشم لە ناوەڕاستەوە بڕییەوە. دوو سێ تەختەی گەورەی دار سنۆبەریشم لە حەوشەی کەشتیەکە هەڵکەندن و هێنامن، پێکەوە بەستن و کاتێ ئاوەکە بەرز بووەوە دامنە دەم ئاوەکەوەو بۆ کەنارەکەم هێنان.

٥/٦:

دیسان چووم بە سۆراخی کەشتیە شکاوەکەوە. چەند ئەنجامە ونەرمادەو ئەڵقەرێزێکی ئاسنم دەرهێنا، زۆرم لە خۆ کرد، کاتێ کە گەڕامەوە ماڵێ، شەکەت و ماندوو بووم، هاتمە سەر ئەو بیرەی واز لەم کارە بێنم.

٥/٧:

دووبارە چوومەوە بەلای کەشتیە شکاوەکەدا، لۆسەیەکی ئاسنم دەگەڵ خۆدا برد تا حەوشەی کەشتیەکە هەڵتەکێنم کە هەنووکە نە ئاوی تیابوو نە زیخ و لم. دوو تەختەم هەڵکەندو کاتێ کە ئاوەکە بەرز بووەوە، بۆ کەنارەکەم هێنان. لۆسە ئاسنینەکەم، بۆ سبەینێ لە کەشتیەکەدا بەجێهێشت.

٥/٩:

چوومەوە بۆ لای کەشتیە شکاوەکە، بۆ لۆسە ڕێی خۆم بۆ ناو بۆدی کەشتیەکە کردەوە. چەند بۆشکەیەکم دۆزییەوەو بە زەبری لۆسەو باریە دەرمهێنان، بەلاّم نەمتوانی بیانگوێزمەوە. تۆپە قورقوشمێکی ئینگلیزیشم دۆزییەوە، تۆزێکم جولاّند، بەلاّم یەکجار قورس بوو، هەڵگرتنی لە کێشی مندا نەبوو.

١٠، ١١، ١٢، ١٣، ٥/١٤:

بە درێژایی ئەم ڕۆژانە، هەموو ڕۆژێ دەچوومە سۆراخی کەشتیە شکاوەکە، ژمارەیەکی زۆر لەوح و تەختەی تەنك و ئەستوورو هەروەها نزیکەی سەد سەدو پەنجا کیلۆ ئاسنیشم هێنا.

٥/١٥:

دوو تەشوێم بردو چووم بۆ لای کەشتیە شکاوەکە تا بزانم ئاخۆ دەشێت دەمی یەکێکیان بخەمە سەر تۆپە قورقوشمەکەو بەوی تریان لێی بدەم و هەندێك لە قورقوشمەکە بکەمەوە، بەلاّم چونکە قورقوشمەکە بە ئەندازەی چل سانتیمەترێك لەناو ئاوەکەدا بوو، هێزو قوەتم بەسەر لێدانی تەشویەکەدا نەشکا.

٥/١٦:

شەوێ بایەکی توندی هەڵکرد بوو، پێدەچوو هێزی ئاوەکە کەشتیەکەی داغانتر کردبێت، بەلاّم بە هۆی ڕاوە کۆترەوە ئەوەندە بە جەنگەڵ و لێڕەوارەکەدا گەڕام، کە بەرز بوونەوەی ئاوەکە بواری نەدام ئەو ڕۆژە بچم بە سۆراخی کەشتیە شکاوەکەوە.

٥/١٧:

سەیرم کرد هەندێ پارچەی کەشتیە شکاوەکە، لە دووری نزیکەی دوو کیلۆمەتری منەوە، هاتووەتە کەنارەکە. لێبڕام بڕۆم و بزانم مەسەلە چیە. سەیرم کرد پارچەیەك بوو لەسەری کەشتیەکە، لێ یەجگار قورس بوو، نەمتوانی بیگوازمەوە.

:٥/٢٤

تاکو ئەمڕۆ، هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ سەر کەشتیە شکاوەکە، بە زەحمەتێکی زۆر، زۆربەی کات بە زەبری لۆسە، هەندێ شتم دەردێنا، بە هەزار زەحمەت چەند بۆشکەیەك و دوو سەندوقی تایبەتی دەریاوانەکان، لەگەڵ هەستانی خێزاوی دەریاکەدا کەوتنە سەر ئاوەکە، بەڵام چونکە بایەکە لە سەمتی کەنارەکەوە بەرەو دەریاکە دەهات، ئەو ڕۆژە هیچ شتێك نەگەییە وشکاییەکە جگە لە چەند پارچە تەختەیەك و بۆشکەیەکی گەورە کە بڕێك گۆشتی بەرازیی تیا بوو، کە سوێراوو لم خراپی کردبوو.

ئەم کارەم تا ٦/١٥ درێژەی کێشا. بە درێژایی ڕۆژ هەر کارم دەکرد، جگە لەو کاتانەی کە بە ئامادەکردنی نان و خواردنەوە بەسەرم دەبرد، کە هەوڵم دەدا لەو کاتانەدا بێ کە ئاوەکە هەڵدەستا، بۆ ئەوەی کاتێ کە ئاوەکە دەنیشتەوە، ئامادەبم بچم بۆ سەر کەشتیە شکاوەکە. تا ئەم کاتە ئەوەندەم لەوح و تەختەو پارچە ئاسن هێنا بوو کە بەشی دروستکردنی بەلەمێکی باش بکات، هەڵبەتە ئەگەر بمزانیبا چۆن دروستی بکەم. هەروەها لە سەفەرە زۆرەکانمدا توانیم نزیکەی پەنجا کیلۆ وەرەقی قورقوشم دەگەڵ خۆدا بێنم.

:٦/١٦

چوومە ڕەخی دەریا، کیسەڵێکی دەریایی گەورەم دۆزییەوە. یەکەمجارم بوو کە ئەم گیانەوەرەم دەبینی، کە زاهیری لە بەد شانسی خۆم بوو، دەنا نە عەیب لە شوێنەکە بوو و نە لەم گیانەوەرە دەگمەنە بوو، چونکە دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەگەر ڕێم بکەوتبایە ئەو دیوی دوڕگەکە، دەمتوانی ڕۆژانە سەدان دانە لەوانە بدینم، بەڵام پێدەچوو بە ئاسانی ڕاو نەکرێن.

:٦/١٧

هەموو وەختەکەم بە لێنانی کیسەڵەکەوە بەسەر برد، شەست هێلکەم لە سکیا دۆزییەوە، گۆشتەکەی لەو کاتەدا، لە دەمما بە تامترین و بەلەزەتترین گۆشت بوو کە لە ژیانما خواردبووم، بە تایبەتی لەوەتای ڕێم کەوتبووە ئەم شوێنە سامناکە، جگە لە گۆشتی بزنە کێوی و باڵندە هیچ گۆشتێکی ترم نەخوارد بوو.

## نەخۆشی قورس هەراسانم دەکات:

:٦/١٨

هەموو ڕۆژەکە هەر باران بوو و نەچوومە دەرەوە. هەستم کرد ئەمجارەیان بارانەکە ساردەو تا ڕادەیەك گیانم چایی بوو، دەمزانی لەم پانایيە جوگرافیەدا ئەم حاڵەتە ئاسایی نیە.

:٦/١٩

زۆر نەخۆش بووم، پێدەچوو دنیا سارد بێت، دەلەرزیم.

:٦/٢٠

شەوێ خەو لە چاوم نەکەوت، سەرم زۆر دەیەشاو تام هەبوو.

:٦/٢١

زۆر نەخۆش بووم. زۆر لەم وەزعە نالەبارەی خۆمو لەوەی هیچ چارێکم نەبوو، دەترسام. بۆ یەکەمین جار، لەو کاتەوە کە دوای دەرچوونم لە هال دووچاری زریان بوو بووم، لە قاپی خوا پاڕامەوە، لێ بە خۆیشم نەمدەزانی چ دەڵێم، چونکە هۆش و گۆشم لای خۆ نەبوو.

:٦/٢٢

کەمێك باشتر بووم، لێ هێشتا زۆر لە نەخۆشی دەترسام .

:٦/٢٣

حاڵم دووبارە خراپ بووەوە، لەرزو تام لێهات، تووشی ژانە سەرێکی بەترەف بووم.

:٦/٢٤

زۆر باشتر بووم.

:٦/٢٥

تاو لەرزێکی زۆر توندم هەبوو. حەوت دانە سەعات بەدەم تاولەرزەوە تلامەوە. پاشان ئارەقەم کردەوەو بورامەوە.

:٦/٢٦

باشتر بووم. چونکە خواردنم نەبوو، تفەنگەکەم هەڵگرت و رۆییشتم، زۆر بێتاقەت بووم، بە هەر حاڵ بزنێکم کوشت و بە گیانەمەرگیەکی زۆر گەیاندمەوە ماڵ. هەندێ لە گۆشتەکەیم برژاندو خواردم. حەزم دەکرد بیکوڵێنم و گۆشتاوەکەی بخۆم، لێ پاتیلەو قاپلەمەم نەبوو.

:٦/٢٧

تاولەرزێکی هێندە توندم لێهات کە بە درێژایی رۆژەکە لە جێدا کەوتم و نە هیچم خواردو نە هیچم خواردەوە. خەریك بوو لە تینواندا بخنکێم، بەڵام هێندە بێتاقەت بوو بووم کە توانای ئەوەم نەبوو هەستم ئاو بۆ خۆم بێنم. دووبارە کەوتمە پاڕانەوە لەبەر خوا، بەڵام کاس و گێژ بووم، ئەگەر گێژیش نەبوام، ئەوەندە بێهۆش و گۆش بووم کە نەمدەزانی چی دەڵێم، تەنیا بەدەم پاڵ کەوتن و گریانەوە دەمگوت: "خودایا! حاڵی من ببینە! خودایا ڕەحمم پێدا بکە! خودایا فریام بکەوە!" وا بزانم دوو سێ سەعاتێك لەوە زیاتر هیچ کارێکی ترم نەکرد، تا ئەوە بوو تایەکەم ڕەوییەوەو خەوم پێیا کەوت و تا درەنگانێکی شەو خەبەرم نەبووەوە. کە خەبەرم بووەوە، سەیرم کرد حاڵم زۆر باشترە، بەڵام بێتاقەت بووم و زۆرم تینوو بوو. بەڵام چونکە ئاوم لە ماڵەوە نەبوو، ناچار بووم تا بەیانی ڕاکشێم و دووبارە خەو بردمیەوە، ئەمجارەیان خەونێکی یەجگار سامناکم بینی.

لە خەوما لە دەرێی حەوشەکەم، لە عاردی دانیشتبووم، یانی لە هەمان ئەو شوێنەی پاش لافاو و زریانەکەی دوای بوومە لەرزەکە، دانیشتبووم، سەیرم کرد پیاوێك خەریکە لەسەر پەڵە هەورێکی گەورەی ڕەشەوە دێتە خوارێ، مەشخەڵێکی ئاگری گەشی بەدەستەوە گرتبوو و بە ئەسپایی لاقی نایە سەر زەوی. ڕواڵەت و دیمەنی لە ڕادەبەدەر کرێت و ناشیرین بوو، هێندە ناشیرین بوو، بە وشەو پەیڤان نایەتە وەسف کردن. کاتێ کە گەییە سەر ئەرزەکە، هەستم کرد

ئەرزەکە لەرزی، ڕێك وەکو کاتی بوومەلەرزەکە، لەرزی. پەشێوو پەریشان وام هەست کرد دنیا یەکپارچە پڕ بوو لە مەشخەڵێن ئاگر.

هەرکە لاقی گەیینە زەوی ڕێك بەرەو من هات. نێزە یان چەکێکی درێژی بە دەستەوە بوو، دەیویست منی پێ بکوژێت. لە دووریەکی کەمی منەوە، گەییە سەر بەرزاییەك و گوێم لە دەنگێکی یەجگار سامناك بوو، کە مەگەر هەر خۆم بزانم چەند ترساندمی، تەنیا ئەوەندە حاڵی بووم: "تۆ کە پەندو عیبرەتت لەم هەموو سەر بردەو واریقاتە وەرنەگرتووەو تۆبەت نەکردەوە، هەنووکە دەمرێت" بینیم بە دەم ئەو قسانەوە نێزەکەی بەرز کردەوە تا بمکوژێت.

هەڵبەتە هەر کەسێك کە ئەم حیکایەت و بەسەرهاتە بخوێنێتەوە دەزانێت کە هەرگیز ناتوانم ئەو ترسەی کە بە هۆی ئەم خەونەوە سەراپای بوونی گرتم، دەربڕم. مەبەستم ئەمەیە کە هەر چەندە خەون بوو، بەڵام ترسێکی وای خستە دڵمەوە، تەنانەت کاتێ کە خەبەرم بووەوەو لام عەیان بوو تەنیا خەوێك بوو و هیچی تر، هێشتا هەر ترسەکەم لە دڵ و دەروون دەرنەچوو.

مخابن کە هیچ زانیاریەکم دەربارەی خواو خواناسی نەبوو. هیچ شتێکم لەو دەرس و پەندە باشانەی کە بابم دای دابووم، دوای هەشت دانە ساڵ لە ڕیسك و سەرکێشی دەریایی، کە تەنیا دەگەڵ کەسانی وەکو خۆم ناڕەسەن و خوانەناسدا هەڵسوکەوتم کردبوو، هیچ شتێکم لەو پەندە باشانە لە بیر نەما بوو، بیرم نایەت کە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا، تەنانەت یەك جاریش ڕووم کرد بێتە خوا یان بە قووڵی بیرم لە ڕەفتارو ئەتواری خۆم کردبێتەوە. بەڵکو بێئەوەی بیر لە ئەنجامدانی کارێکی چاك بکەمەوە، یان لەسەر کارێکی خراپ خۆم سەرزەنشت بکەم، جۆرە بێ ئەقڵیەك بە سەرما زاڵ بوو بوو و ئیدی لەو سەردەمەدا بوو بووم بە سەر سەخت ترین، بێ ئەقڵترین و شەڕانی ترین دەریاوان. نە لە کاتی تەنگانەدا کەمترین هەستی ترسم لە خودا هەبوو و نە دوای ڕزگار بوون لەو تەنگانەو مەترسیە، زەڕەیەك هەستی منەتباری و سوپاسگوزاریم بەرانبەری هەبوو.

وێڕای ئەو سەربوردەو بەسەرهاتەی کە تا ئێستا گێڕاومەتەوە پێویستە ئەوەش بڵێم کە لە تێکڕای ئەو بەلایانەی کە تائێستا بەسەرم هاتبوو، هیچ کاتێك هەستم بەڕۆلی خودا لەم کارەسات و بەلایانەدا نەکردبوو. هیچ کاتێك بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ئەم بەلاو کارەساتانە، سزای گوناح و خەتایەکانمە، سزای ئەو بەد ڕەفتاریانە بوو کە دەگەڵ بابم کردبوومن، سزای گوناحەکانی ئێستامن کە گوناحانی گەورە بوون، سزای ڕەوشی ژیانی پڕ گوناحی خۆم بوو و دەمدا. وەختایە لە سەفەرە سەختەکەمدا گەییمە کەنارە وشکەکانی ئەفریقیا، تەنانەت تاقە جارێکیش بیرم لەوە نەکردەوە کە چیم بەسەر دێت، یان تاقە جارێك لەبەر خوا نەپاڕامەوە کە هیدایەتم بدات کە بە چ لایەکدا بڕۆم، یان لەو مەترسیانەی کە بە ئاشکرا دەوریان دابووم، یان لە بوونەوەرانی برسی وەکو مرۆڤێن هۆڤی بمپارێزێت و ڕزگارم بکات. بەڵکو بە تەواوەتی لە زیکرو فیکرو خواستی خوایی غافڵ بووم و وەکو حەیوانات بە غەریزە یان بە گوێرەی فەرمانی ئەقڵی ساغڵەم ڕەفتارم دەکرد کە لە ڕاستیدا ئەقڵەکەشم پارسەنگی دەویست.

کاتێ کە کەشتیوانە پرتوگاڵییەکە رزگاری کردمو زۆر مەردانە رەفتاری دەگەڵ کردمو بەرخوردێکی ئابڕومەندانەو بگرە باوکانەشی دەگەڵ کردم، تەنانەت لە دڵی خۆشمدا کەمترین سوپاس و شوکرانەی خواوەندم نەکرد، کاتێ دووبارە کەشتییەکەم تێکشاو بەدبەخت بوومو، لە مەترسی غەرق بوون رزگار بوومو لەم دوڕگەیەدا گیرسامەوە، هیچ بیرم لە تۆبە نەکردەوەو ئەم وەزعەم بە سزای خۆم نەزانی، بەڵام زۆرجار دەمگوت کە بەڕاستی سەگێکی نەگبەتم، لە ئیجادی بە شوومی لە دایك بووم.

هەڵبەتە دروستە کە کاتێ بۆ یەکەمجار پێم نایە ئێرە، سەیرم کرد هەموو سەرنشینەکانی دیکەی کەشتیەکە غەرق بوونو تەنیا من دەرباز بووم، سەرسامو خۆشحاڵ بووم، تا رادەیەك گۆڕام، ئەگەر خوا حەزی کردبا، لەگێن بوو شوکرانەی بکەم، لێ لە هەمان سنووردا وەستام. تەنیا خۆشحاڵ بووم، خۆشحاڵ بووم کە زندووم، بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە دەستی رەحمەتی خوا منی رزگار کردبوو، منی لە نێو ئەو چەند کەسەدا جیا کردبووەوەو پاراستبوومی، لە کاتێکا هەموو ئەوانی دی مردبوون، بێئەوەی لە خۆ بپرسم بۆچی خواوەند رەحمی لە من کردبوو. رێك هەمان خۆشحاڵیم هەبوو کە کاتێ دەریاوانانی ئاسایی لە کارەساتی تێکشکانی کەشتی رزگاریان دەبێ، هەیانە.

تەنانەت دواییش، کاتێ لە وەزعو ڕەوشی خۆم ورد بوومەوە کە چۆن گەییومەتە ئەم شوێنە سامناکە، دوور لە تیرەی بەشەرم، هیچ ئومێدێکی رزگاری یان ئاسۆیەکی رزگاری بەدی ناکەم، هەرکە سەیرم کرد ئومێدی ژیان هەیەو لە برسا نامرم، ئیدی هەموو ترسێکی مردنو فەوتانم لە بیر چووەوە، زۆر ئاسوودە بوومو خۆم بە کارانێکەوە خەریك کرد کە بۆمانو گوزەرانی ژیانم پێویست بوو، ئیدی ئەو ترسی مەرگو مردنەم لەلا نەما، هەستم بەوە نەکرد کە ئەمە سزای ئاسمانیەو پەروەردگار دژی منە، بەدەگمەن شتی وام بە مێشکا دەهات.

چاندنی دانەوێڵە کە لە یاداشتەکانمدا ئاماژەم بۆ کردووە، هەوەڵجار کارێکی کەمی لێکردم، بەرە بەرە کاریگەرییەکەی زیادی کرد، هەستم کرد شتێکی پەڕجوو ئاسای تیایە، لێ هەرکە ئەم تەسەورە پەڕجوو ئاسایەم لە بیر چووەوە، هەموو کاریگەریەکەش وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە، ڕەوییەوە.

تەنانەت لە کاتێ بوومەلەرزەکەشدا، ئەگەرچی زۆر ترسناك بوو و، لە دەسەڵاتی هیچ کەسێکدا نەبوو و، مەگەر تەنیا خودا شتی وای لە دەست بێ، هەرکە ترسەکەم رەوییەوە، هیچ کاریگەرییەکی لە سەرم نەما. ئەگەر باشترین ژیانیشم هەبوایە، هەستێکی ئەوتۆم بەرانبەر بە خواو داوەرییەکانی خوا نەبوو، چ جای ئەوەی بێم ئەم ژیانە نالەبارەی ئێستام بە خواستی خوا بزانم.

بەڵام ئێستا کە نەخۆش بووم، تاپۆی مەرگو مردنم لەبەردەم خۆدا دەبینی، کە لە ژێر گوشاری نەخۆشی قورسدا ورەم لە دەست داو نەترەم بەردا، تای بەرز هێزو شنگی لەبەر بڕیم، ویژدانم کە لە مێژ بوو نووستبوو بەرە بەرە بێدار بووەوەو کەوتە سەرزەنشتم لەسەر ئەوەی کە

من به لاساری‌و سەرپێچییەکانم، خوام توڕە کردووەو، بۆیە ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر هێنا بووم، بەو جۆرە تۆڵە ئەستێنیە ڕەفتاری دەگەڵ کردبووم.

ڕۆژی دووەم‌و سێیەمی نەخۆشیەکەم ئەو بیرانە بەسەر مێشکما زاڵ بوون، لە هەرەتی تاداریدا، سەرزەنشتی ویژدان کردیە کارێك کە هەندێ قسانی دوعا ئاسا لە بەر قاپی خودادا بکەم، هەرچەندە ناتوانم بڵێم کە ئەو دوعایانە زادەی تاسە یان ئومێد بوون، بەڵکو زیاتر کۆمەڵە دەنگێکی زادەی ترس‌و پەریشانی بوون. بیرم پەشێو بوو، لە دڵی خۆم دا، بە توندی خۆم سەرکۆنە دەکرد، ترسی مەرگ لەو حاڵە بێ حاڵەمدا، وەکو هەورێکی سامناك باڵی بەسەر هزرو خەیاڵمدا کێشا بوو، جا لەم حاڵی پەشێویە دەرونیەدا، نازانم زمان چۆن دێتەگۆو چ دەڵێت. بەڵام ئەوەی لەو کاتەدا بە دەنگی بەرز دەیگوت، هەندێ وشەی وەکو ئەمانە بوون کە "خودایا، من چ کەسێکی نەگبەتم! ئەگەر نەخۆش بکەوم بە بێکەسی دەمرم‌و کەس نازانێ چم بەسەر دێت!" پاشان فرمێسك هۆن هۆن بە چاوانما دەهاتە خوارێ‌و تا ماوەیەکی زۆر نەمدەتوانی هیچ شتێك بڵێم.

لەم ماوەیەدا ئامۆژگاریە باشەکانی بابم بیر دەکەوتنەوە. ئەو پێشبینییەیم کە لە سەرەتای ئەم حیکایەتەدا ئامازەم کردێ، بیر دەکەوتەوە کە دەیگوت ئەگەر ئەم گەوجیەتیە بکەم خوا لە میهرو دلۆڤانی خۆی بێبەشم دەکات، دەیگوت ڕۆژێ لەم قسانەی من دەگەیت، کە لێت دەقەومێ‌و کەس نابێت کۆمەکت بکات تا رزگار بیت. بە دەنگی بەرز گوتم: "ئێستا قسەکانی بابی ئازیزم هاتوونەتە دی. غەزەبی خواگرتوومی، کەس شك نابەم کە کۆمەکم بکات یا فریام بکەوێ. من گوێم لە گازی و بانگی خوایی نەگرت، هەرچەندە دەرگای ڕەحمەتێکی وەهای لێکردبوومەوەو زەمینەیەکی لە باری ژیانی بۆ ڕەخساندبووم کە دەمتوانی بە شادی‌و ئاسوودەیی بژیم، بەڵام نەخۆم ئەوەم دەبینی و نە لە دایك‌و بابمەوە فێر بووم کە قەدری نیعمەت بزانم. ئەوانم بەجێهێشت‌و دوای سەرسەرێتی خۆم کەوتم‌و داخم نا بە جەرگیانەوە، دەی ئەوەتا من باجی سەرکێشیەکانی خۆم دەدەم‌و کردەوەی خۆم هاتووەتەوە ڕێم‌و داخدارم. من کۆمەك‌و یارمەتی ئەوانم ڕەتکردەوە. لە کاتێکا ئەوان قازانجی منیان دەویست، دەیانتوانی بە کۆمەك‌و یارمەتی خۆیان، هەموو زەمینەیەکی ژیانی خۆش‌و باشم بۆ خۆش بکەن. ئێستا گیرۆدەی کۆمەڵێك کێشەم، کێشەی هێندە گەورە کە تەنانەت تەبیعەتیش دەرەقەتیان نایەت، هیچ یارمەتیەك، یارو یاوەرێك، دڵخۆشکەرەیەك، یان ئامۆژگارێك شك نابەم." ئەوسا هاوارم کرد "خودایا، فریام بکەوە، زۆر پەریشانم."

دوای سالانی ساڵ، ئەمە یەکەم دوعای من بوو، ئەگەر بشێت ناوی دوعای لێبنەم، دەی با بە تانیا نەڕۆم‌و بگەڕێمەوە سەر یاداشتەکانی خۆم.

٦/٢٨:

چونکە زۆر خەوتبووم، هەندێ بوژابوومەوە، تاو لەرزەکەم بە تەواوەتی ڕەوی بووەوە، لەجێ هەستام، هەرچەندە هێشتا ترسی خەونە سامناکەکە بەری نەدابووم، بەڵام کە بیرم لەوە کردەوە، دوور نییە سبەینێ تاو لەرزەکەم بۆ بێتەوە، هەستم کرد کاتی ئەوەیە خۆراکێك بۆ خۆم فەراهەم

بکەم، تا گوڕێکم وەبەر بێتەوەو ئەگەر نەخۆشیەکەم بۆ هاتەوە، بەرگە بگرم. ئەوە بوو بوتڵێکی گەورەی چوارگۆشەم لە سەندوقەکە دەرهێناو پڕم کرد لە ئاوو لەسەر مێزەکە دامنا، تا ئەگەر لەسەر تەختە خەوەکە ڕاکشام، لە بەر دەستما بێت. بۆ ئەوەی سەرماکەم لە لەش دەربچێت، نزیکەی نیو کوپ نۆشابەی نەیشەکەرم تێکرد. ئەوجا تۆزێ گۆشت بزنم هێناو لەسەر زوخاڵ برژاندم، بەڵام تەنیا تۆزێکم پێخوّرا. کەمێك بەو دەوروبەرەدا سوڕامەوە، زۆر بێ هێزو بێتاقەت بووم، ئەمە جگە لەوەی کە بە هۆی وەزعو حاڵی نالەباری خۆمەوە زۆر خەمینو نا ئومێد بووم. زۆریش لەوە دەترسام کە سبەینێ نەخۆشیەکەم بۆ بێتەوە. شەوێ سێ هێلکەم لە هێلکەکانی کیسەڵەکە، لە ژێر ژیلەمۆ ناو برژاندمنو شێوم بۆ خۆ دروست کرد، بۆ یەکەمجار لە ژیانما، بەر لەوەی دەست بە نان خواردن بکەم سوپاسی خوام کرد.

دوای شێڤ خواردن، ویستم بڕۆمە دەرێ، لێ دیقەتم دا ئەوەندە بێهێزم کە تەنانەت ناتوانم تفەنگەکەشم هەڵگرم ( هیچ کاتێ بە بێ تفەنگ نەدەچوومە دەرێ ) بۆیە کەمێك رێم کردو پاشان لەسەر ئەرزەکە دانیشتمو چاوم بڕییە دەریاکەی بەرانبەرم کە یەجگار مەنگو هێور بوو. بەدەم دانیشتنەوە، ئەم بیرانەم بە مێشکا هات:

ئەم زەویو دەریایەی کە من دەیان بینم چین؟ کەی دروست کراون، من چیم، ئەم هەموو بوونەوەرە جۆراو جۆرانە، چماڵیو چ کێوی، چ بەشەرو چ حەیوان، لە کوێوە هاتووین؟ بێگومان ئەو هێزە نادیارە دروستی کردووین کە ئەرزو دەریاو هەواو ئاسمانی دروستکردووە، بەڵام ئەو هێزە کێیە؟

پاشان گەییمە ئەوە قەناعەتەی کە هەموو ئەمانە دەستکردی خودان. بەڵام پرسیار ئەوە بوو کە ئەگەر خودا هەموو ئەم شتانەی دروستکردووە، چۆن هەر هەموو ئەو شتانە بەڕێوە دەبات؟لە دڵی خۆدا گوتم هێزێك کە بتوانێ ئەم هەموو شتانە بئافەرێنێ، هەڵبەتە تواناو دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە بەڕێوەیان بەرێو ئاراستەیان بکات.

ئەگەر وابێ، هیچ بویەرێك لە مەداری مەزنی کارەکانی ئەودا بەبێ ئاگاداریو ئاگاییو خواستی ئەو ڕوو نادەن.

ئەگەر هیچ بویەرێك بەبێ ئاگایی ئەو ڕوو نەدات، هەڵبەتە ئەو دەزانێت کە من لێرەمو لەم وەزعو ڕەوشە خەمناکەدام، ئەگەر هیچ شتێك بەبێ خواستی ئەو ڕوو نەدات، کەواتە هەر ئەوو خواستی ئەو ئەم بویەرو ڕووداوانەی بەسەر مندا هێناوە.

لە دڵی خۆدا، لە هزرو بیری خۆدا هیچ هەڤدژییەکم لەم ئەنجامگیرییەدا نەدەبینی، بۆیە زیاتر دڵنیا بووم کە خواستی خوا بووە کە ئەم هەموو شتەم بەسەر بێتو بە خواستی ئەو تووشی ئەم وەزعە نالەبارو خەمناك بوو بووم. خوا، تاقە هێزێك بوو کە هەرچیەك لەم دنیایەدا ڕووی دەدا بە خواستی ئەو بوو. یەکسەر ئەم پرسیارە بەرۆکی گرتم، بۆچی پەروەردگار ئەمەی دەگەڵ مندا کرد، ئاخر چ خەتایەکم کردبوو کە تووشی ئەم وەزعەی کرد بووم؟

یەکسەر ویژدان ئاگاداری کردمەوە کە پرسیارێکی کوفرئامێزم کردووەو هەستم کرد گوێم لە دەنگیەتی: "داماو! تۆ دەڵێی چیت کردووە، چ خەتایەکت کردووە؟ ئاورێك لە ژیانی بە فیڕۆ

چووی ڕابردووی خۆت بدەوەو ئەوسا لە خۆت بپرسە چیت کردووە. لە خۆت بپرسە چۆنە کە زۆر دەمێکە تیا نەچوویت؟ چۆن ماوی؟ بۆچی لە لەنگەرگای یارموت غەرق نەبوویت؟ چۆن لە شەڕی ئەو دزە دەریاییانەی کە کەشتیەکەیان داگیرکردن، نە کوژرایت؟ چۆن لە کەنارەکانی ئەفریقیادا نەبوویت بە خۆراکی گیانلەبەرانی هۆڤی و دڕندە؟ یان چۆن لێرەدا، کاتێ کە هەموو سەرنشینانی کەشتیەکەتان تیا چوون و هەر تۆ بە سەلامەتی دەرچوویت؟ هێشتا تۆ دەپرسیت چ خەتایەکم کردووە؟

بەدەم ئەو بیرانەوە زمانم لە گۆ کەوتبوو. حەپەسا بووم، تاقە یەك وشەم بۆ نەدەهات. ڕاستت دەوێ هیچ وەڵامێکی خۆمم پێنەبوو، بۆیە مات و غەمگین ڕابووم، بۆ پەناگاکەی خۆم گەڕامەوە، بە دیوارەکەدا سەرکەوتم، چوومە سەر جێگاکەم، لێ هزرو بیرم زۆر پەشێو پەریشان بوو، حەزم لە خەو نەبوو، ئیدی لەسەر کورسیەکەم دانیشتم و چراکەم داگیرساند، چونکە دنیا بەرەو تاریکبوون دەچوو. ئێستا کە ترسی نەخۆشیەکەم تەواو هەراسانی کردبووم، بیرم کەوتەوە کە بەرازیلیەکان، بۆ هەموو جۆرە لەرزو تایەك، جگە لە تەماکۆ هیچ جۆرە دەرمانێکی دی بەکار نایەنن، منیش لە نێو یەکێك لە سەندوقەکاندا گورزەیەك تووتنی وشکی وشکم هەبوو، گورزەیەکی دیکەشم هەبوو کە سەوز بوو و هێشتا بە تەواوەتی وشك نەبوو بووەوە.

بێگومان خواستی خوا بوو کە چووم بە سۆراخی ئەو سەندووقەوە، چونکە دەرمانێکم تیا دۆزییەوە کە دەرمانی ڕوح و جەستە بوو. دەرکی سەندووقەکەم کردەوە، تەماکۆکەم دۆزییەوە، هەروەها چەند کتێبێکیشی تیا بوو، کە کاتی خۆی لەوێم دانا بوون. یەکێك لە ئینجیلەکانم، هەڵگرت کە تا ئەم کاتە دەرفەتی خوێندنەوەیم بۆ هەڵنەکەوتبوو، یان پیاو ڕاست بڵێ ئارەزووی خوێندنەوەیم نەکرد بوو. هەڵمگرت و دەگەڵ تەماکۆکەدا هێنام و لەسەر مێزەکەم دانا.

نەمدەزانی چۆن تەماکۆکە بەکار بێنم، دڵنیا نەبووم ئاخۆ بۆ تاو لەرزەکەم بە کەڵك دێت یان نا، بە چەند جۆرێك تاقیم کردەوە، وام هەست دەکرد، وەکو جۆرە دەرمانێك بەکاردێت. هەوەڵجار تۆزێکم لە گەڵا تووتنێکیان کردەوەو لە زارم ناو کەوتمە جوینی کە ئەوەی ڕاستی بێ هەوەڵجار مەنگی کردم، چونکە تەماکۆکە سەوزو بە قوەت بوو و منیش بەینێکی ئەوتۆم دەگەڵی نەبوو. پاشان تۆزێکم هەڵگرت و بۆ ماوەی یەك دوو سەعاتان لە شەرابی نەی شەکەرا خوساندمەوەو لێبڕام پێش خەوتن هەندێکی لێبخۆم. ئەنجام تۆزێکم لە تاوەیەك کردو لەسەر خەڵوز سووتاندم و کەپووم بەسەر دوو کەڵەکەیا گرت و ئەوەندەی توانیم بۆنم کرد، تا ئەو کاتەی کە گەرمیەکەی و بۆنەکەیم لە تەحەمولا نەما، هەر بۆنم کرد.

بە دەم ئەم کارانەوە، ئینجیلەکەم هەڵگرت و دەستم بە خوێندنەوەی کرد، لێ تەماکۆکە ئەوەندە سەری مەنگ کردبووم کە بەلای کەمەوە، ئەو کاتە نەمتوانی زۆری لێبخوێنمەوە. کاتێ کە کتێبەکەم خوا بەختەکی کردبووەوە، هەوەڵین پەیڤانێك کە بەر چاوم کەوتن، ئەمانە بوون: "لە ڕۆژانی تەنگانەدا هانام بۆ بێنە، ڕزگارت دەکەمو، هەنگێ سوپاسم دەکەیت."

ئەم پەیڤانە دەقاو دەق پڕ بە پێستی حاڵی من بوون و کاتێ خوێندمنەوە کاریان لە هزرو بیرم کرد، هەرچەندە ئەم کاریگەرییە پاشان زیاتر بوو، چونکە لەو کاتەدا وشەی ڕزگاری بۆ من هیچ

مانایەکی نەبوو. ئەم چەمکە زۆر لە هزرو بیری منەوە دوور بوو، لەو حاڵە شپرێوەمدا مەحاڵ دەهاتە بەرچاو، ڕێك وەکو خێڵ‌و تیرەی ئیسرائیلیان، کە کاتێ بەڵێنی خواردنی گۆشتیان دابوونێ، گوتبوویان: "چما پەروەردگار دەتوانێ لە بیاباندا سفرەیەك ڕابخات؟" منیش گوتم: "ئایا پەروەردگار دەتوانێ من لێرە ڕزگار بکات؟" جا چونکە تا ساڵانێکی زۆر هیچ تروسکەیەکی ئومێدم بەدی نەکرد، ئەو پرسیارەم وەکو خۆی هەر لە هزرو مێشکدا مایەوە. بەڵام بە هەرحاڵ ئەم پەیڤانە کارێکی زۆریان تێکردم‌و زۆرجار بیرم لێیان دەکردەوە. ئێستا ئیدی درەنگ بوو بوو و وەکو گوتم، تەماکۆکە وا مەنگ‌و گێژی کردبووم کە تەواو خەواڵو بوو بووم. بۆیە چراکەم هەر بە ڕۆشنی لە غارەکەدا هێشتەوە، چوومە ناو جێگاوە. بۆیە چراکەم نەکوژاندەوە، چونکە لە دڵی خۆدا گوتم نەوەك شەوێ بێدار ببمەوەو شتێکم پێویست بێت. بەڵام بەر لەوەی ڕابکشێم کارێکم کرد کە بە عەمرانم نەمکردبوو: کەوتمە سەر چۆکان‌و لەبەر قاپی خوا پاڕامەوە کە بەڵێنەکەی خۆی بەرێتە سەرو ئەگەر لە ڕۆژێ تەنگانەدا هاوارم بۆ برد، فریام بکەوێ‌و ڕزگارم بکات. پاش ئەوەی کە دوعا نیوە چڵەکەم تەواو بوو، ئەوە شەرابە نەیشەکەرەم خواردەوە کە تۆماکۆکەم تیا خوساند بوو، ئەوەندە بە قوەت‌و پڕ ژاراوی توتن بوو، کە هێشتا بە تەواوەتی لە خورادنەوەی نەبوو بوومەوە، خۆم بە ناو جێگاکەمدا کرد، یەکسەر هەستم کرد، سەری قورس‌و مەنگ کردم، خەوێکی قورسم لێکەوت‌و بۆ سبەینێ کە بێدار بوومەوە، بە گوێرەی شوێنی هەتاوەکە بە ئاسمانەوە، وام هاتە بەر مەزەندە کە دەبێ سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بێ. ئەوەی ڕاستی بێ، تا ئێستاش وا دەزانم دوای دوو شەو و ڕۆژ ئەوجا سەعات سێی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووەم خەبەرم بوو بووەوە، چونکە ئەگەر وا نەبووبێ، نازانم چۆن لە حیسابکردنی ڕۆژەکانمدا ڕۆژێکم گوم کردبوو کە هەڵبەتە ساڵانێك دواتر پەیم بەوە برد، چونکە ئەگەر بە هۆی نیشانەگوزاری دوو بارەوە لەسەر کاریتەدارەکە، ئەو ڕۆژەم لێتێك چوو بایە، ئەوا هەنگێ پتر لە ڕۆژێکم لێ تێك دەچوو و لێم ون دەبوو. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لە حیساباتی ڕۆژدا، ڕۆژێکم گوم کردبوو و ئێستاش نازانم چۆن.

بە هەرحاڵ، کە بۆ سبەینێ یان دوو سبەی ئەو شەوە، خەبەرم بووەوە، سەیرم کرد حاڵم زۆر باشە، کە لە جێگا هەستام، ئاهێکم تێگەڕا بوو و گوڕێکم وەبەر هاتبووەوە، وەزعی گەدەم، چونکە بەتاڵ بوو، باشتر بوو، بە هەرحاڵ ڕۆژی دواتر لەرزو تام بۆ نەهاتەوە، سات بە سات باشتر دەبووم. ئەم واریقاتانە لە ڕۆژی بیست‌و نۆیەمی مانگی شەشدا روویان دا.

٦/٣٠:

حاڵم زۆر باش بوو بوو، تفەنگەکەم هەڵگرت‌و چوومە دەرەوە، بەڵام زۆر لە ماڵەکەم دوور نەکەوتمەوە، یەك دوو باڵندەی دەریاییم کوشت، لە مراوی کێوی دەچوون، هێنامنە ماڵەوە، بەڵام زۆرم ئارەزوو لە خواردنیان نەبوو، بۆیە چەند هێلکە کیسەڵێکی دیکەم خوارد کە بەڕاستی بە تام‌و لەزەت بوون. شەوێ هەمدیس دەرمانەکەم دووبارە کردەوە، واتە هەمان تەماکۆی خوساوی ناو ئارەقی نەیشەکەرەکە کە پێموابوو ڕۆژی پێشوو سوودم لێ بینی بوو. هەڵبەتە لە جاری پێشوو کەمترم خواردەوە، نە گەڵا تووتنەکەم جووی‌و نە سەرم بەسەر دووکەڵەکەیەوە ڕاگرت،

بەڵام ڕۆژی دوایی، واتە ٧/١ ئەو باشە نەبووم کە چاوەڕوانم دەکرد. کەمێك لەرزم هەبوو، بەڵام زۆر توند نەبوو.

:٧/٢

هەمان دەرمانم خوارد، بە هەر سێ شێوازەکە، بە هەمان ئەندازەی هەوەڵجار، هەڵبەتە بڕی ڤەخارنەکەم کردە دوو بەرانبەر.

:٧/٣

ئیدی تووشی هیچ ناڕەحەتیو پەریشانیەك نەبووم، هەرچەندە تا چەند هەفتەیەك لەوە دواش هەر بڕێك بێهێزو تاقەت بووم. بەدەم چاك بوونەوەوە چەندین جار بیرم لەو ڕستەیەی ئینجیل کردەوە: "من رزگارت دەکەم" بەڵام هەرچی سەرم دێناو سەرم دەبرد نەدەچووە ئەقڵمەوەو بە مەحاڵم دەزانی، هەر بۆیەش چاوەڕوانی شتی وا نەبووم. لە کاتێکا بەم بیرانە ورەی خۆم دەڕوخاند، لە دڵی خۆدا گوتم ئەوەندە لە خەمی رزگار بوون لەم وەزعە نالەبارەی خۆمدا غەرق بووم، ئەم رزگار بوونەم بیر چووەتەوەو خۆم وادار کرد کە ئەم پرسیارە لە خۆم بکەم: ئایا لە نەخۆشی، ئەویش بە شێوەیەکی پەڕجووئاسا، رزگار نەبووم؟ لەوپەڕی پەریشانیدا نەبووم؟ زۆر نەترسا بووم؟ خواوەند منی رزگار کردبوو، بەڵام من سوپاسم نەکرد بوو، یانی لە بری ئەو رزگار بوونە شوکرانەی خوام نەکردبوو، ئیدی ئێستا چۆن چاوەڕوانی رزگاربوونێکی گەورەتر بووم؟

ئەم شتە زۆرکاری تێکردم، یەکسەر کەوتمە سەرچۆکانو بە دەنگی بەرز کەوتمە شوکرانەی خواوەند کە شیفای بۆ نارد بوومو لەو نەخۆشیە رزگاری کردبووم.

:٧/٤

بەیانی دەستم دایە ئینجیلەکەو لە سەردەمی تازەوە (عهد جدید) دەستم بە خوێندنەوە کرد. خوێندنەوەکەم زۆر بە جدیو بە هەندگرت، قەرارم لەگەڵ خۆدا کرد کە هەموو رۆژێ لای بەیانیو هەموو شەوێك، چەند بابێکی لێ بخوێنمەوە. خۆم بە خوێندنەوەی ژمارەیەك بابی تایبەتیەوە نەبەستەوە، بەڵکو بڕیارم دا بە پێی تواناو ئەوەندەی تاقەت بڕ بکات، بخوێنمەوە. دوای ماوەیەکی کەم لەم دەستپێکە جدیە، هەستم کرد لە ناخی ناخەوە، ڕاستگۆیانە پەشیمانم لەو ڕیسكو نارەسەنایەتیو کەڵەوەکێشیانەی کە کردبوومن. هەستە کابوس ئامێزەکەم لە نوێ زندوو بووەوە، ئەم وشانە بە جدی بیریان مژوول کردم: "دوای ئەم هەمووشتانە هێشتا تۆبەت نەکردووە." ڕێك لە هەمان ڕۆژا کە بەدەم خوێندنەوەی ئینجیلەوە گەییمە ئەم وشانە، ڕاستگۆیانە لەبەر دەرگای خودا پاڕامەوە کە تۆبەم لێ قەبووڵ بکات: "ئەوی کرد بە سەروەرو فریارەس تا تۆبەو عەفو ببەخشێتەوە." کتێبەکەم لە عاردی دانا، هەردوو دەستو دڵم بۆ ئاسمان بەرز کردووە. بەجۆرە خەواڵوییەکی شادی ئامێزەوە، بە دەنگی بەرز گوتم: "مەسیحا، ئەی ڕۆڵەی داود، مەسیحا، ئەی سەروەرو فریاڕەس، تۆبەم قەبووڵ بکە!".

ئەمە یەکەمین جاری تەمەنم بوو کە بە ڕاستی دوعام کرد، چونکە ئێستا بە گوێرەی وەزعو حاڵی خۆم، بە گوێرەی تێگەیشتنی واقیعیانەم لە کتێبی ئاسمانی، دوعام دەکرد، هەڵبەتە دەبێ

ئەوەش بڵێم لێرە بە دواوە ئومێدی ئەوەم لا دروست بوو کە لەمەو دوا خواوەند هاوارو گازیم بژنەوێ.

هەنووکە ئەو وشانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد بوو: "هاوارم بۆ بێنە، رزگارت دەکەم" —ماناو چەمکێکی جیاواز لە جارانیان لە لام دەگەیاند، چونکە ئەو کاتە هیچ تەسەورێکم لەمەڕ رزگار بوون نەبوو، جگە لە رزگار بوون لەو ئەسارەتەی کە گیرۆدەی بوو بووم، ڕاستە لە شوێنێکی کراوەو بەریندا بووم، بەڵام دوڕگەکە بۆ من وەکو زندان بوو، خراترین زندانی سەر رووی زەوی، لێ ئێستا فێری ئەوە بوو بووم کە بە چاوێکی دی سەیری بکەم. هەنووکە ئەوەندە بە ترسەوە دەمڕوانیە ژیانی ڕابردووی خۆم، گوناح و تاوانەکانم هێندە دزێوو ناشیرین دەهاتنە بەرچاوم کە رۆحم هیچی لە خوا نەدەویست تەنیا ئەوە نەبێ کە لە ژێر باری ئەو گوناهانەم رزگار بکات کە ئارام و ئۆقرەی لێ هەڵگرتبووم. ژیانی گۆشەگیریم لا گرینگ نیە، تەنانەت دوعاشم نەدەکرد لەو ژیانە رزگار ببم، تەنانەت بیریشم لێی نەدەکردەوە، ئەم مەسەلەیە لە چاو ئەو ترس و نیگەرانیەدا کە باڵی بەسەرا کێشا بووم، هیچ بایەخێکی نەبوو، ئەم قسانەم بۆ ئەوە کرد، تا هەر کەسێك کە دەیان خوێنێتەوە، ئەوە بزانێ کە بەشەر هەرکاتێ واقیعیانەو بەڕاستی لە شتان بگات، هەنگێ تێدەگات کە ڕزگار بوون لە گوناح نیعمەتێکی زۆر گەورەترە لە رزگار بوون لە بەڵاو نسیبەت.

<u>دوڕگەکە دەپشکنم:</u>

ئەم بەشە دەبوێرم و دەگەڕێمەوە سەر ڕۆژانە یاداشتەکانم.

هەنوکە، ئەگەرچی هەلومەرجی ژیانم باشتر نەبوو بوو، بەڵام ئاسوودەییەکی زەینی زیاترم هەبوو. بە هۆی خوێندنەوەی بەردەوامی ئینجیل و نزاو پاڕانەوە لەبەر قاپی خواوەند، گەیی بوومە ئۆقرەو سوکناییەکی ئەوتۆ کە پێشتر قەت شتی وام بە خۆوە نەدیتبوو. هەروەها وەختایەك کە چاك بوومەوەو لە نەخۆشی هەستامەوە، خۆم وادارکرد کە پێویستیەکانی خۆم فەراهەم بکەم، شێوازی ژیانم، ئەوەندەی دەکرێت، ئاسایی بکەم. لە چوارەوە تا چواردەی هەیڤی حەوت، زۆربەی کاتی خۆم بەوە دەبردە سەر کە دەست بدەمە تفەنگ و پیاسەیەکی دەوروبەری خۆم بکەم، هەموو جارێ بۆ ماوەیەکی کەم پیاسەم دەکرد، وەکو یەکێك کە دوای نەخۆشییەکی قورس، دەورەی نەقاهەت (بوژانەوە) تەی بکات، یانی تەسەور ناکرێت چەند لاواز بوو بووم و کەوتبوومە چ رۆژگارێك. ئەو دەرمانەی کە بەکارم دەبرد، زۆر تازە بوو، باوەڕ ناکەم هەرگیز بۆ دەرمانی لەرزوتا بەکار برا بووبێ. هەروەها ناشتوانم بە هیچ کەسێك بڵێم بەکاری بێنێ، ئەگەرچی نەخۆشیەکەی پەڕاندم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆری لاواز کردبووم، تا ماوەیەکی زۆر ئازای بەدەنم دەلەرزی.

بەمەدا بۆم دەرکەوت کە لە وەرزی بارانا، ژیان لە دەرێی ماڵدا، بۆ من زۆر خراپە، بە تایبەتی ئەگەر بارانەکە بە گژەباو زریانەوە بێ، چونکە ئەو بارانەی لە وەرزی وشکیدا دەباری هەمیشە بە باوە دەباری، بۆم دەرکەوت کە ئەو جۆرە بارانە خەتەرتر بوو لەو بارانەی لە هەیڤێن نۆو دەدا دەباری.

هەنووکە پتر لە دە هەیڤان بوو کە لەم دوورگە خەمناکەدا دەژیام. بە هیچ جۆرێ بە تەمای رزگار بوون نەبووم، قەناعەتی تەواوم لا چێبوو بوو کە هەرگیز هیچ بەنی بەشەرێك پێی نەناوەتە ئەم دوورگەیە. کە بیرم دەکردەوە سوکناو ماوایەکی ئەمینم هەیە، کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە زیاتر دوورگەکە کەشف بکەمو بزانم چ بەروبومێکی دیکەی تیایە کە من پێشتر هیچم دەربارەی نەزانی بێ.

رۆژی ٧/١٥:

بە دوورگەکەدا کەوتمە گەڕان. سەرەتا بە قەراخ روبارەکەدا هەوراز بوومەوە، یانی بە هەمان ئەو شوێنەدا کە کەڵەکەکانم لێوەی دێنایە کەنارەکە، پاش ئەوەی نزیکەی دوو میلێك بە قەراخ روبارەکەدا رێم کرد، سەیرم کرد کە ئاوەکە نایەتە سەرووترو روبارەکە بوو بە جۆگایەکی رەوان و ئاوێکی یەجگار ساف و سازگاری هەبوو، بەڵام چونکە وەرزی وشکی بوو، لە هەندێ شوێنیدا وشك بوو، ئاوی تیا نەبوو، یان ئەوەندە کەم بوو کە هەستی پێنە دەکرا.

دەوروبەری ئەم جۆگایە یەکپارچە زەوی تەخت و ڕاستانی، سەوزەزاری تەخت و نەرمو پڕ چیمەن بوو، سەروو تری ئەم دەشتە بەرزایی بوو، وەکو دیار بوو هەرگیز ئاوی پێ نەدەگەیی. کۆمەڵێك گەڵای سەوزی تۆماکۆم بە ساقەتەی ئەستورەوە بینی. جۆرەها گیای دیکەشی لێبوو، کە هیچم لە بارەیانەوە نەدەزانی و نەمدەزانی چ جۆرە گیایەکن و خاسیەتیان چیە.

بە دوای ڕیشەو ڕەگی نشاستەی کاساوادا گەڕام، کە سور پێستەکان لە دەڤەری خۆیاندا نانی لێ دروست دەکەن، بەڵام چەند گەڕام هیچم نەدۆزییەوە. کۆمەڵێك بنچکی درشتی سەبرە زەرد (جۆرە گیانەکە)م دۆزییەوە، بەڵام ئەو کاتە بۆ هەڵنەهات کە ئەمانە چین. یەك دنیا نەیشەکەری کێویم دۆزییەوە، بەڵام چونکە کەس پێیان رانەگەیی بوو، بە کەڵك نەدەهاتن. لەو نۆرە گەڕانەمدا، بەو تۆزە کەشف و دۆزینەوەیە قەناعەتم کردو گەڕامەوە. بە دەم ڕێگاوە بیرم لەوە دەکردەوە، باشە چۆن خاسیەت و سوودی ئەو روەك و میوانە بزانم کە دەیاندۆزمەوە، چەند سەرم هێناو سەرم برد، نەگەییمە هیچ ئەنجامێك. کاتی خۆی کە لە بەرازیل بووم هەندێ زانیاریم لە بارەی گیاو رووەکان ئەوێندەر پەیدا کردبوو، بەڵام بۆ ئێستام و بۆ ئەم وەزع و ڕەوشە نالەبارەم، بە هیچ کەڵکێکم نەدەهات.

:٧/١٦

دووبارە بە هەمان ڕێڕەودا کەوتمە ڕێ. پاش ئەوەی کەمێك لە دوێنێ زیاتر ڕۆیشتم، سەیرم کرد جۆگاکەو سەوزەزارەکە بەرە بەرە کۆتایی هات و ژینگەو دەوروبەرەکە بوو بە چڕە دارستان، لێرەدا جۆرەها میوەم دۆزییەوە، سەیرم کرد گوندۆرە خرچانێکی زۆری لێیەو ترێ بە دارەکاندا هاتووەتە خوارێ و، مێو خۆی بە لق و پۆپی درەختەکانی دیکەوە هەڵواسی بوو و هێشوە ترێی تەڕو تازەو گەییوو ئاوداری پێوە ئاوێزان بوو. ئەمە کەشفێکی کوت و پڕ بوو و زۆری خۆشحاڵ کردم، بەڵام ئەزموونی ژیان پێی دەگوتم کە زۆری لێنەخۆم. بیرم کەوتەوە کە کاتێ لە کەنارەکانی باکووری ئەفریقیا بووم، ئینگلیزانێکی زۆر کە لەوێندەر کۆیلەبوون، بە خواردنی ترێ تووشی بەلەفیڕێ وتا بوو بوون و مرد بوون. بەڵام تەگبیرێکی باشم دۆزییەوە، ئەویش ئەمە بوو کە

تریکان لەبەر هەتاودا وشك بکەمەوە تابن بە مێوژ، و هەڵی بگرم بۆ زستان، کە دەبێ خواردنێکی زۆر باش‌و بە سوود بێ، کە هەرواش دەرچوو.

ئیدی هەموو ڕۆژەکەم لەوێندەر بەسەر برد، بۆ ماڵ نەگەڕامەوە، ئەمە یەکەم شەوم بوو کە دوور لە ماڵەکەم بەسەر برد. کە شەو داهات، هەمان تەگبیرەکەی یەکەمجارم بەکار برد، چوومە سەر دارێك‌و بە ئیسراحەت لێی خەوتم. بەیانی لە خەو هەستام، درێژەم بە سەفەرە کەشفکاریەکەم دا، بە گوێرەی مەزندەی خۆم بە قەراخی دۆڵەکەدا، نزیکەی چوار میلێك ڕێم کردو هێشتا بە سەمتی باکووردا هەوراز دەبوومەوە، زنجیرەیەك بەرزایی‌و گردان لە باشوورو باکوورمدا هەبوون.

لە کۆتایی ئەم پیادەڕۆییەدا گەییمە شیوەڵەیەك کە پێدەچوو بە سەمتی ڕۆژاوادا نشێو ببێتەوە، کانی‌و ئاوێکی سازگاری لێبوو کە لەلای گردەکەی نزیکی منەوە هەڵدەقولاو بەرەو ڕۆژهەلات دەڕۆیی. شوێنێکی هێندە سەوزو دڵگیرو بە بەروبووم بوو لە تۆ وایە ساڵ دوازدەی مانگ هەر بەو سەوزیە دەمێنێتەوەو تەڕی‌و تازەیی بەهاری لێنابڕێت، زیاتر لە باخێکی دەسکرد دەچوو.

کەمێك بە کەناری شیوەڵە سەوزو دڵگیرەکەدا داگەڕام‌و بە جۆرە لەزەت‌و خۆشیەکی پەنهانی‌و (نیگەرانی ئامێزەوە) ڕوانیمە چوار دەوری خۆم‌و لە دڵی خۆدا دەمگوت هەموو ئەمە هی منە، من پاشای بێ شەریك‌و هەڤڕکی هەموو ئەم قەڵەمڕەوەم‌و موڵکی منە، خۆ ئەگەر بمتوانیبا بیکەمە ناوی خۆم، دەمتوانی وەکو هەر خاوەن موڵکێکی دیکەی ئینگلیستان، بیخەمە میراتەوە. ژمارەیەکی زۆری دار کاکاو، پرتەقاڵ‌و لیمۆی ترشی لێبوو، بەلام هەموو کێوی‌و خوڕسك بوون‌و لەو کاتەی ساڵدا میوەیەکی ئەوتۆیان پێوە نەبوو. بە هەرحاڵ ئەو لیمۆ سەوزانەی کە چنیمن، نەك هەر خۆش‌و بە تام بوون، بەڵکو زۆریش پڕ خۆراك‌و بە سوود بوون، پاشان گوشیمن‌و ئاوم تێکردن، کە بەڕاستی بەتام‌و پڕ خۆراك‌و تازەو بەلەزەت بوو.

ئیدی درەنگ بوو، دەبوا بڕۆمەوەو فریای کاروباری ماڵەکەم بکەوم. لێبڕام عەمارێك بۆ تری‌و لیمۆ ترشەکان دروست بکەم. تا بۆ زستان هەڵیان بگرم.

بۆ ئەم مەبەستە ترێیەکی زۆرم کۆ کردەوە، هەر کۆمەڵێکیم لە شوێنێ دانا، کۆمەڵێك لیمۆشم لە شوێنێکی دی داناو، ئیدی لە هەر کۆمەڵەو تۆزێکم هەڵگرت‌و دەگەڵ خۆدا بۆ ماڵەکەمم هێنایەوە. بڕیارم دا دووبارە بچمەوە بۆ ئەوێندەرو کیسە یان گونیەیەك یان هەر شتێك بە دەستەوە بێت، دەگەڵ خۆدا ببەم‌و تری‌و لیمۆکانی دیکەش بۆ ماڵەکەم بێنمەوە.

بەمجۆرە دوای سێ ڕۆژ بۆ ماڵەکەم گەڕامەوە، هێشتا نەگەیی بوومە ماڵەوە کە ترێیەکان تێك چوون. چونکە زۆر گەیی بوون، هەموو دەنك‌و بۆڵەکانی تەقین‌و ئاویان تیا نەما‌و لە کەڵك کەوتن. لیمۆکان عەیبیان نەبوو، بەلام تەنیا بڕێکی کەمم بۆ هاتەوە.

:٧/١٩

ڕۆژی دواتر، واتە ٧/١٩، جارێکی دی بۆ ئەوێندەر گەڕامەوە، دوو کیسەی چکۆلەم دروست کردبوو، تا میوەکانیان تێبکەم‌و بۆ ماڵیان بێنمەوە. کە گەییمە سەر کۆمەڵە ترێیەکان، حەپەسام،

سەرم سوڕما، چونکە کاتێ کە کۆم کردبوونەوە، زۆر ئاودارو عال بوون، کەچی ئێستا پرش و بڵاو و پێ شێل بوو بوون، هەر بەشێکیان لە شوێنێ توڕدرا بوون و بڕێکی زۆریشی لێ خورا بوو، لەمەوە بۆم دەرکەوت کە هەبێ و نەبێ ئەمە کاری حەیواناتی هۆڤیە، بەڵام بۆم ساغ نەبووەوە کە چ جۆرە حەیواناتێکن.

بە هەرحاڵ کاتێ سەیرم کرد چ هەواڵێك لە کۆمەڵە ترێیەکەوە نیەو بەم پێیە لە کیسەکردن و گواستنەوەش لە ئارادا نامێنێ و خۆ ئەگەر کەسێکیش نەیان پلیشێنێتەوە، ئەوا قورسی هێشووەکان لەسەر یەکتری، دەیان پلیشێنێتەوەو زایە دەبن، هەستام رێگەیەکی دیم گرتەبەر، هێشووە ترێیەکی زۆرم کۆکردەوەو بە لقی درەختەکانەوە هەڵواسین، تا لەبەر تیشکی هەتاوەکە بگەن و وشك ببنەوە. سەبارەت بە لیمۆ ترشەکان، کۆڵێکی تەواوم دەگەڵ خۆدا بردەوە.

کاتێ لەم سەفەرەم بۆ ماڵ گەڕامەوە، بەوپەڕی خۆشییەوە بیرم لە پیت و بەرەکەتی ئەو دۆڵەو شوێنە باش و ئەمنیەکەی و ئاو هەوا خۆش و سازگارەکەی و کانیاوو جەنگەڵەکەی دەوروبەری کردەوە، گەییمە ئەو قەناعەتەی کە خراپترین شوێنی دوڕگەکەم بۆ نیشتەجێ بوونی خۆم هەڵبژاردبوو، ئیدی کەوتمە بیری گواستنەوەی شوێنەکەم، لێبڕام لە شوێنێ بگەڕێم کە لە ڕووی ئەمنیەتەوە هاوتای شوێنەکەی ئێستام بێت و بە گوێرەی توانا لە شوێنێکی جوان و دڵگیرو پڕ میوەو بەروبوومی دوڕگەکەشدا بێت.

ماوەیەکی زۆر، ئەم بیرۆکەیەم لە هزرو بیری خۆدا تاوتوێ کرد، ڕۆژ بە ڕۆژیش پتر دەبوو بە خولیاو کەڵکەڵەم و جوانی شوێنەکەش زیاتر هانی دەدام. بەڵام کاتێ دووبارە لە نزیکەوە ئەوێم بینی کەمێك ساردبوومەوە، لە دڵی خۆدا گوتم جێگاکەی ئێستام لە دەریاکەوە نزیکەو هەر نەبێ لەگینە پێشهاتێك بێتە پێشێ و خێری منی تیا بێت، دوور نییە هەمان ئەو بەد شانسیەی کە منی گەیاندبووە ئەم دوڕگەیە، لەو دۆڵەشدا بەڵایەکی ترم بە سەردا نازڵ بکات. هەرچەند دوور بوو کە پێشهاتێکی تایبەتی ڕوو بدات، بەڵام ئەگەر خۆم لە نێو گردو دۆڵ و بێشەکان و لە ناوەندی دوڕگەکەدا گیرۆدە کردبایە، وەکو دیل و ئەسیرم لێدەهات و ئیدی ئەگەری رزگاربوونم زۆر کەمتر دەبووەوە ، بۆیە هەستم کرد جێگۆڕکێ بە قازانجی من نیە.

بەڵام بە جۆرێ شەیدای ئەم شوێنە بوو بووم کە هەموو پاشماوەی مانگی حەوتم بە زۆری لەوێ بەسەر برد. هەرچەندە دوای بیرکردنەوەو هزرینێکی زیاتر بڕیارم دابوو بۆ ئەوێ نەگوازمەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش بۆ خۆم لەوێ کەپرێکی چکۆلەم دروستکرد. کەمێك لە دووری کەپرەکە، حەسارێکی مکومم لە شێوەی پەرژینێکی دوولایی و، بە گوێرەی توانا بەرز، لە دەوری دروست کرد، نێوان هەردوو لای پەرژینەکەم، بە هەژگ و بژاڵ و چرپی و چاڵ و دڕوان پڕکرەوە، هەندێجار دوو سێ شەو، بەوپەڕی ئاسوودەیی لەوێندەر دەنووستم، وام خەیاڵ دەکرد ئێستا خانوویەکم لە کەناری دەریاو یەکێکی دیم لە ناوەندی دوڕگەکە هەیە. تا سەرەتاکانی مانگی ئاب بەو کارانەوە مژووڵ بووم.

تازە لە کاری دروستکردنی حەوشەو حەسارە تازەکەم بوو بوومەوەو، کۆڵێك کەیفم بەو کارەم دەهات، ئیدی باران دەستی پێکرد و ناچاربووم لە ماڵە کۆنەکەما بمێنمەوە. هەرچەندە لە شوێنە

تازەکەشدا، وەکو هەوەڵجار، بە پارچە بایەوانان چادرێکم دروست کردبوو و بە باشی هەڵم دابوو، بەڵام گردێکی لێ نەبوو وەکو پەناگەیەك لە زریان و تۆفانم بپارێزێت. هیچ غارێکیشم لە پشت خێوەتەکەوە نەبوو تا لە کاتی توندی باراندا پەنای ببەمێ.

وەکو گوتم لە سەرەتاکانی مانگی ئابدا لە دروستکردنی کەپرەکەم بوو بوومەوەو زۆرم کەیف بەو کارەی خۆم دەهات.

:٨/٣

سەیرم کرد ئەو هێشووە ترێیانەی بە درەختەکانەوە هەڵمواسی بوون، بە تەواوەتی وشك بوونەتەوە. بە ڕاستی لە سایەی بەرەکەتی تیشکی هەتاودا بوو بووم بە خاوەنی مێوژێکی یەجگار نایاب. ئیدی بەرە بەرە ترێیەکانم، کە بوو بوون بە مێوژ، لە درەختەکان کردەوە، هەڵبەتە چاکم کرد کە ئەم کارەم کرد، چونکە ئەو بارانەی کە دواتر باری، دەشیا هەر هەمووی زایە بکات و باشترین زەخیرەی زستانم لە دەست دەچوو. نزیکەی دوو سەد هێشووی گەورەی مێوژم هەبوو. هەرکە مێوژەکانم کۆکردنەوەو زۆر بەیانم بۆ غارەکەم هێنایەوە، باران دەستی پێکرد، لەو ڕۆژە بە دواوە، کە چواردەی ئاب بوو، تا ناوەڕاستی مانگی دە، هەموو ڕۆژێ، کەم و زۆر باران هەر باری. هەندێجار بارانەکەی هێندە توند بوو کە لە ماڵەوە گیر دەبووم و چەندین ڕۆژی یەك لە دووی یەك نەمدەتوانی بێمە دەرێ.

لەم وەرزەدا، زیاد بوونی خانەوادەکەم حەپەساندمی. یەکێك لە پشیلەکانم ون کردبوو و زۆر نیگەرانی بووم، چونکە لەلای من ڕۆیی بوو و وام مەزەندە دەکرد مردووە. ئیدی هیچ هەواڵێکی نەبوو، نەدەنگێ نەڕەنگێ، تا لە ئاخرو ئۆخری مانگی ئابدا بە سێ بێچووەوە گەڕایەوە. ئەمەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە بە تفەنگەکەم پشیلەیەکی کێوی یان شتێکی لە بابەتی پشیلەی کێویم کوشتبوو، بەڵام بە مەزەندەی من لە هەمان نەژادی پشیلە ئەوروپاییەکانی ئێمە نەبوو، جیاواز بوو، بەڵام بێچووەکان وەکو پشیلەی ماڵی بوون و لە دایکیان دەچوون. هەردوو پشیلەکەی من مێچکە بوون، ئەمەم زۆر بەلاوە سەیر بوو. بەڵام ئەم سێ پشیلەیە پاشان هێندەیان زاوزێ کرد کە بێزاریان کردم، ناچار بووم وەکو گیانلەبەرانی موزیر یان هۆڤی بیانکوژم و ئەوەندەی بکرێ لە ماڵەکەم دەریان بکەم.

١٤- ٨/٢٦:

بە درێژایی ئەم ماوەیە باران لە یەکبینە دەباری، بە جۆرێ دەباری نەمدەتوانی لە ماڵ وەدەربکەوم، هەموو هەوڵێکم ئەوە بوو کە نەیەڵم زۆر تەڕ ببم، چونکە هەر لە ماڵەوە بووم، بەرە بەرە ئازووقەکەم دایە کزی، بەڵام هەر چۆنێ بوو توانیم دوو جاران بچمە دەرەوە. ڕۆژێکیان بزنێکم کوشت، ڕۆژەکەی تریش، کە ٨/٢٦ بوو، کیسەڵێکی دەریایی گەورەم دۆزییەوە، کە خواردنێکی زۆر بەلەزەت بوو، بەمجۆرە خەمی بێ خۆراکیم لە کۆڵ بووەوە. بەیانیان هێشووە میوژێك و نیوەڕۆ پارچەیەك گۆشتی بزن یان کیسەڵم دەخوارد، کە دەمبرژاند (بۆ نەگبەتی هیچ قاپلەمەیەکم نەبوو کە شتێکی تیا بکوڵێنم) ئێوارەش دوو سێ هێلکە کیسەڵم دەخوارد.

لەو ڕۆژانەدا کە لەماڵەوە گیرم خوارد بوو، ڕۆژانە دوو سێ سەعاتان کارم دەکرد تا غارەکەم فراوانتر بکەم. لە شوێنێکەوە دەستم بەم کارە کرد تا گەییمە دیوی ئەو دیوی گردەکە. دەرگایەکم لە پشت خانووەکەمەوە کردەوە، ئیدی لەوێندەرەوە دەرو ژوورم دەکرد. بەڵام چونکە زۆر لەبەر چاو بووم، هەستم بە نیگەرانی دەکرد، هەستم دەکرد زۆر بەبەر چاوەوەم و لەگینە هەر جانەوەرێك پەلامارم بدات، لێ لەلایەکی تریشەوە تەسەورم نەدەکرد هیچ بوونەوەرێکی زندووی ترسناك لەو ناوە هەبێت. گەورەترین گیانلەبەرێ کە من لە دوڕگەکەدا دیتبووم بزن بوو.

:٩/٣٠

ئەمڕۆ یەکەمین ساڵیادی خەمناکی هاتنم بۆ ئەم دوڕگەیە بوو. خەتەکانی سەر ئەستوونەکەم ژمارد، سەیرم کرد سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژە لەسەر وشکانیم. ئەمڕۆ بە جدی بە ڕۆژوو بووم و ئەمڕۆم بۆ مەسەلە مەزەبیەکان تەرخان کرد. بە ملکەچی چۆکم دادا، لەبەر قاپی خوادا دانم بە خەتاو گوناحانی خۆدا نا، دانم بەوەدا نا کە شایستەی ئەو سزایەم و ئەمە سزای گوناحەکانی خۆمەو لەبەر خوا پاڕامەوە کە ڕەحمم پێدا بکات و لە مەسیح پاڕامەوە کە شەفاعەتم بۆ بکات. هەرچەندە دوازدە سەعاتی تەواو، تا خۆرئاوا، هیچ خواردنێکم نەخواردبوو، لە خۆرئاواش بە دواوە تەنیا یەك پسکیت و یەك هێشووە ترێم خواردو چوومە ناو جێگاوەو بەو جۆرە شەوم ڕۆژ کردەوە.

بە درێژایی هەموو ئەم ماوەیە هەرگیز ڕێوڕەسمی ڕۆژانی یەك شەممەم جێبەجێ نەکردبوو، چونکە لە سەرەتاوە هیچ بیرو باوەڕێکی ئاینیم نەبوو، دوای ماوەیەکیش، ئیدی خەتی درشتم لەسەر ئەستوونەکە، بە نیشانەی ڕۆژی یەك شەممە، نەدەکێشاو ئەنجام نەم دەزانی کام ڕۆژ یەك شەممەیە. بەڵام هەنووکە کە ڕۆژەکانم، وەکو گوتم، کۆکردەوە، سەیرم کرد یەك ساڵی ڕەبەقە لەوێندەرم. ئیدی بە گوێرەی ئەمە، ساڵەکەم دابەش کرد بەسەر هەفتانداو یەك شەممەکانم دیاری کرد، هەرچەندە لە کۆتایی ئەم کارەدا بۆم دەرکەوت کە لە حیساب و کیتابەکەمدا، ڕۆژێکم بواردووە.

دوای ئەم ڕووداوە بە ماوەیەکی کەم، زەخیرەی مەرەکەبم دایە کزی، بۆیە کەوتمە ئەوەی قنیات لە بەکارهێنانی مەرەکەبدا بکەم. لێبڕام تەنیا گرینگترین بویەرو ڕووداوێن ژیانم بنووسمەوەو چیتر درێژە بە نووسینەوەی ڕۆژانە یاداشتەکانم نەدەم.

ئێستا وەرزی باران‌و وەرزی وشکیم بەلاوە گرینگ نەبوو، لەگەڵیان راهاتبووم، دەمتوانی جیایان بکەمەوەو بۆ هەر وەرزێکیان تەدارەکی تایبەتی بدینم. بەڵام هێشتا ئەزموونی تەواوم وەرنەگرتبوو، باجێکی قورسی ئەم کەم ئەزموونیەم دا، دەمەوێ سەربوری یەکێك لە تاڵترین ئەو ئەزموونانەی خۆم بگێڕمەوە. پێشتر باسی ئەوەم کردبوو، کە بەوپەڕی سەرسامی، چەند گوڵە جۆو گوڵە برنجێکم دۆزی بووەوەو هەڵم گرتبوون‌و وام مەزەندە بردبوو کە خۆڕسك رواون. وا بزانم نزیکەی سی گوڵە برنج‌و بیست گوڵە جۆم هەبوو. وام وێنا دەکرد، هەنووکە پاش وەرزی باران، کاتێکی لە بارە بۆ داچاندن‌و تۆو دانیان، چونکە هەتاو روو لە باشوور بوو و، لە من دوور دەکەوتەوە.

ئیدی بە بێڵە دارینەکەم، تۆزێك زەویم کێڵا، زەویە کێڵراوەکەم کرد بە دوو بەشەوە. تۆمەکانم داچاند، بەدەم ئەم کارەوە لە خۆوە وام بە مێشکا هات کە هەموو تۆمەکانم بە جارێ دانەچێنم، چونکە لام روون نەبوو کە وەختەکە لە بارە بۆ چاندن یان نا. ئیدی دوو سێیەمی تۆوەکانم داچاندو نزیکەی یەك مستم لە هەر یەکێکیان هەڵگرت.

پاشان زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەم کارەم کردبوو، چونکە تاقە یەك تۆویش لەوانەی کە دامچاند بوو، بەری نەدا، چونکە دوای تۆودانەکە، ئیدی وەرزی وشکی دەستی پێکردو نە هیچ بارانێك باری‌و نە ئەرزەکە ئەوەندە رتوبەت‌و شێی هەبوو کە یارمەتی نەشومای تۆوەکان بدات، تاقە یەك دانەیان سەوز نەبوو، تا دووبارە وەرزی باران هاتەوە، تۆوەکان بە جۆرێ روان‌و گەشەیان کرد، لە تۆ وایە تازە داچێنرا بوون.

کە بینیم تۆوەکان هەوەڵجارم نەڕوان، لە دڵی خۆدا گوتم رەنگە هی وشکە ساڵی بووبێ، بۆیە گەڕام زەویەکی شێدارتر بدۆزمەوە تا دووبارە خۆم تاقی بکەمەوە. لە مانگی شوباتداو کەمێك پێش بەهار، لە نزیکی کەپرە تازەکەم زەوییەکم کێڵاو باقی تۆوەکانم لەوێندەر داچاند، چونکە بارانی مانگی سێ‌و چوار، تۆوەکانی بە تەواوەتی پاراو کرد، زۆر باش روان، بەرێکی زۆر باشیان دا. بەڵام چونکە زاتم نەکردبوو هەموو تۆوەکەم دابچێنم، چونکە بنەتۆوەکەم زۆر کەم بوو، هەر هەموو ئەو بەروبوومەی دەستم کەوتبوو، زۆر کەم بوو.

بەڵام ئەمە بوو بە ئەزموونێکی زۆر باش، بە تەواوەتی فێر بووم کە چ وەرزێك بۆ کشتوکاڵ باشە، ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە لە ساڵدا دوو وەرزی تۆو چاندان‌و دوو وەرزی خەرمان هەڵگرتن هەیە. کاتێ کە ئەم دانەوێڵانە، لە حاڵی ڕواندا بوون، شتێکی چکۆلەی دیکەم کەشفکرد کە پاشان بەکارم هات. هەرکە وەرزی باران بڕان هات‌و هەوا بەرە بەرە خۆش بوو، واتە دەوروبەری هەیڤی یازدە، سەرێکی کەپرەکەم دا کە کەوتبووە بەشە بەرزەکەی دوڕگەکەوە. هەرچەندە چەند مانگێك بوو بۆ ئەوێندەر نەچوو بووم، سەیرم کرد هەموو شتەکان بە دەقی خۆیانەوە ماون. جا ئەو بازنەو دیوارە دوولایەی کە دروستم کردبوو، نەك هەر مکوم‌و قایم لە جێی خۆی مابوو، بەڵکو ئەو قەڵەمانەش کە لە درەختانی دەوروبەرم بڕی بوون، روا بوون‌و لق‌و پۆپی بەرزیان دەرکردبوو، وەکو داربییەك کە لە یەکەم ساڵی پەرچ کردنی سەرەکەیدا دەڕوێت. نازانم ئەو قەڵەمانە چ جۆرە درەختێك بوون. کە سەیرم کرد نەمامەکان رواون، هەم سەرسام‌و هەم خۆشحاڵ

بووم. سەری لقەکانیانم پەرچ کردو بە پێی توانا هەوڵی ئەوەم دا کە هاوئاهەنگ روو لە ئاسمان گەشە بکەن، رەنگە کەس باوەڕ نەکات کە لە ماوەی سێ ساڵدا چەند بە جوانی روان، وای لێهات پەرژینەکە بوو بە بازنەیەك کە تیرەکەی نزیکەی بیست و پێنج شەقاو دەبوو. بەڵام درەختەکان، ئیدی بوو بوون بە درەخت، زۆر خێرا حەوشەکەیان داپۆشی و ئیدی کەپرێکی تەواویان دروستکرد، ئێدی کەپرێك بوو لە وەرزی وشکیدا بە باشی ئیدارەی تیا دەکرا.

بۆیە بڕیارم دا قەڵەمی زیاتر ببڕم و بۆ خۆم حەسارێکی لەم شێوەیە، بە شێوەی نیوە بازنەیی بە دەوری حەساری خانووەکەی یەکەمجارمدا بڕوێنم، هەرواشم کرد. دوو ریز قەڵەمم لە دووری نزیکەی بیست و پێنج شەقاو بە دەوری حەسارو حەوشەکەی پێشوومدا رواند، زۆر زوو روان، هەوەڵجار بەرەبەرە خانووەکەیان داپۆشیم، پاشان بوون بە جۆرە سەنگەر و قەڵغانێکیش کە لە شوێنی خۆیدا ئەمەش باس دەکەم.

بەرە بەرە بۆم دەرکەوت کە وەرزێن ساڵ لێرە، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە لە ئەوروپا باوە، ناکرێ بەسەر هاوین و زستاندا دابەش بکرێت، بەڵکو پێویستە بەسەر وەرزی باران و وەرزی وشکیدا دابەش بکرێت، کە بەشێوەیەکی گشتی بەمجۆرەن:

| | |
|---|---|
| نیوەی شوبات + مارت + نیوەی نیسان | بارانە، هەتاو رێك لە ئاستی هێڵی ئیستیوا یان نزیکی هێڵی ئیستیوایە |
| نیوەی نیسان + مایس + حوزەیران + تەمووز + نیوەی ئاب | وشك و بێ بارانیە، هەتاو لە باکووری هێڵی ئیستیوایە |
| نیوەی ئاب + ئەیلول + نیوەی ت ١ | بارانە، هەتاو دەگەڕێتەوە جێی خۆی |
| نیوەی ت١ + ت٢ + ك١ + ك٢ | وشکە، هەتاو لە باشووری هێڵی ئیستیوایە. |

وەرزی باران و تەڕو تووشی بە گوێرەی ئاراستەی با هەندێجار کورت تر یان درێژتر دەبوو. بەڵام نۆڕین و دیتنی من بەو جۆرە بوو کە باسم کرد. دوای ئەوەی بە تەجروبە زەرەری بارانم بۆ دەرکەوت، لێبڕام پێشوەختە خۆمی بۆ ئامادە بکەم، تا ناچار نەبم لەم وەرزەدا بچمە دەرێ، لە وەرزو مانگەکانی باراندا، ئەوەندەی بکرێ، لە ماڵ دەرنەچم.

لەم وەرزەدا کارێن زۆر هەبوون کە بیانکەم (بۆ ئەو وەختەش زۆر لە بار بوون) چونکە دەرفەت و دەلیڤەیەکی باشم بە دەستەوە هەبوو کە هەندێ شت بۆ خۆم بکەم کە تەنیا بە کاری جدی و بەردەوام دەکران. بە تایبەتی چەندین رێگەم تاقی کردبووەوە کە سەبەتەیەك بۆ خۆم دروست بکەم، بەڵام هەموو ئەو تەرکەو شولکانەی کۆم دەکردنەوە ئەوەندە رەق و شکستەنی بوون کە بەکەڵکی هیچ نەدەهاتن. کاتێ کە منداڵ بووم، زۆرم حەز لە بازاڕی سەبەتە سازانی ئەو شارە بوو، کە بابم لێی دەژیا، کە دەچوومە ئەو بازاڕە زۆر خۆشحاڵ دەبووم، بە وردی دەمڕوانیە دەستی ئەو وەستاو شاگردانەی کە شتی حەسیریان دروست دەکرد، وەکو هەر منداڵێك زۆرم حەز دەکرد سەر لە کارەکەیان دەربکەم، بە تاسەوە سەیرم دەکردن تا بزانم چۆن ئەو شتانە

دروست دەكەن، ئیدی زانیاریەكی تەواوم دەربارەی چۆنیەتی ئەو كارە هەبوو، یانی لە هیچم كەم نەبوو تەنیا كەرەستەی خاو نەبێت، ئەو ئەزموونانە بۆ ئێستام زۆر باش بوون، كاتیٚ شولكو تەركەی ئەو درەختانەم بیركەوتەوە كە قەڵەمەكانم لێبڕینو سەیرم كرد، وەكو تەركە و شولكی دار بییەكانی ئینگلیستان قایمو مكومن، لێبڕام ئەوانە تاقی بكەمەوە.

بۆیە رۆژی دواتر چووم بۆ هاوینەوارەكەم، ئیدی وای ناو دەبەم، كۆمەڵێك شوڵكی ناسكم بڕی، سەیرم كرد رێك ئەوەن كە من دەمەوێن. ئیدی كەڕەتی دواتر، بە تەشوێیەكەوە چوومەوە بۆ ئەویٚ تا بڕێكی زیاتر لەو شولكانەی ببڕم، چونكە شوڵكو تەركە یەجگار زۆر بوو، بە ئاسانی ئەو كارەم كرد. تەركەكانم لە نێو حەسارەكەدا هەڵچنی تا وشك ببنەوە. كاتیٚ ئامادە بوون، گواستنمەوە بۆ غارەكەم. ئیدی لەویٚو لە وەرزی دواتردا، خۆم بە دروستكردنی ژمارەیەك سەبەتەی زۆرەوەو بە باشترین چۆنیەتییەوە خەریك كرد، كە بە كەڵكی گواستنەوەی خاكو خۆڵو هەر شتێكی دی دەهاتن، ڕاستە زۆر جوان نەبوون، بەڵام بەكەڵك دەهاتن. ئیدی لەوە بە دواوە هەوڵم دەدا قەت بەبیٚ سەبەتە نەبم، هەركاتیٚ سەبەتەیەكم خراپ ببوایە، خێرا یەكێكی ترم دروست دەكرد. بەتایبەتی سەبەتەی مكوومو قووڵم دروست كردبوو، تا ئازووقەو دانەوێڵەی تیٚ بكەم.

ئێستا كە بەسەر ئەم كێشەیەدا زاڵ بوو بوومو وەختێكی زۆرم پێوەی بەسەر بردبوو، كەڵكەڵەی ئەوەم كەوتە سەر تا بزانم ئایا دەشێت دوو پێویستی دیكەش ئەنجام بدەم. بۆ هەڵگرتنو پاراستنی شلەمەنی هیچ دەفرو ئامانێكم نەبوو جگە لە دوو بۆشكان كە كەم تا زۆر هەردوو كیان پڕ بوون لە ڤەخارنی نەیشەكەرو چەند بوتڵێكی شووشەیی بە ئەندازەی ئاسایی و، چەند بوتڵێكی چوار گۆشەش كە لە سەندووقا بوون و بە كەڵكی ئاوو خۆشاوو ڤەخارن دەهاتن. هیچ دەفەرێكی وەكو مەنجەڵ و قاپلەمەم نەبوو كە بشێت شتێكی تیا بكوڵێنریٚ، تەنیا كترییەكی گەورە نەبیٚ كە لە كەشتیەكەم هێنا بوو، كە ئەویش زۆر گەورە بوو و بە كەڵكم نەدەهات، یانی نەمدەتوانی گوشتاوی تیا لێبنەم یان پلە گۆشتێكی تیا بكوڵێنم و سوور بكەمەوە. پێویستی دووەمم بریتی بوو لە سەبیلێك، بەڵام هەرچیم دەكرد بۆم دروست نەدەكرا، هەرچەندە لە ئەنجامدا تەگبیرێكی ئەوەشم كرد.

هەموو وەرزی هاوینم یان وەرزی وشكیم، بە ناشتنی ریزی دووەمی نەمامەكانو سەبەتەسازییەوە بەسەر برد، تا ئەوە بوو كارێكی دیكەم بۆ هاتە پێشیٚ ، هێندەی مژوول كردم كە بە خۆمیش وێنام نەدەكرد.

پێشتر باسی ئەوەم کرد بوو کە زۆرم حەز دەکرد دورگەکە بدینمو ئەوەم گێڕایەوە کە چۆن بە قەراخ روبارەکەدا هەوراز بوومەوەو لە کویٚ کەپرەکەم دروست کردو لە قۆڵەکەی تری دورگەکەوە رێگەیەکی پەڕینەوەم بۆ لای دەریاکە دۆزی بووەوە.ئیستا بڕیارم دا،رێك برۆم بۆ کەنارەکەی ئەوبەری دورگەکە. تفەنگو تەشوێیەکەم هەڵگرت، سەگەکەم بەگەڵ خۆ خستو باروووتو فیشەکی زیادەم هەڵگرت، دوو نانی وشكو هێشوویەکی گەورەی مێوژم بۆ توێشووی رێگا، لە توێشەبەرەیەك ناو کەوتمە رێگا. کە لەو دۆڵە ڕەتبووم کە کەپرەکەم تیا دروست کردبوو، لە سەمتی رۆژاواوە دەریاکە دەبینرا، چونکە ئەو رۆژە دنیا تەواو ساف بوو، زۆر بە باشی سەرزەمینێکم دەبینی کە نەمدەزانی دورگە بوو یان وشکانی ئەسڵی، بەڵام زۆر بەرز بوو، لە رۆژاواوە بەرەو باشووری رۆژاوا، دەکشا. بە مەزەندەی من مەوداکەی ۲۰–۳۰ کیلۆمەترێك دەبوو.

نەمدەزانی ئێرە کوێیە، بە مەزەندە دەبوا بەشێك بیٚ لە ئەمریکا، پێدەچوو نزیکی قەڵەمڕەوو ئاقاری ئەسپانیا بیٚو ئەگەری ئەوەش هەبوو کە خەڵکانێکی هۆڤی لەو دەڤەرەدا بژین، ئەگەر چووبامە ئەویٚ وەزعم لە ئێستا خراتر دەبوو. ئیدی خۆم بە قەدەری خوایی سپارد، چونکە ئێستا گەیی بوومە ئەم باوەڕەی کە خودا کاریٚ ناکات بە زیانو زەرەری بەندەکانی خۆی بیٚ. بە کورتیەکەی مێشکم بەم بیرە ئاسوودە بوو و، ئیدی کەڵکەکەی بێهودەی ئەو شوێنەم لە مێشکی خۆم دەرکردو خۆم پێوەی ئازار نەدا.

کاتیٚ کە زیاتر بیرم لەم مەسەلەیە کردەوەو پتر وردم کردەوە، گەییمە ئەم ئەنجامەی کە ئەگەر ئەم دەڤەرە بەشێك بوایە لە کەنارەکانی ئەسپانیا، بێگومان درەنگ یان زوو کەشتیەکم دەبینی کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی بڕوات، بەڵام شتی وا نەبوو، ئیدی دیار بوو کە ئێرە، کەناری نێوان ئاقاری ئەسپانیاو بەرازیلە، کە مەڵبەندی دڕترین هۆڤیانە، چونکە بنیادەم خۆرنو هەر مرۆڤێکیان بە رێکەویٚ دەیکوژنو دەیخۆن.

بەدەم ئەم هزرانەوە، بە خەیاڵی ئاسوودە درێژەم بەرێی خۆدا. گەییمە ئەوبەری دورگەکە، سەیرم کرد زۆر لەم بەرەی کە تیایا دەژیام خۆشترو جوانترە. دەشتی پانو بەرین، دەشتی گەرمەسێری جوانو پڕ گوڵو چەمەنو مێرگوزارو بێشەی دڵگیر، پڕ بوو لە تووتی، خۆزیا دەکرا یەکێکیان بگرم، هەنگیٚ بە خێوو ماڵیم دەکردو فێرم دەکرد قسەم دەگەڵ بکات. هەڵبەتە دوای زەحمەتێکی زۆر، ئەنجام بێچوە تووتیەکم گرت، بە پارچە دارێك خستمە خوارەوە، پاشان کە وەخۆ هاتەوە، هەڵمگرتو بۆ ماڵم بردەوە، بەڵام چەند ساڵێکی خایاند تا توانیم فێری قسەکردنی بکەم. بە هەرحاڵ سەرەنجام فێرم کرد کە بەو ناوەوە کە خۆم حەزم لیٚ بوو بانگم بکات. بەڵام دوای ئەوە رووداوێکی چکۆلە هاتە پێشیٚ کە یەجگار دڵخۆشکەرە بوو.

ئەم سەفەرەم زۆر خۆشبوو. وەکو چاوەڕوانم دەکرد، لە بەشە نشێوەکانی ئەم دەڤەرەدا کەروێشکی کێویو رێویم بەدی کرد، بەڵام زۆر جیاواز بوون لەو کەروێشكو رێویانەی پێشتر دیتبوومن. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆرم لیٚ کوشتن بەڵام هەرچیم دەکرد بێزم نەدەهات بیانخۆم، هەڵبەتە پێویستم بەو ڕیسکە نەبوو، چونکە لە خواردنم کەم نەبوو، جا خواردنی چاکیش ها! بە

تایبەتی ئەم سێ جۆرە خواردنەم زۆر بوو، یانی گۆشتی بزنە کێوی، کۆترو، کیسەڵی دەریایی و مێوژ. خواردنێکی هێندە باشم هەبوو، هیچی لە خواردنی بازاڕەکانی لیدین هال کەمتر نەبوو. هەرچەندە وەزعم زۆر باش نەبوو، بەڵام هێشتاش شوکرانەی دەویست کە ناچار نەبووم بەو حاڵەشەوە، لە پێناوی وەدەست هێنانی خواردنا هەر کارێك بکەم، بە پێچەوانەوە خواردنێکی زۆرم هەبوو، تەنانەت شیرینی و مەزەو ئاجیلیشم هەبوو.

لەم سەفەرەمدا هیچ ڕۆژێك پتر لە دوو میل، ڕێم نەدەکرد، چەند دەرۆیشتم ئەوەندەش دەگەڕامەوەو چاوم دەگێڕا تا شتێکی تازە بدۆزمەوە. کە هیلاك و ماندوو دەگەییمە شوێنێك بڕیارم دەدا، شەوێ لە هەمان شوێن ڕۆژ بکەمەوە، ئیدی یا دەچوومە سەر دارێك یان چەند لقەدارێکم لە چوار دەوری خۆم دەچەقاندو نیمچە پەرژینێکم دروست دەکرد تا ئەگەر حەیوانێکی دڕندە بەلاما بهاتبایە، خەبەرم ببێتەوە.

هەرکە گەییمە کەنارەکە، سەیرم کرد بۆ نەگبەتی لە سەمتە هەرە خراپەکەی دوڕگەکەدا لام داوەو دەژیم. ئەم کەنارەی ئێرە پڕ بوو لە کیسەڵ، کەچی لە کەنارەکەی خۆمدا، لە زەرق ساڵ و نیوێکدا تەنیا سێ کیسەڵم گرتبوو. هەروەها ئێرە پڕ بوو لە تەیرو تووی هەمە جۆر کە پێشتر هەندێکیانم دیتبوو و، هەندێکیانم هەرگیز نەدیتبوو، گۆشتی هەندێکیان زۆر بە تام و لەزەت بوو، بەڵام ناویانم نەدەزانی، تەنیا ناوی پەنگوینەکانم دەزانی.

دەمتوانی، بە کەیفی دڵی خۆمیان لێبکوژم، بەڵام بارووت و فیشەکم تەواو لە کەمی دابوو. بۆیە زیاتر حەزم لە کوشتنی بزن بوو، چونکە گۆشتی زۆرتر بوو و بەشی زیاتری دەکردم. هەر چەندە ئێرە، لە چاو ئەو شوێنەدا کە لێی دەژیام، بزنی زۆر زۆرتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەمتوانی لێیان نزیك ببمەوە، چونکە ئەرزەکە دەشت و تەختانی و هەموار بوو و بزنەکان بە ئاسانی دەیان بینیم و دەڕەوینەوە.

ئەلهەقی ئەم قۆڵەی دوڕگەکە یەجگار دڵگیرترو خۆشتر بوو لەو قۆڵەی کە من تیای دەژیام، بەڵام وێڕای ئەمەش کەمترین مەیلی گوێزانەوەو بارکردنم نەبوو، چونکە لە ماڵەکەی خۆمدا ڕاهاتبووم. هەرکاتێ بهاتبام ئەمبەر، وام هەست دەکرد بە سەفەر هاتووم و لە مەفتەنی خۆم دوورم. بە هەرحاڵ نزیکەی دوازدە میل بە کەنارەکەدا بەرەو ڕۆژهەڵات هاتم، ئەوجا عاموودێکی درێژم وەکو نیشانە لە کەنارەکەدا داچەقاندو لێبڕام بەرەو ماڵەکەم بگەڕێمەوە،و سەفەری دواترم بۆ ئەو قۆڵەی دوڕگەکە بێت، یانی بۆ ڕۆژهەڵاتی شوێنی نیشتەجێ بوونەکەم بێت و، بە جۆرێ بسوڕێمەوە کە دووبارە بگەڕێمەوە بۆ هەمان شوێنی نیشانەکە، کە لە شوێنی خۆیدا باسی ئەوەش دەکەم.

لە گەڕانەوەدا ڕێگەیەکی جیاوازم هەڵبژاردو وام وێنا دەکرد دەتوانم هەموو دوڕگەکە بگەڕێم و شوێنەکەی خۆیشم گوم ناکەم، لێ بە هەڵەداچوو بووم، چونکە کاتێ نزیکەی دوو سێ میلێکم بڕی سەیرم کرد کەوتومەتە دۆڵێکی یەجگار بەرینەوەو هەر چوار دەورم تەپەو گردو بەرزاییە، تەپەو گردی چی، چڕە دارستانێك بوو، هیچ ڕێگاو تولە ڕێگایەکی تیا بەدی نەدەکرا. مەگەر

تەنیا هەتاو ڕێنوێنی کردبام، ئەویش بە مەرجی کە بمزانیبا هەتاو لە کوێی ئاسمانەو ئەو کاتە چ وەختێکی ڕۆژە.

یەکێك لە بەدشانسیەکانی من ئەمە بوو کە ئەو سێ چوار ڕۆژەی من لە دۆڵەکەدا بووم، دنیا تەپوتۆزو غوبار بوو، چونکە هەتاوم لێ دیار نەبوو بۆ خۆم وێڵ و سەرگەردان بووم. ئەنجام ناچار بووم کەنارەکە بدۆزمەوەو بە دوای نیشانەکەمدا بگەڕێم و لە هەمان ڕێگاوە کە هاتبووم بگەڕێمەوە، پاشان لە ڕێگایەکی خۆشەوە بۆ ماڵەکەی خۆم گەڕامەوە، دنیا زۆر گەرم بوو بوو، تفەنگ و تاقم و تەشوێ و شتەکانم زۆر قورس بوون و لێم بوو بوون بە بار.

لە ڕێی گەڕانەوەدا، سەگەکەم کارمامزێکی غافڵگیر کردو گرتی، من بە هەڵەداوان خۆم گەیاندێ و کارمامزەکەم لێی سەندو رزگارم کرد. بە نیاز بووم ئەگەر بشێت، بیبەمە ماڵەوەو بە خێوی بکەم، چونکە زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە کە دوو کارمامز بگرم و کەویان بکەم و بەرە بەرە بکەونە زاوزێ، تا ئەگەر باروت و فیشەکم تەواو بوو، بێخواردن نەبم.

قرێدەیەکم لە ملی کارمامزەکە کرد، کندرێکم، کە هەمیشە پێمبوو، لێ بەست و بە زەحمەتێکی زۆر بە دووی خۆما رامکێشا و بەرەو ماڵم بردەوە، ئەوە بوو گەییمە کەپرەکەم، لەوێندەر بەستمەوەو بەو دەقەوە بەجێم هێشت، چونکە بیری ماڵەکەی خۆم دەکردو یەك مانگ زیاترم لە دووری ماڵەکەم بەسەر بردبوو. ناتوانم بە وشە بۆتانی بگێڕمەوە کە گەڕانەوەم بۆ کوخەکەی خۆم و ڕاکشانم لەسەر جۆلانەکەم چەند خۆش بوو. ئەم سەفەرە کورتەم، بێ هیچ شوێن و جێگایەکی حەوانەوە، هێندە بەلاوە ناخۆش بوو، کە خانووەکەم، وای ناو دەبەم، بە بەراورد دەگەڵ وێدا، بە خانوویەکی تەواو دەژمێردراو ئەوەندەم شت هەبوو و لەبەردەستدا بوو کە لێبڕام تا لەم دوڕگەیەدام هەرگیز ئەوەندە لە ماڵەکەم دوور نەکەومەوە.

یەك دانە هەفتە لە ماڵەوە مامەوە تا ئیسراحەتێك بکەم و لە دوای ئەو سەفەرەم بە خۆم ڕابگەم، لەم ماوەیەدا زۆربەی کاتی خۆم بەکاری قورسی دروستکردنی قەفەزێکەوە، بۆ تووتیەکەم، پول، کە ئیدی بەتەواوەتی ماڵی و هۆگری من بوو بوو، بردەسەر. ئەوسا کەوتمە بیری ئەوەی مشورێکی کارمامزە داماوەکەم بخۆم کە لە حەوشەو حەسارە چکۆلەکەمدا حەپسم کردبوو. لێبڕام بڕۆم یان بۆ ئێرە، بۆ ماڵەوەی بێنم، یان لەوێندەر خواردنێ، شتێکی بدەمێ، ئیدی ملی ڕێگام گرت و ڕۆییشتم، سەیرم کرد لە هەمان جێگادا بوو، چونکە نەیدەتوانی بێتە دەرێ، بەڵام خەریك بوو لە برسا مردار دەبووەوە. چووم کۆمەڵێك گیاو گەڵاو گوڵم بۆ هێناو خستمە بەردەمی، کە خواردنەکەی خوارد، وەکو هەوەڵجار، پەتێکم لە ملی کردو بە دووی خۆما رامکێشا و هێنام، لێ برسیەتی بە جۆرێ رامی کردبوو، کە هیچ پێویستی بە بەستنەوە نەبوو، چونکە وەکو سەگ بە دووما دەهات. چونکە بەردەوام خواردنم دەدایە بەجۆرێ ڕام و ماڵی بوو، بەڕادەیەك هۆگری من بوو کە ئیدی بوو بە یەکێك لە ماڵەکەو قەت لە من دوور نەدەکەوتەوە.

دنیا وەختی پایزو بارانی پایز بوو، ڕۆژی (٩/٣٠)م بە هەمان شێوەی خەمناکی رابردوو بەڕێکرد، چونکەساڵیادی هاتنم بۆ ئەم دوڕگەیە بوو. دوو ساڵی ڕەبەق بوو کە لەوێ بووم، هیچ ئومێدێکی رزگار بوونم نەبوو. نائومێدو بێ هیوا دەتگوت یەکەم ڕۆژە کەوتومەتە ئەم دوڕگەیە.

هەموو ڕۆژەکەم ملکەچانە بە دوعا و نزاو شوکرانە بژێری ئەوە بردە سەر کە لەم گۆشەگیریەدا، پەروەردگار فریام کەوتووەو کۆمەکی شایستەی کردوومو کۆمەکی ئەوو مەرحەمەتی ئەو نەبا وەزعم زۆر خراتر دەبوو. ئیدی لە ناخی دڵەوە سوپاسو ستایشی خواوەندم کرد کە لەو تەنیاییەدا شادییەکی ئەوتۆی پێ بەخشی بووم کە ئەگەر لەگەڵ خەڵکیشدا بام، ڕەنگە ئەوەندەم شادیو لەزەتی دنیایی بەخۆوە نەدیتبا. شوکرانە بژێری پەروەردگار بووم کە قەرەبووی ئەم تەنیاییو دوور ئاوەدانیەی، بە حوزوری خۆیو پەیوەندی روحی دەگەڵ مندا، بۆ کردبوومەوەو ئۆقرەو ئارامی پێ بەخشی بوومو هانی دابووم کە ڕادەستی ویستو ئیرادەی خوایی ببمو ڕوو لە دەرگای پڕ ڕەحمەتی ئەو بکەم.

ئێستا، دەمزانی کە ئەم ژیانە، بە هەموو هەلومەرجێکی نالەباریەوە، چەند لەو ژیانە نەفرەتبارو ناپەسندەی جارانم خۆشترە. خواستەکانم گۆڕا بوون، حەزو ئارەزووەکانم گۆڕا بوون، شادیو خۆشیم لە چاو یەکەمجارا کە هاتبوومە ئێرە، یان لە چاو ئەم دوو ساڵەی دواییدا، تەواو تازەو جیاواز بوو.

جاران، کاتێ کە دەچوومە پیاسەو گەڕانی دەوروبەر، ئیدی چ بە نیازی ڕاوو شکارو چ بە نیازی پیاسەو پیادەڕۆیی، لە پڕ کە وەزعی خۆم بیر دەکەوتەوە، پەستو غەمگین دەبووم. کاتێ کە بیرم لەو لێڕەوار، کۆسار یان دەرو دەشتە دەکردەوە کە تێی کەوتبووم، دڵم دەڕەنجا. وام وێنا دەکرد زاندنییەکم ئەبەدی، دەستو پێ بە کۆتو زنجیر، فڕێ دراومەتە بیابانێکی چۆڵو هۆڵ، هیچ ڕێگایەکی هەلاتنو رزگاری تیانیە. تەنانەت هەندێجار لە هەرەمەی ئاسوودەییشدا، لە پڕ ئەو خەیاڵە وەکو لافاوێك دەیدا بەسەرماو دەستەکانم هەڵدەگلۆفتنو وەکو منداڵ لە هۆڕژنی گریانم دەدا. هەندێجار لە گەرمەی کارکردندا ئەم حاڵەم لێدەهات، ئیدی یەکسەر دادەنیشتمو دەکەوتمە ئاه هەڵکێشان، یەك دوو سەعاتان چاوم دەبڕینە عاردیو بەو دەقەوە دەمامەوە. ئەمە زۆر خراپ بوو، چونکە ئەگەر بمتوانیبا بگریم، یان بە قسە خەمی خۆم بە تاڵ کردباوە، هەنگێ باری سەرشانم سووك دەبوو و خەمەکەی دڵم لە ئەنجامدا دادەمرکایەوەو دەڕەوییەوە.

بەلام ئێستا بیرو بۆچوونێکی دیکەم هەبوو، هەموو ڕۆژێ کەلامی خوام دەخوێندەوەو سوکناییو ئۆقرەی بە روحم دەبەخشی. ڕۆژێك، لای بەیانی کە زۆر خەمبار بووم، ئینجیلم کردەوەو ئەم دەستەواژەیەم هاتە پێش: "من هەرگیزاو هەرگیز نە تۆ فەرامۆش دەکەم، نە بەرەڵلات دەکەم." وام هەست کرد ڕێك لەگەڵ منەیەتی، دەنا بۆچی لەسەر ئەو ئایەتە گیرسامەوە، ڕێك لەو کاتەدا بوو، خەمینو خەمبار وام خەیاڵ دەکرد کە پەروەردگارو بەشەران منیان فەرامۆش کردووە؟ لە دڵی خۆدا گوتم: "کە خودا فەرامۆشو بەرەڵلام نەکات، باکم چیە، با هەموو دنیا فەرامۆشم بکات. کە زیاتر بیرم کردەوە سەیرم کرد ئەگەر هەموو دنیام هەبێتو لە لوتفو مەرحەمەتی پەروەردگا بێبەش بم، بە چی دەچێت؟

لەم ساتە بە دواوە لە دڵی خۆدا گەییمە ئەم قەناعەتەی کە ئەم تەنیاییو گۆشەگیرییە بۆ من لە هەر وەزعێکی دیکەی ئەم دنیایە خۆشترە، ئیدی سوپاسو ستایشی خوام کرد کە گەیاندبوومیە ئەم شوێنە.

نازانم چ بوو، لە ناکاوا، تەزوویەکم بە مێشکا هات کە ناتوانم بە وشە بیگێڕمەوە. بەدەنگی بەرز بەخۆم گوت "چۆن دەتوانی ئەوەندە ریاکار بی کە وا بنوێنی بەم رەوش‌و وەزعەی خۆت رازیت، رەوش‌و وەزعێك لەگینە لە هەر ئان‌و ساتێکدا دێوئاسا هەڵتلووشێت؟ باشە ئەگەر لەبەر خوا بپارێیتەوە کە لەم وەزع‌و حاڵە رزگاربی باشتر نیە؟" بۆیە لێرەدا هەڵوەستەیەکم کرد، هەر چەندە ناتوانم بڵێم لەبەر ئەوە سوپاسی خوام کرد کە کەوتوومەتە ئێرە، بەلاّم راستگۆیانەو لە ناخی دڵەوە سوپاسم کرد کە بە خواست‌و مەشیەتی خۆی چاوانی کردمەوە تا تەمەشای رابردووی خۆم بکەم‌و بە گوناحەکانما بچمەوەو تۆبە بکەم.

بە هەرحاڵ هیچ جاریّ نەبوو کە ئینجیلەکە بکەمەوە یان دای بخەم‌و سوپاسی خوانەکەم کە خستبوویە دڵی دۆستەکەی ئینگلیستانمەوە، کە بەبیّ ئەوەی خۆم داوام لێکرد بێت، ئینجیلەکەی بۆ خستبوومە ناو کەلوپەلەکانم‌و، پاشان لە ناو بۆدی کەشتیە شکاوەکەدا دەرم هێنا.

بەمجۆرەو، بەم وەزعە فیکرییەوە، سێیەمین ساڵم لەم دوورگەیەدا دەست پێکرد. جا ئێستا نامەویٚ خوێنەر بە گێڕانەوەی وردەکارییەکانی کارەکانی ئەمساڵم، بە پێچەوانەی ساڵی یەکەممەوە، ماندوو بکەم، بەڵام دەبیٚ ئەوە بڵێم کە بەشێوەیەکی گشتی بە دەگمەن بێکار دەبووم، وەختەکەم بە شێوەیەکی سیستەماتیك بەسەر رۆژانە کارەکانمدا دابەش کردبوو. بۆ نموونە یەکەمین کاری هەر رۆژێکم، خوێندنەوەی کتێبی ئاسمانی بوو، رۆژیٚ سیٚ جاران لە هەنبەر خوادا چۆکم دادەداو ئینجیلم دەخوێندەوە، کاری دووەمم ئەوە بوو بە خۆو تفەنگەکەمەوە دەچووومە ڕاو بۆ ئەوەی خواردنیٚ شتیٚ پەیدا بکەم. ئەگەر باران نەبوایە هەمموو بەیانییەك دەچوومە دەریٚو سیٚ سەعاتێکم بۆ ئەو کارە تەرخان دەکرد، کاری سێیەم بریتی بوو لە ئامادە کردن و کولاندنی ئەو شتەی کە ڕاوم دەکرد. ئەم کارانە، کاری سەرەکی هەموو رۆژێکم بوون. هەڵبەتە دەبیٚ ئەوەش بڵێم کە لە ناوەڕاستی رۆژا، وەختایەك کە هەتاو لە تاقی ئاسماندا بوو، دنیا ئەوەندە گەرم دەبوو کە پیاو نەیدەتوانی لە ماڵ وەدەربکەویٚ. یانی بەم پێیە تەنیا چوار سەعاتی عەسرانم بە دەستەوە بوو بۆ کارکردن، هەڵبەتە هەندێجار، جێگۆڕکێم بە کاتی کارەکان دەکرد، بۆ نموونە دانی بەیانی کارم دەکردو دانی ئێوارە تفەنگ بەدەست دەچووومە ڕاو.

هەڵبەتە، سەختی و دژواری کارەکەش زۆرجار وەختی لێدەگرتم، یانی هەندێجار لەبەر نەبوونی ئامێرو کەرەستەی کارکردن، وەختێکی زۆرترم بە فیڕۆ دەچوو. بۆ نموونە ئامادەکردنی یەك تەختە بۆ دروستکردنی دۆڵابێکی گەورە کە بۆ عەمارەکە پێویستم بوو چل و دوو دانە رۆژی برد، لە کاتێکا کە دوو کرێکاری دارتاش بە ئامێرو ئەسپابی تەواوەوە، لە شوێنێکی لە باردا، یان لەکارگەیەکدا، دەیانتوانی لە زەرفی نیو رۆژدا، شەش دانە تەختەی وا لە هەمان درەخت ببڕنەوەو ئامادە بکەن.

ئیدی وەزع و حاڵی من وابوو: ئەو دارەی دەم بڕییەوە دەبوایە گەورە بیٚ، چونکە ئەو تەختەیەی کە پێویستم بوو دەبوایە پان بێت. جا بڕینەوەی دارێك بەو ئەندازەیە سیٚ دانە ڕۆژی پێدەچوو، بڕینی لق و پۆپەکانی و کردنی بە لەوحش دوو رۆژی دەبرد. خۆ بڕینەوەو تاشینی ئەوەندە زەحمەت بوو لە باس کردن نایەت. دەبوایە لە هەردوو سەرەوە ئەوەندەی لیٚ ببڕمەوە تا سووك بێت و لە هەڵگرتن بێت، ئەوجا هەڵم دەگێڕایەوەو لە ڕوویەکیەوە، لە هەوەڵەوە تا کۆتایی دەمتاشی دەمتاشی تا وەکو تەختە ساف و هەموارم دەکرد، ئەوجا دەهاتمە سەر دیوەکەی تری و دەمتاشی تا تەختەیەکم بە ئەستووری نزیکەی سیٚ گریٚو بە دوو ڕووی ساف و هەموارم، بەدەست دێنا. جا تەسەور بکە، کە بۆ کارێکی وەها چەندم دەستەکانم بەکار بردوون، بەڵام بە سوور بوون و کۆڵنەدان دەرەقەتی ئەم کارەو زۆرکاری دیکە دەهاتم. جا بۆیە ئەمەم گێڕایەوە، تا ئەوە نیشان بدەم بۆچی ئەو هەمموو وەختە بە کارێکی وا بچووکەوە دەبووم. یانی کارێکی بچووکی وەها کە ئەگەر ئەوزارو ئامێر هەبوایەو کەسێك هەبوایە یارمەتیت بدات، زۆر بە ئاسانی تەواو دەبوو، بەڵام بە دەستی بە تاڵ و بە تەنیا باڵی، زەحمەت و وەختێکی یەجگار زۆری دەویست.

بەلام وێڕای ئەوەش، بە سوور بوون و کۆڵنەدان، دەرەقەتی زۆر کاران هاتم، یان هەر کارێکم بە گوێرەی هەلومەرجی خۆم پێویست بوایە ئەنجامم دەدا،کە پاشان ئەمەش دەگێڕمەوە. هەنووکە مانگی دەو یازدە بوو، چاوەڕوانی داچاندنی برنج و جۆیەکەم بووم. ئەو زەوییەی کە بۆ ئەم مەبەستە، بژارم کرد بوو و کێڵا بووم، زەوییەکی زۆر بە پیت و بڕشت نەبوو، بنەتۆوی هەر یەکێك لەو دوو دانەوێڵەیە لە دوو چنگ زیاتر نەبوو، چونکە لە وەرزی وشکیدا تۆوم دابوون، بەری یەك وەرزم لە دەست دابوو. بەلام ئێستا پێدەچوو بەروبومێکی باشم ببێت، بەلام لە پڕ دیقەتم دا کە بە هۆی جۆرەها دژمنانی ناچارییەوە، لەوەیە هەر هەمووی لە دەست بدەم. یەکەم هەرکە چەکەرەیان بکردایە بزن و کەروێشکە کێوی تێی بەر دەبوون، شیلەکەیان دەمژی و، هەرکە سەریان دەرهێنابا شەوو ڕۆژ لێیان دەخواردو بواریان نەدەدا نەشونما بکەن و قەدو گۆڵ بکەن.

جا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە هیچ چارێکم نەبوو جگە لەمەی پەرژێنێك بە دەوری کێڵگەکەمدا دروست بکەم، ئەم کارەم بە زەحمەتێکی فرە ئەنجام دا، چونکە دەبوایە زۆر بە پەلە ئەم کارە ئەنجام بدەم. چونکە کێڵگەکەم بچووك بوو و پڕ بە پێستی بنەتۆوەکەم بوو، لە زەرفی نزیکەی سێ هەفتەدا توانیم هەرچوار دەوری پەرژین بکەم. خۆم بە ڕۆژەوە پاسەوانی کێڵگەکەم دەکردو شەوانیش سەگەکەم لە دیاری دادەنا، سەگەکەم لەبەر دەرگای پەرژینەکە بە دارێکەوە دەبەستەوەو بە درێژایی شەو لەوێ دەوەستاو دەوەڕی، تا لە ماوەیەکی کەمدا هەموو دژمنەکان ئەو دەڤەرەیان بەجێهێشت و برنج و جۆیەکەم زۆر بە باشی ڕوواو لە ماوەیەکی کەمدا پێگەیی.

بەلام وەکو چۆن کە پێشتر کاتێ بەروبوومەکەم چەکەرەی کردبوو، حەیوانە کێوی دەیان خوارد، ئێستاش کە لە گوڵ و بۆقا بوو، ئەگەری ئەوە هەبوو تەیرو تو بیخۆن. چونکە کاتێ دەچوومە ئەو ناوە تا بزانم کشتوکاڵەکەم لە چدایە و چۆن گەشە دەکات، سەیرم کرد جۆرەها تەیرو تو، لەو ناوە خۆیان مات دەداو چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد من لەو ناوە دوور بکەومەوە. منیش یەکسەر تەقەم لێدەکردن (چونکە هەمیشە تفەنگەکەم پێبوو). بەلام هەرکە تەقەم دەکرد، کۆمەڵێك تەیرو تو کە قەت نەمدیتبوون وەکو پەڵە هەورێکی چکۆلە لە نێو کشتوکاڵەکەوە هەڵدەستان.

دیارە ئەمەم لەبەر گران بوو، چونکە پێشبینی ئەوەم دەکرد لە زەرفی چەند ڕۆژێکدا هەموو ڕەنجەکەم بە فیڕۆ بڕوات و بەبرسێتی و بێ دانەوێڵە بمێنمەوەو هەرگیز نەتوانم هیچ بەروبومێك بدورمەوە، ئیدی ئەوسا چیم دەکرد. لێ لێبڕام هەر چۆنێ بووە، ئەگەر شەوو ڕۆژ ئێشکم گرتووە، دانەوێڵەکەم لە دەست نەدەم. هەوەڵجار بە دەوروبەری کشتوکاڵەکەمدا سوڕامەوە تا بزانم تاکو ئێستا چەندی خەسار بووە، سەیرم کرد بەشێکی تەواوی خوراوە، بەلام چونکە هێشتا بە باشی نەبوو بوو بە فەریك و بەدەمی تەیرو تو خۆش نەبوو بوو، و ئەگەر پاس بکرایە بەروبوومەو بڕشتێکی باشی دەبوو.

لەوێ وەستام، فیشەکم خستەبەر ساچمەزەنەکەم، پاشان کاتێ دوور کەوتمەوە، سەیرم کرد تەیرەکان هەموو لەسەر دارو درەختەکانی دەوروبەرم هەڵنیشتوون و چاوەڕوانی ئەوەن کە من دوور بکەومەوە. هەر واش دەرچوو، وەختێ دوور کەوتمەوەو هەرکە لەبەر چاویان نەمام،

دووباره، یەك یەك، خۆیان بە كشتوكاڵەكەمدا كرد. ئەوەندە پەست بوو بووم، خۆم پێنەدەگیرا چاوەڕوانی ئەوە بكەم ژمارەیەكی زۆرتریان بەسەر كشتوكاڵەكەمدا دابارن. چونكە دەمزانی هەر دەنكە جۆیەك یان بزنجێك كە ئەوان دەیانخوارد، وەكو دەڵێن قووتی لایەمووتی ئایندەی من بوو كە خەریك بوو لە كیسم دەچوو. لە پەرژینەكە نزیك بوومەوە، سێرەم گرتەوەو سیانم لێكوشتن. ئەمەم لە خوا دەویست. هەر سێكیانم هەڵگرت، هەمان ڕەفتارم دەگەڵ كردن كە لە ئینگلیستاندا دەگەڵ دزانی بەدناودا دەیكەین، یانی هەر سێكیانم بە ڕیزی یەكەوە وەكو داهۆڵ هەڵواسی، تا ببنە بایسی ترساندنی ئەوانی دی. ڕەنگە تەسەور نەكەیت كە ئەم كارە چ كاریگەرییەكی هەبوو، باڵندەكان نەك هەر نەهاتنەوە بەلای كشتوكاڵەكەمدا، بەڵكو هەر لەو دەڤەرەی دوڕگەكەشدا نەمان، تا ئەو كاتەی داهۆڵەكانم لەوێ هەڵواسرا بوون، ئیدی یەك باڵندەشم نەبینی لەو ناوە نزیك ببێتەوە.

هەڵبەتە بەمە زۆر خۆشحاڵ بووم، ئاخرو ئۆخری هەیڤی دوازدە بوو، واتە كاتی هەڵگرتنی دووەمی حاسڵاتەكەم بوو، دانەوێڵەكەم درویەوە.

جا بۆ دروێنەی حاسڵاتەكەم زۆر پێویستم بە داس بوو و تاقە كارێ كە بە من دەكرا، ئەوە بوو سوود لەو شمشێرە دەمپان یان ئەو قەمانە ببینم كە لە كەشتیەكە هێنابوومن، كە لەگێن بوو داسێكیان لێدروست بكەم. بەڵام چونكە حاسڵاتی یەكەمم تا ڕادەیەك كەم بوو، لەو بارەیەوە كێشەیەكی ئەوتۆم نەبوو، ئیدی بەشێوازی خۆم دروێنەم كرد، یانی تەنیا گوڵەكانم بڕیو لەو سەبەتە گەورەیەم نان كە بەخۆم دروستم كردبوو، بەدەست هەڵموەراندن، كە خەرمانم هەڵگرت سەیرم كرد حاسڵاتەكەم لە یەك دوو هۆقەوە، بووە بە چەندین هۆقە، برنجەكە نزیكەی چواردە هۆقەو جۆیەكە نزیكەی پازدە شازدە هۆقەی كردبوو. هەڵبەتە بە مەزندەو خەمڵاندن ئەوەندە بوون، دەنا ئەو كاتانە هیچ تەرازوو پێوانەیەكم نەبوو.

بە هەرحاڵ، ئەم مەسەلەیە زۆری دڵخۆش كردمو زانیم كە خواوەند لە كاتی پێویستدا نانم دابین دەكات. بەڵام وێڕای ئەوەش هەر نیگەران بووم، چونكە نەمدەزانی چۆن حاسڵاتەكەم بهاڕمو كارێكی وەها بكەم كە بە كەڵكی خواردن بێت، یانی چۆن پاكو تەتەڵەو گێژەو بێژەیان بكەم، نەمدەزانی چۆن نانیان لێدروست بكەم. بە كورتی ئەگەر بمزانیبا چۆن بیانهاڕم، هەر نەمدەزانی چۆن بیكەم بە نان. ئیدی ئەم كێشانەو حەزی ئەوەی كە دانەوێڵەیەكی زیاتری عەماركراوم هەبێو لە ڕووی ئازووقەوە بێ خەمو مسۆگەربم، كردیانە كارێك بڕیار بدەم كە دەم لەم حاسڵاتە نەدەم، بەڵكو هەمووی وەكو بنەتۆو بۆ وەرزی داچاندنی تۆم هەڵگرمو، بە درێژایی ئەم ماوەیە هەموو هەوڵێكم بۆ ئەمە تەرخان بكەم كە بزانم چۆن دانەوێڵەو نان بۆ خۆم فەراهەم بكەم.

دەشێت بگوترێ كە لەو سەردەمەدا بەڕاستی خەمی نانم بوو، سەیر ئەوەیە خەڵكی كەمتر بیر لەوە دەكەنەوە كە ئامادە كردنی تۆزێك نان چ كارو ئەركێكی زۆری دەوێ.

ئەم بابەتە، هەرچەندە من بە شێوەیەکی سەرەتایی و سادە دەژیام، ڕۆژ بە ڕۆژ ساردتری دەکردمەوەو سەعات بە سەعات پتر مژوولی دەکردم، تەنانەت کاتێ کە یەکەم چنگە دانەوێڵەشم بەرهەم هێنا، وەکو پێشتر باسم کردووە، بە شێوەیەکی ڕێکەوتەکی و چاوەڕوان نەکراو بوو.

پێش هەموو شتێك، بۆ کێڵان و شۆو بڕینی زەویەکە نە هەوجارێ، نە ئامورێ، نە بێڵچەیەك نە بێڵێکم نەبوو. باشە، وەکو باسم کرد، هەستام بێڵێکی دارینم دروست کردو ئەم کێشەیەم چارەسەر کرد. بەڵام ئەمە ئەوزارو ئامێرێکی دارین بوو، هەرچەندە دروستکردنەکەی چەندین ڕۆژی خایاند، بەڵام چونکە ئاسن نەبوو، زوو خراپ دەبوو و هێندەی دی کارەکەی لێ قورس و دژوار دەکردم.

بە هەرحاڵ دەگەڵ ئەم کێشەیەدا سازام، قاییل بووم بە هەر گیانە مەرگیەك بووە کاری خۆمی پێ ڕایی بکەم. کە تۆوەکەم داچاند، خرماشەیەکم نەبوو کە شۆوەکەی پێ ساف بکەم، ناچار بووم لق و پۆپێکی گەورەی درەختان بێنم و بەسەر شۆوەکەدا بڕۆم و بە دوو خۆمدا ڕای بکێشم کە لە جیاتی ئەوەی زەویەکە ساف و هەموار بکات، دەی ڕوشاند.

کاتێ کە دانەوێڵەکە سەوز دەبوو و دەکەوتە نەش و نما، ئیدی هەر خۆم دەمزانی چ کارێکی زۆری دەوێ، وەرە پەرژینی بکە، پاسی بکە، درەوی بکە، مەڵۆی بکە، بیکە بە گیشەو ئەوسا بۆ ماڵی ببەوە، بیکوتە، بە بای بکە، کاودانی جیا بکەمەوە، دوای ئەو هەموو ئەزیەتە دەبوا بیهاڕم ئەوجا هێڵەك بێنە لە هێڵەکی بدە، هەویرتریش و خوێ بێنە تا هەویری نان بشێلم، تەنورێك کە نانەکە ببرژێنم، هیچ یەکێك لەو شتانەم نەبوو کە دێمە سەر باس کردنیان. کەچی وێڕای ئەمەش، هەبوونی دانەوێڵەکە ئارامی و ئاسوودەییەکی زۆری پێ دەبەخشیم. هەر هەموو ئەم ئاستەنگ و ئاریشانە وەکو باسم کرد، کردبوویانە کارێك، هەموو کارێکم بە زەحمەتێکی زۆر پێبکرێت، بەڵام هیچ چارێکیش نەبوو. بەڵام لە وەختم کەم نەبوو، وەختەکەم دابەش کردبوو، هەموو ڕۆژێك بەشێکی وەختەکەم بۆ ئەو کارانە تەرخان دەکرد، چونکە لێبڕابووم تا کاتێ کە دانەوێڵەکەم زۆر نەبێت، نان دروست نەکەم، شەش مانگی دواترم بە دەستەوە بوو تا بیربکەمەوەو دەست بەکار ببم و هەر کەرەستەو تفاقێکی پێویست بۆ کاری کشتوکاڵییەکەم فەراهەم بکەم.

بەڵام پێش هەموو شتێك دەبوا زەوییەکی زۆرتر ئامادە بکەم، چونکە ئێستا بنەتۆوێکی زۆرم هەبوو، بەشی یەك دۆنم زەوی دەکرد، پێش ئەم کارە، نزیکەی یەك هەفتە کارم کرد تا بۆ خۆ بێڵێك دروست بکەم، کە لە ئەنجامیشدا، بێڵێکی زۆر خراپ دەرچوو، زۆر قورس بوو، زۆری ماندوو دەکردم، دوو هێندەی بێڵی ئاسایی ماندووی دەکردم. بە هەرحاڵ ئەم قۆناغەم بڕی، بنەتۆوەکەم لە دوو پارچە زەوی گەورەو هەمواری، تارادەیەك نزیك لە ماڵەکەی خۆمەوە داچاند، دەوری زەویەکانم پەرژین کرد، بە لق و پۆپی ئەو جەنگەڵە دروستم کرد کە پێشتر خۆم ڕواند بووم و دەمزانی زۆر بە خێرایی گەشە دەکات و لە زەرفی یەك ساڵدا دەبم بە خاوەنی پەرژینێکی چڕو باشی ئەوتۆ کە لە سووکە پەرچکردنێك پتر هیچی دیکەی ناوێ. ئەم کارەش کەم نەبوو، نزیکەی سێ دانە مانگی برد، چونکە زۆربەی کات باران بوو و نەمدەتوانی بچمە دەرێ.

کاتێ کە باران دەباری‌و نەمدەتوانی لە ماڵ بچمە دەرێ، لە ماڵەوە خۆم بەمجۆرە کارانەوە خەریك دەکرد. هەمیشە ئەوەم لە یاد بوو کە بە دەم کارکردنەوە قسان دەگەڵ توتیەکەمدا بکەم‌و فێری قسەکردنی بکەم. فێرم کرد کە ناوی خۆی بناسێتەوەو بە دەنگی بەرز ناوی خۆی بڵێت: "پول"، کە ئەمە یەکەمین وشە بوو کە لەم دوڕگەیدا لە زمانی کەسێکی غەیرەز خۆمەوە، گوێم لێ بوو. بەڵام ئەمە کاری سەرەکی من نەبوو، کاری لاوەکیم بوو، چونکە وەکو گوتم، ئێستا کارێکی گرینگترم بە دەستەوە بوو، کە لە درێژەی ئەم باسەدا دێمە سەری، واتە دەمێك بوو لە بیری ئەمەدا بووم کە بە هەر جۆرێ بووە، بۆ خۆ دەفرو ئامانێن سواڵەت دروست بکەم، کە بەڕاستی زۆرم پێویست پێیان بوو، لێ نەمدەزانی چۆنیان دروست بکەم. بەڵام کە دیقەتی گەرمای دنیام دەدا، گومانم لا نەدەما کە ئەگەر بمتوانیبا گڵەسوور پەیدا بکەم، دەتوانم هەرچۆنێ بووە ئامانێك دروست بکەم‌و لەبەر هەتاو وشکی بکەمەوەو ئەوەندە قایم‌و مکوم دەبوو، کە بشێت ئەم جێ‌و ئەو جێی پێ بکرێ‌و شتی وشکی تیا هەڵبگیریت‌و بە وشکی بپارێزرێت، جا چونکە ئەم شتە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵەو ئازووقەو خۆراك‌و ئەو شتانە زەروری بوو و، خەیاڵی دروستکردنیشیم لەسەرا بوو، لێبڕام ئامانێکی هێندەی بکرێت گەورە دروست بکەم کە دەمەکەی گەورە بێت‌و بشێت هەموو شتێکی تێبکرێت.

من دەزانم، کاتێ باسی ئەوە بکەم کە چ رێگەیەکم بۆ شێلانی قوڕە سوور گرتە بەر، چەند نەزانانە ئەو کارەم کردو چەند شتی ناشیرین‌و ناپوختەم دروستکرد، خوێنەر دڵی بەحاڵم دەسووتێ یان پێم پێدەکەنێ، مەگەر هەر خوا بزانێ ئەو شتانەی کە دروستم دەکردن، چەندجار لە ناوەوە یان لە دەرەوە هەرەسیان هێناوەو بەسەر یەکدا روخاون، قوڕەکە خۆی نەدەگرت. ئەمە جگە لەوەی کە زۆرشیان لەبەر گەرمای بێ ئەندازی هەتاوەکەدا دەتەقین‌و درزیان دەبرد، چونکە زوو، بەر لەوەی تەواو کزر ببنەوە، بردووبوومنە دەرەوە، زۆریشیان لە کاتی گواستنەوەداو لە پێش یان لەپاش وشکەوە بوون، دەشکان‌و پارچە پارچە دەبوون. بە کورتیەکەی، پاش زەحمەتێکی زۆر گڵەجانم دۆزییەوە، گڵم دەرهێنا، قوڕم گرتەوەو شێلام، هێنامە ماڵەوە، دوای کارو ماندووبوونێکی زۆر، تەنیا دوو ئامانی سواڵەتی گەورەو ناشیرینم دروست کرد. وێڕای ئەوەی دوو دانە مانگم پێیانەوە بەسەر برد، ئەوەندە ناشیرین‌و نا قوڵا بوون، ناتوانم ناوی ئامانیان لێبنەم.

بە هەرحاڵ کاتێ کە ئەم دوو ئامانە بە تەواوەتی لەبەر تیشکی هەتاو وشك بوونەوە، بە ئەسپایی هەڵمگرتن‌و لە ناو دوو قەرەتاڵەی تەرکەم نان کە بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستەم دروستکرد بوون تا نەشکێن، چونکە بۆشاییەکی بچووك لە نێوان ئامانەکەو قەرتاڵەکەدا هەبوو، هەستام بە بەڵمە برنج‌و کاجۆ پڕم کردەوە تا هیچ رتوبەتێك وەرنەگرن، بە خەیاڵی خۆم بەو حاڵە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵەی وشك‌و ئارد زۆر باش بوون.

هەر چەندە لە دروستکردنی ئامانە گەورەکاندا هەڵەی زۆرم کرد، بەڵام پاشان توانیم ئامانێن بچووکتر، بە شێوەیەکی باشتر دروست بکەم، وەکو مەنجەڵۆکانی خڕی بچووك، سینی پان،

گۆزەو شەربەو... هتد، لەبەر هەتاوەکە بە جۆرێ وشك دەبوونەوەو ڕەق دەبوون، لە تۆ وایە ئاسنن.

بەڵام هەموو ئەمانە سوکناییان بە دڵم نەدەبەخشی، چونکە هەموو ئاواتێکم ئەوە بوو کە مەنجەڵێك بۆ شلەمەنی دروست بکەمو بتوانم بیخەمە سەر ئاگر. هیچ یەکێك لە قاپەکانم ئەم خاسیەتەیان تیا نەبوو، بەڵام جارێك کە ئاگرێکی گەورەم بۆ کوڵاندنی گۆشت کردبووەوە، دوای ماوەیەك چووم بەلای ئاگرەکەوە کە بیکوژێنمەوە، سەیرم کرد، بە رێکەوت پارچە سواڵەتێك لە ئامانە شکاوەکانم کەوتووەتە ئاگرەکەوە، ئیدی لە ئاگرەکەدا نەك هەر چەشنی خشت سوور بوو بووەوە، بەڵکو وەکو بەردیش سفتو رەق بوو بوو. هەڵبەتە بەمە زۆر خۆشحاڵ بووم، لە دڵی خۆدا گوتم ئەگەر شکاوەکەی بەرگەی ئاگر بگرێت، هەڵبەتە ساغەکەشی بەرگە دەگرێت.

ئەمە مەسەلەیە خستمیە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە چۆن ئاگرێك بکەمەوەو ژمارەیەك لە ئامانەکانمی تێبخەم تا سوور ببنەوە. هیچ شارەزاییەکم لەو کوورانە نەبوو کە سواڵەتگەران بەکاریان دێنا... بە هەرحاڵ سێ مەنجەڵی گەورەو دوو سێ پاتیلەم لەسەر یەك هەڵچنیو ئاگرێکم لە دەوریان کردەوەو دنیایەك خاکەی ڕەژووم لە ژێریان ڕاخست. بە داری تەڕ ژێرو بانو چوار دەورم ئاگردان، دوای ماوەیەك سەیرم کرد دیوی ناوەوەی مەنجەڵو پاتیلەکان سوور بوونەتەوەو نە تەقیونو نە درزیان بردووە. کاتێ سەیرم کرد بە تەواوەتی سوور بوونەتەوە، وازم لێ هێنان پێنج شەش سەعاتێك لە ئاگرەکەدا بمێننەوە، تا ئەنجام سەیرم کرد یەکێکیان هەر چەندە درزی نەبردووە، بەڵام تواوەتەوە، تومەز ئەو لمەی کە تێکەڵی گڵە سوورەکە بوو بوو، بە هۆی گەرمی زۆری ئاگرەکەوە توابووەوەو، ئەگەر وازم لێی هێنابا دەبوو بە شووشە، بۆیە ئاگرەکەم بەرە بەرە دامرکاندەوە، تا بەرە بەرە ڕەنگی سووری ئامانەکان چوونەوە، بە درێژایی شەوەکە چاودێریم کردن تا نەبادا ئاگرەکە بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر بکوژێتەوە، بۆ بەیانی بووم بە خاوەنی مەنجەڵێك و دوو پاتیلەی سواڵەتی نەك هەر زۆر باش، بەڵکو زۆر جوانیش کە یەکێکیان بە هۆی توانەوەی لمەکانیەوە تەواو لووسو سیقاڵو جوان بوو بوو.

دوای ئەم ئەزموونە، جۆرەها قاپو ئامانی دیکەم دروستکرد، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە لە ڕووی شەکلو شێوەوە یەجگار ناشیرین بوون، چونکە بەڕاستی هیچ شارەزاییەکم لەو کارەدا نەبوو. رێك وەکو ئەو منداڵانە بووم کە بە قوڕ شت دروست دەکەن، یان وەکو ئەو ژنانەی کە کاری هەویر نازانن‌و دەچن شیرینی دروستی دەکەن.

کە بۆم دەرکەوت قاپێکی سواڵەتم دروستکردووەو بەرگەی ئاگر دەگرێت، ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کە لە پێستی خۆم نە دەهێوریم. حەوسەڵەو سەبری ئەوەم نەبوو چاوەڕوان بکەم تا سارد ببێتەوە. نامە سەر ئاگرو تۆزێ ئاوو گۆشتم تێکردو کوڵاندم، کە بەڕاستی زۆر باش دەرچوو. بە تۆزێ گۆشتی بزن، گوشتاوێکی زۆر بەلەزەتم دروستکرد، هەرچەندە ئاردی جۆو کەرەستەی تریم بۆ چێشتەکە نەبوو.

کەڵکەڵەی دواترم ئەوە بوو کە بۆ خۆ دەسکاونگێکی (هاوان) بەردین دروست بکەم، تا بتوانم دانەوێڵەی تیا بکوتم، چونکە بە دەستی رووت ئەم کارە نەدەکرا، ئەمە کارێکی هونەری بوو و لە

دەستی من نەدەهات. ئیدی نەمدەزانی چۆن ئەم کێشەیە چارەسە بکەم، لە بواری بەردتاشیدا هیچ شارەزاییەکم نەبووو هیچ ئامێرێکیشم بۆ ئەم کارە لەبەر دەستدا نەبوو. چەندین رۆژم پێویست بوو تا بەردێکی گەورە بدۆزمەوەو بتوانم کونی تێبکەمو بیکەم بە دنگ، چەند دەگەڕامو چاوم دەگێڕا بەردێکی وام نەدەدۆزییەوە. ئەو جۆرە بەردە تەنیا لە تاوێرە سەختەکاندا هەبوو کە نە بە من هەڵدەکەنران و نەدەگوازرانەوە. ئەمە جگە لەوەی کە لە دوڕگەکەدا، تاوێری سەخت زۆر کەم بوو، زۆربەی تاوێرەکان فشەڵ و قسڵ ئاسا بوون، ئەگەر بشکرابان بە دنگ، بەرگەی دەسکاوانیان نەدەگرت و هەر دانەوێڵەیەکیانیش تیادا بکوترایە، پڕ دەبوو لە لم، بۆیە پاش ئەوەی وەختێکی زۆرم کوشت و بەردو تاوێرێکی مکومو قایمم، کە بۆ دنگ بشێت، دەست نەکەوت، دەستبەرداری ئەم کارە بوومو لێبڕام بە دوای کۆلکە دارێکی سەخت دا بگەڕێم، کە ئەم کارەیان زۆر ئاسانترو پراکتیکی تر بوو، وەختێ پیرە کولکم پەیدا کرد ئەوەندە گەورە بوو کە بە تۆبزی دەمتوانی ئەم دیوو ئەو دیوی بکەم، ئیدی خڕم کرد، بەتەورو تەشوێ چواردەوریم تاشی و رێکم خست، ئەوسا بە کۆمەکی ئاگرو بە زەحمەتێکی فرە چاڵێکم لێی هەڵکەند، یانی بە هەمان شێوازی کە بەرازیلیەکان بەلەمەکانیان پێدروست دەکەن. دوای ئەمە یەك دنگی گەورەو قورسم لە دارێك دروست کرد کە بەدارەکە دەگوترا دار ئاسن. دوای ئەوەی دروستم کرد لە پەنایەکەوە دامنا تا دانەوێڵەکانم بدورمەوەو هەنگی تیایدا بیکوتمو بیکەم بە ئاردو بۆ خۆم نان دروست بکەم.

کێشەی دواترم، دروستکردنی هێڵەك یان بێژنگ بوو، تا ئاردەکەی پێ ببێژمو سوس و کەپەکەکەی لێ جیا بکەمەوە، دەمزانی بەبێ هێڵەك نابم بە خاوەنی نان، بەڵام ئەمە نەك هەر کارێکی زۆر قورس بوو، بەڵکو بیرکردنەوەش لەم کارە قورس و دژوار بوو، چونکە هیچ کەرەسەیەکی دروستکردنی هێڵەکم شك نەدەبرد، مەبەستم پارچەی والابێژ یان هەر شتێکی تەنکی دیکەی لەو بابەتەیە، کە بشێت ئاردەکەی پێ بێتە بێژان. ئیدی چەندین مانگ بەم بیرۆکەیەوە مامەوە. بە ڕاستی نەمدەزانی چیبکەم، هیچ پارچەیەکی کەتانم نەما بوو، ئەوەی هەبوو کۆن و دڕاو بوو. کارە مووم هەبوو بەڵام نەمدەزانی چۆنی بڕێسمو بیچنم، خۆ ئەگەر بشم زانیبا، هیچ کەرەستەیەکی ئەو کارەم نەبوو. تەنیا چارەیەك کە ئەنجام بە بیرما هات ئەوە بوو کە لە نێو جل و بەرگی دەریاوانەکاندا، ئەو جلانەی کە لە کەشتیە شکاوەکەوە هێنا بوومن، چەند دەسەسڕێکی کەتان و چیت هەبوو، بەوانە سێ هێڵەکی چکۆلەم دروستکرد کە وێڕای بچووکیان بۆ من سەرو زیاد بوون، بەمجۆرە چەند ساڵێك کاری خۆم ڕایی کرد. دوای ئەوە چیم کرد! ئەمەشیان بۆ خۆی بەسەر هات و چیرۆکێکە کە لە شوێنی خۆیدا، ئەویش دەگێڕمەوە.

ئیدی نۆرە هاتە سەر نان برژاندن، دەبوایە بیرێك لەوە بکەمەوە کە وەختێ بەروبوومو کشتووکاڵەکەم هاتە بەرهەم چۆن نان دروست بکەم، یەکەم هەویرترش و خومرەم نەبوو، بە هیچ شێوەیەکیش پەیدا نەدەبوو، زۆرم بە هەند نەگرت. بەڵام سەبارەت بە دروستکردنی تەنوور، بەڕاستی زەحمەتێکی زۆرم کێشا. ئیدی سەرەنجام کەوتمە تاقیکردنەوەی ئەمەش: هاتم کۆمەڵێك قاپ و ئامانی پان و تەنکم دروست کرد، یانی بە تیرەی نزیکی دوو پێ و قووڵی کەمتر لە

نۆ ئینج، ئەم قاپانەم لە ئاگردا سوور کردنەوە،و لەلایەکەوە دامنان. کاتیٚ کە ویستم نان ببرژێنم، ئاگرێکی گەورەم لە مەقلیەکەمدا کردەوە، کە بە کەرپوچی سوورەوە کراوی چوار گۆشە دروستم کردبوو. خۆم کەرپووچەکەم سوور کردبووەوە. هەڵبەتە کەرپووچەکان (خشتی سوور) چوار گۆشەی تەواو نەبوون.

کە دارو چیلکەکان سووتان، بوون بە ژیلەمۆو پشکۆ، لەسەر مەقەڵیەکە بڵاوم کردنەوە، بە جۆریٚ بڵاوم کردنەوە کە سەرانسەری مەقەڵیەکە بگرنەوە، ئەوجا وازم لێهێنا، تا مەقەڵیەکە تەواو داغو گەرم بوو. ئەوجا هەموو ژیلەمۆیەکەم لابرد، گونگە هەویرەکانم ریز کردو قاپە سواڵەتەکانم دا بەسەریان دا. ژیلەمۆکەم کرد بە دەوریاندا، تا گەرمیەکی زیاتر بە قاپەکان بگات. بەمجۆرە یەکەمین نانی جۆم، تەقریبەن بە باشترین تەنووری دنیا، برژاند، لە ماوەیەکی کەمدا بووم بە نانەواو شیرینی سازێکی کارامەو لێزان، بۆ خۆم نان برنجی و کێکیشم دروستکرد. هەڵبەتە کولیچەم دروست نەکرد، چونکە هیچ شتێکم نەبوو بیکەم بە ناواخنی، مەگەر گۆشتی تەیرو تو یان بزنم بۆ ئەم مەبەستە بەکار ببردایە.

هەڵبەتە هیچ جێی سەر سوڕمان نیە ئەگەر بڵێم کە ئەم کارانەم زیاتر لە ساڵی سێیەمی مانەوەم لە دوورگەکەدا ئەنجام دا، چونکە لە ماوەی نێوان ئەم کارانەدا دەبوایە بە کشتوکاڵەکەم ڕابگەم، لە کاتی خۆیدا تۆوی بدەمو لە کاتی خۆیدا هەڵی بگرم. ئەوە بوو لە کاتی خۆیدا حاسلاتەکەم دوریەوە، ئەوەندەی بۆم کرا، بە سەلامەتی بۆ ماڵەکەمم برد، هەر بە گوڵەوە لە سەبەتەی گەورەم کردن تا کاتی کوتانیان هات، چونکە هیچ شوێنێکی گونجاوم بۆ کوتانیان نەبوو، هیچ ئەوزارێکی باشیشم بۆ ئەو کارە نەبوو.

ئێستا، زەخیرەیەکی زۆری دانەوێڵم هەبوو، دەمویست عەماری دانەوێڵەکەم گەورەتر بکەم. شوێنێکم دەویست دانەوێڵەکەمی تێبکەم، دانەوێڵەکەم زۆر زۆر بوو بوو، نزیکەی بیست هۆقە جۆو هەمان ئەندازە و بگرە پتر برنجیشم هەبوو. ئەوەندە زۆر بوو کە بەخەیاڵی ئاسوودە بەکارم دێنان، لێبڕام بزانم بۆ یەك ساڵی تەواو چەندم دانەوێڵە بەش دەکات، تا ساڵی یەك جار پتر تۆو نەکەم.

بە کورتیەکەی سەیرم کرد کە چل هۆقە جۆو برنج، بە زیادەوە بەشی یەك ساڵی من دەکات. ئیدی لێبڕام هەمان ئەندازە بچێنم کە پار دامچاندبوو، بە هیوا بووم ئەم ئەندازەیە بەشی نانو هەموو پێویستیەکانی ترم بکات.

لەو ماوەیەدا کە ئەم کارانەم دەکرد، هەمیشە بیرم لای ئەو زەویە بوو کە لەو بەری دوورگەکەوە دیتبووم و لە دڵی خۆدا بەتەمای ئەوە بووم کە بچم بۆ ئەوێندەرو لەویٚ نیشتەجیٚ ببمو چاوم بە وشکاییەکی ئاوەدان بکەویٚو ڕێگایەك بدۆزمەوە کە بتوانم لە دوورگەکە دوور بکەمەوەو یان ڕێگایەکی رزگاری پەیدا بکەم.

بەڵام لەو مەترسیانەش غافڵ نەبووم کە لەگێن بوو بێنە ڕێگام، بۆ نموونە بکەومە دەستی هۆڤان، هۆڤیانێك کە لە گینە لە شێرو بەورانی ئەفریقیاش خراتر بن. بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر لە ئاقاری ئەوان نزیك ببمەوە، لەسەدا هەزار دەکوژرێمو تەنانەت دەم خۆنش، چونکە بیستبووم

که خەڵکی کەنارەکانی کارایبب بنیادەمخۆرن و بە گوێرەی هێڵی جوگرافیایی ئەو شوێنەی کە تیای بووم، زۆر لەو کەنارانەوە دوور نەبووم، تەنانەت ئەگەر بنیادەمخۆرش نەبوایەن، دوور نەبوو بمکوژن، چونکە گەلێك لەو ئەوروپاییانەی کە بەر دەستی ئەوان کەوتبوون، چ بە کۆمەڵ و چ بە گروپی ١٥- ٢٠ نەفەری، هەر هەموویان کوژرا بوون، جا منی تەنیا باڵ بکەوتمایە دەستیان چیان بەسەر دێنام! بە کورتیەکەی دەبوو هەر هەموو ئەم تەگەرانە ڕەچاو بکەم، پاشان کە زیاتر بیرم لە مەسەلەکە کردەوە، بەڵام لە سەرەتاوە هیچ یەکێك لەو مەترسیانەم بە هەند نەدەگرت، بە پێچەوانەوە سوورتر دەبووم لەسەر ئەوەی کە بۆ ئەوێندەر بگوازمەوە.

ئێستا هەستم دەکرد جێگەی ئەو کوڕیژگەیە، سوری و بەلەمە گەورەکە کەبایەوانی سێ گۆشەی هەبوو و بەو بەلەمە هەزار میلم تا کەنارەکانی ئەفریقیا تەی کردبوو، خاڵیە. بەڵام ئەمە بیرکردنەوەیەکی بێهودە بوو. پاشان بیرم لەوە کردەوە کە بڕۆم و تەمەشایەکی بەلەمی نەجاتی، کەشتیەکەمان بکەم،ئەو بەلەمەی کە کاتی خۆی لە دەریادا زریان گرتمانی و ئاسیوی دیتبوو. بەلەمەکە تەقریبەن هەر لە جێی خۆی بوو، بەڵام باو شەپۆلان روویان وەرگێرا بوو، کۆتاییەکەی روو لە بەرزی، لە خەرمانێك چەوو لما چەقی بوو، بەڵام وەکو جاران ئاوی لە دەور نەبوو.

خۆ ئەگەر یارمەتیدەرێکم هەبوایەو بمتوانیبا، دەستێکی پێدا بێنم و نۆژەنی بکەمەوە، دەمتوانی بە ئاسانی پێی بگەڕێمەوە بۆ بەرازیل، بەڵام دەمزانی چاك کردنەوەی بەلەمەکەو گوێزانەوەی بۆ سەر زەوی، بۆ بابایەکی وەکو من بە قەد گواستنەوەی دوڕگەکە سەخت و دژوار بوو. بە هەرحاڵ چووم بۆ لێرەوارەکە، کاریتەم بۆ باری و باگردێن بڕی و، هێنامنە نزیکی بەلەمەکەو لێبڕام هەرچۆنێ بووە هەوڵی خۆم بدەم، لە دڵی خۆدا گوتم ئەگەر بتوانم بەلەمەکە هەڵگێڕمەوە، هەنگێ بە ئاسانی چاکی دەکەمەوەو دەبم بە خاوەنی بەلەمێکی زۆر چاك و بە ئاسانی دەتوانم پێی بچمە ناو دەریا.

ئەلهەقی وەختێکی زۆرم بەم کارە بێهودەیەوە کوشت، وا بزانم بە خوتو خۆڕایی سێ چوار هەفتە بەم کارە بووم، ئەنجام گەییمە ئەو قەناعەتەی کە بەم توانا کەمەوە، مەحاڵە بتوانم بەلەمەکە بجوڵێنم و هەڵی بگێڕمەوە. ئیدی بڕیارم دا چەو و لمەکەی ژێری هەڵکەنم تا لە ژێرەوە بۆشی بکەم و هەرەس بێنێ و، چەند پارچە دارێکم دایە بەر بەلەمەکە، بۆ ئەوەی دانەکەوێ.

بەڵام کە لەم کارەش بوومەوە، نەمتوانی بەلەمەکە بەرز بکەمەوە، یان بچمە ژێری، چ جای بیجوڵێنم و بەرەو ئاوەکەی بەرم. لە ئەنجامدا ناچار بووم دەستبەرداری ئەم کارەش ببم. بەڵام هەر چەندە هیچ ئومێدێکم بە بەلەمەکە نەمابوو، هێشتا هەر خەیاڵی ریسك و ڕۆییشتن لەم دوڕگەیە بەرۆکی هزرو بیری بەر نەدەدام، لە جیاتی کەمتر بێتەوە، زیاتر دەبوو، هەرچەندە لەوەش نەدەچوو هیچ ڕێگەیەك بۆ ئەم کارە هەبێت.

## بۆ خۆم بەلەمێك دروست دەكەم

ئەنجام ئەم مەسەلەیە وای لێكردم بیر لەوە بكەمەوە كە ئاخۆ دەشێت بۆ خۆ بەلەمۆكەیەك یان لۆتكەیەك (بەلەم، كەڵەك) دروست بكەم، لەو بابەتانەی كە خەڵكی ئەو دەڤەرانە بە قەدە درەختان دروستی دەكەن، هەڵبەتە بێئەوەی پێویستیان بە ئەوزارو ئامێرو یارمەتی هەبێ، لە دڵی خۆدا ئەم كارەم نەك هەر بەشیاو دەزانی، بەڵكو زۆر بە ئاسانیشم دەزانی، كە بیرم لێیدەكردەوە زۆر دڵم

خۆش دەبوو، وام وێنا دەکرد بەم حاڵەشمەوە، ئامێرو کەرەستەم لە ڕەشپێست یان سوور پێستەکان زۆرترە. هەرگیز ئاگام لە کەم وکووڕیەکانی خۆم نەبوو کە زۆر لە هی ڕەشپێستان زیاتر بوو، بۆ نموونە پاش ئەوەی بەلەمەکەم دروست دەکرد، هیچ کەسێك نەبوو یارمەتیم بدات کە بیخەمە ئاوەکەوە، ئەم کێشەیە، زۆر لە کێشەی نەبوون و کەمی ئەوزان گەورەتر بوو. وا درەختێکی گەورەم لە لێرەوارەکەدا دۆزییەوە، زۆر بە زەحمەت پێم دەبڕدرایەوە، وا توانیم بە ئامێرەکانی خۆم پارچە پارچەی بکەم و دیوی دەرەوەی جوان بتاشم ناوەکەی بە هەڵکۆڵین یان سووتاندن قووڵ بکەم و بەلەمەکەم دروست بکەم، هەنگێ دەبوایە لەوێندەر بکەوێ، چونکە نەمدەزانی بە تەنیا بیخەمە ناو ئاوەکە، ئیدی ئەم هەموو کارە بێهودەیە چ فایدەیەکی دەبوو؟

خوێنەر، دەتوانێ تەسەوری ئەوە بکات کە کاتێ لۆتکەکەم دروست دەکرد، هەرگیز بیرم لەو شوێن و وەزع و حاڵە نەدەکردەوە کە تیایا بوو، لە کاتێکا دەبوایە هەر لە هەوەڵەوە بیرم لەوە بکردبایەوە کە چۆن ئەم بەلەمە بگەیەنمە دەریاکە. بەڵام خولیای دەریا بەجۆرێ لە کەللەی دابووم کە بۆ تاقە جارێکیش بیرم لەمە نەکردەوە کە چۆن ئەم لۆتکەیە لە وشکاییەوە بگەیەنمە دەریا، باوەڕبکە ئەگەر چل کیلۆمەتر لە دەریادا لێم بخوڕیایە زۆرم بەلاوە ئاسانتر بوو لەوەی چل هەنگاو بە عاردیدا ڕامکێشاباو بمگەیاندبایە دەریا.

بەهەمان گەوجێتی بە شەرانەوە، وێڕای ئەوەی کە خودان هۆش و گۆشە، دەستم بە دروستکردنی بەلەمەکە کرد. دیزاین و نەخشەکەیم بە دڵ بوو، هەڵبەتە بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە چۆن ئەم نەخشەو دیزاینە پراکتیزە بکەم. هەڵبەتە هەندێجار بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بیخەمە ئاوەکەوە، بەڵام خۆم لەگێلی دەدا، خۆم لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدزییەوەو کەرکەر بە خۆم دەگوت "با جارێ دروستی بکەم، کەی تەواوم کرد، هەنگێ بیرێك لەوەش دەکەمەوە کە چۆن بیخەمە ئاوەوە."

دیارە ئەمە ئەوپەڕی بێهودەکاری بوو، بەڵام خەیاڵ بەرۆکی بەر نەدام و نەدا، دەست بەکار بووم. چووم دار سەروویەکم بڕییەوە. هەمیشە لە خۆم دەپرسی ئایا حەزرەتی سلێمانیش کاتێ دەیویست پەرستگەی ئۆرشەلیم دروست بکات، ئەمجۆرە درەختەی لەبەر دەستدا بووە. درەختەکە لەبنی بنەوە، لە نزیکی ڕەگەکەیەوە ئەستوریەکەی پێنج پێ و دە ئینج دەبوو، لە بەرزی بیست و دوو پێدا، ئەستورییەکەی دەگەییە نزیکەی چوار پێ و یازدە ئینج، لە سەروترەوە تۆزێ باریك تر دەبووەوەو پاشان لق و پۆپەکان لە قەدی درەختەکە جیا دەبوونەوە. جا وەرە ئەم درەختە زەلامە ببڕەوە، بیست دانە ڕۆ منتەورم وەشاندووە ئەوجا توانیم بیبڕمەوە، چواردە دانە ڕۆژم پێچوو تا لق و پۆپ و سەرەکەیم بڕییەوە، هەڵبەتە ئەم کارانەم بە زەحمەتێکی زۆرو بە تەورو تەشوێ ئەنجام دا. پاشان بە یەك مانگ ئەوجا توانیم بیتاشم و هەمواری بکەم و وەکو ناوی بەلەمێکی لێبکەم کە بتوانێت لەسەر ئاو خۆی بگرێت، نزیکەی سێ دانە مانگیشی پێچوو تا ناوەکەیم مشت و ماڵ داو سەرەنجام شەکڵ و شێوەی بەلەمی ڕاستەقینەی وەرگرت. ئەوەی ڕاستی بێ هەموو ئەم کارانەم بەبێ بەکارهێنانی ئاگرو تەنیا بە قەڵەم و چەکوش و هەوڵی

فەرهادانە، ئەنجام دا، ئەوە بوو لە کۆتاییدا لۆتکەیەکی زۆر جوانی لێدەرچوو کە بیستو شەش نەفەری دەگرت، بە کورتیەکەی هێندە گەورە بوو، کە دەیتوانی خۆم وبارو بنەکەم هەڵبگرێت.

کە لەم کارانە بوومەوە زۆر خۆشحاڵ بووم. یانی بەلەمەکە زۆر گەورە بوو، لە ژیانما هیچ بەلەمێکی دیکەم نەبینی بوو کە لە یەك دار دروستکرابێتو ئەوەندە گەورە بێت. دیارە هەموو مایەکەی تەنیا ئەو زەحمەتە بوو کە پێوەم کێشا بوو. تەنیا ئەوەندەی مابوو بیگەیەنمە ناو ئاوەکە، کە ئەگەر ئەم کارەم کردبوایە بێگومان، دەبوو بە شێتانەترینو زەحمەت ترین سەفەری دەریاییم.

بێهودە زەحمەتێکی زۆرم کێشا کە بیخەمە ئاوەوە. بەلەمەکە هەر سەد شەقاوێك لە دەریاکەوە دوور بوو، بەڵام کێشەی گەورەم ئەوە بوو، ئەو ڕێگایەی بۆ دەریاکە دەچوو هەوراز بوو. جا بۆ ئەوەی سارد نەبمەوە، لێبڕام زەویەکە هەڵکەنمو ڕێڕەوێکی سەرەولێژگە دروست بکەم. هەر چەندە ئەم کارە زۆر ئەستەمو دژوار بوو، بەڵام هەر دەست بەکار بووم، کە مەسەلەی ڕزگاری هاتە پێشێ، پیاو لە هیچ کۆسپو زەحمەتێك ناپرینگێتەوە؟ بەڵام کاتێ لەم کارە بوومەوەو ئەم کێشەیەم لە کۆڵ بووەوە، سەیرم کرد کێشەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، چونکە نەمدەتوانی ئەم لۆتکەیە، وەکو هەر بەلەمێکی ئاسایی، لە جێی خۆی بجوڵێنم.

پاشان، ئەندازەی نێوان لۆتکەکەو دەریاکەم گرت، لێبڕام کەناڵێك لە دەریاکەوە بۆ لای لۆتکەکە هەڵکەنم، چونکە چەندم بیرکردەوە، سەیرم کرد ناتوانم لۆتکەکە بەرەو ئاوەکە بەرم. ئیدی دەست بەکار بووم، کاتێ چوومە ناو کارەکەوەو حیسابو کیتابی خۆم کرد کە قووڵیو پانی کەناڵەکە (جۆگا) دەبێ چەند بێو دەبێ چۆن گڵو خۆڵەکەی دەربدەم، سەیرم کرد ئەم کارە بەو تەنیا باڵییە، دە دوازدە ساڵ دەبات. کەنارەکە بەرز بوو، بە حیسابی من دەبوایە سەمتی لای کەنارەکە بەلای کەمەوە بە قووڵی شەش مەتران بێتە هەڵکەندن. ئەوە بوو لە کۆتاییدا، بە نە بەدڵی دەستبەرداری ئەم نەخشەیەش بووم.

ئەم بویەرو واریقاتانە زۆریان پەستو خەمبار کردم، ئێستا، هەڵبەتە بە درەنگەوە، دەمبینی کە کاری خۆسەری، بێئەوەی پیاو توانای خۆی بە دروستی بزانێت، چ کەرێتییەکە.

لە ناوەڕاستی ئەم کارەدا بووم کە چوارەمین ساڵم لێرەدا تەواو کرد. چونکە بە هۆی خوێندنەوەی بەردەوامی ئینجیلو بەکاربردنی کەلامی خواوەند، دیدو بۆچوونێکی جیاواز لە جارانم پەیدا کرد بوو، بە خوشوعو نوێژو نزاوە، ئەم یادەم کردەوە. ئێستا شتەکانم بە جۆرێکی دی دەبینی، بە جۆرێ دەمڕوانیە دنیا وەکو ئەوەی شتێکی دوورە دەست بێو هیچ کارێکم پێوەی نەبێو چاوەڕوانی هیچی لێنەکەم، ئەلهەقی هیچش دڵم پێی خۆش نەبوو. بە کورتیەکەی نە کارم پێوەی هەبوو و نە دەمویست کارم پێوەی هەبێ. بۆیە وام بیر دەکردەوە دنیا شوێنێکە کە سەردەمانێك تیایا دەژیام، بەڵام لەوێ دەرکرا بووم. یانی بە هەمان شێوە دەمڕوانیە دنیا کە حەزرەتی برایم بە دنیا دۆستانی گوتبوو: "دەریاییەکی بەرین لە نێوان منو ئێوەدا هەیە."

جارێ پێش هەموو شتێك لەم شوێنەدا لە هەموو وەسوەسەیەکی دنیایی دوور بووم، نە شەهوەتی بەدەنو نە شەهوەتی چاوم نەبوو و نە دووچاری غروور بووم، هیچ کەڵکەڵەیەکی

تەماعکاریو چاوچنۆکیم نەبوو، هەموو شتێکم هەبوو. خاوەنی موڵکێکی گەورە بووم، خۆ ئەگەر خۆم حەزم کردبا، دەمتوانی خۆم بەپاشاو قەڕاڵی هەموو ئەو دەڤەرو موڵکە ناوبەرم کە بە دەستمەوە بوو. هیچ هەڤرکێك لە ئارادا نەبوو. هیچ حەریفێکم نەبوو کە بیەوێ لەسەر حوکمڕانی ململانێم دەگەڵدا بکاتو تەماع بکاتە جێگاکەم. دەمتوانی بە ئەندازەی باری چەندین کەشتی دانەوێڵە دابچێنم، بەڵام هیچ سوودێکم لێی نەدەبینی، بۆیە هەر ئەوەندەم دەچاند کە بەشی خۆم بکات، بە ئەندازەی پێویست کیسەڵی ئاوی یان وشکاییم هەبوو، بەڵام تەنیا جار بەجار دەمتوانی سوود لە یەکێکیان ببینم. ئەوەندەم دارو درەخت لە خزمەتا بوو کە بتوانم یەك گەلە کەشتی دروست بکەم، ترێ هەر مەپرسە، دەمتوانی باری یەك گەلە کەشتی لێ وشك بکەمەوەو بیکەم بە مێوژ.

بەڵام چاوم لە شتی وا نەبوو، هەر بە ئەندازەی بەشی خۆمم دەکرد بە مێوژ، بە ئەندازەی بەشی خۆم ئازووقەم هەبوو، پێویستم بە هیچ نەبوو، لەوەی زیاتر چیم گەرەك بوو؟ ئەگەر لە بەشی خۆم پتر حەیواناتم کوشتبا، یا دەبوا سەگەکەم بیخوات یان مارو مێروو، ئەگەر لە بەشی خۆم زیاتر دانەوێڵەم چاندبا، خەسار دەبوو. ئەو دارو درەختانەی دەمبڕینەوە، بە خۆڕایی لەو گۆڕە دەوکەوتنو دەڕزین. چونکە پێویستیەکی زۆرم بە سووتەمەنی نەبوو و دارم تەنیا بۆ چێشت لێنان بەکار دەبرد.

خۆلاسە کاتێ بە ویژدانەوە بیرم دەکردەوە، ماهیەتی شتەکانو ئەو ئەزموونەی کە هەمبوو ئەوەیان نیشان دەدام کە هەر هەموو شتە باشەکانی ئەم دنیایە کاتێ بایەخیان بۆ ئێمە دەبێت کە بە کارمان بێت، بە ڕاستی ئەوەی کۆی دەکەینەوە تا بۆ خەڵکانی تری بەجێ بێڵین، تەنیا ئەوەندەیان لەزەتمان پێدەبەخشن کە بە کارمان دێن. ئەگەر گەورەترین تەماعکاری دنیاش لە جێی من بوایە، لە بەندی تەماع رزگار دەبوو، چونکە زۆر زیاتر لە بەشی خۆمم هەبوو، ئیدی ئارەزووم لە هیچ شتێکی دیکە نەبوو، تەنیا هەندێ شتی کەم نەبێ کە نەمبوونو پێویستم پێیان هەبوو و ئەگەر هەمبایەن لەوە بوو زۆر بەکارم بێن. وەکو پێشتر ئاماژەم کردبووێ، سەندوقێکم هەبوو نزیکەی سیو شەش پاوەندی ئەستەرلینی و برێك زێڕو زیوی تیا بوو، بەڵام ئەم شتە بێ کەڵكو بێ فەڕانە بە کەڵکی هیچی من نەدەهاتن، زۆرجار لە دڵی خۆدا دەمگوت ئامادەم یەك چنگیان لێ بدەم بە دەرزەنێك سەبیل یان دەستاڕێك بۆ هاڕینی دانەوێڵەکانم. تەنانەت ئامادە بووم هەر هەمووی بدەم بە چەند کیلۆ تۆوی شێلمو کاهو کە لە ئینگلیستانەوە بۆم بێت، یان چنگێ نۆكو لۆبیاو شووشەیەك مەرەکەب. بەڵام ئەو پارانە، چونکە تەنیا پارە بوونو هیچی تر، کەمترین سوودیان بۆ من نەبوو. لە سەندوقەکەدا کەوتبوونو شێو ڕتوبەتی وەرزی باران لێی دابوونو ژەنگیان هەڵێنا بوو. خۆ ئەگەر ئەو سەندووقە پڕ لە ئەڵماسیش بوایە هەر عەینی شت بوو، چونکە هیچ سوودێکیان بۆ من نەبوو، هەڵبەتە بە هاشیان نەبوو.

ئێستا ژیانم لە چاو جارانەوە چ لە ڕووی فیکریو چ لە ڕووی فیزیولۆجیەوە، زۆر لە جاران باشتر بوو بوو. بەردەوام گۆشتم دەخواردو شوکرانە بژێر بوومو سوپاسی دەستی یارمەتی خواییم دەکرد کە لەو دەڤەرە چۆڵو هۆڵەدا ئەو سفرەیەی بۆ من ڕاخستبوو. بەرە بەرە فێری

ئەوە بووم زیاتر تەمەشای رووە روناك و گەشەكەی وەزع و رەوشی خۆم بكەم و كەمتر تەمەشای رووە تاریكەكەی بكەم، ئیدی ئەم خاڵە هەندێجار ئاسوودەییەكی پەنهانی ئەوتۆی پێدەبەخشیم كە لە باس كردن نایەت، جا ئێستا بۆیە باسی ئەمە دەكەم تا بە خەڵكانی ناشوكر بڵێم بۆیە ناتوانن بە ئاسانی لەزەت لەو نیعمەتە ببینن كە خواوەند داونیەتیٚ، چونكە هەندیٚ شت دەبینن و چاوی تەماعیان بڕیوەتە ئەو شتەی كە خوا نەیداونەتیٚ. پێموایە هەموو ناخۆشی و ناڕەحەتێكی ئێمە لەوەوە هاتووە كە قەناعەتمان بەو شتە نییە كە هەمانە.

جا لێرەدا حەزدەكەم بیركردنەوەیەكی خۆم بگێڕمەوە كە بۆ من زۆر باش بوو، بێگومان بۆ هەر كەسێكی دیكەش كە وەكو منی لیٚ بقەومیٚ، سوودی دەبیٚ، بیركردنەوەكەش ئەمەیە كە وەزعی خۆم دەگەڵ ئەو وەزعەدا بەراورد بكەم كە لە هەوەڵەوە تەسەورم دەكرد. ئەگەر خواستی خوای لەسەر نەبوایەو كەشتیەكە نزیكی كەنارەكە نەگیرسابا وە، هەڵبەتە زۆر خراپم بەسەر دەهات، چونكە لەو حاڵەدا نەك هەر نەمدەتوانی خۆ بگەیەنمە كەنارەكە، بەڵكو نەمدەتوانی كەرەسەو ئەسپابی ژیان و ئیسراحەتی خۆم بۆ كەنارەكە بێنم، بەبیٚ ئەو كەرەسەو ئەسپابانەش، نە ئەوازرو ئامێرێكی كاركردنم دەبوو، نەچەكێكم دەبوو خۆمی پیٚ بپارێزم، نە باروووت و فیشەكێكم دەبوو كە ڕاوی پێبكەم و خواردنی خۆم دابین بكەم.

چەندین سەعات، بگرە چەندین ڕۆژم بەمە بەسەر برد كە بە روونترین شێوە تەسەوری ئەوە بكەم كە ئەگەر هیچ شتێكم لە كەشتیەكە نەهێنابا چم دەكرد، چیم بەسەر دەهات. لەو حاڵەدا جگە لە ماسی و كیسەڵ هیچ خواردنێكی دیكەم دەست نەدەكەوت، ئەوانەشم بە ئاسانی پیٚ راو نەدەكراو هەنگیٚ بۆ خۆم تیا دەچووم. خۆ ئەگەر تیاش نەچووبام،ژیانم وەكو ژیانی مرۆڤانی هۆڤی دەبوو. خۆ ئەگەر بە رێكەوت یان بە هەر رێگەیەك بزنێك یان باڵندەیەكم راو بكردایە، بۆ كەوڵكردن یان سك هەڵدڕین و جیاكردنەوەی گۆشت و پێستەكانیان، بۆ دەركردنی ورگ و ریخۆڵەكانیان یان بۆ جنینیان، هیچ ئامێرێكم نەدەبوو، هەنگیٚ دەبوایە وەكو حەیواناتی هۆڤی بە دان یان بە پەنجەكانم خەریكیان بوومایە.

ئیدی لەسایەی ئەم جۆرە هزرینەدا، وام لێهات، زیاتر پەی بە لوتفێن خوایی ببەم و سەبارەت بە وەزعی خۆم، بە هەموو خراپیەكیەوە، سوپاسگوزارو منەتباری خوابم. هەڵبەتە پێویستە ئەمەش بەو كەسانە بڵێم، كە عادەتیان وایە لە كاتی تەنگانەدا بڵێن: "ئایا كەس هەیە لە من بەدبەخت تربیٚ" هەندیٚ بە خۆدا بچنەوەو تەمەشایەكی ئەو خەڵكانە بكەن كە زۆر لەوان خراترن، چونكە ئەگەر خوا بیویستایە دەیتوانی بارێكی زۆر لەوان خراتریان بە سەردا بدات.

هەروەها دڵخۆشی خۆم بە شتێكی دیكەش دەدایەوە، ئەویش ئەوە بوو كە وەزعی ئێستام دەگەڵ ئەو وەزعەدا كە وێنام دەكردو چاوەڕوانی ئەوە بووم خواستی خوایی بیهێنێتە رێم، بەراورد بكەم. من ژیانێكی ترسناكم هەبوو، ژیانێك كە تەواو لە یادو ترسی خوا خاڵی بوو. دایك و بابم بە باشی بە خێوو پەروەردەیان كربووم، لە سەرەتادا هەوڵیان دابوو تا لە خوا ترسی، هەستی بەرپرسیارێتی و ئەو شتانەم بخەنە دڵ و دەروون.

لـێ مخـابن! لـه هەرزەکاریـدا تێکـەڵاویم دەگـەڵ دەریاوانانـدا پەیـدا کـرد، بـووم بـە هاونشـینی دەریاوانـانێ، هەرچـەندە هەمیشـە رووبـەڕووی تـرس بـوون، بـەڵام زۆر لـە خـواوە دوور بـوون. خۆلاسە کە تێکـەڵی دەریاوانـان بـووم، خـووی ئـەوانم گـرت، بـە هـۆی تـەوس و تـوانجی ئەوانـەوە، دەستبەرداری هەر هـەموو ئـەو هەستە مەزەبیانـە بووم کە هـەمبوو و گاڵتـەم بـە تـرس و مەترسـی و مەرگ دەهات، ئیدی ئەمـەم لێبـوو بـە عـادەت، چـونکە ماوەیـەکی زۆر بـوو، جگـە لـە خـەڵکانی خـۆم ئاسا، کەسی دی نەبوو، قسەی دەگـەڵ بکـەم و دوو قسـەی خێـرو بـە سـوودی لـێ بژنـەوم، تەنانـەت حەزیشم نەدەکرد ئەو جۆرە خەڵکانە بدینم.

ئیدی لـە هـەموو شتێکی باش بە تاڵ بوو بوومـەوە. شێر حـەرامێك بـووم باکم بە هیچ نەبوو، منـەتم لـە هـیچ نـەدەزانی، بـۆ نموونـە کـاتێ کـە لـە دزانـی دەریـایی هـەڵاتم، کـاتێ کـە کـابرای کەشتیوانی پرتوگالی رزگاری کردم، کاتێ لە بەرازیلدا بووم بە جوتیارێکی سەرکەوتوو، کاتێ لـە ئینگلیسـتانەوە ئەمانەتـەکانیان پێگەیانـدم و زۆر شـتی دیکـەی لـەو بابەتـە، بـۆ تاقـە جارێـك "شوکرانە بژێری خوام" نە بە زاردا هاتبوو و نـە بیرم لێکردبووەوە، نە لـە تەنگانـەترین تەنگانـەدا بەخەیاڵما هاتبوو کە لەبەر قاپی خوا بپاڕێمەوە، یان تەنانـەت بڵـێم "خودایا رەحمم لێبکە". نا، بەڕاستی قەت ناوی خـوام بـەزاردا نـەدەهات، مەگـەر کـاتێ بەزارمـدا هاتبا کـە سوێندێکم خواردبا یان کفرێکم کردبا.

وەکو پێشـتر گـوتم، کـە بـە ژیـانی گوناهبارانـەی سەرکێشـانەی خـۆدا دەچـوومەوە، بـە مانگـان ترسم لێدەنیشت، کاتێ کە دەمڕوانیە دەوروبـەری خـۆم و دەمبینی لـەوەتای رێم کەوتووەتـە ئێـرە، خواوەند چ رەحمێکی پێکردووم و، نەك هەر هیچ سزایەکی نەداوم، کە ئەلهـەقی شایسـتەی هـەموو سزایەك بووم، بەڵکو نیعمەتی دنیای بەنسیب کردووم، کوڵێك دڵـم خـۆش دەبـوو و ئۆمێـدی ئـەوەم پەیدا دەکرد کە خواوەند نەك هـەر تۆبـەی لـێ قـەبووڵ کـردووم، بەڵکو لـە رەحـم و بـەزەیی خـۆیش سوودمەندم دەکات.

ئیـدی لەبـەر رۆشـنایی ئـەم بیرو هزرینانـەدا لێبڕام کـە نـەك تـەنیا لەبـەر ئـەم هەلومەرجـەی کـە هەنووکە تیایـام، ڕادەسـتی خواسـت و ئیرادەی خـوابم، بەڵکو راستگۆیانەو لـە ناخـەوە، لەبـەر ئـەم وەزعەی کە هەمە، سوپاسگوزارو شـوکرانە بژێری بم. من کـە هێشـتا زنـدوو بـووم، نـەدەبوا گلـەیی بکەم، چونکە بەچاوی خـۆم دەمبینی کە لەسـەر گوناحـەکانم سزا نـەدراوم، نیعمـەتێکی زۆرم پـێ بڕاوە کە بۆ ئەم شوێنە بە ڕاستی چاوەڕوان نەکراو بوو، بۆیە نەدەبوو گلـەیی لـە وەزع و حاڵی خـۆم بکـەم، بـەڵکو دەبـوو خۆشـحاڵ بم و هـەموو رۆژێ شـوکرانەی خـوا بکـەم ئـەو هـەموو رزق و رۆزیەی بەسەردا باراند بووم کە بە ڕاستی لە پەڕجوو دەچوو. سـەیرم کرد کە هـەبوونی خـواردن، پەڕجوویەکە گەورەتر لەو پـەڕجووەی کە بۆ ئـەلیاس پێغەمبـەر هـاتبوو، کە قـەلان خواردنیـان بـۆ دابین و فەراهەم دەکرد (بە گوێرەی ئینجیل، خواوەنـد فـەرمان بـە ئەلیاس پێغەمبـەر دەکـات کـە لـە ئیسرائیل هەڵبێ و لە شوێنێکا، لـە ڕۆژهـەڵاتی ئـەردەن خـۆی وەشێرێ و لـەوێ قـەلان خـواردنی بـۆ دێنن). ئـەوەی ڕاسـتی بـێ پـەڕجوو لەسـەر سـەرپەڕجووم دەهاتـە پێشـێ. راسـتە ئێـرە شـوێنێکی چۆڵ و هۆڵ بوو، هیچ هاونشین و هاودەمێکم نەبوو، کە هەڵبەتە ئەمە زۆر ناخۆش بـوو، بـەڵام هـیچ

حەیوانێکی دڕندەی تیا نەبوو، نە گورگێ نە بەورێ کە پەلامارم بدەن، نە بوونەوەرانی ژەهردار کە بە خواردنیان ژاراوی ببم، نە کێویانێ کە بمکوژن‌و بمخۆن، ئەمانە هەر هەمووی پەڕجوو نەبوون!

بە کورتی، ئەگەرچی ژیانم لەلایەکەوە پڕ مەینەت بوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە لە میهرو رەحمەتی خوا بێ بەری نەبوو. من بە چاوی خۆم لوتفی خوام دەرهەق بە خۆم دەبینی، دەمزانی کە لەم وەزعەدا پشتیوانی منە، هەموو رۆژێ سوکنایی بە روحم دەدا. پاش ئەوەی قەناعەتم بەم مەسەلانە هێنا، ئیدی بێ خەم‌و خەیاڵ، کەوتمە کار.

ئێستا، ئەوەندە لەم دوڕگەیەدا مابوومەوە، کە گەلێك لەو شتانەی کە هێنابوومنە کەنارەکە، بۆ ئەوەی سوودیان لێ بدینم یان تەواو بوو بوون، یان لە کەڵك کەوتبوون. وەکو پێشتریش باسم کردبوو، ماوەیەك بوو کە مەرەکەبم تەواو بوو بوو و تەنیا تۆزێکی مابوو، کە بەرە بەرە ئاوم تێدەکردو روونم دەکردەوە، تا وای لێهات ئەوەندە روون بووەوە کە هیچ شوێنەوارێکی لەسەر کاغەزەکە بەجێ نەدەهێشت. تا ئەو کاتەی کە مەرەکەبم هەبوو، بەکارم دێناو هەر رۆژێك بویەرێکی سەرنج راکێشم هاتبا پێشێ، تۆمارم دەکرد، کە رۆژەکانی رابردووم کۆکردنەوە، سەیرم کرد گەلێك لە بویەرە جیاوازەکان، لە هەمان رۆژانی هەفتەو مانگاندا روویان دابوو، خۆ ئەگەر کەسێکی خورافاتی و خورافاتباوەڕ بوایەم‌و باوەڕم بە رۆژانی خۆش یومن‌و بە دیومن هەبوایە، بەڵگەیەکی باشم بەدەستەوە بوو کە کونجکاوانە بڕوانمە ئەم یاداشتانە.

یەکەم شتێك کە سەرنجی راکێشام ئەمە بوو، کە لە هەمان ئەو رۆژەدا کە دایك‌و باب‌و کەسوکارم بەجێهێشت‌و چووم بۆ هال تا سەفەرە دەریاییە شوومەکەم بکەم، پاشان لە هەمان رۆژدا، دزانی دەریایی ئەسیرو دیلیان کردم‌و کردیانم بە کۆیلەی خۆیان.

لە هەمان رۆژی ئەو ساڵەی کە لە کەشتیە ئاسیو دیدەکەی لەنگەرگای یارموت هەڵاتبووم، بۆ ساڵی دواتر لە هەمان رۆژدا بە بەلەم لە دەستی دزانی دەریایی هەڵاتم.

لە هەمان رۆژی ساڵی لە دایك بوونما، واتە لە ۳۰/۹دا، رێك بیست‌و شەش ساڵ دواتر، لەهەمان رۆژدا، وەختێ لەم دوڕگەیەدا گیرسامەوە، بە شێوەیەکی پەڕجووئاسا نەجاتم بوو، هەر بەمجۆرەش ژیانی سەرکێشانەو یاخیانەو ژیانی تەنیاییم لە یەك ڕۆژدا دەستیان پێکرد.

دووەم شتم کە دوای مەرەکەبەکەم تەواو بوو، نانەکەم بوو. مەبەستم ئەو نانە وشکەیە کە لە کەشتیەکەم هێنا بوو، ئەم نانە وشکەم زۆر لەلا ئازیز بوو، بەشی دوو ساڵی کردم، بەڵام رۆژی تەنیا یەك پاروو لێی دەخوارد. یانی بەم پێیە بەر لەوەی خۆم ببم بە خاوەنی دانەوێڵە، نزیکەی یەك ساڵ بەبێ نان بووم‌و زۆر مەمنوون و شوکور بووم کە نانێکم هەبێ، چونکە نان‌و پەیدا کردنی نان، وەکو پێشترش باسم کرد، شتێك بوو لە بابەتی پەڕجوو.

جلەکانم زۆر زوو شڕو وڕ دەبوون. ماوەیەکی زۆر جلی ژێرەوەم هەر نەبوو. جگە لە چەند کراسێکی خانەخانە کە لە سەندوق‌و باوڵی دەریاوانەکانی دیکەدا دۆزی بوومنەوەو بە دیقەت ئاگاداریم دەکردن، چونکە زۆرجار جگە لە کراسێك نەدەکرا هیچی دی لەبەر بکەی، نزیکەی سێ دەرزەن کراسی دیکەم لە کۆی جل‌و بەرگی سەرنشینەکانی کەشتیەکە بە نسیب بوو بوو کە ئەمە

بۆ من نیعمەتێکی گەورە بوو، هەڵبەتە چەند چاکەتێکی ئەستووری ئێشکگرەکانیشم بۆ مابووەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ بۆ ئەم ئاوو هەوایە گەرم بوون. ڕاستە کە دنیا ئەوەندە گەرم بوو کە پیاو پێویستی بە جل و بەرگ نەبوو، بەڵام نەمدەتوانی ڕووت و قووت بم، هەر چەندە حەزیشم دەکرد، و بەتاقی تەنیاش بووم، بەڵام بە ڕووتی نە دەگەڕام.

بۆیەش بە ڕووت و قووتی تەواوەتی نەدەگەڕام چونکە بەرگەی گەرمای هەتاوەکەم نەدەگرت، زۆر جار گیانم لەبەر تیشکی هەتاوەکە دەبوو بە تلۆق، بەڵام کە کراسم لەبەر بوایە تا هەتاوەکە لە کراسەکەوە دەگەییە لەشم، زۆر فێنک تر بوو وەك لەوەی ڕووت بم، پێویستە ئەوەش بڵێم کە قەت بەبێ کڵاو نەدەچوومە دەرێ، چونکە هەتاوەکەی ئەوەندە گەرم بوو کە یەکسەر تووشی سەریەشە دەبووم، چونکە بەبێ کڵاو، هەتاوەکە ڕێك لە تەوقی سەری دەدام و بەرگەم نەدەگرت، کەچی بەکڵاوەوە، بە ئاسانی دەمتوانی بچمە دەرەوە.

لەبەر ئەمانە، بیرم لەوە کردەوە، چەند پارچە جلێك بۆ خۆم فەراهەم بکەم. هەموو ئێلەکانم رزی بوون، ئێستا بیرم لەو دەکردەوە کە ئاخۆ دەتوانم لە چاکەتە گەورەکان و ئەو تیتۆڵانەی کە هەمبوون، کراسی قۆڵ درێژ بۆ خۆ دروست بکەم، بۆیە دەستم بەخەیاتی یان وەك دەڵێن بە پینەو پەڕۆیان کرد. بە هەرحاڵ هەرچۆنێ بوو توانیم دوو سێ ئێلەکی تازە دروست بکەم کە خوا خوام بوو زۆر بەرگە بگرن و درەنگ بدڕێن. سەبارەت بە دەرپێ، یەکەمین کارم زۆر خراپ بوو.

وەکو پێشتریش باسم کردبوو، هەرحەیوانێکم بکوشتبایە پێستەکەیم هەڵدەگرت، دارێکم رایەڵ دەکردو هەموو پێستەکانم دەدا بەسەریاو لە بەر هەتاوەکە هەڵمدەخستن، هەندێکیان بە جۆرێ وشك بوو بوونەوەو رەق بوو بوون کە بە کەڵکی هیچ نەدەهاتن، بەڵام هەندێکیان زۆر باش بوون. یەکەم شتێك کە لەم پێستانەم دروست کرد، کڵاوێکی گەورە بوو، کە دەرەوەی تووکن بوو و بارانی دانەدەدا. ئەم کارەم هێندە بە باشی ئەنجام دا کە چەشە بووم و دوای ئەو چاکەت و پانتۆڵێکی فەرووم بۆ خۆ دروستکرد، یانی ئێلەکێك و پانتۆڵێکی تاسەر ئەژنۆو هەردووکیان دەڵب بوون، چونکە بۆ ئەوەم دروست کردبوون کە فێنکم بکەنەوە نە گەرم. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە جلێکی زۆر ناشیرینم درووستکردبوو، چونکە خەیاتیەکەم لە دار تاشیەکەشم خراتر بوو. بەڵام هەرچۆنێ بوو، زۆرم بە کەڵك هاتن، کە دەچوومە دەرێ، ئەگەر باران بوایە، بە هیچ جۆرێ تەڕ نەدەبووم، چونکە دیوی دەرەوەی جلەکانم و کڵاوەکەم فەروو بوون و ئاویان دا نەدەدا.

دوای ئەم کارە، وەختێکی زۆرم بە دروستکردنی چەترەوە بەسەر برد، بە ڕاستی پێویستم بە چەتر هەبوو، بۆیە لێبڕام بە هەر زەحمەتێ بووە چەترێك بۆ خۆم فەراهەم بکەم.

لە بەرازیل دیتبووم چۆن چەتریان دروست دەکردو بۆ گەرمای ئەوێندەر شتێکی باش بوو. لێرەش هەستم بە گەرمایەکی زۆر دەکرد، گەرماکەی لە گەرمای بەرازیلیش زیاتر بوو، چونکە لە هێڵی ئیستیواوە نزیکتر بوو. جا چونکە زۆر هاتوچۆی دەرەوەم دەکرد، چەترم چ بۆ باران و چ بۆ گەرما، زۆر پێویست بوو. هەڵبەتە دروستکردنی چەتر زەحمەتی زۆر بوو، دوای ماوەیەکی زۆرو زەحمەتێکی فرە، ئەوجا توانیم شتێکی لە بابەتی چەتر دروستبکەم، دوو سێ چەترم خراپ کرد ئەوجا بە هەزار زەحمەت چەتری دڵخوازی خۆم دروستکرد. بەڵام باش بوو، ئەوەی دروستم کرد،

به کەڵکم هات، کێشەی سەرەکیم ئەوە بوو بە جۆرێکی دروست بکەم کە قەد بکرێت، دەمتوانی وای دروستبکەم کە بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر قەد نەکرابا، ناچار دەبوو هەمیشە بەسەر سەرمەوەی رابگرم، چونکە بەو حاڵە نەبوایە بە هیچ جۆرێکی دی هەڵنەدەگیراو بە کەڵك نەدەهات. بەڵام لە کۆتاییدا وەکو گوتم، چەتری دڵخوازی خۆم دروست کردو سەرەکەیم بە پێستە داپۆشی وام دروست کرد بوو کە وەکو شێروانی ئاوەکەی پێدا بێتە خوارێ، هەتاویشی هێندە بە باشی گل دەدایەوە کە دەمتوانی لە گەرمترین وەختی رۆژا بچمە دەرەوە، وەکو چۆن جاران لە فێنکترین وەختی رۆژا دەچوومە دەرەوە، هەرکاتێ پێویستم بە پیرە چەتر نەبوایە، دەمتوانی قەدی بکەمو بینەم ژێر باخەڵم.

بەمجۆرە زۆر بە رەحەتی دەژیامو بە پشتیوانی خواو باوەڕی تەواو بەخواستو ئیرادەی ئەو، خەیاڵم تەواو ئاسوودە بوو بوو. ئەم مەسەلەیە بوو بووە بایسی ئەوەی هەست بە کەمی پێوەندێن کۆمەڵایەتی نەکەم، چونکە هەرکاتێ خەفەتم لەوە خواردبا کە هاودەمێکم نیە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئایا گفتوگۆ دەگەڵ خودی خۆمدا، گفتوگۆ دەگەڵ — لێم نەبێ بە گوناح— خوادا، لە رێگەی نوێژو نزاو دوعاوە، زۆر باشتر نیە لە گفتوگۆ دەگەڵ ئینسانانی دیدا.

دوای ئەم بویەرو واریقاتانە تا پێنج دانە ساڵ هیچ پێشهاتێکی نائاساییم نەهاتە رێو، بە هەمان شێوە، بە هەمان وەزعو رەوشو لە هەمان شوێندا، رێك وەك پێشوو درێژەم بە ژیان دا. ئیدی کاری سەرەکی من، جگە لە کشتوکاڵی ساڵانەی برنجو جۆو دروستکردنی مێوژ، کە لە هەر یەکێکیان بەشی مەسرەفی یەك ساڵم زەخیرە دەخست،و جگە لە راوی رۆژانە، تەنیا یەك کار بوو، ئەویش دروستکردنی لۆتکەیەك بوو کە ئەنجام تەواوم کرد. بەمجۆرە کەناڵێکم بە پانی شەش پێو قووڵی چوار پێ هەڵکەندو بەلەمەکەم خستە ئەم کەناڵو جۆگایەوە کە مەوداکەی نزیکەی نیو کیلۆمەتر دەبوو. جاری یەکەم بەلەمەکەم زۆر گەورە بوو، بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن بیگەنمە ناو ئاوەکە، دروستم کرد بوو، کە دەبوایە بیرم لەم مەسەلەیە بکردایەتەوە. ئەنجام هەرگیز نەمتوانی بیگەیەنمە ئاوەکە، یان ئاوەکە بۆ لای ئەو بێنم، ناچار بووم بەدەقی خۆیەوە لەوێندەری بەجێ بێڵم، تا ببێ بە پەندێك بۆ من کە بۆ جارێکی دی سوودی لێوەربگرم. جارێکی دی تێ هەڵچوومەوە، هەرچەندە دۆزینەوەی درەختێکی لەبار بۆ دروستکردنی بەلەم زۆر زەحمەت بوو و شوێنەکە لە ئاوەکەوە وەکو گوتم نیو کیلومەترێك دوور بوو، بەڵام سەیرم کرد ئەم کارە مەحاڵ نییە، بۆیە هیچ سارد نەبوومەوە، هەرچەندە کارەکە نزیکی دوو ساڵی خایاند، هەرگیز هیچ گلەییەکم نەکرد، هەر بە ئومێدی ئەوە بووم بتوانم بەلەمێك دروست بکەمو خۆم بە دەریادا بدەم.

بەڵام جاری یەکەم، هەرچەندە بەلەمە چکۆلەکەم ئامادە بوو بوو، قەوارەکەی دەگەڵ ئەو بەرنامەو نەخشەیەدا کە من بۆم دانابوو، تێکی نەدەکردەوە، یانی دەبوایە بە ئەرزێکی ناهەمواردا نزیکی چل میل سەرم بخستایە. لە ئەنجامدا بچووکی بەلەمەکەم کردیە کارێك ئەو نەخشەیەش وەلا بنەمو چیتر بیری لێنەکەمەوە. لێ هەنووکە کە بەلەمێکی دیکەم هەبوو، نەخشەو پلانەکەم ئەمە بوو، کە گەشتێکی دەوران دەوری دوڕگەکەی پێبکەم. جا چونکە پێشتر بە پێیانو لە

ڕێگەی وشکانیەوە، چوو بوومە ئەو دیوی دورگەکەو ئەو شتانەی کە لەم سەفەرە کورتەم دا، لەوێندەر کەشفم کردبوون، وایان لێکردم کەڵکەڵەی دیتنی شوێنەکانی دیکەشم بکەوێتەسەر، بە تایبەتی کە ئێستا بەلەمم هەبوو، هەموو هۆش و گۆش و خولیام بوو بوو بەوەی کە گەشتێکی دەوراندەوری دورگەکە بکەم.

جا بۆ ئەمەش، دەبوو زۆر بە وردی و دووربینی هەنگاو بنەم. ئیدی بورجێکی چکۆلەم بۆ بەلەمەکەم دروست کرد، و پارچە بایەوانێکی زۆر زۆرم لە کەشتیەکە هێنا بوو، لەو پارچانە بایەوانێکی چکۆلەم بۆ دروست کرد.

کە بورج و بایەوانەکەم ئامادە بوو و بەلەمەکەم تاقیکردەوە، سەیرم کرد زۆر باش دەجوڵێت. ئەوجا چەند سەندوقێکم دروست کردو لەم سەرو لەو سەری بەلەمەکەم دانان کە شتی پێویست و کەلوپەل و تەقەمەنی و شتی دیکەیان تێبخەم و بە هۆی باران یان شێی ئاوی دەریاکەوە تەڕ نەبن، هەر لە ناو بەلەمەکەدا، جێگەیەکم بۆ تفەنگەکەم دروست کرد، تا لەوێندەری دابنەم و بە شتێك سەرەکەی داپۆشم و تەڕ نەبێت.

چەترەکەشم، لە پلەیەکی دوای کەشتیەکەوە، وەکو بورجێك چەقاند تا وەکو کەپرێك سێبەرم لێبکات و لە گەرمای تیشکی خۆرەکە بمپارێزێت. بەمجۆرە جار جاریٚ دەچوومە کورتە سەفەری دەریایی، بەڵام هەرگیز لە وشکایی و لە روبارە چکۆلەکە دوور نەدەکەوتمەوە. بەڵام ئەنجام چونکە زۆر ئارەزوومەندی ئەوە بووم، دەوروبەری قەڵەمڕەوەکەی خۆم بدینم، لێبڕام دەست بە سەفەر بکەم. ئازووقەی سەفەرم لە بەلەمەکەم بارکرد، دوو دەرزەن نانی جۆ، گۆزەیەك برێشکەی برنج، کە لە خواردنە سەرەکیەکانم بوو، بوتڵێکی چکۆلەی عارەقی نەیشەکر، نیوەلاکێکی گۆشتی بزن، باروت و فیشەك بۆ ڕاو، دوو پاڵتۆی ئێشکگری کە لە سەندوق و باوڵی دەریاوانەکانم دەرهێنا بوون، کە پێشتریش باسم کردوون، لەسەر یەکێکیان دەنووستم و شەوانیش ئەوی تریانم بە خۆدا دەدا.

لە شەشەمین ساڵی فەرمانڕەوایی یان ئەسارەتی خۆمدا، چۆنی ناو دەنەی ناوی بنە، رۆژی شەشەمی هەیڤی یازدە دەستم بە سەفەرەکەم کرد، زۆر لەوە زیاتری خایاند کە وێنام دەکرد. چونکە هەرچەندە دورگەکە بە خۆی زۆر گەورە نەبوو، بەڵام کاتیٚ گەییمە سەمتی رۆژهەڵاتی دورگەکە، سەیرم کرد بە درێژایی نزیکەی دوو سیٚ کیلۆمەتران بەردو تاوێران لە دەریاکەوە بەرەو کەنار هاتووە، هەندێکیان لەسەر ئاوەکەوە دیار بوون و هەندێکیان لە ژێر ئاوەکەدا بوون، لە دوای تاوێرەکانیشەوە گردۆلکەیەکی لمی وشك کە ئەویش نیو میلێك دەبوو، ڕاکشا بوو. بۆیە ناچار بووم مەسافەیەکی زۆر لە دەریاکەدا پێشڕەوی بکەم، تا لەم شوێنە تێپەڕ بم.

هەوەڵجار کە توشی ئەم تاوێرانە بووم، لەزگ بوو لە سەفەرەکەم ژێوان ببمەوەو بگەڕێمەوە، چونکە نەمدەزانی دەبیٚ چەند بچمە قوڵایی دەریاکە، ئەمە جگە لەوەی کە گومانیشم لە گەڕانەوەی خۆم هەبوو، چۆن بگەڕابامەوە. بۆیە لەنگەرم گرت، بە پارچە قولاپێك کە لە کەشتیەکەوە هێنا بووم، شتێکی وەکو لەنگەرم دروست کردبوو.

وەختێ بەلەمەکەم وەستا، تفەنگەکەم هەڵگرت، بەگردۆلکە لمەکەدا هەڵگەڕامو خۆم گەیاندە وشکایی و لەوێوە روانیمە دەریا.

کە لەسەر گردەکەوە ڕوانیمە دەریا، سەیرم کرد هوڕوژمە ئاوێکی بە هێزی زۆر بە پێلو شەپۆلان بەرەو ڕۆژهەلآت دێتو تەنانەت لەو شوێنەش نزیك بوو بووەوە کە منی لێ وەستا بووم، زیاتر لێی ورد بوومەوە، سەیرم کرد ڕەنگە ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێتو ئەو هورژمە ئاوە بمگرێت، تووشی مەترسی ببمو لەگینە بەرەو قولآیی دەریاکەم رامالێو نەتوانم جارێکی دی بۆ دوڕگەکە بگەڕێمەوە، بەڕاستیش ئەگەر نەچووبامە سەر گردەکە، دڵنیام کە ئەو بەلآیەم بەسەر دەهات، چونکە هوڕوژمە ئاوێکی تری لەو بابەتە، لەمبەری دوڕگەکەشەوە هەبوو، بەلآم ئەمەیان برێك دوور بوو. سەیرم کرد لە ژێر ئاوەکانی کەنارەکەش شەپۆلو هورژمێن ئاو لە جمو جۆڵدایە. یانی ئەگەر لە هوڕوژمی یەکەمیش دەرباز بوایەم، یەکسەر دەکەوتمە بەر هوڕوژمی دووەمو بە ئاسانی نەدەخەلەسیم.

لەبەر ئەمە دوو ڕۆژ لەوێندەر مامەوە، چونکە ئەو بایە فێنکەی کە لە سەمتی باشووری ڕۆژهەلآتەوە دەهاتو ڕێك بە پێچەوانەی ئەو هوڕوژمو شەپۆلانەوە بوو، لەو شوێنەدا گێژاوو گێژەنگێکی گەورەی لە دەریاکەدا دروست کردبوو. ئیدی بە هۆی ئەو گێژەنگەوە، نزیك بوونەوەی زۆر لە کەنارەکە، باش نەبوو، هەروەها دوور کەوتنەوەی زۆریش لە وشکایی، بە هۆی گێژاوەکەوە، کارێکی بێ مەترسی نەبوو.

بەیانی ڕۆژی سێیەم، کە شەوێ بایەکەی خستبوو و دەریا مەندو ئارام بوو، کەوتمە ڕێ، بەلآم دیسان بووم بە پەندو عیبرەت بۆ هەر دەریاوانێکی، بی موبالاتو خەمساردو بێ ئەقڵ، چونکە هێشتا هەمووی چەند هەنگاوێك لە کەنارەکە دوور نەکەوتبوومەوە، کە دیقەتم دا خۆم لە ئاوێکی قووڵدا بینیەوەو گێژاوێکی وەکو گێژاوی ناو ئاش دەوری داوم. ئەو گێژاوە هێندە بە توندی بەلەمەکەی رادەماڵیم کە نەم دەتوانی بەلەمەکەم کۆنترۆڵ بکەم، ئیدی شەپۆلان زۆر بەلەز لەو گێژاوە، کە لە دەسە چەپما بوو، دوورو دوورتری دەکردمەوە. هیچ بایەکی نەدەهات کە بە کەڵکی من بێت، سەوڵەکانیشم لە نرخی نەبوودا بوون. ئیدی خەریك بوو دڵنیا دەبووم کە تازە تەواو غەرق دەبمو دەخنکێم، چونکە دەمزانی ئەو هوڕوژمە ئاوانەی لە هەردوو لای دوڕگەکەوە هەڵیان کردبوو، دوای چەند کیلۆمەترێك لەولا ترەوە یەکتر دەگرنەوەو هەنگێ بۆ خۆم تیا دەچمو دەبڕێمەوە. هیچ مەفەڕێکی دیکەشم بەدی نەدەکرد، بۆیە جگە لە مردن هیچ شتێکی دیکەم لە بەردەم خۆدا بەدی نەدەکرد، هەڵبەتە نەك مردنو خنکان لە دەریاکەدا، چونکە دەریاکە مەنگو ئارام بوو، بەڵکو مردن لە برسا. هەڵبەتە وەختێ لە کەنارەکە بووم کیسەڵێکی دەریاییم راو کرد بوو، هێندە گەورە بوو کە بە تۆبزی بۆم هەڵدەگیرا، ئەوەم خستبووە بەلەمەکەوە، گۆزەیەکی گەورەی ئاوی خواردنەوەشم پێبوو، لەو گۆزە سیرامیکانەی خۆم دروستم کردبوون. بەلآم ئەگەر ئاوەکە رای ماڵیبام بۆ قوولآیی دەریا بێ پایانەکەی بردما، ئەمانە چ دەردێکی منیان دەرمان دەکرد! چونکە لەو حالەدا، بە بڕینی هەزاران فەرسەخیش، نەدەگەییمە هیچ وشکایی یان دوڕگەیەك.

ئێستا بۆم دەرکەوتبوو، کە مەشیەتو خواستی خوایی چۆن دەتوانیٚ بەشەر بخاتە ترسناکترین یان خراپترین وەزعو حاڵەوە. ئێستا دوڕگە چۆڵو هۆڵو دوورە دەستو تەریکەکەی خۆم لەلا بوو بە دڵگیرترین شوێنی دنیاو، خوا خوام بوو بۆ ئەوێندەر بگەڕێمەوە. لە دڵی خۆدا دەمگوت: "ئەی سارای جوان، جارێکی دی هەرگیز ناتبینمەوە!" دەمگوت "ئەی بەخت، بە تەماعی بۆ کویٚ برۆیت!" هەنگیٚ کەوتمە سەرکۆنەکردنی خۆم کە چۆن قەدری ئەو شوێنە باشەی خۆم نەزانیو هەنووکە بە دۆش دەیژەنمو ئامادەم بە هەر نرخیٚ بووە، بەس بگەمەوە ئەوێندەر! ئیدی ئەوەیە، بەشەر هیچ کاتیٚ قەدری عافێت نازانین، مەگەر تووشی بەڵاو کارەساتێك ببین، قەدری ئەو شتە نازانین کە هەمانە، مەگەر پێویستمان پێی ببێت. زۆر زەحمەتە تەسەوری ئەوە بکرێت کە هەنووکە لە چ دڵەڕاوکەو نیگەرانیەکدا بووم، دوور لە دوڕگە ئازیزەکەم (ئێستا زۆر لەلام شیرین بوو بوو)، لە قووڵایی دوو فەرسەخی ئۆقیانووسدا، هیچ ئومێدێکم نەبوو کە بتوانم جارێکی دی بۆ دوڕگەکە بگەڕێمەوە. بەڵام هێندەم تەقەلادا، تەقریبەن هێزو شنگم لەبەر بڕا، تەنیا ئەوەندەم پێکرا بەلەمەکەم رووەو باکوور رابگرم، روو لەو سەمتەی کە گێژاوەکەی تیا بوو، ئەوە بوو لە دەوروبەری نیوەڕۆدا، کاتیٚ هەتاو، لە ناوەندی ئاسمان تێپەڕی، هەستم کرد شنە بایەکی سووك، دەموچاوی فێنك کردمەوە، کە لە باشوور – باشووری رۆژهەڵاتەوە دەهات. ئەم شتە کەمێك دڵخۆشی کردم، بە تایبەتی کە دوای نیو سەعاتێك بایەکی خۆش هەڵیکرد. لەم ماوەیەدا تەواو لە دوڕگەکە دوور کەوتبوومەوە، خۆ ئەگەر بچووکترین هەور یان غوبارێك پەیدا بوایە، بە جاریٚ تیا دەچووم، چونکە هیچ قوتبنمایەکم پێنەبوو، ئەگەر دوڕگەکەم لەبەر چاو ون بوایە، هەرگیز رێم دەرنەدەکرد کە چۆن بەرەو ئەوێندەر بگەڕێمەوە بەڵام چونکە دنیا هێشتا سافو سایەقە بوو، خۆم وادار کرد کە بورجەکە بەرز بکەمەوەو بایەوانەکە هەڵبکەمو هێندەی بۆم بکریٚ، بەرەو باکوور بەلەمەکەم باژۆم، تا لە هوڕوژمی ئاوەکە دەرباز ببم.

هەرکە بورجەکەم داناو بایەوانەکەم هەڵکرد، بەلەمەکە دەستی بە جوڵان کرد، کە دیتم ئاوەکە خەریکە رۆشن دەبێتەوە، هەستم کرد هوڕوژمەکە خەریکە بەرە بەرە هێور دەبێتەوە، چونکە هەر کاتیٚ هوروژمی ئاو بە قوەت بوایە، ئاوەکە لێڵ دەبوو،بەڵام چونکە ئاوەکە ساف بوو، ئیدی زانیم هوڕوژمی ئاوەکە لە نیشتنەوەدایەو یەکسەر لە دووری نیو میلێکەوە دیتم کە گێژاوی دەریاکە خۆی بە هەندیٚ تاوێراندا دەکێشێتو سەیرم کرد ئەم تاوێرانە دەبنەبایسی ئەوە کە هوڕوژمو رەوتی ئاوەکە دووبارە ببیٚ بە دوو بەشەوەو بەشە سەرەکیەکەی زیاتر بە قوڵی باشووردا دەڕۆییو لە تاوێرەکان، کە لە سەمتی باکووری رۆژهەڵاتا بوون، دورو دەکەوتەوە. لەبەر ئەمە بەشەکەی دی کە خۆی بە تاوێرەکاندا دەکێشا، رەوتێکی بە پێلو شەپۆلانی بە هێزی دروست دەکرد کە بە سەمتی باکووری رۆژاوادا دەڕۆیی و هوڕوژمو رەوتێکی دیاری دروست دەکرد.

مەگەر ئەو کەسانەی کە بەسەر سێدارەوەنو هەواڵی عەفوو وبەخشینیان پێدەکات، یان لە دەستی چەتەو رێگرانیٚ کە نیازی کوشتنیان هەبوون رزگار دەبن، یان گیرۆدەی وەزعێکی وا نالەبار بووبن، بزانن کە من چ خۆشیەکم بوو، بە چ شەوقو زەوقێك بەلەمەکەم بەرەو ئەم رەوتو

هوڕوژمە بە پێڵو شەپۆلە ئاژۆتو بە چ خۆشحاڵیەکەوە بایەوانەکەم دابووە بەر ئەو بایەی هەڵی کردبوو، بە کۆمەکی بایەکە، خۆم دایە دەم ڕەوتی بە هێزی ئاوەکەوە.

ئەم هوڕوژمە نزیکەی پتر لە فەرسەخێك، ڕاستەوخۆ بەرەو دوڕگەکە گەڕاندمیەوە، بەڵام لە چاو هەوەڵجارەوە کە شەپۆلی ئاوەکە دەگەڵ خۆیدا بردبوومی، نزیکەی دوو فەرسەخان لە سەرووتر بووم، یانی بە جۆرێ کە کاتێ لە دوڕگەکە نزیك بوومەوە، سەیرم کرد لە کەناری باکووری دوڕگەکەدام، یانی لە کۆتایی ئەوسەری دوڕگەکە بووم، ڕێك بەرانبەر ئەو شوێنەی کە لەوێندەرەوە دەرچوو بووم.

کاتێ کە بە کۆمەکی ئەم ڕەوتو هوڕوژمە، فەرسەخێکی دیکەشم تەی کرد، سەیرم کرد، هوڕوژمەکە تەواو خاو بووەتەوەو ئیدی بە کەڵکم نایەت. بەڵام سەیرم کرد لە نێوان دوو ڕەوتی سەرەکی دام، یانی ڕەوتێك کە لە سەمتی باشووردا بوو و منی لە کەنارەکە دوور خستبووەوەو ڕەوتێکی دیکە کە لە باکوورو دووری یەك فەرسەخی سەمتەکەی دیدا بوو. یانی لە نێوان ئەم دوو ڕەوتەداو لە نزیکی دوڕگەکەدا، ئاوەکە وەستا بوو و بە هیچ لایەکدا نەدەڕۆیی، ئیدی خۆم دایە دەم ئەو شنە بایەوە کە بەرەو دوڕگەکە هەڵی کردبوو، یەك ڕاست بەرەو دوڕگەکە بوومەوە، هەرچەندە خێراییەکەم لە چاو جارانا باش نەبوو.

نزیکەی سەعات چواری پاش نیوەڕۆ، کە لە دووری یەك فەرسەخی دوڕگەکە بووم، خاڵی دەستپێکی کارەساتەکەم، واتە ئەو تاوێرانەم بەدی کردن، کە وەکو پێشتر باسم کردبوو، بە سەمتی باشووردا درێژ بوو بوونەوەو کردبوویانە کارێك کە ڕەوتی ئاوەکە بەرەو باشوور بڕوات، هەڵبەتە ڕەوتێکی پێچەوانەشیان بەرەو باکوور دروست کردبوو کە ئەمجارەیان زۆر بەهێز بوو، بەڵام ڕاستەوخۆ لەبەر ڕێڕەوی منا کە بەرەو ڕۆژاوا بوو، نەبوو، بەڵکو تەقریبەن بە تەواوەتی ڕوو لە باکوور بوو. ئیدی بە گوێرەی ئەو بایە خۆشو لە بارەی کە هەڵی کرد بوو، شان بە شانی ئەم ڕەوتە کەوتمە ڕێ، بە سەمتی باکووری ڕۆژئاوادا پێچم کردەوەو دوای نزیکەی سەعاتێك، گەییمە یەك میلی کەنارەکە، چونکە ئاوەکە هێور بوو بووەوە، بە زوویی گەییمە وشکایی.

کاتێ گەییمە کەنارەکە، چۆکم دادا، بە بۆنەی ڕزگار بوونمەوە، سوپاسو ستایشی خوام کردو لێبڕام بیری سەفەری ڕزگاری بەم بەلەمە، بە یەکجارەکی لەسەری خۆ دەربکەم. ئیدی لە برسا لاکەی سەرم دەهات، بەو شتانەی کە هەم بوون، ئەمجارەش خۆم تێر کردو بەلەمەکەم بردە کەنداوێکی چکۆلەوە کە لە ژێر دارێکدا دۆزی بوومەوە، هێندە شەکەتی کارو سەفەر بووم، خەریك بوو گیانم دەربچێت.

نەمدەزانی چۆن بە بەلەمەکەم بۆ ماڵ بگەڕێمەوە. ریسکێکی زۆرم کرد بوو، زاتی هیچ سەرکێشییەکی ترم نەدەکرد، بۆیە هەر بیریشم لەوە نەکردەوە لەجێی خۆ بجوڵێم، نەمدەزانی وەزعو حاڵی قوڵی "ڕۆژاوا"ش چۆنە،و تاقەتی ریسكو سەرەڕۆیی دیکەشم نەبوو. بۆیە بەیانی ڕۆژی دوایی لێبڕام کە شان بە شانی کەنارەکە بەرەو سەمتی ڕۆژاوا بڕۆمو بزانم ئاخۆ ڕووبارێك نادۆزمەوە کە بتوانم بەبێ ترس بەلەمەکەم لەوێ ڕابگرم، تا ئەگەر پێویستم بوو، لەبەر دەستما بێت. دوای سێ میلێك تووشی کەنداوێکی زۆر باش بووم کە لە مەدای میلێك لەولاترەوە دەبوو

بە روبارێکی بچووك، سەیرم کرد ئەم کەنداوە، لەنگەرگایەکی زۆر لە بارە بۆ بەلەمەکەم، هەر دەتگوت بۆ بەلەمەکەی من دروستکرا بوو. بەلەمەکەم بەرەو روبارەکە هاژۆت، کاتیٚ بە سەلامەتی و بیٚترس لەویٚندەر رام گرت، چووم بۆ کەنارەکە تا بزانم لە کویٚم.

زۆری نەبرد کە سەیرم کرد ئەمە هەمان ئەو شویٚنەیە کە پیٚشتر، کاتیٚ بە پیٚیان لە دوڕگەکەدا گەڕا بووم، گەیی بوومیٚ. بۆیە تەنیا چەترو تفەنگەکەم لە بەلەمەکەم دەریٚناو، چونکە دنیا زۆر گەرم بوو، دەستم بە پیادەڕەوی کرد. پیادەڕۆییەکە لە چاو سەفەرە دەریاییەکەدا، خۆش و ئاسان دەهاتە بەرچاو. بۆ خۆرئاوا گەییمە کەپرەکەی خۆم، سەیرم کرد هەموو شتەکان بە دەقی خۆیانەوە ماون، ئیدی ئیٚرە وەکو پیٚشترش باسم کردبوو، هاوینەواری من بوو. بە حەسارەکەیدا ئاودیوو بووم، لەبەر سیٚبەریٚکدا راکشام تا ماندوویەتی دەربکەم، چونکە یەجگار شەکەت و ماندوو بووم، خەوم پیٚیا کەوت. بەلاٚم ئیٚوە کە ئەم حیکایەت و واریقاتەی من دەخویٚننەوە، بەخۆتان تەسەوری بکەن کە کاتیٚ لە دەنگیٚك بیٚدار بوومەوە کە دەیگوت "رۆبین، رۆبین کروزۆ، رۆبین کروزۆی بیٚنەوا! لە کویٚ بووی رۆبین کروزۆ؟ لە کویٚی؟ لە کویٚ بووی؟" چەند سەرم سوڕما.

چونکە دانی بەیانی بە هۆی سەولٚ لیٚدان و دانی ئیٚوارەش بە هۆی پیادەڕۆییەوە زۆر ماند بوو بووم و، لەو خەوە قوولٚەدا بووم، بە تەواوەتی خەبەرم نەبووەوە، بەلاٚم لە حالٚی نیٚوان خەوو بیٚداریدا بووم کە خەوم بینی یەکیٚك بانگم دەکات. بەلاٚم چونکە دەنگەکە هەر دووبارەی دەکردەوە: "رۆبین کروزۆ، رۆبین کروزۆ" ئەنجام بیٚدار بوومەوە. هەوەلٚجار زۆر ترسام و بە پەشۆکاوی ڕاپەڕیم. کە چاوم کردنەوە سەیرم کردە (پل)ـە کە لەسەر پەرژینەکە هەلٚنیشتووە، ئیدی یەکسەر زانیم کیٚ قسەم دەگەلٚ دەکات، چونکە خۆم ریٚك بەو تۆنە کەساسانەیە قسەم دەگەلٚی دەکردو وام فیٚر کردبوو، ئەویش وەکو خۆی ئەزبەری کردبوو، دەهات لەسەر پەنجەم هەلٚدەنیشت و دەنووکی لە دەمو چاوم نزیك دەکردەوە و هاواری دەکرد "رۆبین کروزۆی داماو لە کویٚی؟ لە کویٚ بوویت؟ چۆن سەرت لیٚرە دەرینا؟" و گەلیٚك لەو جۆرە قسانە کە فیٚرم کرد بوو.

هەرچەندە دەمزانی ئەمە تووتیەکەیە قسە دەکات، بەلاٚم ماوەیەکی پیٚچوو تا توانیم قەناعەت بەخۆ بکەم. هەوەلٚجار سەرم سوڕما بوو کە ئەم بالٚندەیە چۆن هاتووەتە ئیٚرە، کە هاتووە چۆن لیٚرە ماوەتەوەو بۆ شویٚنیٚکی دی نەڕۆییوە. لیٚ کاتیٚ بە تەواوەتی قەناعەتم هیٚنا، کە جگە لە تووتیەکە کەسی دی نییە، دەستم دریٚژ کردو بانگم کرد "پل". بوونەوەریٚك بەرەو لام هات، وەکو خووی هەمیشەیی خۆی لەسەر پەنجەکەلٚەم نیشتەوە، دیسان گوتیەوە: "ژارۆ رۆبین کروزۆ!" بە راستی چۆن سەرم لیٚرە دەریٚنا بوو؟ لە کویٚ بووم؟ دەتگوت بە دیتنی دووبارەی من زۆر خۆشحالٚ بوو بوو، ئیدی دەگەلٚ خۆمدا بردم.

## پەرە بە توانا هونەرییەکانی خۆ دەدەم

پیاسەیەکی زۆری ناو دەریام کردبوو، دەبوایە چەند رۆژێك ئیسراحەت بکەمو بە قووڵی بیر لەو کێشەو مەترسیانە بکەمەوە کە گیرۆدەی بوو بووم، زۆر خۆشحاڵ بووم، کە بەلەمەکەم لە نزیکی خۆمو لە سووچێکی دوڕگەکەدا، نزیکی ماڵەکەی خۆم راگرتبوو، بەڵام نەمدەزانی چۆن

گەشتی ئەو دەوروبەرەی خۆمی پێبکەم. سەبارەت بە سەمتی رۆژهەلاتی دورگەکە، کە سەفەری ئەویم کردبوو، تاقیم کردبووەوە، چاك دەمزانی کە ئەوێ شوێنی سەرکێشی و ریسکان نیە، تەنانەت کە بیریشم لێدەکردەوە لەرزم لێدەهات و دەمارم گرژ دەبوو. بەلاّم سەبارەت بە سەمتەکەی تری دورگەکە، هیچ زانیاریەکم نەبوو، نەمدەزانی وەزع و حالّ لەوێندەر چۆنە، بەلاّم بەو قەرینەیەی کە رەوتی ئاوەکە بە هەمان قوەتی ئەوەی رۆژهەلاّت بەرەو کەنارەکە دەهات، لەگێن بوو، ڕەوتی ئاوەکە ڕام بمالّێت و لە دوڕگەکەم دوور بخاتەوە، لەبەر ئەمە، قەناعەتم بە خۆم هێنا کە دەستبەرداری بەلەمەکە ببم، ئەگەرچی چەندین مانگ زەحمەتم پێوەکێشا بوو تا دروستم کردبوو، چەندین مانگی دی زەحمەتم پێوەکێشا بوو تا گەیاندبوومە ناو ئاوەکە.

ئەوە بوو، یەك دانە سالّی تەواو خۆم کۆنترۆلّ کردو، تا بلّێی ژیانێکی ئارام و هێدی و هێمنم بەسەر برد، لە رووی فکریشەوە، وەزعم زۆر باش بوو. بە تەواوەتی خۆم بە تەقدیری خوایی سپارد بوو و لە هەموو شتێکی ژیانم، جگە لە تەنیاییەکەم، رازی بووم.

لەم ماوەیەدا، بەهرەو توانا هونەریەکانی خۆمم، دەربارەی هەموو ئەو کارە زەروروریانەی کە دەبوا ئەنجامیان بدەم، پەرە پێدا. قەناعەتم وایە ئەگەر سەر بهاتبایە سەر ڕاستی دەمتوانی دارتاشێکی زۆر باش بم، بە تایبەتی کە ئامێرو ئەسپابی تەواوم لەبەر دەستدا بوایە.

لە بواری دروستکردنی قاپ و ئامانێن سوالّەتیدا، تواناو ئەزموونێکی زۆر زۆرم پەیدا کرد، چەرخێکی خولاوەم پەیدا کردو هەموو جۆرە دەفرو ئامانێکم پێ دروستدەکرد، ئەمە کارەکەی بۆم ئاسانترو باشتر کرد، چونکە ئیدی دەمتوانی شتی خڕو جوان دروست بکەم، هەلّبەتە ئەو شتانەی کە پێشتر دروستم دەکردن، بەرچاوی و جوان نەبوون، بەلاّم وا هەستدەکەم ئەوەی کە زۆر خۆشحالّی کردم، ئەوە بوو کە توانیم بۆ خۆم سەبیلێك دروست بکەم، هەرچەندە کە لە دروست کردنی بوومەوە زۆر ناشیرین و ناقۆلاّ دەرچوو، وەکو هەموو دەفرە سوالّەتیەکانی دیکەم ئامال سوور بوو، بەلاّم لە هەمان کاتدا قایم وبتەو بوو، دووکەلّەکەی بە باشی دەکێشا. ئیدی ئەمە بۆ من سێبوریەکی باش بوو، چونکە لە بنەڕەتدا فێرە سەبیل بووم. خۆ لە کەشتیە شکاوەکەدا سەبیل هەبوو، بەلاّم لە هەوەلّەوە بیرم چوو، سەبیلان لە کەشتیەکە بێنم، ئەمە جگە لەوەی کە لەو باوەڕەشدا نەبووم کە لە دوڕگەکەدا تەماکۆ پەیدا ببێت، پاشان کە جارێکی دی چوومەوە بۆ لای کەشتیەکە و گەڕام، هیچ سەبیلێکم نەدۆزییەوە.

لە سەبەتە چنیشدا، تەواو دەستم ڕاهات، جۆرەها سەبەتەو قەرتالّەو سەبەتولّکەم، هەلّبەتە بە گوێرەی توانای ئەفراندنی خۆم، دروستکرد. ئەگەرچی زۆر جوان نەبوون، بەلاّم زۆر بە کەلّك و لەبار بوون، دەمتوانی شتەکانمیان تیا هەلّگرم، یان شتیان تێبخەم و بۆ مالّی بێنمەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە دەرێ ڕا، بزنە کێوییەکم ڕاو کردبا، دەمتوانی بە درەختێکیەوە هەلّواسم، کەولّی بکەم، پاکی بکەمەوە، لەت و پەتی بکەم و گۆشتەکەی لە قەرتالّە بنەم و بۆ مالّی بێنمەوە. هەروەها سەبارەت بە کیسەلّیش، دەمتوانی لەت و پەتی بکەم، هێلکەکانی دەربێنم، بەشی خۆم گۆشتی لێ بکەمەوەو لە سەبەتەی بنەم و بۆ مالّی بێنمەوەو باقی لاشەکەی فڕێ بدەم. سەبارەت بە

دانەوێڵـەش دەمتـوانی سـوود لـە تلیانـە قووڵـەکان وەربگـرم، هـەموو کـاتێ کـە دانەوێڵـەکان وشـك دەبوونەوە، دەمومەڕاندن، پاکم دەکردن و لە سەبەتە گەورەکانم دەکردن.

سـەیرم کـرد کـە زەخـیرەی بـارووتم روو لـە تـەواو بوونـە، هەرچـی سـەرم دێنـاو دەبـرد ئـەم نوقستانیەم بۆ پڕ نەدەکرایەوە. هـەموو هۆش و بیرم لای ئەمە بوو کـە ئەگـەر بـارووتم تـەواو بـوو چیبکەم، یـانی چـۆن دەتـوانم بزنـە کێـوی ڕاو بکـەم. لـە سـاڵی سـێیەمدا، وەکـو پێشـترش باسـم کردووە، کارمامزێکم ڕاگرت، خواردنم دەدایەو ماڵیم کردبوو، بە هیوا بووم کەڵکیشی بۆ پەیدا بکەم، لێ چەند گەڕام بۆم پەیدا نەبوو و نەبوو، کارمامزەکەم بەرە بەرە گەورەو پیر بوو، هەڵبەتە دڵم نەهات بیکوژمەوە، تا ئیدی خۆی تەواو پیر بوو و لە پیریدا مردار بووەوە.

هەنوکە کە ساڵی یازدەمینم بوو لێرەو وەکو گوتم بارووت و تەقەمەنیم روو لە تەواو بوون بوو، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لە ڕێگەی تەڵەو داوەوە بزنان بگرم، بە تایبەتی لە ئاسکێك دەگەڕام کە کارمامزی هەبن.

جا بۆ گەییشتن بەم مەرامە، چەند تەڵەیەکم نایەوە، تا بە داویانەوە بکەم. دڵنیام پتر لە جارێك خۆیان لە تەڵەکان دابوو، بەڵام نەمتوانی تەڵەی باش دروست بکەم، چونکە تەلم نەبوو، هەمیشە دەمبینی تەڵەکانیان پچڕیوەو چەشەکەمیان خواردووە.

ئەنجام لێبڕام سوود لە چاڵێکی سەر داپۆشراو وەکو تەڵە، ببینم. ئەوە بوو لـەو شوێنانەدا، کـە دەمبینی بزنـان بـۆ لـەوەڕ رووی تێدەکـەن، چـەند چاڵێکم هەڵکەنـدو سـەرەکانیانم بەهـەژگ و بڕاڵ و چـربی و چـاڵ داپۆشـی، چـەندین جـار گوڵـە جـۆو برنجـی وشـکم تێفـڕێ دان، بێئـەوەی تەڵـەم نابێتـەوە، دیـار بـوو کـە بزنـەکان چـوو بوونـە نـاو چاڵەکان و گوڵـە جۆو برنجـەکانیان خواردبـوو و نەکەوتبوونـە تەڵـەوە، چونکـە جـێ پێیـان بـە باشـی دەبینـرا. سـەرەنجام شـەوێك سـێ داوم نایـەوە، کاتێ بۆ بەیانی چووم بە سۆراغیانەوە، سەیرم کرد هـەموو داوو تەڵـەکان لـە جێـی خۆیـانن، بـەڵام چەشـەکان خـوراون، زۆر پەسـت بـووم، شـێوەی تەڵـەکانم گـۆڕی. سـەرتان نەیەشـێنم، ڕۆژێـك کـە بەیانی چووم بە سۆراغی تەڵەکانمەوە، سەیرم کرد یـەکێکیان کەڵـە ئاسـکێکی پـیری تێکـەوتووەو یەکێکی تریان سێ کارژۆڵەی تێکەوتووە، یەکێکیان نێرو دووانیان مێن.

تیـا مـابووم چـی لـە کەڵـە ئاسـکەکە بکـەم. هێنـدە تـوڕە بـوو جورئـەتم نـەکرد خـۆ بـە چاڵەکەدا بکەم و بچمە سۆراغی، یانی بە زندوویەتی دەری بێنم، کە حەزم دەکرد بـە زندوویـەتی دەری بێـنم. دەنا دەمتوانی بیکوژم، لێ فایدەی نەبوو، هیچ دەردێکـی مـنی دەرمـان نـەدەکرد. بۆیـە ڕێـم کـرد لـە چاڵەکە بێتـە دەرێ، بە جـۆرێ ڕەڤـی و دەرپـەڕی، تەسـەور ناکرێ، دیـار بـوو زۆر ترسـا بـوو. بـەڵام ئـەو کاتـە، ئـەقڵم بـەم خاڵـەدا، نـە دەشـکا کە برسێتی شێریش ڕام دەکات، پاشـان پـەیم بـەو خاڵـە بـرد. ئەگـەر وازم لێهێنابـا سـێ چـوار ڕۆژێـك لـە چاڵەکەدا بمابـاوەو پاشـان کـەمێك ئـاوو تۆزێـك دانەوێڵەم بۆ ببردایە، ئەویش وەکو کارژۆڵەکان ڕام و کەوی دەبوو، چونکە ئـەم گیانلەبەرانـە ئەگـەر بە نەرمی ڕەفتاریان دەگەڵدا بکرێت، زۆر ئاقڵ و گوێڕایەڵن.

بە هەرحاڵ، ئەو کاتە، چونکە ئەم خاڵەم نەدەزانی، ڕێمکرد بۆ خۆی بڕوات. ئەوجا چوومە سۆراغی سێ کارژۆڵەکە، یەك یەك هەڵمگرتن‌و بەپەتێك پێکەوەم بەستن‌و بە زەحمەتێکی کەم بۆ ماڵم بردنەوە.

ماوەیەکی پێچوو ئەوسا کەوتنە خواردن، تۆزێ زوڕاتی شیرینم بۆ ڕۆکردن‌و تەماحگرتنی‌و بەرە بەرە ڕام‌و کەوی بوون، ئیدی گەییمە قەناعەت کە کاتێ باروتم تەواو بوو، و پێویستم بە گۆشت بزن بوو، تاقە چارو ڕێگام هەر بە خێوکردنی ئەمانەیەو، دەتوانم ببمە خاوەنی یەك مێگەڵ بزن‌و لە ماڵەکەی خۆما وەکو مێگەلە مەڕ، بە خێویان بکەم.

پاشان بە بیرما هات کە دەبێ ئەم گیانلەبەرە ماڵیانە لە گیانلەبەرانی کێوی دوور بخەمەوە، دەنا کە گەورە بن دیسان دەڕۆن، دەدەنەوە دەشت‌و کێوی دەبنەوە. ئیدی چار هەر ئەوە بوو کە حەسارێکم هەبێ، کە یان بە پەرژین یان بە تەیمان دەوری گیرا بێت‌و بزنەکانی تێبکەم‌و هیچ دەرفەتێکیان نەبێ بێنە دەرێ‌و هیچ حەیوانێکیش لە دەرێ ڕا نەچێتە ناویان.

دیارە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، بە تایبەتی بەدەستی خاڵی یەجگار قورس‌و دژوار بوو، لێ کە دیتم یەجگار پێویستە، هەوەڵین کارم ئەوە بوو کە زەویەکی لە بارو گونجاو پەیدا بکەم‌و بدۆزمەوە، یانی چاوبگێڕم بزانم لە کوێ گیاو لەوەڕی باش‌و ئاو پەیدا دەبێت‌و دەشێت وەکو پەنای پاسارێك، بزنەکانم لە گەرمای تیشکی هەتاو بپارێزێت.

ئەوانەی کە تەجروبەیان دەگەڵ ئەم جۆرە حەسارکێشیانەدا هەیە، بێگومان لە دڵی خۆدا گاڵتەم پێدەکەن‌و بە بێ ئەقڵم دەزانن، چونکە ئەو شوێنە لە بارو گونجاوەی بۆ ئەو کارەم هەڵبژارد، سەوزەڵان‌و میرگوزارێکی هەموارو زۆر بەرین بوو، دوو سێ کانی‌و سەرچاوەی تیا بوو، سەرێکی چڕە دارستانێکی زەبەند بوو. مەبەستم ئەوەیە کە کاتێ بەو خەڵکە شارەزایانە بڵێم، ئەو زەویەی کە من دام نابوو چوار دەوری پەرژین بکەم، بەلای کەمەوە چوار دەورەکەی دوو میل دەبوو، پێکەنینیان پێم دێت. هەڵبەتە شێتاتی ئەنجامدانی ئەم کارە بە ئەندازەی گەورەیی خودی زەویەکە نەبوو، چونکە چێوەی زەویە کە دەمیلێك دەبوو و کاتی تەواویشم بۆ ئەم کارە هەبوو. بەڵام قەت ئەوەم بە خەیاڵ‌و بە بیرا نەهاتبوو کە بزنەکانم لەم پانتاییە گەورەیەدا، هێندە کێوی دەبن، وەکو ئەوەی هەموو دوڕگەکەیان لەبەر دەست دابێ، ئەوجا دەبوایە لەو پانتاییە گەورەیەدا هەر بە دوایانا ڕا بکەم‌و قەتیش بە تۆزی پێیانـدا نەگەم. دەستم بە کاری پەرژین سازیەکە کرد، بە مەزەندە نزیکەی پەنجا هەنگاوێکم لێدروستکرد بوو کە ئەم بیرەم بە مێشکا هات‌و یەکسەر وازم لە کارەکە هێناو لێبڕام سەرەتا زەوییەکی سەدو پەنجا بە سەد مەتری دابڕم‌و دەورەکەی پەرژین‌و تەیمان بکەم کە تا ماوەیەکی باش، بەشی بەخێو کردنی کۆمەڵێك بزنی دەکرد. خۆ هەرکاتێ مێگەلەکەم زیادی بکردایە، دەمتوانی حەسارەکە گەورەتر بکەم‌و زەوی تازەی بدەمە دەمەوە.

ئەم کارە دووربینانەتر بوو، و بە گەرمی درێژەم بە کارەکەم دا. هەوەڵجار نزیکەی سێ دانە مانگێك مژوولی تەیمان دروستکردن بووم، وەختێ لەم کارە بوومەوە، هەر سێ کارژۆڵەکەم لە باشترین شوێنی حەسارەکەدا بەستەوەو رامهێنان کە بە گوێرەی توانا، لە نزیکی مندا بلەوەڕێن

تا هۆگری من بن، زۆر جار سەرم دەدان، مستێ جۆ یان کەمی برنجم دەگەڵ خۆدا دەبردو بە دەستی خۆم دەمدانێ، وای لێهات، کە پاش ئەوەی حەسارەکەم تەواو بوو و بەرەڵلای ناو حەسارەکەم کردن، بۆ هەر شوێنێ چووبام دووم دەکەوتن، بە تۆزێك برنج و جۆ دەکەوتنە باعە باع.

ئیدی بە ئاوات و مەبەستی خۆم گەیی بووم و دوای نزیکەی ساڵ و نیوێك بووم بە خاوەنی بڕکە بزنێك کە ژمارەی دوازدە بزن و کارژۆلە بوو، دوای دوو ساڵ ژمارەیان گەییە بیست و سێ دانە. جگە لەمانە ژمارەیەکیشم گرتبوو و بۆ خۆم کوشتبوومنەوە.(کوشتنەوە = سەربڕین). دوای ئەوە پێنج پارچە زەوی دیکەم دابڕی و پەرژینم کردن تا لەوێندەر بلەوەڕن، ئاغەڵی چکۆلەشم دروست کرد، تا بچنە ناویەوەو ئیسراحەت بکەن و هەرکاتێ بمەوێ دەریان بکەم. هەڵبەتە کۆمەڵێك دەرگاشم لە نێوان ئەو پەچە بزنانەدا دروستکرد، تا هاتوچۆی پێدا بکەن.

جا ئێستا، نەك هەر کاتێ ویستبام، دەمتوانی بزنێك بکوژمەوە و تێر بە سکی خۆم گۆشت بخۆم، بەڵکو شیریشم هەبوو، کە لە سەرەتادا بیرم لە مردن کردبووەوە، بیرم لەمە نەکردبووەوە، بۆیە کە یەکەمجار ئەمەم بە بیرا هات خەریك بوو لە خۆشیا شاگەشکە ببم. ئیدی ئەوەندەم شیر هەبوو هەندێجار رۆژی یەك دوو گاڵۆن شیرم دەخوارد. سروشت کە رزق و رۆزی هەر گیاندارێکی فەراهەم کردووە، بە شێوەیەکی خۆڕسك حوکم دەکات کە چۆن سوودی لێ بدینین، بۆ نموونە منێکی دەست و پێ سپی، نەکردە، کە هەرگیز بۆ تاقە جارێك مانگاو چێڵم نە دۆشی بوو چ جای بزن، یان قەت نەمدی بوو کە چۆن کەرە یان پەنیر دروست دەکەن، زۆر بە ئاسانی، هەڵبەتە دوای چەندین جار تاقیکردنەوەو هەڵە، هەم کەرەو هەم پەنیرم دروستکردو، لەوە بە دواوە قەت بێ کەرەو پەنیر نەبووم.

تۆ تەمەشا خوای ئێمە، چەند دەرهەق بە مەخلووقاتی خۆی بەخشندەیە، چەند سەخاوەتمەندانە رەفتاریان دەگەڵ دەکات، تەنانەت لە تەنگانەترین تەنگانەدا، کە وا تەسەور دەکرێت لە حاڵی مردندان! تاڵترین بویەرو رووداویان بە جۆرێ لەلا شیرین دەکات، کە لە ناو زندان و سیا چاڵانیشدا، سوپاس و ستایشی بکەین! تۆ تەماشا لێرەدا لەم دەڤەرە چۆڵ و هۆڵەدا چ سفرەیەکی بۆ من رازاندبووەوە، لە کاتێکا لە هەوەڵەوە دڵنیا بووم کە لە برسا دەمرم! خەڵکانی بێ هەستیش، ئەگەر منیان دەگەڵ خانەوادە چکۆلەکەمدا بدیبایە کە دانیشتووین و شێو دەخۆین، بزەیەکی فەیلەسووفانەیان بۆ دەکرد. من وەکو پایە بەرزان، پاشاو خاوەنی هەموو دوڕگەکە بووم، گیانی هەموو رەعیەتەکەم لە ژێر دەستدا بوو، دەمتوانی لە داریان بدەم، زندانیان بکەم، ئازادییان لێ بسەنمەوەو، هیچ یەکێك لە رەعەیەتەکەم یاخی نەدەبوو.

خۆزی دەتان بینی کە چۆن شاهانە نانم دەخوارد، بە تاقی تەنیا، نۆکەرانی حازر بە خزمەت. پل، دەتگوت تاقانەی ئازیزمە، تاقە کەسێك بوو کە بۆی هەبوو قسە لەگەڵ مندا بکات. سەگەکەم کە تەواو پیرو خڕفت بوو بوو و هیچ هاوڕەگەزێکی خۆی نەدۆزی بووەوە تا دەگەڵیا جووت بێت و زوڕیەت بخاتەوە، هەمیشە لەلای ڕاستمەوە دادەنیشت، دوو پشیلە کە هەریەکەیان لە دیوێکی مێزەکەدا، هەڵتووتا بوون، چاوەڕوانی ئەوە بوون، جار جارێ، لە رووی لوتفەوە، سەروو پارووە

خواردنێك به دەستی من بخۆن. لێ ئەوانە، ئەو دوو پشیلەیە نەبوون كە لە هەوەڵەوە هێنا بوومنە كەنارەكە، چونكە ئەو دووە، هەردووكیان مرد بوونو بە دەستی خۆم لە نزیكی خانووەكەمدا ناشتبوومن. بەڵام یەكێكیان نازانم دەگەڵ چ جۆرە گیانەوەرێكا جووت بوو بوو، لە نێو بێچووەكانیدا ئەم جووتەمماڵی كردبوونو، ئەوانی تریان كێوی بوونو لە جەنگەڵدا دەژیانو، سەریەشەیەكی زۆریان بۆ دروست دەكردم، زۆرجار دەهاتنە ماڵەكەمو تالانیان دەكرد، تا ئەنجام ناچار بووم كە بە تفەنگ بیانكوژمو ئەلهەقی ژمارەیەكی زۆرم لێكوشتنو لە كۆتاییدا تەنیا ئەم دووەم بۆمانەوە، ئیدی ژیانێكی ئاوها خۆشم هەبوو، تاقە كیماسی من ئەوە بوو كە هاودەمێكم نەبوو و، هەڵبەتە دوای ماوەیەك، لە ڕادەبەدەر سوودم لەم نیعمەتەش وەرگرت.

وەكو پێشتر باسم كرد، خەریك بوو سوێم دەبووەوە بۆ بەكار هێنانی بەلەمەكەم، هەرچەندە لە هەر جۆرە ریسكو سەركێشیەكیش بێزار بووم. بۆیە هەندێجار دادەنیشتمو لە دڵی خۆدا نەخشەم دەكێشا كە سواری بەلەمەكەم ببمو پیاسەیەكی دەوروبەری دوڕگەكە بكەم، هەندێجاریش خۆم خۆم ناچار دەكرد كە دانیشم و هەوڵ بدەم ئەو خەیاڵە لە مێشكی خۆم دەربكەم. بەڵام هزرو بیرم زۆر ناڕەحەت بوو و دەمویست وەكو دوا پیاسەكەی خۆم، بچمە سەر گردەكەو لەوێندەرەوە تەمەشا بكەم وبزانم وەزعو حاڵی وشكایی چۆنە، ڕەوتی ئاوی دەریاكە چۆنەو بە چ لایەكدایە، دەمویست بزانم، دەبێ چبكەم. ئەم خولیاو ئارەزووەم ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەكردو ئەنجام لێبڕام لە ڕێگای وشكانیەوە بۆ ئەوێندەر بڕۆم، ئیدی شان بە شانی كەنارەكە كەوتمە ڕێ. بەڵام ئەگەر كەسێك لە ئینگلیستاندا منی بەو حاڵەوە دیتبا، یان لێم دەترسا، یان قاقا پێم پێدەكەنی. خۆمیش كاتێ جار جارێك دەوەستامو تەمەشای خۆم دەكرد، نەمدەتوانی جڵەوی پێكەنینی خۆم بگرم، بە تایبەتی كاتێ وام دێنایە بەرچاوی خەیاڵی خۆم كە بەم جلو بەرگو بەم شتانەوە، بە یوركشایردا پیاسە دەكەم. وا چاكە باسێكی شێوەو سەرو سەكوتی خۆمتان بۆ بكەم: كڵاوێكی گەورەو قووچی پێستە بزنم لەسەر بوو كە بە نەوارێك لەپشتەوە بەستبووم تا هەم لە گەرمای هەتاوم بپارێزێتو هەم نەیەڵێ باران ملم تەڕ بكات. لەم جۆرەكەشو هەوایەدا هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نەبوو كە باران لەشی بنیادەم لە ژێر جلەكانیەوە تەڕ بكات.

چاكەتێكی كورتی پێستە بزنم هەبوو كە داوێنەكەی دەگەییە ناوەڕاستی ڕانم، پانتۆڵێكم هەبوو كە تا ئەژنۆم بوو و ئەویش هەر لەپێستە بزن بوو. پانتۆڵەكەم لە پێستی پیرە كەڵە كێوییەك دروست كردبوو، مووەكانی لە هەردوولاوە ئەوەندە درێژ بوون كە وەكو پانتۆڵی درێژ دەگەییە پێم. گۆرەویو پێڵاوم نەبوو، بەڵام بۆ خۆم جۆرە پاپۆشێكم دروستكردبوو كە نازانم چ ناوێكی لێبنێم، شتێك بوو وەكو چەكمە پێی دادەپۆشیمو قەیتانەكانی لە هەردوولاوە وەكو چامرلخ بوون، بە ڕاستی شێوەو شەكڵێكی ناحەزی هەبوو، وەكو هەموو جلەكانی دیكەم ناحەز بوو.

بە پێستی وشكەوەبووی بزن كەمەربەندێكم دروست كردبوو كە بە دوو پەتی لە خۆی، لەجیاتی بەرەزوانە گرێ دەدرا، لە هەردوولاوە شتێكی وەكو قولاپی كەمەربەندی، لە جیاتی شمشێرو خەنجەر، هەڕەو تەشوێیەكی بچووك، هەریەكەیان لەلایەكەوە، پێوە ئاوێزان بوو.

کەمەربەندێکی دیکەشم هەبوو کە بە هەمان پانی نەبوو، بەڵام بە هەمان شێوە دەبەسترا، بەڵام بە شانما هەڵدەواسراو، لە کۆتاییەکەی دا، لە ژێر باخەڵی چەپمدا، دوو کیسەی پێوە بوون کە ئەوانیش لە پێستی بزن دروستکرا بوون، یەکێکیان بارووتم تێدەکردو ئەوی تریان فیشەك. قەرتاڵەکەم دەدا بە پشتما، تفەنگەکەم بە شانمەوە بوو، چەترێکی گەورەی نا قۆڵای پێستە بزن بەسەر سەرمەوە بوو، کە ئەم کڵاوەو تفەنگەکەم زەرورترین شت بوون کە پێم بوون. رەنگو رووم بەپێچەوانەی تەسەورەوە زۆر تاریكو وەکو زەنگییەکان نەبوو، هەر چەندە گوێم نەدەدایەو لە هێڵی پانی جوگرافیایی ٩ — ١٠ نمرەی ژێر ئیستیواوە دەژیام.

ردێنم سەردەمانێك هێندە درێژ بوو بوو کە نزیکی پەنجا سانتیم دەبوو. بەڵام چونکە هەم قەیچیم هەبوو و هەم گوێزان، تەواو کورتم کردبووەوە، بەڵام سمێڵم هێشتبووەوە، وەکو هەندێ لەو تورکانەی کە لە کەشتی دزانی دەریاییدا بوون، چونکە مورەکان سمێڵیان وەکو تورکان دانەدەنا.

هەڵبەتە سمێڵی من هێندە گەورە نەبوو کە کڵاوەکەمی پێوە هەڵواسم، بەڵام بەهەرحاڵ شێوەو درێژییەکەی هێندە دێوئاسا بوو کە ئەگەر لە ئینگلیستاندا بوایەم خەڵك بەو سەرو سیمایەوە لێم دەترسان.

بەڵام ئەم شتانە گرینگ نەبوون، چونکە ئەوانەی منیان دەبینی ئەوەندە کەم بوون لە نرخی نەبوودا بوون. بۆیە پێویست ناکات لەوەی پتر لەسەری بڕۆمو باسی بکەم. بەو سەرو سیمایەوە دەستم بە سەفەرە تازەکەم کرد کە پێنج شەش رۆژێکی خایاند. سەرەتا شان بەشانی کەنارەکە وەرێکەوتمو یەکڕاست چووم بۆ ئەو شوێنەی کە یەکەمجار بەلەمەکەم لێ ڕاگرتبوو، تا بچمە سەر تاوێرو شاخەکان، ئێستا کە بەلەمم نەبوو تا بەتەمای بم، لە رێگەی وشکانیەوە، لە رێگەیەکی نزیکترەوە، چوومە سەر هەمان بەرزایی کە یەکەمجار چوو بوومە سەری. کاتێ روانیمە ئەو تاوێرانەی کە، وەکو پێشتر باسم کرد، ناچار بوو بووم، بە بەلەمەکەم لەوێ دوور بکەومەوە، کە دیتم دەریا مەندو ئارامە، هیچ شەپۆلو جوڵەو رەوتێکی زیاتری لە شوێنەکانی تر نیە، زۆرم پێ سەیر بوو!

هەرچی سەرم دێناو دەبرد، لەم وەزعە تێنەدەگەییشتم، لێبڕام ماوەیەك بە تەمەشا کردنەوە بەسەر بەرم تا بزانم ئاخۆ هەڵکشانو داکشانی ئاو ئەو وەزعەی دروستکرد بوو یان نا، یەکسەر بۆم دەرکەوت کە هۆیەکەی چی بوو، یانی داکشانی ئەو ئاوەی کە لە سەمتی رۆژاواوە دەهاتو تێکەڵی ئەو رەوتە دەبوو کە لە رۆخانەیەکی گەورەوەو لە وشکاییەوە دەهات، ئەو گێژەنگو گێژاوەی دروست کردبوو، ئەمە جگە لەو بایە توندەی کە لە رۆژاوا یان باکوورەوە دەهاتو گێژاوەکەی لە من نزیك دەکردەوە یان لە وشکانیەکەی دوورتر دەخستەوە، چونکە پاش ئەوەی کە تا خۆرئاوا لە هەمان شوێن مامەوە، دووبارە چوومەوە سەر تاوێرەکە، هەنگێ ئاوەکە نیشتبووەوەو سەیرم کرد رەوتی ئاوەکە وەکو جارانە، بەڵام دوورتر کەوتبووەوەو نزیکەی یەك دوو کیلۆمەترێك لە کەنارەکەوە دوور کەوتبووەوە، لە کاتێکا لە زەمانی پێشهاتەکەی مندا،

نزیکی کەنارەکە بوو، من و بەلەمەکەمی دەگەڵ خۆیدا دەبرد، هەڵبەتە ئەمە ئەگەر لە کاتێکی تردا بوایە، ئەو پێشهاتەم بەسەر نەدەهات.

ئەم دیقەت و تەمەشا کردنە ئەوەی نیشاندام کە هیچ چارێکم نیە جگە لەوەی کە زۆر بە وردی پەیگیری هەڵکشان و داکشانی ئاوەکە بکەم، ئەگەر ئەمە بکەم دەتوانم زۆر بە ئاسانی بە بەلەمەکەم بە چوار دەوری دورگەکەدا بسووڕێمەوە، بەڵام کاتێ بیرم لەوە کردەوە کە ئەم نەخشەیەم پراکتیزە بکەم و ئەو بەسەرهاتەم بیر کەوتەوە کە بەسەرم هاتبوو، ترسێکی وەهام لێنیشت نەدەوێرام هەر بیریشی لێبکەمەوە، بە پێچەوانەوە نەخشەیەکی ترم دانا، هەرچەندە ئەم نەخشەیە زەحمەتتر بوو، بەڵام سەلامەت تر بوو، نەخشەکە ئەوە بوو کە لۆتکەیەکی تازە دروستبکەم، بەو جۆرە لە هەر دیوێکی دورگەکەدا بەلەمێکم هەبێت.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسێکی ئەوە بکەم کە لەم سەروبەندەدا بە ناو دوو مۆڵکم لە دورگەکەدا هەبوو. یەکێکیان هەمان قەڵا یان خێوەتە بچووکەکەم بوو کە لە ژێر تاوێرەکەدا بوو، دیوارێکی هەبوو و غارێکی لە پشتەوە هەبوو، تا ئێستا گەورەم کردبوو، چەند غارێکی یەك لە ناو یەکم بۆ زیاد کردبوو. یەکێك لەم غارانە کە وشك ترین و گەورەترینیان بوو، دەرگاکەی لە دیوی دەرێی حەسارەکەم بوو، پڕ بوو لە دەفرو ئامانێن سواڵەتی، کە چیرۆك و بەسەرهاتی دروستکردنەکەیانم پێشتر گێڕاوەتەوە، چوارده پازدە سەبەتەو تلیانەشی تیا بوو کە هەر یەکێکیان پێنج شەش کیلۆ شتی دەگرت و ئیدی ئازووقەم، بە تایبەتی دانەوێڵەم تیا هەڵگرتبوون، کە بەشێکیان هێشتا هەر گوڵ بوون و تەنیا قەسەڵەکەم لێکردبوونەوەو ئەوانی ترم بە دەست هەڵوەراند بوو.

دیوارەکانم وەکو جاران بە ئەستوون و داری بەرز دروست کردبوون، هەموو روا بوونەوەو وەکو هەر درەختێك لق و پۆپیان دەرکرد بوو، هێندە چڕو زەبەند بوون کە هیچ کەسێك لە دەرێ ڕا تەسەوری نەدەکرد کە کەسێك لەو دیویانەوە نیشتەجێ بێ.

لە نزیکی ئەم شوێنە، تۆزێ دوورتر، لە وشکانیاو لە زەویەکی نزمانیدا، دوو پارچە زەوی کشتووکاڵیم هەبوون، کە دەمکردن بە کشتوکاڵ و چاودێریم دەکردن و لە وەرزی خۆیدا حاسڵاتێکی باشیان دەدا، خۆ هەرکاتێ ئیمکاناتی داچاندنی دانەوێڵەی زیاترم هەبوایە، زەوییەکانی تەنیشتم دەدانە دەمەوە.

جگە لەم خانووە، هاوینەوارەکەشم هەبوو، ئێستا لەوێش کێڵگەیەکی باشم هەبوو، هەوەڵجار کەپرێکی چکۆلەم لەوێندەر قوت کردەوە، پاشان حەسارو تەیمان و پەرژێنێکی مکومم بە دەوریا دروستکرد. پەیژەیەکم دروستکرد، هەمیشە لە ناو حەسارەکەدا بوو، چاودێری ئەو نەمامانەشم دەکرد کە لە هەوەڵەوە لە دەوریام رواند بوون، ئێستا ئیدی بوو بوون بە درەختی مکوم و بەرز، هەمیشە بەجۆرێ پەرچەم دەکردن کە لق و پۆپەکانیان زیاترو چڕترو کێوی تر بن و سێبەری زیاتریان هەبێ، هەر واش دەرچوون. جا لەم بەینەدا چادرەکەم هەمیشە بە پێوە بوو، لە بایەوان دروستم کردبوو، ئەستوونی مکوم و قایمی ئەوتۆم دابووە بەری، هیچ کاتێ پێویستیان بەگۆڕین و دەسکاری نەبوو. جا لە ژێر ئەم چادرەدا، بۆ خۆم، بە کەوڵی ئەو حەیوانانەی کە راوم

کردبوون، تەختێکی نەرمم دروستکرد بوو و، پەتۆیەکم لە کەشتیەکە هێنا بوو و، دابووم بە سەریا، هەروەها پاڵتۆیەکی گەورەشم هەبوو کە دەمدا بە خۆما، هەرکاتێ نیازی سەفەرێك یان گەشت و گەڕانێکم هەبوایەو لە ماڵە ئەسڵیەکەم دەرچووبام، بۆ ئەم هاوینەوارەم دەهاتم.

لە نزیکی ئەم شوێنەدا، ئاغەڵێکم بۆ حەیوان و بزنەکانم دروست کردبوو، هەڵبەتە بە زەحمەتێکی یەجگار زۆر توانی بووم حەسارێك لە چوار دەوری ئەم زەویە دروستبکەم، بۆیە زۆرم بایەخ دەدایەو دەستم تیای بوو تا بزنەکانم هەڵنەیەن، هەمیشە بە دیاریەوە بووم، قەت بە جێم نەدەهێشت تا بەزەحمەتێکی یەجگار زۆر لە دەرێی حەسارەکەدا، هێندەم نەمامی بچووك و نزیك لە یەکدی رواند، کە تەقریبەن لە حوکمی پەرژیندا بوو نەك حەسار، نەمامەکان ئەوەندە لێکدییەوە نزیك بوون، دەستی بنیادەمیان بە بەینا نەدەچوو، پاشان کاتێ نەمامەکان روان، یانی لە وەرزە بارانی دواترا، بووم بە خاوەنی حەسارێکی مکومی دیوار ئاسا، کە بە ڕاستی لە هەر دیوارێك مکوم تر بوو.

ئەم شتە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە من کابرایەکی بێ ئیش و کار نەبووم، بۆ پاراستن و دابینکردنی پێویستیانی ژیان و گوزەرانی خۆم، هەموو هەوڵێکم دەدا، کە دیقەتم دا راگرتنی حەیواناتی ماڵی یەکسانە بە دوکان و موغازەیەکی زندووی پڕ لە گۆشت و شیرو کەرەو پەنیر، هەستام ئەو کارەم کرد، ئەوەندەم پێکەوە نا ئەگەر چل دانە ساڵیش لەو دوڕگەیەدا مابامەوە، لەو شتانە پەکم نەدەکەوت، هەڵبەتە راگرتنی ئەو حەیواناتە وای دەخواست کە حەسارێکی زۆر توندو تۆڵ و مکومیان لە دەور دروستبکەم کە نەتوانن بڕەڤن و هەڵبێن، هەر واشم کرد، کارەکەم ئەوەندە بەجێ و پراکتیکی بوو کاتێ کە نەمامەکان رووان و گەورە بوون، ئەوەندە چڕو بەدەم یەکەوە بوون، کە ناچار بووم هەندێکیان لێ هەڵبکەنم.

لێرە مێوشم دەڕواند، کە زەخیرەی زستانەی مێوژم لەو رێگەیەوە بە دەست دێنا، زۆر بە دیقەت هەڵم دەگرتن، چونکە باشترین و بەلەزەت ترین خواردن و ئاجیلی زستانە بوون، جا نەك هەر خۆش، بەڵکو هێز بەخش و پڕ خۆراك و لە ڕووی تەندروستیشەوە بە سوودو باش بوو.

جا چونکە ئێرە کەوتبووە نێوان نشیمەنە ئەسڵییەکەم و ئەو شوێنەوە کە لۆتکەکەم لێ راگرتبوو، لە کاتێ هاتوچۆی نێوان ئەم دوو شوێنەدا زۆرجار لێرە دەمامەوە، چونکە بە بەردەوامی سەری بەلەمەکەم دەداو دەستم پێدا دێناو پێی ڕادەگەییشتم و رێکم دەخست. هەندێجار هەر بۆ تەبدیل هەوا سواری دەبووم، لێ سەفەری خەتەرناکم پێنەدەکرد، هەرگیز لە یەك دوو بەرد هاوێژ پتر لە کەنارەکە دوور نەدەکەوتمەوە. بە هۆی ئەوەوە کە جۆرە شارەزاییەکم لە هوڕوژم و ڕەوتی ئاوەکە پەیدا کردبوو، زۆر لەوە دەترسام ئەم هوڕوژم و گێژاوانە، یان گژباو باهۆزیان، رام بماڵن و لە کەنارەکەم دوور بخەنەوە. بەڵام ئێستا ژیانم خەریك بوو دەچووە قۆناغێکی تازەوە.

ڕۆژێك دەوروبەری نیوەڕۆ بەرەو لای بەلەمەکەم دەڕۆییشتم، بەدەم ڕێگاوە، لە کەنارەکەدا جێ پێی خاوسی بەشەرێکم بەدی کرد، زۆرم پێ سەیر بوو. جێ پێیەکە بە باشی بەسەر لمەکەوە دەبینرا. بەڕاستی شۆك بوو بووم، وەکو ئەوە بوو ڕوحێکم بینی بێ. گوێم هەڵخست، ڕوانیمە دەوروبەرم، نە گوێم لە هیچ بوو و نە هیچم بینی. چوومە سەر گردێك تا دوورتر بدینم. بە کەنارەکەدا خوارو ژوورم کرد، لێ فایدەی نەبوو، جگە لەو جێ پێیە، هیچ جێ پێیەکی دی دیار نەبوو. دووبارە چوومەوە بۆ لای جێ پێیەکە تا بزانم جێ پێی دیکە هەن یان نا و، دڵنیا ببم کە خەیاڵاتی نەبووم، بەڵام هیچ گومانێك لە ئارادا نەبوو، چونکە جێ پێیەکە، پاژنەی پێیەکە، قامکەکانی و هەموو پێیەکە زۆر بە باشی دیار بوو. هەرچی سەرم دێناو دەبرد نەمدەزانی ئەم جێ پێیە چۆن لێرە پەیدا بووەو خەیاڵم بۆ هیچ شتێك نەدەچوو، ئەقڵم بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیی. بەدەم گێژەلوکەی هزرو بیری پەڕاگەندەو جۆراو جۆرەوە، وەکو کەسێك تەواو گێژو وڕ، بۆ ماڵ گەڕامەوە. وەك دەڵێن لاقم عاردی نەدەگرت و ترس لە سەراپام نیشتبوو، هەر دوو سێ هەنگاو دەڕۆییشتم و ئاوڕێکی پاشەوەم دەدایەوە. هەر دەوەن و پنچکێکم لێ دەبوون بەشتێك، هەر کۆڵکە دارێکی دوورە دەستم لێدەبوو بە ئینسان، ترسەکەم لەوەدا نەبوو، دارو بەردم لێ دەبوون بە دێوو درنجان، هەر ساتەی بیرو خەیاڵێکی ترسناکم بە مێشکا دەهات، مەگەر هەر خوا بزانێ بە دەم ڕێگاوە، چ هزرگەلێکی ترسناك و نامۆو بە مێشکمدا هاتووە.

کاتێ گەییمەوە قەڵاکەم، لەمە بەدواوە هەر بە قەڵا ناوی خانۆکەم دەبەم، وەکو کەسێك ڕاویان نابێت، بە پەلە خۆم وەژووریدا کرد. لە بیرم نیە کە ئاخۆ بە پەیژەکەدا سەرکەوتم و چوومە ژوورەوە، یان لە ڕێگەی ئەو کونەوە چوومە ژوورەوە کە لە تاوێرەکەم کردبوو و، ناوم نابوو دەرگا. ئەوەی ڕاستی بێ دانی بەیانی ڕۆژی دواتریشم بیرنایەتەوە، چونکە هیچ کەروێشکێکی ترساو وەکو من خۆی پەنا نەدەداو، هیچ ڕێویەکیش وەکو من خۆی لە کونان نەدەپەستاوت.

ئەو شەوە، خەو لە چاوم نەکەوت. تاکاتی زیاتر بەسەر سەرهەڵدانی ترسەکەمدا تێدەپەڕی ترسەکەم زیاتر دەبوو، ئەمە ڕێك پێچەوانەی تەبیعەتی ئەمجۆرە دیاردانەیە، یانی ڕێك پێچەوانەی ڕەفتاری هەموو ئەو بوونەوەرانەیە کە دووچاری ترس دەبن. بە هەرحاڵ هزرو بیرێن ترسناك بە جۆرێ شپرزەیان کردبووم کە جگە لە تەسەوراتی ترسناك هیچی ترم لە مێشکا نەبوو، هەرچەندە ئێستا لەو شوێنە، شوێنی دیتنی جێ پێیەکە، زۆر دوور کەوتبوومەوە. هەندێجار لە دڵی خودا دەمگوت ناشێ ئەهریمەن بووبێ، هەڵبەتە پاساویشم بۆ ئەم گریمانەیەی خۆم دێنایەوە، ئاخر چۆن دەبوو شتێك لە قاڵبی بەشەردا هاتبێتە ئەم شوێن و مەکانە؟ بە چ کەشتیەك هاتبوو، کەشتیەکە لە کوێ بوو؟ بۆچی هیچ جێ پێیەکی دیکەی لێنەبوو؟ ئاخر ئینسان چۆن دەیتوانی بێتە ئەوێ؟ لەلایەکی دیکەشەوە ئەم بیرۆکەیەی کە شەیتان لە قاڵبی بەشەردا هاتبێتە ئێرە، هیچ مانایەکی نەبوو و، نەدەچووە ئەقڵەوە، چ جای جێ پێ لە دوای خۆی بەجێ بێڵێ، چونکە نەیدەتوانی دڵنیابێ کە ئەو جێ پێیە دەبینم. ئەمەش بۆ خۆی مەتەڵێکی ئاڵۆز بوو، پیاوی گێژ دەکرد. لە دڵی خۆدا گوتم ئەگەر شەیتان مەبەستی ترساندنی

من بووبیٚ، هەزارو یەك ڕێگای تری هەیە، نەك بێت بەجیٚ پێیان من بترسێنیٚ. خۆ دەزانیٚ من لەوبەری دوڕگەکە دەژیم، ئەوەندەش گێلٚو ساویلکە نییە جیٚ پیٚ لە شوێنیٚ بەجیٚ بێلٚیٚ، کە لە هەزارا یەك، ئەگەری دیتنیم نییە، ئەویش لەسەر لمەلاٚنێك کە یەکەم شەپۆلی دەریا یان بایەکی توند، بەتەواوەتی دەیسڕییەوە. هەر هەموو ئەم بەلٚگەو بۆچوونانە دەگەلٚ ئەم گریمانەیەدا تێکیان نەدەکردەوە، هەروەها دەگەلٚ حیلەبازی شەیتانیشدا تێکیان نەدەکردەوە. ئەمە وای لێکردم دەستبەرداری ئەگەرو گریمانەی هاتنی شەیتان ببم. یەکسەر گەییمە ئەو قەناعەتەی کە ئەم جیٚ پێیە دەبیٚ هی بونەوەرێکی ترسناکتر بێت، یانی دەبیٚ جیٚ پێی هۆڤیانێك بیٚ کە خەلٚکی وشکانی بن‌و بە سواری بەلەمان خۆیان بە دەریادا دابیٚو گێژەنگی ئاوو گژەبا ڕای مالٚی بن‌و هێنابنیٚ ئەم دەڤەرەو بۆ تاوێك هاتبنە سەر وشکانی‌و پاشان بە سواری بەلەمەکانیان گەڕابنەوەو ئەم دوڕگە چۆلٚەیان، وەکو من، بەدلٚ نەبووبیٚ.

لە کاتێکا کە مێشکم بەم بیرانەوە مژول بوو، زۆر سوپاسگوزار بووم کە لەو کاتەدا لەو دەوروبەرە نەبوو بووم، یان ئەوان بەلەمەکەیان نەبینی بووم. چونکە ئەگەر بەلەمەکەیان دیتبام، هەنگیٚ دەیانزانی کەسێك لەم ناوە ئاکنجیەو بێگومان لێم دەگەڕان. نەخێر ترسم لیٚ زالٚ بوو، لە دلٚی خۆدا دەمگوت ڕەنگە بەلەمەکەیان دیتبم‌و زانیویانە خەلٚکێك لێرە هەن، ئیدی ڕۆییشتوون‌و بێگومان بە خەلٚکی زۆرترەوە دەگەڕێنەوەو ئیدی بە کۆمەلٚ دەدەن بە سەرماو دەمخۆن. لە دلٚی خۆدا دەمگوت کە ئەگەر بە ڕێکەوت خۆشم نەدۆزنەوە، بەلای کەمەوە خانووەکەم دەدۆزنەوەو هەرچی ئازووقەو دانەوێلٚەم هەیە تالاٚنی دەکەن، مێگەلە بزنەکەم دەبەن‌و، هەنگیٚ تیا دەچم‌و لە برسا دەمرم.

بەمجۆرە ترس، هەموو ئومێدە مەزەبیەکانی سڕیمەوە، ئەو هەموو باوەڕو تەوەکولەی کە، بە تەجرووبە بە لوتف‌و میهری خوام پەیدا کردبوو، لە بەین چوو، لام وابوو ئەوێك کە تا ئێستا بە شێوەیەکی پەڕجوو ئاسا، ڕزق‌و ڕۆزی منی فەراهەم کردبوو، توانای ئەوەی نەبوو، بە هەمان لوتف‌و بەخشندەیی خۆیو جارێکی دی هەمان ڕزق‌و ڕۆزیم بە زیادەوە بۆ فەراهەم بکات. کەوتمە سەرزەنشتی خەمساردیو بێموبالاتی خۆم، چونکە تەنیا بەشی یەك وەرز دانەوێلٚەم عەمار کردبوو، وەکو ئەوەی ئەگەری هیچ ڕووداو و پێشهاتێك لە ئارادا نەبیٚ، کە وەرزی ئاینده نەبم بە خاوەنی هیچ حاسلاٚتێك، هەلٚبەتە ئەم سەرزەنشتە ئەوەندە بەجیٚ بوو کە لێبڕام لە ئایندەدا بەشی مەسرەفی دوو سیٚ سالاٚن دانەوێلٚە عەمار بکەم، تا ئەگەر تووشی تەنگانەیەك بووم، لە بیٚ خۆراکیدا نەمرم.

ژیانی بەشەر، چ شەترەنج بازیەکی سەیرە کە خوای بەرزو بالاٚ دەیگێڕێت! دەگەلٚ هەر حەرەکەیەکدا چ گۆڕانێکی خێراو گەورە بەسەر هەلومەرجەکاندا دێت! ئەمڕۆ حەز لە شتێك دەکەین، سبەینیٚ لێی بێزار دەبین، ئەمڕۆ داوای شتێك دەکەین‌و سبەینیٚ لێی دەترسین، بگرە لە ترسیا جیٚ بەخۆ ناگرین، دلٚمان دادەلەرزیٚ. ئەم شتە لەم کاتەدا، دەقاو دەق لە من رووی دا، من کە تاقە کێشەم ئەوە بوو کە هاودەمێکم نەبوو و تەنیا بووم، ئۆقیانووسی بیٚ پایان دەوری دابووم‌و، پەیوەندی بە هەموو تیرەی بە شەرەوە بڕی بووم‌و مەحکووم بووم بە ژیانێکی بێدەنگ

و وەکو ئەوەی خوا بە شایستەی ئەوەی نەزانی بووم کە بە یەکێك لە جوملەی زندووان بێمە ژماردن یان لە ناو مەخلوقاتەکانی خۆیدا دامبنێ، وام وێنا دەکرد ئەگەر هاو ڕەگەزێکی خۆم ببینم ئەوەندە دەڵخۆش دەبم، وەکو ئەوەیە مردبم‌و زندوو بووبمەوە، ئەمەم بە گەورەترین نیعمەتی خوا دەزانی، کەچی ئێستا خەریك بوو لە دیتنی ئادەمیزادێك زیڕەم دەکرد، بە دیتنی جێ پێیەك دنیام لێ بوو بوو بە چەرمی چۆلەکە،، حەوانەوەم لێهەڵگیرا بوو، خوا خوام بوو ئەرز شەق بەرێ قووتم بدات.

ژیانی بەشەر بەو ڕادەیە بێ بەلانس‌و سەنگەلایە، پاشان کاتێ، کەمێك وەخۆ هاتمەوەو ئەم غافڵگیرییە تۆزێ بەری دام کۆمەڵێك گومان‌و مەزەندەی هەمە جۆرم بە مێشکا هاتن. بیرم لەوە کردەوە کە ئەم ژیانەی منی تیا بووم، بەرەنجامی تەقدیری خوایی بووەو چونکە دەمزانی کە خواست‌و مەشیەتی خوایی چ چارەنووسێکی لە چارەم نووسیوە، هەقی ئەوەم نەبوو گومان لە توانای ئەو بکەم، چونکە من مەخلووقی ئەو بووم، هەقی بێ چەندو چوونی هەبوو، کە هەر چۆنی بە باش دەزانی، ژیانم ئاراستە بکات. جا چونکە من مەخلووقێك (گووراو) بووم کە سووکایەتیم بەو کردبوو، ئەم هەقەی هەبوو بە ئارەزوو و خواستی خۆی سزام بدات، ئەرکی من ئەوە بوو ملکەچی قارو غەزەبی ئەوبم، چونکە گوناحم لە هەنبەریا کردبوو.

پاشان بیرم کردەوە کە پەروەردگار، کە نەك هەر لەسەر هەق بوو، بەڵکو توانای بێ چەندو چوونیش بوو، خواستی وابوو بوو بەمجۆرە سزاو ئازاری من بدات، هەر خۆیشی دەتوانێ ڕزگارم بکات،خۆ ئەگەر ئیرادەی لەسەر بەخشین نەگیرسێتەوە، ئەرکی من تەنیا ئەوەیە رادەستی خواستی ئەوبم، لەسەرێکی تریشەوە ئەرکی من ئەوە بوو کە ئومێدم بەو هەبێت‌و لەبەر دەرگای ئەو بپاڕێمەوەو بە بێدەنگی گوێڕایەڵی مەشیەتی ڕۆژانەی ئەو بم.

بە سەعاتان، ڕۆژان، تۆ بڵێ بە هەفتەو مانگان مژوولی ئەو هزرو بیرانە بووم، جێی خۆیەتی لێرەدا، باسی ئەنجامگیرییەکی تایبەتی ئەو بیرکردنەوانەی خۆم بکەم: ڕۆژێك بەیانی زوو هێشتا لە نێو جێگاکەم ڕاکشا بووم‌و بیرم لە هەڕەشەو مەترسی بەشەر خۆرانی هۆڤی دەکردەوە، لەو خەیاڵە ترسناکانەدا بووم کە لە پڕ ئەم ئایەتەی ئینجیلم بیرکەوتەوە: "لە تەنگانەدا هانام بۆ بێنە، بەدەنگتەوە دێم‌و ڕزگارت دەکەم، هەنگێ سوپاسم دەکەیت."

بەدەم ئەم بیرەوە لە جێگا هاتمە دەرێ، نەك هەر دڵم هێور بوو بووەوە، بەڵکو لێبڕا بووم، بە دڵ‌و بە گیان، لەبەر قاپی خوا بپاڕێمەوە کە فریام بکەوێ‌و ڕزگارم بکات. کاتێ لە دوعاو نزا بوومەوە، دەستم دایە ئینجیلەکەم کە تۆزێکی لێبخوێنمەوە، یەکەم رستەیەك کە کەوتە بەرچاوم ئەمە بوو: "بە ئومێدی خوابە، لەسەر کرداری چاك بەردەوام بە، خودا هێز بە دڵت دەدا، پێت دەڵێم بە ئومێدی خوا بە." مەگەر هەر خوا بزانێ ئەم وشانە چ ئارامیەکیان پێبەخشیم. ئەنجام بەوپەڕی سوپاسگوزاریەوە کتێبەکەم لە عاردی داناو هیچ نیگەرانیەکم لەو بارەیەوە لە دڵ‌و دەروونا نەما.

بەدەم ئەم بیرو خەیالات‌و نیگەرانیانەوە، ڕۆژێك هات بە بیرما لەگینە هەر هەموو ئەم شتانە، خەیالاتی پووچی من بن، ڕەنگە ئەم جێ پێیانە، جێ پێی خۆم بن، هی ئەو کاتە بن کە لە

بەلەمەکەم دابەزیم‌و بە پێیان هاتمە سەر وشکانی. ئەم بیرە، کەمێکی هێور کردمەوەو قەناعەتم بە خۆم کرد کە هەر هەموو ئەم شتە تەنیا خەیاڵ بووەو تەواو، ئەو جێ پێیانەش، جێ پێی خۆم بووە، چۆن دەشێت بە هەمان ڕێگەدا نەگەڕامەوە کە چووم بۆ لای بەلەمەکەم؟ کە زیاتر بیرم کردەوە سەیرم کرد دڵنیام نیم لەوەی بەکام ڕێگەدا هاتووم‌و بەکام ڕێگەدا نەهاتووم، بە هەرحاڵ ئەگەر ئەم جێ پێیە هی من بووبێ، مانای وایە ڕێك وەکو ئەو گێلە پیاوانەم کردووە کە بە وەهم‌و خەیاڵات چیرۆك دەروستدەکەن‌و خۆشیان لە هەموو کەس پتر لەو چیرۆکانە دەترسن.

ئێستا کەمێك ترسم ڕەوی بووەوە، بەرە بەرە سەری دەوروبەرم دەدا، چونکە سێ شەوو ڕۆژ بوو لە قەڵاکەم نەهاتبوومە دەرێ، ئیدی ڕووبە ڕووی کەمبوونی ئازووقە بوو بوومەوە، چونکە لە ماڵەوە جگە لە تۆزێ نانی جۆو ئاو بەولاوە هیچی ترم نەبوو. پاشان بیرم کەوتەوە کە دەبێ بزنەکانیشم بدۆشم، چونکە ئەم کارە یەکێك بوو لەسەر گەرمی‌و مەشغەڵەتەکانی ئێوارانم، حەیوانە بەسەزمانەکانم بە شیرەوە جەڕابوون‌و لە عەزابێکی گەورەدا بوون، هەندێکیان بەو عەزابەوە تیا چوون‌و ئەوانی دیکەش تەقریبەن وشکیان کرد.

کە بە تەواوەتی قەناعەتم بە خۆم کرد کە جێ پێیەکان هی خۆم بووە، تۆزێ وەخۆ هاتمەوە (هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم تەنانەت لە سێبەری خۆشم دەترسام) و کەوتمە هاتوچۆی دەرەوە، چووم بۆ هاوینەوارەکەم تا حەیوانەکان بدۆشم، خۆزگە لەوێ دەبوون تا ببینن کە بە چ ترسێکەوە ڕێم دەکرد، چەند ئاوڕی پشتەوەم دەدایەوە، چەند ئامادە بووم کە سەبەتەکەم لە عاردی دابنەم‌و لە ترسی گیانی خۆم پێ وەغارێوە بنەم. ئەگەر کەسێك بەو حاڵەوە بیدیمایە، وای تەسەرو دەکرد، ویژدانم بە هۆی کارێکی ئەهریمەنانیەوە، ئازارم دەدات، یان زۆر خراپ ترساوم‌و، بەڕاستیش وابوو.

بەڵام کە دوو سێ ڕۆژێك بەو جۆرە بوری‌و هیچ شتێکی گومان لێکراوم نەبینی کەمێ ترسم شکاو لە دڵی خۆدا گوتم هەموو ئەو شتانە خەیاڵات بووە، بەڵام قەناعەتی تەواوم نەکرد، لە دڵی خۆدا لێبڕام کە دووبارە بچمەوە بۆ کەنارەکەو تەمەشایەکی تری جێ پێیەکە بکەم‌و لەگەڵ پێی خۆما ئەندازەی بگرم‌و بزانم ئایا لە یەك دەچن یان نا، بۆ ئەوەی دڵنیا ببم کە جێ پێی خۆم بووە، بەڵام کە گەییمە ئەو شوێنە، بۆم دەرکەوت کە هەرگیز لەو ناوەوە نەهاتبوومە سەر وشکانی و کە جێ پێیەکەشم، بە ئەندازەی پێی خۆم گرت، سەیرم کرد زۆر لە پێی من گەورەترە. ئەم دوو شتە مێشکیان پڕ کردم لە وێنای تازەو دووبارە تەواو شێرزە بوومەوە، بە ڕادەیەك کە لەرزم لێهات، وەکو کەسێکی لەرزگرتە بۆ ماڵ گەڕامەوە. قەناعەتی تەواوم هەبوو کە کەسێك یان چەند کەسێك لەوێندەرەوە هاتوونەتە وشکانیەکە، یان ئەم دوڕگەیە هەبێ‌و نەبێ دەبێ جنۆکەنشین بێ‌و من پێم نەزانی بێ، ئیدی سەرم لێ هاتبووەوە یەك‌و نەمدەزانی چۆن تەگبیری سەلامەتی خۆم بکەم.

ئاه، بەشەر کە دەترسن، بە ڕاستی بڕیاری بێ مانا دەدەن، خۆیان لە هەر چارەسەرێکی لۆژێکی دەدزنەوەو سەر لە خۆیان دەشێوێنن، یەکەمین پێشنیازم بۆ خۆم ئەوە بوو کە حەوشەو حەسارەکانم بڕوخێنم‌و هەموو حەیوانە ماڵیەکانم بەرەڵلای ئەو جەنگەڵە بکەم تا دژمن

نەیاندۆزنـەوەو بـە کۆمـەڵ نەیـەن و بـە تـالآن نـەیان بـەن و ئـەوجا تـەنیا دوو کێڵگـەم دابچـێنم تـا بەرهەمێکی زۆر نەدەن و دژمن بە کۆمەڵ خۆ بە دوڕگەکەدا نەکەن، دوای ئەوە دەبوایە کەپرەکەم و چادرەکەم بڕوخێنم تـا دژمن پـەی بە شـوێنەکەم نەبەن و نەکەونـە سـەر کەڵکەڵـەی ئـەوەی خۆشـم بدۆزنەوە.

ئـەو شـەوە، پـاش ئـەوەی بـۆ ماڵەکـەم گەڕامـەوە، تـاکو بـەیانی بـەدەم ئـەو بیرانـەوە گیـنگڵم دا، ترسێکی زۆر تازە باڵی بەسەر هزرو بیرمدا کێشا بوو، بە ڕاستی وەکو گوتم بیرم پەریشان بوو. بە کورتیەکـەی ترسـان لـە خەتـەرو مەترسـی نادیـار، دە هێنـدەی ئـەو خەتـەرو مەترسـییەی کـە بەرانبەرمانە، ترسناکترە. باری نیگەرانی زۆر قورسترە لەو پیلانـەی کـە لێی نیگـەران دەبین، لـە هەموو ئەمانە خراتر، ئەوە بوو لە دوای ئەم کێشەیە، ئەو تەوەکولەی کە ماوەیەك بوو پەیدام کرد بوو و بە ئومێد بووم بەردەوام بێت، ئیدی ئۆقرەو سوکنایی بە روحم نەدەدا، وام وێنا دەکرد کـە وەکـو شـائولم (شـائول: یەکێکـە لـە پاشـاکانی بـەنی ئیسـرائیل و لـە قورئانـا، سـورەتی بەقـەرە، ئایـەتێن: ٢٤٧– ٢٤٩دا بە طـالوت ناوی هاتووە.) لێهاتووە کە نەك هـەر گلـەیی و سکاڵای لەمـە هـەبوو کـە بنیادەمـانی هـەرزە دژایـەتی و دژمنایـەتی دەکـەن، بـەڵکو پـەروەردگاریش فەرامۆشـی کردووەو خۆی لێناکات بە خـاوەن. منیش تیا ما بووم، نەمدەزانی چیبکەم، تا وەخۆ بێمـەوەو بیری خۆم کۆنترۆڵ بکەم. گریەوزاری لەبەر دەرگـای خوا، ملدان بۆ خواست و مەشیەتی خـوا تـا سـەلامەت بم و رزگـارم بیٚ و... هـەموو ئـەو کارانـەم پێشـتر کردبـوو، ئەگـەر ئێسـتاش هـەمان کـارم کردبا، بەلای کەمەوە ئەم خەمەم کەمێك دەڕەوییەوەو لـەگێن بوو بە ئاسانی لـەم تەنگانەیە دەرباز بم.

بە هـۆی ئـەم بیرە پەریشـانانەوە شـەویٚ تـا بـەیانی هـەر هاتوچـۆم کـردو نەخـەوتم، بـەیانی خـەو بردمیەوە، چونکە لـە ڕووی فیکری و دەرونیەوە زۆر مانـدوو بـووم، خـەوێکی قـووڵ و، قورسـم پیـا کەوت. کە خەبەرم بووەوە. زۆر پشـووم خۆشتر بوو، بە هێورییەکی زیـاترەوە بیرم کـردەوە، ئـەنجام گەییمە قەناعەت کە ئەم دوڕگە جوان و بەپیت و بەرەکەتە، کە زۆریـش لـە وشـکانیەوە دوور نـەبوو، ئـەو چـۆڵەوانیە نـەبووە کـە مـن وێنـام دەکـرد. هـەر چـەندە داینشـتووی فـەرمی نـەبوو کـە بـە بـەردەوامی تیایـا بـژی، بـەڵام ئەگـەری ئـەوە هـەبوو هەنـدێجار کەشـتیەك بێتـە کـەناری دوڕگەکـە، ئیدی چ بە گوێرەی نەخشەیەکی پێشوەخت بێت، یـان هەندێجار بـای پێچـەوانە بـۆ ئـەو شـوێنەی بێنیٚ.

ئێستا پازدە ساڵ بوو کە لەم دوڕگەیەدا دەژیام و هێشتا سێبەر یان بیچمی بەشەرێکم نەبینی بوو، خۆ ئەگەر بە رێکەوت بەشەرانێك رێیان کەوتبایەتە ئێرە لەگێن بوو زۆر زوو بەجێی بێڵن، چونکە وایان وێنا دەکرد کە جاریٚ بۆ نیشتەجیٚ بوون نابێت.

زیـاتر ترسـم لـە هـاتنی رێکەوتـەکی کەسـانێك هـەبوو کـە لـە وشـکانی ئەسـڵییەوە دەهـاتن، ئەوانـەی بە رێکـەوت و بـە پێچـەوانەی مـەیل و ئارەزووی خۆیـان رێیـان دەکەوتـە ئێرە، لـەم حاڵـەدا بێگومـان لێرە نەدەمانـەوە، بـەڵکو بـە زووتـرین کـات ئێرەیـان بـە جێدەهێشـت، دوور بـوو بـۆ یـەك شـەویش لـەم کـەنارە بمێننـەوە، مەگـەر هەڵکشـان و داکشـانی دەریاکـە ڕێـی نـەدابان و رۆژیـان لـیٚ

ئاوا بوایەو دنیا تاریکی کردبا. بۆیە چارو تەگبیری من هەر ئەوە بوو کە پەناگایەك بدەمە چاو تا ئەگەر پیاوخۆرانی کێوی هاتن بۆ دوڕگەکە، پەنای بەرمیٚو خۆم وەشێرم.

ئێستا، کە ئەم کێشەیە هاتبووە پێشیٚ، زۆر پەشیمان بووم لەوەی کە غارەکەم بە رادەیەك گەورە کردبوو کە ناچار بوو بووم، دەرگایەکی تری لێبکەمەوە. ئەم دەرگایە وەکو پێشتر باسم کردبوو، لە پشتی ماڵەکەمەوە بوو و رووەو تاوێرەکان دەکرایەوە. کە تەواو بیرم لەم کێشەیە کردەوە، لێبڕام بۆ خۆم حەسارێکی تازە بە هەمان شێوەی نیو بازنەیی، کەمێك دوور لە دیوارەکە دروست بکەم، رێك لەو شوێنەدا کە نزیکەی دە دوازدە ساڵ لەوە پێش دوو ریز درەختم رواند بوو. ئەم دارانەم هێندە چڕو نزیك لە یەکەوە رواند بوو تەنیا ئەوەندەم پێویست بوو چەند ئەستوونێکی داریان لە نێواندا بچەقێنم، تا چڕترو مکووم تر ببن‌و دیوارو حەسارەکەم بە زوویی تەواو ببێت.

ئێستا دیوارێکی دوو ریزم هەبوو کە دیوی دەرەوەیم بە تەختەو پەت‌و ئەو شتانە قایم قایم کرد. حەوت درزی بچووکی تیا بوو کە بە ئاستەم دەستیان پێوە دەچوو، تیرەی ناوەوەی دیوارەکە نزیکی سیٚ مەتر بوو و بەردەوام خاك‌و خۆڵم لە غارەکەمەوە دێناو هەڵم دەڕشتە پەنا دیوارەکەو بە پێیان دەمپەستایەوە. هاتم حەوت تفەنگی پڵیتەییم لەو حەوت درزەدا دانا، حەوت تفەنگم لە کەشتیەکە هێنا بوو. ئەم تفەنگانە وەکو لوولەی تۆپ کاریان دەکردو لە هەندێك چوارچێوە نرا بوون کە وەکو قاعیدەی تۆپ ڕای دەگرتن، یانی بە جۆریٚ بوون کە دەمتوانی لەزەرفی دوو دەقیقەدا هەر حەوتیان بتەقێنم. بە یەك مانگ ئەوجا ئەم دیوارەم تەواو کرد، تا تەواوم نەکرد، هەستم بە ئەمن‌و ئەمان نەدەکرد.

کە لەم کارە بوومەوە، هەموو زەوییەکانی دەرەوەی دیوارەکەم، تا مەسافەیەکی زۆر، بە نەمام‌و دەوەن وداری وەکو بی، چاند، چونکە دەمزانی ئەو جۆرە نەمام‌و رووەکانە زوو دەڕوێن‌و باش بەرز دەبنەوە، بەم جۆرە پانتاییەکی بەرین کەوتە نێوان ئەو دارو دەوەنانەو دیوارەکەوە، دەمتوانیٚ لەوێندەرەوە دژمن بدینم، و نەمامەکان دەیانکردە کارێك کە ئەگەر دژمن هەوڵی دابا لە دیوارەکەی دەرەوە نزیك ببێتەوە، لە بەینی درەختەکاندا گیر ببیٚو هیچ پەنایەکی نەبێت.

بەمجۆرە لە عەرزی دوو ساڵدا ، بووم بە خاوەنی حەسارێکی چڕو چوغوورود، لە ماوەی پێنج شەش ساڵدا، بەردەم خانووەکەم بوو بە چڕە دارستانێك کە ڕێی بە هیچ رێبوارێك نەدەداو، هیچ کەسێك خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو کە لە پشت ئەو جەنگەڵەوە شتێك هەبیٚ، ئەوشتەش ماڵو ئاوەدانی بیٚ. هیچ رێگەیەکم بۆ هاتوچۆی خۆم نەکردبووەوە، بۆ ئەو مەبەستە دوو پەیژەم هەبوو، یەکێکیانم بە تاوێرێکی نزمەوە دەنا کە بە چاڵییەکی چکۆلە کۆتایی دەهات‌و ئەوجا پێی پەیژەی دووەمم لەو چاڵیە دادەنا. بۆیە کاتیٚ کە هەردوو پەیژەکەم هەڵدەگرت، هیچ کەسێك نەیدەتوانی بێتە سۆراغم، مەگەر ملی خۆی بشکاندایە، خۆ ئەگەر داشبەزیبا، دەکەوتە دیوی دەرێی دیوارەکەمەوە.

بەمجۆرە، هەر شتێکم لە دەست هاتبوو، بۆ پاراستنی خۆمم کردبوو، هەڵبەتە، ئەوەش دەردەکەوێت کە ئەم تەگبیرانە زۆریش بێ حیکمەت نەبوون، هەرچەندە بۆ ئەوسا، زادەو بەرەنجامی ترس بوون.

هەڵبەتە لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارانەدا، بە تەواوەتی لە کارەکانی دیکەم دانەبڕابووم، چونکە زۆر بە خەمی بزنەکانیشمەوە بووم. بزنەکان، تاقە سەرچاوەی هەمیشەیی خۆراکم بوون و نەك هەر ژیانیان دابین دەکردم، بەڵکو بوو بوونە مایەی ئەوەش کە پێویستم بە بەکارهێنانی بارووت و فیشەکیش نەبێت و راکەڕاکەی دوای حەیوانە کێویشم لە کۆڵ ببێتەوە، بۆیە بە هیچ جۆرێ نەم دەویست لە دەستیان بدەم و رۆژێك بێت ناچار ببم لە نووکەوە تێ هەڵچمەوەو بزنە کێوی ماڵی و بەخێو بکەم.

ئیدی زۆرم بیر لە چۆنیەتی پاراستنیان کردەوە، ئەقڵم تەنیا بۆ دوو رێگە چوو. یەکێکیان ئەوە بوو کە شوێنێکی لە بارو گونجاوی دیکە بدۆزمەوەو غارو ژێر زەمینێك دروستبکەم و هەموو شەوێ مێگەلە بزنەکەم ببەمە ئەوێندەر. دووەمیان ئەوە بوو کە دوو سێ پارچە زەوی بچووکی دوور لە یەکدی دابڕم، چوار دەوریان دیوارو تەیمان بکەم، و ئەوەندەی بکرێت لە نەدیویدا بن و هەر پێنج شەش بزن و کارژۆلەیەك بخەمە ناو یەکێکیانەوە، تا ئەگەر بەلایەك بەسەر مێگەلەکەمدا هات، هەر هەموویان بە جارێ لە دەست نەدەم و هەندێکیانم بۆ بمێنێتەوە. ئەم نەخشەیەیانم، هەرچەندە زەحمەتی زیاتر بوو، بەلاوە ماقووڵتر بوو.

بە هەرحاڵ ماوەیەکی زۆر گەڕام تا باشترین و لە بارترین شوێن بدۆزمەوە. ئەنجام شوێنێکم هەڵبژارد کە بە ڕاستی، لە چۆڵیدا، بە دڵی خۆم بوو. پارچە زەوییەکی شەداری نمناك بوو لە ناوەندی چڕە جەنگەڵێکی لە نزمانیدا. هەمان شوێن بوو کە جارێك باسم کرد ، وەختی خۆی کە لە سەمتی رۆژهەلاتی دوڕگەکە گەڕابوومەوە، لەوێندەر گوم بوو بووم. لەم شوێنەدا پارچە زەوییەك هەبوو پاك، نزیکەی سێ دۆنم دەبوو، چوار دەورەکەی پڕ بوو لە دارو درەخت کە خۆڕسك حەسارێکیان دروستکرد بوو، بۆیە لە چاو ئەو زەویانەی تردا کە ئامادەم کردبوون، پێویستی بەکارو زەحمەتێکی ئەوتۆ نەبوو.

یەکسەر دەستبەکار بووم، بە ماوەیەکی کەمتر لە یەك مانگ، حەسارێکی وەهام بە دەوری زەویەکەدا کێشا، کە حەیوانەکانمی، کە ئێستا بە ئەندازەی جاران کێوی نەبوون، تیا پەنا بدەم. بۆیە خێرا دە بزن و دوو کەڵم بۆ ئێرە هێنان،و لە کاتێکا کە بزنەکان لە ناوحەسارەکەدا بوون، درێژەم بەتەواو کردنی حەسارەکە دا، تا شوێنەکەیان وەکو شوێنەکەی هەوەڵیان ئەمین و قایم بێت. هەڵبەتە ئێستا بە گوشارێکی کەمترەوە کارم دەکردو کاتی کارکردنیشم زۆر بوو.

هۆی هەموو ئەم هەوڵ و تەقەلایەم، ئەو نیگەرانیە بوو کە دیتنی جێ پێی زەلامێك، خستبوویە دڵ و دەروونم، چونکە تا ئەو کاتە هیچ بەشەرێکم لە دوڕگەکەدا نەبینی بوو، ئیدی دوو ساڵ بوو بەم نیگەرانیە دەژیام و پیاو راست بڕوات لە چاو جارانا زۆر ناڕەحەت بووم، رەنگە زۆر کەس بتوانن تەسەوری ئەوە بکەن کە ژیانی ئاوێتە بە ترسی بەردەوام لە بەشەران ،چەند سەخت و دژوارە، هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم جەنجاڵی و پەریشانیە فیکریەم، مخابن کارێکی زۆری

لە باوەڕی مەزەبیم کردبوو، چونکە ترس و دڵەڕاوکەی ئەوەی کە بکەومە دەستی هۆڤیان و بنیادەمخۆران، بەجۆرێ بەسەرما زاڵ بوو بوو، کە خوای لە بیر بردبوومەوە، یان بەلای کەمەوە ئەو تەوەکولەم لەلا نەمابوو کە جاران بە خواو قەدەرم هەبوو، بە زۆر لەبەر دەرگای خوا دەپاڕامەوە، خۆم لە تەنگانەیەکی زۆر پڕ خەتەرا دەبینییەوە، هەموو شەوێ چاوەڕوانی ئەوە بووم، بمکوژن و بمخۆن و نەگەمە بەیانی. هەڵبەتە من بە گوێرەی ئەزموونی خۆم، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە مرۆڤ لە شێنەیی و ئارامیدا، شوکرانە بژێرترە تا لە کاتی ترس و تەنگانەو نا ئارامیدا، کاتێ کە مرۆڤ لە سایەی ترس و دوو دڵیدا بژی و هەموو ساتێ چاوەڕوانی بەڵایەك بێت کە بەسەریا بێت، وەزعی دەروونی لەبار نابێت کە لەبەر خودا بپاڕێتەوە تاسەبرو هەداری بداتێ، هەمان وەزعی نەخۆشێکی روو لە مردنی هەیە کە تۆبە دەکات، چونکە کاریگەریی پەریشانی زەینی، وەکو کاریگەریی نەخۆشییە بەسەر جەستەوە، هەڵبەتە شپرزەیی و پەریشانی زەینی خۆی لە خۆیدا بێ توانایی و لاوازییەکی گەورەیە، وەکو لاوازی بەدەنی وایە، بگرە قورستریشەو، دوعاو پاڕانەوەش لەبەر قاپی خوا، کارێکی زەینییە نەك بەدەنی.

درێـژە بـە حیکایەکـەی خـۆم دەدەم. پـاش ئـەوەی کـە بڕکەیـەکم لـە حەیوانـە چـکۆلەکانم لـە شوێنێکی ئەمین داکرد، کەوتمە گەڕان بە سەرانسەری دوڕگەکەدا، تا جێگەیەکی لە باری دیکە بدۆزمـەوەو ئاغـەڵێکی بـێ ترسـی دیکـەی تیـا دروسـت بکـەم. کـاتێ گەییمـە شـوێنێکی رۆژئـاوای دوڕگەکـە، شـوێنێك کـە پێشـتر نەمـدیتبوو و، تەمەشـای دەریاکـەم کـرد، وام هاتـە بەرچـاو کـە لـە دووری دوورەوە بەلەمێك دیارە، لە ناو سەندوقی یەکێك لە دەریاوانەکان، یەك دوو دووربینم لە کەشتیەکە هێنـا بـوو، لـێ دووربینـەکانم پێنـەبوو، مەوداکـەش ئەوەنـدە دوور بـوو کـە بـە دروسـتی نەمدەزانی ئـەو شـتەی کـە دەیبینم چیە، ئەوەندەم تەمەشا کـرد کـە ئیدی نەمدەتوانی درێـژە بـە تەمەشا کردن بدەم، نازانم بەلەم بوو یان نا، بەڵام کە بە گردەکەدا داگەڕام، ئیدی لە چاوم ون بوو. ئەنجام لە بیرم چووەوە، لێبڕام کە جارێکی دی بە بێ دووربین لە ماڵ نەیەمە دەرێ.

وەخـتێ بـە گردەکـەدا داگـەڕامو گەییمـە کلکـەی کۆتـایی دوڕگەکـە، کـە پێشـتر هـەرگیز بـۆ ئەوێنـدەر نەچـوو بـووم، یەکسـەر گەییمـە ئـەم ئەنجامگیرییـەی کـە دیـتنی جـێ پێـی بەشـەرێك لـە دوڕگەکەدا شـتێکی ئەوەنـدەش غـەریب نـەبووە، بەڵکو ئەمـە خواسـتو مەشـیەتی خـوایی بـوو کـە منی بۆ ئەو سەمتەی دوڕگەکە کێشا بوو کە هۆڤیان هەرگیز بۆ ئەوێندەر نەدەهاتنو، زۆر ئاسـایی بـوو کـە ئـەو لۆتکانـەی لـە وشـکانیەوە دەکەوتنـە ڕێ، کـاتێ کـەمێك لـە قـووڵایی دەریاکـەدا پێشڕەویان دەکرد، بۆ ئەو قۆڵەی دوڕگەکە بێنو لەنگەر بگرن، چونکە کاتێ ئەوانە بە بەلـەمان تووشی یەکدی دەبوونو لێیان دەبوو بەشەڕ، سەرکەوتووەکان، کە دیلیان دەگرت، دیلەکانیان بۆ ئێـرە دێنـاو بـە گـوێرەی ڕێو رەسمـی هۆڤیانـەی خۆیـان، دەیانکوشـتنو دەیـانخواردن، چـونکە بەشەر خۆر بوون، کە پاشان زیاتر باسی ئەم دیاردەیە دەکەم.

کـاتێ لـە گردەکـە هاتمـە خـوارێو گەییمـە کەنارەکـە، وەکـو گـوتم گـەیی بوومـە باشـووری رۆژئاوای دوڕگەکە، بە تـەواوەتی حەپەسام. سەیرم کرد ئەو ناوە پڕە لە ئێسقانێن کاسە سەر، دەست، پـێو هـەموو جۆرە ئێسقانێکی بـەدەن، کە چاوم بـەو ئێسقانانە کەوت، مەگـەر هـەر خـوا بزانـێ چ ترسـێکم لێنیشـت، بـە تایبـەتی کـاتێ شـوێنێکم بـینی کـە شـوێنەواری کـوانگو ئـاگر کردنەوە بوو، شوێنێك لە شێوەی بازنەییدا، وەکو شانۆی نمایش هەڵکەندرا بوو، لەوە دەچوو بەشـەرخۆرانی بێویـژدان لەوێنـدەر دانیشـتبوونو بـەدەم خـواردنی قوربانیـەکانی خۆیانـەوە، ئاهەنگیان گێڕا بووبێ.

دیمەنی ئەم شتانە، بە جۆرێ حەپەساندبوومی کە تا ماوەیەکی زۆر ئاگام لەو مەترسیە نەبوو کە هەڕەشەی لە خۆم دەکرد. هێندە بە قووڵی چوو بوومە ژێریو بیرم لە دڕندەیی نامرۆڤانەو دۆزەخیانـەی مـرۆڤ دەکردەوە، هـەموو تـرسو نیگەرانیـەکانی خـۆم بیر چـووبوونەوە، هەرچـەندە زۆرم دەربـارەی ئـەم دڕندەییـەی بەشـەرخۆران بیسـتبوو، بـەڵام هـیچ کاتێك بـەمجۆرە لـە نزیکـەوە نـەمبینی بـوو. بـە هـەرحاڵ، رووم لەو دیمەنە قێزەونـە وەرگێـڕا، دڵـم تێك هەڵـدەهاتو لـە زگ بـوو ببورێمەوە، کە تەبیعەت فریام کەوتو ڕشامەوە، دوای ڕشانەوەکە سوکناییەکم پێدا هات، بەڵام

ئیدی نەمتوانی بۆ یەك ساتیش لەو ناوە بوەستم. ئەوە بوو، دووبارە بەوپەڕی خێرایی بە گردەکەدا هەڵگەڕام و بەرەو خانووەکەی خۆم پەل بوومەوە.

کاتێ کەمێك لەو بەشەی دوڕگەکە دوور کەوتمەوە، بۆ چەند ساتێك مات و حەپەساو ڕاوەستام و، پاش ئەوەی کە وەخۆ هاتمەوە، لە کانگای دڵەوە ڕووم کردە ئاسمان و بە چاوانی تەژی روندکەوە، سوپاسی یەزدانم کرد کە لە شوێنێکی جیهان هێناومیەتە دنیا کە دەگەڵ ئەم بوونەوەرە دڕندانەدا، زۆرم فەرقە، هەرچەندە وەزعی ئێستای خۆمم زۆر بە خراپ دەزانی، بەڵام ئاسوودەییەکی ئەوتۆی دابوومێ کە زیاتر شایستەی شوکرانە بژێری بوو نەك گلەیی و سکاڵا، لە هەموو ئەمانەش گرینگتر، تەنانەت لەم وەزعە نالەبارەمدا، یادی خوا ئۆقرەو ئارامی پێدەبەخشیم و چاوم لە ڕەحمەت و دلۆڤانی ئەوە بوو، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیعمەتێکی گەورە بوو، قەرەبووی هەموو ئەو رەنجەی بۆ کردبوومەوە کە کێشابووم یان لەگین بوو بیکێشم.

بەدەم شوکرانەوە چوومەوە بۆ ماڵەکەی خۆم، ئێستا ئیدی هەستم بە ئاسایش و تەناهی تەواو دەکرد، خەم و نیگەرانیەکەی پێشووترم رەوییەوە، چونکە بۆم دەرکەوتبوو کە ئەم بوونەوەرە پیسانە هەرگیز بۆ مڵ و موش بۆ ئەم لایەی دوڕگەکە نەدەهاتن، پێدەچێ لێرەدا نە لە هیچ بگەڕێن، نە هیچیان بویێ و نە چاوەڕوانی هیچ بن، بێگومان بە زۆری لە بەشی نەدیوی دوڕگەکەدا بوون بێئەوەی هیچ شتێکی ئەوتۆ پەیدا بکەن و بدۆزنەوە. دەمزانی بە درێژایی ئەو هەژدە ساڵەی کە لەم دوڕگەیدا بووم هەرگیز جێ پێی بنیادەمێکم لەوێندەر نەبینی بوو، ئەگەری ئەوە هەبوو ئەگەر هەژدە ساڵی دیکەش لێرە بم، وەکو ئێستا لە ئەمن و ئەماندا بم، بەو مەرجەی خۆم، خۆمیان پیشان نەدەم، کە هەڵبەتە نیازی شتی واشم نەبوو، هەموو نیازێکم ئەمە بوو، کە لە شوێنەکەی خۆمدا، خۆم بشارمەوەو بە گوێرەی توانا خۆم دەرنەخەم، مەگەر خەڵکانی باشتر لە بەشەرخۆران بدۆزمەوەو هەنگێ خۆمیان نیشان بدەم.

بە هەرحاڵ ئەوەندە لە هۆڤیانی بەشەر خۆرو ڕێوڕەسمی نا مرۆڤانەی خواردنی هاوڕەگەزانی خۆیان، بێزارو بێتاقەت بووم، تا دوو دانە ساڵ، لە ماڵ نەهاتمە دەرێ، مەبەستم لە ماڵ، هەر سێ شوێنە جیاوازەکەمە، واتا قەڵاکەم، هاوینەوارو کەپرەکەم و ئەو حەسارو حەیارەیەیە کە لە جەنگەڵدا دروستم کردبوو و تەنیا بە کاری ڕاگرتنی بزنەکانم دەهات، یانی هاتوچۆی من تەنیا لە بەینی ئەم سێ شوێنەدا بوو، چونکە دیتنی شەیتانم زۆر پێ باشتر بوو، لە دیتنی ئەو بنیادەمخۆرە دۆزەخیانە. لەم ماوەیەدا زۆر نەدەچووم بەلای بەلەمەکەوە، کەڵکەڵەی دروستکردنی بەلەمێکی دیکەم کەوتە سەر، چونکە ئیدی بیرم لەوە نەدەکردەوە بەلەمەکە لەو دیوی دوڕگەکەوە بۆ ئەم دیو بێنمەوە، چونکە دوور نەبوو، لە دەریادا تووشی ئەم بوونەوەرە، هۆڤیانە ببم. هەڵبەتە ئەگەر بکەوتبامە داویانەوە هەر خۆم دەمزانی چیم بەسەر دێنن.

بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمان، دوای ئەوەی هەستم کرد لە دەسڕەسی ئەوان دوورم، بەرە بەرە بیری ئەوانم لە مێشکی خۆ دەرکردو دەستم بەژیانی ئاسایی خۆم کردەوە، بەڵام لە جاران بە پارێزتر و وریاتر بووم تا نەبادا بمبینن. بە تایبەتی لە بەکار هێنانی تفەنگەکەمدا زۆر لە جاران بە پارێزتر بووم. تا نەبادا، یەکێك لەو دڕندانە لە دوڕگەکەدا بێ و گوێی لە تەقەی تفەنگەکەم بێ.

دەرکەوت کە بە خێو کردنی مێگەلە بزنەکە تەگبیرێکی یەجگار بەجێ بوو، چونکە ئیدی پێویستم بەوە نەبوو، بۆ راوە حەیوان بە ناو جەنگەڵ و لێرەواران بکەوم، لەوسا بەدواوە، ئەگەر بمویستایە ڕاو بکەم، وەکو جاران بە تەڵەو داو ڕاوم دەکرد. بۆیە تا دوو ساڵ لەوە دواش تاقە یەك فیشەکم نەتەقاند، بەڵام وێڕای ئەوەش هەرگیز بە بێ تفەنگ نەدەچوومە دەرەوە، چونکە سێ تفەنگم لە کەشتیە شکاوەکە هێنابوو، هەمیشە هەر سێکیان یان دوانیانم لەگەڵ خۆدا دەبردو، دەمکردن بە کەمەر بەندەکەمەوە، کە لە کەوڵی بزن دروستم کردبوو. هەروەها یەکێك لەو قەمانەشم، کە لە کەشتیەکەم هێنابوو، لەگەڵ خۆدا دەبرد، پشتێنێکم بۆ دروستکردبوو و دەمکرد بە قەدما. بەمجۆرە کاتێ کە دەچوومە دەرێ سام و هەیبەتێکی ترسناکم هەبوو. پێشتر وەسفی خۆمم کردبوو، ئەو دیمەنە بێننە بەر چاوی خۆتان و دوو تفەنگ و قەمەیەکی گەورەی بێ کیفیشی، کە بە قەدما ئاوێزان بوو، بخەنە سەر.

وەکو گوتم، ماوەیەکم بەو جۆرە بەسەر بردو من بەم تەگبیرو دووربینیانە، ئاسوودەیی و ئارامیەکەی جارانم وەدەست هێنابووەوە، هەموو ئەمانە لە جاران زیاتر ئەوەیان نیشاندام کە ژیانی من لە چاو ژیانی هەندێ خەڵکی دیدا زۆر باشەو هیچ عەیبێکم نیە، یان لە چاو ژیانی ئەوانەدا، کە خودا دەیتوانی لە جێی ئەوانم دابنێ، زۆر باش و بێ عەیب بووم. ئەم مەسەلەیە قەناعەتی تەواوی لا دروستکردم کە ئەگەر خەڵکی وەزعی خۆیان دەگەڵ وەزعی خەڵکی لە خۆ خراتردا، نەك لەگەڵ وەزعی خەڵکانی لە خۆ باشتردا، بەراورد بکەن، زۆر ئاسوودەترو کەم گلەیی تر دەبن.

لە وەزعی ئێستامدا، بە ڕاستی ئەو شتانەی کە پێویستم بوون، زۆر نەبوون و، لە راستیا وام هەست دەکرد ئەو ترسەی کە لەم هۆڤی و پیاوخۆرانەم هەبوو، ئەو نیگەرانیەی دەربارەی ئەمنیەتی خۆم هەمبوو، کردبوویانە کارێك، وەکو جاران دەستم نەچێتە کارو بە پێداویستیەکانی خۆمدا ڕانەگەم، نەخشەیەکی باشم، کە زۆریش بیرم لێکردبووەوە، وەلا نابوو.

ئێستا، بیرم لە شتێکی تەواو جیاواز دەکردەوە، بوو بوو بە خولیای شەوو رۆژم کە چۆن بتوانم هەندێ لەو دێوانە، لە گەرمەی ئاهەنگی دڵڕەقانەو خوێنخۆرانەیاندا، بکوژم و ئەگەر بشێت ئەو قوربانیەی کە دەگەڵ خۆدا بۆ ئێرەی دێنن، لە دەستیان ڕزگار بکەم. دیارە ئەم کارە ئاسان نەبوو، هەوڵێکی فەرهادانەی دەویست، دیارە هەموو ئەو تەگبیرانەی کە لە مێشك و خەیاڵی خۆمدا دەمکردن بۆ کوشتن و لە نێو بردنی ئەو هۆڤیانە یان بۆ ترساندنیان تا جارێکی دی بۆ ئێرە نەیەن، تەگبیری زۆر باش و بەجێ بوون. بەڵام هەموو ئەمە خەیاڵی بێ ئەنجام بوو، مەگەر خۆم بچووبامە مەیدان و پراکتیزەم بکردایە. ئەوجاش بە تاقی تەنیا لە کوێ دەرەقەتیان دەهاتم، چونکە لەگێن بوو ئەوان بیست سی نەفەر بن و تیری ژەهراوی و تیروکەوانیان پێ بێ و وەکو چۆن من بە تفەنگ زۆر بە وردی نیشانەم لەوان دەگرتەوە، ئەوانیش بەو ئاوایە نیشانە لە من بگرنەوە.

هەندێجار بیرم لەوە دەکردەوە، کە بچم لە ژێر ئاگردانەکەیان چاڵێك هەڵکەنم و پێنج شەش کیلۆ بارووتی تێبکەم، تا لە کاتی ئاگر کردنەوەدا، بارووتەکە گڕ بگرێت و هەرچی شتێك لەو ناوە هەیە بتەقێتەوە، بەڵام هەرچیم سەر هێناو سەر برد، لەلایەکەوە دڵم نەدەهات ئەو هەموو بارووتە

لەبەر خاتری ئەوان بە هەدەر بدەم، چونکە زەخیرەی بارووتم تەواو کەم بوو بووەوە، هاتبووە سەر نزیکەی یەك بۆشکەو، لەلایەکی ترەوە هیچ لەوە دڵنیا نەبووم کە بارووتەکە لە وەختی خۆیدا بتەقێتەوەو غافڵگیریان بکات، لەگێن بوو لە باشترین حاڵەتدا، ئاگرێکی لێبکەوێتەوەو هەندێك بیان ترسێنێ، بەڵام واداریان نەکات ئەو شوێنە بەجێ بێڵن. بۆیە دەستبەرداری ئەو تەگبیرە بووم. پاشان لە دڵی خۆدا گوتم باشتر وایە لە شوێنێکی لە بارا، خۆمیان بۆ لە بۆسە بدەم، سەرو دوو فیشەك بخەمە بەر هەر یەکێك لە سێ تفەنگەکەم، کاتێ کە سەرگەرمی ئاهەنگی خوێنخۆرانەی خۆ دەبن، تەقەیان لێبکەم، بەو جۆرە دەمتوانی بە هەر فیشەکێك دوو سێ نەفەریان لێبکوژم یان بریندار بکەمو ئەوسا بە هەر سێ دەمانچەکەمو بە شمشێرەکەم بکەومە گیانیان. دڵنیا بووم کە ئەگەر بیست نەفەریش بوایەن دەمتوانی تاقوبڕیان بکەمو دوایان بڕمەوە. چەند هەفتەیەکم بەم بیرەوە بەسەر برد، هەندێجار خەوم دەبینی و لەخەوا تەقەم لێدەکردن.

ئەم بیرو خەیاڵە بە جۆرێ مێشکی داگیر کردم، وەکو گوتم، چەندین رۆژی یەك لە دووی یەك گەڕام تا کەمینگایەکی گونجاو بدۆزمەوەو لەوێندەرەوە چاودێریان بکەم، بەردەوام بۆ ئەو شوێنە دەڕۆییشتم، هەڵبەتە بە گیانێکی تۆڵە ئەستێنانەوە، بەو نیازەی بیست سی نەفەریان لێ کەلەپاچە بکەم بۆ ئەوێ دەڕۆییشتم، بەڵام کە دەگەییمە ئەوێو دیمەنی یەکدی خواردنی ئەو هۆڤیانەم دەهاتە بەرچاو، ترسم لێدەنیشت و تەواو سارد دەبوومەوە.

بەڵێ، ئەنجام لە قەراخی گردەکە شوێنێکم دۆزییەوە کە زۆر لەبار بوو، دەمتوانی لەوێندەرەوە، چاوەڕوانی هاتنی بەلەمەکانیان ببم و پاشان، تەنانەت پێش ئەوەی بگەنە کەنارەکە و دابەزن، بێئەوەی ببینرێم، خۆم بە نێو چڕە دارستانێکدا بکەم، کە دارێکی کلۆری گەورەی تیا بوو، دەمتوانی خۆم لەو کلۆرە دارەدا پەنا بدەمو لەوێندەر دانیشمو بە چاوی خۆم هەموو کارە دڕندانەکانیان بدینم و نیشانە لە سەریان بگرمەوە، چونکە لەو کاتەدا ئەوەندە لێکدیەوە نزیك بوون کە مەحاڵ بوو، فیشەکم بە خەسار بچێ و بە یەکەم فیشەك سێ چوار نەفەریان بریندار نەکەم.

ئیدی لێبڕام لەم شوێنەوە نەخشەکەم جێبەجێ بکەم. دوو تفەنگی پلیتەیی و ساچمەزەنێکم ئامادە کرد، چوار پێنج فیشەکی بچووکترم، یانی بە ئەندازەی فیشەکی دەمانچە خستە بەر دوو تفەنگەکەو یەك چنگ ساچمەی درشتیشم کردە ساچمەزەنەکەوە. هەروەها چوار فیشەکیشم خستە بەر هەر یەکێك لە دەمانچەکانم، فیشەك و تەقەمەنی زیادەشم ئامادەکردو حازرو ئامادەی جێبەجێ کردنی نەخشەکەم بووم.

دوای ئەوەی نەخشەکەم کێشاو لە خەیاڵی خۆما جێ بە جێم کرد، بەردەوام، هەموو رۆژێك دەچووم بۆ سەر گردەکە کە نزیکەی سێ میل یان زیاتر لە بە ناو قەڵاکەمەوە دوور بوو. لەوێندەرەوە دەمڕوانی تا ببینم ئایا هیچ بەلەمێك لە دەریاکەدا دیارە کە بەرەو دوڕگەکە بێت. یان روو لە دوڕگەکە لەنگەری گرتبێت. بەڵام دوای دوو سێ مانگ ئێشکی بەردەوام وردە وردە لەم کارە سەختە بێزارو بێتاقەت بووم. هەمیشە بە ناکامی دەگەڕامەوەو بە درێژایی ئەو ماوەیە

بچووکترین شوێنەوارم لێنەدیتن. نەك هەر لە نزیکی کەنارەکەدا نەبوون، بەڵکو لەسەرانسەری ئۆقیانووسەکەشدا، ئەوەندەی چاوی من هەتەری دەکرد، هیچ شوێنەوارێکیان دیار نەبوو.

تا ئەو کاتەی کە رۆژانە بۆ دیدەوانی دەچوومە سەر گردەکە، زۆر بە تاسەوە پەیگیری نەخشەکەی خۆمم دەکردو ورەم بەرز بوو، بەڕادەیەك ورەم بەرز بوو کە بۆ کارێکی زبری وەکو کوشتنی بیست سی هۆڤی رووت و قووت ئامادە بووم، ئەسڵەن بیرم لە تاوانەکەی ئەوان نەدەکردەوە، کە وەکو چۆن ئەم کەڵکەڵەو تاسەی کوشتن و کوشتنکاریەی من لە سەرەتاوە زادەو بەرەونجامی ئەو ترسە بوو کە لەم رێوڕەسم و داب و نەریتە نا ئاساییەی خەڵکی ئەم دەڤەرەم هەبوو، ئەم رەفتارەی ئەوانیش بەشێك بوو لە خواست و مەشیەتی خوایی، کە وەختێ قەڵەمی لە چارەنووسی هەموو دنیا دابوو، تەقدیری وا بووە کە ئەم خەڵکانە جگە لە غەریزەی نەفسانی دزێوو دڕندانەی خۆیان، هیچ رێنوێنێکی دیکەیان نەبێت، ئەنجام سەدان ساڵ بەو دەقەوە، بەدەم ئەو رەفتارە کرێتانەوە، ئەو رێو ڕەسم و داب و نەریتە ناحەزانەیان بەرهەم هێنا بوو و لە تۆ وایە جگە لە روحێکی لە بەهەشت دەرکراوی دۆزەخی هیچی تر لە بوونیاندا نەبوو. بەڵام ئێستا، وەکو گوتم، دوای ئەوەی بەرەبەرە پەیم بە بێهودەیی ئەو رۆژانە گەشتەم برد، کە هەڵبەتە ماوەیەکی زۆری خایاند، بیرو باوەڕم دەربارەی خودی کارەکەش بەرە بەرە گۆڕا، بە شێوەیەکی هێدیتر کەوتمە بیرکردنەوە لەمەی کە دەمەوێ چی بکەم. ئاخر کەی ئەمە کارو ئەرکی منە بێم خۆم بکەم بە قازی و داوەر یان ماموری ئیعدامکردنی ئەم خەڵکانە، گوایە تاوانبارن، لە کاتێکا خوا بەخوایەتی خۆی سەدان و هەزاران ساڵ بوو بەڕەڵلای کردبوون، بەو دەقەوە، بێ هیچ سزایەك، درێژە بە ژیان بدەن،و خۆیان حوکمی پەروەردگار دەربارەی خۆیان ئەنجام بدەن. ئاخر ئەم خەڵکە چ غەدرێکیان لە من کردبوو، چ هەقێکم بە سەریانەوە هەبوو، تا شەڕێکی خوێناویان دەگەڵدا بەرپا بکەم، وەکو چۆن خۆیان خوێنی خۆیان دەڕشت؟ زۆرم لە مبارەیەوە دەگەڵ خۆدا گوت: "ئاخر من چوزانم کە خواوەند، چ مەبەستێکی لە مبارەیەوە هەیە؟ ئاشکرایە کە ئەم خەڵکە ئەو کارانە لە رووی جینایەتکاریەوە ناکەن، بەم کارانە تووشی عەزابی ویژدان نابن و یانی نازانن کە ئەمە گوناحە، تاوانە، بەڵام وەکو چۆن ئێمە، هەموومان گوناحانێك دەکەین، ئەوانیش، گوناهێك دەکەن کە پێچەوانەی عەدالەت و دادوەری خواییە. ئەوان پێیان وایە کە کوشتنی دیلێکی شەڕ تاوان و گوناح نییە، وەکو چۆن ئێمە کاتێ گایەك سەر دەبڕین، هەست ناکەین، گوناحمان کردووەو، خواردنی گۆشتی بەشەر بۆ ئەوان، وەکو ئەوەیە کە ئێمە گۆشتی مەڕ دەخۆین."

کاتێ زیاتر بیرم لەم مەسەلەیە کردەوە، بۆم دەرکەوت کە من هەڵە بووم، ئەم خەڵکە وەکو وێنام کردبوو، پیاوکوژ نین، لەو مەسیحیانە گوناحکارتر نین کە قەتڵ دەکەن و دیل و ئەسیرێن جەنگ دەکوژن و زۆرجار لەشکرێك قەتڵ و عام دەکەن، بێئەوەی کەمترین ئامانیان بدەن، لە کاتێکا ئەو دیلانە چەکەکانیان فڕێ داوەو تەسلیم بوون.

ئەوجا بیرم کەوتەوە، هەرچەندە ئەو رەفتارەی دەگەڵ یەکدا دەیانکرد، بە ڕاستی دڕندانەو نا مرۆڤانی بوو، بەڵام پیاو درۆیەك بۆ دز بکات هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەبوو. ئەم خەڵکە هیچ

زەرەرێکیان بۆ من نەبوو بوو. خۆ ئەگەر هاتبانە سەرم، یان بە پێویستم زانیبا، لە پێناوی پاراستن‌و مانەوەی خۆمدا هێرشیان بکەمە سەر، هەنگێ پاساوێکم بۆ ئەم کارەی خۆم دەبوو. بەڵام من کە لە دەرێی سنووری دەسەڵاتی وان بووم‌و ئەوان کەم‌و زۆر ئاگایان لە من نەبوو و هیچ نەخشەیەکیان دژی من نەکێشا بوو، ئیدی هیچ مانایەکی نەبوو کە هێرشیان بکەمە سەر، ئەم کارە، رێك وەکو ئەو رەفتارە دڕندانەیە بوو کە ئەسپانیەکان لە ئەمریکا ئەنجامیان دابوو و ملیۆنان کەسیان لەم جۆرە خەڵکانە کوشتبوو، ئەگەرچی ئەوانە بت پەرست‌و هۆڤی بوون‌و داب‌و نەریتی دڕندانەی زۆری وەکو قوربانی کردنی ئینسانیان بۆ بتەکانیان هەبوو، بەڵام هیچ گوناح‌و خراپەیەکیان لە هەنبەر ئەسپانیاییەکاندا نەکردبوو، لە کاتێکدا ئەسپانیاییەکان ئەوانیان بە جۆرێ لە خاکی خۆیان ریشەکێش کرد، کە خۆشیان بە شەرمەزارییەوە دەیگێڕنەوەو، هەموو میللەتانی ئەوروپاییش، کە یادی ئەم رەفتارەیان دەکردەوە بە قەسابخانەو قەسابی‌و خوێنرێژیەکیان ناو دەبرد کە نە خواو نە بەشەر پێیان قەبووڵ نەبوو، ئەوە بوو کە ناوی ئەسپانیان لەلای هەموو تیرەی بەشەر یان لای هەر مەسیحیەکی دروستکار، هاوتای ترس‌و دڕندایەتی بوو. ئیدی خەڵکی کیشوەری پاشایەتی ئەسپانیا لەبەر چاوی خەڵکی رەش بوون، بە بەدئاکارو بێ بەزەیی‌و نا مەردی ناویان دەرکرد، بەوە ناسران کە رەحم بە بێنەواو بێدەسەڵاتان ناکەن، لە کاتێکدا ئەم کارە لە زەینی هەر کەسێکدا نیشانەی نەفس بەرزیە.

ئەم بیرانە وایان لێکردم هەڵوەستەیەك بکەم‌و بە خۆدا بچمەوە، بەرە بەرە دەستبەرداری نەخشەکەم بووم‌و قەناعەتم هێنا کە بڕیاری هێرشکردنم بۆ سەر هۆڤیەکان، بڕیارێکی هەڵەبووەو تا ئەوان هێرشم بۆ نەیەنن، نابێ هەقم بە سەریانەوە هەبێ ودەبێ بە گوێرەی توانا خۆم لە شەڕو دەعوا دوور بگرم، بەڵام ئەگەر دۆزیمیانەوەو پەلاماریان دام. هەنگێ هەقی خۆمە بەرگری لە خۆم بکەم.

لەلایەکی ترەوە، کە سێ‌و دووی دڵی خۆم کرد، سەیرم کرد بەو کارە رزگار نابم، بەڵکو بە پێچەوانەوە مەرگ‌و نەمانی خۆم مسۆگەر دەکەم، چونکە دژمنایەتیەکم بۆ خۆ دەنایەوە کە نەك هەر دەبوو ئەو کەسانەی، کە لەو کاتەدا لە کەنارەکەدا بوون، بکوژم، بەڵکو دەبوایە هەر کەسێکیش لەوە بە دوا بۆ ئێرە دەهات، بکوژم، خۆ ئەگەر تاقە یەکێکیانیش دەرباز بوایەو هەڵاتبا، دەچوو خەبەری بۆ ئەوانی دی دەبرد، هەنگێ هەزاران کەس بۆ تۆڵەی مەرگی هاوڕێکانیان دەهاتن‌و بێ چەندوچوون دەیانکوشتم، لە کاتێکدا ئێستا هیچ جۆرە خەتەرێکی لەو بابەتەم لەسەر نەبوو.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانەدا گەییمە قەناعەت کە ئەم شەڕە، نە لە رووی مەعنەوییەوەو نە لە ڕووی پراکتیکییەوە، کارێکی دروست نیەو شەڕی خۆترێنەو قازانج‌و بەرژەوەندی من لەوەدا بوو کە بە هیچ جۆرێ خۆمیان نیشان نەدەم‌و کەمترین شوێنەوار لە دوای خۆم بەجێ نەهێڵم تا نەکەونە گومانەوە، کە لەم دوڕگەیەدا بەشەرێك هەیە.

لە رووی مەزەبیشەوە گەییمە ئەو قەناعەتەی کە نەخشەکێشان بۆ کوشتنی خەڵکانی بێ گوناح، ئەرکی من نییە، مەبەستم ئەوەیە کە دەرهەق بە من بێگوناح بوون. من چیم داوە بەسەر

ئەو تاوانانەوە کە دەرهەق بە یەکدی دەیکەن. ئەوە پەیوەندی بەتیرەو هۆزی خۆیانەوە هەیە، کێشەی من نیە، کێشەی خۆیانەو دادو دادپەروەری خوا سزایان دەدات، چونکە خوا بەڕێوەبەرو گەورەی هەموو تیرەی بەشەرەو خۆی دەزانێ کە چۆن هەر تیرەیەك لەسەر ئەو گوناحانەی کە سەبارەت بە یەك دەیکەن، سزا دەدات..

ئێستا مەمنوونی بەختی خۆم بووم کە ئەو کارەم نەکردبوو، چونکە ئەگەر بمکردایە ڕێك دەچووە خانەی قەتڵی ئانقەستەوە، هەستم بە ئاسوودەییەکی زۆر کرد، کەوتمە سەرچۆکان و لە کانگای دڵەوە سوپاس و ستایشی خوام کرد کە لەو گوناحی خوێنڕێژییە بە دووری کرد بووم و لەبەری پاڕامەوە کە لە شەڕی هۆڤیانی بەشەرخۆر دوورم بخاتەوە، پاڕامەوە کە دەستی دژمنایەتیان لێنەکەمەوە، مەگەر کاتێ ناچار بم لە ترسی گیانی خۆم، بۆ ڕزگاری گیانی خۆم، بە پشتیوانی خوا دەست بکەمەوە.

یەك دانە ساڵی تەواوم بەو جۆرە بردە سەر، بە هیچ جۆرێ حەزم نەدەکرد ڕووبەڕووی ئەم بوونەوەرە هۆڤیانە ببمەوە، بە درێژایی ئەم ماوەیە، بۆ تاقە جارێکیش نەچوومە سەر گردەکە تا بزانم دیارن یان نا، یان بزانم ئاخۆ کەسیان هاتبووە سەر کەنارەکە، بۆ ساتێکیش بیرم لەوە نەکردەوە کە دژایەتیان بکەم یان بچم بۆ شوێنێ کە لەگیَن بیّ رووبە ڕوویان ببمەوە. تەنیا چووم بەلەمەکەم کە لەوبەری دوورگەکە بوو، گواستەوەو بردم بۆ کلکەی کۆتایی ڕۆژهەڵاتی دوورگەکە، بەلەمەکەم گەیاندە کەنداوێکی چکۆلە کە لە ژێر کۆمەڵێك تاوێری بەرزا بوو، چونکە دەمزانی هوڕژومی گێژاوی ئاوەکە لەو شوێنەدا بە جۆرێ بوو کە هۆڤیەکان بە هیچ شێوەیەك زاتیان نەدەکرد بە بەلەمەکانیانەوە بۆ ئەوێ بێن.

هەرچی شتێك لە بەلەمەکەدا بوو، هەر هەموویم هەڵگرت و بردمن، هەرچەند دەمزانی، بە کەڵکی ئەو بنیادەمە رووت و قووتانە نەدەهاتن کە بۆ ئەوێ دەهاتن. شتەکان بریتی بوون لە: بورجێك و بایەوانێك کە بۆ بەلەمەکەم دروستکرد بوون، هەروەها شتێکی لەنگەر ئاسا، کە لە ڕاستیا نەدەکرا ناوی لەنگەری لێبنەی نە ناوی قولاپ، بە هەرحاڵ لەو شتانە بوون کە هەموو کاتێ دەمتوانی بە ئاسانی دروستیان بکەم. هەر هەموو ئەمانەم هەڵگرت تا بچووکترین خەتەری کەشف بوون هەڕەشەم لێنەکات و هیچ بەلەمێك یان شوێنەوارێکی دیکەی بەشەری سەرنجیان ڕانەکێشێت.

ئەمە جگە لەوەی، وەکو گوتم، زیاتر لە ماڵەوە دەمامەوەو بە دەگمەن دەچوومە دەرێ، مەگەر بۆ دۆشینی بزنەکانم و سەردانی مێگەلەکەم لە جەنگەڵدا، بچوومایە دەرێ، جا چونکە مێگەلەکە لەو سەری دوورگەکە بوو، بۆیە هیچ مەترسیەك هەڕەشەی لێنەدەکردم، چونکە ئەم خەڵکە هۆڤیانەی کە هەندێجار بۆ دوورگەکە دەهاتن، هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە کە لێرەدا شتێك پەیدا بکەن، بۆیە هیچ کاتێك لە کەنارەکە دوور نەدەکەوتنەوە، هیچ گومانێکم لەوە نیە کە پاش ئەوەی ترسم لێپەیدا کردن و هەروەها پێش ترسەکەش، چەندین جار هاتبوونە کەنارەکە. کاتێ کە بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە، دەگەمە قەناعەتی تەواو کە ئەگەر بە ڕێکەوت تووشی ئەوانە ببوایەم و زووتر هەستیان پێ بکردمایە، یانی وەختێ پێیان زانیبایا کە رووت و رەجاڵ و بێ چەك بووم، تەنیا یەك تفەنگم هەبوو کە بە زۆری تەنیا ساچمەی هەبوو و بێخەیاڵ بەملاو بەولادا دەڕۆییشتم تا شتێك پەیدا بکەم، چۆن غافڵگیریان دەکردم، لە جیاتی جێ پێی بەشەرێك، پازدە بیست لۆزەندەری هۆڤیم دیتباو دوام کەوتبان، چونکە یەجگار قۆچاخ و خۆشڕۆ بوون، هەنگێ هیچ مەفەرێکم نەدەبوو!

ئەم جۆرە بیرە هەندێجار بە ڕادەیەك نیگەرانی دەکردم کە تا درەنگانێ بەرۆکی زەینی بەر نەدەدام. نەمدەزانی لەو هەڵوێستەدا دەبوایە چ بکەم، نەك هەر نەمدەتوانی لە هەنبەریاندا بوەستم بەڵکو ئەقڵیشم بەوەدا نەدەشکا کە دەبێ چبکەم، تەنانەت ئێستاش دوای ئەم هەموو هزرین و تەگبیرەش بە دروستی نەمدەزانی دەبێ چبکەم.

ئەلهەقی، دوای بیر کردنەوەیەکی جدی دەربارەی ئەم ئەگەرانە، زۆر خەمبار دەبووم و هەندێجار تا ماوەیەکی زۆر ئەم خەمباریە بەری نەدەدام، لێ ئەنجام لێبڕام سوپاسی خوا بکەم کە

بە خواستی خۆی لە دەست ئەو دڕندانەی ڕزگار کردبووم، ئەگینا خۆم بە تاقی تەنیا هەرگیز لە دەستیان دەرباز نەدەبووم، چونکە بە خەونیش ئەوەم بە بیرو بەخەیاڵدا نەدەهات کە ئەو جۆرە مەترسیە لە ئارادا بێ.

ئەم مەسەلەیە، دوای ماوەیەکی زۆر دووبارە بیرێکی لە زەینمدا زندوو کردەوە، کە یەکەمجار وەختێ بە زەین و بیرما هاتبوو کە نیشانەکانی ڕەحمەت و دلۆڤانی خوام، لەو بەڵایانەدا کە لە ژیاندا بەسەرمان دێن، دیتبوو. بیرەکەش ئەمە بوو کە بێئەوەی خۆمان ئاگامان لێبێ، چۆن پەروەردگار فریامان دەکەوێ و ڕزگارمان دەکات و، چۆن کاتێ دەکەوینە دووریانی دوو دڵی و گومانەوەو نازانین بە کام ڕێگادا بڕۆین، نیشانەیەکی نادیار، نهێنی بەرەو ڕێگایەك ڕێنماییمان دەکات، لە کاتێکا ئێمە بەخەیاڵی ئەوە بووین ڕێگەیەکی دی بگرین، لە ڕاستیدا کاتێ ئەقڵ، ئارەزوو و، یان کارو کاسبیەکانمان وامان لێدەخوازن کە بە ڕێگەیەکی دیدا بڕۆین، هەستێکی غەریب، نازانین لە کوێوە دێت و نازانین چ هێزێکە کە ڕاو بۆچوونەکەمان دەرهەق بەو ڕێگایەی کە هەڵمان بژاردووە دەگۆڕێت و، پاشان دەردەکەوێت کە ئەگەر بەو ڕێگایەی هەوەڵجارا ڕۆییشتباین تیا دەچووین و فەوت و فەنا دەبووین. ئەم بیرەو گەلێك ڕامانی دیکەی لەو بابەتە، قەناعەتێکی بنجبڕیان لا دروستکردم کە هەرکاتێ ڕووبەڕووی ئەم نیشانە نهێنییە یان کەڵکەڵە زەینییە دەبمەوە کە دەڵێت کارێك ئەنجام بدەم یان نەدەم، یان لەم ڕێگەیەوە بڕۆم یان نەڕۆم، بێ چەندو چوون پەیڕەوی دەکەم، جا جگە لە کەڵکەڵە یان نیشانە زەینیەکە زیاتر هیچ بەڵگەیەکیشم پێ نەبێت، دەتوانم زۆر نموونەی سەرکەوتووی زادەی ئەم هەڵوێستە لە ژیانی خۆمدا بێنمەوە، بە تایبەتی لە دوا ساڵەکانی ژیانم لەو دوڕگە دوورە دەستەدا. هەروەها، زۆر کاتیش هەبووە کە دەبوایە ئەم نیشانانەم بە هەند بگرتایەو پەیڕەویم کردبان، بەڵام ئەو کاتە ئەم ئەقڵ و بۆچوونەی ئێستام نەبوو. بەڵام هیچ کاتێك بۆ ئاقڵ بوون و بە خۆدا چوونەوە درەنگ نیە، من دەتوانم، هەموو ئەو خەڵکە نیگەرانانەی، کە لە ژیانیانا وەکو من تووشی ڕووداوێن نا ئاسایی دەبن، ئامۆژگاری بکەم کە ئەم نیشانە نهێنیانەی خواست و مەشیەتی خوایی بە بچووك نەزانن، ئەم نیشانە غەیبیانە بە هەند بگرن، کە ڕەنگە من نەتوانم باسی بکەم، بەڵام ئەم نیشانانە، بێگومان دەیسەلمێنن کە پەیوەندیی نهێنی لە نێوان گیان و بەدەنی هەموو بوونەوەرێکدا هەیەو ئەمە شتێکە حاشا هەڵنەگرو بەڵگە نەویست، لە درێژەی گێرانەوەی سەربوردەی خۆم لەم دوڕگە خەمناکەدا، چەند نموونەیەك دەربارەی سەلماندنی ئەم نیشانانە دەخەمە ڕوو.

پێموایە، خوێنەر بەلایەوە سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم ئەو نیگەرانی و مەترسیانەی کە تێم ئالا بوون، بە نیگەرانیەکانی ئێستاشمەوە، کردیانە کارێك، تەواو سارد ببمەوەو بەو جۆش و خرۆشەی جارانەوە لە خەمی خانووەکەم و دابینکردنی پێویستیەکانی ژیانمدا نەبم. ئێستا ئاسایش و ئەمنیەتم لە خواردن پێ فەرزتر بوو. ئێستا خەمی ئەوەم بوو بزمارێك دانەکوتم یان دارێك نەشکێنم تا نەبا کەسێك گوێی لە دەنگی بێت. هەر لەبەر ئەوەش بە دەگمەن بە تفەنگ تەقەم دەکرد. لەمانەش وەتر، ئەوەبوو زۆر خۆم لە ئاگر کردنەوە دوور، دەگرت، تا بەبادا، دوو کەڵەکەی، کە لە دووری دوورەوە دەبینرێ، کەشفم بکات، بۆیە وازم لە هەموو ئەو کارانە هێنا کە

پێویستیان بە ئاگر کردنەوە بوو، وەکو خواردن دروستکردن و سەبیل کێشان و ئەو جۆرە شتانە. لە ماڵە تازەکەی جەنگەڵمدا، دوای ئەوەی ماوەیەکم لەوێندەر بەسەر برد، غارێکی سروشتیم دۆزییەوە، کە خەیاڵی زۆر ئاسوودەو ڕەحەت کردم. ئەم غارە زۆر قووڵ بوو، لەو باوەڕەدا بووم کە ئەگەر هەر هۆڤیەك بهاتبا بەر زارکی شکفتەکەش، جورئەتی نەدەکرد وەژوور بکەوێت. ئەوەی ڕاستی بێ هیچ کەسێکی تریش ئەو کارەی نەدەکرد، مەگەر کەسێکی ناچاری وەکو من کە پێویستی بە پەناگەیەك بووایە.

زارکی ئەم غارە لە ژێر تاوێرێکی گەورەدا بوو، کاتێ کە خەریك بووم چەند لقێکی ئەستووری درەختێکم لەت و پەت دەکرد تا زوخاڵ دروستبکەم بەرێکەوت ئەو غارەم بەدی کرد (هەڵبەتە ئێستا ئەوەندەم بەڵگە بەدەستەوە بوو کە هەموو ئەم شتانە بە خواستی خودا بزانم.)، بەر لەوەی درێژە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەم بدەم، پێویستە ئەوە روون بکەمەوە کە ئەم زوخاڵەم بۆچی بوو.

وەکو پێشتر باسم کرد لەلایەکەوە دەترسام لە دەوروبەری ماڵەکەم دووکەڵ بەرز ببێتەوەو، لەلایەکی دیکەشەوە بەبێ برژاندنی نان و گۆشت و شتی دیکە هەڵم نەدەکرد. بۆیە لێبڕام وەکو ئەوەی لە ئینگلیستاندا دیتبووم، بڕە دارێك لە ژێر گڵا بسووتێنم تا رەژوو دروستبکەم، پاشان ئاگرەکە بکوژێنمەوەو خەڵوزەکە بۆ ماڵ ببەمەوە، هەمان ئەو کارانەی کە لە ماڵەوە بە ئاگر ئەنجام دەدران، بە بێئەوەی مەترسی بەرز بوونەوەی دوو کەڵم هەبێ، ئەنجامیان بدەم.

ئەمەش بەسەرهاتی دروستکردنی زوخاڵەکەم، کاتێ خەریك بووم لە نزیکی خانووە جەنگەڵییەمدا دارم دەبڕی، کونێکم لە پشتی لقی ئەستووری دەوەنێکە، بەدی کرد. کونجکاوی گرتمی و تەمەشایەکی ناوەوەیم کرد، بەزەحمەت خۆم بە زارکی غارەکەدا کرد، سەیرم کونێکی زۆر گەورەیە، یانی دەمتوانی بە پێوە تیایا بوەستم، لە بالا زەلامێ بەرزتر بوو، بەلام دەبێ ئەوەش بڵێم کە چەند بە خێرایی وەژوور کەوتم، دوو ئەوەندە خێراتر وەدەرکەوتم، چونکە کاتێ زیاتر لە ژوورێم ڕوانی، کە تاریکستانێك بوو لەو گۆڕەی، چاوانی درەخشان و درشتی بوونەوەرێکم بەدی کرد کە نازانم دێوو درنج بوو یان بەشەرو ئادەمیزاد، وەکو دوو ستێران دەدرەوشانەوە، چونکە روناکییەکی کز لە زارکی غارەکەوە ڕاستەوخۆ لە ژوورێی دەدا، رەنگدانەوەی لە چاوانی ئەو بوونەوەرەدا بەدی دەکرا.

دوای ماوەیەکی کەم وەخۆ هاتمەوەو بە خۆم گوت عەجەب گەوجێکم، لە دڵی خۆدا گوتم، کەسێك لە دێو بترسێت، شایستەی ئەوە نییە کە بیست ساڵ بە تاقی تەنیا لە دوڕگەیەکدا بژی، زاتم وەبەر خۆناو گوتم هەرچیەك لەم غارەدا بێ لە من ترسنۆکترە. بە دەم ئەو بیرانەوە زیاتر جورئەتم پەیدا کردو سەرە بزووتێکی گەورەم هەڵگرت و دووبارە خۆم بە غارەکەدا کرد، لە کاتێکا سەربزووتەکە بە دەستمەوە دەسووتا، بەلام هێشتا لە دوو سێ هەنگاو زیاتر نەچوو بوومە پێشێ، دووبارە وەکو جاران ترسم لێنیشتەوە، چونکە گوێم لە دەنگی ناڵەیەکی بەرز بوو، وەکو ئەوەی ئینسانێك بێت بەدەم ئازارەوە بناڵێنێ، ئەوجا دەنگێکی پچڕ پچڕ هات، وەکو ئەوەی هەندێ وشەی نیوەچڵ بدرکێنێ، ئەوجا دووبارە دەنگی ئاهێکی قووڵ بەرز بووەوە. هەنگاوێك

هاتمه دواوه، ئەلهەقی بە جۆرێ غافڵگیر بوو بووم کە هەموو گیانم وەسەر ئاو کەوت بوو، مووی سەرم بە جۆرێ ڕەپ بوو بوون ئەگەر کڵاوم لەسەر بوایە لەوە بوو کڵاوەکەم لەسەر فڕێ بدات. بەڵام بە پێی توانا زاتم وەبەر خۆ نایەوە، ناوی خوام لێهێناو بە پشتیوانی ئەو چوومە پێشێ‌و لەبەر ڕۆشنایی سەرەبزووتەکە، کە بەسەر سەرمەوە گرتبووم، سەیرم کرد پیرە بزنێکی ناشیرین‌و ناحەز، نیگەران‌و هەراسان لە ئەرزەکە ڕاکشاوە، لەوە دەچوو لە ئاوزینگدا بێ‌و لەبەر پیری خەریك بوو مردار دەبووەوە.

کەمێك جوڵاند تا بزانم ئاخۆ دەتوانم بیهێنمە دەرێ یان نا، بزنەکە بە خۆیشی تەکانێکی دا کە هەستێت، لێ نەیدەتوانی خۆ بە پێوە بگرێت. لە دڵی خۆدا گوتم هەر لێرە بێ باشترە، چونکە چۆن منی ترساند، بەو ئاوایەش، هەر کەسێك لە هۆڤیان زاتی کردبا کە پێ بنێتە ناو غارەکە، تا هەناسەی تیا بوایە، ئەویشی دەترساند، یانی دژمن ڕەوێن بوو.

ئێستا وەخۆم هاتبوومەوەو هێور بوو بوومەوە، سەیری دەوروبەرم کرد، دیقەتم دا غارەکە زۆر بچووکە، درێژییەکەی نزیکەی چوار مەترە، بەڵام هیچ شێوەیەکی دیاری، نیە، نە بازنەییەو نە چوار گۆشە، جگە لە دەستی سروشت، هیچ دەستێکی دی نەگەیی بوویە. سەیرم کرد بنەبانی غارەکە ئەوەندە نزم بوو، دەبوا بە چوار دەستە بچمە پێشێ‌و نەمدەزانی دەگەییە کوێ. چونکە مۆمم پێ نەبوو، لەوە زیاتر نەچوومە پێشێ، بەڵام بڕیارم دا سبەینێ دووبارە بۆ ئەوێندەر بچمەوەو هەڵبەتە مۆم‌و چەرخێکیش لەگەڵ خۆدا ببەم، کە بە زامنی یەکێك لە تفەنگە فتیلەییەکانم بە کۆمەکی ئاگرێك کە لە تاوەیەکدا کردبوومەوە، دروستم کرد بوو.

ڕۆژی دوایی بە شەش مۆمەوە کە خۆم دروستم کرد بوو بۆ ئەوێ گەڕامەوە، ئاخر بە پیوی بزن مۆمی زۆر باشم دروست دەکرد، کە گەییمە شوێنە نزمەکە، ناچار بووم، ماوەی نزیکەی دە یاردەیەك بە چوار دەستە بڕم، کە بە هەرحاڵ بە کارێکی ئازایانەم دەزانی، چونکە نەمدەزانی درێژی غارەکە چەندەو نەمدەزانی لەو دیو ترەوە چی هەیەو چی نیە. وەختێ لەو تەنگەبەراییە تێپەڕیم، میچەکە بەرزتر بوو، پێموایە بەرزیەکەی نزیکەی شەش مەترێك دەبوو، بەڵام بەڕاستی لە هیچ شوێنێکی دوڕگەکەدا دیمەنی وا بە شکۆم نەبینی بوو، کە دەمڕوانیە دەوروبەری خۆم، دیوارەکان روناکی دوو مۆمیان لە شێوەی هەزاران چرادا عەکس دەکردەوە. نازانم ئەم دیوارە بەردینانە، ئەڵماس یان بەردی گرانبەها، یان زێڕ یان چیان تیا بوو.

ئەو شوێنەی کە منی تیا بووم، لە جۆری خۆیدا جوانترین شکەفت یان غار بوو، هەرچەندە تاریکی تاریك بوو. ئەرزەکەی وشك‌و تەخت بوو، جۆرە بەردو چەوێکی سست دای پۆشی بوو، هیچ شوێنەوارێکی جانەوەرانی موزیڕ و ژەهرداری لێنەبوو، هیچ رتوبەت‌و نمێك بە دیوارەکان یان میچەکەیەوە دیار نەبوو. تەنیا چوونە ژوورەوەکەی زەحمەت بوو، بەڵام چونکە شوێنەکەی بە مەزەندە ئەمین بوو و، منیش پێویستم بە پەناگایەکی لەو جۆرە بوو، ئەو دەرکە بچووکەیم بە نوری عەلا نور دەزانی. ئیدی زۆر دڵم بەم کەشفە خۆش بوو و، لێبڕام بە پەلە، هەندێ لەو شتانەم، کە زۆر بە خەمیانەوە بووم، بۆ ئێرە بگوازمەوە. بە تایبەتی لێبڕام سەندووقە بارووتەکان‌و هەموو چەکە یەدەگەکانم، یانی دوو تفەنگە راویەکەم (چونکە تێکڕا سێ تفەنگی

راویم هەبوو) و سێ تفەنگە فتیلەییەکەم (کە تێکڕا هەشت دانە لەمجۆرە تفەنگەم هەبوو) بۆ ئێرە بگوازمەوە. بەمجۆرە پێنج چەکم لە قەڵاکەمدا بۆ مایەوە کە وەکو تۆپ لە حەسارەکەی دەرەوەدا ریزم کردبوون و ئامادەو لەسەر پێ بوون بۆ تەقاندن. هەڵبەتە دەمتوانی لە کاتی چوونە دەرەوەدا دەگەڵ خۆمیانا ببەم.

کاتێ کە تەقەمەنی و چەکەکانم دەگواستەوە، بەهەلمزانی ئەو بۆشکە بارووتەی کە لە دەریاکە هێنابووم و تەڕ بوو بوو، بکەمەوە. سەیرم کرد ئاو لە هەر چوار لای بۆشکەکەوە بە ئەندازەی سێ چوار ئینج چوو بووە ژوورەوە، ئیدی ئەو توێژەی بارووتەکە هەڵکفابوو و وەکو دیوار باقی بارووتەکەی پاراستبوو، سەیرم کرد نزیکەی سی کیلۆ بارووتی وشک و باش لە ناوەندی بۆشکەکەدا بوو، ئەمە بۆ ئەو کاتەی من دۆزینەوەیەکی زۆر دڵخۆشکەرە بوو. ئەنجام هەموویم بۆ ئەوێندەر گوێزایەوە، قەت لە یەك دوو کیلۆ زیاترم لە قەڵاکەمدا دانەدەنا، ئەمەشم لە ترسی هەر جۆرە غافڵگیرییەك بوو. هەروەها هەموو ئەو قوڕقوشمەشم، کە دامنا بوو گوللەو ساچمەی لێ دروستبکەم، بۆ ئەوێندەر گواستەوە.

خۆمم وەکو یەکێك لەو دێوە کۆنانەی جاران دەهاتە پێش چاو کە دەیانگوت لە غاران و کوێرە شکەفتاندا دەژیان و کەس نەدەوێرا خۆ لە قەرەیان بدات، چونکە کاتێ کە لەوێ بووم. خۆم بەوە تەڵقین دەدا کە ئەگەر پێنج سەد هۆڤیش بکەونە تاقیبم، هەرگیز ناتوانن بمدۆزنەوە، ئەگەر بشیان دۆزیبامەوە نەیاندەتوانی هێرشم بکەنە سەر.

ئەو بزنە پیرە نەخۆشەی لە غارەکەدا دۆزی بوومەوە، بۆ سبەینێ لە بەر زارکی غارەکەدا مردار بووەوە، سەیرم کرد ئەگەر هەر لەوێدا چاڵێکی گەورە هەڵکەنم و لە چاڵەکەی بنەم و گڵ و خۆڵەکەی بەسەرا بکەم و بیشارمەوە، زۆر ئاسانترە لەوەی بیبەمە دەرێ. بۆیە هەر لەوێدا کردمە ژێر عەردەوە تا بۆنەکەی بێزارم نەکات.

ئێستا بیست و سێ دانە ساڵ بوو لەو دوڕگەیەدا دەژیام، هێندەم خوو بەو شوێن و ژیانەوە گرتبوو، زۆر لەزەتم لەوە دەبینی کە هیچ هۆڤی و بەشەرخۆرێك بۆ ئەوێندەر نەدەهات تا تەنگم پێ هەڵچنێ و ئەزیەتم بدات. بەمە رازی بووم کە باقی تەمەنم، تا ئەو کاتەی وەکو بزنەکەی ناو غارەکە سەرم دەنایەوەو دەمردم، لەوێندەر بەسەر بەرم. هەروەها کۆمەڵێك مەشغەڵەت و سەرگەرمیم بۆ خۆ دۆزی بووەوە کە لە جاران زۆر خۆشتر وەختەکەم لێ بەسەر بچێ. بەر لە هەموو شتێك، وەکو پێشتریش باسم کرد، "پل"م فێری ئاخفتن کردبوو، ئەوەندە بە روونی و رەوانی و سادەیی قسەی دەکرد کە دڵم دەکرایەوە. ئەم تەیرە بیست و شەش دانە ساڵ دەگەڵما ژیا. نازانم دوای ئەوە چەندی دی ژیا، هەرچەندە لە بەرازیل بیستبووم کە دەیانگوت تووتیان سەد ساڵ دەژین. دوور نییە "پل"ی بەلەنگاز هێشتاش لەوێندەر بژی و تاکو ئەمڕۆش بانگی رۆبینسۆن کرۆزۆی بێنەوا بکات. هیوادارم هیچ ئینگلیزێکی قەرەبەخت رێی نەکەوێتە ئەوێندەرو گوێی لە دەنگی پل نەبێت، خۆ ئەگەر رێکەوتی وا روو بدات، بێگومان وا دەزانێ ئەهریمەنە. سەگەکەم هاودەمێکی زۆر ئازیزو روح سووك و میهرەبان بوو، شازدە ساڵی تەواو دەگەڵم دابوو، ئاقیبەت لەبەر پیری تۆپی. سەبارەت بە پشیلەکانم، وەکو گوتم، کەوتنە زاوزێیەکی ئەوتۆ کە

ناچار بووم لە سەرەتاوە ژمارەیەکیان لێبکوژم تا خۆم و هەرچیم هەبوو نەخۆن. بەڵام دوای ساڵانێکی زۆر، کاتێ ئەو دوو پشیلە پیرەی کە دەگەڵ خۆم هێنا بوومن، مردن و پاش ئەوەی مودەتێکی زۆر ئەوانی ترم لە خۆ دوور دەخستەوەو خواردنم نەدەدانێ، هەموویان روویان کردە جەنگەڵ و بۆ خۆ کێوی بوون، تەنیا یەك دوویەکیان نەبێ کە لای خۆم گلم دانەوەو بە خێوم دەکردن، کە دەزان، بێچوەکانیانم دەفەوتان، ئەمانە بە بەشێك لە خانەوادەکەم حیساب بوون. جگە لەمانە هەمیشە دوو سێ بێچووە پشیلەم لەماڵەوە رادەگرت، فێرم کردبوون کە بەدەستی من خواردن بخۆن. دوو تووتی دیکەشم هەبوون کە زۆر باش داخافتن، هەموویان دەیانگوت "رۆبین کرۆزۆ" بەڵام شتاقیان وەکو ئەوەی یەکەم بە رەوانی و روونی نەیدەگوت، منیش ئەو وەختەم کە بۆ فێرکردنی تووتییەکەم تەرخان کردبوو، بۆ ئەوانم تەرخان نەکرد بوو.

هەروەها چەند باڵندەیەکی دەریایی دەستەمۆیشم هەبوو، کە ناویان نازانم، لە کەناری دوڕگەکە گرتبوومن و باڵم کردبوون، ئەو نەمامانەی کە لە بەردەم قەڵاکەم رواند بوومن، گەورە بوو بوون، ئەم باڵندانە هەموو لە نێو لق و پۆپی ئەو درەختە کورتانەدا دەژیان، هەر لەوێش زاوزێیان دەکرد، کە زۆرم دڵ پێیان دەکرایەوە، ئیدی، وەکو پێشتریش گوتم، ژیانێکی خۆشم هەبوو و زۆر لە ژیانی خۆم ڕازی بووم، تەنیا ئارەزووم ئەوە بوو کە لە شەڕی هۆڤیان دوور بم.

بەڵام قەدەر بە جۆرێکی دی قەڵەمی لەم مەسەلەیە دابوو، هەموو ئەو کەسانەی کە گوێیان لەم بەسەرهاتەی من دەبێت، هەقە ئەمە بزانن، کە لە ڕێڕەوی ژیاندا، زۆرجار شەڕێك کە زۆری لێ دەترسین و خوا خوامانە لێمان دوور بێ و لێی بە دوور بین و، کاتێ گیرۆدەی دەبین زۆرمان لەبەر گرانە، خۆی لە خۆیدا، دەبێت بە بایسی رزگاریمان و تەنیا بە هۆی ئەوەوە لەو بەڵایە رزگار دەبین کە گیرۆدەی بووبن. دەتوانم زۆر نموونە لە ژیانی سەیرو سەمەری خۆم لەو بارەیەوە بێنمەوە، بەڵام هیچ نموونەیەك، لەو وەزع و رەوشە روونتر نییە کە لە دوا ساڵەکانم لەم دوڕگەیەدا هەم بوو.

وەکو گوتم، وەخت مانگی دوازەی بیست و سێیەمین ساڵم بوو لە دوڕگەکەدا، چونکە لە بەشی باشووری گۆی زەویدا بووم زستان نەبوو، وەرزی هەڵگرتن و کۆکردنەوەی بەروبووم و حاسڵات بوو و دەبوایە بە زۆری لە مەزراکانمدا بوایەم. رۆژێ بەیانیەکی زوو، بەر لە ڕۆژهەڵات، گڕی ئاگرێکم لە کەنارەکەدا بینی، زۆرم سەر سوڕما، ئاگرەکە نزیکەی دوو میلێك لە منەوە دوور دەبوو، هەمان کلکەی کۆتایی دوڕگەکە بوو کە پێشتر، هۆڤیەکانم لەوێندەر بینی بوون، بەڵام بە دیوی ئەو دیوی دوڕگەکەدا نا، بەڵکو بۆ نەگبەتی و لەبەد شانسی مندا بەم دیوەدا بوو کە منی تیا دەژیام.

سەرم لە دیمەنە سوڕما، یەکسەر لە نێو دارستانەکەی خۆمدا وەستام، زاتی هاتنە دەرەوەم نەبوو، نەبا غافڵگیر بکرێم. بەڵام لەوێش ئۆقرەم نەبوو، چونکە خەمی ئەوەم بوو کە ئەگەر هۆڤیەکان لە دوڕگەکەدا بگەڕابان، مەزراکەم یان پەرێزی مەزراکەمیان دەدۆزییەوە، یان هەموو ئەو کارو گۆڕانکاریانەیان دەبینی کە کردبوومن و یەکسەر پەیان بەوە دەبرد کە ئینسانێك لەو دەورومەکانە هەیەو، هەنگێ تا نەیاندۆزیبامەوە، دەستبەردار نەدەبوون. بە پەشۆکاوی بۆ

قەڵاکەم گەڕامەوە، پەیژەکەم، دوای ئەوەی پێیا سەرکەوتم، لابردو، هەوڵم دا هەر هەموو شتەکانی دیوی دەرەوە تا دەکرێ خۆڕسك‌و سروشتی بنوێنن.

ئەوجا لە ناو قەڵاکەدا، خۆم تەیارو ئامادە کردو، وەزعیەتی بەرەڤانیم وەرگرت. خۆم گوتەنی تۆپەکانم بۆ تەقاندن ئامادە کرد، مەبەستم ئەو تفەنگە فتیلەییانەیە کە لەسەر دیواری قەڵاکەم دامنابوون. فیشەکم خستە بەر هەموو دەمانچەکانم‌و لێبڕام تا دوا هەناسە بەرگری لە خۆم بکەم‌و ئەوەشم لە یاد نەکرد کە لە ناخی دڵەوە خۆم بە خوا بسپێرم‌و راستگۆیانە لەبەری بپاڕێمەوە کە لە شەڕی هۆڤیان رزگارم بکات. دوو سەعاتێك بەو دەقەوە مامەوە، لێ زۆرم مەراق بوو کە بزانم لە دەرەوە چ باسەو هیچ هەواڵدزێکیشم نەبوو کە بینێرمە دەرێ‌و هەواڵم بۆ بزانێ.

پاش ئەوەی مودەتێکی دیکەش لە ژوورەوە دانیشتم و بیرم لەوە کردەوە کە لەم حاڵەدا دەبێ چ بکەم، سەیرم کرد ناکرێ بێخەبەرو بێئاگا لە جێی خۆ دانیشم. بۆیە پەیژەکەم نا بە قەد دیواری گردەکەوە، کە پێشترش گوتم، هەموار بوو، پاش ئەوەی بە پەیژەکەدا سەرکەوتم، دووبارە هەڵم گرت‌و دووبارە نامەوە بە قەد گردەکەوەو بۆ سەر گردەکە سەرکەوتم. دوور بینەکەم دەرهێنا، هەڵبەتە بە ئانقەست دەگەڵ خۆمم هێنا بوو، لەسەر سك راکشام‌و روانیمە ئەو شوێنە، کۆمەڵێك هۆڤیانم بینی ئاگرێکیان کردبووەوەو بە رووتی لە دەوری دانیشتبوون، بەلای کەمەوە نۆ کەس دەبوون. ئاگرەکەیان بۆ خۆ گەرمکردنەوە نەکردبووەوە، چونکە پێویستی بە ئاگر نەدەکردو دنیا زۆر گەرم بوو، بەڵکو وام هەست دەکرد بۆ برژاندنی گۆشتی ئەو ئینسانەیان کردبووەوە کە دەگەڵ خۆیانا، هێنا بوویان تا بیخۆن، بەڵام بۆم مەعلووم نەبوو کە نێچیرەکەیان زندوو بوو یان نا، دوو لۆتکەیان پێبوو کە هێنابوویاننە کەنارەکە، چونکە لەو کاتەدا شەپۆل‌و ئاراستەی ئاوەکە بەم دیوا بوو، وام هەستدەکرد چاوەڕوان بوون کە ئاراستەو شەپۆلی ئاوەکە بگۆڕێت‌و بگەڕێنەوە. مەگەر هەر خوا بزانێ کە من بە دیتنی ئەم دیمەنە چەند پەشۆکا بووم، بە تایبەتی کە بۆ ئەم دیوی دوڕگەکە هاتبوون‌و بەو رادەیە لە من نزیك بوو بوونەوە. بەڵام وەختێ زانیم کە هاتنەکەیان هەمیشە پەیوەندی بە هەڵکشان‌و داکشانی رەوتی ئاوەکەوە هەیە، بەرەبەرە بیرم ئاسوودەو خەیاڵم رەحەت بوو، سەیرم کرد هەمیشە دەتوانم لە کاتی هەڵکشانی ئاوەکەدا بچمە دەرێ، مەگەر ئەوان پێشتر هاتبنە کەنارەکە. لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵە، بەخەیاڵێکی ئاسوودەترەوە دەچوومە دەرێ‌و خەریکی دروێنەی بەروبووم‌و حاسڵاتی خۆ دەبووم.

مەزەندەکەم دروست دەرچوو، چونکە هەر کە ئاڕاستەی ئاوەکە بەرەو رۆژئاوا گۆڕا، سەیرم کرد، هەموو سواری بەلەمەکەیان بوون‌و بەدەم سەوڵ لێدانەوە رۆییشتن. بە سەعاتێ بەر لەوەی کە بڕۆن، بە دووربین تەمەشام کردن، بینیم کە کەوتنە رەقسین‌و سەما، دەمتوانی وەزعی بەدەن‌و جوڵەیان بدینم، بە جوانی دەمبینی کە تەواو رووتن‌و هیچیان لەبەردا نییە، بەڵام نەمدەزانی کە ژنن یان پیاو.

هەرکە دیتم سواری بەلەمەکەیان بوون‌و رۆییشتن، دوو تفەنگم کردە شانم‌و دوو دەمانچەو شمشێرە گەورەکەم بەبێ کیف کرد بە قەدماو زۆر بەلەز بەرەو ئەو گردە چووم کە یەکەمجار لەوێندەر شوێنەوارو جێ پێیانم بینی بوو. بە دوو سەعاتێك ئەوجا گەییمە ئەوێندەر (چونکە

بارەکەم ئەوەندە قورس بوو کە نەمدەتوانی خێرا بڕۆم)، لەوێ سێ لۆتکەی دیکەی هۆڤیەکانم بینی و، کاتێ دوورتر ڕوانی، سەیرم کرد هەر هەموویان لە دەریاکەدان و خەریکن بەرەو وشکانیە ئەسڵیەکە دەڕۆن.

ئەم دیمەنەم بەلاوە ترسناك بوو، بە تایبەتی کاتێ کە بۆ کەنارەکە ڕۆییشتم، گەلێکم لە نیشانەو شوێنەواری کارە دڕندانەکانیان بینی، یانی خوێن و ئێسقان و پارچە گۆشتی بەدەنی ئادەمیزاد، کە ئەم دڕندانە، بەخۆشی و شادییەوە خواردبوویان. بە دیتنی ئەم دیمەنە، هێندە قەڵس و تووڕە بووم کە کەوتمە بیری ئەوەی کە ئەگەر کەڕەتێکی دی دیتمن بیانکوژم، ئیدی هەر کێ و هەرچەند دەبن با بن.

لام ڕوون بوو کە زوو زوو نەدەهاتنە کەناری دوڕگەکە، چونکە پازدە مانگ بەسەر دوا هاتنیان بۆ کەنارەکە، تێپەڕی بوو، یانی بەلای کەمەوە لە هەموو ئەم ماوەیەدا من هیچ شوێنەوارو جێ پێ و یان نیشانەیەکیانم لەم ناوە نەبینی بوو، چونکە لە وەرزی باران و تەڕو تووشیدا، هەرگیز لە شوێنی خۆ نەدەهاتنە دەرێ، ئەگەر بشهاتنایە دەرێ بەم ئەندازەیە دوور نەدەکەوتنەوە. بەڵام بە درێژایی ئەم ماوەیە، لە ترسی ئەوەی نەبادا لە ناکاودا پەیدا بن و بێنە تاقیبم، ئارام و ئۆقرەم نەبوو، ئیدی لەو ساوە گەییمە قەناعەت کە چاوەڕوانی شەڕ، لە خودی شەڕ ناخۆشترە، بە تایبەتی کە هیچ مەفەڕو چارێکت نەبێ بۆ ڕزگار بوون لەو چاوەڕوانی و نیگەرانیە.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە، هەر لە بیری کوشتندا بووم، زۆربەی کات خەریکی بیرکردنەوە بووم لە کوشتار، کە هەڵبەتە دەبوایە بیر لە کاری باشتر بکەمەوە نەك کوشتن، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر جارێکی دی دیتمنەوە، چۆن گەمارۆیان بدەم و چۆن هێرشیان بکەمە سەر، بە تایبەتی ئەگەر وەکو دوا کەڕەت بن بە دوو دەستەوە، دەبێ چ بکەم، بە هیچ جۆرێ لە بیری ئەمەدا نەبووم کە ئەگەر بۆ نموونە دەستەیەکی دە دوازدە نەفەریم لێبکوشتنایە، دەبوایە ڕۆژی دواتر یا هەفتە یان مانگی دواتر دەستەیەکی دیکەشم لێبکوشتنایەو بەو جۆرە... ئەم کارە لە کۆتایی نەدەهات و لە ئەنجامدا منیش وەکو ئەوان، کە بینادەمخۆر بوون، یان لەوان خراپتر، دەبووم بە پیاوکوژ.

ئێستا ڕۆژانم بە نیگەرانی دەبرد سەر، چاوەڕوانی ئەوە بووم ئەمڕۆ سبەی بکەومە دەستی ئەم دڕندانە، هەرکاتێ زاتم کردباو چووبامە دەرێ، چوار چاو دەمڕوانیە دەوروبەری خۆم. ئێستا دەمزانی کە بەخێوکردن و ماڵی کردنی ئەم مێگەلە بزنە بۆ من چ نیعمەتێکی گەورە بوو، چونکە دەترسام تاقە فیشەکێك بتەقێنم، بە تایبەتی لە نزیکی ئەو قوڵەی کە ئەوان بۆی دەهاتن، چونکە ئەگەر تەقەم کردبا پێیان دەزانیم، ئەگەر ئێستاش هەڵهاتبان، بێگەمان لە زەرفی چەند ڕۆژێکی دیدا دەگەڕانەوەو لەگێن بوو دوو سەد سێ سەد لۆتکەشیان دەگەڵ خۆدا بهێنایەو هەنگێ دەمزانی دەبوا چاوەڕوانی چ بم.

دوای یەك ساڵ و سێ مانگ، ئەوجا جارێکی دی ئەم هۆڤیانەم دیتەوە، باسی ئەم دیتنەتان بۆ دەکەم. ڕەنگە لەم ماوەیەدا یەك دوو جارێك بۆدوڕگەکە هاتبن، بەڵام یان نەدەمانەوە، یان بەلای کەمەوە من نەمدەبینین و پێیان نەدەحەسام. بەڵام لە هەیڤی پێنج دا، ئەوەندەی بیرم بێ، لە

بیستو چوارەمینساڵدا، بەرخوردێکی زۆر سەیرم دەگەڵیاندا بوو، کە لە شوێنی خۆیدا ئەمەش دەگێڕمەوە.

## بۆدی کەشتیەك دەبینم

لەم پازدە شازدە مانگەدا یەجگار نیگەرانو پەشێوحاڵ بووم. عەزرەتم خەوی ئارام بوو، هەمیشە خەوی ناخۆشم دەبینی، زۆر جار شەوان لە خەو رادەپەڕیم، بە رۆژەوە مێشکم جەنجاڵ بوو، شەوانیش بە زۆری خەوم بە کوشتنی هۆڤیانەوە دەبینیو بەدەم خەوەوە پاساوم بۆ ئەم کارەم دێنایەوە، بەڵام وا چاکە واز لە گێڕانەوەی ئەم خەیاڵ پڵاوانە بێنمو لەوەی پتر بە تانیا نەچم. ناوەڕاستی هەیڤی پێنج بوو، وابزانم بەگوێرەی ساڵژمێرە دارینە پەرپووتەکەم، شازدەی مانگ بوو، چونکە هێشتا رۆژەکانم لەسەر ئەو ئەستوونە دارینە، دیاری دەکرد. شازدەی مانگ بوو، بە درێژایی رۆژەکە زریانو هەورە تریشقە وچەخماخە بوو، دیاربوو شەوێکی تۆفانی لە

دووه. نازانم بۆچی، بەڵام كاتێ كە خەریك بووم ئینجیلم دەخوێندەوەو زۆر بە قووڵی دەربارەی وەزعی هەنوكەیی خۆم دەبیرەوە چوو بووم، لە ناكاوا دەنگی تەقەی تفەنگێك، كە بە مەزەندەی خۆم لە دەریاكەوە دەهات، حەپەساندمی.

هەڵبەتە ئەم حەپەسانە، لە هەموو حەپەسانەكانی پێشووترم جیاوازتر بوو، چونكە بیرێن جۆراوجۆری لە مێشكمدا بێدار كردەوە. بەلەز لەجێی خۆ راپەڕیم، لە چاو تروكانێكا پەیژەكەم لە ناوەندی تاوێرەكە دانا، پاش ئەوەی بەسەریا سەركەوتم، دەگەڵ خۆمما بردو دیسان دامنایەوەو پێیا سەركەوتمو خۆم گەیاندە سەر گردەكە. رێك لەم كاتەدا ڕوناكی ئاگرێك بووە بایسی ئەوەی گوێ بۆ ژنەوتنی دەنگی دەستڕێژی دووەم هەڵخەم، كە دوای نیو دەقیقە گوێم لە دەنگی دووەم بوو، ئیدی زانیم كە دەنگەكە لەو قوڵەی دەریاكەوە دێت كە ئاوەكە بەلەمەكەمی بۆ ئەوێندەر ڕاماڵی بوو.

یەكسەر، خەیاڵم بۆ ئەوە چوو كە ئەم دەنگە لە دەنگی كەشتیەك دەچێت لێی قەوما بیٚ و، دیارە دەبیٚ خەڵكێك یان بەلەمو كەشتیەكی تری دەگەڵ بیٚ، و ئەم تۆپ تەقاندنەش بۆ ئەوەیە كە كەشتیەكی دی بە كۆمەكو هانایەوە بچیٚ. لەو كاتەدا، ئەوەندەم هۆش بە خۆوە بوو كە بزانم من ناتوانم هیچ كۆمەكێكی ئەوان بكەم، بەڵام لەگینە ئەوان بتوانن یارمەتی من بدەن. بۆیە هەرچی هەژگو بژاڵو چربیو چاڵی وشك لەو ناوە هەبوو، هەر هەموویم كۆ كردەوەو لەسەر گردەكە خەرمانم كردو ئاگرم تێبەردا، هەژگو بژاڵەكە وشك بوونو زوو ئاگریان گرت، هەرچەندە بایەكی توندی دەهات، ئاگرێكی باش بەرپا بوو و ئەرخایەن بووم كە ئەگەر كەشتیەك لە ئارادا بیٚ، بێگومان ئاگرەكە دەبینن، هەڵبەتە دیتیانیش، چونكە هەركە ئاگرەكە بڵێسەی سەند، گرمەی تۆپێكی دی بەرز بووەوەو، پاش ئەوەش دەنگی دەسرێژی دی بەرز بووەوە، كە هەر هەموویان لە هەمان دەڤەرەوە دەهاتن. بە درێژایی شەوەكە، تا وەكو بەیانی نەمهێشت ئاگرەكە دابمرێتەوەو، كاتێ دنیا بە تەواوەتی روناك بووەوە. لە دوورەوە شتێكم لە ناو دەریاكەدا بینی كە رێك لە سەمتی رۆژهەلاتی دوڕگەكەدا بوو. نەمدەزانی بایەوان بوو یان بۆدی كەشتی، بە بیٚ دووربین. فەرق نەدەكرا، چونكە مەوداكە زۆر زۆر بوو، دنیاش هێشتا كەمێك لێڵ بوو، یان لە دوورەوە وا دیار بوو.

بە درێژایی رۆژەكە بەردەوام دەمڕوانیە ئەو قوڵە، زۆری نەبرد، پەیم بەوە برد كە ناجوڵێت. یەكسەر زانیم كە ئەمە كەشتیەكەو لەنگەری گرتووە، چونكە بە تەبیعەت تاسەمەند بووم كە دڵی خۆم خۆش بكەم، دەستم دایە تفەنگەكو بە هەشتاو بەرەو باشووری رۆژهەلاتی دوڕگەكە نشێو بوومەوە، بەرەو ئەو تاوێرانە چووم كە گێژاوی ئاوەكە بۆ ئەوێندەری راماڵی بوومو، تا ئەم كاتە دنیا تەواو روناك بوو بووەوە، لیٚ مخابن بۆدی كەشتیەكم بینی كە شەویٚ زریانو باهۆزان بەرەو ئەو تاوێرە نادیارانەیان راماڵی بوو، كە كاتی خۆی من بە سواری بەلەمەكەم كەشفم كردبوون، هەمان ئەو تاوێرانەی كە توندی تەوژم رەوتو شەپۆلی ئاوەكەیان خاو دەكردەوەو جۆرە تەوژمێكی پێچەوانە یان گێژاوێكی چكۆلەیان دروست دەكرد، كە ئەمە بووە هۆی ئەوەی كە من لە خەتەرناكترین وەزعی هەموو ژیانم، رزگار ببم. ئیدی ژیان وایە، كە كێویٚ دەڕوخیٚ كەندیٚ پڕ

دەبێتەوە، ئەوەی بە قازانجی کەسێك دەشکێتەوە، بە تیاچوونی کەسێکی دی تەواو دەبێت، لەوە دەچوو ئەم خەڵکانە، هەر کێیەك بوو بوون، بە هیچ جۆرێ ئاگایان لەم تاوێرە نادیارانە نەبووبێ و تەوژمی ئاوەکە لە تاریکی شەودا بەرەو ئەوێندەری راماڵی بووبن، چونکە بایەکی زۆر توندی بەرەو رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات دەهات. باوەڕ ناکەم دورگەکەیان بینی بووبێ، دەنا هەوڵیان دەدا بە بەلەمەکانیان بۆ دورگەکە بێن. لەلایەکی ترەوە ئەو تۆپەی کە لە دوای ئاگرکردنەوەکەی من، بە مەبەستی فریاخوازی تەقاند بوویان، خستمیە دەریای بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆزەوە. هەوەڵجار لە دڵی خۆدا گوتم ئەگەر بڵێسەی ئاگرەکەی منیان دەیتبووایە، سواری بەلەمەکانیان دەبوون و هەوڵیان دەدا خۆ بگەیەننە کەنارەکە، بەڵام چونکە ئاوی دەریاکە زۆر هەستا بوو، لەگینە لەدورگەکە دوور کەوتبووبنەوە. دوای گوتم رەنگە پێشتر بەلەمەکانیان لە دەست دابووبێ، چونکە شتی وا زۆر روو دەدات، بە تایبەتی کاتێ کە کەشتی بە هۆی شەپۆلانەوە تێکدەچێت، زۆرجار ناچار دەبن، بەلەمەکە بشکێنن یان پارچە پارچەی بکەن و هەندێجار بە دەستی خۆیان لە کەشتیەکە توڕی بدەنە دەرێ. پاشان گوتم لەگینە کەشتی یان کەشتیانی دیکەیان لەگەڵ بووبێ و کە گوێیان لە تۆپی فریاخوازی بووە، فریایان کەوتوون و نەفەرەکانیان سواری بەلەم کردبێ و دەگەڵ خۆیانیان بردبێ. هەندێجار وام تەسەورو وێنا دەکرد هەموویان سواری بەلەمەکەیان بوون و بەناو دەریا کەوتوون و هەمان ئەو تەوژمە ئاوەی کە من پێشتر گرفتاری بوو بووم، بەرەو قوڵایی دەریاکە رای ماڵی بن و ئیدی کەس نەزانێ چیان بەسەر هاتبێ، یان لەوەیە لە برسا ناچار بووبن یەکدی بخۆن.

چونکە هەر هەموو ئەمانە جگە لە مەزەندەو گومان هیچی تر نەبوون، لەو هەلومەرجەی خۆما، هیچ کارێکم لە دەست نەدەهات، تەنیا ئەوە نەبێ کە بیر لەو خەڵکە بێنەواو چارەنووس نادیارانە بکەمەوەو خەفەتیان بۆ بخۆم، هەڵبەتە ئەم کارەش بۆ من بێسوود نەبوو، چونکە واداری دەکردم زۆرترو زیاتر بیر لە خوا بکەمەوەو سوپاسی بکەم کە لەم تەنیاییەدا منی لە لوتف و رەحمەتی خۆی بێبەش نەکردبوو و، لە نێو سەرنشینانی دوو کەشتیدا کە گەیی بوونە ئەم شوێنە، جگە لە من کەسی دی بە سەلامەتی دەرنەچوو بوو. ئەم بویەرە بووە بایسی ئەوەی دووبارە پەی بەوە بەرم کە زۆر کەم رێدەکەوێت، کە خواستی خوایی، ئێمەمانان بخاتە ژیانێکی ئەوەندە پڕ لە زەحمەت و، ناڕەحەتەوەو، ئەوجاش بتوانین نیشانانێکی ئەوتۆی تیا ببینین کە شایستەی شوکرانەبژێری بێ، خەڵکانێك بدینین کە وەزعیان لە خۆمان خراپتر بێ.

بێگومان، ئەم زەلامانە لە وەزع و حاڵێکی وەهادا بوون کە کەس خۆزیای پێنەدەخواستن، لەوە نەدەچوو شتاقیان رزگار بووبێ. لە رووی لۆژیکیەوە، رێی تێنەدەچوو، مەگەر تەنیا بکرایە خۆزگە بخوازی کە هەموویان تیا نەچووبن. تەنیا ئەم ئەگەرە هەبوو کە کەشتیەکی دی فریایان کەوتبێ و سواری کردبن، ئەم ئەگەرەش، زۆر نەدەچووە ئەقڵەوە، چونکە هیچ شوێنەوارێکی کەشتی دیکە دیار نەبوو.

بە هیچ زمانێك ناتوانم ئەوە بگێڕمەوە کە کاتێ ئەم دیمەنەم بینی چەند لە دڵ و دەروونی خۆما، خەمبارو دڵتەنگ بووم. هەندێجار لە دڵی خۆدا دەمگوت "خۆزیا، یەك دوو نەفەرێك، کوڕە

تاقە یەك نەفەر لەم كەشتیە بە سەلامەتی دەرچوو بێ و بێت بۆ لای من، تا هاودەمێك، هاوڕەگەزێكم هەبێ و پێكەوە قسان بكەین!" بە درێژایی هەموو ئەم ژیانی تەنیاییەم، هەرگیز بەم رادەیەو لە كانگای دڵەوە ئارەزووی هەبوونی هاودەمێكم نەكردبوو، ئەوەندە داخی نەبوونی هاودەمم نەخوارد بوو.

لە هەستو نەستی مرۆڤدا هەندێ سەرچاوەی نهێنی جۆشان هەیە كە كاتێ شتێكی بینراو، یان شتێكی نادیاری وێناكراوی زەین دەیهێنێتە هەڵقوڵێن و دەی جوڵێنێ، بە جۆرێ روح تاسەمەندی ئەو شتە دەكات كە بنیادەم بەبێ ئەو شتە نایكرێ.

ئارەزوو تاسەی منیش بۆ ئەوەی كە تەنیا یەك كەس لەو كەشتیە رزگار بووبێ، لەو جۆرە تاسانە بوو. رەنگە هەزارجار لەبەر خۆمەوە گوتبێتم: "خۆزگە، تاقە كەسێك نەجاتی بووبێ، بریا هەر یەك نەفەر رزگار بووبێ!". هێندە تامەزرۆ بووم كە بەدەم ئەو قسانەوە، دەستم هەڵدەگلۆفتن و قامكم دەگوشین و بە جۆرێ دانم بە یەكدا دەنان كە تاماوەیەك نەمدەتوانی زار بكەمەوە.

دەبێ تەبیعەتگەرایان، ئەم شتانەو هۆو ئەنجامی ئەم شتانە شی بكەنەوە. من هەر ئەوەندەم لە دەست دێ رووداوێك بگێڕمەوە، كە وەختێ رووبە ڕووی بوومەوە، تەنانەت خۆشی سەرسام كردم، هەرچەندە نەمدەزانی ئاكامی چۆن دەبێ، بەڵام بێگومان زادەی ئەو ئاواتو ئارەزوو كەڵكەڵە بەهێزە بوو كە بەرۆكی زەینی گرتبووم و، گەیی بوومە ئەو قەناعەتەی كە ئەگەر هاودەمێكی مەسیحی خۆم ئاسام هەبوایە، زۆر ئاسوودە دەبووم.

بەڵام قەدەرو چارەنووس وا نەبوو، چ چارەنووسی ئەوان و چ چارەنووسی من، یان هەردووكیان، ئەوە بوو كە ئەم ئاواتە نەیەتە دی، چونكە تا دوا ساڵم لەو دوڕگەیەدا، هەرگیز بۆم ساغ نەبووەوە كە ئایا هیچ كەسێك لەو كەشتیە رزگاری بوو بوو یان نا، مخابن تەنیا چەند رۆژێك لەوە دوا، لاشەی كوڕێكم بینی كە بە خنكاوی، گەیی بووە كەناری دوڕگەكە، نزیكی كەشتیە تێكشاوەكە. تەنیا ئێلەكێكی دەریاوانی و پانتۆڵێكی كەتانی تا ئەژنۆو كراسێكی كەتانی شینباوی لەبەر بوو، بەڵام هیچ یەكێك لەمانە سەرەداوێكیان نەدامێ كە بزانم سەر بە چ میللەتێكە. تەنیا دوو دۆلاری زیوی ئەسپانیایی و سەبیلێكی لە گیرفاندا بوو، كە سەبیلەكە بۆ من دە هێندەی دۆلارەكە بە نرخ بوو.

ئێستا كەش و هەوا ئارام بوو، خەیاڵم وابوو سواری بەلەمەكەم ببم و بچمە سۆراخی كەشتیە شكاوەكە. دڵنیا بووم كە هەندێ شتی بە كەڵكم لێ دەست دەكەون، بەڵام ئەوەی زیاتر بۆ ئەم كارەی هاندەدام شت نەبوو، بەڵكو ئەگەری دۆزینەوەی كەسێكی زندوو بوو. وام خەیاڵ دەكرد نەك هەر لەگێن بوو ئەو رزگار بكەم، بەڵكو بەم كارە خۆیشم زۆر ئاسوودە دەبووم، ئەم بیروخەیاڵە، بە ڕادەیەك تینی بۆ هێنا بووم كە شەو و رۆژ ئارامو ئۆقرەم نەبوو، وام لێهاتبوو، هیچ چارێكم نەبوو، ئەوە نەبێ سواری بەلەمەكەم بمو تەوەكەل بە خوا بەرەو كەشتیەكە بڕۆم، سەیرم دەكرد ئەم هەستە ئەوەندە بەسەرما زاڵە،و لە شوێنێكی هێندە قووڵ و نادیارەوە دێ، نەك هەر ناتوانم رووبە ڕووی بوەستمەوە، بەڵكو ئەگەر نەڕۆم قەرزارباری خۆم دەبم.

بەدەم تین و تاوی ئەم هەستەوە بەلەز بەرەو قەڵاکەی خۆم بوومەوە، هەموو تفاقێکی سەفەرم ئامادەکرد، یەك دوو دەستەوارە نان، گۆزیەك ئاوی خواردنەوە، قوتبنمایەك، کەمێك ئارەقی نەیشەکر (کە هێشتا برێکی زۆرم هەبوو) و سەبەتەیەك مێوژم هەڵگرت. بەمجۆرە هەموو پێویستیەکم دەگەڵ خۆدا لە بەلەمەکە بارکرد، ئاوی ناو بەلەمەکەم دەرداو خستمە سەر ئاوەکە، هەموو شتەکانم تیا دانا، ئەوسا دووبارە چوومەوە بۆ ماڵەوە تا شتی دیکە بێنم. باری دووەمم بریتی بوو لە کیسەیەکی گەورەی برنج، چەترێك بۆ کەپرو سابات، گۆزەیەکی گەورەی دیکەی ئاو، نزیکەی دوو دەستەوارە کولێرەی جۆ، بوتڵێك شیری بزن و هەندێك پەنیر. هەر هەموو ئەمانەم بە هانکە هانك و بەدەم ئارەقە ڕشتنەوە هێنا بۆ ناو بەلەمەکە، لە خوا پاڕامەوە کە لەم سەفەرەیا بمپارێزێ و ناوی خوام لێهێناو کەوتمە ڕێ و شان بە شانی کەنارەکە کەوتمە سەوڵ لێدان، تا ئەنجام گەییمە گۆشەیەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی دوڕگەکە. ئێستا ئامادە بووم کە خۆم بە دەریاکەدا بکەم، دەبوایە بڕیار بدەم کە خۆمی لێ بدەم یان نا، بە وردی ڕوانیمە تەوژمی توندی ئاوەکە کە بەملاو بەولای دوڕگەکەدا دەڕۆییشتن، کە لە دوورەوە زۆر ترسناك دەهاتنە بەرچاوو، مەترسیەکانی کەڕەتی پێشوویان بیر دێنامەوەو دڵم بە توندی لێی دەدا، چونکە دەمزانی ئەگەر بکەومە بەر یەکێك لەو تەوژمانە زۆرم لە کەنارەکە دوور دەخاتەوەو بەرەو قوڵایی دەریاکەم دەبات و لەگینە ئیدی نەتوانم بۆ دوڕگەکە بگەڕێمەوەو جارێکی دی بیبینمەوە. جا لەو حاڵەدا چونکە بەلەمەکەم بچووك بوو، ئەگەر کەمترین باو باهۆز هەڵیکردبا، بێگومان ون دەبووم.

ئەم بیرو خەیاڵانە بەجۆرێ زەین و هۆشیان پڕکردبووم کە چیوای نەمابوو، لە سەفەرەکەم ژێوان ببمەوە، بەلەمەکەم بەرەو ڕوبارێکی بچووکی کەنارەکە ئاژۆت، دابەزیم، نیگەران و حەواس پەرت لەسەر بارستاییەکی چکۆلە دانیشتم، کەوتبوومە نێوان بەرداشی چوون و نەچوونەوە. بەدەم بیرکردنەوەوە، وام وێنا دەکرد کە تەوژمی ئاوەکە گەڕاوەتەوەو ئاوەکە خەریکە دەنیشێتەوە لەم حاڵەدا حەرەکەتەکەم بە چەند سەعات دوا دەکەوت. ئەنجام لە دڵی خۆدا گوتم باشترین شت ئەوەیە کە بەرزترین خاڵی وشکی بدۆزمەوەو خۆم بگەیەنمە ئەوێندەرو تەمەشا بکەم و بزانم کاتێ ئاوەکە بەرز دەبێتەوە، تەوژمەکان چۆنن و ئەگەر بە یەك ڕێڕەودا بکەومە ڕێ، تەوژمە ئاوەکانی دی بە خێراییەکی یەکسان بۆ شوێنی یەکەمم ناگەڕێننەوە. هێشتا لە گێژاوی ئەم بیرانەدا بووم چاوم بە گردۆلکەیەك کەوت کە دەکرا لەسەریەوە تەمەشای هەردوو لای دەریاکە بکەیت و بەباشی تەوژم و گێژاوی ئاوەکە ببینی و بزانیت لە کاتی گەڕانەوەدا بەکام لادا بڕۆی. لەسەر ئەو گردەوە سەیرم کرد تەوژمی داکشانی ئاوەکە لە باشووری دوڕگەکەدایە، کەواتە تەوژمی هەڵکشانەکە دەبێ نزیکی باکووری کەنارەکە بێ، یانی بەم پێیە دەبوایە لە کاتی گەڕانەوەدا خۆ بەلای باکووری دوڕگەکەدا بدەم و تەواو.

ئەم بیرە دڵگەرمی کردم، بۆ سبەی بەیانی لێبڕام دەگەڵ هەوەڵین تەوژمی هەڵکشانی دەریاکەدا بکەومە ڕێ. خۆم ئامادە کرد شەو لە ناو لۆتکەکەدا ڕۆژ بکەمەوە. پاڵتۆ گەورەکەی ئێشکگریم دا بە شانماو کەوتمە ڕێ. سەرەتا لە نێو دەریاکەدا کەمێ بەرەو باکوور چووم، سەیرم کرد ئەو تەوژمە ئاوەی کە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیی، لەسەر ڕێگاکەی منەو بە خێراییەکی باش بەرەو

پێشی بردم، بەڵام خێراییەکەی بە ئەندازەی خێرایی تەوژمەکەی باشوور نەبوو کە کۆنترۆڵی بەلەمەکەم لە دەست دەربێنێ، بەڵام چونکە بە توندییەکی زۆر توند سەوڵم لێدەدا، زۆر بە خێرایی بەرەو کەشتیە شکاوەکە چوومە پێشێ و بەکەمتر لە دوو سەعاتان گەییشتمێ.

دیمەنێکی خەمناك بوو. کەشتیەکە کە بە رواڵەتیا دیاربوو ئەسپانیاییە بە توندی خۆی بە بەینی دوو تاوێردا کرد بوو و لە نێوانیاندا گیر بوو بوو. شەپۆڵ و گێژەنگی دەریا هەموو بەشی پاش و چواریەکی کەشتیەکەیان تێك شکاند بوو، بەشی پێشەوەی کە لە بەینی تاوێرەکان گیر بوو بوو، زۆر بە توندی بەر تاوێرەکان کەوتبوو. بورجە سەرەکیەکەی و بورجەکەی پێشەوەی، هەردووکیان هەڵکەندرا بوون و تەقریبەن وردو خاش بوو بوون. بەڵام بورجە یەدەکەکەی ساغ بوو، سەرو بەشی پێشەوەی ساغ دیار بوو. کە لێی نزیك بوومەوە، سەیرم کرد سەگێك لە ناو کەشتیەکەیە، کە چاوی بە من کەوت دەستی بە وەڕین کردو هەر کە بانگم کرد. خۆی هەڵدایە دەریاکەوەو بەرەو من هات، سواری بەلەمەکەم کرد، بەڵام سەیرم کرد خەریکە لە برساو لە تینوانا دەمرێت. پارچەیەك نانم دایە، وەکو گورگێك کە دوو هەفتە لە بەفرا برسێتی کێشا بێ، نانەکەی خوارد. پاشان تۆزێ ئاوم دایە ئەو بەستەزمانە، کە ئەگەر رێم بدایە، ئەوەندەی ئاو دەخواردەوە کە دەتەقی.

ئەوجا، چوومە سەر حەوشەی کەشتیەکە. یەکەمین دیمەنێ کە بەرچاوم کەوت، تەرمی دوو پیاو بوو، دیار بوو بە دەم خنکانەوە باوەشیان بە یەکدا کردبوو و لە ئاشخانەکەدا مردبوون. لەوە دەچوو کاتێ کەشتیەکە خۆی بە تاوێرەکەدا کێشاوە، چونکە دنیا سارد بووە، شەپۆلی دەریاکەش ئەوەندە بەرز بووەو بەردەوام خۆی بە کەشتیەکەدا کردووە، ئیدی نەفەرەکان بەرگەیان نەگرتبێ و ئاوەکە خنکاندبنی. جگە لە سەگەکە، هیچ زندوویەکی دی لە کەشتیەکەدا نەبوو، هیچ کاڵایەکیش بە سەلامەتی دەرنەچوو بوو، ئاو هەمووی خەسار کردبوو. چەند بۆشکەیەکی ڤەخارن و نۆشەمەنی، کە نەمدەزانی چییان تیا بوو، لە ژێر زەمینی کەشتیەکەدا هەبوون، و چونکە ئاوەکە نیشتبووەوە دەمتوانی بییان بینم، لێ هێندە گەورە بوون کە نەمدەتوانی هەڵیان بگرم. چەندین سەندوق و باوڵم بینی کە پێموایە هی خودی دەریاوانەکان بوون، دووانم لەو سەندوقانە، بێئەوەی بزانم چییان تیایە، لە بەلەمەکەی خۆم بارکرد.

ئەگەر بەشی پاشی کەشتیەکە چاك بکرایەتەوەو بەشی پێشەوەی لە تاوێرەکان جیا بکرایەوە، بە مەزەندەی خۆم دەمتوانی بە ئاسانی و بە باشی سەفەری پێبکەم، بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لەو دوو سەندوقەوە دەستم کەوت، بۆم دەرکەوت کە کەشتیەکە سەروەت و سامانێکی زۆری تیا بووە، جا بە مەزەندەی من و بە گوێرەی ئەو رێڕەوەی کە بڕی بووی، لە بوینوس ئایرس، یان لە دیلاپلاتای ئەمریکای باشوورەوە وەڕێ کەوتبوو، کە پێدەچوو بەنیاز بووبێ لە رێگەی بەرازیلەوە بۆ هاڤانا و کەنداوی مەکزیك و بۆ ئەسپانیا بڕوات. بێگومان سەروەت و کاڵایەکی زۆریان لە کەشتەکە بارکرد بوو، لێ ئیدی بە کەڵکی هیچ کەسێك نەدەهات و نازانم باقی سەرنشینەکانی چییان بەسەر هاتبوو.

جگە لەم سەندوقانە، کارتۆنێکی بچووکی پڕ لە نۆشابەشم دۆزییەوە کە بە ئەندازەی بیست گالۆن دەبوو، کە بە زەحمەتێکی زۆر، ئەویشم لە بەلەمەکەی خۆم هاویشت. لە کابینەیەکیشدا چەند تفەنگێکی فتیلەیی و پاکەتێك بارووتی نزیکەی چوار کیلۆییم دۆزییەوە، تفەنگەکان بە کەڵکم نەدەهاتن، بۆیە دەستم تێوە نەدان، بەڵام پاکەتە بارووتەکەم هەڵگرت. بێڵۆکەیەك و مەقاشێك کە زۆرم پێویست بوون هەروەها دوو کتری بچووکی زەرد، قۆرییەکی مس و شەبەکەیەکی ئاسنی گۆشت برژانم هەڵگرت و بە سەگەکە و بەم بارەوە بەڕێ کەوتم. دیسان هەڵکشانی ئاوەکە فریام کەوت، هەر ئەو شەوە، نزیکەی سەعاتی یەکی شەو، شەکەت و ماندوو بۆ دوورگەکە گەڕامەوە. ئەو شەوە لە بەلەمەکەدا مامەوە، بەیانی لێبڕام ئەو شتانەی کە هێنا بوومن، لە غارە تازەکەمدا، عەمار بکەم و بۆ قەڵاکەمیان نەبەمەوە. پاش ئەوە دەست و چاوێکم شت، هەموو بارەکەم هێنایە کەنارەکەو کەوتمە تاوتوێ کردنیان. سەیرم کرد کارتۆنە ڤەخارنەکە عارەقی نەیشەکەرە، بەڵام نەك لە جۆری بەرازیلی، بە کورتیەکەی جۆرێکی باش و پەسند نەبوو، لێ کە سەندوقەکانم کردنەوە، سەیرم کرد شتی باشی زۆریان تیایە. بۆ نموونە لە یەکێکیاندا، کارتۆنێکم دیتەوە پڕ بوو لە بوتڵە شرووبی مقەوی زۆر چاك و پەسند، هەر بوتڵێکیان نیو لیتر دەبوو و یەك و سەری زیوینیان پێوە بوو. دوو مەنجەڵۆکەی پڕ لە میوەی وشکەوە کراوو شیرینیجاتی زۆر چاکم دۆزییەوە کە قەپاغەکانیان هێندە بەمکومی نرابوونەوە کە ئاوی سوێری دەریاکە هیچ ئاسیوێکی پێ نەگەیاند بوون، دوو قاپی دیکەی لەم بابەتەش هەبوون کە ئاویان تێچوو بوو. چەند کراسێکی زۆر باشیشم دۆزییەوە، کە زۆرم پێویست بوون و نزیکەی یەك دەرزەن و نیو دەسماڵی کەتانی سپی و ملپێچی رەنگاو رەنگیشم دۆزییەوە. کە دەسماڵەکانیش زۆر بە سوود بوون، چونکە دەمتوانی لە رۆژانی گەرمادا سەروچاومیان پێ پاك بکەمەوە، کە بەڕاستی نیعمەت بوو. جگە لەمانە کاتێ کە چوومە سەر چەکمەجەی سەندوقەکان، هەشت کیسەی گەورەی پڕ لە دۆلاری ئەسپانیاییم دۆزییەوە، کە تێکڕا نزیکەی هەزارو سەد دۆلار دەبوو و لە یەکێك لە چەکمەجەکاندا، شەش سکەی زێڕو چەند قاڵبە زێڕێکی سێگۆشەیان لە کاغەزەوە پێچا بوو. پێموایە بە هەموویان نزیکەی نیو کیلۆ دەبوون.

لە سەندووقێکی تریاندا، هەندێ جل و بەرگی کەم بەهام دۆزییەوە، بەڵام لەوە دەچوو ئەم سەندووقە هی کابرای تۆپچی بووبێ. هەرچەندە هاڕاوەی بارووت لە سەندووقەکەدا نەبوو، بەڵام نزیکەی دوو کیلۆ بارووتی بریقەداری زۆر پەسندی لە سێ پاکەتی بچووکدا تیا بوو، کە پێدەچوو، بۆ پڕ کردنی تاپڕانیان بووبێت. بە شێوەیەکی گشتی لەم سەفەرەمدا دەسکەوتێکی ئەوتۆم بە نسیب نەبوو، چونکە پارەو پول، بە کەڵکی هیچم نەدەهات. پارە بۆ من وەکو چڵکی دەست بوو، ئامادە بووم هەر هەموو لە بری دوو سێ جووت پێڵاوی ئینگلیزیدا بدەم، کە زۆرم پێویست بە پێڵاو بوو، بەڵام چەندین ساڵ بوو بەو عەزرەتەوە بووم. هەڵبەتە هەنووکە دوو جووت پێڵاوم هەبوون، کە لە پێی دوو پیاوە خنکاوەکەی ناو کەشتیەکەم داکەند بوون، دوو جووتی دیکەشم لە نێو یەکێك لە سەندووقەکاندا دۆزی بوونەوە، کە بەڕاستی دڵم پێیان خۆش بوو، بەڵام نە لە رووی ڕەحەتی و نە لە رووی کاراییەوە وەکو پێڵاوێن ئینگلیزی خۆمان نەبوون. زیاتر نەعل

بوون تا پێڵاو. لە سەندووقی دووەمدا، نزیکەی پەنجا سکەی دۆلاری ئەسپانیاییم دۆزییەوە، بەڵام هیچ زێڕێکی تیا نەبوو. لامواپە خاوەنی ئەم سەندووقە لە خاوەنی سەندووقی یەکەم هەژارتر بووبێ، کە لەوە دەچوو ئەفسەر بووبێ.

بە هەرحاڵ ئەم پارانەم بۆ غارەکەم هێناو وەکو پارەکانی پێشووم کە لە کەشتیەکەی خۆمانم هێنا بوون، دامنان، بەڵام وەکو گوتم، بەڕاستی حەیف بوو کە نەمتوانی بوو، خۆم بگەیەنمە بەشەکەی دیکەی کەشتیەکە، دەنا دڵنیام دەمتوانی چەندین جار بەلەمەکەم لە پارە پڕ بکەمو بگەڕێمەوە بۆ هەوارەکەی خۆم، کە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ ئینگلیستان گەڕابامەوە، دەمتوانی لێرەدا بە خەیاڵی ڕەحەتو ئاسوودەوە وەیانشێرم و هەرکاتێ ئارەزووم بووایە بهاتمایەو پارەکانم ببەم.

ئێستا کە هەموو شتەکانم هێنابووە کەنارەکەو لە شوێنێکی ئەمیندا تاقەتم کردبوون، جارێکی دی سواری پیرە بەلەم بوومو، شان بە شانی کەنارەکە، بەدەم سەوڵ لێدانەوە ڕۆییشتم، تا بیبەمەوە شوێنەکەی پێشووی، لە کورت ترین ڕێگاوە بۆ ماڵە کۆنەکەم گەڕامەوە، سەیرم کرد هەموو شتێك بە دەقی خۆیەوە ماوە. ئیدی ئیسراحەتم کردو گەڕامەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆمو کەوتمە مشووری خانەوادەکەمو ماوەیەك بێ خەمو خەیاڵ ژیام. بەڵام لە چاو جارانا سڵترو گوێ قوڵاخ تر بووم، کەمتر دەچوومە دەرێ، ئەگەر جارجارێ چووبامە دەرێ، هەمیشە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دوورگەکەدا دەسوڕامەوە، کە دڵنیا بووم هۆڤیان هەرگیز بۆ ئەوێ نایەنو دەتوانم بە خەیاڵی ڕەحەتو بیری ئاسوودەو بەبێ چەكو تەقەمەنی زۆر بۆ ئەوێ بڕۆم، لە کاتێکا ئەگەر بۆ ئەو دیوی دوورگەکە بڕۆیشتبام ناچار بووم ئەو بارە قورسە (تفەنگو تاقم) بە کۆڵا بدەم.

## بۆ یەکەمجار گوێم لە دەنگی بەشەرێك دەبێ

نزیکەی دوو ساڵی دیکەم بەو جۆرە بردەسەر. بە درێژایی ئەم دوو ساڵە، مێشکم، جەنجاڵی ئەو نەخشەو پلانانە بوو کە چۆن ئەم دوورگەیە بەجێ بێڵم، ئەم مەشغەڵەتە زەینییە، کاری لە جەستەشم دەکرد. مودەتێك لە بیری ئەمەدا بووم کە سەفەرێکی دیکە بۆ لای کەشتیە شکاوەکە بکەم، هەرچەندە ئەقڵ پێی دەگوتم کە هیچ شتێکی وەهام دەست ناکەوێت، کە ئەو ریسك و سەرکێشیە بینێ. هەندێجاریش دەکەوتمە کەڵکەڵەی پیاسەو گەڕان بەم لاو بەو لاداو، دڵنیا بووم کە ئەگەر ئەو بەلەمەم لەبەر دەستا بوایە کە کاتی خۆی لە دەستی دزە دەریاییەکان، پێی هەڵاتبووم، بێ چەندو چوون ریسکم دەکردو خۆم بە دەریادا دەدا، بەرەو کوێ نازانم.

من هەمیشە مایەی عیبرەتی هەموو ئەو کەسانە بووم کە دووچاری ئەم بەلا گشتیەی بەشەر دەبن، لەو رووەوە کە نیوەی بەلاکانیان زادەو بەرەنجامی ئەم بەلایەیە، مەبەستم ئەوەیە کە بەشەر هەرگیز بەوە قاییل نییە کە خواو تەبیعەت بۆیان تەقدیر کردووە.

بەخەیاڵ بۆ ڕابردوو گەڕامەوە، بۆ ئەو زەمانەی کە گوێم بە ئامۆژگاریە دڵسۆزانەکانی باوکم نەدا، ئەمە گوناحی یەکەمینی من بوو و، هەڵەکانی دواترم، کە لە هەمان جۆر بوون، بوونە بایسی ئەوەی رۆژم بەم رۆژە رەشە بگات، چونکە ئەگەر خواستی خوایی، کە لە بەرازیلدا کردبوومی بە جووتیارێکی سەرکەوتوو، قەناعەتی پێ بەخشیبام‌و رازی دەبووم بەوە کە بەرە بەرە پێش بکەوم، ئێستا لە جیاتی لەم دوڕگەیەدا بکەوم، یەکێك دەبووم لە فەلاو کەشاوەرزە هەرە بەناوبانگەکانی بەرازیل. بێگومان بە بەراورد دەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زۆرەدا کە بەو ماوە کورتە لە بەرازیلدا، بە دەستم هێنا بوو، ئەگەر لەوێندەر مابامەوە سەرم لە خۆ تێك نەدابا ئێستا داراییم دەگەییە سەد هەزار مۆیدۆر (جۆرە سکەیەکی زێڕی پرتوگالیە کە لە هەردوو سەدەی هەڤدەو هەژدەدا لێدەدرا)، چ هەڵەیەکی گەورەم کرد کە ئەو سەروەتە مسۆگەرو زەمینە بە پیت‌و بەرەکەتەم بەجێهێشت، دەنا بەرە بەرە دەبووم بە خاوەنی بەرهەم‌و حاسلاتێکی هێندە زۆر ومشە، کە دەبوا بە کەشتی گەورە خەڵکمان بناردبا، تا لە گیناوە قولەڕەش و زەنگیانمان بۆ کار، بۆ بێنن. ڕاستە ئەم کارە پارەی زۆری تێدەچوو، بەلام ئەم تێچوونە نەدەگەییە نیوەی لە ناوچوونی بەروبووم‌و حاسلاتەکە.

بەلام ئەمە چارەنووسی ئاسایی بیرکردنەوەی گەنجە، بۆیە بیرکردنەوەو وردبوونەوە لە هەڵەو بەدەست هێنانی ئەزموونانی بە نرخ کە بە تێپەڕبوونی رۆژگار بە دەست دێن، مەشقی سالانی دواترە، منیش ئێستا هەمان وەزعم هەبوو. بەلام هەڵەو خەتا بە جۆرێ رەگ‌و ریشەیان لە مندا داکوتا بوو کە نەمدەتوانی لە وەزعی خۆم رازی بم، بەڵکو هەمیشە لە بیری ئەوەدا بووم چۆن لەم دوڕگەیە دەرباز بم، هەڵبەتە بۆ خوێنەران خۆشتر وایە کە پاشماوەی حیکایەتەکەم بگێڕمەوە، رەنگە جێی خۆی بێ کە بیرکردنەوەو خولیاو کەڵکەڵەکانی سەرەتام لەمەڕ ئەو نەخشە گەوجانەیەی کە بۆ هەلاتن لە دوڕگەکەم دانا بوو بگێڕمەوەو ئەوە روون بکەمەوە کە بە چ ئەقڵ‌و خەیاڵێ ئەم کارەم کرد.

ئێستا، پاش دوا سەفەرم بۆ لای کەشتیە شکاوەکە، لە قەلاکەی خۆما دەژیام‌و بەلەمەکەم بەستبووەوەو لە ژێر ئاوەکەدا بوو، وەکو جاران دەژیام. لە ڕاستیدا لە چاو جاراندا سەروەتێکی زیاترم هەبوو، بەلام بە هیچ جۆرێ دەوڵەمەندتر نەبووم، چونکە سەروەت‌و سامانەکەم لەو چۆڵەوانیەدا بە کەڵکی هیچ نەدەهات...

شەوێکی وەرزی بارانی مانگی سێ بوو، بیست‌و چوارەمین ساڵی تەنیاییم بوو لەم دوڕگەیەدا. لەسەر جێگاکەم یا جۆلانەکەم ڕاکشابووم، بێدار بووم، ساغ‌و سەلامەت، نە هیچ دەردو بەلایەکم هەبوو، نە بێتاقەت بووم، نە هیچ ناڕەحەتیەکی جەستەیی یان دەروونی نا ئاساییم نەبوو، بەلام هەرچیم دەکرد چاوانم نە دەچوونە خەو. هەڵبەتە بە درێژایی شەوەکە بۆ تاقە یەك ساتێکیش خەوم لێنەکەوت ئەمە هیچ، بەڵکو ئەم واریقاتەش هاتە پێشێ.

دیاره زنجیرەی ئەو شەپۆلە بیرانەی کە بە درێژایی ئەم شەوە بە هزرو بیری مندا هاتووە، نە دێتە گێرانەوەو نەگێرانەوەشی پێویستە،بە کورتی شریتی ژیانی رابردووی خۆم تا ئەو رۆژەی رێم کەوتە ئەم دورگەیە بۆ خۆم لێدایەوە. هەروەها بەشە خۆشەکەی سالأنی هەوەڵی ژیانی خۆم لە دورگەکەدا، دەگەڵ ژیانی پڕ نیگەرانیو ترسو دوو دڵی ئەو سەردەمەدا کە جێ پێیەکم لەسەر لمەلأنی کەنارەکەدا بینی بەراورد کرد. ئەوە نەبوو کە باوەڕ نەکەم هۆڤیان لە تەواوی ئەم ماوەیەدا بۆ کەنارەکە هاتبووبن، بەلأم هیچ کاتێك بەمەم نەزانی بوو، بۆیە هیچ نیگەران نەبووم. بە ژیانی خۆم کۆڵێك رازی بووم، هەرچەندە من هەمان مەترسی هۆڤیەکانم لەسەر بوو، بەلأم خۆشحاڵیم لەوەدا بوو، کە هەستم پێنەکردبوو. ئەم بابەتە کۆمەڵێك هزرو بیری زۆر بە سوودی لا وروژاندم، بە تایبەتی ئەم بیرۆکەیەی کە خودا بەعیلمو بەسیرەتی خۆی چەند جوان پەیوەندییە وردەکانی کاروباری بەشەران دەگێڕێت، ئەگەرچی بەشەر رێگای خۆی بە نێوان هەزاران مەترسیدا تەی دەکات، کە ئەگەر رووبەڕوو ئەو مەترسیانە بدینێ، کۆنترۆڵی هزرو بیری لە دەست دەداتو ورەی دەڕوخێت، بەلأم خواوەند، بە پەنهان کردنی ئەو مەترسیانە لە چاوی بەشەر، کارێك دەکات بەشەرەکە بەورە بەرزی مل بە ژیانەوە بنێتو بیر لەوە نەکاتەوە چ مەترسیانێك گەمارۆیان داوە.

پاش ئەوەی ماوەیەك بەم بیرانەوە بووم، بەجدی بیرم لەو مەترسیە ڕاستەقینەیە کردەوە، کە ساڵەهایەك لەم دورگەیەدا گەمارۆی دابووم، بیرم لەوە کردەوە کە چۆن بەوپەڕی ئاسوودەییو دڵنیاییەوە ژیا بووم، لە کاتێکا زۆر نزیك بوو، لە ئانو ساتدا تیا بچمو ئاوەو ئاو بچم، یانی بکەومە دەستی بنیادەمخۆرانو هۆڤیان. بنیادەمخۆران و هۆڤیان دەیانتوانی وەکو چۆن کە من بزنێك یان کیسەڵێکم دەگرت، بەو ئاوایە بمگرنو، وەکو چۆن من کۆترێك یان هەر تەیرێکی دیکەم دەکوشتو دەمخواردو هەستم بە هیچ گوناحو تاوانێك نەدەکرد، بەو ئاوایە من بکوژنو بمخۆن. ئەگەر بڵێم بەدڵو ڕاستگۆیانە سوپاسی پارێزەری خۆم نەکردووە، بوختانێکی گەورەم بە خۆدا کردووە، چونکە بەوپەڕی خاکەسارییەوە قەناعەتم وا بوو کە تەنیا پشتیوانی ئەو بوو کە منی لەم هەموو مەترسیانە رزگار کردبوو، و بەبێ پشتیوانی ئەو، بێگومان دەکەوتمە دەستی رەشی ئەوان.

کاتێ لەم بیرو خەیالأنە بوومەوە، تا مودەتێك مێشکم مژولی ئەمە بوو کە بزانێت جەوهەرو ماهیەتی ئەم خوێڕیانە، یانی ئەم هۆڤیانە چیەو، چۆنە کە خوای بەرزو بالأ، کە ئەم هەموو گەردوونە بەڕێوە دەبات، رێگەی داوە خەڵکانێك لە مەخلوقاتی خۆی بەو شێوەیە نامرۆڤانە رەفتار بکەن، یانی هاوڕەگەزو هاو نەژادی خۆ بخۆن کە هەموو حەیوانێکیش ئەمە ناکەن. بەلأم کاتێ ئەم بیرە (لەو کاتەدا بێهودەیە) تەواو بوو، بیرم کردووە کە بزانم ئەم خوێڕیانە لە چ بەشێکی دنیادا دەژین، ئەم گۆشەو کەنارەی کە لیوەی دەهاتن چەند لێرەوە دوورە، چ جۆرە بەلەمێکیان هەیە، بۆچی کارەکانم بە جۆرێ رێك نەخەم کە لە جیاتی ئەوان تاقیبو سۆراخی من بکەن، بە پێچەوانەوە من تاقیبی ئەوان نەکەم.

هەرگیز زەحمەتی ئەوەم بە خۆ نەدا بیر لەوە بکەمەوە کە چووم بۆ ئەوێ چیبکەم، ئەگەر بکەومە دەستی هۆڤیان چم بەسەر دێت. یان ئەگەر دووم کەوتن، چۆن لە دەستیان هەڵێم، نەخێر بیرم لەمەش نەکردەوە کە چۆن خۆم بگەیەنمە کەنارەکەو لە کاتێکدا رزگار بوونم مەیسەر نەبوو، هیچ کەسێك لەوان تاقیبم نەکات، ئەگەر نەکەوتمە دەستیان هەنگێ چۆن خواردن پەیدا بکەم، یان لە کام رێگەو رێڕەوەوە بڕۆم. بە هیچ جۆرێ بیرم لەم شتانە نەکردەوە، هەموو هۆش و گۆشم مژولی ئەمە بوو کە بەلەمەکەم بگەیەنمە وشکانی. زۆر لە وەزعو حاڵی هەنوکەی خۆم بێزار بووم، بەوپەڕی خراپ و نالەبارم دەزانی. لە دڵی خۆدا گوتم مردن مردنە لەقەفرتێی بۆچیە، ئەوپەڕی خۆم بە کوشت دەدەم، ئەگەر بگەمە وشکانی ئەسڵی، لەگینە بتوانم رزگار ببم، رەنگە وەکو ئەوسای کە لە کەناری ئەفریقیادا بووم، بتوانم شان بەشانی کەنارەکە بکەومە رێ تا دەگەمە ئاوەدانیەك، لەگینە لەوێ بتوانم رزگاربېم، رەنگە لە ئەنجامدا تووشی کەشتیەکی مەسیحیان ببم و سواری بکەن، دەنا ئەوپەڕی دەمرم و زووتر لە دەست ئەم ژیانە مەینەتبارە رزگار دەبم. بێزەحمەت ئاگاداری ئەوە بن کە ئەم بیروهزرینە زادەی زەینێکی پەریشان و روحێکی نا ئارام بوو کە بە هۆی بەردەوامی کێشەو ناکامیانەوە ریشاژۆ بوو بوون، چونکە لەوە نا ئومێد بوو بووم کە هاودەمێکم بۆ پەیدا ببێ یان بزانم لە کوێم، یان چۆن رزگار بم. بە کورتیەکەی ئەم هزرو بیرانە زۆریان بۆ هێنا بووم. چونکە هەر هەموو ئەو ئارامی و ئاسوودەییەی کە بە هۆی تەوەکەل و رازی بوون بە ڕەزای خوا بە دەستم هێنا بوو، لە دەست چوو بوو، راستت دەوێ هەموو هۆش و گۆشم هاتبووە سەر بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن بگەمە وشکانی ئەسڵی، ئەم بیرۆکەیە بە جۆرێ بە سەرما زاڵ بوو بوو، کە مەحاڵ بوو لە هەنبەریا بوەستم.

ئەم مەسەلەیە دوو سەعاتێك یان زیاتر، بە جۆرێ مێشکی هاڕوژاندبووم کە خوێنم هاتبووە جۆش و نەبزم هێندە بە توندی لێی دەدا لە تۆوایە تایەکی توندم لێهاتووەو لە رادەبەدەر کەللەم گەرم بووە. ئەم بیرانە هێندەیان شەکەت و ماندوو و بێتاقەت کردبووم کە خەوێکی قورس بردمیەوە. لەوەیە وا تەسەور بکرێ لە خەویشدا هەر بیرم لەم شتانە کردبێتەوە، بەلام نا، وا نەبوو، خەوەکەم هیچ پەیوەندییەکی بەم مەسەلەیەوە نەبوو. خەوم بینی لەو خەوەدا رۆژێك بەیانی وەکو هەمیشە لە قەلاکەم هاتمە دەرێ، لە کەنارەکەدا یازدە هۆڤیم بینی کە هاتوونەتە وشکانی و هۆڤیەکی دیکەیان دەگەڵ خۆدا هێناوەو دەیانەوێ بیکوژن و بیخۆن، کە لە پڕ ئەو هۆڤیەی کە قەرار بوو بکوژرێت هەڵات و تا هێزی تیا بوو پێی وەغارێوەنا، لە خەوەکەمدا بینیم بەرەو چڕە دارستانەکەی بەردەم حەوش و حەسارەکەی من هات تا لەوێ خۆی بشارێتەوە، کە دیتم بە تەنیایەو پێموانەبوو ئەوانی دی تاقیبی دەکەن، خۆم پێی نیشان داو بزەیەکم بە رووی‌داو دڵگەرمم کرد، بە جۆرێ کە لە بەرانبەرمدا کەوتە سەر چۆکان، لەوە دەچوو لە من بپارێتەوە کە فریای بکەوم و یارمەتی بدەم. ئەنجام پەیژەکەم نیشانداو وادارم کرد بە پەیژەکەدا سەر بکەوێ و بردمە غارەکەی خۆمەوەو ئیدی بوو بەخزمەتکارم، هەرکە ئەم پیاوەم گرتەخۆ، لە دڵی خۆدا گوتم "ئێستا ئیدی بێگومان دەگەمە وشکانی ئەسڵی، چونکە ئەم پیاوە رێم پێ نیشان دەدات و، پێم دەڵێت کە چیبکەم، خواردن لە کوێ پەیدا بکەم، بۆ ئەوەی نەخورێم، بە کوێدا

بڕۆم‌و بە کوێدا نەڕۆم." بەدەم ئەم بیرو خەیاڵاتانەوە لە خەو ڕابووم‌و هێندە بە خەوەکەم، کە گوایە لە دوڕگەکە رزگار بوو بووم، دڵم خۆش بوو، لە کەیفان لە پێستی خۆ نەدەهێوریم، لێ گاڤێ وەخۆ هاتمەوە سەیرم کرد ئەمە هەر هەمووی خەو بووە، ڕێك هەستێکی پێچەوانەم لا دروست بوو و زۆر خەمبار بووم.

ئەم خەونە، گەیاندمیە ئەم ئەنجامگیرییەی کە تاقە ڕێگای رزگار بوونی من لەم دوڕگەیە ئەوەیە کە ئەگەر بکرێت یەکێك لەو هۆڤیانە بگرم‌و بیخەمە خزمەتی خۆمەوە، خۆ ئەگەر یەکێك بێت لەو دیلانەی کە قەرار بێت بێتە خواردن‌و بە مەبەستی کوشتن بۆ ئێرەیان هێنا بێ، زۆر باشترە. بەڵام کێشەی ئەم بیرە ئەوەبوو کە پراکتیزەکردنی وەستا بووە سەر ئەوەی کە پەلاماری کاروانێکی ئەو هۆڤیانە بدەم‌و هەر هەموویان بکوژم، ئەمەش نەك هەر کارێکی یەجگار دژوارو قورس بوو، بەڵکو لەگێن بوو رووبە ڕووی شکستیش ببێتەوە، لە سەرێکی دیکەوە، لە رەوا بوونەکەشی تەواو دوو دڵ بووم، کە بیرم لە رشتنی ئەو هەموو خوێنە دەکردەوە دڵم دادەلەرزی، با ئەم کارەم تەنیا لە رای رزگاری خۆم بووبێ، پێویست بەوە ناکات پاساوەکانی خۆم سەبارەت بە دژایەتی کردنی ئەم کارە، باس بکەم‌و بگێڕمەوە، پێشتر ئاماژەم بۆ کردوون، هەرچەندە ئێستا پاساوی دیکەم هەبوون، بۆ نموونە یەکێك لەم پاساوە تازانە ئەمە بوو کە ئەوانە دژمنی گیانی من بوون، ئەگەر بیان توانیبا گۆشاوگۆش سەریان دەبڕیم‌و دەیانخواردم، ئەمە گەورەترین پاساوی دەستم بوو بۆ رزگار بوون لەم ژیانە مەینەتبارەی کە تیایا بووم، گوایە ئەگەر من ئەوانم نە کوشتبا ئەوان منیان دەخوارد، بۆیە کارەکەی من بەرگری بوو لە خۆم. بەڵام وێڕای ئەم بیانوو و پاساوانەش کە بیرم لەوە دەکردەوە بە خوێن ڕێژی خۆم رزگار بکەم، بە ڕاستی سامناك دەهاتە بەرچاوم، زۆرم لەبەر گران بوو، تا ماوەیەکی زۆر بە هیچ کلۆجێ نەمدەتوانی پاساو بۆ ئەو کارە بێنمەوە.

بەڵام سەرەنجام، دوای کێشماکێشێکی پەنهانی فرە دەگەڵ خۆمدا، دوای پەشێوی‌و پەریشانیەکی زۆر (چونکە هەموو لایەنە ئەرێنی‌و نەرێنییەکانی ئەم کارە لە هزرو بیرما لە کێشماکێشدا بوون) مەیل‌و ئارەزووی رزگاری بەسەر هەموو بیانوو و پاساوەکانی دیدا زاڵ بوو و لێبڕام، بە پێی توانا، هەوڵبدەم بە هەر نرخێ بووە یەکێك لەو هۆڤیانە دەسگیر بکەم. هەنگاوی دووەمم ئەوە بوو کە بزانم چۆن ئەم کارە بکەم، بە ڕاستی ئەم هەنگاوە دژوار بوو. بەڵام چونکە هیچ ڕێگەیەکم نەدۆزییەوە، لێبڕام ئێشك بگرم‌و بزانم ئەوانە کەی بۆ کەنارەکە دێن‌و، ئەوسا خۆم بەقەدەرو چارەنووس بسپێرم‌و بزانم کەی ئەم دەرفەتەم بۆ هەڵدەکەوێ‌و چی دەبێ با ببێت.

دوای ئەم بڕیارە، ئیدی بە گوێرەی توانا کەوتمە ئەوەی گوێ هەڵخەم، کە هەڵبەتە ئەم کارە هەندێجار یەجگار بێتاقەتی دەکردم، چونکە پتر لە ساڵ‌و نیوێك چاوەڕوانم کردو زۆربەی ئەو ماوەیەش، هەموو رۆژێ دەچووم بۆ رۆژئاواو گۆشەی باشووری رۆژئاوای دوڕگەکەو چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد لۆتکەیەك پەیدا ببێ، بەڵام هیچ لۆتکەیەك دەر نەکەوت. بە ڕاستی ئەمە زۆری ساردکردمەوە، هەرچەندە ئەم سارد بوونەوەیە بە ئەندازەی جارانی پێشوو نەبوو، یانی نەیتوانی کەڵکەڵەو خولیاکەم کەم بکاتەوە، بەڵکو چەند کارەکە دواتر دەکەوت، خولیاو

کەڵکەڵەکەم زیاتر دەبوو. خولاسە، چەند لە هەوەڵەوە خۆم لە دیتنی ئەم هۆڤیانە دەپاراست، ئێستا بەهەمان ئەندازە، تاسەمەندی دیتنیان بووم.

لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر دووان سیانێکم لەم هۆڤیانە لەبەر دەست بوایەن، دەمتوانی ئیدارەیان بدەمو بیانکەم بە کۆیلەو ئەڵقە لە گوێی تەواوی خۆمو هەر چیەکیان پێ بڵێم ئەنجامی بدەنو نەیەڵم بچووکترین ئاسیوم پێ بگەیەنن. ماوەیەکی زۆر بەم خەیاڵ پلاوانەوە سەر گەرم بووم، بەڵام هێشتا هیچ شتێك نەهاتبووە پێشێ. هەموو ریسەکەم بووەوە بە خوری، چونکە تا مودەتێکی زۆر هیچ شوێنەوارێکی هۆڤیان دەرنەکەوت.

دوای نزیکەی ساڵو نیوێك لەم هزرو خەیالانەو پاش ڕامانێکی زۆرو پاش ئەوەی کە نەخشەکانم بە هیچ کوێ ڕانەگەین، چونکە هیچ دەرفەتێکی جێبەجێ کردنیان نەڕەخسا، ڕۆژێك، بەیانی زوو، زۆر سەرم سوڕما کە دیتم پێنج بەلەم لەو قۆڵەی دوڕگەکەوە کە منی تیا بووم، هاتنە کەنارەکە، سەرنشینانی بەلەمەکان هەموو دابەزینو لە چاوی من ون بوون. ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوو هەموو حیساباتێکم لێ تێکچوو، دەمزانی هەر بەلەمێکی چوار کەس یان شەش یان هەندێجار زیاتر، سواری دەبوون. نەمدەزانی چ بکەمو چۆن بتوانم بە تاقی تەنیاو بە دەستی خاڵی دەرەقەتی بیست سی نەفەر بێم. بۆیە کڕو کپ، پەریشانو نا ئارام لە قەلاکەدا مامەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەموو تەدارەکێکی خۆم بینی بوو تا ئەگەر دەرکەوتن، دەستبەکار ببم. کە ماوەیەك بە دەم چاوەڕوانی و گوێ هەڵخستنەوە مامەوە تا بزانم هیچ سەرو سۆراخێکیان دەبێ یان نا، بێتاقەت بووم، تفەنگەکانم لە پای پەیژەکە داناو چوومە سەر گردەکە، هەڵبەتە بە جۆری وەستام کە سەرم لەسەر گردەکەوە دیار نەبێتو بە هیچ جۆرێ نەتوانن بمبینن، لەسەرێ ڕا بە دووربین تەمەشام کرد، سەیرم کرد ژمارەیان بەلای کەمەوە سی نەفەرە، ئاگرێکیان کردووەتەوەو گۆشتێکیان ئامادە کردووە کە بیخۆن. نازانم چۆنیان کولاند بوو و گۆشتی چی بوو، لێ هەر هەموویان خەریك بوون بە ئەداو ئەتواری هۆڤیانەو شێوازی خۆیان، بەدەوری ئاگرەکەدا دەڕەقسین.

لە کاتێکا کە خەریك بووم بە دووربین تەمەشام دەکردن، سەیرم کرد دوو کەسی قەرەبەختیان لە بەلەمەکان هێنا دەرێ. لەوە دەچوو لە ناو بەلەمەکانیان دانابنو هەنوکە وەختی سەربڕینیان هاتبێت. دیتم بە شتێکی وەکو کوتەك یان شمشێری دارین، لە یەکێکیان داو یەکسەر کەوتە سەر ئەرزەکەو دوو سێ نەفەری تریان یەکسەر دەستبەکار بوونو جەستەیان هەڵدڕیو لەتو پەتیان کردو بۆ کولاندنیان ئامادە کرد، قوربانیەکەی دی بە تاقی تەنیا وەستا بوو و چاوەڕوانی دەکرد تا نۆرەی بگاتێ. یارۆ کە بینی بەدەقی خۆیەوە بەرەڵلاکراوە، تەبیعەت ئومێدی ژیانی پێبەخشیو پێی وەغارێوە ناو، بە خێراییەکی باوەڕ نەکردەنی بەسەر لمەلانەکەدا بەرەو لای من، یانی بەرەو ئەو سەمتەی دوڕگەکە کە ماڵەکەی منی تیا بوو، هات.

پیاو ڕاست بڕوات کە کاتێ دیتم خەریکە بەرەو لای من دێت زۆر ترسام، بە تایبەتی وەختێ دیتم کە هەموو گروپە هۆڤیەکە تاقیبی دەکەن، سەیرم کرد خەوەکەم خەریکە دێتە دی وواديارە خۆی بە چڕە دارستانەکەی لەمەڕ مندا دەکات. بەڵام بەشێکی تری خەوەکەم دوور بوو بێتە دی،

یانی دوور بوو هۆڤیەکان تا ئەوێندەر بەشوێنیا نەیەن و نەیدۆزنەوە. بە هەرحاڵ لە شوێنی خۆم نە جولاّم و کاتیٚ دیتم تەنیا سیٚ کەس تاقیبی دەکەن خەیاڵم رەحەت تر بوو، و وەختیٚ دیتم کە ئەو زۆر لەوان قۆچاغترەو کەوتووەتە پێشەوە، خەیاڵم ئاسوودەتر بوو، ئەگەر توانیبای نیو سەعاتێکی دی بەردەوام بێت، دەیتوانی لە دەستی هەموویان دەرباز ببێت.

روبارێك لە نێوان ئەوان و قەلاّکەمدا هەبوو کە لە بەشی یەکەمی حیکایەتەکەمدا ئاماژەم بۆ کردووە، کە وەختیٚ بارەکانم لە کەشتیەکە دێنا، لەوێندەر دام دەگرتن، ئیدی لام عەیان بوو. کە ئەو داماوە، دەبوا ئەو مەسافەیە بە مەلە ببڕێت، دەنا دەکەوتە دەستیان لیٚ کاتیٚ کابرای هەلاّتوو گەییە ئەوێندەر، هەرچەندە ئاوەکە قووڵ بوو، خۆی شێلو نەکرد، خۆی بە ئاوەکەدا داو بە نزیکەی سی باسکە مەلە لە روبارەکە پەڕییەوەو گەییە ئەمبەری روبارەکەو تا هێز لە لاقیا بوو درێژەی بەغاردان دا. کاتیٚ ئەو سیٚ نەفەرە گەیینە روبارەکە، دیقەتم دا کە دوانیان مەلە بەڵەد بوون، بەلاّم سێیەمیان بەڵەد نەبوو و لەوبەری روبارەکە وەستاو چاوی بڕییە ئەمبەری روبارەکە، لیٚ نەهاتە پێشەوە، دوای کەمێك گەڕایەوە، کە بە ڕێکەوت ئەم گەڕانەوەیە زۆر بە قازانجی ئەو بوو.

دیقەتم دا ئەو دوو نەفەرەی کە مەلە بەڵەد بوون، زۆر لە کابرای هەلاّتوو خاوترن و، خێراییان ناگات بە نیوەی خێرایی ئەم. ئێستا ئەم خەیاڵە خۆشەم بە مێشکا هات کە کاتی ئەوە هاتووە کە خزمەتکارێك یان هاودەمیٚ یان شاگردو یاریدەدەرێکم هەبیٚ، تۆ مەیکە خوا بیدا، وا دیارە خواستی خودا ئەوەیە کە من ژیانی ئەم قەرەبەختە رزگار بکەم. بۆیە یەکسەرو بلەز بە پەیژەکەدا هاتمە خوارەوەو هەر دوو تفەنگەکەم، کە لە پای پەیژەکەدا بوون، هەڵگرت و بە هەمان خێرایی دووبارە بەگردەکەدا سەرکەوتم و لەوێندەرەوە بەرەو دەریاکە وەڕێکەوتم، چونکە رێگەیەکی قەدبڕی زۆر کورتم هەڵبژاردبوو و هەمووی سەرەو لێژی بوو، کەوتمە نێوان یارۆی هەلاّتوو دووانەکەی کە تاقیبیان دەکرد. بە دەنگی بەرز یارۆی هەلاّتووم گاز کرد، کە ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، لە سەرەتاوە رەنگە بە هەمان ئەندازەی کە لەوان دەترسا، لە منیش ترسا بێت، لیٚ بە دەست ئاماژەم کردیٚ کە بگەڕێتەوەو لە هەمان کاتدا بە ئەسپایی بەرەو ئەو دوو نەفەرە چووم کە ئەویان تاقیب دەکرد. پاشان لە ناکاو بەرەو نزیکەکەیان رۆییشتم و بە قۆناغە تفەنگ تەختی عاردیم کرد. حەزم نەدەکرد، تەقە بکەم، چونکە نەمدەویست ئەوانی دی گوێیان لە تەقەی فیشەك بێت، هەرچەندە لەو مەسافەیەوە دەنگی بە ئاسانی نەدەبیستراو دووکەڵی تفەنگەکەش لەو دوورەوە نەدەبینرا، بۆیە ئاسان نەبوو کە سەر لە مەسەلەکە دەربکەن و بزانن چی بووەوەو چی روویداوە.

وەختیٚ ئەو زەلامەم دا بە عەرزیدا، ئەوەی دی کە لە دووی دەهات، لە جێی خۆی وەستا، پێدەچوو ترسا بێت. بە هەشتاو بۆی چووم، کە نزیك بوومەوە، لە ناکاو دیتم تیروکەوانی پێیەو خەریك بوو نیشانەی لێدەگرتمەوە، ئەنجام ناچار بووم خێرا تەقەی لێبکەم، بە یەکەم فیشەك ئەنگاوتم و کوشتم. کابرای هەلاّتووی بەلەنگاز، بەدەقی خۆیەوە وەستا بوو، هەرچەندە دڵنیا بوو کە هەردوو دژمنەکە لەو گۆڕە کەوتوون و مردوون، بەلاّم بە رادەیەك لە دەنگی تفەنگەکە ترسا بوو

که لە جیی خۆی بەنج بوو بوو، نەدەهاتە پێشێ و نەدەڕۆییە دواوە، ئەگەرچی پێدەچوو زیاتر مەیلی هەڵاتنی هەبێ تا مەیلی هاتنە پێش. دووبارە گازم کردو بە ئاماژە تێمگەیاند کە بێتە پێشێ، یەکسەر تێگەیی و کەمێك هاتە پێشەوە، بەڵام دووبارە وەستاو، پاشان کەمێکی دی هاتە پێشێ و هەمدیس وەستا، سەیرم کرد خەریکە دەلەرزێ، وەکو ئەوەی دیل و یەخسیر کرابێت و لەگین بێ وەکو هەردوو دژمنەکەی بیکوژن. دووبارە ئاماژەم کردێ کە لێم بێتە بەرەوەو هێندەی لە توانامدا بوو بە ئاماژە هەوڵی هێور کردنەوەیم دا، ئیدی بەرەبەرە نزیك و نزیکتر دەبووەوە، هەر دە دوازدە هەنگاو جارێك، بە نیشانەی منەتباری ئەوەی کە گیانیم رزگار کردبوو بۆم دەکەوتە سەر چۆکان. بزەیەکم بە روویاداو بە میهرەبانی لێم روانی و ئاماژەم کردێ کە بێتە پێشترەوە. ئەنجام گەییە بەردەمم و دووبارە کەوتە سەر چۆکان، ئەرزەکەی ڕاموسی و تەوێڵی نایە سەر ئەرزەکە، پێی منی گرت و نایە سەر سەری خۆی. لەوە دەچێ سوێند بخوات کە بۆ هەتا هەتایە هەر کۆیلەو ئەڵقە لە گوێی من بێت. هەڵم ستاندەوە، بە هەموو شێوەیەك دڵخۆشیم دایەوە. لێ هێشتا هەندێ کاری دی مابوون کە بیانکەم، چونکە دەمزانی ئەو هۆڤیەی کە تەختم کردبوو، نەمردبوو، بەڵکو بە هۆی جەزرەبەی قۆناغە تفەنگەکەوە بورابووەوەو خەریك بوو وەخۆ دەهاتەوە، بۆیە ئاماژەم بۆ یارۆی هەڵاتوو کردو کابرای هۆڤیم پێ نیشان دا کە هێشتا نەمردووە. یارۆی هەڵاتوو، هەندێ وشەی بە من گوت کە هەرچەندە لێی حاڵی نەبووم چی دەڵێت، پێمواییە دەربڕینی خۆشحاڵی بوون، چونکە یەکەمین دەنگ بوو، کە جگە لە دەنگی خۆم، دوای بیست و پێنج ساڵ گوێم لێی بێ. بەڵام وەختێ ئەمجۆرە بیرکردنەوانە نەبوو، ئەو هۆڤیەی کە لێم دابوو وەخۆ هابتووەوەو لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو، هەستم کرد هۆڤیەکەی لەمەڕ من خەریکە دەترسێت، بەڵام کە دیتم دەترسێت، بە تفەنگەکەی ترم نیشانەم لە کابرای هۆڤی گرتەوە، وەکو ئەوەی گوایە دەمەوێ تەقەی لێبکەم. هۆڤیەکەی من، کە هەنووکە وام ناو دەبرد، جوڵەیەکی کرد وەکو ئەوەی بیەوێ شمشێرەکەمی، کە بە قەدمەوە بوو، بدەمێ و، شمشێرەکەم دایە. هەرکە دەستی گەییە شمشێرەکە، پەلاماری دژمنەکەی داو، یەکەو شمشێر سەری پەڕاند، یانی بە جۆرێ سەری پەڕاند کە هیچ میر غەزەبێك (جەلاد) لە ئەڵمانیاشدا، ئەوەندە کارامە نەبوو، ئەمەم زۆر بەلاوە سەیر بوو، چونکە وام وێنا دەکرد لە عەمراتیا جگە لە شمشێرە دارینەکانی خۆیان هیچ شمشێرێکی دیکەی نەدیتووە، پاشان بۆم دەرکەوت تومەز ئەمانە شمشێرە دارینەکانیان هێندە تیژو قورس دروستدەکەن و دارەکەی هێندە سەختە، کە دەتوانن یەکەو شمشێر سەر یان بازووی کەسی بەرانبەریان بپەڕێنن. کاتێ لە کارەکەی بووەوە، بەدەم زەردەخەنەیەکی سەرکەوتووانەوە بەرەو لای من هات، شمشێرەکەی هێناو، بە کۆمەڵێك ڕەفتاری جیاوازەوە کە هیچیان لێ حاڵی نەبووم، شمشێرەکەو سەری یارۆی کوژراوی، ڕێك لەبەردەم مندا دانا.

بەڵام ئەو شتەی لە هەموو شتێك پتر سەرسامی کردبووم ئەوە بوو کە چۆن توانی بووم ئەو سوور پێستەی دی لەو دوورییەوە بکوژم، بۆیە ئەوی نیشاندام و بە ئاماژە داوای لێکردم ڕێی بدەم بچێ بۆ لای ئەو ومنیش هەوڵمدا، بە ئاماژە تێی بگەیەنم باشە بڕۆ. کاتێ گەییە ئەوێ بە حەپەساوی بەدیارییەوە وەستا، یەکەمجار بە تەنیشتێکیاو پاشان بە تەنیشتەکەی تریا وەری

گێڕاو روانیە شەبەقی ئەو زامەی کە گوللەکە تێی کردبوو، خوێنێکی زۆری لەبەر نەڕۆیی بوو، بەلاّم تووشی خوێنبەربوونی داخلی بوو بوو، چونەکە بە تەواوەتی حەیاتی لەبەر بڕا بوو. تیروکەوانەکەی یارۆی کوژراوی هەڵگرتو گەڕایەوە. من کەوتمە رێو بە ئاماژە تێمگەیاند کە بە دووما بێت، بە ئاماژە تێمگەیاند کە لەگینە هۆڤیانی دی بە دووی ئەم دوو نەفەرەدا بێن.

بە ئاماژە بە منی گوت کە دەبێ لە لمەلانەکەدا بیان نێژێت تا ئەگەر ئەوانی دی هاتن، نەیان بیننەوە. ئەنجام منیش بە ئاماژە تێمگەیاند کە بیان نێژێت. یەکسەر دەست بەکار بوو، بە هەشتاو بە دەستەکانی چاڵێکی لە لمەلانەکەدا هەڵکەند کە ئەوەندە گەورە بوو کە جێی تەرمی یەکەمی تیا دەبووەوە، ئەوجا تەرمەکەی راکێشایە دیار چاڵەکە، خستیە چاڵەکەوەو داپپۆشی. تەرمی دووەمیشی بە هەمان شێوە شاردەوە. بە مەزەندەی من لە زەرفی چارەکە سەعاتێکدا هەردووکیانی ناشت. پاشان گازم کرد، بۆ قەلاّکەمم نەبرد، بەڵکو بۆ غارە دوورترەکەمم برد. یانی نەمهێشت ئەو بەشەی خەوەکەم کە ئەو پەنای هێنا بووە ناو چڕە دارستانەکەم، بێتەدی.

لەوێندەر هەندێ نان و مستێ مێوژم دایە کە بیخوات و قومێ ئاویشم دایە، سەیرم کرد بە هۆی راکردنی زۆرەوە، فرە تینووی بووە، کە تۆزێ وەخۆ هاتەوەو پشوویەکی تێگەڕا، ئاماژەم کردێ کە راکشێتو بۆ خۆی بخەوێت، ئاماژەم بۆ شوێنێك کرد کە کۆمەڵێك بەڵمە برنجم راخستبوو و پەتۆیەکم پێدا دابوو کە خۆم هەندێجار لەوێ دەخەوتم. یارۆی نەگبەت لەوێ ڕاکشاو خەوی پێیا کەوت.

## ناوی دەنەم هەینی ( جوعمە )

کەسێکی قۆزو جوان بوو، بەژن و بالاّیەکی رێك و پێکی هەبوو، دەست و پێی رێك و بە قوەت بوون، زۆر ناقۆلاّ نەبوون، بالاّ بەرز، بەدارو بار بوو، پێموایە نزیکی بیست و شەش ساڵێك دەبوو. رووی زۆر خۆش بوو، هیچ گرژی وتورەیی و مۆنیەکی پێوە دیار نەبوو، بە سیمادا زۆر پیاوانە بوو، هەموو شیرینی و رەزا سووکی و نەرمیەکی ئەوروپاییانی بە سیماوە دەبینرا، بە تایبەتی کە پێدەکەنی. قژی درێژو رەش بوو، وەکو خوری مەڕ، لوول نەبوو. نێوچەوانی پان و بەرز بوو، زیتەڵەیی و هۆشمەندی لە چاوانیا پرشنگی دەدا. رەنگی رەشێکی تەواو نەبوو، بەڵکو گەنم رەنگێکی تۆخ بوو، بەلاّم نەك لەوانەی کە دڵ لە دیتنیان تێك هەڵدێت،یانی وەکو بەرازیلیان و ڤێرجینیان و باقی خەڵکی ئەسڵی ئەمریکا نەبوو، بەڵکو رەنگێکی قاوەیی زەیتونی درەخشانی

جوانی هەبوو، هەرچەندە وەسفکردنی زۆر ئاسان نیە، دەموچاوی خڕپنو خڕ بوو، کەپووی بچووك بوو، بە پێچەوانەوەی کەپووی قولەڕەشانەوە پان نەبوو، دەمو لێویکی زۆر جوانو باریکی هەبوو، دانە جوانەکانی ڕێكو پێكو سپی لە تۆ وایە عاجە، پاش ئەوەی نیو سەعاتێك هەلاژا، هەستاو لە غارەکە هاتە دەریّو هات بۆ لای من کە خەریك بووم بزنەکانم دەدۆشی، کە ئاغەڵەکەیان ڕێك لە تەنیشت ماڵەکەم بوو. کە چاوی بە من کەوت، بەهەشتاو بەرەو لام هات، دووبارە خۆی لەبەر پێیانم هاویشتو ئەوپەڕی پێزانیو منەتباریو تەشەکوری نواند. ئەوەی ڕاستی بێ ئەداو ئەتواری زۆر کۆمیدی دەنواند کە مەبەستی خۆی بگەیەنیّ. ئەنجام لە نزیکی پێی منا سەری نایە سەر ئەرزەکەو پێیەکەی دیکەمی لەسەر سەری خۆی دانا، وەکو چۆن پێشتر ئەم کارەی کربوو، ئەوجا هەموو نیشانەیەکی کۆیلایەتیو ملکەچی نواند تا من تیّ بگەیەنیّ کە تا ماوە دەخزمەتمدا دەبێت. لە زۆربەی کارەکانی تێدەگەییشتمو تێمگەیاند کە من زۆر لەو ڕازیم، هەوەڵجار فێرم کرد کە ناوی دەنەم جوعمە، چونکە لە ڕۆژی هەینیدا لە مردنی مسۆگەر ڕزگارم کردبوو. بۆیە وام ناو نا تا ئەم ڕۆژەی لە بیر بمێنیّ. هەروەها فێرم کرد کە بڵێت "ئەرباب" بزانێت کە ئەمە ناوی من دەبێت. هەروەها فێری "بەڵێ"و "نە"م کردو مانای هەردوو وشەکەم حاڵی کرد. لە گۆزەیەکی سواڵەتدا شیرم دایەو خۆم لەبەر چاوی ئەو شیرم خواردو نانم تیّ وڵیو پارچەیەك نانیشم دایە ئەو تا ئەویش هەمان کار بکات، یەکسەر بەگوێی کردمو بە ئاماژە تێی گەیاندم کە زۆری لا خۆشە.

ئەو شەوەم لەویّ لەگەڵ ئەودا بردە سەر، لیّ هەرکە ڕۆژ بووەوە ئیشارەتم کردیّ کە لەگەڵما بێتو تێمگەیاند کە دەمەویّ جلو بەرگی بدەمیّ، کە بەمە زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە رووتو قووت بوو. کاتیّ گەیینە ئەو شوێنەی کە دوو پیاوەکەی لیّ ناشتبوون، ئەو نیشانانەی، کە بۆ ناسینەوەی شوێنەکەی دانابوون، نیشان دامو تێی گەیاندم کە پێویستە گۆڕەکانیان هەڵبدەینەوەو بیانخۆین. بەم کارەی زۆر قەڵسو تووڕە بوومو بێزاری خۆم لەم کارە دەربڕیو وام نواند کە دڵم لە کاری وا تێك هەڵدێتو بەدەست ئاماژەم کردیّ کە لەویّ دوور بکەوێتەوە کە یەکسەر بە گوێی کردم. پاشان بردمەسەر گردەکە تابزانین ئاخۆ دژمنەکانی ڕۆییشتوون یان نا، دووربینەکەم دەرێناو کەوتمە تەمەشا کردنی ئەو شوێنەی کە بۆی هاتبوون، نە هیچ شوێنەوارێکی خۆیانو نە هی لۆتکەکانیان دیار نەبوو. بەم پێیە دیار بوو کە ڕۆییوونو دوو هاوڕێکەیان بەجیّ هێشتوون، بێئەوەی تاقیبو سۆراخیان بکەن.

بەلام هیچ قەناعەتم بەم کەشفە نەهات، چونکە ئێستا ئازاتر بوو بووم، جوعمەم دەگەڵ خۆدا برد، شمشێرێکم دایە دەستی کە دەگەڵ خۆیی بێنیّ، خۆشم دوو دانەم هەڵگرت، بەرەو ئەو شوێنەی کە ئەو هۆڤیانەمان بینی بوو، کەوتینە ڕیّ، چونکە ئێستا حەزم دەکرد زیاتریان لە بارەوە بزانم. کاتیّ گەیینە ئەویّ، لە جێی خۆ وشك بووم، کە ئەو دیمەنە ترسناکەم بینی، خەریك بوو دڵم بوەستیّ. بە ڕاستی دیمەنێکی سامناك بوو، یان بەلای کەمەوە بۆ من سامناك بوو. هەر چەندە جوعمە بە خەیاڵیا نەدەهات. شوێنەکە پڕ بوو لە ئێسقانی بەشەر، زەوی لە خوێنا ڕەنگین بوو بوو، پارچە گۆشتی گەورە لێرەو لەویّ کەوتبوو، نیوە خوراو، پارچە پارچەو سووتاو، بە

کورتیەکەی هەموو نیشانەکانی ئاهەنگێکی سەرکەوتن، کە پاش سەرکەوتن بەسەر دژمنانیاندا، گێڕا بوویان، دیار بوو. سێ کاسە سەر، پێنج دەست، ئێسقانی سێ چوار پێ و زۆر ئەندام و هەناوی دیکەم بینی.

جوعمە، بەئاماژە تێی گەیاندم کە ئەوان چوار نەفەر زندانیان دەگەڵ خۆدا هێنا بوو کە بیانکەنە قوربانی و ئاهەنگی خۆیانی پێبگێڕن، کە سیانیان خوارد بوون و ئاماژەی بۆ خۆی کرد کە گوایە چوارەمیان بووەو، شەڕێکی گەورە لە نێوان ئەوان و پاشای دواییان بەرپابووە کە ئەو یەکێك بووە لە هەوادارانی ئەو پاشایەو ئەوان یەخسیرێکی زۆریان گرتبوو، و هەر کۆمەڵە یەخسیرێکیان بۆ شوێنێ بردبوو تا بەدەم خواردنیانەوە ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕن و ئەو بوونەوەرە چەپەڵانەش دیلەکانیان بۆ ئێرە هێنا بوون و هەمان کاریان دەگەڵ کردبوون.

دەستوورم بە جوعمە دا هەموو کاسە سەر، ئێسقانەکان، پارچە گۆشتەکان و هەرچیەك لەو ناوە کەوتبوو، هەمووی کۆ بکاتەوەو کەڵەکەیان بکات و ئاگریان تێ بەربدات تا بسووتێن. بۆم دەرکەوت کە جوعمە هێشتا دڵی بە هەندێ لەو گۆشتانەوەیە، هێشتا بە تەبیعەت بەشەر خۆرە، بەڵام بێزارییەکی زۆرم دەربڕی کە تەنانەت بیرکردنەوەش لەو کارە بێزارم دەکات چ جای ئەنجامدانی، جوعمە زاتی نەکرد نیازو حەزی خۆی دەربڕێت، چونکە کەم و زۆر تێمگەیاند بوو کە ئەگەر کاری وا بکات دەیکوژم.

کاتێ کاری خۆمان تەواوکرد، بۆ قەڵاکەمان گەڕاینەوەو کەوتمە رێکخستنی سەرو وەزعی جوعمە. پێش هەموو شتێك دەرپێیەکی کەتانم دایە کە لە سەندوقەکەی یارۆی تۆپچیم دەرهێنا بوو، پێشتر گێڕامەوە کە لەکەشتیە شکاوەکەدا دۆزیبوومەوە، بە سووکە دەسکارییەك رێك پڕ بە بەری جوعمە بوو، پاشان بە هەموو ئەزموونێکەوە کە هەم بوو، لە پێستی بزن چاکەتێکم بۆ دروست کرد. ئێستا لە کاری خەیاتیدا، شارەزاییەکی باشم پەیدا کردبوو. کڵاوێکم دایە کە لە پێستی کەروێشکی کێوی دروستم کرد بوو، پڕ بە سەری بوو و تا حەز بکەی لێی دەهات. بەمجۆرە بووە خاوەنی جل و بەرگی خۆی، کە دەرهەق بەو وەزع و حاڵە بەس بوو، زۆر خۆشحاڵ بوو کە دەیبینی، جلەکانی کەم تا زۆر هاوتای جلەکانی ئەربابیەتی. هەڵبەتە لە هەوەڵەوە زۆر بەم جلانە رەحەت نەبوو، لەپێ کردنی دەرپێی بەلاوە زۆر سەیر بوو، قۆڵەکانی چاکەتەکەشی هەم لە شانی و هەم لە بازووی دەخشی و ئازاری دەدا، بەڵام وەختێ ئەو شوێنانەم بۆ دەڵب کرد، ئیدی دەگەڵیا ڕاهات و رۆژی دوایی کە بۆ کەوێڵەکەم گەڕاینەوە، بیرم لەوە کردەوە کە لە کوێی دابنەم کە هەم بۆ ئەو باش بێت و هەم خۆیشم ئاسوودەبم. لە نێوان هەردوو حەساری یەکەم و حەساری دووەمدا، چادرێکم بۆ هەڵدا، جا جونکە لەو شوێنەوە کەلەبەرێك بۆ غارەکەی من هەبوو، بە تەختە، چوارچێوەو دەرکەیەکم بۆ ئەو کەلێنە دروست کردو شەوان دەرکەکەم دەگرت و پەیژەکەشم لادەبرد. یانی ئەگەر جوعمە بیویستایە بێتە ژوورەکەی منەوە، ناچار دەبوو سەرو سەدایەکی ئەوتۆ بنێتەوە کە بێگومان خەبەرم ببێتەوە. چونکە دیواری یەکەمم ئێستا ساپیتەیەکی لە کاریتانی درێژ هەبوو کە بە تەواوەتی سەر چادرەکەمی داپۆشی بوو، پشتی بە دیواری گردەکەوە بوو، کە پڕ بوو بوو لە بەڵمە برنج و تەواو پەسترا بووەوە، لەو کون یان

شوێنەوە کە بە پەیڕە هاتوچۆم پێیا دەکرد، جۆرە دەرکەیەکم دانا بوو، کە ئەگەر لە دەرێ ڕا هەوڵیان دابا بیکەنەوە، بە هیچ کلۆجێ نەدەکرایەوە، بەڵکو دەکەوت وتەق و هۆڕێکی زۆری دەنایەوە، هەڵبەتە هەموو شەوێکیش چەکم دەگەڵ خۆدا دەبردە ژوورەوە.

بەلاَم بە هیچ جۆرێ پێویست بەم هەموو پارێزە نەبوو، چونکە هەرگیز، هیچ کەسێك خزمەتکاری بە ئەمەك، روح سووك، دڵسۆزو ڕاستگۆی وای نەبووە. بەڕاستی و لە هەموو روویەکەوە بەشەرێکی پاك و بێگەرد بوو، لە هەر هەواو هەوەس و روو گرژی و کینەو مەیل و ئارەزوو و نەخشەیەکی ئەهریمەنی شەڕانی بە دوور بوو، خۆی بە خزمەتکارو کۆیلەی من دەزانی. دڵسۆزی و رووح سووکیەکەیم بە دڵ بوو، وەکو دڵسۆزی و خۆشەویستی ئەولاد و باوك بوو، بەدڵنیاییەوە دەیڵێم کە ئامادە بوو، هەرکاتێ پێویست بکات گیانی خۆی فیدای من بکات. لە هەڵوێستی جۆراو جۆردا دڵسۆزی خۆی بۆ سەلماندم و زۆری پێنەچوو گەیاندمیە ئەو قەناعەتەی کە هیچ پێویست ناکات لێی بترسم و خۆی لێبپارێزم.

ئەم بابەتە وای لێکردم زۆر جار بیر لەمە بکەمەوە کە چۆن خواست و مەشیەتی خوایی لەسەر ئەمە گیرساوەتەوەو دەستی ئەو چۆن لە کاردایە تا لە دنیای مەزنی دەستکردی خۆیدا، کارێکی وەها بکات کە مەخلوقاتەکانی تواناو بەهرەی خۆیان بە باشترین شێوە بەکار بێنن و هێزی روحی و دەروونی خۆیان دەگەڵ هەلومەرجی واقیعدا بگونجێنن و، ئەو دەقاو دەق هەمان هێزو توانا، هەمان لۆژیك، هەمان هەست و سۆز، هەمان هەستی میهرەبانی و بەرپرسیاریەتی، هەمان جۆش و خرۆش و نەفرەت لە خراپی، هەمان هەستی قەدرزانی، دۆستایەتی، ئەمەکداری و هەموو مەرجێکی کاری چاك و پاداشتی چاکەی کە بە ئێمەی داوە، بەم مەخلوقاتەشی داوەو هەر کاتێ بیەوێ ئیمکانی ئەوەیان بداتێ کە ئەم تواناو بەهرانە بەکار بەرن، ئەوا وەکو ئێمەو لە ئێمە زیاتر ئامادەگیان بۆ ئەو کارە هەیە. ئەم خاڵە هەندێجار زۆری خەمباری دەکردم، چونکە زۆر جار وام هەست دەکرد کە ئێمە چەند بە رژدی و رەزیلی سوود لەم بەهرانە دەبینین، وێڕای ئەوەی نورێکی مەزن رێنوێنمان بووە... بیرم لەمە دەکردەوە کە بۆچی خواوەند ویستویەتی ئەم زانستە کە مایەی نەجاتی ئێمەیە، لە ملێونان نەفەر درێغ بکات، لە کاتێکا کە (ئەگەر ئەم هۆڤیە بەلەنگازە بکەم بە پێوەرو پێوانە) ئەگەر ئەوان ئەم هیدایەتەیان هەبوایە، لە ئێمە باشتر سوودیان لێدە بینی.

لەوە بە دواوە، هەندێجار پێم لە بەرەکەی خۆم زیاتر ڕادەکێشا، گەنگەشەی توانا خواییەکانم دەکرد، عەدالەتی خواییم دەخستە بەرپرسیار کە بۆچی نوری هیدایەت بە کەیفی خۆی لە هەندێك پەنهان دەکات و بە هەندێکی تری نیشان دەدات و هەمان چاوەڕوانی لە هەردوولاش هەیە. بەلاَم دەستم لەمە هەڵگرت، بەم ئەنجامگیرییە کۆتاییم بە بیرەکانم هێنا: یەکەم ئێمە نازانین ئەم خەڵکانە بە چ یاساو رێساو قانوونێك مەحکووم دەبن، بەلاَم چونکە خواوەند بە زەرورەت و زاتەن پیرۆزو دادپەروەرە، بۆیە ئەگەر ئەم مەخلووقاتە بەوە مەحکووم بوون کە لەو دوور بوون، بێگومان ئەو نووری هیدایەتەیان فەرامۆش کردووەو گوناحیان کردووەو بە قەولی ئینجیل، ئەو نوورە بۆ ئەوان لە حوکمی قانووندا بووە، و قانونی ویژدان پێی گوتوون کە دادپەروەربن، هەر

چەندە بنج و بناوانی ئەم بابەتە لای ئێمە روون نییە. دووەم چونکە ئێمە لە دەستی سواڵەتگەری گەردوونا، وەکو قوڕە خۆشەین، وەکو قاپ و قاچاغ لەو ئاستەدا نین کە بەو بڵێین "بۆچی منت بەم شێوەیە دروستکردووە؟"

بە هەرحاڵ با بگەڕێینەوە لای هاونشینە تازەکەم. هاوڕێتی ئەوم زۆر لە گیان خۆش بوو و، لێبڕا بووم هەموو هەوڵێکی لەگەڵدا بدەم کە کەسێکی بە سوود، لێهاتوو و کەڵك گر دەربچێت. بەڵام زیاتر حەزم لێبوو فێری قسەکردن ببێ و لە قسەکانم تێبگات. بە ڕاستی قوتابییەکی زرینگ بوو، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە توانی لە قسەکانم تێبگات یان کارێك بکات کە لە مەبەستی خۆیم حاڵی بکات، ئەوەندە خۆشحاڵ، چالاك و چەلەنگ و لەش سووك، ئەوەندە خۆشحاڵ بوو، هەر حەزم دەکرد قسەی دەگەڵ بکەم. ئێستا ژیانم هێندە رەحەت و ئاسوودە بوو کە جار جار لە دڵی خۆدا دەمگوت ئەگەر لە دەستی هۆڤیان دوور بم و ترسی ئەوانم نەبێت، ئەگەر هەرگیزاو هەرگیزش لێرە لەم شوێنەی ئێستام نەڕۆم، گرینگ نییەو قەیدی ناکات.

دوای دوو سێ ڕۆژ لە گەڕانەوەم بۆ قەڵاکەم، بیرم کردەوە کە بۆ ئەوەی جوعمە لە شێوەی ترسناکی ئارەزوو و مەیلی بەشەرخۆری دوور بخەمەوەو ئەو خووەی پێ تەرك بکەم، پێویستە کارێکی وەها بکەم کە گۆشتی گیاندارانی دی تاقی بکاتەوە. بۆیە ڕۆژێك بەیانی دەگەڵ خۆدا بۆ جەنگەڵم برد. لە راستیدا مەبەستم ئەمە بوو کە کارژۆلەیەك لە مێگەلەکەی خۆم بکوژمەوەو بۆ ماڵی بێنمەوەو بۆ خواردن حازری بکەم. بەڵام کاتێ کە دەڕۆیشتم، سەیرم کرد بزنێك لە سێبەرێکدا ڕاکشاوەو دوو کارژۆلەشی بەدیارەوەن. بە جوعمەم گوت "بوەستە، مەجوڵێ" بە ئاماژە تێمگەیاند کە لە جێی خۆی نەجوڵێت. لە ناکاو تفەنگەکەم دەرێناو تەقەم کردو یەکێك لە کارژۆلەکانم کوشت. جوعمەی بەلەنگاز، کە پێشتر دیتبووی هۆڤیەکەی دژمنیم کوشتبوو، بەڵام نەیدەزانی و نەیدەتوانی وێنای بکات چۆن، زۆر حەپەسا بوو، لە ترسا دەلەرزی، بەجۆرێ واقی وڕما بوو، لە دڵی خۆدا دەمگوت هاکا ببورێتەوەو بکەوێ. جوعمە ئەو کارژۆلەیەی نەبینی بوو کە کوشتبووم و تەسەوری نەکرد بوو کە کوشتوومە، بەڵکو چاکەتەکەی خۆی دڕاند تا بزانێ بریندار بووە یان نا، تومەز وای وێنا کردووە کە ویستوومە ئەو بکوژم، چونکە یەکسەر هات بۆ لای من، لە هەنبەرما کەوتە سەر چۆك و باوەشی بە لاقما کردو زۆر شتی گوت کە لێی حاڵی نەبووم، بەڵام بە تەواوەتی دیار بوو کە تکام لێدەکات نەیکوژم.

بلەز، ڕێگەیەکم دۆزییەوە کە قەناعەت بێنێ هیچ ئاسیوێکی پێناگەیەنم، دەستیم گرت و بەرزم کردەوەو بە پێکەنینەوە ئاماژەم بۆ ئەو کارژۆلەیە کرد کە کوشتبووم و تێمگەیاند کە بڕوات بیهێنێ و یەکسەر بەگوێی کردم. کاتێ کە بەدەم خەیاڵەوە بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو گیانلەبەرە چۆن کوژراوە، دووبارە تفەنگەکەم پڕ کردو لەو کاتەدا باڵندەیەکی گەورەم کە لە شاهێن دەچوو، بینی کە لە تیر هاوێژی منا لە سەر درەختێك هەڵ نیشتبوو، جا بۆ ئەوەی جوعمە تارادەیەك حاڵی ببێ کە دەمەوێ چ بکەم، بانگم کرد کە بێتە نزیکی من، سێرەم لە باڵندەکە گرتەوە، کە لە راستیا تووتی بوو، هەرچەندە هەوەڵجار پێموابوو شاهێنە، بە کورتیەکەی نیشانەم لە تووتیەکە گرتەوەو ئاماژەم بۆ تفەنگەکەو عاردەکەی ژێر تووتیەکە کرد، تا بە چاوی خۆی ببینێ کە چۆن

تووتیەکە دەکەوێتە خوارەوە. تێمگەیاند کە تەقە لە باڵندەکە دەکەمو دەیکوژم، پاشان تەقەم کردو ئاماژەم بۆ جوعمە کرد کە تەمەشا بکاتو یەکسەر بینی کە تووتیەکە کەوت. دیسان حەپەسا، وێڕای ئەو هەموو روونکردنەوەیەی کە بۆم کردبوو، سەیرم کرد زیاتر حەپەسا بوو، چونکە نەی بینی بوو هیچ شتێك بخەمە بەر تفەنگەکە ، وای تەسەور کرد بوو کە هێزێکی کوشندەی نادیاری تیایە کە دەتوانێ بەشەر، حەیوان، باڵندە یان هەر شتێکی دی چ دوور بێ‌و چ نزیك بکوژێت، ئەو حیرەتو سەرسامیەی ئەم مەسەلەیە لەلای دروستی کردبوو، تا ماوەیەکی زۆر هەر نەڕەوییەوەو، پێموایە ئەگەر رێگەم بدایە ئامادە بوو خۆمو تفەنگەکەم بپەرستێت. تەنانەت تا چەند رۆژێکیش لەوەدا، دەستی لە تفەنگەکە نەدا، بەڵام کاتێ ئاسایی بووەوە قسەی لەگەڵ تفەنگەکەدا دەکرد، بە جۆرێ دەیدواند لە تۆ وایە تفەنگەکە وەڵامی دەداتەوەو، پاشان بۆی گێڕامەوە کە لە تفەنگەکە پاڕاوەتەوە کە نەیکوژێت.

بە هەرحاڵ، پاش ئەوەی حەپەسانو سەرسامیەکەی کەمێك رەوییەوە، ئاماژەم کردێ کە ڕابکاتو ئەو باڵندەیە بێنێ کە کوشتبوومو هەڵبەتە یەکسەر بە گوێی کردم، بەڵام مودەتێکی پێ چوو، چونکە تووتیەکە هێشتا بە تەواوەتی گیانی دەرنەچوو بوو و بە دەم باڵەفڕکەوە ماوەیەك دوورکەوتبووەوە. بە هەرحاڵ جوعمە دۆزییەوە، هەڵیگرتو بۆ لای منی هێناو، چونکە دەمزانی کە شارەزایی لە تفەنگ نیە، دەرفەتمو هێناو دووبارە تفەنگەکەم پڕ کردو نەمهێشت بەدەم تفەنگ پڕ کردنەوەکەوە بمبینێو ویستم ئامادەبم بۆ لێدانی هەر نێچیرێکی دی کە بێتە رێمان. بەمجۆرە کارژۆڵەکەم هێنایە ماڵەوەو هەر ئەو شەوە کەوڵم کردو هێندەی کرا لەتو پەتم کرد. بڕێك لە گۆشتەکەم خستە قاپڵەمەیەکەوەو کوڵاندم، گۆشتاوێکی یەجگار بە لەزەتی لێدەرچوو، دوای ئەوەی بڕێکم لێی خوارد، تۆزێکیشم بۆ جوعمە تێکرد کە زۆر خۆشحاڵ بوو و زۆریشی بەلاوە خۆش بوو، ئەو شتەی کە زۆری بەلاوە سەیر بوو ئەوە بوو کە من خوێم بە خواردنەکەوە دەخوارد. بەئاماژە پێی گوتم کە خوێ شتێکی باش نییەو تۆزێ خوێی لە زاری ناو وای نواند کە دڵی تێك هەڵدێتو خێرا تفاندییەوەو چوو ئاوی لە زاری وەردا. منیش تۆزێ گۆشتم بەبێ خوێ لە زارم ناو وام نواند کە لەبەر بێ خوێی دەمەوێ تفی بکەمەوە، یانی هەمان رەفتارم کرد کە ئەو دەربارەی خوێیەکە کردبووی. لێ فایدەی نەبوو، هەرگیز بە خوێوە گۆشت یان چێشتی گۆشتی نەدەخوارد، تا ماوەیەکی زۆر هەرگیز خوێی بە خواردنەوە نەدەکرد، لە دواییشدا کە را هات بەحاڵ خوێی پێوە دەکرد.

ئەو رۆژە گۆشتی کوڵاوو گۆشتاوم دەرخوارد دا، بۆ سبەینێ لێبڕام پارچەیەك لە گۆشتی کارژۆڵەکەم ببرژێنم، بۆ ئەم مەبەستە گۆشتەکەم بە تەنافێکەوە هەڵواسی، یانی بە هەمان شێوەی کە دیتبووم، هەستام دوو دارم لەمبەرو لەوبەری ئاگرەکە داچەقاند کاریتەیەکم بەسەر هەردووکیاندا ڕایەڵ کردو پەتێکم بەکاریتە ئاسۆییەکەوە بەستو گۆشتەکەم پێوە هەڵواسیو کەوتمە وەرچەرخانی گۆشتەکە. جوعمە، ئەم شێوە برژاندنەی زۆر لێخۆش هات، کە گۆشتەکەی خوارد، بەجۆرەها شێوە هەوڵی دا حاڵیم بکات کە چەند خۆشو بەلەزەتە، بەڵام من لە مەبەستی

حاڵی نەبووم، سەرەنجام پێی گوتم کە ئیدی هەرگیز گۆشتی بەشەر ناخوات کە هەڵبەتە بە بیستنی ئەم قسەیە زۆر خۆشحاڵ بووم.

ڕۆژی دوایی ناردم کە بڕێك دانەوێڵە بکوتێتو وەکو من لە هێڵەکی بدات، کە پێشتر ئەمەم باس کردووە، جوعمە زۆر زوو فێر بوو کە چۆن وەکو من ئەم کارە بکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی تێگەیی مەبەست لەم کارە ئەوەیە کە نانی لێدروست بکەین، چونکە ڕێگەم دابوو سەیری دەستم بکات کە چۆن هەویر دەشێلمو دەیکەم بە نانو نانەکە دەبرژێنم، ئیدی لە ماوەیەکی زۆر کورتا جوعمە، فێر بوو هەموو ئەو کارانە وەکو من جێبەجێ بکات.

ئێستا کەوتبوومە بیری ئەوەی کە چۆن دەبێ لە جیاتی خۆراکی یەك نەفەر، خواردنو بژێوی دوو نەفەر دابین بکەم. دەبوو زەوی زیاتر بۆ کشتوکاڵ ئامادە بکەمو تۆوی زیاتر لە جاران دابچێنم. ئیدی پارچە زەوییەکی گەورەترم هەڵبژاردوو وەکوجاران چوار دەوریم گرتو لەم کارەدا جوعمە زۆر بە جۆشو خرۆشەوە هاوکاری کردم، بە دڵو بەگیان کاری دەکرد، پێم گوت کە ئەم زەوییەم بۆ چیەو قەرارە بە دانەوێڵە دای بچێنم تا نانو بژێوی زیاترمان هەبێتو چونکە ئێستا بە وەوە بووین بە دوو نەفەر وپێویستمان بە خۆراكو بژێوی زیاتر دەبێت، زۆر بە باشی لەم بەشەی قسەکەم حاڵی بوو، تێی گەیاندم کە دەزانێت من لەبەر خاتری ئەوکەوتوومەتە زەحمەتی زیاترەوەو ئەگەر هەر کارێکی پێ بڵێم، بە زیادەوە بۆمی ئەنجام دەدات.

## لۆتکەیەکی دی دروستدەکەین

ئەمە باشترین ساڵی ژیانم بوو لەو دوورگەیەدا. جوعمە بەرە بەرە بە باشی فێری قسەکردن بوو، ناوی هەر شتو هەر شوێنێکی دەزانی کە بۆم دەناردو، زۆری قسە دەگەڵ دەکردم، وام لێهات دووبارە بکەومەوە بەکارهێنانی زمان، لە کاتێکدا پێشتر زۆر کەم ڕێدەکەوت پێویستم بە بەکارهێنانی زمان بێت. سەر باری لەزەتی هاودەمی دەگەڵ جوعمەدا، لە خۆشی زۆر ڕازی بووم. ڕەفتاری سادەو ئاسایی ئەو ڕوژ بە ڕۆژ زیاتر سەرنجی ڕادەکێشامو بەرە بەرە بەڕاستی مەحەبەتو خۆشەویستیم بۆی زیاد دەبوو، پێموایە ئەویش منی لە هەر کەسو هەر شتێکی دیکە زیاتر خۆشدەویست.

جارێك هات به خەیاڵما كه تاقی بكەمەوەو بزانم ئایا بیری زاگەو زێدی خۆی دەكات یان ناو، چونكه ئینگلیزییەكی باشم فێر كرد بوو كه دەیتوانی كەم تا زۆر وەڵامی هەموو پرسیارەكانم بداتەوە، لێم پرسی ئایا میللەتەكەی هیچ كاتێك له جەنگدا سەركەوتنی به دەست هێنابوو، كه گوێی لەم پرسیارە بوو بزەیەكی بۆ كردو گوتی: "بەڵێ، بەڵێ، ئێمه هەمیشه باشتر دەجەنگین" مەبەستی ئەمه بوو كه هەمیشه له جەنگدا باڵا دەستین و له ئەنجاما گفتوگۆیەكەمان بەم شێوەیه دەستی پێكرد.

من گوتم: "باشه ئێوه كه هەمیشه باشتر دەجەنگن، ئەدی تۆ چۆن یەخسیر بوویت جوعمه؟".

جوعمه: "میللەتی من هەمیشه زۆر دەباتەوە".

ئەرباب: "چۆن دەباتەوە؟ ئەگەر ڕاستەو میللەتی ئێوه بەسەر ئەوانی دیدا سەر دەكەوت، ئەدی تۆ چۆن یەخسیر بوویت؟".

جوعمه: "لەو شوێنەی كه منی لێ بووم ئەوان له میللەتی من زۆرتر بوون. ئەوان یەكێك، دوان، سیان و، من دەگرن. میللەتی من له شوێنێكی دیكه شكستیان پێ هێنان كه من لەوێ نەبووم. لەوێ میللەتی من یەك، دوان، سیان، زۆر هەزار دەگرن.

ئەرباب: "ئەدی بۆ میللەتی تۆ، تۆی له دەست دژمن ڕزگار نەكرد؟"

جوعمه: "ئەوان یەك، دوان، سیان و، من دەگرن و له لۆتكەمان دەنەن و دەمانبەن. میللەتی من ئەوكاته لۆتكەیان نەبوو."

ئەرباب: "باشه جوعمه، میللەتی تۆ، چی لەو كەسانه دەكەن كه یەخسیریان دەكەن؟ وەكو ئەمانه بۆ شوێنێكی دووریان دەبەن و دەیانخۆن؟"

جوعمه: "بەڵێ میللەتی منیش بەشەر دەخۆن، هەموو شتێكی دەخۆن".

ئەرباب: "باشه ئەوانه بۆ كوێیان دەبەن؟"

جوعمه: "بۆ هەر شوێنێ كه ئەقڵیان بیبڕێ."

ئەرباب: "بۆ ئێرەش دێن؟"

جوعمه: "بەڵێ، بەڵێ، بۆ ئێرەش دێن و بۆ شوێنی تریش دەڕۆن."

ئەرباب: "تۆ قەت لەگەڵ ئەواندا بۆ ئێره هاتوویت؟"

جوعمه: "بەڵێ، هاتووم، ( ئاماژه بۆ سەمتی باكووری ڕۆژهەلاتی دوڕگەكه دەكات كه پێدەچێ شوێنی هاتوچۆی ئەوان بووبێ".

لەم قسانەوە بۆم دەركەوت كه جوعمەش پێشتر یەكێك بووه له هەمان ئەو هۆڤیانەی كه له قۆڵێكی دوورترەوە دەهاتنه كەنارەكەو له هەمان ڕێو ڕەسمی بنیادەمخۆریدا كه ئێستا خۆیان بۆ هێنابوو، بەشداری دەكرد. دوای ماوەیەك، و وەختێ ئەوەندەم زات پەیدا كرد بوو كه جوعمه بۆ ئەو قۆڵه ببەم، هەمان ئەو قۆڵەی كه پێشتر ئاماژەی كردێ، جوعمه یەكسەر شوێنەكەی ناسییەوەو بۆی گێڕامەوە كه كاتی خۆی بیست پیاو، دوو ژن و یەك منداڵیان بۆ ئێره هێنا بوون و لێره خواردبوویانن. نەیدەزانی به ئینگلیزی به بیست دەڵێن چی، بەڵام بیست دانه بەردی كەڵەكه كردو پێی گوتم كه بیانژمێرم.

ئەم بەشـەم لێرەدا وەكو پێشـەكيەك بۆ ئەوەی دواتـر ڕوويـدا، هێنايـەوە. دوای ئـەم گفتوگۆيـە، لێم پرسی مەودای دوورگەكەی ئێمە تا زێدو زاگەی ئەو چەندەو ئايا زۆربەی بەلەمو لۆتكەكان لـەم ماوەو مەودايـەدا گـوم نـابن. وەڵامـی دامـەوە كـە هـيچ مەترسـيەك لـە ئارادا نييـەو تـا ئێسـتا هـيچ بەلەمێك قەت ون نەبووە. بەڵام وەختێ كەمێك لـە دەريـادا پێشڕەوی دەكـەن، تەوژمـە ئـاوو بايـەك هەيە كە هەميشە دانی بەيانيان لە لايەكەوەو دانی ئێواران لەلايەكی ترەوە هەڵدەكات.

يەكسـەر حـاڵی بـووم كـە ئەمـە هەڵكشـانو داكشـانی دەرياكەيەكـە دێو دەڕوات، بـەڵام پاشـان تێگەييم كە تەوژمی ئاوەكە لە ئەنجامی هەڵكشانو داكشانی ڕوباری مەزنی ئۆرينوكووە دروست دەبێت كە دوورگەكەی ئێمە كەوتووتە كۆتاييەوەو، ئەو ناوچەيەی كە لە قوڵی باكوورو باكووری ڕۆژئـاواوە ديـار بـوو، دوورگـەی مـەزنی ترينيـدادە كـە كەوتووەتـە بـاكووری زاركـی ڕوبارەكـەوە. هـەزارو يـەك پرسـيارم دەربـارەی ئـەو دەڤـەرە، دانيشـتووەكانی، دەريـا، كـەنار، دراوسـێی چ ميللـەتێكن، لـە جوعمـە كـرد. ئـەويش هەرچيەكی دەزانـی بەوپـەڕی ڕاسـتگۆيی پـێ گـوتم. نـاوی ميللەتانی وەكو خۆيم لێ پرسی، بەڵام جگە لە ناوی كاريب هيچی تـرم لێی هەڵنەكڕاند. هەڵبەتـە لـەم ڕێگەيـەوە بـە ئاسـانی بـۆم دەركـەوت كـە ئەمانـە ميللـەتانی كاريبين، كـە لـە نەخشـەكانی لای ئێمە، دەكەنە بەشێك لە ئەمريكا، كە لە زاركی ڕوباری ئۆرينوكووە تا گويانو تـا سانتامارتا درێژ دەبێتەوە. جوعمە گوتی كە لە دوور، لەو ديوی مانگ، كە مەبەستی ئەو شوێنە بـوو كـە مـانگی لـێ هەڵدەهات، كـە شـوێنو مـەكانيان ڕۆژئاوايـە، لـەوێ خـەڵكانی سـپی پێسـتو ريشداری وەكـو مـن هـەنو، ئامـاژەی بـۆ سمێڵـە ئەسـتوورەكانی مـن كـرد، كـە پێشـتر باسـم كـردوو،و گـوتی ئـەوان "بنيـادەمێكی زۆريـان" كوشـتووە. ئەمـە دەقـی قسـەی ئـەوە، بـە قسـەكانيا بـۆم دەركـەوت كـە مەبەستی ئەسپانياييەكانە، كە بە هۆی دڕندايەتیو دڕندەكاريانەوە لـە ئەمريكا، بوون بە بنێشتە خۆشەی زاری هەموو وڵاتانو هەموو ميللەتانی دنيا، نەوە بۆ نەوەی دەگێڕنەوە.

لێم پرسی ئاخۆ دەزانـێ چۆن دەتوانم لـەم دوورگەيـە دەربـاز ببـمو بگەمـە لای ئـەو خەڵكـە سـپی پێستانە. گوتی "بەڵێ، بەڵێ، دەتوانم بە دوو بەلەم بڕۆم". نـە لـە مەبەسـتی حـاڵی بـوومو نـەتوانيم كارێكی وەها بكەم كە پێم بڵـێ مەبەسـتی لـە "دوو بەلـەم" چيـە، تـا لـە ئەنجامـدا، بـە زەحمـەتێكی زۆر ئەوجا حاڵی بووم كە مەبەستی بەلەمێكی گەورەيە كە بە ئەندازەی دوو بەلەم بێت.

ئەم قسەيەی جوعمەم زۆر پێخۆش بوو، ئيدی لەو كاتە بە دواوە ئومێدی ئـەوەم لـە دڵ دروسـت بـوو كـە درەنـگ يـان زوو دەرفـەت بێـنمو بتـوانم لـەو دوورگەيـە دەربـازبمو ئـەم هۆڤيـە بێنەوايـەش يارمەتيم بدات.

لەو ماوە درێژەدا كە جوعمە دەگەڵ من بـوو، ئيـدی قسـەی دەگـەڵ مـن دەكـردو لـە زمـانم حـاڵی دەبوو، هـەوڵم دا هەنـدێ زانيـاری مـەزەبی بـدەمێ، چـونكە جارێـك لـێم پرسـی كـێ ئـەوی هێنـاوەتـە ئاراوە، داماوە وەكو ئـەوە بـوو گـوێزی بـۆ بـژمێرم، هيچم لـێ حـاڵی نـەبوو، وای دەزانـی دەپرسـم بـابی كێيـە، لـە ڕێگەيـەكی تـرەوە بـۆی چـوومو پرسـيم چ كەسـێك دەريـا، ئـەو عـاردەی بەسـەريا دەڕۆين، شاخو داخو جەنگەڵو لێڕەوارانی دروستكردووە. گوتی بينـامۆكی پيـر، كـە تەمـەنی لـە هەموو ئێمـە زيـاترە. هەڵبەتـە نـەيتوانی وەسـفی ئـەم كەسـە بكـات، هـەر ئەوەنـدەی گـوت زۆر پيـرە.

گوتی لە دەریا، زەوی‌و مانگ‌و ستێرانیش پیرترە. پرسیم باشە ئەگەر ئەم پیرە پیاوە هەموو شتێکی دروست کردبێ، ئەدی بۆ هەموو شتەکان ئەو ناپەرستن؟ بە سیمایەکی زۆر جدی‌و تەواو ساویلکانە گوتی هەموو شتەکان بەو دەڵێن ئاه! پرسیم ئایا ئەو خەڵکانەی لەم سەر زەمینەدا دەمرن، هەموویان بۆ شوێنێك دەڕۆن؟ گوتی بەڵێ هەموویان بۆ لای بیناموٚکی دەڕۆن. پرسیم ئەم کەسانەش کە ئەوان دەیانخۆن هەر بۆ لای بیناموٚکی دەڕۆن؟ گوتی بەڵێ، بەو قسانە دەستم پێکرد تا لەو ڕێگەیەوە لە بوونی خوای راستەقینە ئاگاداری بکەم. ئاماژەم بۆ ئاسمان کردو گوتم ئەفرێنەری مەزنی هەموو شتان لەوێندەر دەژی. هەر ئەوە کە دنیا، بە هەمان تواناو ئیرادەوە کە دروستی کردووە، بەڕێوە دەبات. هەر ئەوە توانای بێ هەڤڕك، دەتوانێ هەموو شتێك بۆ ئێمە بکات، هەموو شتێکمان پێ ببەخشێت، هەموو شتێکمان لێ بسەنێتەوە، بەم شێوەیە چاوانی جوعمەم کردنەوە. زۆر بە دیقەت گوێی لێگرتم‌و زۆر بە خۆشحاڵیەوە ئەمەی قەبووڵ کرد کە عیسا مەسیحی ناردووە تا رزگارمان بکات‌و تێمگەیاند کە چۆن دەبێ دەستەو دوعا لەبەر دەرگای خوا بپاڕێینەوە، چونکە ئەو توانای ئەوەی هەیە لە ئاسمانەوە گوێی لێمان بێت. رۆژێ جوعمە پێی گوتم ئەگەر خوای ئێمە بتوانێ لەو دیو هەتاوەوە گوێی لە دەنگمان بێت، کەواتە دەبێ لە بیناموٚکی ئەوان گەورەتر بێ، کە کەمێك لەولا ترەوە دەژی‌و ناتوانێ دەنگیان بژنەوێ، مەگەر بڕۆن بۆ ئەو کۆجارەی ئەوی تیا دەژی. پرسیم ئایا تۆ هیچ کاتێ بۆ قسەکردن دەگەڵ خوای خۆتا بۆ ئەوێندەر چووی؟ گوتی نا، خەڵکی گەنج هیچ کاتێ بۆ ئەوێ ناڕۆن، تەنیا پیرەکان دەڕۆن، کە (ئووا کاکی) یان پێدەڵێن، کە پرسیاری ئەو وشەیەم لیکرد، تێگەییشتم کە ئەوانە رۆحانیان‌و پێشەوایانی ئاینی ئەوانن و بۆیە دەڕۆییشتن تا بڵێن ئاه (بە دووعا کردنی دەگوت ئاه) و پاشان دەگەڕانەوە و بۆ ئەمانیان دەگێڕایەوە کە بیناموٚکی چی گوتووە. بە قسەکانی ئەمدا بۆم دەرکەوت کە تەنانەت لە نێو نەزانترین کافرانی دنیاشدا شتێکی وەکو کەسێش هەیە،و دروستکردنی هەندێ سرووتی نهێنی ئامێز، بۆ ئەوەی خەڵکی رێزی ئاین بگرن تەنیا لە کڵێسای رۆمدا پەیڕەوی ناکرێت، بەڵکو پێدەچێ لە هەموو ئاینەکانی جیهاندا هەبێ، تەنانەت لە نێو دڕندەترین‌و هۆڤی ترین هۆڤیانیشدا هەیە.

ویستم ئەم تەفرەو فریوکاریە بۆ جوعمە ئاشکرا بکەم‌و، گوتم ئەم رێوڕەسمەی کە پیرەمێردان دەچن بۆ کۆسار تا بە بیناموٚکی خوایان بڵێن ئاه، هەمووی تەڵەکە بازی‌و فڕۆفێڵە، ئەمەش گوایە کۆمەڵێك قسە دەگەڵ خۆیاندا دێننەوە گوایە بیناموٚکی کردوونی و قسەی ئەون، تەڵەکەبازییەکی گەورەترە، درۆیە نە هیچ وەڵامێکیان لەوێندەرەوە هێناوەتەوەو نە قسەیان دەگەڵ کەسدا کردووە، مەگەر قسەیان دەگەڵ روحی شەیتاندا کردبێت، ئەوسا لەگەڵیا کەوتمە گفتوگۆیەکی دوورو درێژەوە دەربارەی شەیتان، ئەسڵ‌و سەرچاوەی بوونی شەیتان، یاخی بوونی شەیتان لە خوا، دژمنایەتی‌و هۆی دژمنایەتی شەیتان دەگەڵ ئادەمیزادا، باسی ئەوەم بۆ کرد کە شەیتان چۆن لە شوێنە تاریك و نا دیارەکانی جیهاندا خۆی مەڵاس دەدات تا لە جیاتی خواوەند ئەو بپەرستن، باسی ئەو فێڵ‌و تەڵەکە زۆرانەم بۆ کرد کە شەیتان پەنایان دەباتێ تا لەو ڕێگایانەوە تیرەی بەشەر فریو بدات‌و بەرەو هەڵدێریان بەرێت. هەروەها بۆم باس کرد چۆن ژێراو ژێر

ختووكەی مەیلو ئارەزوو و هەستەكانمان دەداتو مەیلو ئارەزووەكانمان دەخاتە داوەوە تا بە خواستی خۆمان، بە دەستی خۆمان، ماڵی خۆمان وێران بكەین.

بەڵام سەیرم كرد بەو ئاسانیە مەسەلەی شەیتانی پێ ھەرس ناكرێت، كەچی سەبارەت بە خوا وا نەبوو زۆر بە ئاسانی قەناعەتی هێنا، سەبارەت بە خوا، تەبیعەت بە هانامەوە هات تا زەرورەتی بوونی ئەو هێزو تواناو خواستە خواییەی نیشان بدەم كە ئێمەی خوڵقاندووەو شایستەی پەرستنە. یانی دەمتوانی لە تەبیعەتەوە نموونەی بۆ بێنمەوە. بەڵام سەبارەت بە شەیتان، هیچ نموونە وبەڵگەیەكم بەدەستەوە نەبوو كە دەربارەی روحی ئەهریمەنی، سەرچاوەی بوونی، بوونی، خودی ئەهریمەنو لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، ئارەزووی كارێن شەیتانیو هاندانی ئێمە بۆ ئەنجامدانی كارێن شەیتانی پێ نیشان بدەمو، ئیدی ئەم بوونەوەرە بەستەزمانە جارێك بە پرسیارێكی ئاساییو ساكارانە ئیحراجی كردم كە بە ڕاستی نەمدەزانی چی پێ بڵێم. بە دوورو ودرێژی باسی توانای خوا، نەهی كردنی لە تاوانو گوناح،و چۆن ئاگرێكی بۆ تاوانبارانو خراپەكاران ئامادە كردووە، چۆن ئێمەی دروستكردووەو دەتوانێ لە چاو تروكانێكا ئێمەو هەموو دنیا لە ناو بەرێت، بە درێژیی باسی هەموو ئەوانەم بۆ دەكردو، ئەویش زۆر بە جدی گوێی بۆ دەگرتم.

دوای ئەم قسانە، خەریك بووم باسی ئەوەم بۆ دەكرد كە چۆن شەیتان لە دڵی بەشەراندا، بە دژمنی خواوەند دێتە ژماردنو هەموو هێزو توانایەكی شەڕانی خۆی بە كار دەبات، بۆ ئەوەی دەوری خوا بسڕێتەوەو بارەگای مەسیح لە دنیادا وێران بكاتو زۆر قسەی تری لەم بابەتەم بۆ كرد. جوعمە گوتی: "تۆ دەڵێی خوا زۆر بە توانا، زۆر گەورەیە، یانی ئەویش بە قەد شەیتان بە هێزو گەورە نیە؟" گوتم: "با، با، جوعمە، خوا لە شەیتان بەهێزترە، بە تواناترەو هەر بۆیە لێی دەپاڕێینەوە كە شەیتان بخاتە ژێر پێمانەوەو تواناو ورەی ئەوەمان بداتێ فریوی فێڵو دەهۆكانی نە خوێنو تیری ئاگرینی ئەو كارمان تێنەكات." جوعمە گوتی: "باشە ئەگەر خوا زۆر گەورەترو بەهێزترە لە شەیتان، بۆچی نایكوژێتو خەڵكی لە شەڕی ئەو رزگار ناكات؟".

ئەم پرسیارە غافڵگیری كردم، راستە ئیدی پیر بوو بووم، بەڵام هێشتا موجتەهیدێكی گەنج بووم، ئەو توانایەم نەبوو كە بتوانم گەنگەشەكارێكی باش بم، یان فتوا لەسەر ئەو جۆرە مەسەلانە بدەم. لە سەرەتاوە نەمدەزانی چ بڵێم، ئەنجام خۆم لە گێلی داو پرسیم چ دەڵێت. بەڵام ئەو لەوە راستگۆتر بوو كە پرسیارەكەی خۆی فەرامۆش بكات، بۆیە بە زمانە شەقو شڕەكەی خۆی پرسیارەكەی دووبارە كردەوە. بەڵام ئەمجارەیان تۆزێ وەخۆ هاتبوومەوەو گوتم: "خواوەند لە ئەنجامدا سزایەكی قورسی دەدات، هێشتا كاتی دادگایی نەهاتووە، دەیخاتە بیرێكی بێ بنەوەو تا هەتا هەتایە لە ئاگردا دەسووتێ". جوعمە قەناعەتی بەم وەڵامە نەهات، رووی كردە منو قسەكانی خۆمی دووبارە كردەوە "سزایەكی قورسی دەدات، تێناگەم بۆچی خوا ئێستا شەتیان ناكوژێت، بۆچی زۆر پێش ئێستا نەیكوشتووە؟" گوتم: "دەتوانی ئەم پرسیارەشم لێ بكەی كە بۆچی تۆو من، كاتێ كە كاری دزێوو خراپ دەكەین ناكوژێت، دەرفەتمان دەداتێ تا تۆبە بكەینو لە گوناح پاك ببینەوەو بمانبەخشێت." كە گوێی لەم وەڵامە بوو كەمێك لە فكران

راچوو و به میرەبانیەکی زۆرەوە گوتی: "چاکە، چاکە، زۆر چاکە، کەواتە تۆ، من، شەیتان هەموو خراپەکاران، هەموو رادەگرێ، تۆبە، خوا هەمووان دەبەخشێت." ئەمجارەش لەرادەبەدەر غافڵگیری کردم، ئەوەی لاساغ کردمەوە، کە بەشەر بەتەبیعەت و خۆڕسك مەیلی خواناسی و خوا پەرستی لەلایە، بەڵام هیچ شتێك جگە لە ئیلهامی خوایی ناتوانێ بەرەو ناسینی عیسا مەسیح رێنوێنیمان بکات، کە هۆکاری پەیمانانی ئێمە دەگەڵ خواو شفاعەتکاری بارەگای خواییەو، رزگارکەری ئێمەیە. لە ئەنجاما ئینجیلی سەروەرو فریاڕەسی ئێمە عیسا مەسیح، یانی کەلامی خواو روحی خوا، کە بۆ رێنمایی بەشەر هاتووە، ئەوزارێکی پێویستە بۆ رێنوێنی گیانی بەشەران و بایسی ناسینی خواوەند و ئەوزاری نەجات و رزگاری بەشەرە.

ئەنجام کۆتاییم بە گفتوگۆیەکەی خۆم دەگەڵ جوعمەدا هێنا و بلەز لە جێی خۆم هەستام وەکو ئەوەی کارێکی زەروریم بۆ پێش هاتبێ و بە بیانوویەکەوە ئەوم بۆ شوێنێکی دوور ناردو بە جدی لە قاپی خوا پاڕامەوە کە توانای ئەوەم بداتێ ئەم هۆڤیە بێنەوایە بخەمە سەر رێگەی راست، بە روحی خۆی یارمەتی دڵی ئەم نەزانە داماوە بدات کە لە بوونی مەسیحدا هەست بە روناکی ناسینی خوا بکات و دڵی ئەو نەرم بکات و هیدایەتی منیش بدات تا بە جۆرێ کەلامی خوای پێ بڵێم کە ویژدانی بێدارو چاوانی بکرێنەوەو روحی رزگار بێت. وەختێ جوعمە گەڕایەوە، لەگەڵیا کەوتمە گفتوگۆیەکی دوورو درێژ دەربارەی رزگاری بەشەر بە هۆی فریاڕەس و رزگارکەری جیهان، دەربارەی باوەڕ بوون بە ناردنی ئینجیل لەلایەن خواوە، دەربارەی تۆبەکردن لەبەر دەرگای خواو، باوەڕ بوون بە حەزرەتی مەسیح. پاشان بەگوێرەی توانای خۆم بۆم روونکردەوە کە بۆچی رزگار کەرو فریاڕەسی پیرۆزو موبارەکی ئێمە تەبیعەتی فریشتانی نەبوو، بەڵکو لە نەسلی ئیبراهیم بوو و،لەبەر ئەوەی ئەو فریشتانەی هاتبوونە خوارێ هیچ دەورێکیان لە رزگاریدا نەبوو و، ئەو بە تەنیا هات تا گەلی گومڕای بەنی ئیسرائیل رێنوێنی بکات و ئەو جۆرە کارانە.

خوا دەیزانێ لەو هەوڵانەدا کە بۆ هیدایەت و رێنوێنی ئەم بوونەوەرە داماوەم دەدا، زۆر راستگۆ بووم، زیاتر راستگۆیی لە هەوڵەکانمدا هەبوو تا شارەزایی، هەڵبەتە دەبێ دان بەوەشدا بنەم هەموو ئەو کەسانەی کە بە گوێرەی ئەم پرەنسیپە کار دەکەن، دەزانن کە کاتێ مەسەلەکانم بۆ ئەو شەرح و شرۆڤە دەکرد، خۆیشم هۆشیار دەبوومەوەو زۆر شتان فێر دەبووم کە نەمدەزانین یان بە تەواوەتی تێیان نەگەییشتبووم، کاتێ شتانێك کە بە دەم قسەکردنەوە بۆ ئەم هۆڤیە داماوە، بە مێشکمدا دەهاتن و پاشان کەڵکەڵەی زانین و چوونە بنج و بناوانیانم لا زیاتر دەبوو، بۆیە بە دەر لەوەی کە ئەم هۆڤیە داماوە لە قسەکانم دەگەیی یان نا، بە ڕاستی زۆر مەمنوونی بەختی خۆم بوو کە هاتبووە لام. باری خەمم سووکتر بوو، شوێنی ژیان و گوزەرانم بەرە بەرە زۆر لە جاران باشترو رەحەت تر بوو،و کاتێ ژیانی تەنیایی رابردووم بیر دەکەوتەوە نەك هەر ئارەزووی ئەوەم دەکرد تەمەشای ئاسمان بکەم و دەستی کۆمەکی خوا، کە منی هێنا بووە ئێرە بگرم، بەڵکو ئێستا، بەخواستی خواوەند، خۆم بە ئەوزارێك دەزانی کە روحی ئەو هۆڤیە بەلەنگازە، ئەوەندەی لە توانامدایە، رزگار بکەم و حەقیقەتی ئاین و بیری مەسیحیەتی تێبگەیەنم، تا عیسا مەسیح بناسێت، کەسێك بناسێ کە خودی ژیانی جاویدانیە. بە کورتیەکەی وەکو گوتم،

کاتیٚ لەم شتانە ورد دەبوومەوە، هەستم دەکرد شادیەکی پەنهانی لە سەراپای بوونما دەگەڕیٚ. بڕوا بکە زۆر جار ڕیٚدەکەوت کە زۆر دڵخۆش دەبووم کە بۆ ئەو شویٚنە هاتبووم، کەچی جاران وام تەسەور دەکرد کە ئەمە ترسناکترین نەگبەتی و مەینەتیە کە تووشی بووم.

ئیدی بەم نەفەسی شوکرانە بژیٚرییەوە، دریٚژەم بە ژیان و بە هاودەمی لەگەڵ جوعمەدا داو بیٚگومان ئەو سیٚ ساڵەی پیٚکەوەمان بردە سەر بەوپەڕی شادی بوری، ئەگەر شادی تەواو لە ژیانی دنیاییدا هەبیٚت!.

ئەو کابرا هۆڤیە، ئیٚستا بوو بوو بە مەسیحیەکی باش، تەنانەت باشتر لە منیش، دەتوانم بڵیٚم کە هەردووکمان بە یەك ئەندازە تۆبەکار بووین و تۆبەکارانیٚك کە خۆمان دۆزی بووەوەو ئاسوودەیی خۆمان بە دەست هیٚنا بووەوەو لەم رووەوە زۆر سوپاسی خوا دەکەم. ئیٚمە لیٚرەدا، ئەوەندەمان کەلامی خوا لەبەر دەستا بوو کە بیخویٚنینەوە، ئەوەندەش لە خواوە نزیك بووین کە ئەگەر لە ئینگلیستانیش بوایەین، دەمانتوانی هەر ئەوەندە لیٚوەی نزیك بین.

من هەمیشە ئینجیلم دەخویٚندەوەو هەوڵم دەدا، ئەوەندەی لیٚی حاڵی دەبووم و دەرەقەتی دەهاتم بۆ جوعمەی روون بکەمەوەو شرۆڤەی بکەم و، ئەویش لای خۆیەوە، لە ڕیٚگەی پرسیارە جدییەکانیەوە، وەکو باسم کرد، وای لیٚدەکردم، لە چاو ئەو رۆژگارانەوە کە بە تەنیا ئینجیلم بۆ خۆم دەخویٚندەوە، مامۆستایەکی باشتر بم. خاڵیٚکی دیکەش هەیە کە پیٚویستە ئاماژەی بۆ بکەم، خاڵیٚك کە زادەی ئەزموونی ئەم قۆناغەی ژیانی تەنیاییمە، ئەویش ئەوەیە بە ڕاستی مایەی شوکرانەیە کە ناسینی خواو رزگاری لە ڕیٚگەی پەیڕەوی کردنی عسا مەسیحەوە، بەم روونی و سادەییە لە کەلامی خوادا هاتووەو بە ئاسانی دەتوانی ئەم پەیامە وەربگریٚت و تیٚی بگەیت، وەکو چۆن کە تەنیا خویٚندنەوەی ئینجیل، توانای ئەوەی دامیٚ، فیٚری ئەوە ببم کە بتوانم ئەرکی هەرە گرنگی خۆم، کە تۆ بە بوو لە گوناحان و پابەند بوون بوو بە فریاڕەسی ژیان و فاکتەری رزگاریەوە، ئەنجام بدەم و بەکردەوە ژیانی خۆم بەرەو باشی بگۆڕم و پابەندی هەموو دەستوورەکانی خوا ببم و هەموو ئەمانە بەبیٚ مامۆستا (مەبەستم مامۆستای بەشەرە) فیٚر بووم.

جا ئەم دەستوورە ساکارانەی کتیٚبی پیرۆز (ئینجیل) بەشی ئەوەی دەکرد کە میٚشکی ئەم بوونەوەرە هۆڤیە روناك بکاتەوەو بیگۆڕیٚت بۆ مەسیحیەك کە بەدەگمەن لە ژیانما مەسیحی وام دیتووە.

هەر هەموو ئەو گەنگەشە، مشت و مڕو، کیٚشماکیٚش و شەڕانەی کە لە دنیادا دەربارەی مەزەب روویان دەدا، چ لە رووی تیٚوری و چ لە رووی چۆنیەتی بەڕیٚوەبردنی کلیٚساوە هەر هەمووی بەلای ئیٚمەوە بیٚهودەو لە زیادە بوو، کە ئیٚستا پیٚموایە بە کەڵکی باقی دنیاش نایەت. ئیٚمە کتیٚبی خواناسی خۆمان لەبەر دەستا بوو، کە هەمان کەلامی خوا بوو، سوپاس بۆ خوا کە روحی خوامان بە روونی دەبینی، کە کەلامەکەی ئەو شتەی فیٚر کردبووین و بەرەو حەقیقەتی تەواو ڕیٚنمایی دەکردین و هەردووکمانی کرد بوو بە بەندەی تامەزرۆو گویٚڕایەڵی دەستوورەکانی خۆی و، خاڵی باس ئەنگیٚزی مەزەب، کە کۆمەڵیٚك گەنگەشەو مشت و مڕی لە سەرانسەری دنیادا

بەرپا کردبوو، کەمترین بوونی لای ئێمە نەبوو. ئێستاش جێی خۆیەتی بگەڕێمەوە سەر حیکایەتەکەی خۆم و بەڕێز هەر بەشێکی بگێڕمەوە.

دوای ئەوەی دەگەڵ جوعمەدا بە تەواوەتی راهاتم و دەیتوانی، لە هەموو قسەیەکی من تێبگات، هەرچەندە ئینگلیزیەکەی سەرو گوێ شکاو بوو، بەلأم بە روونی و رەوانی قسەی دەکرد. هەندێ لە بەسەرهاتەکەی خۆمم، یان بەلای کەمەوە ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە هاتنمەوە بۆ ئێرە هەبوو، بۆ گێڕایەوە.

بۆم گێڕایەوە کە چەند ساڵەو چۆن لێرە دەژیم. نهێنی باروووت و فیشەکم، کە بە ڕاستی بە لای ئەوەوە رازئامێز بوو، بۆ ئاشکرا کردو فێری تیرەندازیم کرد. چەقۆیەکم دایە کە زۆر دڵی پێ خۆش بوو، کەمەر بەندێکی قولابدارم بۆ دروستکرد، رێك وەکو ئەو کەمەربەندانەی کە لە ئینگلیستان لە پشتی دەکەین، تەشوێیەکم دایە کە بیکات بە قولابی کەمەربەندەکەیەوە، کە هەڵبەتە نەك هەر چەکێکی باش بوو، بەڵکو زیاتر ئەوزارێ بوو بۆ زۆر کاری دی بەکار دەهات.

باسی ئەوروپام، بەتایبەتی ئینگلیستانی زێدو زاگەی خۆم بۆ کرد کە چۆن لەوێ دەژیاین، چون خوامان دەپەرست، چۆن رەفتارمان دەگەڵ یەکدی دەکرد، چۆن بە کەشتی سەفەری سەرانسەری دنیامان دەکرد. حیکایەتی ئەو کەشتیەکەم بۆ گێڕایەوە کەخۆم یەکێك بووم لەسەر نشینەکانی، ئەوەندەی بۆم کرا شوێنێکی نزیکی غەرقبوونەکەیم نیشان دا، بەلأم ئیدی کەشتیەکە پارچە پارچە بوو بوو و هیچ شوێنەوارێکی نەما بوو.

پاشماوەی ئەو بەلەمەم نیشان دا، کە لە کاتی هەلأتندا، لە دەستم دابوو، کە ئەو کاتە بە هەموو هێزو توانای خۆمەوە هەر بۆشم نەجولأبوو، لێ هەنوکە تەقریبەن فەوتا بوو. جوعمە بەدیتنی شوێنەواری بەلەمەکە، بە دەم هزرینەوە وەستاو هیچی نەگوت. لێم پرسی بیر لەچی دەکاتەوە. سەرەنجام گوتی: "ئەمجۆرە بەلەمانە دێن بۆ ولأتی ئێمە".

تا مودەتێك تێنەگەییشتم چ دەڵێت، لێ ئەنجام وەختێ زیاتر بیرم لە مەسەلەکە کردەوە، بۆم دەرکەوت کە مەبەستی ئەوەیە بەلەمێکی وەکو ئەمە هاتبوو بۆ کەنارەکانی سەرزەمینی ئەوان، یانی بە گوێرەی قسەکانی ئەو گژەبا بۆ ئەوێندەری ڕامالی بوو. یەکسەر وێنای ئەوەم کرد کە لەگینە کەشتیەکی ئەوروپایی لە رێڕەوی خۆی دەرچووبێ و بەرەو کەنارەکانی ئەوان چووبێ و رەنگە بەلەمەکەی لێ جیا بووبێتەوەو هاتبێت بۆ کەنارەکە، لێ هێندە گەوج بووم کە بە هیچ جۆرێ بیرم بۆ ئەوە نەچوو بپرسم ئاخۆ کەسێك لە کەشتیەکە رزگار بووبێ، یان گەییشتبێتە کەنارەکە، بۆیە تەنیا پرسیاری شێوەی بەلەمەکەم لێکرد.

جوعمە، زۆر بە باشی وەسفی بەلەمەکەی بۆ کردم، بەلأم ئەو کاتە، زیاتر لە مەبەستی حاڵی بووم کە بە دەم قسانەوەو بە گەرمی لەسەری ڕۆیی: "ئێمە پیاوە سپییەکانمان لە خنکان رزگار کرد". یەکسەر پرسیم لە بەلەمەکەدا، خۆی گوتەنی پیاوی سپی هەبوو؟ گوتی: "بەڵێ، بەلەمەکە پڕ بوو لە پیاوی سپی." پرسیم چەند کەسی تیا بوو، بە قامکان هەڤدەی ژمارد. پرسیم ئەدی چییان بەسەر هات. گوتی: "ماون، لەگەڵ قەومی مندا دەژین."

ئەم قسانە بیرێكی تازەی لادروستكردم، یەكسەر تەسەوری ئەوەم كرد كە ڕەنگە ئەوانە سەرنشینانی ئەو كەشتیە بن كە من لە دوورگەكەمەوە، كە هەنووكە وای ناو دەبەم، دیتبوومن‌و لەگینە پاش ئەوەی كەشتیەكە بەر تاوێرەكە كەوتووە، زانیویانە نقووم دەبێت، سواری بەلەمەكە بوون‌و لەتاو گیانی خۆ بەرەو كەنارەكە چوون‌و ئێستا لە نێو، هۆڤیاندان.

ئەنجام، لێم دووبارە كردەوە كە چییان بەسەر هات. دڵنیای كردم كە هێشتا لەوێ دەژین‌و چوار دانە ساڵە لەوێن‌و هۆڤیەكان دەستیان بۆ نەبردوون، ئازووقەو بژێویشیان داونەتێ. لێم پرسی باشە چۆنە نەیانكوشتوون‌و نەیانخواردوون. گوتی: "نا، دەگەڵ سپییەكاندا بوون بەبرا" كە دوایی زانیمان تومەز جۆرە سوڵحێكیان كردووە. پاشان گوتی: "ئەوان تەنیا لە كاتی شەڕدا بەشەر دەخۆن". مەبەستی ئەمە بوو كە ئەوانە هیچ كاتێ بەشەر ناخۆن، مەگەر كاتێ لەگەڵ كەسێكدا بەشەڕ بێن‌و لە شەڕا بە دیلی بیگرن.

دوای ئەوەی ماوەیەك بوو كە لەسەر گردەكە، لە قوڵی ڕۆژهەڵاتی دوڕگەكە وەستا بووم، كە پێشتر باسی ئەوەم كردبوو كە ڕۆژێك دنیا ساماڵ‌و خۆش بێ، لەوێوە وشكانی ئەسڵییانی كیشوەری ئەمریكا دەبینرا، جا چونكە دنیا زۆر ساف بوو، جوعمە زۆر بە تامەزرۆیی دەیڕوانیە وشكانیە ئەسڵیەكەو لە ناكاو كەوتە ڕەقسین‌و هەڵپەڕكێ‌و، چونكە كەمێك لە من دوور كەوتبووەوە، لە دوورەوە گازی كردم، پرسیم چی بووە. گوتی: "گیان! گیان! ئەوێ خاكی من! ئەوێ میللەتی من!".

دەقەتم دا، شادیەكی سەیر نیشتووەتە سەر سیمای و چاوانی پرشنگ دەدەن‌و تاسەو تاسەمەندییەكی سەیر بە سیماییەوە دەبینرێ، لە تۆ وایە بە تەمایە بۆ وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە. ئەم مەسەلەیە زۆر بیری لا هاڕوژاندم، كە لە سەرەتادا بوونە بایسی ئەوەی كە سەبارەت بەو تووشی جۆرە نیگەرانیەك ببم‌و گومانی ئەوەم پەیدا كرد كە ئەگەر جوعمە بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ناو میللەتی خۆی، نەك هەر ئاینەكەی بە تەواوەتی فەرامۆش دەكات، بەڵكو هەموو چاكەو پیاوەتیەكی منیش لە بیر دەكات‌و هەنگێ بێپەروا واریقاتی من بۆ هاووڵاتیانی خۆی دەگێڕێتەوەو لەگینە دەگەڵ سەد یان دوو سەد نەفەری دیدا بگەڕێتەوەو من بكوژن‌و بخۆن‌و ئەویش وەكو جاران كە دوژمنانیان ئەسیر دەكردو دەخوارد،ئاهەنگ بگێڕێت.

لێ من دەربارەی ئەو بوونەوەرە دروستكارە بە هەڵە چوو بووم، پاشان زۆر لەم بەدگومانیەی خۆم ژێوان بوومەوە. بەڵام بە هۆی ئەم بەدگومانی‌و دڕدۆنگیەوە، كە چەندین هەفتەی خایاند، كەمێك بە پارێزتر لە جاران ڕەفتارم دەگەڵ دەكردو ئەو گەرم‌و گوڕی‌و میهرەبانیەی جارانم دەگەڵی نەبوو، كە ئەمەی خۆی لە خۆیدا هەڵەیەكی گەورە بوو، ئەم پیاوە پاك‌و بەسەزمان‌و نمەك حەڵاڵە، هیچ خۆی شێلو نەكردو لەم ڕەفتارە زویر نەبوو، بەڵكو وەكو دۆستێكی بەوەفاو مەسیحیەكی دروستكار، باشترین ڕەفتاری هەبوو، كە پاشان زۆری ڕازی كردم.

بەڵام لە ماوەی بەدگومانی‌و دڕدۆنگیەكەمدا، هەموو ڕۆژێ تاقیم دەكردەوە، تا بزانم زەڕەیەك لەو هزرین‌و بیرانەی، كە وام تەسەور دەكرد لە مێشكیا هەیە، كەشف دەكەم یان نا، بەڵام سەیرم كرد هەرچیەكی دەگوت هێندە ڕاستگۆیانەو بێ ڕیا بوو، كە هیچ بەڵگەیەكی بۆ سەلماندنی

هەقانیەتی بەدگومانیەکەی من بەدەستەوە نەدەدا، ویڕای هەموو پەریشانی و دڕدۆنگیەکم، سەرەنجام ناچاری کردم ئاشت ببمەوەو خۆشم بویێتەوە. ئەسڵەن هەستی بەوە نەکرد کە گومانم لێی پەیدا کردووەو ئەنجام هیچ گومانێکم لێی نەما.

ڕۆژێك کە بە هەمان گردا هەڵدەگەڕاین، بەڵام کەش و هەوای دەریاکە تەمومژاوی بوو و وشکانی ئەسڵی نەدەبینرا، گازم کردو گوتم: "جوعمە، حەزت دەکرد لە وڵات و لە ناو میللەتی خۆتدا بیت؟" گوتی: "بۆ نا، خۆشحاڵ، لای میللەت بم" گوتم: "ئەگەر شتی وا ڕوویدا، لەوێندەر چ دەکەی؟ دووبارە دەبیتەوە بە هۆڤی، گۆشتی بەشەر دەخۆی، دەبیتەوە بە هەمان هۆڤیەکەی جاران؟" کەمێك سیمای گرژ بوو، سەرێکی بەم لاو بەولادا باداو گوتی: "نا، نا، جوعمە پێیان دەڵێت باش بژین، عیبادەتی خوا بکەن، پێیان دەڵێت نان بخۆن، گۆشتی حەیوان بخۆن، نەك گۆشتی بەشە." گوتم: "ئاخر خۆت دەکوژن." کە گوێی لەو قسەیەم بوو کەمێك لەفکران ڕاچوو و پاشان گوتی: "نا، ئەوان، من نەکوژن، ئەوان، حەز، فێر بن." مەبەستی ئەمە بوو کە حەز دەکەن فێر بن. پاشان گوتی کە ئەوان، زۆر شتان لەو پیاوە ڕیشنانەوە فێر بوو بوون کە بە بەلەم گەیی بوونە ئەوێندەر. پاشان لێم پرسی ئایا حەز دەکات بۆ لای ئەوان بگەڕێتەوە. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی ناتوانێ ئەم مەسافە زۆرە بە مەلە ببڕێت. گوتم من لۆتکەت (بەلەم) بۆ دروست دەکەم. گوتی ئەگەر منیش لەگەڵی بڕۆم، دەڕوات. گوتم: "من بڕۆم! خۆ هەر کە بگەمە ئەوێندەر دەمخۆن." گوتی: "نا، نا، من نایەڵم بتخۆن. کارێکی وەها دەکەم زۆریان خۆش بوێی." مەبەستی ئەوە بوو کە پێیان دەڵێت چۆن من دژمنەکانیم کوشتووەو ڕزگارم کردووە، لەبەر ئەمە کارێکی وەها دەکات کە خۆشیان بوێم. ئەوجا بەگوێرەی توانای خۆی بۆی گێڕامەوە کە چۆن و چەند دەگەڵ ئەو هەڤدە پیاوە سپی پێستانەی چوو بوونە ئەوێندەر، یان خۆی گوتەنەی دەگەڵ ئەو پیاوە ڕیشنانەدا، میهرەبان بوون.

پیاو ڕاست بڵێ لەوە بەدواوە، کەڵکەڵەی ڕۆییشتنم کەوتە سەر، تا بزانم ئایا دەتوانم خۆم بگەیەنمە ئەو پیاوە ڕیشنانە کە بێگومان ئەسپانیایی یان پرتوگالی بوون. گومانم لەوە نەبوو کە ئەگەر توانیبام بگەمە لای ئەوان، بێگومان دەگەڵ ئەواندا ڕێگەیەکی ڕزگاریمان دەدۆزییەوە، چوونکە ئەوان لە وشکانی ئەسڵی و پێکەوە بوون و وەزع و حاڵیان لە من باشتر بوو کە بە تاقی تەنیا، بێ یارو یاوەر کەوتبوومە دوڕگەیەکی دوورە دەستەوە کە چل میل لە وشکانییەوە دوور بوو. دوای چەند ڕۆژێك کە جوعمەم بەکارێك بۆ دەرەوە بردبوو، سەری قسەم دەگەڵی کردەوەو پێم گوت بەلەمێکی دەدەمێ کەپێی بگەڕێتەوە بۆ لای هاوولاتیانی خۆی، ئەنجام بردم بۆ لای بەلەمە سەوڵدارەکەم، کە لە سەمتەکەی تری دوڕگەکەدا بوو، چونکە هەمیشە لە ژێر ئاوا دام دەنا، ئاوەکەی ناویم بە تاڵ کردەوە. بەلەمەکەم دەرهێناو نیشانم داو بە دوو قۆڵی سواری بووین.

سەیرم کرد لە بەلەمڕانیدا زۆر کارامەیەو چیوای لە من کەمتر نیە. لەبەر ئەمە وەختێ سوار بووین گوتم "دەی جوعمە بڕۆین بۆ لای هاوولاتیانی تۆ؟" زۆری سەر لەم قسەیە سوڕما، وام هەست دەکرد، لەبەر ئەوە بوو، پێی وابوو ئەم بەلەمە بۆ سەفەرێکی وا دوورو درێژ زۆر بچووکە،

ئیدی پێمگوت بەلەمێکی گەورەتریشم هەیەو ڕۆژی دواتر بردم بۆ ئەو شوێنەی کە یەکەم بەلەمە دەستکردەکەی خۆمی لێبوو، ئەو بەلەمەی لەبەر قورسی نەمتوانی بوو بیخەمە ناو ئاوەکە. گوتی کە ئەم بەلەمە ئەندازەکەی باشە، بەلام چونکە پێی ڕا نەگەیی بووم و بیست و دوو سێ ساڵ لەوێدا کەوتبوو، هەتاو وشکی کردبووەوەو درزی بردبوو و شەقی تێکەوتبوو و بەکورتیەکەی بە تەواوەتی ڕزی بوو. جوعمە گوتی بەلەمێکی بەو ئەندازەیە زۆر باشەو دەکرێت، ئەو گوتەنی "ئازووقەی زۆر، خواردن و خواردنەوەی زۆر" دەگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی بیری سەفەر بۆ وشکانی ئەسڵی دەگەڵ ئەودا بە ڕادەیەك زەینی مژول کردبووم گە پێمگوت دەگەڕێینەوەو بەلەمێك بە هەمان ئەندازە دروست دەکەین و پێی دەگەڕێینەوە، هەرکەسەو بۆماڵی خۆمان. جوعمە، تاقە وشکەیەکیشی لە زار نەهاتە دەرێ، بەلام پەست و غەمگین دەهاتە بەرچاو. لێم پرسی چیەتی. ئەویش لە منی پرسی: "بۆچی تۆ توڕە لە جوعمە؟ من چیم کردووە؟" پرسیم مەبەستی چیەو، گوتم بە هیچ جۆرێ لێی توڕە نیم. چەند جارێ دووبارەی کردەوە "توڕە نا! توڕە نا! بۆچی جوعمە لە خۆت دوور دەخەیتەوەو بۆ ناو میللەتی خۆمم دەنێریتەوە." گوتم "سەیرە، جوعمە، ئەدی تۆ خۆت نەتگوت حەز دەکەی بچیتەوە ناو کەسوکاری خۆت؟" گوتی: "بەڵێ، بەڵێ، ئارەزوو، هەردوو لەوێ بین، ئارەزوو نە جوعمە لەوێ، ئەرباب نە لەوێ." بە کورتیەکەی، حەزی نەدەکرد بەبێ من بڕواتەوە بۆ ئەوێندەر. گوتم: "جوعمە، من کە بڕۆم بۆ ئەوێ، لەوێندەر چ بکەم؟" یەکسەر وەلامی دایەوە "تۆ لەوێ دەتوانی زۆر کاری باش بکەیت، ئەو خەڵکە هۆڤیە فێری چاکەکاری بکەی، فێریان بکەی جدی بن، ڕام ببن، پێیان بڵێی خوا بناسن، لە خوا بپاڕێنەوە، خوا بە هەق بناسن و فێری ژیانی تازە بن". گوتم "مخابن، جوعمە تۆ خۆتیش نازانی چ دەڵێی. من بۆ خۆم کەسێکی نەزانم." گوتی: "نا، نا، تۆ چۆن منت فێر کرد، ئاواش دەتوانی ئەوان فێر بکەی". گوتم: "نا، نا، جوعمە، تۆ دەبێ بە بێ من بڕۆیت. واز لە من بێنە با وەکو جاران بۆ خۆم لێرە بژیم."

سەری لە قسەکانم دەرنەکرد، بە هەشتاوبەرەو یەکێك لەو تەشوێیانە ڕۆیی کە دابوومێ، هەر هەڵیگرت و دایە دەستم.پرسیم: " چی لەمە بکەم؟" گوتی: "بیگرە، جوعمە بکوژە." گوتم: "بۆچی بتکوژم؟" بلەز وەلامی دایەوە: "ئاخر بۆ جەعمە بنێری بۆ شوێنی دوور." ئەم قسەیەی هێندە بە کوڵ و بە دڵ گەت، سەیرم کرد ڕوونداك لە چاوانی قەتیس ماون. بە کورتیەکەی بە چاوانی خۆم ئەو پەڕی دڵسۆزی و میهری ویم بینی و هەستم کرد بڕیاری یەکجارەکی خۆی داوە، بۆیە هەر لەوێ و دواتریش، چەندین جار لێم دووبارەکردەوە کە ئەگەر دڵی پێوەیە دەگەڵ مندا بێ، هەرگیز لە خۆمی دوورناخەمەوە.

بەهەر حاڵ لە میانەی ئەم گفتوگۆیەوە دڵسۆزی و ئەمەکداری هەمیشەیی ئەوم بۆ دەرکەوت و تێگەییشتم کە هێز نییە من لەو جیا بکاتەوە ئەوەشم بۆ بە دیارکەوت کە بۆیە حەز دەکات بچێتەوە بۆ وڵاتی خۆی چونکە هاووڵاتیانی خۆی خۆش دەوێت و ئومێدی ئەوەی بە من هەیە کە کارێکی خێریان بۆ بکەم. یانی شتێك کە قەت بیرم لێنەکردبووەوە، ئەسڵەن هیچ حەزم بەکاری وا نەبوو. بەلام هێشتا خولیاو ئارەزوویەکی زۆرم لەسەرا بوو کە لێرە هەڵێم و ڕزگار بم، کە ئەمەش

وەکو گوتم زادەی ئەو تەسەورانە بوو کە لە میانەی گفتوگۆکەمانەوە، لام دروست بوو بوو، بۆ نموونە یەکێك لە هاندەرەکانم بوونی ئەو هەڤدە پیاوە ریشنە بوو لەوێ. ئەنجام بە پەلە دەگەڵ جوعمەدا چووین تا درەختێکی گەورەی لەبار بدۆزینەوە، بیبڕینەوەو لۆتکەیەکی گەورە بۆ سەفەرەکەمان دروست بکەین. بۆ دروست کردنی بەلەمی بچووک دارو درەخت لە دوورگەکەدا زۆر بوو، تەنانەت بۆ دروستکردنی کەشتی گەورەش دار هەبوو، بەڵام بۆ دروستکردنی لۆتکەیەك بەو ئەندازەیەی ئێمە گەرەکمان بوو، دار زۆر کەم بوو. بەڵام ئەو شتە سەرەکیەی کە لە بیرو لە خەیاڵما بوو، ئەمە بوو کە دارێك لە نزیکی ئاوەکە بدۆزینەوە، تا پاشان کە بەلەمەکەمان دروستکرد، هەڵەکەی هەوەڵجارم دووبارە نەبێتەوەو، بتوانین بە ئاسانی بیخەینە ناو ئاوەکە.

ئەنجام جوعمە درەختێکی شیاوی هەڵبژارد، سەیرم کرد زۆر لە من باشتر دەزانیّ کە چ جۆرە دارێك بۆ ئەم کارە دەست دەدات. تاکو ئەمڕۆش ناوی ئەو درەختە نازانم کە بڕیمانەوە، ئەوەندە دەزانم کە زۆر دەشوبهێتە سەر ئەو درەختەی کە ئێمە پێی دەڵێین فوستیك، یان شتێك بوو لە نێوان فوستیك و درەختی نیکاراگوا، چونکە رەنگ و بۆنی تا رادەیەك لەو درەختانە دەچوو. جوعمە خەیاڵی وا بوو بە سووتاندن، چاڵێك لە قەدی درەختەکە هەڵکەنێت، تا بیکەین بە بەلەم. بەڵام من پێم نیشان دا کە باشتر وایە ئەم کارە بە ئەوزارو ئامێران ئەنجام بدات و، پاشان فێرم کرد چۆن ئەوزارەکە بەکار بێنیّ و ئیدی زۆر بە گورج و گۆڵی ئەم کارەی کرد. بە نزیکەی یەك مانگ کاری سەخت و بەردەوام، بەلەمەکەمان دروستکرد و زۆریش جوان دەرچوو، بە تایبەتی کاتیّ بە تەور دارەکەمان هەڵکۆڵی. دیوی دەرەوەیمان رێك لە شێوەی بەلەمدا تاشی. دوای ئەوە نزیکەی دوو هەفتەمان پێچوو تا بەرە بەرەو بە کاوەخۆ، بەلەمەکەمان بەسەر باگردێنی گەورەوە، بەرەو ئاوەکە برد، کاتیّ خستمانە ناو ئاوەکە سەیرمان کرد، جێگەی بیست کەسی بە ئیسراحەت تیا دەبێتەوە.

وەختیّ بەلەمەکە کەوتە سەر ئاو، وێڕای ئەوەی زۆر گەورە بوو، زۆرم پیّ سەیر بوو کە دیتم جوعمە بە چ کارامەیی و خێراییەك لێی دەخوڕیّ و سەوڵی لێدەدا، بۆیە لێم پرسی ئایا ئامادەیە پێکڤە سوار بین و بکەوینە ڕێ. گوتی: "بەڵیّ، هەرچەندە بایەکی توندی دێت، بەڵام دەتوانیّ زۆر بە باشی بڕوات." بەڵام من نەخشەیەکی دیکەم لە بیرو لە خەیاڵدا بوو کە ئەو لێی بێئاگا بوو، ئەویش بریتی بوو لەوەی بورج و بایەوان و لەنگەرو پەت بۆ بەلەمەکە دروست بکەم. سەبارەت بە بورج کێشەیەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو، ئەوە بوو دارسەرووییەکی بەرزو جوان و ساخم، کە لەو نزیکانە بوو و لە دوورگەکەدا زۆر بوو، هەڵبـژاردو بە جوعمەم گوت بیبڕێتەوەو فێرم کرد چۆن بیبڕێتەوە. سەبارەت بە بایەوانەکە، ئەوەیان کاری خۆم بوو، چونکە دەمزانی کە پارچە بایەوانانی کۆنم زۆر هەن، بەڵام چونکە هی بیست و شەش ساڵ لەوەپێش بوون و زۆریش ئاگاداریم نەکردبوون، وێنام نەدەکرد کە بە کەڵك مابن، گومانم نەبوو کە رزیوون، و ئەوەی راستی بیّ زۆربەیان رزی بوون. بەڵام دوو پارچەی زۆر باشم لە نێوانیانا دۆزییەوەو بەوانەو بە زەحمەتێکی زۆرو تەقەڵی زەحمەت تر، چونکە دەرزیم نەبوو، ئەنجام بایەوانێکی سیّ گۆشەی ناشیرینم دروست کرد، لەو بایەوانانە دەچوو کە لە ئینگلیستاندا پێیان دەڵێین بایەوانی

شانەمەڕ، کە لە کۆتاییەکەیدا دارێکی ئاسۆیی پێوە بوو کە بەوە دەجولاو لەسەریشەوە میلێکی ئاسنی چکۆلەی کورتی پێوە بوو، عەینی بایەوانانی کەشتیە گەورەکانی خۆمان، من لەم کارانەدا شارەزاتر بووم، چونکە وەکو بایەوانی ئەو بەلەمە گەورەیە وابوو کە کاتی خۆی پێی هەلاتبووم‌و لە دەستی دزانی دەریایی ڕامکردبوو، کە حیکایەتەکەیم لە بەشی یەکەمی چیرۆکەکەمدا گێڕاوەتەوە.

ئەم کارە، یانی پەت دروستکردن‌و بورج‌و بایەوان، نزیکەی دوو مانگی برد، چونکە بە ڕاستی کارێکی یەجگار وردم کردبوو. لەنگەرێکی چکۆلەو بایەوانێك و بایەوانێکی یەدەکم بۆ دروست کردبوو تا ئەگەر پێویستی کرد خۆمان بدەینە لای سەمتی بایەکە، لەوانەش گرینگتر ئەوە بوو، سوکانێکم بۆ پاشی بەلەمەکە دروستکرد تا بتوانم بە هۆیەوە بەلەمەکە ئاراستە بکەم، چونکە دەمزانی ئەم سوکانە شتێکی بە کەڵك‌و لە هەمان کاتدا پێویستە، بۆیە زەحمەتێکی زۆرم بە دروست کردنیەوە کێشاو لە ئەنجامدا باش دەرچوو، هەرچەندە زۆریش بە دڵی خۆم نەبوو، باوەڕ بکە دروستکردنی ئەم سوکانە لە دروستکردنی خودی بەلەمەکە زیاتری زەحمەت دام.

دوای تەواو کردنی هەموو ئەم کارانە، جوعمەم فێر کرد کە چۆن هەموو ئامێرەکانی بەلەمڕانی بەکار بێنێ، ڕاستە لە سەوڵ لێدانا زۆر شارەزا بوو، بەڵام هیچی لە بارەی بایەوان‌و سوکانەوە نەدەزانی‌و، کاتێ کە بینی لە دەریاکەدا چۆن سوود لە سوکان دەبینم‌و چۆن بایەوانەکە ڕێك دەخەم‌و ڕێڕەوی بەلەمەکە دەگۆڕم، حەپەسا بوو، کە ئەم شتانەی دەبینی سەری سوڕدەماو دەحەپەسا. بە هەرحاڵ بە زەحمەتێکی کەم فێری هەموو ئەو شتانەم کردو بوو بە دەریاوانێکی کارامەو لێهاتوو. تەنیا سەبارەت بە قوتبنماکە نەبێت، هەرچیم کردو کۆشا شتێکی ئەوتۆی لێ فێر نەبوو، لەلایەکی ترەوە، چونکە دنیا بەدەگمەن هەور بوو و تەم‌و مژ ئەو دەڤەرەی نەدەگرت، زۆرمان پێویست بە قوتبنما نەبوو و، ستێران بە شەوو کەناران بە ڕۆژەوە دەبینران، مەگەر باران بوایە. لە کاتی بارانیشدا کەس نە لە دەریاو نە لە وشکانیدا، هاتوچۆی نەدەکرد.

ئەمساڵ سەری بیست‌و حەوتەمین ساڵی ئەسارەتم بوو لەم دوڕگەیەدا ،هەرچەندە دەکرێت ئەم سێ ساڵەی دوایی لێدەربکرێت، چونکە ئەم پیاوەم هاتبووە لاو ژیانم بە تەواوەتی گۆڕا بوو. هێشتاش سالانە، ساڵیادی هاتنم بۆ ئەوێ، بە هەمان شوکرانەبژێری خواوە کە ڕەحمی پێداکردبووم دەکردەوە، ئەگەر لە سەرەتاوە، بەو هۆیەوە کە خوا ڕەحمی پێکرد بووم سوپاسیم دەکرد، هەنووکە زیاتر سوپاسی خوام دەکرد، چونکە بەڵگەی زیاترم بەدەستەوە بوو کە خودا پارێزەری من بووەو هیواو ئومێدێکی زۆرم بەوە هەبوو کە بەو زووانەو بە کردەوە بتوانم لەوێندەر ڕزگار ببم، چونکە هەستێکی بێ چەندو چوون پێی دەگوتم کە ڕزگاری نزیکەو ساڵی ئاینده لەوێ نابم. وێڕای ئەمەش، هێشتا وەکو جاری جاران هەر خەریکی حەیوانداری، کشتوکاڵ‌و حەسارکێشی بووم، ترێیەکانم کۆ دەکردەوەو وشکم دەکردەوەو، هەموو کارێکی پێویستم وەکو جاران دەکرد.

وەرزی باران دەستی پێکردبوو و زۆربەی کاتم لە ماڵەوە دەبردە سەر، بۆیە بەلەمە تازەکەمانم بە گوێرەی توانا، بردە شوێنێکی ئەمین. هێنامە ناو ئەو ڕوبارەی کە لە هەوڵی چیرۆکەکەوە گوتم،

که کەڵەکەکەم، کاتێ لە کەشتیەکەوە بارم دێنا، دەبردە ئەوێ، و کاتێ کە ئاوەکە هەڵکشا، بەرەو کەنارەکەم ڕاکێشاو بە جوعمەم گوت کە ئەستێڵێکی گچکە هەڵکەنێت و بەلەمەکە لەوێ ڕابگرێت و قووڵی ئەستێڵەکە ئەوەندە ببێ کە بەلەمەکە بکەوێتە سەر ئاوو نەنیشێتە سەر عاردیو پاشان کە ئاوەکە داکشا، بەربەستێکی قایممان لە کۆتاییەکەیدا دروست کرد تا باران نەیگاتێو لە کۆمەڵێك هەژگو بژاڵو چرپیو چاڵ سەری بەلەمەکەمان داپۆشیو چاوەڕوانمان کرد تا مانگێن یازدەو دوازدە بێن، چونکە بە تەما بووم ئەو کاتە دەست بە سەفەرەکە بکەم.

## ڕووبەڕووی بەشەرخۆران دەبینەوە

کاتێ کە وەختی سەفەرەکەمان نزیك دەبووەوە، کەشو هەوای خۆش، هێندەی دی کەڵکەڵەی سەفەرەکەی لە زەینمدا زیاد دەکردو، ڕۆژ بە ڕۆژ تەدارەکی سەفەرم زیاتر دەبینی. یەکەم کارێك کە لەم بوارەدا کردم ئەمە بوو کە جیرەی خواردن بۆ سەفەرەکەمان فەراهەم بکەمو، خەیاڵم وابوو لە زەرفی یەك دوو هەفتەدا، بەلەمەکە لە لەنگەرگاکەی دەربکەمو بکەوینە ڕێ. بەیانیەك کە مژوولی ئەو جۆرە کارانە بووم، جوعمەم گازکردو گوتم کە بڕوات بۆ کەنارەکەو بزانێت ئایا کیسەڵێك پەیدا ناکات. ئەمە کاری هەر هەفتەیەکمان بوو، ئیدی هەم سوودمان لە هێلکەکانیو هەم لە گۆشتەکەی دەبینی. جوعمە دوای ماوەیەکی کەم بە هانکە هانك گەڕایەوەو بەدیوار یان حەساری دەرەوەی خانووکەمدا سەرکەوت. زۆر شپرزە بوو، وەکو یەکێك بوو هەست بە زەوی لە ژێر پێی خۆیدا نەکات، پێش ئەوەی فریاکەوم قسەی دەگەڵدا بکەم، ئەو بە منی گوت: "ئاه ئەرباب! ئاه چ بەلایەك! ئاه چەند خراپ!" گوتم: "چ بووە جوعمە؟" گوتی: "ئاه لەوێ، لەوێ، یەك، دوو، سێ لۆتکە! یەك، دوو، سێ!" بە قسەکانیا وا تێگەییم کە باسی شەش لۆتکە دەکات، بەلام کە پرسیارم لێکرد بۆم دەرکەوت کە مەبەستی تەنیا سێ لۆتکەیە. گوتم:"باشە، جوعمە ، مەترسە". بە گوێرەی توانا دڵم دایەوە. بەلام سەیرم کرد ئەم داماوە زۆر دەترسێت، چونکە هیچ شتێکی لە خەیاڵو لە بیرا نەبوو تەنیا ئەمە نەبێ کە بە دوای ئەوا هاتوونو پارچە پارچەی دەکەنو دەیخۆن. بەلەنگازە بەجۆرێ دەلەرزی کە نەمدەزانی چی بۆ بکەم. هێندەی توانیم دڵخۆشیم دایەوەو گوتم کە منیش وەکو ئەو لە مەترسیدامو لەگینە منیش بخۆنو گوتم: "بەلام جوعمە، ئێمە دەبێ شەڕی ئەوانە بکەین، دەتوانی شەڕ بکەی جوعمە؟" گوتی: "من تیرەندازی،

لیٚ ئەوانە هاتوون زۆر زۆرن." گوتم: "کێشە نیە... بە تفەنگ وایان دەترسێنین کە پێویست بە کوشتنیان نەکات." پاشان لێم پرسی کە ئەگەر من بەرگری لەو بکەم، ئەویش بەرگری لە من دەکات و دەگەڵما دەبیٚ و بەگوێم دەکات. گوتی: "ئەگەر بڵێی بمرە، دەمرم ئەرباب." ئیدی چووم یەك بوتڵێ عارەقی نەیشەکەری باشم هێناو دامیٚ، چونکە زۆر باشم هەڵگرتبوو، هێشتا بڕێکی زۆری تیامابوو، کە خواردیەوە دوو تاپڕم دایە کە هەمیشە دەگەڵ خۆمانا دەمانبردن، ساچمەی گەورەم تێخستن، هەر ساچمەیەك بە ئەندازەی فیشەکی بچووکی دەمانچەیەك، ئەوجا چوار تفەنگی فتیلەییم هەڵگرت و سەرو دوو گوللەی گەورەو پێنج گوللەی بچووکم خستنە بەر. شمشێرە گەورەکەم وەکو هەموو جاریٚ بەبیٚ کیف بە قەد خۆما کردو تەشوێیەکەی جوعمەشم هێناو دامیٚ.

کە بەم شێوەیە خۆم ئامادەکرد، دووربینەکەم هەڵگرت و بە قەراخ گردەکەدا سەرکەوتم تابزانم مەسەلەکە چیە. بە دووربین تەمەشام کرد، یەکسەر بیست و یەك هۆڤی و سیٚ زندانی و سیٚ لۆتکەم بینی کە هاتوونەتە کەنارەکەو پێدەچوو نیازیان بەرپا کردنی ئاهەنگی سەرکەوتن و خواردنی سیٚ مرۆڤ بێت ( بەڕاستی ئاهەنگێکی دڕندانە بوو) بەڵام بەلای ئەوانەوە ئاسایی بوو.

هەروەها بینیم لەو شوێنە لایان نەداوە کە جوعمە لە دەستیان هەڵاتبوو، بەڵکو نزیکی روبارەکە بوون، یانی لە شوێنێکا کە کەنارەکە نزم بوو و بێشەیەکی چوغوورد تا قەراخ کەنارەکە دەهات. ئەم مەسەلەیە و ئەو کارە نامرۆڤانیەی کە ئەو دڕندانە بە تەما بوون بیکەن، زۆری پەست کردم، دووبارە چوومەوە بۆ لای جوعمەو گوتم لێبڕاوم بچم بۆ ئەویٚ و هەموویان بکوژم، و لێم پرسی لەگەڵما دێت یان نا، ئێستا ترسی رەوی بووەوە بە خواردنەوەی ئەو نەیشەکەرەی دابوومیٚ ورەی بەرز بوو بووەوەو زۆر بە کەیف و بە دەماخ بوو، وەکو جاران گوتی کە ئەگەر بڵێم بمرێت، ئامادەیە بمرێت.

بە دەم ئەم تورەییەوە، سەرەتا ئەو چەکانەی کە پڕم کردبوون وەکو جاران بەسەر خۆمانام دابەش کردن. دەمانچەیەکم دایە جوعمە کە بیکات بە قەدیا، سیٚ تفەنگیشم دایە کە بیانکاتە شانی، خۆشم دەمانچەیەك و سیٚ تفەنگی دیکەم هەڵگرت و کەوتینە ڕیٚ. بە خۆم بوتڵێکی چکۆلەی عارەقی نەیشەکەرم لە بەرکا بوو و کیسەك باروت و فیشەکیشم دایە جوعمەو ئەمرم کردیٚ رێك لە دووی منەوە بێت و تا پێی نەڵێم نە تەقە بکات و نە هیچ کارێك بکات و نە تاقە قسەیەکیش بکات. قوتبنمایەکیشم بەدەستی راستەوە بوو کە بە کۆمەکی قوتبنماکە نزیکەی یەك میلمان تەی کردو لە روبارەکە پەڕینەوەو گەیینە بێشەکە، تا بەر لەوەی هەستمان پێبکەن و پێمان بزانن بگەینە تیرهاوێژی وان، بە دووربینەکەم شوێنەکەم دیتبوون و دەمزانی کارەکەمان کارێکی ئاسان دەبێت.

کاتیٚ کە بەڕێوەبووین، بیرەکانی جاران لە کەللەی دامەوەو خەریك بوو لە بڕیارەکەم ژێوان دەبوومەوە. مەبەستم ئەمە نیە کە لێیان دەترسام، چونکە ئەو داماوانە کۆمەڵە خەڵکێکی رووت و قووت و بیٚ چەك بوون، ڕاستە من تەنیا بووم، بەڵام زۆر لەوان باشتر بووم. لیٚ هات بە خەیاڵما کە بۆچی و لەبەرچی و چ پێویست دەکات بڕۆم دەستی خۆم بە خوێن سوور بکەم و، پەلاماری

خەڵکانێك بدەم كە نەخراپەیان دەرهەق بە من كرد بوو و نە خەیاڵی خراپەیان دەربارەم هەبوو. ئەوانە، بە بۆچوونی من بێ گوناح بوون و داب و نەریتی هۆڤیانەیان بۆ خۆیان كارەسات بوو و نیشانەی ئەوە بوو كە بەڕاستی خواوەند ئەوانەی لەگەڵ هەموو خەڵكی ئەو مەرزو بوومەی دنیا، بەو حاڵەوە فەرامۆش كردبوو و بۆ خۆ لەو جەهالەتە نامرۆڤانیەدا دەژیان. بەلأم ئەركی من نەبوو بێم داوەری دەربارەی كارو كرداریان بكەم، و خۆم بكەم بە جێبەجێ كاری دادی خوایی، هەركاتێ خوا ئەمە بە مەسڵەحەت بزانێ، بەخۆی ئەم كارە دەكات و لەبەر تاوانە قەومیەكانیان بە سزای قەومیان دەگەیەنێت و تا ئەو كاتە مەسەلەكە هیچ پەیوەندییەكی بەمنەوە نەبوو. راستە جوعمە لەگین بوو ئەم كارەی پێ باش بێ، چونكە بە فەرمی دژمنی ئەوان بوو و دەگەڵ ئەو قەومەدا لە شەڕا بوو و هەقی ئەوەی هەبوو پەلاماریان بدات، بەلأم سەبارەت بە خۆم نەمدەتوانی ئەو جۆرە پاساوە بۆ خۆم بێنمەوە. بە درێژایی رێگا، بەو بیرانەوە مژول بووم، لێبڕام تەنیا لێیان نزیك ببمەوەو تەمەشای ئاهەنگ و زیافەتە هۆڤیانەكەیان بكەم و پاشان هەرچیەك خوا ویستی ئەوە بكەم، بەلأم ئەگەر هیچ پێشهاتێك ناچاری نەكردم، ئەوا شەڕیان نەكەم.

بە دەم ئەم بڕیارەوە خۆم بە بێشەكەدا كردو بەوپەڕی پارێزو بێدەنگییەوە (جوعمەشم بە دواوە بوو) رۆییشتم تا گەییمە كلكەی بێشەكەو ئەو شوێنەی نزیكی ئەوان، تەنیا گۆشەیەكی بێشەكە لە نێوان من و ئەواندا بوو. لەم كاتەدا بە ئەسپایی جوعمەم گازكردو درەختێكی گەورەی كلكەی بێشەكەم نیشان داو گوتم سەر بكەوێتە سەر درەختەكەو لەوێندەرەوە تەمەشا بكات و بزانێ ئەوان دیارن، چی دەكەن و هەواڵم بداتێ، بەهەشتاو ڕۆیی، چووە سەر دارەكەو بە پەلە بۆ لای من گەڕایەوەو گوتی لەوێندەرەوە زۆر بە ڕوونی دەبینرێن، هەموو لە دەوری ئاگرێك خڕ بوونەتەوەو خەریكن گۆشتی یەكێك لە قوربانیەكانیان دەخۆن و، یەكێك لە قوربانیەكانی دی، بەدەستی بەستراوەوە، كەمێك دوور لەوان، لەسەر لمەلأنەكە دانیشتووە. گوتی قەرارە دوای ئەوەی یەكەم، نۆرە بێتە سەر كوشتنی ئەم. كە ئەم خەبەرەم زانی دڵم گڕی گرت، گوتی قوربانیەكە لە خۆیان نیە، بەڵكو یەكێكە لەو پیاوە ریشنانە، بە هەڵە، بە خۆو بەلەمەكەیانەوە، خۆیان بە دەڤەری واندا كردبوو، هەمان ئەو چیرۆكەی كە پێشتر بۆی گێڕا بوومەوە. كە گوێم لە وشەی كابرای سپی پێستی ریشن بوو، تەزوویەكم پێدا هات، دڵم داخورپا. چوومە سەر درەختەكەو بە دووربینەكەم كەوتمە تەمەشا، سەیرم كرد كابرای سپی پێست، لە كەناری دەریاكە دانیشتبوو، دەست و لاقیان بە پارچەیەك یان شتێكی وەكو حەسیر بەستبوو، پیاوێكی ئەورووپایی بوو و جلكی لەبەردا بوو.

نزیكەی پەنجا هەنگاوێك لە پێشترەوە، درەختێكی دیكەو بێشەیەكی بچووكتر هەبوو، كە ئەگەر خۆم بگەیاندبایە ئەوێندەر، دەمتوانی بە بێئەوەی هەستم پێبكەن و بمبینن، مەسافەكەی نێوانمان نیواو نیو كەم بكەمەوە. لەبەر ئەمە هەست و سۆزی خۆم كۆنترۆڵ كردو، هەرچەندە زۆریش تووڕە بووم، نزیكەی بیست هەنگاوێك پاشەكشەم كردو بە پشتی دەوەنە جارێكدا، كە رێگای تیا بوو، خۆم گەیاندە درەختەكەی دی. پاشان بە هەورازێكی چكۆلەدا هەڵگەڕام، كە رێك بەسەر ئەواندا دەیڕوانی و هەر هەشتا شەقاوێكم بۆ ئەوان مابوو.

ئێستا نەدەکرا، یەك زەرە کات بە فیڕۆ بدەم، چونکە نۆزدەکەس لەو داماوە ترسناکانە لە عاردی و نزیکی یەکدی دانیشتبوون و دوو نەفەرەکەی تریان ناردبوو تا ئەو مەسیحیە قەرەبەختە بکەنە قەسابی و پارچە بە پارچەی جەستەی بۆ ئەوان بێنن تا بیبرژێنن. ئەو دوو نەفەرە وەستان تا پێی قوربانیەکە بکەنەوە. بە جوعمەم گوت: "جوعمە، چیت پێ دەڵێم وا بکە.". جوعمە گوتی باشە وا دەکات. گوتم: "کەواتە جوعمە، من هەر کارێکم کرد، تۆش هەمان کار موو بە موو دووبارە بکەوە." ئەوسا یەکێك لە تفەنگە فتیلەییەکانم دەگەڵ ساچمەزەنێکدا لە ئەرزی داناو جوعمەش هەمان کاری کرد. بە تفەنگە فتیلەییەکەی دی نیشانەم لە هۆڤیەکان گرتەوە وبەویشم گوت هەمان کار بکات و، ئەوسا لێم پرسی ئایا ئامادەیە، گوتی: "بەڵێ" گوتم: "کەواتە تەقەیان لێبکە" و لەگەڵ قسەکەدا خۆیشم تەقەم لێکردن.

نیشانە گرتنەوەکەی جوعمە ئەوەندە لەوەی من باشتر بوو کە دوو نەفەری لێکوشتن و سیانی دیکەشی لێ بریندار کردن، کەچی من یەك نەفەرم کوشت و دووانم بریندارکرد. ئیدی زۆر خراپ پەشۆکا بوون، ئەوانەی کە بریندار نەبوون بوون، لە جێی خۆ ڕاپەڕین، لێ نەیاندەزانی کێوە هەڵێن یان تەمەشای کوێ بکەن، چونکە نەیاندەزانی ئەم بەڵایە لە کوێوە بەسەریاندا داباریوە. جوعمە چاوی هەر لە من بوو، تا وەکو پێم گوتبوو، بزانێ چیدەکەم. هەرکە یەکەم تەقەم کرد، ئەوسا تفەنگەکەم لە عاردی داناو ساچمە زەنەکەم هەڵگرت و جوعمەش هەمان کاری کرد. کە بینی تەرەقەکەم بۆ تەقینەوە ئامادە کرد، ئەویش وەکو منی کرد. گوتم: "ئامادەی جوعمە؟" گوتی: "بەڵێ." گوتم: "دەی ناوی خوای لێبێنەو تەقە بکە!" دیسان تەقەم لەو بێچارانە کردو جوعمەش هەمان کاری کرد، چونکە ئەمجارە تفەنگەکانمان بە ساچمەی گەورە پڕ کردبوو، بە فیشەکە بچووکە دەمانچەییەکان، دوو نەفەرمان کوشت. بەڵام ژمارەی برینداراکان ئەوەندە زۆر بوو کە هەموو وەکو شێتان بەدەم هات و هاوارەوە غاریان دەدا، هەموو خەڵتانی خوێن بوون، برینی زۆربەیان سەخت بوو، سێ نەفەری دیکەشیان یەکسەر کەوتنە سەر عاردی، ئەگەرچی هێشتا نەمردبوون.

تفەنگە بە تاڵەکانم لە عاردی داناو ئەو تفەنگە فتیلەییەم هەڵگرت کە هێشتا پڕ بوو،و گوتم: "دەی جوعمە دوام کەوە" و زۆر مەردانەو بێترس دوام کەوت. لە بێشەکە وەدەرکەوتم و خۆمم نیشان دان و جوعمەش لە نزیکمەوە بوو. کە هەستم کرد دیتوویانم، بە دەنگی بەرز هاوارم کردو بە جوعمەشم گوت هەمان کار بکات و، بە خۆو تفەنگەکەمەوە بە غاردان کەوتمە ڕێ، یەکسەر بەرەو لای قوربانیە داماوەکە ڕۆییشتم، کە وەکو گوتم بە دەست و لاقی بەستراوەوە لە نێوان ئەوان و دەریاکەدا، لەسەر لمەلانەکە دانیشتبوو. ئەو دوو نەفەرەی کە چوو بوون بیکوژن و بیکەنە قەسابی، لە ترسی تەقەکانی ئێمە بەرەو دەریا چوو بوون و سواری لۆتکەیەك بوو بوون و سێ نەفەری تریشیان هەمان کاری ئەوانیان کردبوو. من بۆ لای جوعمە گەڕامەوەو پێمگوت بڕواتە پێشێ و تەقەیان لێبکات. یەکسەر لە مەبەستم حاڵی بوو، سێ چوار شەقاوێك چووە پێشێ تا زیاتر لێیان نزیك ببێتەوە، ئەوجا تەقەی لێکردن، پێموایە هەموویانی کوشت، چونکە سەیرم کرد هەموویان لە بەلەمەکەدا سەرنگون بوونەوە، هەرچەندە دیتم دووانیان دووبارە بە

پەلە هەستانەوە. بەڵام بە هەرحاڵ دوانی لێکوشتن و سێیەمیانی بریندار کرد، کە ئەویش وەکو مردووەکان درێژاو درێژ لە ناو بەلەمەکەدا کەوت.

لەو کاتەدا کە جوعمە تەقەی لێدەکردن، من چەقۆکەم دەرهێناو ئەو پارچانەم بڕی کە دەست و لاقی قوربانیەکەیان پێ بەستبوو، کە دەست و لاقی ئازاد بوون، هەڵم ستاندو بە زمانی پرتوگالی لێم پرسی کێیە، بەزمانی لاتینی بەرسڤی دایەوە: "کریستیانوس" (یانی مەسیحیم) بەڵام هێندە لاوازو بێتاقەت بوو کە بەزەحمەت خۆی بە پێوە دەگرت و قسەی بۆ دەکرا. بوتڵەکەم لە بەرکم دەرێناو بە ئاماژە تێمگەیاند لێی بخواتەوەو بە گوێی کردم. ئەوسا پارچەیە نانم دایەو خواردی. پاشان لێم پرسی خەڵکی کوێیە. گوتی: "ئەسپانیول" (واتا ئەسپانیایی) و هەنووکە کە گوڕو تینێکی تێگەڕابووەوە، بە هەر ئاماژەو ئاماژەکاریەك بوو، تێی گەیاندم کە بە روح قەرزاربارێ منە، منەتباری منە کە گیانیم رزگارکردووە، من کە تاقە یەك وشەی ئەسپانیایم دەزانی، بە کۆمەکی ئەو وشەیە گوتم: "سینیۆر (=ئاغا) دوایی قسان دەکەین، ئێستا وەختی شەڕە نەك قسان. ئەگەر هێزو توانات هەیە، ئەم دەمانچەو شمشێرە بگرە با پێت بێ". بە منەتباری و مەمنوونیەکی زۆرەوە لێی وەرگرتم، هەرکە چەکەکەی بە دەستەوە گرت، وەکو ئەوەی توانایەکی تازەی بە دەست هێنابێ، بە توڕەیی بەرەو بکوژەکانی هێرشی بردو لە ئان و ساتێکدا دوو نەفەری لێ پارچە پارچە کردن. هەڵبەتە چونکە تێکڕای ئەم پێشهاتە بۆ ئەو داماوانە چاوەڕوان نەکراو بوو، بەڕادەیەك لە دەنگی تفەنگەکانی ئێمە ترسا بوون و تۆقیان چوو بوو، کە خۆ بە خۆ لە ترس و سەرسامیدا دەکەوتن و قەڵەمی دەست و پێیان دەشکا و تەنانەت نەیاندەتوانی هەڵێن، خۆ وەکو جەستەش بەرگەی گوللەیان نەدەگرت، هەمان بەڵا بەسەر ئەو پێنج نەفەرەشدا هات کە جوعمە لە بەلەمەکەدا کوشتنی، سێ نەفەریان بە هۆی برینەکانیانەوە مردن و دوانەکەی تریشیان لە ترسا مردن.

من تفەنگەکەم بە پڕی بە دەستەوە بوو و تەقەم نەدەکرد، دەمویست تفەنگەکەم پڕو لەسەرپێ بێ، چونکە دەمانچەو شمشێرەکەم دابوو بە یارۆی ئەسپانیایی. بۆیە جوعمەم گازکردو پێمگوت بڕوات بۆ لای ئەو درەختەی کە سەرەتا لەوێوە دەستمان بە تەقە کردو ئەو چەکە خاڵیانەی، کە لەوێ بوون، بۆ ئێرە بێنێ، ئەوە بوو بە هەشتاو چوو و هاتەوە. هەنگێ تفەنگە فتیلەییەکەم دایە ئەوو خۆم کەوتمە پڕکردنی ئەوانی دی و بەوانم گوت هەرکاتێ ویستیان، بێن بۆ لای من. وەختێ خەریك بووم چەکەکانم پڕدەکرد، شەڕێکی توند لە نێوان یارۆی ئەسپانیایی و یەکێك لە هۆڤیەکان دەستی پێکرد، یارۆی هۆڤی بە شمشێرێکی گەورەی دارینەوە پەلاماری کابرای ئەسپانیایی دا، کە ئەگەر فریا نەکەوتبام کابرای ئەسپانی دەکوشت. کابرای ئەسپانیایی هەر چەندە لاواز بوو بەڵام زۆر ئازاو بەغیرەت بوو، مودەتێکی زۆر شەڕی ئەم سوور پێستەی کردو دوو جەزرەبەی کوشندەی بە تەپڵی سەریادا، لێ کابرای هۆڤیش کە پیاوێکی تۆکمەی بەهێز بوو، لێی نزیك بووەوەو، چونکە کابرا لاواز بوو، دای بە عاردیداو دەیویست شمشێرەکەی منی لە دەست دەربێنێ، کە کابرای ئەسپانیایی، هەرچەندە کەوتبووە سەر زەوی، ئاقڵانە دەستی لە

شمشێرەکە بەرداو دەمانچەکەی لە قەدی کردەوەو رووی کردە کابرای هۆڤی و لە جێوە کوشتی، هەڵبەتە پێش ئەوەی من پێیابگەم. کە خەریك بوو بۆ لای ئەو رام دەکرد تا کۆمەکی بکەم.

جوعمە، کە هەنووکە ئازاد بوو، بێئەوەی جگە لە تەشوێیەکە، هیچ چەکێکی دی پێ بێ، چنگ لە سەر شان هۆڤیەکانی راو دەناو بەو چەکە ئەو سێ نەفەرەی کە پێشتر گوتبووم، بە برینداری کەوتبوون کوشتن و هەر کەسێکی تری بەر دەست کەوتبا دای دەپاچی. کابرای ئەسپانیایی بۆ تفەنگ هات بۆ لای من، یەکێك لە ساچمەزەنەکانم دایە، کە دوای دوان لە هۆڤیەکان کەوت و هەردووکیانی بریندار کرد، بەڵام چونکە نەیدەتوانی غار بدات، هەردووکیان لە دەستی هەڵاتن و دایانە بێشەکە، جوعمە لەوێ کەوتە تاقیب و سۆراخیان و یەکێکیانی کوشت. بەڵام دووەمیان بە برینداری خۆی گەیاندە دەریاکەو تا هێز لە بازوویدا بوو بە باسکە مەلە بەرەو ئەو دوانە رۆیی کە لە بەلەمەکەدا بوون، بەمجۆرە ژمارەی ئەوانەی ناو بەلەمەکە بوو بە سێ کەس، جگە لە برینداریێکیش، کە نازانین مرد یان نا، لە کۆی بیست و یەك نەفەر ئەم چەند نەفەرە لە دەستمان هەڵاتن. حیسابی ئەوانی دیکەش بەمجۆرە بوو:

سێ نەفەر، دەگەڵ یەکەم تەقە کردنی ئێمە لە قۆڵی درەختەکەوە، کوژران.

دوو نەفەر، دەگەڵ دووەم تەقە کردنی ئێمەدا کوژران.

دوو نەفەر، جوعمە لە بەلەمەکەدا کوشتنی.

دوو نەفەریش کە لە هەوەڵەوە بریندار بوون، بەو شێوەیە مردن کە لە سەرێ ڕا باسکرا.

یەك نەفەر، لە بێشەکەدا، بەدەستی جوعمە کوژرا.

سێ نەفەر، کابرای ئەسپانیایی کوشتنی

چوار نەفەریش، لێرەو لەوێ بە زامداری مردن یان جوعمە دوایان کەوت و کوشتنی.

چوار نەفەر، بە بەلەم رایان کرد، کە یەکێکیان بریندار بوو دوور نیە مردبێت.

ئەوانەی کە لە لۆتکەکەدا بوون، بە هەزار زەحمەت لە تیرهاوێژی ئێمە دەرباز بوون، هەرچەند جوعمە دوو سێ جاران تەقەی لێکردن، لێ باوەڕ ناکەم پێکابنی. جوعمە پێی لێداگرتم کە بە یەکێك لە بەلەمەکان دوایان بکەوێ. ئەلهەقی من نیگەرانی هەڵاتنەکەیان بووم، چونکە ئەگەر هەواڵەکەیان بگەیاندبایە هاوولاتیانی خۆیان، لەوە بوو دوو سەد سێ سەد کەس بە بەلەمەوە بهاتبانە سەرمان و لەگین بوو بە هۆی زۆری ژمارەیانەوە، بیانگرتینایە و بیانخواردینایە. بۆیە قاییل بووم کە لە دەریاکەدا دوایان بکەوین. بە ڕاکە ڕاك خۆمان گەیاندە یەکێك لە بەلەمەکانیان و من بە پەلە خۆم پیاکردو بە جوعمەم گوت دوام بکەوێ. بەڵام کاتێ چوومە ناو بەلەمەکەوە، سەیرم کرد یەکێك لەو نەگبەتانە لە بەلەمەکەدایە، زۆرم پێ سەیر بوو. وەکو یارۆی ئەسپانیایی دەست و لاقیان بەستبوو تا بیکەنە قەسابی. لە ترسا وەکو مردووی لێهاتبوو و نەیدەزانی چ باسە، چونکە نەیتوانی بوو لە ناو بەلەمەکەوە دەرێ ڕا ببینێ. چونکە سەراپا پێچیان کردبوو و ماوەیەکی زۆر بەو حاڵەوە لە بەلەمەکەدا مابووەوە، بە ئاستەم روحی تیا مابوو.

من یەکسەر ئەو پارچەو پەتانەم لێکردەوە کە دەست و لاقیاو ئازایان پێ بەستبوو، ویستم یارمەتی بدەم کە هەستێت، بەڵام نەدەیتوانی بە پێوە بوستێ و نە دەیتوانی قسان بکات، بەڵکو

تەنیا ناڵە ناڵێکی بەزەیی وڕوژێنی لێوە دەهات، دەتگوت هێشتا وای وێنا دەکرد بۆیە دەست و لاقیان کردووەتەوە تا بیکوژن.

کاتی جوعمە هات بەلایەوە، پێمگوت قسەی دەگەڵ بکات و مژدەی بداتێ کە رزگاری بووە، نۆشابەکەم هێناو تۆزێکم لێی دایە ئەو بوونەوەرە داماوە کە کاتێ مژدەی رزگاری خۆی بیست، گوڕو ئاهێکی تێگەڕایەوەو لە ناو بەلەمەکەدا قوت بووەوە. لێ کاتێ جوعمە هات تا بزانی چ دەڵێ و تەمەشای سیمای کرد، هەر کەسێك ئەم دیمەنەی دیتبا خۆی لەبەر گریان نەدەگرت، بریا دەتان بینی جوعمە چۆن ماچی دەکرد، لە باوەشی دەگرت، دەگریا، پێدەکەنی، هاواری دەکرد، هەڵبەزو دابەزی دەکرد، دەرەقسی، گۆرانی دەگوت و دووبارە لە هۆرژنی گریانی دەدا، دەستەکانی هەڵدەگلۆفین، بەدەمو چاوی خۆیا دەکێشاو پاشان دووبارە دەکەوتە گۆرانی گوتن و رەقسین. ماوەیەکی پێچوو ئەوسا توانیم واداری بکەم بێتە قسان و پێم بڵێ کە مەسەلە چیە، کاتێ کەمێك وەخۆ هاتەوە گوتی ئەو پیاوە بابیەتی.

مەگەر هەر خوا بزانێ کە دیتنی ئەو هۆڤیە داماوەو هەستی مەحەبەتی فرزەندەی و دیتنی باوکی و رزگارکردنی لە مردن، چەند کاری تێکردم، هەروەها ناتوانم نیوەی میهرو موحیبەتی بێ سنووری دوای ئەمەشی وەسف بکەم، چەندین جار چووە ناو بەلەمەکەو هاتە دەرەوە. کە دەچووە لای بابی،لە پاڵیان دادەنیشت، هەمێزی بۆ دەگرتەوەو نزیکەی نیو دانە سەعات سەری بابی لە باوەش دەگرت و نەوازشی دەکرد، ئەوجا دەستی بە باسك و قولەپێیدا دێنا، کە بەهۆی توند بەستنەوە سڕ بوو بوون، بە دەست نەوازشی دەکردن، دەیشێلان، من کە زانیم مەسەلەکە چیە، کەمێك ئارەقی نەیشەکەرم لە بوتڵەکەی خۆم دایە، تا لە دەست و لاقی بابی بدات، کە هەڵبەتە سوودیشی هەبوو.

ئەم رێکەوتانە کردیانە کارێك کە ئیدی دووی هۆڤیەکان نەکەوین و زۆریش لە ئێمە دوور کەوتبوونەوەو خۆشحاڵ بووین کە ئەم کارەمان نەکرد، چونکە دوای دوو سەعاتێك، پێش ئەوەی چارەکێکی رێگاکەیان بڕی بێ، بایەکی هێندە توند هەڵیکرد، کە باوەڕناکەم بەلەمەکەیان بەرگەی گرتبێت و گەیی بنە کەنارەکە، بایە توندەکە بە درێژایی شەویش هەر بەردەوام بوو.

با بێینەوە لای جوعمە، هێندە سەرگەرمی باوکی بوو کە دڵم نەهات تا ماوەیەکی زۆر لە باوکی جیای بکەمەوە، لێ کاتێ بیرم کردەوە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کەم بابی بەتەنیا بەجێ بێڵێ گازم کردو بەدەم پێکەنینەوە راچڵەکی. لە رادەبەدەر خۆشحاڵ بوو. لێم پرسی ئایا نانی داوەتە باوکی. سەری بەم لاو بەولادا باداو گوتی: "نا، سەگی ناشیرینە خۆی هەمووی خواردووە" من هەمیشە تورەکەیەکی بچووکم پێ بوو، دەستم پێیا کرد، پارچەیەك نانم لێدەرهێناو دامێ. بوتڵێکی چکۆلەشم دا بە خۆی، بەڵام دەمی تێوە نەداو ئەویشی بۆ بابی برد. دوو سێ مست مێوژیشم لە گیرفاندا بوو، مستێك لەو مێوژەشم دایە کە بۆ بابی بیبات. هەرکە مێوژەکەی دایە بابی، لە بەلەمەکە هاتە دەرێ و پێی وەغارێوەنا، دەتگوت ئەفسوون کراوە، وەکو با دەڕۆیی، بە عەمراتم کەسی ترم نەبینی بوو بەو خێراییە ڕابکات. بە کورتی هێندە بەخێرایی لەبەر چاوم دوور کەوتەوە، وەکو ئەوە بوو تەنیا چاو تروکانێکی پێ چوو بێ، چەندم گاز کردو بانگم لێکرد

فایدەی نەبوو، رۆیی و رۆیی. لیّ دوای چارەکە سەعاتیّك سەیرم کرد گەڕایەوە، هەڵبەتە بە هەمان خیّرایی هەوەڵجار نا، وەختیّ نزیکتر بووەوە سەیرم کرد هەنگاوەکانی هیّواش تر بوون، چونکە شتیّکی بەدەستەوە بوو.

کە گەییە لام سەیرم کرد تومەز چوو بوو بۆ ماڵەوە تا گۆزەیەك ئاوی خواردنەوە بۆ بابی بیّنیّ. دوو نانی دیکەشی بەدەستەوە بوو، نانەکەی دایە من، بەلاّم ئاوەکەی بۆ باوکی برد، بەلاّم چونکە منیش تینوو بووم، قومیّکی چکۆلەم لیّخواردەوە. ئاوەکە پتر لەو نۆشابەیەی من دابوومە بابی، وەخۆی هیّنایەوە، چونکە خەریك بوو لە تینوا دەبورایەوە.

کاتیّ بابی ئاوەکەی خواردەوە، جوعمەم گازکرد کە لیّی بپرسم ئاخۆ ئاوەکە هیچی لیّماوەتەوە. گوتی: "بەڵیّ". گوتم بیدات بە ئاسپانیاییە داماوەکە کە بە ئەندازەی بابی تینوو بوو و، یەکیّك لەو نانانەشم دایە کە جوعمە هیّنا بوونی، کابرای ئەسپانیایی تەواو لاواز بوو بوو، لە سیّبەری درەختیّکا لەسەر چیمەنەکە ڕاکشا بوو. دەست و لاقی رەق بوو بوون و بە هۆی بەستنەوە ئاوسا بوون . کاتیّ ئەم دیمەنەم بینی و، جوعمە بە ئاوەکەوە چوو بۆ لای و، ئەویش دانیشت و ئاوەکەی خواردەوەو نانەکەی وەرگرت و دەستی بە خواردنی کرد، منیش چووم بۆ لای و مستیّ میّوژم دایە. بە سیمایەکی پڕ لە منەتباری و سوپاسگوزارییەوە تەمەشای منی کرد، بەلاّم چونکە لە شەڕەکەدا زۆری تەقەڵلا دابوو، هیّندە لاواز بوو بوو کە خۆی لەسەر پیّیان نەدەگرت. دوو سیّ جار هەوڵیدا بوەستیّت، بەلاّم بەڕاستی نەیدەتوانی، قولەپیّیەکانی زۆر ئاوسا بوون و دەیەشان. ئەنجام پیّمگوت لە جیّی خۆی دانیشیّت و بە جوعمەم گوت گۆزینگی پیّی بشیّلیّ، بە عارەقی نەیشەکەر چەوری بکات، وەکو چۆن ئەمەی بۆ باوکی کردبوو.

دەیقەتم دا ئەم جوعمە میهرەبانە، بە دریّژایی ئەو ماوەیەی کە لای کابرای ئەسپانیایی بوو، هەر سا نا ساتیّ ئاوڕیّکی دەدایەوە تابزانیّ بابی بە هەمان حاڵەوە کە بەجیّی هیّشتبوو، دانیشتووە یان نا، تا ئەنجام کە سەیری کرد دیار نییە، لە جیّی خۆی هەستاو بە بیّ هیچ قسەیەك بە پەلە بۆ لای ئەو رۆیی، هیّندە بە خیّرایی دەڕۆیی لە تۆ وایە دەفڕیّت. لیّ کە گەییە ئەویّ، سەیری کرد بابی، ڕاکشا بوو تا دەست و لاقی بحەسیّنەوە. ئیدی جوعمە یەکسەری بۆ لای من گەڕایەوە. ئەوجا بە ئەسپانیاییەکەم گوت کە ریّگەی جوعمە بدات هەڵی بگریّت و بۆ لای بەلەمەکەی بەریّت و پاشان بۆ ماڵەکەی ئیّمەی بەریّت تا چاودیّری بکەم. بەلاّم جوعمە، چونکە پیاویّکی تۆکمەو بە هیّز بوو، لە کۆڵی کردو بۆ لای بەلەمەکەی بردو بە ئەسپایی لەسەر قەراخی لۆتکەکەی دانا، بەجۆریّك کە پای لە ناو لۆتکەکە بوو، ئەوجا هەڵیگرت و بەتەواوەتی خستیە ناو لۆتکەکەو لە پالّ باوکیا دایناو ئەوجا پالّی بە بەلەمەکەوە ناو بە خیّراییەکی، لەزتر لە ریّ و رۆییشتنی من بە دریّژایی کەنارەکەدا کەوتە سەولّ لیّدان، هەرچەندە بایەکی توندی دەهات، توانی هەردوو نەفەرەکە بگەیەنیّتە روبارەکە، لە کاتیّکا ئەوان لە ناو لۆتکەکەدا بوون، بە هەشتاو رۆیی تا بەلەمیّکی دیکە بیّنیّ. کە گەییە ئاستی من، لیّم پرسی بۆ کویّ دەڕوات. گوتی: "بڕۆم بەلەم، زیاتر، بیّنم" و بلەز رۆیی. باوەڕ بکە نەك هیچ پیاویّك هیچ ئەسپیّکیش بە بای قولانیدا نەدەگەیی. تا من بە پیّیان گەییمە کەناری روبارەکە، ئەو بەلەمەکەی دیکەشی هیّنایە ئەویّ.

ئەوسا وەکو با بەلای منا تێپەڕی و چوو یارمەتی میوانە تازەکانمان بدات و لە بەلەمەکە دایان بگرێت، دایگرتن، بەڵام میوانەکان هیچیان توانای ڕێکردنیان نەبوو، جوعمەی بەسەزمان نەیدەزانی چ بکات.

بیرم لە چارەسەرێك کردەوە، جوعمەم گاز کرد تا ئەوان لە کەنارەکەدا دانیشێنێت و خۆی بێ بۆ لای من. جۆرە عەرەبانەیەکی دەستیم دروست کرد، تا ئەوانی لەسەر دابنەین. بە من و جوعمە هەردووکیانمان لەسەری ڕاکشاند. لێ کاتێ گەیینە حەساری دەرەوەی ماڵەکەمان، کێشەیەکی خراپترمان هاتە ڕێ، چونکە نەدەکرا بەسەر حەسارو دیوارەکەدا ئاودیویان بکەین و، منیش سوور بووم لەسەر ئەوەی کە نابێ حەسارەکە تێکبدەین. بۆیە دووبارە دەست بەکار بووم و، لەگەڵ جوعمەدا لە ماوەی نزیکەی دوو سەعاتێکدا چادرێکی یەجگار جوانمان دروست کردو بە کۆنە بایەوانان سەرمان داپۆشی و لەسەر ئەوەشەوە هەژگ و بژاڵ و چرپی و چاڵمان دا بە سەریا. چادرەکە لە دەرێی حەسارەکەی دەرەوە، لە نێوان حەسارەکەو ئەو بێشەیەدا بوو کە تازە نەمامەکانیم ناشتبوو. لە ناو چادرەکەدا، بەو شتانەی کە هەمبوو، کە یەکێك لەوانە قەسەڵی برنج بوو، دوو تەختمان دروستکرد، پەتۆمان بەسەریاندا دا تا لەسەری ڕابکشێن و سەرو پەتۆشمان بۆ دانان تا بیدەن بە خۆیاندا.

دوڕگەکەم ئیدی قەرەباڵغ بوو بوو، وام هەست دەکرد جەماوەرێکی زۆرم هەیەو بەمە خۆشحاڵ بووم و زۆرجار لە دڵی خۆدا دەمگوت ڕێك لەپاشا دەچم. یەکەم هەر هەموو مەملەکەتەکە لە ژێر رکێفی خۆم دا بوو، کەواتە بە ئاوو خاکەوە قەڵەمڕەوی من بوو. دووەم جەماوەرەکەم بە تەواوەتی گوێڕایەڵم بوون و دەسەڵاتی رەهام هەبوو و قسەی من یاساو قانوون بوو. هەموویان بەگیان قەرزارباری من بوون، ئامادە بوون لە کاتی پێویستدا گیانی خۆیانم بۆ بەخت بکەن، خۆش ئەوە بوو هەموو جەماوەرەکەی من سێ نەفەر بوون و هەر یەکەیان مەزهەب و ئاینی تایبەتی خۆیان هەبوو. جوعمە پروتستان بوو، باوکی کافرو بەشەرخۆر بوو، ئەسپانیاییەکەش کاتۆلیك بوو. بەڵام من لە مەملەکەت و قەڵەمڕەوەکەی خۆمدا ڕێگەی ئازادی مەزەبم دابوو. ئەمەشمان ئاوا.

## نەخشەی سەفەر بۆ کۆلۆنیەکانی ئەمریکا دەکێشین

هەرکە لە ئەمنیەتی دوو زندانیە لاوازەکە دڵنیا بووم‌و پەنایەکم بۆ ئیسراحەت‌و حەوانەوەیان فەراهەم کرد، کەوتمە بیری دابینکردنی خواردن‌و بژێوییان، یەکەم کارم ئەمە بوو کە ئەمرم بە جوعمە کرد کە کارژۆلەیەکی یەکساڵە، لە نێو مێگەلە بزنەکەدا جیابکاتەوە تا سەری ببڕین. کە سەروپێیەکەیم لەت‌و پەت کرد، بە جوعمەم گوت بیکوڵێنێ‌و ئەویش گۆشتاوێکی زۆر بەلەزەتی بۆ ئەو دوو نەفەرە دروست کردو کەمێك برنج‌و جۆشی کردە چاوی گۆشتاوەکە، چونکە لە دەرێی ماڵەکە کولاندبووم، ئاگرم لە ناو خانووەکەم نەدەکردەوە، بۆیەخواردنەکەم بۆ چادرە تازەکە بردو لەوێ خوانم بۆ رازاندنەوەو خۆیشم دەگەڵ ئەواندا دانیشتم‌و شێوم دەگەڵ ئەواندا خواردو ئەوەندەی توانیم دڵخۆشیم دانەوەو ورەم بەرزکردنەوە. جوعمەش تەرجومانم بوو، بە تایبەتی بۆ باوکی‌و، تەنانەت کابرا ئەسپانیاییەکەش، چونکە یارۆی ئەسپانیایی بە باشی بە زمانی هۆڤیان قسەی دەکرد. پاش شێو خواردن، دەستوورم بە جوعمەدا کە یەکێك لە بەلەمەکان بەرێت‌و بڕوات تاپڕو هەموو ئەو چەکانەی دی کە بە هۆی کەمی وەختەوە، لە مەیدانی جەنگەکەدا، بەجێمان هێشتبوون، بێنێتەوە. رۆژی دوایی پێمگوت کە بڕوات جەنازەی ئەو هۆڤیانەی کە لەو گۆڕەو لە ژێر هەتاودا کەوتبوون‌و یەکسەر بۆگەنیان دەکرد، بنێژێت، هەروەها پێمگوت پاشماوەی ترسناکی زیافەت‌و دەعوەتە هۆڤیانەکەشیان، کەدەمزانی زۆرە، بخاتە ژێر گڵەوە، هەڵبەتە باوەڕم نەدەکرد خۆم بتوانم ئەو کارە بکەم، تەنانەت ئەگەر بچوومایەش بۆ ئەوێندەر نەمدەتوانی ئەم دیمەنە بدینم. کەچی جوعمە هەموو ئەم کارانەی زوو بەزوو جێ بەجێ کردو هیچ نیشانەو شوێنەوارێکی بوونی هۆڤیانی لەوێندەر نەهێشت، وای پاك کردەوە، کاتێ کە چوومەوە بۆ ئەوێندەر، زۆر بەزەحمەت ئەو شوێنەم ناسییەوە کە هۆڤیەکانی لێ بوون، تەنیا بە کلکەی ئەو بێشەیەدا ناسیمەوە کە دەگەییە ئەوێ.

ئەوجا چەند قسەیەکم دەگەڵ دوو رەعیەتە تازەکەمدا کرد. سەرەتا بە جوعمەم گوت لە بابی بپرسێت، راوبۆچوونی دەربارەی هەڵاتنی ئەو هۆڤیانەی کە بە بەلەمەکە رایان کرد چیە، ئایا پێی

وایە ئەوانە بە هێزێکی زۆری ئەوتۆوە بگەڕێنەوە کە پێیان نەوەستین. بۆچوونی ئەو ئەمە بوو کە مەحاڵە ئەو هۆڤیانەی کە لە بەلەمەکەدا بوون، توانیبێتیان لەو زریانە بەترەفەی شەوێ بە سەلامەتی دەرباز بووبن، بێگومان یان خنکاون، یان بە قوڵی باشووردا و بۆ کەنارەکەی ئەوێندەر چوون و یان لەوێ خوراون یان ئەگەر بەرەو ئەوێ چووبن هەر لەوێ خنکاون، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەگەر بە سەلامەتی گەیی بووبنەوە کەنارەکەی خۆیان چ دەکەن، هیچی نەدەزانی، یانی نەیدەزانی چ دەکەن و چ ناکەن، بەڵام باوەڕی وابوو کە زۆر لەو هێرشەی کرابووە سەریان و لەو تەقو هۆڕەی لێیان کرابوو ترساون و، پێی وابوو کە بە خەڵکەکەی خۆیان دەڵێن هاوڕێکانیان هەموو بەر چەخماخەو تەشیریق کەوتوون و مردوون، نەك بە دەستی بەشەران کوژرا بن و ئەودوو نەفەرەی کە لێیان هاتوونەتە دەست، واتا جوعمەو من، دوو بوونەوەری ئاسمانی بوون و تووڕە بوون و هاتوون لە نێویان بردوون و مرۆڤانی چەك بە دەست نەبوون. گوتی بۆیە ئەم قسەیە دەکات چونکە گوێی لە هۆڤیەکان بوو بوو کە لە بەینی خۆیاندا ئەو قسەیەیان کرد بوو، چونکە قەت ئەقڵیان بەوەدا نەشکاوە بەشەڕ بتوانن چەخماخە ئاسا، تەقە بکات و لە دوورەوە، بێئەوەی دەست هەڵێنێ، خەڵکی بکوژێت، یانی ئەو کارەی ئێمە کردبوومان، لە ئەقڵی ئەواندا نەبوو. ئەم هۆڤیە پیرە راستی دەکرد، چونکە وەکو پاشان لە خەڵکانی دیمان بیست، هۆڤیەکان لەوە بەدوا هەرگیز بۆ دوڕگەکە نەهاتن، بە جۆرێ لەو واریقاتەی کە ئەو چوار نەفەرە بۆیان گێڕا بوونەوە، ترسا بوون کە قەناعەتی تەواویان لا دروست بوو بوو هەر کەسێك بچێت بۆ ئەو دوڕگە ئەفسووناویە، ئاگری خواوەندان فەوت و فەنای دەکات.

هەڵبەتە ئەو کاتە من ئەم شتەم نەدەزانی، بۆیە تا مودەتێك هەمیشە نیگەران بووم. من و لەشکرەکەم هەمیشە لە حاڵی ئامادەباشیدا بووین، چونکە ئیدی بوو بووین بە چوار نەفەر، هەمیشە ئامادە بووین شەڕی سەد نەفەریان بکەین.

بەڵام پاش ماوەیەکی کەم، کە هیچ بەلەمێك دەرنەکەوت، ترسمان لە هاتنیان رەوییەوەو دووبارە خولیاو کەڵکەڵەی سەفەر بۆ وشکانی ئەسڵی لە کەللەی دامەوە، بە تایبەتی کە بابی جوعمەش دڵنیای کردبووم کە ئەگەر بڕۆم بۆ ئەوێندەر خەڵکی ئەوان زۆر باش دەبن لەگەڵما.

لێ کاتێ قسەی جدیم دەگەڵ ئەسپانیاییەکەدا کرد، تێگەیشتم کە شازدە نەفەری دی لە هاووڵاتیانی ئەو، ئەو پرتوگالیانەی، کە ئەوانیش کەشتیەکەیان دووچاری کارەسات بوو بوو وبۆ ئەو شوێنە رایان کردبوو، بە ڕاستی لەناو هۆڤیەکاندا بە ئاشتی و سەلامەتی دەژیان، بەڵام لە رووی پێویستی و تەنانەت بەردەوامی ژیانەوە لە تەنگانەدا بوون، کە پرسیاری وردەکاری سەفەرەکەیانم کرد بۆم دەرکەوت کە سواری کەشتییەکی ئەسپانیایی بوون لە ریودلاپلاتاوە بەرەو هاڤانا چووەو قەرار بووە لەوێندەر بارەکەی، کە بە زۆری پێستە و زیو بووە، دابگرێت و قەرار بووە لەوێ هەر کالایەکی ئەوروپاییان دەست بکەوێ باری بکەن و، پێنج دەریاوانی پورتوگالیان لە کەشتییەکەدا دەگەڵ بووە، لە ئەوانیان لە کەشتیە شکاوەکە نەجات دابوو، پێنج نەفەر لە خەڵکەکەی خۆیان، کاتێ کەشتییەکە ون بوو بوو، خنکا بوون و، هەروەها گوتی لە زۆر

تالوکـە و مەترسـیان دەربـاز بـوو بـوون، کەچـی برسـێتی سـەری پـیٚ هـەڵگرتبوون و هاتبوونـە کەنارەکەی لەمەڕ بنیادەمخۆران و هەموو ئان و ساتیٚ چاوەڕوانی ئەوە بوون بوون بخۆرێن.

هەروەها گوتی هەرچەندە هەندیٚ چەك و ئەسڵەحەیان پیٚ بوو، بەڵام بە هیچ جۆریٚ دادی نەدا بوون، چونکە نە باررووتیان هەبوو نە فیشەك و، ئاوی دەریا هەموو باروتەکەیانی، جگە لە بڕێکی زۆر کەم، خەسار کردبوو، ئەو بڕە کەمەشیان سەرەتا کە گەیی بوونە کەنارەکە بۆ ئامادەکردنی خواردن، سەرف کردبوو.

لێم پرسی بەڕای ئەو، بۆچوونی هاوڕێکانی دەربارەی پێشنیازی هەڵاتنی من چ دەبیٚ و، ئایا دەکریٚ ئـەوان هـەموو بـۆ ئێـرە بێن. ڕێك و ڕەوان پێمگـوت کـە ئەگـەر گیـانی خـۆم بخەمـە دەسـتی ئـەوان، لـە خیانـەت و بەدنیازیان نەترسم، چونکە ئینسـان زاتـەن بوونـەوەرێکی پێزان و ئەمەکدار نیـە، بەشـەران هەمیشـە لـە پەیوەنـدی نێـوان خۆیانـدا، ئەوەنـدەی سـوودی ئیحتیمـالی خۆیـان رەچاودەکەن، ئەوەنـدە پابەنـدی پـەیمان و بـەڵێنی خۆیـان نـابن. گـوتم زۆر نـاخۆش دەبیٚ، کـە مـن رزگاریان بکەم و پاشان لە نیو ئەسپانیا (= کۆلۆنیـەکانی ئەسـپانیا لـە ئـەمریکای باکوورو باشـوور لـە سـەدەکانی ١٦– ١٩) لـە جیاتی چاکە یەخسیرم بکـەن،و هـەر ئینگلیزێـك بـە هـەر هۆیـەك رێـی بکەوێتـە ئەوێنـدەر، بـیٚ چـەندو چـوون بکرێتـە قوربـانی. چـونکە حـەز دەکـەم هۆڤیـان بمگـرن و بمخۆن، نەك بکەومە دەستی بیٚ بەزەیی کەشیشان و بچمە دادگای تەفتیشی بیرو باوەڕان. بەڵام ئەگـەر ئـەوان هـەموو بـۆ ئێـرە بـێن، هـەنگی ژمارەمـان زۆر دەبـیٚ و دەتـوانین بـە گەلەدەسـتی کەشتیەکی گەورەی وەها دروستبکەین کە هـەموومان بگرێت و بەرەو باشوور یان بـەرازیل بڕۆین یان بەرەو باکوور بۆ دورگەکان یان کـەناری ئەسـپانیا بـڕۆین. بەڵام ئەگـەر چـەکیان بدەمـە دەست، لەوەیە، لـە جیاتی چاکە لێم هەڵگەڕێنـەوەو بـە خـورتی بمبـەن بـۆ لای گروپەکـەی خۆیـان و وەزعـم زۆر لە ئێستا خراتر ببێت.

زۆر بـە دڵسـۆزی و پـاکی بەرسـڤی دایـەوە کـە وەزعیـان هێنـدە خراپـە، کـە مەحاڵـە بـیر لـەوە بکەنەوە، ئازاری کەسێك بدەن کە بەشداری لە رزگارکردنیان بکات و، ئەگەر من مـەیلم لـیٚ بیٚ، ئـەو دەتوانیٚ وەکو نوێنەری من دەگەڵ کابرای پیرەمێردا بچیٚ بۆ لای ئەوان و دەربـارەی ئـەم مەسـەلەیە گفتوگۆیـان دەگـەڵ بکـات و، بگەڕێتـەوەو وەڵامـی ئـەوانم بـۆ بێنێتـەوە. پاشـان دەتـوانیٚ شـەرتیان دەگەڵدا بکـات کـە بەتـەواوەتی لـە ژێـر رابەڕایـەتی منـا بـن وەکـو فەرمانـدەو کـاپتنی کەشـتیەکەو سوێند بە ئینجیل بخۆن کە ئەمەکداری من بن و بە دڵـی مـن بکـەن و روو بکەنـە وڵاتێکـی مەسـیحی مـەزەب کـە مـن پێـی رازی بم و بەبیٚ پرسـی مـن بـۆ هـیچ شـوێنیٚ نـەڕۆن، بـە هـیچ جـۆریٚ لـە قسـەو ئەمری من دەرنەچن تـا دەگەینـە ئەو وڵاتـەی کە مـن دەمـەویٚ و، گـوتی بـۆ دڵنیـایی لـە گەڕانـەوەدا بەڵێننامەیەکیان، بەو نێوەڕۆکە پیٚ ئیمزا دەکات و بۆ منی دێنیٚ.

پاشان پێی گـوتم کـە یەکەم کـەس خـۆی سوێندم بۆ دەخـوات کـە تـا لـە ژیانـا بـیٚ، هـەرگیز لـێم دوور نەکەوێتـەوە، مەگـەر بـە خـۆم ئیزنـی بـدەم و مەرەخەسـی بکـەم و، گـوتی ئەگـەر لـە نێـو هاووڵاتیـەکانیا بچووکترین کەمتەرخـەمی ببینی، ئـەوا ئـەو تـا دوا تنـۆکی خـوێن بـەرگری لـە مـن دەکات و دەگەڵ مندا دەبیٚ.

گـوتی هاووڵاتیـەكانی هـەموو خـەڵكی خۆشـڕەفتارو سـەر ڕاسـتو دروسـتكارنو ناخۆشـیو تەنگانـەی زۆریـان دیتـووە، نـە چـەكیان هـەبووەو نـە جلو بـەرگو نـە خـۆراك، تـەنیا دلۆڤـانیو بـەزەیی هۆڤیـان فریایـان كـەوتووە، هـیچ هیوایـەكیان بـەوە نیـە كـە بـۆ وڵاتـی خۆیـان بگـەڕێنـەوە. گـوتی دڵنیایـە ئەگـەر مـن بەرپرسـیاریەتی ڕزگـار كردنیـان لـە عۆیـە بگـرم، تـا مـاون دەگـەڵ منـدا دەژینو دەمرن.

دوای ئەو قسانە تەواو دڵنیا بووم، بڕیارم دا بە پێی توانا هـەوڵی ڕزگاركردنیـان بدەمو كابرای هۆڤی پیرو ئەسپانیاییيان بۆ لا بنێرم تا پـەیمانێكیان دەگـەڵ ببەستن. كاتێ زەمینـەی تـەواوم بـۆ سەفەرەكەیان خۆش كردو هەموو شتێكم بۆ ئامادە كردن، كابرای ئەسپانیایی بە خـۆی باسێكی هێنایــە پێشــێ كــە لەلایەكــەوە زۆر دووربیانــە بــوو و لەلایــەكی تــرەوە ئەوەنــدە دڵســۆزانەو ڕاسـتگۆیانە بـوو، كـە قەناعـەتی تـەواوی پێكـردم، لەسـەر قسـەو داوای ئـەو لێـبڕام نەخشـەی ڕزگاركردنی هاوڕێكانی بەلای كەمەوە بۆ شەش مانگێك دوا بخەم. مەسەلەكەش بەمجۆرە بوو:

هەنووكە نزیكـەی یـەك مـانگ بـوو كـە دەگـەڵ ئێمـەدا بـوو، لـە مـاوەی ئەم مانگـەدا ڕێگـەم دابـوو ببـینێ كـە مـن چـۆن، بـە پشـتیوانی خـوا، بـژێوی خـۆم دابـین و فەراهـەم دەكـەم، ئـەو زەخـیرەو دانەوێڵەو برنجەی بینی بوو كە خستبووم، هەڵبەتـە ئەم زەخیرەیە لـە پێویسـتی خـۆم زیـاتر بـوو، بەڵام هەنووكە كە بوو بووین بە چوار كـەس، یـانی ژمارەمـان زیـادی كرد بوو، ئەو زەخیرەیـە، بـە تەنیاو بەبێ سوود وەرگرتن لە بزنەكان، بەشی نەدەكردین، خۆ ئەگەر هاووڵاتیەكانی ئەویش، كە چواردە كەسیان هێشتا مـابوون، بهاتبـان، ئیدی خواردنەكـەمان هـەر بەشـی نـەدەكرد، خـۆ ئەگـەر كەشـتیەكمان دروسـت بكردایـە تـاپێی بـڕۆین بـۆ كۆلۆنییـە مەسـیحی نشـینەكانی ئـەمریكا، ئازووقەكـەمان بەهیچ جۆرێ بەشی نەدەكردین. بۆیە پێی گوتم كە پێی باشە ڕێگـەی ئـەو ودوو نەفەرەكەی دی بدەم هەندێ زەوی تـازە بكێڵنو هەرچی تـۆوێكم هەیـە بیانـدەمێ تـا دای چێننو چاوەڕوانی وەرزی دروێنـەی ئاینـدە بكـەین، تـا كـاتێ كە هاووڵاتیـەكانی ئـەویش هـاتن، ئازووقـەو زەخیرەی پێویسـتمان هـەبێت، چـونكە دوور نییـە كـەمی ئازووقـەو زەخـیرە ببێتـە بایسـی ئـەوەی بكەونـە سەرپێچـی یـان وا تەسـەور بكـەن كـە ڕزگـار نـابنو هـەنگێ لـە جیـاتی چاكە پیـاو خـراپ دەرچینو لێمان هەڵگەڕێنەوە. گوتی: "دەزانی، بەنی ئیسرائیل هەرچەندە لـە هەوەڵـەوە خۆشـحاڵ بوون كە لە میسر نەجاتیان بووە، بەڵام كاتێ لە ساراو بیابانانـدا دووچـاری كـەمی نـان بـوون، دژی هەمان خواوەندی كە ڕزگاری كردبوون هەڵگەڕانەوە".

هۆشـداریەكەی هێنـدە بـەجێو ئامۆژگارییەكـەی هێنـدە مـاقووڵ بـوو كـە نـەمتوانی بـە گـوێی نەكەم، بە تایبەتی كە وەفاداریو ئەمەكداری خۆی بۆ سەلماندبووم. بەو جۆرە بە چوار قۆڵی، بـە هەمان ئەو ئەوزارە دارینانەی لەبـەر دەسـتدا بـوون، كـەوتینە زەوی كێڵان، دوای نزیكـەی مانگێك، كە كۆتایی ئەو مانگە وەختی تۆو دان بوو، ئەوەندەمان زەوی كێڵا بـوو كـە بیسـتو دوو ڕبـە جـۆو شـازدە گـۆزە برنجمـان، كـە هـەموو بنـە تۆوەكـەمان بـوو، پێوەكرد، ئـەوەی ڕاسـتی بـێ، لـەو شـەش مانگـەدا، تـا پێگـەیشتنی حاسـڵات، بەشـی خۆمـان جۆمـان نـەبوو، هەڵبەتـە شـەش مانگەكـە لـەو

کاتەوە حیساب دەکەین کە تۆوەکەمان بۆ داچاندن لادا، دەنا پێگەییشتنی خودی حاسڵاتەکە ئەو ماوە زۆرە ناخایەنێ.

ئێستا بۆ خۆمان بوو بووین بە کۆمەڵێك و ژمارەمان ئەوەندە هەبوو، کە لە هاتنی هۆڤیان نەترسین، مەگەر ژمارەیان یەجگار زۆربایە. هەر وەختێ، دەرفەتمان هەبوایە بۆ خۆ لە هەموو شوێنێکی دورگەکەدا دەگەڕاین، چونکە هەموومان خەیاڵی رزگار بوون و ئازادیمان لەسەرا بوو، بەلای کەمەوە بۆ من، مەحاڵ بوو، کەڵکەڵەی ئەنجامدانی ئەم نەخشەیە لە مێشکی خۆم دەربکەم. بەو نیازو مەبەستە چەند درەختێکم، کە بە ئەقڵی خۆم بە کەڵکی کارەکەمان دەهاتن، دەست نیشان کردو داوام لە جوعمەو باوکی کرد کە بیان بڕنەوە. پاشان بە کابرای ئەسپانیاییم، کە لە نەخشەکەمم ئاگادار کردبوو، گوت کە سەرپەرشتی کارەکەیان بکات و ڕێنوێنیان بکات. پێم نیشان دان کە بە چ زەحمەتێك درەختێکی گەورەم پارچە پارچە کردبوو، بەوانیشم گوت هەمان کار بکەم، تا نزیکەی دوو دەرزەن پارچەدار بە رووی گەورە بەپانی نزیکەی دوو پێ و درێژی سی و پێنج پێ و ئەستووری دوو تا چوار ئینج ئامادە بوو. ئیدی بە خۆت دەتوانی تەسەوری ئەوە بکەی کە ئەم کارە بە چ زەحمەتێك ئەنجام دراوە.

لە هەمان کاتدا هەوڵمدا بە پێی توانا، مێگەلە چکۆلە بزنەکەم زیاد بکەم، جا بەم مەبەستە رۆژێك جوعمەو یارۆی ئەسپانیاییم نارد و رۆژی دواتریش خۆم و جوعمە رۆییشتین، چونکە بە نۆرە کارمان دەکرد. ئیدی بەمجۆرە نزیکەی بیست کارژۆڵەمان گرت و کردمانە ناو مێگەلەکە تا دەگەڵ ئەواندا گەورە بن، چونکە هەرکاتێ بزنێکمان کوشتبا، کارژۆڵەکانیمان دەکردە ناو مێگەلەکەی خۆمان. بەڵام لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەوە بوو کە وەرزی وشکردنەوەی ترێ بەرێوەبوو، ترێیەکی زۆرم لە ژێر هەتاودا هەڵواسی بوو کە وشك ببێتەوە، یانی ئەگەر لە ئالیکانتە بوایەین، کە لەوێندەر ترێ لەبەر هەتاو وشك دەکەنەوە، دەمانتوانی شەست تا هەشتا بۆشکە پڕ بکەین، خواردنی سەرەکی ئێمە ئەم مێوژە بوو دەگەڵ نانداا، زۆریش باش بوو چونکە مێوژ خواردنێکی بە ڕاستی بە سوودە.

هەنووکە وەرز، وەرزی دروێنە و کۆکردنەوەی حاسڵات بوو، حاسڵاتەکەمان هاتی بوو. هەڵبەتە باشترین بەروبووم و حاسڵاتی هەموو ساڵانی بوونم لە دوڕگەکەدا نەبوو، بەڵام بەشی بژێوی ئێمەی دەکرد. چونکە لەو بیست و دوو ربەیەی کە دامانچاند بوو، پتر لە دوو سەدو بیست ڕبەمان دەست کەوت. بە هەمان رێژەش برنجمان هەڵگرت کە تا وەرزی دروێنەی ئاییندە بەشی دەکردین، ئەگەر هەر شازدە ئەسپانیاییەکەش هاتبان هەر بەشی دەکردین، یان ئەگەر سەفەریشمان کردبا، بە تەواوەتی پێویستی ناو کەشتیەکەمانی بۆ دابین دەکردین، دەیگەیاندینیە هەر شوێنێکی دنیا، تەنانەت تا ئەمریکاش بەشی دەکردین.

کە خەرمانمان هەڵگرت و ئازووقەو زەخیرەمان لە عەمار کرد، ئەوسا کەوتینە سەبەتەو تلیانە دروستکردن، یانی سەبەتەی گەورەو قووڵمان دروستکرد کە دانەوێڵەو ئازووقەکەمانی تیا هەڵگرین، کابرای ئەسپانیایی لەم مەیدانەدا یەجگار کارامەو زەبەردەست بوو و، زۆرجار گلەیی

لێدەکردم کە بۆ بەرگری لە خۆم شتێکی لەم بابەتەم دروست نەکرد بوو، بەڵام من ئەم کارەم بە پێویست نەدەزانی .

ئێستا کە ئازووقەو زەخیرەی تەواومان بۆ میوانانی داهاتوو خستبوو، یارۆی ئەسپانیاییم بۆ وشکانی ئەسڵی نارد تابزانێ دەگەڵ هاووڵاتیەکانیا لەوێ چ دەکاتو دەگاتە چی. دەستووری نووسراوم دایە کە تەنیا ئەو کەسانە دەگەڵ خۆیدا بێنێ کە لە بەردەم خۆیو هۆڤیە پیرەکەدا سوێند بخۆن کە ئەو کەسەی ئاکنجی دوورگەکەیەو لە دڵسۆزی خۆی دەیەوێ ئەوان رزگار بکات، بریندار نەکەن، دەگەڵی بەشەڕ نەیەن، هێرشی نەکەنە سەر، بەڵکو هەمیشە پشتیوانی بکەنو ئەگەر تووشی شەڕێك یان پێشهاتێکی لەو بابەتە هات، بەرگری لێدەکەن، بەبێ پرسو فەرمانی ئەو بۆ هیچ کوێ نەڕۆنو لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵو ملکەچی ئەو دەبن، دەبێ ئەم پەیماننامەیە بەدەست خەتی خۆیان ئیمزا بکەن، لە کاتێکا کە دەمانزانی نە قەڵەمیان پێیە نە مەرەکەب، کەچی قەت لە خۆمان نەپرسی کە چۆن دەیانتوانی ئەم کارە بکەن.

کابرای ئەسپانیاییو باوکی جوعمە، بەم بەرنامەیەوە، بە هەمان بەلەمی، کە هێنابوویانن بۆ خواردن، کەوتنە رێ.

سەرو تفەنگی تاپری فتیلەییم دانێ، یەکی بایی هەشت جار پڕکردنی تفەنگ، بارووتو تەقەمەنیم دانێ، پێمگوتن کە زۆر ئاگاداری تفەنگەکان بن، دەست بە فیشەكو تەقەمەنیەوە بگرنو تا ناچار نەبن، تفەنگ بەکار نەیەنن.

دڵم بەم کارە خۆش بوو، چونکە دوای بیست و حەوت ساڵو چەند رۆژێك، ئەمە یەکەمین هەوڵم بوو لە پێناوی رزگار بووندا، ئەوەندەم نانو مێوژ دانێ کە بەشی چەندین رۆژی خۆیانو بەشی نزیکەی هەشت رۆژی هەموو هاووڵاتیەکانیشی دەکرد، دوعای سەلامەتی سەفەرم بۆ کردنو بەڕێم کردنو قەول قەرارم دەگەڵ کردن کە لە گەڕانەوەدا، بەر لەوەی بگەنە کەنارەکە، نیشانەیەك بدەن تا بزانم خۆیانن.

کە کەوتنە ڕێ مانگ چواردە بوو، بایەکی لە باری دەهات، بە گوێرەی حیسابی من مانگی ئۆکتۆبەر بوو، بەڵام حیسابی دروستی رۆژەکەم نەدەزانی. پاش ئەوەی جارێك حیسابی رۆژانم لێ تێکچوو ئیدی نەمتوانی بچمەوە سەری، تەنانەت لەوەش دڵنیا نەبووم کە ساڵانی مانەوەم لەوێ (لە دوورگەکە) دروستە یان نا، هەرچەندە پاشان کە بە حیساباتی خۆدا چوومەوە، بۆم دەرکەوت کە حیسابی ساڵەکانم بە دروستی ڕاگرتبوو.

## ئاژاوەیەك دادەمركێنینەوە

هەشت رۆژ بوو چاوەڕوانیان بووم، كە رێكەوتێكی سەیرو چاوەڕوان نەكراو رووی دا، رێكەوتێك كە رەنگە لە مێژوودا شتی وا نەبوو بێ. رۆژێك بەیانی لە كەوێڵەكەی خۆمدا خەوتبووم كە جوعمە بە هانكە هانك هات و بە دەنگی بەرز بانگی لێكردم: "ئەرباب، ئەرباب، هاتن، هاتن!".

لە جێی خۆ راپەڕیم و بێ گوێدانە هیچ خەتەرو مەترسییەك، هەركە جلەكانم لەبەر كرد، لە ماڵ وەدەركەوتم. لە نەمامگە چكۆلەكەم، كە ئیدی بوو بوو بە بێشەیەكی چڕو چوغوورد، دەرباز بووم. وەكو گوتم بێ گوێدانە مەترسی لە ماڵ وەدەركەوتم و چەكم دەگەڵ خۆدا نەبرد كە ئەمە پێچەوانەی عادەتی من بوو.

لێ وەختێ روانیمە دەریاكە غافڵگیر بووم، چونكە یەكسەر بەلەمێكم لە دووری یەك دوو میلەوە بینی كە بەرەو كەنارەكە دەهات و بایەوانێكی وەكو دەڵێن سێ گۆشەی پێوە بوو و بایەكی زۆر لە باریشی دەهات. یەكسەر هەستم كرد كە ئەوانە لە قوڵی ئەمریكاوە نەدەهاتن، بەڵكو لە سەمتی باشووری دوڕگەكەوە دەهاتن. بۆیە ناچار جعمەم گاز كردو گوتم كە لەم نزیكانە بمێنێ، چونكە ئەمانە ئەو كەسانە نین كە چاوەڕوانیان بووین و هێشتا دیار نیە دۆستن یان دژمن. ئەوسا چووم دووربینەكەم هێنا تا بزانم چ شتێك دەردەكەوێ، پەیژەكەم هەڵگرت و چوومە سەر گردەكە، وەكو هەر جارێكی دی كە نیگەرانی شتێك دەبووم، دەچوومە سەر گردەكە تا هەم نەبینرێم و هەم لەوێندەرەوە روانگەیەكی باشترم هەبێ.

هێشتا بە تەواوەتی پێم نەنابووە سەر گردەكە سەیرم كرد كەشتیەك لە دووری دوو فەرسەخ و نیوی منەوەو، بەدەستی باشوور– باشووری رۆژهەڵات و لە دووری یەك فەرسەخ و نیوی كەنارەكە

لەنگـەری گرتـووە. بـە گـوێرەی دیـتنی خـۆم گەییمـە قەناعـەت کـە ئـەم کەشـتیە، کەشـتیەکی ئینگلیزیەو بەلەمەکەشی، بەلەمێکی ئینگلیزی گەورەیە.

هێنـدە پەشـۆکا بـووم هـەر مەپرسـە، هەرچـەندە خۆشـحاڵیم بەمـەی کەشـتیەکم دەبـینی کـە پێدەچوو هی وڵاتەکەی خۆم بیٚ و ئەنجام سەرنشینەکانی دۆستی خۆم دەربچن لە وەسف کردن نەدەهات. بەڵام لە هەمان کاتدا لە دڵی خۆمدا هەستم بە جۆرە گومانێك دەکرد. نازانم ئەم هەستە چی بوو و سەرچاوەکەی لە کویٚ بوو، بەڵام ئەم هەستە پێی دەگوتم کە وریا بم. سەرەتا بیرم لـەوە کـردەوە کـە کەشـتیەکی ئینگلیـزی لـەو دەڤـەرەدا چـی دەکـات، خـۆ ئـەو دەڤـەرە لەسـەر ڕێگـەی هاتوچۆی ئینگلیزان نەبوو و، دەمزانی کە هیچ گێژەلووکەو باهۆزو زریانێك رووی نەدا بوو، کە ئەوانی بۆ ئەوێندەر ڕاماڵی بیٚ، خۆ ئەگەر بە ڕاستی ئینگلیز بن، لەگینـە نیازیان باش نەبیٚ و جا لەو حاڵەدا باشتر بوو کە من بە هەمان وەزعو حاڵەوە بمێنم تا بکەومە دەست دزان و پیاو کوژان.

هەڵبەتـە هـەق نیـە هـیچ کەسـێك کـاتیٚ کـە هەنـدێجار نیشـانە پەنهانـەکانی خەتـەرو مەترسـیان دەبینیٚ، بە بچووکی بزانێت و وا بزانیٚ مەحاڵە واقیعی بن و بێنـەدی. پێموایـە بەدەگمـەن خـەڵکانی ئاقڵ هەبن نکوڵی لـەوە بکـەن کـە ئـەم نیشـانانەی پیشـانی ئێمـەمانان دەدرێـن لـە دنیـای نادیـارەوە دێـن،و بێگومـان زادەی پەیوەنـدی روحین و جـۆرە ئاگـادار کردنەوەیەکە کـە مەترسـیەك بەڕێوەیـە، بۆچی وای لێك نەدەینەوە کە ئەمە لەلایەن دۆستێکەوە (چ لە سـەرووی ئێمـە بیٚ و چ لـە خـوارووی ئێمە) دێت و شتێکە لـە قازانجی ئێمـە؟ ئەم پرسـیارەش زادەی هـەمان لێکدانەوەیـە، چونکە ئەگـەر من بە هۆی ئەم ڕێنماییە نهێنییـەوە، ئیـدی لـە هـەر کوێیەکەوە دەهات، نەکەوتما پـارێز، بێگومـان کارم دەکراو تووشی وەزعێکی زۆر خراتر لە ڕابردوو دەبووم، کە مەسەلەکە بەمجۆرەیە.

ماوەیەکی کەم بەو دەقەوە مامەوە، سەیرم کرد بەلەمەکە خەریکە لـە کەنارەکـە نزیـك دەبێتـەوەو لەوە دەچوو لە روبارێك بگەڕێن تا خۆیانی پێدا بکەن و بە ئاسانی بگەنـە کەنارەکە. بەڵام چونکە هێشتا بە تەواوەتی لە کەنارەکە نزیك نەبوو بوونەوە، ئەو ئاوەڕۆیـەیان نـەبینی بـوو کـە مـن پێشـتر کەڵەکەمم پێیدا داژۆت، بەڵکو لە جیاتی روو بکەنە ئەوێندەر، بەلەمەکەیان هێنایـە کەنارەکـەی نیـو میلی من، کە ئەمە بۆ من دڵخۆشکەرە بوو، چونکە ئەگەر وا نەبوایە ڕێك لـە بـەردەم منـەوە دەهاتنـە کەنارەکەو هەنگیٚ لە قەڵاکەم وەدەریان دەنام و دارو نەداریان تالاَن دەکردم.

کاتیٚ گەیینە کەنارەکە، کە دیتم پتر لە نیوەیان ئینگلیـزن زۆر خۆشـحاڵ بـووم. وام هەسـت کـرد یەك دوو نەفەرێکیان هۆڵاندین، بەڵام پاشان وا دەرنەچوو. تێکڕا یـازدە نەفـەر بـوون، کـە دیقـەتم دا بۆم دەرکـەوت سـیٚ نەفـەریان بـیٚ چەك و دەسـت بەسـتراون، کـاتیٚ چـوار پێـنج نەفـەرێکیان خۆیـان هەڵدایـە سـەر کەنارەکـە ئـەو سـیٚ نەفـەرەیان، کـە زنـدانی بـوون، لـە بەلەمەکـە داگـرت. سـەیرم کـرد یـەکێك لـەو سـیٚ زندانیـە، لـەوانی دی پـتر حاڵـەتی پاڕانـەوەو ئـازارو نـا ئومێـدی پێـوە دیـار بـوو. دووانەکەی دی هەندێجار دەستیان بەرز دەکردەوەو بـە ڕاسـتی نیگـەران دیـار بـوون، هەرچـەندە لـە سەرەتاوە نیگەرانیەکەیان زۆر نەبوو.

سەرم لە دیتنی ئەم دیمەنە دەرنەدەکرد و نەمدەزانی مانـای چیـەو چی دەگەیـەنێت. جوعمـە بـە ئینگلیزیەکی سـەرو گـویٚ شـکاو پێـی گـوتم: "ئـاه ئـەرباب! تـۆ دیووتـە پیـاوانی ئینگلیـزیش وەکـو

هۆڤیـان بەشـەرخۆرن." گـوتم: "چـۆن جوعمـە، چـما پێـت وایـە خـەیاڵیان وایـە ئەوانـە. بخـۆن؟" جوعمـە گـوتی: "بـەڵێ، دەیـانخۆن." گـوتم: "نـا، نـا جوعمـە، دەترسـم بیـانکوژن، بـەڵام دڵنیابـە کـە نایان خۆن."

بە درێـژایی ئـەم ماوەیـە گێـژو حەپەساو نەمـدەزانی کـە مەسـەلە چیـە، بـەڵام هـەر بـەو دەقـەوە وەسـتا بـوومو ئـەم دیمەنـە ترسـناکە لـەرزی لێهێنـابوومو چـاوەڕوانی ئـەوەم دەکـرد کـە هـەر سـێ زاندانیەکە لـە ئانو ساتدا بکوژن. بە ڕاسـتی سـەیرم کـرد یـەکێك لـە تاوانبـاران، یـانی یـەکێك لـە بـەناو دەریاوانـەکان قەمـە گەورەکـەی هـەڵبڕی کـە بەسـەری یـەکێك لـەو زندانیـە بێچـارانەیدا بکێشـێتو چـاوەڕوانی ئـەوە بـووم لـە ئانو سـاتدا تـەختی زەوی ببێـت، بـە دیـتنی ئـەم دیمەنـە ،خوێن لە دەمارەکانما وشك بوو.

ئێستا هەستم بە جێی خاڵی کابرای ئەسپانیاییو هۆڤیەکەی هاوڕێی دەکرد. پڕ بەدڵ حەزم دەکـرد بمتوانیبـا، بێئـەوەی ببینـرێم خـۆم بگەیاندبایـە تیرهاوێـژی وانو ئـەو سـێ پیـاوەم ڕزگـار بکردایە، چونکە دەمبینی کە چەکی گەرمیان پێ نەبوو، لێ بیرۆکەیەکی دیکەم هاتە بەر زەین.

پاش ئەوەی کە ڕەفتاری زاڵمانەی دەریاوانە لە خۆباییەکانم دەگەڵ ئەو سێ پیاوەدا بینی، سەیرم کرد بڵاوەیان لێکرد، لە تۆ وایە دەیانویست پیاسەیەکی ناو دوڕگەکە بکەن. سەیرم کرد کە سێ پیاوەکەیان بە ئازادی بەجێهێشت تا بە کەیفی خۆیان بسوڕێنەوە، بەڵام هەرسێکیان زۆر خەمناك لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوون و نا ئومێدو نامراد دەهاتنە بەرچاو.

ئـەم دیمەنـە ئـەو ڕۆژگـارەی بیرهێنامـەوە کـە یەکـەمجار گـەیی بوومـە ئـەم کـەنارەو سـەیری دەوروبەری خۆم دەکردو وام وێنا دەکرد بۆ هەتا هەتایە گوم بووم. جا چەند غەریبو کێویانـە دەمڕوانیـە دەوروبـەر، چـەند دەترسـام، چـۆن لـە ترسـی حـەیواناتی دڕنـدە شـەو لەسـەر درەختـان دەنووستم.

ئەو شەوە، کەم و زۆر ئاگام لە خواستو مەشیەتی خوایی نەبوو، کە کردبوویە کارێك بە هـۆی باهۆزو هەڵکشانو داکشانی ئاوی دەریاوە، کەشتیەکە بگاتە نزیکی کەنارەکەو من بتوانم بۆ خـۆم تفاقو پێویستیانی خۆمی لێبێنم، ئەو پێویستیانە کە لەوساوەو تا ئێستا بەکارم هاتوون، ئەو سـێ پیـاوە بێچـارەو خـەمبارەش ئاگایـان لـەوە نـەبوو کـە نـەجات بوونیـان چـەند نزیکـە، چ خۆشیەکیان لە ڕێدایە، لەو دەمەدا کە وایان وێنا دەکرد گوم بوونو هیچ تروسکەیەکی روناکیو ئومێد لە ئارادا نیە، لە ڕاستیا لەوپەڕی ئەماندان.

ئێمـەی بەشـەر چـەند چـاو نـەکراوەین، لـە کاتێکـا یـەك دنیـا بەڵگـەمان بەدەستەوەیە بـۆ پشـت بەستن بە داهێنـەری بوون، کە سوور دەزانین کە ئەو (خوا) لە خراترین هەلومـەرجا، بەنـدەکانی خۆی فەرامۆش ناکاتو شایستەی سوپاسو ستایشەو زۆر جار ڕزگار بوونیـان لـەوە نـزیکترە کـە تەسەوری دەکەن. لە هەقیقەتدا زۆرجار ئەو شتەی بە خراپی دەزانن، بە هـۆی تیاچـوونی خۆیـانی دەزانن، دەبێتە بایسی ڕزگار بوونیان.

کاتێ کە ئەم خەڵکانە هاتنە کەنارەکەو هەندێکیان مژوولی گفتوگۆ بوون دەگەڵ زندانیـەکانی خـۆداو هەنـدێکی دی بـە دوڕگەکـەدا دەگـەڕان تـا بـزانن ڕێیـان کەوتووەتـە کـوێ، ئاوەکـە تـەواو

هەڵکشا بوو. بە ڕادەیەك ئاگایان لە خۆ برا بوو کە خێزاوەکە نیشتەوەو بەڕادەیەك داکشایەوە کە بەلەمەکەیان نیشتە سەر گڵو قوڕ.

دوو نەفەر لە بەلەمەکەدا مابوونەوە، کە پاشان بۆم دەرکەوت تومەز کەمێك زیادیان خواردبووەوەو خەو بردبوونیەوە. بەڵام یەکێکیان زووتر لە خەو رابوو و کە بینی بەلەمەکە نیشتووەتە سەر قوڕو گڵ‌و بە تەنیاش هیچی لە دەست نایەت ، ئەوانی تری، کە بڵاو بووبوونەوە، گازکرد. هەموو بە هەشتاو بەرەو بەلەمەکە پەل بوونەوە. بەڵام بە هەمووشیان نەیان توانی بەلەمەکە بجوڵێنن، چونکە زۆر قورس بوو، کەنارەکەش لەو شوێنەدا، زیاتر زۆنگاو بوو تا لمەلانێکی وشك.

بۆیە کە چاویان بەم وەزعە کەوت وەکو دەریاوانانی واقیعی کە کەمترین دوورئەندێشیان هەیە، هەموو دەستبەرداری دەرهێنانەوەی بەلەمەکە بوون‌و دووبارە کەوتنە پیاسەو گەڕان بە دوڕگەکەدا. گوێم لێبوو یەکێکیان ( لە ناو بەلەمەکەوە ) یەکێکی تریانی گاز کردو گوتی: "جاك، وازی لێ بێنە، ناتوانی؟ کە ئاوەکە هەڵکشایەوە بەخۆی لە قوڕەکە دەردێت". بەم قسەیەدا تەواو دڵنیا بووم کە خەڵکی چ وڵاتێکن.

بە درێژایی ئەم ماوەیە لە نزیکی ئەواندا مامەوەو بۆ تاقە جارێکیش جورئەتم نەکرد لە قەڵاکەم بێمە دەرێ‌و بۆ شوێنێکی دوورتر لە خاڵی دیدەوانیەکەم کە لەسەر گردەکە بوو بڕۆم‌و زۆر خۆشحاڵ بووم کە قەڵاکەم بەو ڕادەیە قایم‌و مکووم بوو. دەمزانی کە بەلای کەمەوە هێشتا دە سەعاتی ماوە بۆ ئەوەی ئاوی دەریاکە هەڵبکشێت‌و بەلەمەکە دووبارە بکەوێتەوە سەر ئاو، تا ئەو کاتەش دنیا تاریك دەبوو و دەمتوانی بە ئازادییەکی پترەوە چاودێری جم‌و جۆڵیان بکەم، ئەگەر لە بەینی خۆیاندا گفتوگۆیەك بکەن، بە ئاسانی گوێم لێیان ببێت.

بەدەم ئەو بیرانەوە، وەکو جاران خۆم بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، بەڵام بە پارێزێکی زیاترەوە خۆم ئامادە دەکرد، چونکە دەمزانی ئەم دژمنانە، لە دژمنەکانی هەوەڵجارم جیاوازن. بە جوعمەشم کە بوو بوو بەسەگڤانێکی لێهاتوو، گوت دەست بداتە چەك‌و خۆی تەیار بکات. بە خۆم دوو ساچمەزەنم هەڵگرت‌و سێ تفەنگی تاپڕیشم دایە ئەو. ئەوی ڕاستی بێ سەروسیمام زۆر ترسناك بوو بوو، چاکەتێکی کەوڵە بزنم لەبەر بوو، کڵاوێکی گەورەم لەسەر بوو، شمشێرێکی بێ کێلانم بە قەدما کردبوو، دوو دەمانچەم لە خۆ بەستبوو، هەر یەکێك لە تفەنگەکانم بە شانێکمەوە بوون.

وەکو پێشتریش گوتم: نیازم نەبوو، تا شەو نەیەت هیچ کارێ بکەم. بەڵام سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، لە هەڕەتی گەرمادا، بۆم دەرکەوت کە هەموویان بە بێشەکەدا بڵاو بوونەتەوەو، وەکو تەسەورم دەکرد. خەو بردبوونیەوە. سێ پیاوە پەریشانەکەش، کە لە ترس‌و نیگەرانیدا خەویان لێ نەکەوتبوو، لە سێبەری درەختێکی گەورەدا دانیشتبوون‌و بە مەزەندە هەر چارەکە میلێك لە منەوە دوور بوون‌و لە وانی ترەوە دیار نەبوون.

کە ئەو وەزع‌و حاڵەم بینی، لێبڕام خۆمیان پێ نیشان بدەم‌و بزانم دەنگ‌و باسیان چیەو وەزع‌و حاڵیان چۆنە. یەکسەر بەو قەدو قەڵافەتەوە کە باسم کرد، بەرەو لای ئەوان وەڕێ کەوتم،

جوعمەش دوورو نزیك، كە بەو هەموو چەك و ئەسڵەحەیەوە دیمەنی لە من ترسناكتر بوو، لە دووم دەهات، هەڵبەتە قەدو قەڵافەتم زۆریش لە شەبەنگ و تاپۆیان نەدەچوو.

بەو حاڵەوە، هێندەی پێم دەكرا، بێئەوەی خۆمیان نیشان بدەم لێیان نزیك بوومەوە، ئەوسا پێش ئەوەی كەسیان من بدینن، بە زمانی ئەسپانیایی گازم كردن و گوتم: "برادەرینە، ئێوە كێن؟".

كە گوێیان لە دەنگم بوو لەجێی خۆیان راچڵەكین، لێ كاتێ منیان بەدی كرد، هێندەی دی پەشۆكان، بەتایبەتی بەو سەروسیما ناقۆڵایەوە كە هەمبوو. هیچ وەڵامێكیان نەدایەوە، لێ هەستم كرد خەیاڵیان وایە لە دەستم هەڵێن. كە بەزمانی ئینگلیزی قسەم دەگەڵ كردن و گوتم: "برادەرینە، خەمتان نەبێ، بێئەوەی بە خۆ بزانن دۆست بە پیرتانەوە هاتووە." یەكێكیان، بە سیمایەكی زۆر جدی، سەبارەت بە من گوتی: "بێگومان لە ئاسمانەوە نازڵ بووە" ئەوجا بەدەم داكەندنی كڵاوەكەیەوە لەسەری رۆیی: "چونكە ئێمە لە وەزع و حاڵێكاین كە هیچ بەنی بەشەرێك ناتوانێ فریامان بكەوێت." گوتم: "فریاڕەس هەر خوایە قوربان. بەڵام ئێوە دەتوانن كارێكی وەها بكەن كە ئەم غەریبەیە بتوانێت یارمەتیتان بدات، چونكە وا هەست دەكەم كە زۆر پەریشانن؟ كاتێ گەییشتنە كەنارەكە ئێوەم بینی، ئەو كاتەش دیتمن كە لەوە دەچوو لەو زاڵمانەی كە بۆ ئێرەیان هێناون، بپاڕێنەوە، ئەوەشم بینی كە یەكێك لەوانە هەڵیكێشایە شمشێر تا بتان كوژێت."

كابرای داماو، بەدەم فرمێسك هەڵڕشتنەوە دەلەرزی و هایم و حەیران دەیڕوانیە من و گوتی: "من نازانم دەگەڵ خواوەندا قسان دەكەم یان دەگەڵ بەشەرا! تۆ ئینسانی یان فریشتە!" گوتم: "هیچ مەترسن قوربان، ئەگەر خوا فریشتەیەكی بۆ رزگار كردنی ئێوە نازڵ كردبا، هەڵبەتە سەرو وەزعی لە من باشتر دەبوو و چەكێكی جیاوازتر لەم چەكەی منی پێدەبوو. تكایە ترس وەلاوە بنەن، من ئینسانم، ئینگلیزم، هاتووم كۆمەكتان پێبكەم. تەنیا یەك خزمەتكارم هەیە، ئێمە چەك و تەقەمەنیمان هەیە، بە ڕاست و راستگۆیی بڵێن كە بەسەر هات و واریقاتتان چیە، ئێمە دەتوانین كۆمەكتان پێبكەین."

گوتی: "قوربان سەربورو واریقاتی ئێمە زۆر لەوە درێژترە كە بتوانم بیگێڕمەوە، نەخاسما لەم كاتەدا كە بكوژەكانمان ئەوەندە لێمانەوە نزیكن. بەڵام بە كورتی، قوربان، من فەرماندەی كەشتی بووم، پیاوەكانم لێم یاخی بوون و هەڵگەڕانەوەو بە هەزار زەحمەت تا قاییل بوون كە نەمكوژن، ئەنجام منیان دەگەڵ ئەم دوو پیاوەدا، كە یەكێكیان یاریدەدەرمەو ئەویتریان موسافیرە، لە كەناری ئەم شوێنە دوورە دەستەدا داگرت. ئیدی ئێمە پێمان وا بوو لەم شوێنە چۆڵ و نا ئاوەدانەدا تیا دەچین و ئێستاش نازانین ئێرە كوێیەو چۆن شوێنێكە."

گوتم: "ئەدی دژمنەكانتان، ئەو بێ ئینسافانە لە كوێن؟ دەزانن كێوە چوون؟" بەدەم ئاماژە كردنەوە بۆ چڕە دارستانەكە گوتی: "قوربان، لەوێندەر ڕاكشاون. زۆر دەترسم ئێمەیان دەیتبێ و گوێیان لە دەنگی ئێوە بووبێ، ئەگەر شتی وا ببێ، بێگومان دێن و هەموومان دەكوژن."

پرسـیم: "باشـه چـەکی گـەرمیان هەیـە؟" بەرسـڤی دایـەوە تـەنیا دوو ساچـمەزەنیان پێیـەو یـەکێکیانیان لـە بەلەمەکـەدا بـەجێ هێشـتووە. گـوتم: "زۆر باشـە. بـاقی کارەکـە لێگـەڕێ بـۆ مـن. دەزانم ئێستا خـەوتوون. کوشـتنیان ئاسـانە، باشـە ئێـوە پێتـان وانیـە ئەگـەر یەخسیریان بکـەین باشتر بێ؟" گوتی دوو تاوانباری شیرحەرامی ئەوتۆیان تیایە تا زووتر لـە ناویـان بـەری درەنگـە. بـەڵام لـەو بـاوەڕەدابوو کـە ئەگـەر واز لـەوانی دی بێنین، هـەموو دەگەڕێنـەوە سـەر کـاری خۆیـان: پرسـیم ئـەو دوو نەفـەرە کیهـانن. گـوتی لـەو دوورەوە نـاتوانێ دەسـت نیشـانیان بکـات، بـەڵام ئامادەیە هەر فەرمانێکی پێبکەم، جێبەجێی بکات. گوتم: "وا چاکە هەندێ دوور بکەوینەوە تا ئەگەر خەبەریان بووەوە نەمان بینن. دوایی بڕیار دەدەین چی بکەین." بە کەماڵی ئارەزوو بەگەڵم کەوتن، تا بە تەواوەتی لە ناو بێشەکەدا لە چاو ون بووین.

گوتم: "گوێ بگرن قوربان، ئەگەر من ئێوە رزگار بکەم، ئامادەن دوو شەرتم دەگەڵدا بکەن؟" هەڵبەتە ئەو پێشبینی شەرتەکانی منی کردبوو، چونکە پێی گوتم کە ئەگەر نەجاتیان بوو، هەم خۆی و هەم کەشتیەکەی دەربەست لە ژێر فەرمانی مندا دەبێت و، ئەگەر نەمانتوانی کەشتیەکە بگرین، ئەوا ئامادەیە لە هەر شوێنێکی دنیا من بیڵێم، دەگەڵ مندا بژی و دەگەڵ مندا بمرێت و دوو کەسەکەی تریش هەمان قسەی ئەویان کرد.

گوتم: "زۆر چاکە، من تەنیا دوو مەرجم هەن، یەکەم تا ئەو کاتەی کە لەم دوورگەیەدا دەگەڵ مندان، هیچ دەسەڵاتێکتان نیەو نابێ، ئەگەر چەکتان بدەمێ، هەرکاتێ ویستم بمدەنەوەو هیچ زیانێك نە بە خۆم و نە بە موڵك و ماڵم لەم دوورگەیەدا نەگەیەنن و، تا لێرەن و لێرە دەبن فەرمانی مـن لـە عـاردی نـادەن و چـیم ویسـت جێبـەجێی دەکـەن. دووەم: ئەگـەر توانیمـان کەشـتیەکە بگرینـەوە، من و هاوڕێکانم بە خۆڕایی بگەیەننەوە ئینگلیستان." بەڵێنی تەواوی دامێ کە ئەم داوا ماقووڵەم بە تەواوەتی جێبەجێ دەکات و بە روح و گیان خۆی بە قەرزارباری من دەزانێت و تا ماوە، ئەم چاکەیە لە بیر ناکات.

گـوتم: "کەواتـە زۆر باشـە، بـا ئـەم سـێ تـاپڕە بـە بـاروووت و فیشـەکەوە لـە عۆیـەی ئێـوەدا بـێ. ئێستا بڵێن بە ئەقڵی ئێوە هەنگاوی دواترمان چی بێ باشە." دوای ئەوەی هەموو منەتباری و پێزانیـەکی خـۆی دەربـڕی، جـوزی ئیختیـاری دایـە دەسـت مـن. پێمگـوت سـەرەتای هـەر کارێـك قورسە، بەڵام من پێموایە باشترین رێگە ئەوەیە، لەپڕ و لە خەوا بەر فیشەکیان بدەین، ئەگەر لە دەستڕێژی یەکەما کەسێك دەرچوو و ویستی تەسلیم ببێت لە گیانی خۆش ببین و بە تەواوەتی تەسلیم بە خواستی خودا ببین کە چی دەبێ با ببێت.

بەوپەڕی خاکەسارییەوە گوتی خۆزی بکرایە کە نەکوژرێن، چونکە لەم کارە بێزارە، بەڵام ئەو دوو نەفـەرە تاوانبـارە شـیرحەرامە کـە بـە هـیچ شـێوەیەك نایەنـە چـاك بـوون و هـەموو ئـاژاوەو فەرتەنەکەی ناو کەشتیەکە لە ژێر سەری ئەوان دابوو، ئەگەر ئەوانە دەربچن و هەڵێن، وەزعمان زۆر خراپ دەبێت، چونکە خۆ دەگەیەننە کەشتیەکە و هەموو سەرنشینەکانی لەگەڵ خۆدا دێنن و هـەمووومان دەکـوژن. گـوتم: "کەواتـە، زەرورەت وا دەخـوازێ نەخشـەکەی مـن جێبـەجێ بکرێـت،

چونکە تاقە ڕێگای ڕزگاری گیانمان تەنیا ئەمەیە." بەڵام کاتێ دیتم ئەو هێشتا دەستی ناچێتە خوێن ڕشتن، لە دڵی خۆدا گوتم باشتر وایە خۆیان بڕۆن و هەر چۆنیان پێ باش بوو وا بکەن.

لە میانەی ئەم گفتوگۆیەدا گوێم لێبوو کە هەندێکیان خەبەریان بووەتەوەو کەمێ پاشتر سەیرم کرد دوو نەفەریان هەستاون و بە پێوە وەستاون لەوم پرسی ئایا ئەمانە هیچیان سەر دەستەی یاخیەکان نین؟ گوتی: "نە". گوتم: "کەواتە وازیان لێبێنە با بۆ خۆ هەڵێن، لەوە دەچێ خواوەند بۆیە بێداری کردوونەتەوە تا ڕزگاریان ببێ. بەڵام ئەگەر ئەوانی دی هەڵێن خەتای ئێوە خۆتانە."

ئەم قسەیە هانی دا، ئەو تاپڕەی بە دەستەوە گرت کە دابوومێ و دەمانچەکەشی لە قەد کرد. دوو هاوڕێکەشی هەریەکەو سەرو تفەنگیان هەڵگرت و بەگەڵی کەوتن. ئەو دوو پیاوەی کە لەگەڵی بوون، لە پێشەوە دەڕۆییشتن، بە دەنگە دەنگ یەکێك لە دەریاوانەکانیان خەبەر کردەوەو ئاوڕیان دایەوە، کە بینی ئەوانە بەرەو لای ئەوان دەچن، ئەوانی دیکەی گازکرد، بەڵام تازە درەنگ بوو بوو، چونکە ڕێك لەو کاتەدا کە هاوڕێکانی بانگ کردبوو، ئەمان لێیان کەوتنە تەقە، مەبەستم دوو نەفەرەکەیە، چونکە یارۆی فەرماندە بە ئانقەست تەقەی نەکرد. ئەو جووتە هێندە بە باشی نیشانەیان لەو پیاوانە گرتەوە کە دەیان ناسین کە یەکێکیان هەر لە جێوە کوژراو ئەوی تریان بە خەستی بریندار بوو، بەڵام چونکە نەکوژرا بوو، هەستاو بە مەبەستی کۆمەك بانگی لە یەکێکی تری خۆیان کرد، بەڵام یارۆی فەرماندەی کەشتی بەرەو لای چوو و گوتی تازە درەنگە، کەس فریای ناکەوێ، دەبێ داوا لە خوا بکات کە لە تاوانەکانی خۆش بێت، بەدەم ئەو قسەیەوە بە قۆناغە تفەنگ تەختی ئەرزەکەی کردو زمانی شکا. سێ نەفەری دیکەش لە نێو ئەو جماعەتەدا بوون کە یەکێکیان برینداریکی سووك بوو. لەم کاتەدا من هاتمە دەست و کاتێ کە سەیریان کرد بەرگری بێفایدەیە کەوتنە پاڕانەوە کە ڕەحمیان پێدا بکەین. فەرماندەی کەشتیەکە پێی گوتن لە گیانیان خۆش دەبێت، بە مەرجێ دڵنیای بکەن لەو خیانەتەی کە کردوویانە پەشیمانن و سوێند بخۆن کە لە گرتنەوەی کەشتیەکەو هەروەها لە گەڕاندنەوەی بۆ جامایکا، کە لەوێندەرەوە هاتبوون، هاوکاری بکەن. هەموو بەڵێنێکی وەفاداریان دایەو ئەویش خەیاڵی وا بوو باوەڕیان پێ بکات و لە گیانیان خۆش بێ. منیش هیچ ئیعترازێکم نەبوو، تەنیا ئەوەندەم پێگوت تا ئەو کاتەی لە دوورگەکەدان دەست و لاقیان ببەستێت.

لەم کاتەدا، جوعمەم دەگەڵ یاریدەدەری فەرماندەی کەشتیەکەدا بۆ لای بەلەمەکە ناردو پێمگوتن کە بەلەمەکە ببەستنەوەو سەوڵ و بایەوانەکانی لەگەڵ خۆیاندا بێنن. چۆنم گوتبوو وایان کرد. بە ڕێکەوت سێ زەلام بەدەم گەشتوگوزارەوە (خۆیان و بەختیان) لەوانی دی جیا بوو بوونەوە، کە گوێیان لە دەنگی تەقە دەبێ دەگەڕێنەوە، کە دەبینن کاپتنەکەیان، کە پێشتر ئەسیری ئەوان بوو و، ئێستا ئەسیرکەری ئەوانە، تەسلیم دەبن تا دەست و لاقیان ببەستنەوەو بەمجۆرە سەرکەوتنەکەمان بە تەواوەتی مسۆگەر بوو.

ئێستا تەنیا ئەمە مابوو کە کاپتن و من لە وەزع و واریقاتی یەکدی بپرسین. هەوەڵجار من دەستم پێکرد هەموو واریقات و سەربهووردی خۆم بۆ گێڕایەوە، زۆر بە وردی و تەنانەت بە

حیرەتـەوە گـوێی گـرت، بـە تایبـەتی ئـەو بەشـەی ، کـە پەیوەنـدی بـە چـۆنیەتی فەراهـەمکردنی خـۆراك و تەقەمەنیـەوە هـەبوو، بـەلاوە زۆر سـەیر بـوو و بـە ڕاسـتی چـیرۆکەکەی مـن پـڕ بـوو لـە دیاردەو بویەرێن سەیر، کە ئەمە زۆر کاری تێکرد. بەڵام پاشان کە بیری لە خۆی کردەوەو بینی چۆن من لێرە پەیدا بوو بووم، گیانی ئەوم رزگار کرد، روندك بە چاوانیا هاتە خواریٚ و ئیدی نەیتوانی قسان بکات.

کـە گفتوگۆکـەمان تـەواو بـوو، مـن کـاپتن و دوو هاوڕێکـەیم بـۆ ماڵەکـەی خـۆم بـرد، ڕێـك لـەو رێگایەوە کە لیٚ هاتبوومە دەرێ! واتـە لـە سـەرەوە، ئەوانم بردە ژوورەوەو لـەویٚ خواردنم دانیٚ و هەر هەموو ئەو شتانەم نیشاندان کە لە ماوەی ژیانم لەو شوێنەدا فەراهەمم کرد بوون.

هەموو شـتێکم پیشـان دان، هـەموو شـتێکم بۆ گێڕانـەوە، زۆریـان پـیٚ سـەیر بـوو، یـارۆی کـاپتن حەسارەکەمی زۆر بە دڵ بوو، پێی سەیر بوو چۆن توانی بووم پەناگاگەم بە حەسارێك لە دارو درەختان بشارمەوە کە پتر لە بیست ساڵێك بوو رواند بوومن، چونکە دارو درەختـان لێـرە لـە چاو ئینگلیسـتاندا زۆر زوو گەشـە دەکـەن، بێشـەیەکی چکۆلـەی چـڕو چـوغووردی ئـەوتۆ دروسـت بـوو بـوو کـە ڕێـی بـە ڕێبـوار نـەدەدا، هـیچ ڕێگایـەکی تیـا نـەبوو جگـە لـەو ڕێگـا پـێچ پێچـەی کـە بـۆ هاتوچۆی خۆم دروستم کردبوو. گـوتم ئێرە قـەڵای نشیمەنی منـە، بـەڵام وەکـو میـران، جێگەیـەکی دیکەشـم لـە هاوینـەوار هەیـە کـە هەنـدێجار بـۆ ئیسـراحەت بـۆ ئەوێنـدەر دەڕۆم و لـە کـاتێکی تـرا ئەوێشـی نیشـان دەدەم، لـیٚ هەنووکـە کارمـان ئـەوە بـوو کـە بـزانین چـۆن بتـوانین کەشـتیەکە بگرینەوە، ئەویش لەمبارەیەوە هاوڕای من بوو، لیٚ گوتی نازانیٚ چ بکات و چۆن دەست پێبکات، چـونکە هێشـتا بیسـت و شـەش نەفـەری دی لـە کەشـتیەکەدا بـوون، کـە چـونکە بەشـداری پیلانـە شوومەکە بوو بوون و قانون شکێنیان کردبوو، دیارە هەنووکە سەر سەخت تر بوو بوون و دەبوایـە هەر کە بگەینە ئینگلیستان یان هەر یەکێك لە کۆلۆنیەکانی ئینگلیستان هـەموویان بدەینـە دادگـاو لە سێدارە بدرێن، ئەمە جگە لەوەی زۆر زەحمەت بوو بەم ژمارە کەمەوە بتوانین هێرشیان بکەینـە سەرو بەرهەقیان بکەین.

مودەتێك بیرم لە قسەکانی کردەوە، پیـاو هـەق بڵـیٚ قسـەکانی لـۆژیکی بـوون، بۆیـە دەبوایـە بـە پەلـە بڕیارێـك بـدریٚ، بـۆ نموونـە نەفـەرەکانی خۆمـان، بـە هـەر فێڵێـك بـووە، لـە ناغـافڵا حەوشـەی کەشتیەکە کۆنترۆڵ بکەن، تا ئەو نەفەرانە نـەتوانن بگەنـە وشـکانی و پـەلامارمان بدەن و لـە ناومـان بەرن. ئەنجام ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە سـەر نشـینانی کەشتیەکە، کـە لـە چارەنووسـی هاوڕێیـانی خۆو سەرنشینانی بەلەمەکە بی ئاگان، بێگومان لە ماوەیەکی کەمدا خۆ دەگەیەننە کەنارەکە تـا بـە دوایاندا بگەڕێن و لەوەیـە لـەو کاتـەدا چەکدار بن و لـە ئێمـە بەهێز تر بن و، کابرای کاپتنیش ئـەم قسەیەی منی بە ماقوول زانی.

لە ئەنجام دا گوتم، پێویستە بەر لە هەر شتێك ئەو بەلەمە بشکێنین کە لە کەنارەکەیە، تـا ئـەوان نەتوانن بیبەن، دەبیٚ شـتەکانی نـاوی بەتاڵ بکـەین و وای لـە کـەڵك بخـەین کـە نەکەوێتـە سـەر ئاو. ئیدی چووین بـۆ لای بەلەمەکـە، چەکەکانی نـاوی و هـەموو شـتەکانی ترمـان لـیٚ دەرهێنـا، لەوانـە کەمێك شەراب، چەند کولێرەیەك، کارتۆنیٚ باروت و هەندیٚ شەکر کە لە پریاسکەیەك کرابوو و

سێ چوار کیلۆ دەبوو. هەموو ئەم شتانە بۆ من دەسکەوت بوون، بە تایبەتی شەکرەکەو ئەو شەرابەی کە دەمێ ساڵ نەم بوو.

کاتێ هەموو ئەم شتانەمان بۆ کەنارەکە برد (سەوڵ، بورج، بایەوان و، سوکانی کەشتیەکەشمان بردبوو) هەنگێ کونێکی گەورەمان کردە بنی بەلەمەکە، تا ئەگەر بە ژمارەیەکی زۆرەوە هاتن و پەلاماریان داین، نەتوانن بەلەمەکە دەگەڵ خۆدا بەرن.

ئەوەی راستی بێ زۆر دڵنیا نەبووم کە دەتوانین کەشتیەکە وەرگرینەوە، من بۆچوونم وابوو کە ئەگەر ئەوان بەبێ بەلەمەکە رۆییشتبان ئێمە دەمانتوانی دووبارە نۆژەنی بکەینەوەو پێی بڕۆین بۆ دورگەکانی لیوارد و لە رێگای خۆمانەوە بچینە تاقیبی دۆستە ئەسپانیاییەکانمان، چونکە من هێشتا هەر بیرم لای ئەوان بوو.

ئیدی بەمجۆرە کەوتینە جێبەجێ کردنی نەخشەو پلانەکەمان، یەکەم هەنگاومان ئەوە بوو کە بە زەحمەتێکی یەجگار زۆر بەلەمەکەمان بۆ کەنارەکە راکێشاو بردمانە بەرزاییەکی ئەوتۆ کە هەڵکشان و داکشانی ئاوەکە نەیدەتوانی بیجولێنێ، هەروەها کونەکەی ژێریشی ئەوەندە گەورە بوو کە زوو بە زوو پینە نەدەکرا، پاشان دانیشتین و خەریک بوو بیرمان لەوە دەکردەوە کە هەنگاوی دووەممان چ بێت، رێک لەو کاتەدا گوێمان لێبوو لە کەشتیەکەوە تۆپێک تەقێنرا و سەیرمان کرد ئاڵاکەی شەکاندەوە تا ئاماژە بە بەلەمەکە بدات کە بگەڕێتەوە، لێ بەلەمەکە لە جێی خۆی نەجولا، بەڵام ئەوان دووبارەو بە هەمان مەبەست تۆپێکی تریان تەقاند.

سەرەنجام کە دیتیان ئاماژەو تۆپەکانیان بێفایدەیەو بەلەمەکە ناجولێت، بە دووربینەکانمان تەمەشامان کردن و سەیرمان کرد بەلەمێکی تریان لە ئاوەکە کردو بەدەم سەوڵ لێدانەوە بەرەو کەنارەکە هاتن، وەختایەک نزیک بوونەوە، بۆمان دەرکەوت کە پتر لە دە کەس لە بەلەمەکەدان و چەکی گەرمیان پێیە.

چونکە کەشتیەکە لە دوو کیلۆمەتری کەنارەکەدا بوو، دەمانتوانی بە باشی بیان دینین، تەنانەت کەسەکان و سەرو روخساری کەسەکانیشمان بە روونی دەبینی. جا چونکە تەوژمی ئاوەکە کەمێک بەرەو رۆژهەڵاتی بەلەمی یەکەمی بردبوون، بە سەوڵ لێدان خۆیان بەرەو کەنارەکە هێناو گەیینە هەمان ئەو جێگایەی کە بەلەمی یەکەمی لێبوو.

بە کورتیەکەی، زۆر بە باشی دیتمانن و یارۆی کاپتن هەموو ئەوانەی سەر بەلەمەکەی دەناسی، گوتی سێ کەسیان خەڵکانی زۆر باشن، کە دڵنیا بوو بە تۆبزی کردبوویانن بە شەریکی ئەو پیلانەو لە ناچاری و بێدەسەڵاتی و لە ترسا بەگەڵیان کەوتبوون، دەنا شتاقیان پیاوی خیانەت نەبوون.

بەڵام کەشتیوان باشیەکەیان، کە لە ناویانا لە ئەفسەرێکی پایەبەرز دەچوو و باقی سەرنشینەکان هەموویان بەئەندازەی هەر یەکێك لە کرێکارەکانی دیکەی کەشتیەکە سەرکێش و دڕ بوون، و بێگومان لە مامۆریەتە تازەکەیانا زۆر سەختگیر بوون، کاپتنەکەی لەمەڕ خۆمان، زۆر نیگەران بوو کە ئەوان زۆر لە ئێمە بەهێز تر بن.

بزەیەکم بە روویا داو گوتم خەڵکی وەکو ئێمە نابێ هیچ ترسێکیان هەبێ، چونکە هەرچیەك بێ وەزعمان لەمە خراتر هەر نابێت، چ بمرین‌و چ بژین، بۆ ئێمە بە رزگار بوون حیسابە. لێم پرسی رای دەربارەی وەزع‌و رەوشی ژیانی من چیە، ئایا رزگار بوون لەم وەزع‌و رەوشە سەرکێشی‌و ڕیسکان نایەنێ؟ گوتم: "قوربان، خۆ تۆ باوەڕت وابوو کە حیکمەتی، بوونی، من لێرەدا، ئەو بووە کە تۆ رزگار بکەم‌و، پێم نالێی ئەو باوەڕەت کێوە چوو؟" گوتی: "من بەش بە حالی خۆم تەنیا نیگەرانی یەك شتم." گوتی: "ئەو شتە چیە؟" گوتم: "ئەوەیە وەکو تۆ دەڵێی سێ چوار کەسی باشیان تیایە کە پێویستە چاوپۆشی لە کوشتنیان بکرێت. خۆ ئەگەر هەموو کرێکارانی کەشتیەکە خراپ‌و شیر حەرام بوایەن، پێموایە خوا بە خۆی رێنمایی دەکردن کە خۆیان رادەستی تۆ بکەن، چونکە دڵنیان هەر کەسێکیان بگاتە کەنارەکە، دێتە بەر دەستی ئێمەو ژیان‌و مانیان بەندە بەمەی کە چۆن رەفتار دەگەڵ ئێمەدا بکەن."

چونکە ئەو قسانەم بە دەنگی بەرزو بە رواڵەتێکی شادەوە کرد، سەیرم کرد زۆر ورەی بەرز بووەوە، بۆیە بەهەموو توانایەکەوە دەست بەکار بووین.

جوعمەو یەکێك لەو سێ نەفەرەم کە رزگار بوو بوون راسپارد، کە ئەو دوو نەفەرەی کە کاپتن زۆر لێیان دڵنیا نەبوو، بۆ غارەکەم بەرن تا لەو ناوە دووربن‌و نە کەس گوێی لە دەنگیان بێ‌و نە کەس بیاندینێ‌و، ئەگەر هەڵاتنیش لە بێشەکەدا ڕێ دەرنەکەن. ئەو دوو نەفەرەیان بە دەست‌و لاق بەستراوی لە غارەکە دانا، بەڵام خواردنیان دابوونێ‌و بەڵێنیان دابوونێ کە ئەگەر بێدەنگ بن لە ماوەی یەك دوو رۆژا ئازادیان بکەن، بەڵام ئەگەر هەوڵی هەڵاتن بدەن، بێ کەمترین رەحم‌و بەزەییەك دەیانکوژن. ئیدی ئەو دوو نەفەرە راستگۆیانە بەڵێنیان دا کە تەحەمولی حەپس بکەن‌و زۆر مەمنوون بوون کە خۆشرەفتاریان دەگەڵ کراوەو خواردن‌و روناکیان خراوەتە بەردەست، چونکە جوعمە لەو مۆمانەی کە خۆمان دروستمان کردبوون، هەندێکی دابوونێ تا بڕێك بۆ خۆ ئاسوودە بن، دیارە نەیاندەزانی کە جوعمە لەبەر دەرکەی هاتنە ژوورەوەدا ئێشك دەگرێت.

هەڵبەتە رەفتاری باشتر دەگەڵ زاندانیەکانی تردا دەکرا، بۆیە دەست‌و لاقی دوو نەفەریان بەسترا بووەوە چونکە یارۆی کاپتن متمانەی پێیان نەبوو، بەڵام دوو نەفەری دی لەسەر داوای کاپتن خرانە خزمەتی من‌و سوێندیان خوارد کە ژیان‌و مردنیان دەگەڵ ئێمەدا بێ. ئیدی بەوان‌و سێ پیاوی باشەوە ژمارەمان بوو بە حەوت نەفەر کە هەموو تەیارو چەکدار بووین‌و دڵنیا بووم کە دەرەقەتی ئەو دە نەفەرە دەهاتین کە خەریك بوون بەرەو کەنار دەهاتن، چونکە کاپتن گوتبووی لە نێو ئەوانیشدا سێ چوار نەفەری باش‌و دروستکار هەن.

هەرکە گەیینە ئەو شوێنەی کە بەلەمەکەی تری لێبوو، لە بەلەمەکەی خۆیان دابەزین‌و هەموو هاتنە سەر وشکانیەکەو بەلەمەکەیان بە دووی خۆدا ڕاکێشا، کە بە دیتنی ئەم دیمەنە خۆشحاڵ بووم، چونکە دەترسام بەلەمەکەیان لە دووری کەنارەکە راگرن‌و لەنگەر بگرن‌و چەند ئێشکگرێکی بە دیارەوە دابنەن‌و لەو حاڵەدا نەماندەتوانی دەستی بەسەرا بگرین.

کاتێ هاتنە کەنارەکە، یەکەمین کاریان ئەوە بوو کە هەموو بەرەو بەلەمەکە رایانکرد. کە دیتیان هەرچیەکی تیا بوو بەتاڵ کراوەو کونێکی گەورە بووەتە ژێرەکەی، بە ئاشکرا حەپەسان.

پاش ئەوەی ماوەیەك دەبیرەوە چوون، دوو سێ جار بە هەموو هێزو توانایەکیانەوە هاواریان کرد تا بزانن هاوقیتارەکانیان گوێیان لە دەنگیان دەبێت یان نا، بەڵام ئەم کارەیان بێهودە بوو، هەموو لە دەوری یەك خڕبوونەوەو بە چەکە سووکەکانیان یەك دوو ریزیان کرد کە ئێمە گوێمان لە دەنگی بوو و دەنگی تەقەکانیان لە بێشەکەدا دەنگی دایەوە، بەڵام هەر ئەوەندە بوو و تەواو، دڵنیا بووین کە ئەوانەی لە غارەکەدا بوون، گوێیان لە دەنگی تەقەکان نەبوو، ئەوانەش کە لە ژێر چاودێری ئێمەدا بوون، هەرچەندە بە باشی دەنگەکانیان ژنەوت، لیٚ زاتیان نەکرد کە وەڵامیان بدەنەوە.

ئەوانەی کە هاتبوون، وەکو پاشان بۆیان گێڕاینەوە، بە جۆریٚ سەریان لەم وەزعە سوڕما بوو و حەپەسابوون، بڕیاریان دابوو دووبارە سواری بەلەمەکەیان ببنەوە بۆ لای کەشتیەکە بگەڕێنەوەو خەبەر بەباقی هاوڕێکانیان بدەن کە هاوڕێکانیان هەموو لەویٚ کوژراون و بەلەمە گەورەکەیان کون بووەو لە ئەنجاما، بەلەمەکەیان خستە ئاوەکەوەو هەموو سواری بوون.

کاپتن سەری لەم دیمەنە سوڕمابوو، هایم و حەیران وای خەیاڵ دەکرد کە ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ لای کەشتیەکەو وێڕای ئەوەی هاوڕێکانیان لە دەستداوە، بایەوانەکان، هەڵدەکەن و دەڕۆن. ئیدی پێی وابوو کە ئەگەر کار وا بڕوات کەشتیەکەی لە دەست دەدات، لە کاتێکا بە تەما بوو بتوانین کەشتیەکە بە دەست بێنینەوە، بەڵام لە پڕ مەوزوعێکی دی هاتە پێشیٚ و هێندەی دی ترسی لێنیشت .

هێشتا ماوەیەکی کەم بوو کە سواری بەلەمەکە بوو بوون، دیقەتم دا هەموو بەرەو کەنارەکە گەڕانەوە، بەڵام ئەمجارە نەخشەیەکی تازەیان پێبوو، کە پێدەچوو راوێژیان لەسەر کردبێت خەیاڵیان وابوو سیٚ پیاو لەلای بەلەمەکە دابنەن و ئەوانی دی بۆ کەنارەکە بێن تا لە هاوڕێکانیان بگەڕێن.

بە ڕاستی ئەم کارە تەواو نا ئومێدی کردین، چونکە تیا مابووین و نەماندەزانی چی بکەین. چونکە ئەگەر بەلەمەکەمان لە دەست دەرچووبا، گرتنی ئەو حەوت کەسەی کە بەرەو کەنارەکە هاتبوون هیچ دەردێکی ئێمەی دەوا نەدەکرد. چونکە لەو حاڵەدا بەلەمەکە بۆ لای کەشتیەکە دەگەڕایەوەو هەنگیٚ ئەوانی دی بێگومان بایەوانەکەیان هەڵدەکردو دەڕۆییشتن و نەخشەی دەست بەسەرا گرتنی کەشتیەکە پووچەڵ دەبووەوەو ریسەکەمان لیٚ دەبووەوە بە خوری.

بە هەرحاڵ، هیچ چارەیەکمان نەبوو جگە لەوەی سەبر بکەین و بزانین چ دەبیٚ، حەوت کەسەکە هاتنە کەنارەکە و ئەو سیٚ کەسەی کە لە ناو بەلەمەکە مابوونەوە، بەلەمەکەیان لە دووری کەنارەکە ڕاگرت و لەنگەریان خست تا چاوەڕوانی ئەوانی دی بکەن، بۆیە مەحاڵ بوو ئێمە بیانگەینیٚ.

ئەوانەی هاتنە کەنارەکە، بە تەنیشت یەکەوە ڕێیان دەکردو چوونە سەر گردێك کە ماڵەکەی من لە خواریەوە بوو و، دەمانتوانی بە روونی بیاندینین، بەڵام ئەوان ئێمەیان نەدەبینی. خوا خوامان بوو لێمان نزیکتر ببنەوە، چونکە لەو حاڵەدا دەمانتوانی تەقەیان لێبکەین، یان دوورتر دەکەوتنەوە و دەمانتوانی لەپەناگاکەی خۆمان بێینە دەرەوە.

لـێ کـاتێ گەیینـە سـەر گردەکـە، دەیـانتوانی تـا مەودایـەکی زۆر دۆڵ و جەنگەڵـەکانی سـەمتی باکووری رۆژهـەڵاتی دوڕگەکـە بـدینن، چـونکە لـەو قوڵـەوە دوڕگەکـە نشـێوتر دەبـووەوە. لـەوێ تـا هـیلاك بـوون بانگیـان کـرد. وا دیـار بـوو خـەیاڵیان نـەبێ لـە کەنارەکـە یـان لـە یەکـدی دوورتـر بکەونەوە. لە بن درەختێکا دانیشتن تا بیربکەنەوە. خۆ ئەگەر بە ئەقڵیاندا هاتبا وەکو گرووپەکەی پێشوو بنوون، زۆر بە قازانجی ئێمە دەبوو. بەڵام لەوە نیگەرانتر بوون، ئەو سەرکێشیە بکەن و بخەون، هەرچەندە ئاگایان لەو مەترسیەش نەبوو کە هەڕەشەی لێدەکردن.

کاپتن کە بینی بۆ راوێژو تەگبیر دانیشتوون، پێشنیازێکی فرە بەجێی بۆ من کـردو گـوتی لەگینـە، هـەر هـەموویان ریزێك فیشـەکی دی بتـەقێنن تـا هاوڕێکانیـان دەنگیـان بژنـەون، هەقـە لـەو کاتەدا کە تفەنگەکانیان خاڵی دەبێت هێرشیان بۆ بەرین، بێگومـان لـەم حاڵـەدا بـەبێ تەقە تەسلیم دەبن و دەتوانین بەبێ خوێن رشتن دەستگیریان بکەین. پێشنیازەکەم قەبووڵ کرد، بەو مەرجەی ئەوەنـدە لێیـان نزیـك ببینـەوە کـە پـێش ئـەوەی فریـا بکـەون دووبـارە تفەنگـەکانیان پـڕ بکەنـەوە، خۆمانیان بگەیینێ.

لـێ ئەم پێشبینیە نەهاتـە دی، مـودەتێیکی زۆر چاوەڕوانمان کردو تیامابووین کـە چیبکەین. ئەنجام بە جماعەتەکەی خۆمانم گوت بە ئەقڵم تا شـەوێ هـیچ کارێك ناکرێت، ئەو کاتـە ئەگـەر بـە بەلەمەکـە نەگەڕانـەوە لەوەیـە بتـوانین رێگەیـەك بدۆزینـەوەو خۆمـان بکـەین بـە نێـوان ئـەوان و کەنارەکەداو لەگینە بتوانین فێڵێك بدۆزینەوە کە ئەوانەی ناو بەلەمەکە بۆ لای خۆمان رابکێشین.

مـودەتێکی زۆر چاوەڕوانمان کـرد، هەرچـەندە زۆر حـەزمان دەکـرد کـە ئەوانـە لـە ڕێـی خۆمـان لاببەین و کاتێ بینیمان دوای راوێژو تەگبیرێکی زۆر هەموو لە جێی خۆ هەستان و بەرەو دەریاکـە کەوتنە رێ زۆر نیگەران بووین. لەوە دەچوو زۆر لـەم شـوێنە بترسـن، و قـەراریان دابـێ دووبـارە بـۆ لای کەشتیەکەیان بگەڕێنەوەو دەستیان لە دۆزینـەوەی هاوڕێکانیـان هـەڵگرتبێ و چیتر چاوەڕوان نەکەن و درێژە بە سەفەرەکەیان بدەن.

هەرکە دیتم خەریکن بەرەو کەنارەکە دەڕۆن، زانیم مەزەندەکەم دروست دەرچوو، وازیان لە گەڕان هێناوەو خەریکن دەگەڕێنەوە، کە ئەو لێکدانەوەو بۆچوونەی خۆم بە کاپتن گوت خەریك بوو لە ناڕەحەتیدا شێت ببێت، لێ دەمو دەست بیرم لە فێڵێکی دی کردەوە کە بیانگێڕێتەوەو فێڵەکە زۆر کارساز دەرچوو.

جوعمەو یاریدەدەرکەی کاپتنم راسپارد کە بڕۆن بۆ روبارە چکۆلەکەی رۆژاوا، یـانی بـۆ هـەمان ئـەو شـوێنەی کـە جوعمـەم تیـا لـە دەسـت هۆڤیـەکان رزگـار کردبـوو. هەرکـە گەیینـە سـووکە هەورازەکەی نیـو میلـی ئـەوێ، تـا هێـز لـە گەروویاندایـە بـە دەنگـی بـەرز هـاوار بکـەن و چاوەڕوان بکـەن تـا دڵنیـا بـبن دەریاوانـەکان گوێیـان لـە دەنگیـان بـووەو هەرکـە گوێیـان لـە دەنگـی بەرسـڤی دەریاوانەکان بوو، جوابیان بدەنەوەو هەنگێ خۆیان لە چاوی ئەوان بشارنەوەو پێچێك بدەنەوە. لە هەمان کاتدا هەرکاتێ ئەوانی دی بانگیان کرد، بەرسڤیان بدەنەوە، تا بتوانن بـە گـوێرەی توانـا لـە کەنارەکـەیان دوور بخەنـەوەو بـەرەو قـووڵایی جەنگەڵەکـەیان بکـێش بکـەن و ئەوسـا بـە هـەمان رێگەدا کە پێمگوتبوون بۆ لای من بگەڕێنەوە.

ئەوان خەریك بوون سواری بەلەمەکەیان دەبوون کە جوعمەو یاریدەدەرەکەی کاپتن بانگیان لێکردن، ئەوان گوێیان لە دەنگیان بوو، بەدەم وەڵامدانەوەوە، شان بە شانی کەنارەکە کە رووەو رۆژاوا بەرەو سەمتی ئەو دەنگە دەچوون کە گوێیان لێ بوو بوو، لە پڕ خۆیان لە هەنبەر روبارەکەدا بینییەوە کە ئاوەکەی هەستا بوو و نەیاندەتوانی لێی بپەڕنەوە. بۆیە بانگیان کرد کە بەلەمەکە بێت تا بیانگەیەنێتە ئەوبەری روبارەکە، یانی هەمان کار بکەن کە من چاوەڕوانی بووم.

کاتێ خۆیان گەیاندە ئەوبەر، سەیرم کرد کە بەلەمەکە، تەواوێك لە ئاوی رووبارەکە پێشڕەوی کردووە. کاتێ گەیینە لەنگەرگایەکی کەنارەکە، یەکێك لە سێ پیاوەکەی ناو بەلەمەکەیان داگرت و دەگەڵ خۆیانا بردیان، تەنیا دوو نەفەر لە بەلەمەکەدا مانەوە، کە بەلەمەکەیان بە قەد دارێکی چکۆلەی کەنارەکەوە بەستەوە.

ئەمە ڕێك ئەو شتە بوو کە من بۆی دەگەڕام، جوعمەو کاپتنم بەجێ هێشت کاری خۆ بکەن و ئەوانی ترم لەگەڵ خۆما بردو بێئەوەی ئەوان بمان بینن، لە رووبارەکە پەڕینەوەو دوو پیاوەکەی ناو بەلەمەکەمان غافڵگیر کرد. یەکێکیان لە کەنارەکەدا پاڵ کەوتبوو و ئەویتریان لە ناو بەلەمەکەدا بوو. ئەوەیان کە لە کەنارەکەدا بوو، لە نێوان خەوو بێداریدا بوو و دەیویست هەستێت. کاپتن کە لە پێشی پێشەوە بوو، بەرەو لای ئەو ڕایکردو دای بە ئەرزداو، ئەوسا بەوەی ناو بەلەمەکەی گوت تەسلیم بێت دەنا دەکوژرێ.

هەڵبەتە کابرا کە بە تاقی تەنیا خۆی لە گەمارۆی پێنج کەسدا بینییەوەو هاوڕێکەشی لە عاردی کەوتبوو، کارێکی ئاسایی بوو کە تەسلیم ببێت، بە تایبەتی کە گوایە یەکێك بوو لەو سێ نەفەرەی کە وەکو ئەوانی دی هەواداری یاخیەکان نەبوو، ئەوە بوو لە ئەنجاما نەك هەر بە ئاسانی ڕادەستی ئێمە بوو، بەڵکو پاشان بوو بە یەکێك لە یارانی ڕاست و ڕاستگۆی ئێمە.

لەم ماوەیەدا جوعمەو یاریدەدەرەکەی کاپتن، گەمەکەی خۆیان دەگەڵ ئەوانی دیدا سەرکەوتوانە ئەنجام داو بەدەم بانگ کردن و وەڵامدانەوەوە، لە گردێکەوە بۆ گردێکی دیکەو لە جەنگەڵێکەوە بۆ جەنگەڵێکی تر، بە دووی خۆیاندا بکێشیان کردن، تا ئەوە بوو نەك هەر فرە ماندوویان کردن، بەڵکو بۆ شوێنێکیان بردن کە مەحاڵ بوو بەر لە تاریك بوونی دنیا بتوانن بگەنەوە بەلەمەکەیان، هەڵبەتە خۆشیان کاتێ کە گەڕانەوە لای ئێمە، بە ڕاستی شەکەت و ماندوو بوون.

جا ئێستا هیچ کارێکمان نەبوو جگە لەوەی کە لە تاریکیەکەدا تاقیبیان بکەین و بدەین بە سەریانداو ئەو بەڵایەیان بەسەر بێنین کە خۆمان دەمانەوێ.

هەمووی چەند سەعاتێك بوو جوعمە گەڕابووەوە لای من، کە ئەوان چوون بەلای بەلەمەکەیانەوە، بەر لە هاتنی ئەوانی دی گوێمان لە دەنگی کەسێك بوو کە لە پێش ئەوانی ترەوە بوو و خەریك بوو بانگی ئەوانەی دواوەی دەکرد، گوێمان لە دەنگی وەڵامدانەوەی ئەوانیش بوو کە گلەیی ئەوەیان دەکرد زۆر شەکەت و ماندوون و ناتوانن لەوەی خێراتر رێبکەن، کە ئەمە بۆ ئێمە مژدەیەکی زۆر خۆش بوو.

ئـەنجام گەیینـە بەلەمەکـە، بـەڵام مەگـەر هـەر خـوا بزانـێ کـە وەخـتێ دیتیـان بەلەمەکـە لـە روبارەکەدا نیشتووەتە سەر گڵ و ئاوەکە نیشتووەتەوەو دوو نەفەرەکەیان لە هیچ شوێنێکەوە دیار نین، چەند سەریان سوڕما. گوێمان لێبوو کە چۆن بە داخ و کەسەرەوە جوێنیان بە یەکدی دەداو دەیانگوت بە خوت و خۆڕایی لە دوڕگەیەکی ئەفسووناوی لایان داوە، یان خەڵکانێک ئاکنجی ئەم دوڕگەیەن کە هەموویان دەکوژن، یان ئەم دوڕگەیە پڕە لە جنۆکەو ئەهریمەن و روحان و هەموویان دەخۆن.

دووبارە کەوتنەوە بانگ کردن، چەندین جار بە ناوبانگی دوو هاوڕێکەیان کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکیان دەست نەکەوت.

پاش ماوەیەك، لەبەر ئەو روناکیە کەمەدا کە هەبوو، دیتمن کە بەملاو بەولادا غاریان دەداو وەکو خەڵکێکی نا ئومێدو ئومێدبڕاو دەستیان هەڵدەگلۆفت و هەندێجار لە بەلەمەکەدا دادەنیشتن تا ماندوویەتی دەربکەن و پاشان دووبارە بەرەو کەنارەکە دەهاتنەوەو بە هەمان شێوە دەگەڕان و هەمان کاریان دووبارە دەکردەوە.

نەفەرەکانی من زۆریان حەزدەکرد کە رێگەیان بدەم و بڕۆن تا لە تاریکیەکەدا بدەن بە سەریانا، بەڵام من حەزم دەکرد بە جۆرێ بیانگرم کە فایدەیەکی هەبێ، یانی زۆربەیان بە زندوویەتی بگرم و هێندەی دەکرێت ژمارەیەکی کەمتریان لێبکوژم، بە تایبەتی نەمدەویست نەفەرەکانی خۆم بخەمە تالوکەوەو بکوژرێن، چونکە دەمزانی ئەو گروپە تەواو چەکدارن. بۆیە ناچار لێبڕام چاوەڕوان بکەم و بزانم کە ئایا ئەوانە لێکدی جیا نابنەوە، لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی دڵنیا ببم، بەرنامەی کەمینەکەم پێشخست و بە جوعمەو کاپتنم گوت هێندەی دەکرێت بە سینگەخشکێ تەواو نزیك ببنەوە، بەڵام نەبینرێن، کە تەواو لەوان نزیك بوونەوە، هەنگێ بەر فیشەکیان بدەن.

هێشتا زۆر نەڕۆیی بوون، کە کابرای سەر دەریاوان کە رابەری سەرەکی ئاژاوەکە بوو و، هەنووکە لە هەر هەموویان خەمبارترو بێورەتر دەهاتە بەرچاو، دەگەڵ دوو کەسی دیدا هێدی هێدی بەرەو ئەوان ڕۆیی. کاپتن هێندە تامەزرۆ بوو کە ئەم سەرکردە شەڕانیە بە دەستی خۆی بگرێت ، زۆر بە زەحمەت دەیتوانی چاوەڕوان بکات تا بە تەواوەتی بێتە بەر دەستی، چونکە پێشتر تەنیا گوێی لە دەنگی بوو بوو، بەڵام وەختێ ئەوان نزیکتر بوونەوە، کاپتن و جوعمە هەستان و بەر فیشەکیان دان.

سەر دەریاوان هەر لە جێوە کوژرا. نەفەری دووەم زامدار بوو و رێك لە تەنیشت ئەوەوە کەوتە سەر عاردی، دوای یەك دوو سەعات ئەویش مرد، سێیەمیان هەڵات .

من هەر گە گوێم لە تەقە بوو، بە تێکڕای لەشکرە هەشت نەفەریەکەمەوە پێشڕەویم کرد، یانی خۆم وەکو فەرماندار، جوعمە وەکو سەر لەشکر، کاپتن و دوو کەس لە نەفەرەکانی و ئەو سێ دیلەی کە متمانەمان پێکردبوون و چەکمان دابوونێ.

ئێمە لە هەڕەمەی تاریکیدا دامان بە سەریاندا، چونکە دنیا زۆر تاریك بوو، نەیدەزانی چەند نەفەرین، من ئەو کابرایەم، کە لە بەلەمەکەدا دایان نابوو و هەنوکە بوو بوو بە یەکێك لە ئێمە،

وادار کرد کە بە ناوبانگیان بکاتو بزانێت ئاخۆ دەتوانین بیان هێنینە قسانو لەو ڕێگەیەوە بیان هێنینە ڕەدا کە تەسلیم ببن، هەڵبەتە کارەکە بە دڵی ئێمە چووە پێشێ. چونکە لە وەزعو حاڵێکا بوون تەسەور دەکرا، خوا خوایان بێ زوو تەسلیم ببن. بۆیە بەدەنگی بەرز یەکێکیانی گاز کرد: "تۆم سمیت! ئەهای تۆم سمیت!" تۆم سمیت یەکسەر بەرسڤی دایەوە: "کێیە؟ ڕۆبینسۆن تۆی؟" لەوە دەچوو دەنگی ناسیبێتەوە، وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەڵێ، تۆم سمیت، بیکە بەخاتری خوا چەکەکەت دابنێو تەسلیم بە، دەنا هەر ئێستا هەمووتان دەکوژرێن."

تۆم سمیت پرسی: "باشە ئەگەر تەسلیم ببین، هیچ زامنێك هەیە؟ ئامانمان دەدەن؟" ڕۆبینسۆن گوتی: "ئەگەر بەڵێنی تەسلیم بوون بدەیت، دەڕۆم پرست بۆ دەکەم." ئیدی لە کاپتنی پرسیو کاپتن بە خۆی گوتی: "سمیت تۆ خۆت دەنگی من دەناسییەوە. ئەگەر چەکەکەت دابنەیتو تەسلیم ببی، کەس پەنجەت بۆ نابات، ژیانی خۆت دەکڕیتەوە، نەك هەر تۆ، بەڵکو هەمووتان، جگە لە ویل ئاتکینز."

ویل ئاتکینز کە گوێی لەو قسەیە بوو هاواری کرد: "کاپتن بیکە بە خاتری خوا ئامانم بدە، مەگەر من چیم کردووە؟ خۆ هەر بە قەد ئەمانە خراپەم کردووە." — کە هەڵبەتە ڕاستی نەدەکرد، چونکە وەکو دیار بوو ویل ئاتکینز یەکەمین کەس بوو پاش ئەوەی کودەتاکەیان کردبوو، کاپتنی گرتبوو و ڕەفتاری هۆڤیانەی دەگەڵ کردبوو، دەستی بەستبوونو جنێوی پێ دابوو. بە هەرحاڵ کاپتن پێی گوت کە پێویستە ئاقڵ بێتو چەکەکەی دابنێتو خۆی تەسلیم بە فەرماندار، کە مەبەستی من بوو، تەسلیم بکات، چونکە بە فەرماندار منیان ناو دەبرد.

بە کورتیەکەی هەر هەموو چەکەکانیان داناو لە پێناوی ڕزگاری گیانی خۆیاندا کەوتنە پاڕانەوەو، من ئەو زەلامەم، کە قسەی دەگەڵ کرد بوون، دەگەڵ دوو نەفەری دیکەدا نارد کە دەستی هەموویان ببەستنو، پاشان بۆ نموونە لەشکرە گەورە پەنجا نەفەریەکەی من، کە لە ڕاستیا بەو سێ نەفەرەوە هەشت کەس بووین، هاتینو هەموو ئەوانو هەرچیەك لە بەلەمەکەیاندا بوو،گرتمانو تەنیا منو یەك نەفەری دی، لەبەر بەرژەوەندی خۆمان، دەرنەکەوتین.

کاری دواترمان بریتی بوو لە چاککردنەوەی بەلەمەکەو بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن کەشتیەکە وەربگرینەوەو کاپتن هەنووکە دەیتوانی بە ئارەزووی دڵی خۆی قسەیان دەگەڵ بکات، گلەیی ئەوەیان لێبکات کە بۆ ئەو نامەردیەیان دەگەڵ کردبوو، بە دوورو درێژی دەربارەی نەخشە ئەهریمەنیەکەیان قسەی دەگەڵ کردنو دووپاتی کردەوە کە چۆن لە ئەنجاما لە قوڕی ڕەشیان دەنێتو بە ئیعدام کردنیان دەدات.

هەر هەموویان پەشیمان دیار بوونو لە پێناوی ڕزگاری گیانی خۆدا دەپاڕانەوە ئەمما پاڕانەوە. کاپتن لەمبارەیەوە پێی گوتن کە هیچ یەکێکیان دیلو یەخسیری ئەو نین، بەڵکو دیلی فەرمانداری دوڕگەکەنو، گوتی بە خەیاڵی خۆیان کاپتنیان لە دوڕگەیەکی چۆڵو هۆڵدا بەرەڵلا کردووە، غافڵ بوون لەوەی کە ئەمە خواستی خواوەند بووە کە ئەوان بۆ ئەم دوڕگە ئاوەدانە بنێرێت، کە فەرماندارەکەی پیاوێکی ئینگلیزەو ئەگەر بیەوێ دەتوانێ هەر هەموویان لە دار بدات، بەڵام چونکە پەنای هەموویانی دابوو، پێی وایە فەرماندار بۆ ئینگلیستانیان دەنێرێ تا

لەوێندەر دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن، هەڵبەتە جگە لە ئاتکینز کە فەرماندار بە کاپتنی گوتبوو با بۆ مردن خۆی حارز بکات، چونکە سبەی بەیانی لە سێدارە دەدرێت.

هەرچەندە کاپتن ئەم قسەیەی لە گیرفانی خۆیەوە دەرێنا بوو، بەڵام دەورێکی باشی بینی. ئاتکینز کەوتە سەر چۆکان و لە کاپتن پاڕایەوە کەلای فەرماندار پاکانەی بۆ بکات و ئەوانی دیکەش هەموو لە کاپتن پاڕانەوە کە بۆ ئینگلیستانیان نە نێرێت.

## دەست بەسەر کەشتیەکەدا دەگرین

ئێستا قەناعەتم کردبوو کە کاتی رزگاری هاتووەو هاندانی نەفەرەکانم بۆ دەست بەسەرا گرتنی کەشتیەکە کارێکی زۆر ئاسان دەبێت. ئەنجام بەو تاریکیە بەجێم هێشتن تا نەبینن تووشیان بووە بە تووشی چ فەرماندارێکەوەو کاپتنم گازکرد بۆ لای خۆم. کاتێ ئەوم لە دوورەوە گازکرد، یەکێك لە نەفەرەکان، بە گوێرەی سیناریۆکەی خۆمان، بە کاپتنی گوت: "کاپتن، فەرماندار کاری بە تۆ هەیە." کاپتن یەکسەر وەڵامی دایەوە: "بە جەنابی بڵێ وا دێمە خزمەتی." ئەم سیناریۆیە بە تەواوەتی فریوی دابوون و هەموو باوەڕیان کردبوو کە فەرماندار بە خۆیو سوپایەکی پەنجا نەفەرییەوە لەو نزیکانە دایە.

کاتێ کە کاپتن هات، نەخشەو چۆنیەتی و وەرگرتنەوەی کەشتیکەم دەگەڵیا باسکرد، زۆری بەدڵ بوو، بڕیاری دا سبەی بەیانی جێبەجێی بکات.

بەڵام بۆ ئەوەی بە وردیو بە سەلامەتیو بەسەرکەوتووی نەخشەکە ئەنجام بدات، پێمگوت پێویستە دیلەکان دابەش بکەین، پێویستە بڕوات ئاتکینزو دووانی تر لە شەڕانیترین هاوڕێکانی بێنێو، بە دەستی بە ستراوەوە بۆ غارەکەیان بەرێ بۆ لای ئەوانی تر. ئەم کارەم بە جوعمەو ئەو دوو پیاوە سپارد کە دەگەڵ کاپتندا هاتبوونە کەنارەکە.

ئەوان، سێ نەفەرەکەیان، بۆ غارەکە، کە لە حوکمی زنداندا بوو، بردو، بە ڕاستی غارەکە شوێنێکی ناخۆش بوو، بە تایبەتی بۆ خەڵکانی وەکو ئەوان.

ئەوانی دیم بۆ کەپرەکەم نارد، ئەو کەپرەی کە پێشتر بە دوورو درێژی باسم کردووە، چونکە ئەوێ شوێنێکی تەنگ بوو و زندانیەکانیش دەستیان بەسترا بوو، بە شوێنێکی ئەمین دەژمێردرا، بە تایبەتی کە ئەسیرانی فەقیرو ملکەچو گوێڕایەڵ بوون.

بەیانی کاپتنم بۆ لای ئەوانە نارد تا گفتوگۆیان دەگەڵدا بکاتو جوابم لێبگێڕێتەوە کە ئایا دەشێت باوەڕیان پێبکرێت کە خۆیان بگەیەننە کەشتیەکەو، سەرنشینانی کەشتیەکە غافڵگیر بکەن. کاپتن دەربارەی ئەو جەزرەبەیەی کە لەویان دابوو و دەربارەی ئەو وەزعەی کە ئەوان گیرۆدەی بوو بوون، قسەی دەگەڵ کردبوونو گوتبووی هەرچەندە فەرماندار چاوپۆشی لە کوشتنیان کردووە، بەڵام حاڵی حازر ئەگەر بۆ ئینگلیستان بەرێ بکرێن بێگومان بە کۆتو زنجیرەوە لە سێدارە دەدرێن، بەڵام ئەگەر هاوکاری ئەو بکەنو کەشتیەکەی بۆ وەربگرنەوە، ئەوا قسە دەگەڵ فەرماندارا دەکاتو شەفاعەتیان بۆ دەکات کە بیانبەخشێت.

هەڵبەتە، ئاساییە لەو وەزعو حاڵەدا، ئەو پێشنیازەیان لە خوا بویو بە ئاسانی قەبوڵی بکەن، هەموو خۆیان هاویشتە سەر پێی کاپتنو بەدەم پاڕانەوەوە بەڵێنیان دا کە تا دوا دڵۆپی خوێن وەفاداری ئەو بنو گوتیان بە روح خۆیان بە قەرزارباری ئەو دەزاننو بۆ هەر کوێیەك بڕوات لەگەڵیا دەبنو بە بابی خۆی دەزانن.

کاپتن گوتی: "کەواتە زۆر باشە. من دەبێ بڕۆم و ئەم قسانەتان بۆ فەرماندار بگێڕمەوەو بزانم دەتوانم رازی بکەم یان نا." بەمجۆرە رەوشی دەروونی وانی بۆ باسکردم و گوتی دڵنیایە وەفادار دەبن.

بەڵام هەر بۆ کار قایمی زیاتر بەکاپتنم گوت بڕوات پێنج نەفەریان لێ هەڵبژێرێت و بڵێت وەکو خۆیان دەبینن، ئەو پێویستی بە هێز نیەو لە هێزی کەم نیە، بەڵام ئەوانی وەکو یاریدەدەری خۆی دەوێ و فەرماندار دوو نەفەری دی لەوان، دەگەڵ ئەو سێ نەفەرەی ترا کە لە قەڵاکەدا (یانی هەمان غارەکەی من) زندانین، بە بارمتە رادەگرێت و ئەگەر ئەو پێنج نەفەرە هەر سەر پێچییەك بکەن و پابەندی بەڵێنەکەی خۆ نەبن، هەر پێنج بارمتەکە لە کەنار دەریاکەدا لە سێدارە دەدات.

ئەم بڕیارە توندە، قەناعەتی لا دروستکردن کە فەرماندار کەسێکی جدیە. هەڵبەتە ئەوانە هیچ چارەیەکی تریان نەبوو و ئێستا وەکو چۆن ئەرکی کاپتن بوو، بەو ئاوایە ئەرکی زندانیەکانیش بوو کە پێنج نەفەرەکە هان بدەن دڵسۆز بن و هیچ سەر پێچیەك نەکەن .

ئێستا، هێزەکانمان بەم شێوەیە بۆ ئەنجامدانی نەخشەکە سازکرد بوو: ١- کاپتن، یاریدەدەرەکەی و موسافیرێك، ٢- دوو زندانی گروپی یەکەم، کە بە قسەی کاپتن ئازادم کردبوون و چەکم دابوونێ، ٣- دوو نەفەری دی کە تا ئێستا بەدەست بەستراوی لە کەپرەکەدا بوون، بەڵام لەسەر داوای کاپتن ئێستا ئازاد کرابوون، ٤- ئەو پێنج نەفەرەی کە لەم دواییەدا ئازاد بوو بوون، بەمجۆرە تێکڕایان دەیانکردە دوازدە نەفەر، هەڵبەتە جگە لەو پێنج نەفەرەی کە لە غارەکەدا دەست بەسەرمان کردبوون، و لەگەڵ دوو بارمتەکەدا.

لە کاپتنم پرسی کە ئایا دەیەوێ لەگەڵ ئەمانەدا بڕوات کەشتیەکە وەربگرێتەوە، چونکە بە باشم نەدەزانی کە من و جوعمە بڕۆین، چونکە حەوت نەفەر مابوونەوەو دەبوایە بە جیا رابگیرێن و سەرپەرشتی بکرێن و نان و خواردنیان بدرێتێ کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی یەجگار زۆرو زەحمەت بوو.

سەبارەت بەو پێنج نەفەرەی کە لە غارەکەدا بوون، لێبڕام هەر لە حەپسا بیان هێڵمەوە، لێ جوعمە رۆژی دووجار سەری دەدان تا شتی پێویستیان بخاتە بەردەست، دوو نەفەرەکەی ترم راسپارد کە ئازووقە بۆ شوێنێکی تایبەتی بەرن تا جوعمە لەوێ لێیان وەربگرێت.

کاتێ خۆم بە دوو بارمتەکە نیشان دا دەگەڵ کاپتندا بووم کە پێی گوتن، من فەرماندار بۆ چاودێری ئەوانی داناوم و فەرماندار گوتوویەتی بەبێ ئیزنی من ئەوان هەقی هیچ جم و جۆڵێکیان نیەو ئەگەر سەر پێچی بکەن دەنێردرێن بۆ قەڵاو لەوێندەر کۆت و زنجیر دەکرێن. بەو جۆرە هەرگیز خەیاڵیان بۆ ئەوە نەچوو کە من فەرماندارم، یانی لە قاڵبی کەسێکی دیکەدا دەرکەوتم و هەموو کاتێك هەر باسی فەرماندار، پاسگا، قەڵاو ئەو شتانەم دەکرد.

کاپتن هەنوکە هیچ کۆسپ و لەمپەرێکی لەبەردەما نەبوو، هەر ئەوەندە مابوو هەردوو بەلەمەکەی ئامادە بکات، کونی بەلەمی یەکەمی بگرێت و نەفەرەکانی سوار بکات و بڕۆن. موسافیرەکەی خۆی کرد بە کاپتنی یەکێك لە بەلەمەکان و چوار نەفەری بەگەڵ خست، و خۆی و یاریدەدەرەکەی و پێنج نەفەری دیکەش سواری بەلەمی دووەم بوون. نەخشەیەکی زۆر باشیان

کێشا بوو، چونکە دەوروبەری نیوەشەو گەییینە کەشتیەکە، کە گەییینە نزیکی کەشتیەکە، رۆبینسۆنی راسپارد کە سەرنشینانی کەشتیەکە گاز بکاتو پێیان بڵێ کە نەفەرەکانو بەلەمەکانیان هێناوەتەوە، بەڵام زۆریان پێچووە تا دۆزیویاننەتەوەو... هتد. بەو جۆرە درێژەیان بە قسان دا تا گەییینە تەنیشت کەشتیەکە. رێك لەو کاتەدا کاپتنو یاریدەدەرەکەی، لە پێش هەمووانەوە، بە چەکەوە خۆیان بە کەشتیەکەدا کردو دەمو دەست ئەفسەرو کاپتنی دووەمی کەشتیەکەو دارتاشەکەیان بە قۆناغە تفەنگان تەختی زەوی کرد. چونکە ئەو نەفەرانەی دەگەڵیاندا بوون، زۆر بە وەفا بوون، خێرا نەفەرەکانی سەربانو بن بانی کەشتیەکەیان دەستگیر کردو کەوتنە گرتنو داخستنی ئەو دەرکۆکانەی کە لە قاتی ژێرەوە بوون، تا ئەو نەفەرانەی لە قاتی ژێرەوە بوون، حەپس بنو گیر بخۆن. لەم کاتەدا بەلەمی دووەم بە خۆو نەفەرەکانیەوە گەییە جێ، لە رێگەی زنجیرەکانی پێشەوە سەرکەوتنە سەرێو بەشی پێشەوەی حەوشەی کەشتیەکەو دەرکەی ئاشخانەکەیان گرتو ئەو سێ نەفەریان، کە لەوێ بوون، ئەسیر کرد.

دوای ئەنجامدانی ئەم کارەو گرتنی حەوشەی کەشتیەکە، کاپتن دەستووری بە یاریدەدەرەکەیو ئەو سێ نەفەرە دا کە لەگەڵیا بوون، کە خۆ بە کابینەکەی حەوشەی سەرێی کەشتیەکەدا بکەن، کە کودەتاچیە تازەکە لەوێ بوو و چونکە هەستی بە مەترسی کردبوو، بێدار بوو بووەوەو خۆیو دوان لە پیاوەکانیو یەکێك لە شاگردەکانی چەکیان هەڵگرتبوو. کاتێ یاریدەدەرەکەی کاپتن بە لۆسە دەرگای کابینەکەی کردەوە، کاپتنی تازەو پیاوەکانی پێکەوەو ئازایانە دەستیان کردەوەو گوللەی تاپڕێك بەر یاریدەدەرەکەی کاپتن کەوتو بازووی شکاو دوو نەفەری دیکەش برینداربوون، لێ کەس نەکوژرا.

یاریدەدەرەکەی کاپتن، لە کاتێکا هاواری کۆمەکی دەکرد، هەرچۆنێ بوو خۆی گەیاندە ناو کابینەکەو ویڕای ئەوەی بریندار بوو، دەمانچەیەکی نا بە ناو دەمیەوەو لە پشتی یەکێك لە گوێچکەکانیەوە دەرچوو، یانی فریای ئەوە نەکەوت تاقە وشەیەك بڵێت. ئەوانی دی کە ئەم دیمەنەیان بینی، یەکسەر تەسلیم بوونو کەشتیەکە بێ هیچ خەسارەتێکی گیانی دیکە گیرا.

کاتێ کاپتن، لە گرتنەوەی کەشتیەکە دڵنیا بوو، فەرمانی دا حەوت گوللە تۆپ بتەقێنرێ، ئەمە نیشانەیەك بوو کە لە بەینی خۆمانا دامان نابوو، تا من دڵنیابمو بزانم کە سەرکەوتووە، هەڵبەتە زۆر بەوە خۆشحاڵ بووم، چونکە من تا سەعات دووی بەرەبەیان لە کەنارەکەدا دانیشتبوومو چاوەڕوانی ئەو مژدەیە بووم.

کاتێ بە ئاشکرا گوێم لە دەنگی تۆپەکان بوو، یەکسەر لێی ڕاکشام، جا چونکە بە رۆژەوە زۆر ماندوو بوو بووم، یەکسەر خەوێکی قورسم لێکەوت، تا لە پڕ لە دەنگی تەقەیەك لە خەو راپەڕیم، دەمو دەست لەجێی خۆم ڕابووموو گوێم لێبوو یەکێك گازم دەکات: "فەرماندار! فەرماندار". یەکسەر دەنگی کاپتنم ناسییەوە، کاتێ بە گردەکەدا هەڵگەڕام سەیرم کرد لەوێندەر وەستاوە. بەدەم ئاماژە کردنەوە بۆ کەشتیەکە باوەشی پێدا کردمو گوتی: "دۆستی ئازیزو رزگارکەری من. ئەمە کەشتی تۆیە، هەم کەشتیەکەو هەم ئێمەو هەم هەرچیەکی تیایە هی تۆیەو مافی کەسی تری پێوە نییە." تەمەشای کەشتیەکەم کردو سەیرم کرد لە نیو کیلۆمەتری کەنارەکە وەستاوە،

چونکە هەرکە دەستیان بەسەر کەشتیەکەدا گرتبوو، یەکسەر لەنگەرەکەیان هەڵگرتبوو و چونکە هەواکەی خۆش بوو بوو، یەکسەر هێنا بوویانە زارکی روبارە چکۆلەکەو لەوێندەر لەنگەریان خستبوو و، چونکە ئاوەکە هەڵکشا بوو، کاپتن بەلەمە سەوڵدارەکەی هێنابووە ئەو قورمەی کە سەرەتا کەڵەکەکەم بۆی هێنا بوو و، رێك لە بەر ماڵەکەمدا، هاتبووە سەر وشکانی.

هەوەڵجار خەریك بوو لە خۆشیا ببورێمەوە، چونکە بە چاوی خۆم دەمبینی کە رزگار بوون چەند نزیکە. هەموو شتێك ئامادەیەو، کەشتیەکی گەورە ئامادەیە تا بۆ هەر شوێنێکم بوێ بمبات، تا ماوەیەك نەمدەتوانی بە تاقە وشەیەکیش وەڵامی کاپتن بدەمەوە، هەر بەو دەقەوە کە باوەشی پێدا کرد بووم، توند گرتبووم تا نەکەومە سەر عاردی.

کە بەو حاڵەوە دیتمی، یەکسەر بوتڵێکی لە بەرکی دەرێناو قومێ مقەوی دامێ کە بە تایبەتی بۆ منی هێنا بوو. دوای ئەوەی خواردمەوە، لە ئەرزەکە دانیشتم، هەرچەندە ڤەخارنەکە وەخۆی هێنا بوومەوە، ماوەیەکی زۆری پێچوو ئەوسا زمانم کرایەوەو هاتمەوە قسان.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە، ئەو پیاوە داماوە. کە ئەویش وەکو من خەریك بوو لە خۆشیان باڵ بگرێت، بەڵام وەکو من نە حەپەسا بوو، هەزاران قسەی میهرئامێزی بۆ من کردووە تاهێورم بکاتەوەو وەهۆشم بێنێتەوە. بەڵام شادیەکی ئەوتۆ کەوتبووە دڵو دەروونم کە بە تەواوەتی ئاگام لە خۆ برا بوو. ئەنجام روندك بەچاوانما هاتنە خواریو تۆزێك دوای ئەوە زمانم بەر بوو.

ئەمجارەیان، من ئەوم وەکو فریارەسی خۆم لە ئامێز گرتو پیرۆزباییمان لێکدی کرد. پاشان پێمگوت بەو چاوە تەمەشای دەکەم کە خواوەند بۆ رزگارکردنی منی ناردووەو تێکرای سەربهووردو واریقاتەکە وەکو زنجیرەیەك پەرجوو دێتە بەرچاو، ئەم بویەرو رووداوانە گەواهی ئەوەن کە دەستی پەنهانی خواستی خوایی جیهان بەرێوە دەباتو گەواهی ئەوەیە کە چاوانی خوای بەرزو باڵا تەنانەت دوورترین خاڵی دنیا دەبینیو هەرکاتێ بیەوێ کۆمەك بۆ بێنەوایان دەنێرێت.

هەڵبەتە ئەوەم فەرامۆش نەکرد کە لە کانگای دڵەوە سوپاسی خوا بکەمو تا بتوانم تەقدیسی بکەم، نەك هەر لەبەر ئەوەی کەسێکی لەم چۆڵەوانیەدا، لەم رەوشە خەمناکەدا رزگار کردبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە هەر ئەو سەرچاوەی هەموو رزگاریەکەو، هیچ رزگاریەك بەبێ ئەو نابێت.

دوای ئەوەی ماوەیەك قسەمان کرد، کاپتن گوتی، هەموو ئەو خۆراكو خواردنو خواردنەوانەم بۆ هێناوی کە لە تالانی ئەو شەرەنگێزانەی کە کەشتیەکەیان داگیر کردبوو، ماوەتەوە. دوای ئەم قسەیە بە دەنگی بەرز ئەو پیاوانەی بانگ کرد کە لە بەلەمەکەدا بوون، تا ئەو شتانەی کە بۆ فەرمانداریان هێنا بوو بهێنن بۆ کەنارەکەو لە راستیا دیاریەکەی ئەوەندە زۆر بوو وەکو ئەوەی قەرار بێ من لەگەڵ ئەواندا نەرۆم، بەڵکو لە دورگەکەدا بمێنمەوەو ئەوان بەبێ من ئێرە بەجێ بێڵن.

سەرەتا، یەك سەندوقی پڕ لە ڤەخارنی بەلەزەتو گواراو چاکیان هێنا، شەش بوتڵی گەورە، کە هەر بوتڵێکیان دوو لیتری دەگرت، نزیکەی یەك کیلۆ تەماکۆی زۆر چاك، دوازدە پارچە گۆشت گای چاكو شەش پارچە گۆشت، یەك کیسە نخودی فەرەنگی "جۆرە گیایەکە دەکرێتە

خواردنەوە" و لەگەڵ دنیایەك پسكیتدا.پاكەتێك شەكر، پاكەتێك ئارد، كیسەیەكی پڕ لە لیمۆو دوو بوتڵ ئاو لیمۆو زۆر شتی تریان بۆ هێنام. بەڵام سەرباری ئەمانەش و هەزار جار لەمانە باشتر، ئەم شتانە بوو: شەش كراسی نوێ و خاوێن، شەش ملپێچی زۆر چاك، دوو جووت دەستكێش، جووتێ پێڵاو، كڵاوێك، جووتێ گۆرەوی، و دەستێك چاكەت و پانتۆڵی زۆر چاك، كە هی خۆی بوو و زۆر كەم لەبەری كردبوو، بە كورتیەكەی نفت و نوێیان كردمەوە.

هەڵبەتە، بۆ كەسێكی وەكو من، بۆ كەسێك لەو حاڵەدا بێ، ئەمانە دیاری زۆر لەبەردڵان بوون. بەڵام لەم دنیایەدا هیچ شتێكم بەلاوە ناخۆشتر، ناشیرینتر و ناڕەحەتتر نەبوو لە پۆشینی ئەم جلانە بۆ جاری یەكەم.

پاش تەواوبوونی ئەم ڕێوڕەسمانەو، دوای ئەوەی كە هەموو ئەم كەلوپەلە باشانەمان بۆ ماڵەكەم هێنایەوە، كەوتینە ڕاوێژو تەگبیر كە چ لە زندانیەكانمان بكەین، و بزانین لەگەڵ خۆمانیان بەرین یا نا، بە تایبەتی ئەوەمان دەزانی كە دوانیان زۆر ناڕەسەن و سەركێش بوون و لە چاك بوون نەدەهاتن. كاپتن گوتی دەزانێت كە ئەوانە هێندە دەغەڵبازو ساختەچین كە شایستەی هیچ لوتف و میهرێك نین و ئەگەر دەگەڵ خۆیانیان بەرن دەبێ وەكو تاوانباران كۆت و زنجیریان بكەن و هەركە گەییشتنە یەكەم كۆڵۆنی ئینگلیستان دەبێ رادەستی دادگایان بكات، ئیدی بۆم دەركەوت كە كاپتن زۆر نیگەرانی ئەم مەسەلەیە بوو. ئیدی سەبارەت بەم مەسەلەیە پێمگوت گەر حەزبكات، دەتوانم كارێكی وەها بكەم كە ئەو دوو پیاوەی باسی دەكردن، بە خۆیان داوابكەن لە دوڕگەكەدا بمێننەوە. كاپتن گوتی: "نەك هەر حەزدەكەم، بەڵكو زۆریش خۆشحاڵ دەبم."

گوتم: "كەواتە دەنێرم بە دوویانداو لە جیاتی تۆ قسەیان دەگەڵ دەكەم." ئەنجام جوعمەو دوو بارمتەكەم ناردن، كە ئێستا ئازاد بوو بوون، چونكە هاوڕێكانیان قسەو بەڵێنی خۆیان برد بووە سەر. ئا، ئەوانم بۆ غارەكە نارد تا ئەو پێنج نەفەرە بە قۆڵ بەستراوی بێنن و رایان بگرن تا من دێم.

پاش مودەتێك بەسەرو وەزعێكی تازەوە بۆ ئەوێ هاتم و دووبارە بە فەرماندار ناو دەبرام. هەموویانم بینی و، كاپتنیشم لەگەڵدا بوو. گوتم زەلامەكانم بۆ بێنن و پێمگوتن كە باسی بەدڕەفتاری وانم دەرهەق بە كاپتن بیستووەو ئەوەشم بیستووە كە چۆن بە كەشتیەكە هەڵاتوون و ویستوویانە بكەونە دزی و راوڕووتی زیاتر، بەڵام خوا لە باڵی دابوون و سیحرەكەیان بەسەر خۆیاندا شكاوەتەوەو كەوتبوونە ئەو چاڵەوە كە بۆ خەڵكی تریان هەڵكەندبوو.

پێمگوتن كە كەشتیەكە بە رابەری من گیراوەتەوەو ئێستا لەنگەری گرتووەو بەو زووانە بە چاوی خۆیان دەبینن كە كاپتنە تازەكەیان بە سزای خۆی گەیەنراوە، بە چاوی خۆ دەبینن كە جەستەكەی بە بورجەكەوە هەڵدەواسرێ.

پاش ئەوەی كە ئەم قسانەم دەگەڵ كردن، دەمویست بزانم ئەوان دەیانەوێ چ بڵێن و بۆچی ئەم دزە دەریاییە دەستگیركراوانە ئیعدام نەكەم، لە كاتێكا هیچ گومانێك لەوەدا نەبوو كە ئەو جۆرە دەسەڵاتەم هەبوو. یەكێكیان لە جیاتی ئەوانی دی وەڵامی دایەوە كە كاتێ خۆیان

بەدەستەوە دابوو، کاپتن بەڵێنی دابوونێ کە لە گیانیان خۆش دەبێت‌و شەفاعەتیان بۆ دەکات کە بیانبورم‌و بەزەییم پێیاندا بێتەوە. لێ من پێمگوتن کە نازانم چ رەحمێکیان پێدا بکەم، چونکە بە خۆم لێبڕا بووم دەگەڵ هەموو دەستو پێوەندەکەمدا دوڕگەکە بەجێ بێڵم‌و کاپتن بۆ ئینگلیستانم ببات. بەڵام کاپتن هەر ئەوەندەی دەتوانی ئەوان وەکو زندانیانی پێ بە کۆت‌و زنجیر بۆ ئینگلیستان ببات، کە بێگومان ئاکامەکەی لە سێدارەدان بوو. لەبەر ئەوە نازانم چ کارێك بۆ ئەوان باشترە، مەگەر بیانەوێ لەم دوڕگەیەدا بمێننەوەو بەخت‌و چارەنووسی خۆیان لێرە تاقی بکەنەوە. ئەگەر بەمە رازی بن، بۆ من کێشە نیە، چونکە من ئازاد بووم کە ئەوێ بەجێ بێڵم‌و، ئەگەر ئەوان پێیان وایە دەتوانن لە کەنارەکەدا بمێننەوە، منیش حەزدەکەم دەستم نەچێتە خوێنیان‌و لە گیانیان خۆش بم.

هەڵبەتە بەم قسانە زۆر مەمنوون‌و خۆشحاڵ بوون، گوتیان زیاتر حەزدەکەن لێرە بمێننەوە تا بڕۆن بۆ ئینگلیستان‌و لە سێدارە بدرێن، بۆیە باسەکەمان لەم بارەیەوە درێژەی کێشا.

لێ کاپتن، کەمێك بەم چارەسەرە ناڕەحەت بوو، لەوە دەچوو زاتی ئەوەی نەبێ، ئەوانە لە دوڕگەکەدا بەو دەقەوە بەجێ بێڵێ. بۆیە وام نواند کە کەمێك لە کاپتن توڕەم‌و پێمگوت ئەوان ئەسیرو زندانیی منن نەك هی ئەوو، گوتم من سوورم لەسەر قسەو بڕیاری خۆم، ئەگەر ئەو رازی نیە، ئەوا من ئازادیان دەکەم‌و ئەگەر بەدڵی نیەو دەتوانێ، با بڕوات بیانگرێت‌و بیان بات.

کە گوێیان لەم قسانەی من بوو زۆر مەمنوون بوون‌و منیش ئازادم کردن‌و گوتم بڕۆن بۆ خۆ بدەنە ئەو بێشەو جەنگەڵە، بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتبوون‌و منیش چەکی گەرم‌و هەندێك تەقەمەنیان دەدەمێ‌و ئەگەر دەیانەوێ رێنوێنی ئەوەشیان دەکەم چۆن بە ئاسوودەیی بژین.

دەگەڵ کردنی ئەو قسەیەدا، ئامادەی سوار بوونی کەشتیەکە بووم، لێ بە کاپتنم گوت کە ئەو شەوە دەمێنمەوە تا شتەکانم ئامادە بکەم‌و گوتم ئەو بڕوات بۆ لای کەشتیەکەو هەموو شتێك ئامادە بکات‌و بەیانی بەلەمەکە بە دووما بنێرێت بۆ کەنارەکە. هەروەها ئەمرم پێکرد کە جەندەکی کاپتنە تازەکە بە بورجەکەوە هەڵواسن تا ئەم نەفەرانە بیدینن.

کاتێ کاپتن رۆیی، ناردم بە دوای ئەو زەلامانەدا کە بێن بۆ ماڵەکەی من‌و دەگەڵیاندا کەوتمە گفتوگۆیەکی جدی دەربارەی وەزع‌و حاڵیان. پێمگوتن وا دەزانم بڕیارێکی دروستیان داوەو، ئەگەر کاپتن دەگەڵ خۆیدای بردبان بێگومان لە سێدارە دەدران. جەندەکی کاپتنە تازەکەم نیشان دان کە بە بورجەکەوە هەڵواسرا بوو ، گوتم چارەنوسی ئەوانیش لەمە باشتر نەدەبوو.

کاتێ هەموو رایانگەیاند کە حەزدەکەن بمێننەوە، پێمگوتن کە چیرۆك‌و سەربهووردی ژیانی خۆمیان لە دوڕگەکەدا بۆ دەگێڕمەوەو کارێکی وەها دەکەم کە شارەزای ژیانی ئەوێ بن. ئەوجا باسی ئەو شوێنەو هاتنی خۆمم بۆ ئەوێ بۆ کردن، ماڵەکەم، جۆرێ نانکردن، دانەوێڵە چاندن‌و وشککردنەوەی ترێم پێ نیشان دان، بە کورتی هەر شتێك، هەر کارێك بۆ ئاسایشی وان پێویست بوو، بۆم باسکردن. هەروەها باسی ئەو شازدە ئەسپانیاییەشم بۆ کردن کە قەرار بوو بۆ دوڕگەکە

بێن و نامەیەکم بۆ بەجیٚ هێشتن و قەول و بەڵێنم لەو پیاوانە وەرگرت کە وەکو چۆن رەفتار دەگەڵ خۆدا دەکەن بەو ئاوایەش رەفتار دەگەڵ ئەواندا بکەن.

چەکە گەرمەکانی خۆم، کە بریتی بوون لە پێنج تاپڕو دوو ساچمەزەن و سێ شمشێر، بۆ ئەوان دانا. پتر لە بۆشکەو نیوێك بارووتم هەبوو، چونکە دوای سالآنی یەکەم و دووەم زۆر کەم بارووتم بە کارهێنابوو، ئیدی باررووتەکەم مابووەوە. فێرم کردن چۆن بزن بەخێو بکەن، بیاندۆشن و دایانبەستن و کەرەو پەنیر دروست بکەن.

بە کورتیەکەی هەموو چیرۆك و سەربهووردەکەی خۆم بۆ گێڕانەوەو گوتم کاپتن رازی دەکەم کە دوو بۆشکە باررووتی دیکەو هەندیٚ دانەوێڵەشیان بۆ دابنێت. هەروەها ئەو کیسە نخود فەرەنگیەشم، کە کاپتن بۆی هێنابووم کە بیخۆم، دانیٚ و پێمگوتن بۆ خۆیان دایچێنن تا زیاد بکات و هەیانبێت .

وەختیٚ هەموو ئەم کارانە تەواوبوون، رۆژی دوایی بەجێم هێشتن و سواری کەشتی بووم.ئیدی ئامادەی حەرەکەت بووین، بەلآم ئەو شەوە دەرنەچووین. بەیانی دوو نەفەر لەو پێنج نەفەرە بە مەلە خۆیان گەیاندە لای کەشتیەکەو زۆر بە داماوی کەوتنە سکالآ لە دەست سیٚ نەفەرەکەی دی، لێمان پاڕانەوە کە لە کەشتیەکەدا جێیان بکەینەوە، دەنا دەکوژرێن، لە کاپتن پاڕانەوە کە ئەگەر لەسێدارەش دراون، لە حەوشەی کەشتیەکەدا جێیان بکاتەوە.

کاپتن کە گوێی لەو قسانە بوو، واینواند کە بە هیچ جۆریٚ ناتوانیٚ، بەلآم پاش گفتوگۆو چەنە چەنێکی کەم و دوای ئەوەی کە سوێندیان خوارد خۆیان چاك بکەن، سواری کردن و دوای ماوەیەك دەستووری دا کە بیانگرنە بن قامچی و پاشان بیانخەنە خوێاوەوەو پاش ئەوە بوون بە خەڵکانێکی دروستکارو گوێڕایەڵ.

دوای ماوەیەك، کە ئاوەکە هەڵکشابوو، فەرمانمان دا کە بەلەمەکە بڕوات بۆ کەنارەکەو ئەو شتانەمان بۆ ئەو پیاوانە نارد کە قەولم دابوونیٚ و، لەسەر داوای من کاپتن رازی بوو کە سەندوق و جل و بەرگەکانیشیان بۆ بنێرین و بە سوپاسەوە وەریان گرتبوو، هەروەها پێمگوتن ئەگەر لە رێگا تووشی کەشتیەك بووم، دەی نێرم بە دوایاندا و لە بیریان ناکەم و، بەمە دڵخۆش بوون.

کە کەوتینە ریٚ، هەر بۆ یادگاری کلآوە گەورەکەم، کە لە پێستی بزن دروستم کردبوو، چەترەکەم و، یەکێك لە تووتیەکانم لەگەڵ خۆمدا برد. هەروەها ئەو پارەیەشم، کە پێشتر باسم کردبوو، لەگەڵ خۆدا برد، کە ماوەیەکی زۆر بێهیچ سوودێك هەڵم گرتبوون و ژەنگ لێی دابوون یان رەش بوو بوونەوەو لە زیو نەدەچوون، ئەو پارەیەشم کە لە کەشتیە شکاوە ئەسپانیاییەکەدا، دۆزی بووەوە، هەڵگرت.

بەمجۆرە لە رۆژی ١٢/١٩/ ساڵی، وەکو لە دەفتەرچەی هەواڵی کەشتیەکەوە بۆم دەرکەوت ١٦٨٦دا، دوای بیست و هەشت ساڵ و دوو مانگ و نۆزدە رۆژ دوڕگەکەم بەجێهێشت و، بۆ جاری دووەم لە هەمان رۆژو مانگدا کە بە بەلەمە گەورە ئەسپانیاییەکە لە دەستی مۆرە دزەکان هەلآتبووم. لە ئەسارەت رزگار بووم.

دوای ســەفەرێکی دوورو درێــژ لــەم کەشــتیەدا، رۆژی ١٦٨٧/٦/١١ دوای ســی و پێــنج ســاڵ گەییمەوە ئینگلیستان.

پـاش ئـەوەی گەییمـەوە ئینگلیسـتان، شـتەکانم هێنـدە بـەلاوە غـەریب بـوو، دەتگـوت هـەرگیز لەوێنـدەر نـەبووم. وەکیلـە بەوەفاکـەم، ئـەوەی کـە پارەکـەم لای دانـابوو، مـابوو، لـێ دووچـاری کۆمەڵێك بەدشانسی دنیایی گـەورە بـوو بـوو، بۆ دووەم جار بێوەژن کەوتبوو و، وەزعێکی مـادی زۆر نالـەباری هـەبوو. پێمگـوت خـەمی ئـەوەی نـەبێ کـە قـەرزاری منـە، دڵنیـام کـرد کـە هـیچ کێشـەیەکی بۆ دروست ناکـەم. بەپێچـەوانەوە، لـە بری ئەو زەحمەتـەی لە رای من کێشا بووی و چونکە کەسێکی ئەمەکدار بوو و پابەندی ئەمانەتداری خۆی بوو، ئەوەندەی لە توانامدا بـوو، کە ئەو کاتە توانام کەم بوو، کۆمەکم کردو دڵنیام کرد کە هەرگیز چاکەو وەفاداری رابردووی ئەو دەرهەق بە خۆم ژبیرناکەم و هەرکاتێ تۆزێك دەستم رۆیی، فریای دەکەوم و چاکەی دەدەمەوە، کە ئەمە لە جێی خۆیدا باس دەکەم.

ئەوسا چووم بۆ باشوورو یورکشایر، لێ بابم کۆچی دوایی کردبوو، دایکم و هەموو خزم و کەسوکارەکەشم مردبوون، تەنیا دوو خوشك و دوو منداڵی یەکێك لە برایەکانم دۆزینەوە، چونکە وایان زانی بوو من مردووم، هیچ مووچەو بەشە میراتێکیان بۆ من دانە نابوو. بە کورتیەکەی نە هیچ سوکنەیەکم هەبوو نە هیچ دەرامەتێك، ئەو تۆزە پارەیەشم کە هەبوو بەشی نەدەکردم.

بـەڵام پێشـهاتێکی چـاوەڕوان نـەکراو هاتـە پێشـێ کـە بـە ڕاسـتی هـەر شـوکرانەی دەویسـت، ئەویش ئەوە بوو کە کاپتنی کەشتیەکە، ئەو پیاوەی کە هەم خۆی و هەم بارو کەشتیەکەیم رزگار کردبـوو، چـوو بــوو بـە دوورو درێــژی واریقـات و بەســەرهاتەکەی بـۆ خاوەنـانی کەشــتیەکە گێڕابووەوە کە من چۆن چۆن کەشتیەکەو گیانی زەلامەکانم رزگار کردبوو. ئەوانە دەعوەتیان کـردم کـە بچـمە دیـدەنی خۆیـان و چـەند بازرگـانێکی دڵاواو، هەڵبەتـە زۆریـان سـتایش کـردم و دیاریەکی گەورەی نزیکەی دوو سەد پاوەند ئیستەرلینیان دامێ.

بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەك بیرم لە ڕەوشـی ژیانی خـۆم کردەوەو سەیرم کرد ئەم بڕە پارەیە زۆر کەمـەو ژیـانی پـێ دابـین ناکرێـت، لێـبڕام بـەرەو لیشـبون بـڕۆم و بـزانم ئایـا دەتـوانم هـیچ زانیاریـەك دەربـارەی وەزعـی کشـتوکاڵەکانم، لـە بـەرازیل پەیـدا بکـەم و بـزانم شـەریکەکەم چـی بەسەرهاتووە کە بێگومان دەبێ وای تەسەور کرد بێت، من لەمێژ بێ مردبم.

بـەم نیـازە سـواری کەشـتی بـووم و لیشبونە خـۆت بگرە واهـاتم، مـانگی چواری سـاڵی ئاینـدە گەییمـە ئـەوێ، جوعمـە لـە هـەموو ئـەم سـەفەرانەدا لەگـەڵم بـوو، یـانی بـە تـەواوەتی و لـە هـەموو هەڵوێستەکاندا سەلماندی کە خزمەتکارێکی یەجگار بە ئەمەکە.

## هەموو سەروەت و سامانەکەم بەدەست دێنمەوە

کاتێ گەییمە لیشبونە، خۆم و بەختم بەپرسیار دۆستە کۆنەکەم، واتە کاپتنی ئەو کەشتیەی کە منی لە کەنارەکانی ئەفریقیا رزگار کرد، دۆزییەوە. پیر بوو بوو، وازی لە دەریاوانی هێنا بوو، ئێستا کوڕەکەی، کە ئەویش تەمەنێکی هەبوو، کەشتیەکەی بەڕێوەدەبردو هێشتا لەخەتی بەرازیلدا بازرگانی دەکرد. پیرەمێرد منی نە دەناسییەوە، ئەوی راستی بێ منیش زۆر بە زەحمەت ئەوم ناسییەوە، لێ کە پێمگوت من فلانم زوو بیری کەوتمەوە.

پاش چاک و خۆشی و گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان و یادکردنەوەی رۆژانی کۆن، هەواڵی کشتوکاڵ و شەریکەکەم لێ پرسی. پیرەمێرد گوتی نۆ ساڵە نەچووە بۆ بەرازیل، بەڵام دڵنیای کردم کە لەوێ گەڕابووەوە، شەریکەکەم زندوو بووە، بەڵام ئەو وەکیلانەی کە بەوم ناساندبوون تا لە رێگەی قانوونیەوە پەیگیری سەروەت و سامانەکەم بکەن، هەردووکیان مردبوون. بەڵام گوتی بێگومان هەواڵی خۆشم دەربارەی بەروبوومی مەزراکانم دەست دەکەوێ، چونکە وەکیلەکانم، کە وایان وێنا دەکرد من ون بووم و خنکاوم، حیسابی بەشە بەروبوومەکەی منیان دابوو بە کەفیل و زامنی دارایی و ئەویش بە تایبەتی داینابوو تا ئەگەر من نەهاتمەوە بۆ وەرگرتنی، سێیەکی بە پاشا و دوو سێیەکی بە دێری سانت ئۆگستین بپرێت، تا بۆ هەژاران و بۆ بە کاتولیک کردنی سورپێستان خەرج بکرێت، بەڵام ئەگەر من پەیدا ببمەوە، یان کەسێك لەلایەن منەوە بێت و داوای میرات بکات، ئەو سەروەتەی دەدەنێ. بەڵام دڵنیای کردم کە سکرتێری دەرامەتەکانی پاشا (سکرتێری موڵکان) و سکرتێری دێرەکە هەمیشە چاودێری شەریکەکەمیان کردووە کە ساڵانە حیسابی وردی دەرامەتەکەیان بداتێ و ئەوانیش بەشەکەی منیان لێ هەڵدەگرت.

پرسیم ئایا دەزانێ کە شەریکەکەم تا چەند مەزراکەی گەورە کردووە و ئایا بەڕای ئەو، ئەوە دێنێ پەیگیری ئەو مەسەلەیە بکەم یان ئەگەر بۆ ئەوێندەر بڕۆم هیچ کێشەو کۆسپێکم دێتە رێ بۆ وەرگرتنەوە بەشەکەی خۆم.

گوتی، بە دروستی نازانێ، تا چ رادەیەك مەزراکەی گەورە کردووەو پەرەی پێداوە، بەڵام دەیزانی کە شەریکەکەم، کە تەنیا نیوەی قازانجەکەی دەبردو زۆر دەوڵەمەند بووەو، گوتی ئەوەندەی بیری بێتەوە، بیستوویەتی کە ئەو سێیەکە بەشەی پاشا، لەگەڵ ئەوەندەی ترا کە بە دێرێك یان دەزگایەکی مەزەبیان دەدا، ساڵانە نزیکەی دوو سەد مویدور بووەو، گوتی کە هیچ گومانێکی تیا نییە کە دەتوانم بە ئاسانی بەشەکەی خۆم وەربگرمەوە، چونکە شەریکەکەم لە ژیاندایەو دەتوانێ شایەتیم بۆ بدات و ئەمە جگە لەوەی کە ناوم لە دایەرەی تۆماری دەوڵەتدا تۆمار کراوە. هەروەها پێی گوتم کە کەسوکارو پاشماوەکانی هەردوو وەکیلەکەم خەڵکانێکی فرە بە ئینساف و ئابڕوومەندو دەوڵەمەندن و نەك هەر کۆمەکم دەکەن کە سەروەت و سامانەکەم وەربگرمەوە، بەڵکو پارەیەکی زۆریشیان لە وەکیلی منەوە لەلایە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانەی کە باوکیان وەکیلی من بوون، کە ئەوەندەی بیری بێت، ئەو زەمانە دوازدە ساڵێك بووە.

کەمێك خۆم سەبارەت بەم مەسەلەیە نیگەران نیشان داو لە کاپتنی پیرم پرسی، چۆن دەشێت کە وەکیلەکان بەم ئاسانیە سەروەت و سامانەکەم بدەنەوە، بە تایبەتی کە دەیزانی من وەسێتنامەیەکم نووسی بوو و ئەوم، یانی کاپتنە پرتوگالیەکەم کردبوو بە سەروەسێتی هەمەکارەی خۆم.

گوتی ڕاستە، بەڵام چونکە هیچ بەڵگەنامەیەك دەربارەی مردنی من بە دەستەوە نەبوو، ئەو نەیدەتوانی وەکو سەر وەسێت کاربکات، مەگەر بەڵگەنامەیەکی مردنی منی پەیدا کردباو، لەلایەکی تریشەوە، حەزی لێنەبوو خۆی گیرۆدەی ئەو ئەگەرە دوورە بکات و، گوتی هەڵبەتە وەسێتانەکەی منی بە فەرمی تۆمار کردبوو تا بتوانێت داوای بەش بکات و، ئەگەر خەبەرێکی بەڵگەدار دەربارەی مەرگ یان ژیانی من بگەییشتبا، هەنگێ دەیتوانی بە نوێنەرایەتی من بێتە مەیدان و ئینژینوکە ( وایان بە مەزرای نەی شەکر دەگوت ). بخاتە سەر ناوی خۆی و دەستووری پێویستی بە کوڕەکەی دابوو کە لە بەرازیل دەژیا.

پیرەمێرد گوتی: "بەڵام پێویستە خەبەرێکی دیکەشت بدەمێ کە ڕەنگە بۆ تۆو ئەوانی دیکەش زۆر قابیلی قبوولێ نەبێت، ئەویش ئەمەیە کە شەریکەکەت و وەکیلەکانت لە شەش ساڵ یان هەشت ساڵی یەکەمدا پێشنیازیان کرد کە قازانجی بەشەکەی تۆ بە من بدەن، کە وەرم گرت، بەڵام چونکە ئەو کاتانە خەرجی خزمەت و پەرەپێدان و گەورەکردنەوەی مەزرای نەی شەکرەکە یەجگار زۆر بوو، قازانجی ئەو سەردەمەی بەشەکەی تۆ لە چاو دواترا زۆر کەم بوو، بەڵام حیسابی وردو دروستی هەر چیەکم، کە وەرگرتووەو چۆنیەتی سەرف کردنەکەیم گرتووەو پیشانتی دەدەم."

دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بە دوورو درێژی قسەم دەگەڵ ئەم دۆستە دێرینەم کرد، لیستی حیساب و کیتابی دەرامەتی شەش ساڵی مەزراکەمی هێنا، کە شەریکەکەم و وەکیلە بازرگانەکانم ئیمزایان کردبوو و زانیاری تەواوی دەربارەی بەروبوومەکەم تیا بوو، وەکو فەردە تووتن، سەندوقە نەی شەکرو ئەو شتانەو.... هتد کە ئەم لیستەم تاوتوێ کرد بۆم دەرکەوت کە دەرامەتەکەم ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر بووە، بەڵام چونکە وەکو باسکرا، مەسرەفی مەزراکە زۆر بوو بوو، سوودو قازانجی ساڵانی یەکەم کەم بوو بوو. لێ پیرەمێرد، پێی نیشاندام کە هەفتا مویدور زێڕو شەست سەندوق شەکرو پازدە فەردە تووتن، کە لە کەشتیەکەیدا تیا چوو بوو، بە من قەرداره، چونکە نزیکەی پازدە ساڵ دوای ڕۆییشتنی من، کاتێ بە کەشتی لە بەرازیلەوە بۆ لیشبۆنە گەڕابووەوە، دووچاری کارەسات بوو بوو.

ئەم پیاوە باشە کەوتە گلەیی لە بەدشانسیەکانی خۆی و باسی ئەو نەگبەتیانەی بەسەری هاتبوون و گوتی کە چۆن ناچار بووە بۆ قەرەبووی زەرەرو زیانەکانی خۆی سوود لە پارەکانی من وەربگرێت و پشکێك لە کەشتیە تازەکە بکڕێت. گوتی: "بەڵام، دۆستی دێرینم، هیچ نیگەران مەبە، هەرکە کوڕەکەم بگەڕێتەوە، هەموو قەرزەکەی خۆمت بە تەواوەتی، دەدەمەوە."

بەدەم ئەو قسەیەوە، کیسەیەکی چکۆلەی دەرهێنا کە سەدو شەست مویدوری زێڕی پرتوگالی دامێ و ئەو بەڵگانەشی نیشاندام کە چارەکە بەشێکی ئەو کەشتیەی کڕی بوو کە

کوڕەکەی پێی چوو بوو بۆ بەرازیل، چارەکە بەشێکی کوڕەکەشی تیا بوو، ئیدی بەڵگەنامەکانی هەردوو بەشەکەی خۆی و کوڕەکەی دامێ کە وەکو زامنێك لای من بێ تا قەرزەکەم دەداتەوە.

بە ڕاستی بە جۆرێ کەوتمە ژێر کاریگەری راستگۆیی و سەر ڕاستی و مەردی و ڕەندی ئەم پیاوە دڵۆڤانەوە، کە تەحەمولکردنیم پێ زەحمەت بوو، بیرم کەوتەوە کەچی بۆ کرد بووم، چۆن منی لە دەریا رزگار کردبوو، چۆن لە هەموو هەلومەرجێکا مەردانە ڕەفتاری دەگەڵ من کردبوو و، ئێستاش چەند دۆستێکی دڵسۆزم بوو، کە ئەو قسانەی دەکرد، بە زەحمەت بەری فرمێسکی خۆمم پێ دەگیرا. بۆیە لێم پرسی باشە وەزعو حاڵی ڕێ دەدات لەم کاتەدا ئەو پارەیە بدات بە من، یان ناکەوێتە سەغڵەتیەوە، گوتی ناتوانێ بڵێ کە بە هیچ جۆرێ ناکەوێتە سەغڵەتیەوە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەم پارەیە هی من بوو و من لەو پتر پێویستم پێی بوو.

پیرە دۆست هەرچیەکی دەگوت سەرڕێژ بوو لە لوتف و میهرەبانی و کاتێ قسەی دەکرد بە تۆپزی بەر رووندکانم دەگرت، بە کورتیەکەی سەد مویدورم لێوەرگرت و گوتم قەڵەم وەمەرەکەب بێنێ تا پسوولەی بۆ بکەم، پاشان باقیەکەم بۆ گەڕاندەوەو گوتم هەرکاتێ موڵکایەتی مەزراکەم وەربگرمەوە، ئەمەشی دەدەمەوە، هەڵبەتە پاشان هەروام کرد. سەبارەت بە پشکی خۆی لە کەشتی کوڕەکەیدا، گوتم بە هیچ جۆرێ ئامادە نیم وەری بگرم، لێ ئەگەر پێویستم بە پارە بوو، دەزانم کە ئەو هێندە سەر راست و دروستکارە کە پارەم دەداتێ، و ئەگەر پێویستم نەبوو، ئیدی یەك پول لەوە زیاتری لێوەرناگرم، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەوەندەی لێوەربگرم.

کاتێ کە ئەم باسە تەواو بوو، پیرەمێرد لێی پرسیم ئایا دەمەوێ رێگەی چۆنیەتی وەرگرتنەوەی مەزراکەم پێ بڵێت. گوتم بە خەیاڵم خۆم دوای بکەوم، گوتی بە کەیفی خۆت، بەڵام ئەگەر نەمویست بە خۆم دوای بکەوم، هەندێ ڕێگا هەن کەبتوانم هەقی خۆم وەربگرمەوەو یەکسەر قازانجەکەم لەو ڕێگەیەدا سەرف بکەم کە خۆم دەمەوێ و، چونکە لە ڕۆخانەی لیشبۆنەدا هەندێ کەشتیان هەن کە ئامادەی حەرەکەتن بۆ بەرازیل، منی وادار کرد کە ناوم بە شایەدی ئەو لە نووسینگەیەکی گشتیدا تۆمار بکەم و سوێند بە گیانی خۆم بخۆم من هەمان ئەو کەسەم کە لە سەرەتاوە ئەو زەویەم بە مەبەستی کشتووکاڵ کڕیوە.

کاتێ کە ئەم کارە بە گوێرەی ڕێسای باو لەلایەن سەرۆکی نووسینگەکەوە مۆرکرا و وەکاڵەتنامەیەکی بەگەڵ خرا، پیرەمێرد رێنوێنی کردم کە معامەلەکە لەگەڵ نامەیەکدا بە دەست خەتی خۆی بۆ بازرگانێکی ئاشنای خۆی لە هەمان شوێندا بنێرم و، پاشان پێشنیازی کرد تا گەڕانەوەی وەڵام، لەلای ئەو بمێنمەوە.

بە ڕاستی ئەم کارە مایەی شانازی بوو، چونکە لە ماوەی کەمتر لە حەوت مانگ، زەرفێکی گەورەم لە پاشماوانی وەکیلەکانمەوە پێگەیی، یانی پاشماوانی ئەو بازرگانانەی کە لەبەر خاتری ئەوان سەفەری دەریاییم کردبوو، زەرفەکە ئەم نامەو سەنەدە تایبەتیانەی تیا بوو:

یەکەم: حیسابی ئێستای بەروبوومی مەزراکەم، لەو ساڵەوە کە بابیان دەگەڵ کاپتنە پیرە پرتوگالیەکەدا، حیسابیان پاك کردبووەوە، بۆ ماوەی شەش ساڵ، بە گوێرەی ئەم لیستە دەیکردە ١١٧٤ مویدور.

دووەم: حیساباتی چوار ساڵی دواتر، کە سەروەت و سامانەکەم دە ئختیاری ئەواندا بووە، پێش ئەوەی کە دەوڵەت پشکی خۆی، ئەو پشکەی کە پەیوەندی بەکەسانی نادیارەوە هەیە، داوا بکات، کە ئەو کارە مەحروومیەت لە مافی مەدەنی پێ دەڵێن. ئەم حیساباتە ئەوەی نیشان دەدا کە دەرامەتی مەزراکە زیادی کردووەو گەیووەتە ٣٢٤١ مویدور.

سێیەم: حیساباتی سەرۆکی دێری ئۆگۆستین، کە پتر لە چواردە ساڵ قازانجی وەرگرتبوو، بەڵام سەبارەت بە خەرجی تێچوونی دروستکردنی خەستەخانە هیچ زانیاریەکی نەدا بوو، بە ئاشکراو راشکاوی گوتبووی کە ٨٧٢ مویدوری دابەش نەکردبوو، کە دانی بەوەدا نابوو پێویستە بخرێتە سەر حیسابەکەی منو، سەبارەت بە پشکی پاشاش، هەندێ پارە نەدرا بوو.

نامەیەکیش لە شەریکەکەمەوە هاتبوو کە بە لوتف و خۆشەویستیەکی زۆرەوە پیرۆزبایی ئەوەی لێکردبووم کە ماوم، ئەویش لە نامەکەیدا باسی پەرەسەندنی موڵکەکەو تێکڕای دەسکەوت و بەروبوومی هەر ساڵێك و رووبەری مەزراکەی کردبوو. هەروەها روونی کردبووەوە کە چۆن مەزراکە دادەچێنن، چەند کۆیلە لە مەزراکەدا کار دەکەن و بە شوکرانەی رزگاری من بیست و دوو کەڕەت نیشانەی خاچی کێشا بوو و چەندین جار دوعای مریەمی خوێندبوو تا بەبۆنەی رزگاری منەوە سوپاسی پاکیزەی پیرۆز بکات. لە کانگای دڵەوەو راستگۆیانە دەعوەتی کردبووم کە بۆ ئەوێندەر بڕۆم و خاوەنداریەتی سەروەت و سامانی خۆم بگرمە ئەستۆ، ئەگەر خۆم نەچووم، بەو بڵێم کە دارایی و سەروەت و سامانەکەم بدات بە کێ و لە کۆتایی نامەکەدا وێڕای دەربڕینی دۆستایەتی و خۆشەویستی و رێزی خۆی و خانەوادەکەی، نووسی بووی کە حەوت پێستی پڵنگی جوانی بە دیاری بۆ ناردووم، کە دیارە بەو کەشتیەیەدا کە بۆ ئەفریقیای ناردبوو، بۆیان هێنا بوو، کە پێدەچێ ئەو کەشتیە سەفەرێکی خۆشتری لە سەفەرەکەی منی کردبوو بێ. هەروەها پێنج پاکەت شیرینیجاتی زۆر چاك و سەد پارچە زێڕی لە سکە نەدراوی بۆ ناردبووم کە بە ئەندازەی سکەێن مویدور گەورە نەبوون.

دوو وەکیلەکەم بە هەمان کەشتیدا هەزارو دوو سەد سەندوق شەکرو هەشت سەد فەردە تەماکۆو باقی حسابەکەیان بە قاڵبە زێڕ بۆ ناردبووم.

ئێستا پێویستە ئەوە بڵێم کە بە ڕاستی کۆتایی کارەکەم لە سەرەتاکەی باشتر بوو و ناتوانم بڵێم کاتێ کە تەمەشای ئەم نامانەم دەکرد، بە تایبەتی لە کاتێکا هەموو سەروەت و سامانەکەم بەلای خۆمەوە بوو، هەستم بە چ دڵەخورپەیەك دەکرد. چونکە ئەو کەشتیانەی کە لە بەرازیلەوە دەهاتن، بە شێوەی کاروان دەهاتن، هەمان ئەو کەشتیانەی کە نامەکانیان بۆ هێنام، سەروەت و سامانەکەشیان بۆ هێنامو، بەر لەوەی نامەکان بگەنە دەستم، سەروەت و سامانەکەم بە سەلامەتی گەیی بوونە رۆخانەکە. بە کورتیەکەی تەواو شپرزە بوو بووم، رەنگم تێك چوو بوو و ئەگەر پیرەمێرد بە هەشتاو فریا نەکەوتباو مقەوی بۆ نەهێنابام، پێموایە بە هۆی ئەو شۆکە ناگەهانیەوە، کە زادەی ئەو خۆشیە بوو کە تەبیعەت بە دیاری بۆی هێنا بووم، لەگێن بوو دەسبەجێ و هەر لەوێ بمرم.

ئەوەی راستی بێ، لەوەش بەدواوە حاڵم باش نەبوو، تا چەند سەعاتێ هەر وابووم، تا ئەوەبوو ناردیان بە دووی پزیشکێکداو هۆی راستەقینەی نەخۆشیەکم تا رادەیەك روون بووەوەو رایسپار کە خوێنم تێبکەن، کە دوای ئەوە هێورو چاك بوومەوە.بەڵام لەو باوەڕەدام ئەگەر بەو هەموو دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە فریام نەکەوتبان و ورەیان بەرز نەکردبامەوە، دەمردم. ئێستا لە ناکاوا بوو بووم بە خاوەنی پێنج هەزار پاوەندی ئیستەرلینی کاش و لە بەرازیلیش موڵکێکم هەبوو کە ساڵانە پتر لە هەزار پاوەند دەرامەتی هەبوو، وەکو ئەو موڵکانەی ئینگلیستان. بە کورتیەکەی لە وەزعێکا بووم کە نەمدەزانی چۆن سەری لێدەربکەم یان چۆن کاروباری خۆم رێك بخەم و لەزەتی لێبدینم.

یەکەم کارم ئەمە بوو کە چاکەی پشتیوانی یەکەمم، یانی کاپتنە پیرە پیاوچاکەکە، بدەمەوە، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کە منی لە پەریشانی رزگاری کردو هاوسۆزیەکی زۆری کردم و تا کۆتایی پشتیوانی کردم. هەر هەموو ئەو شتانەم نیشان دا کە بۆیان ناردبووم و پێم گوت کە پاش خواوەندی ئاسمانان کە هەموو شتێك لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە، قەرزاربارى ئەوم. ئێستا نۆرەی منە کە چاکەی ئەو بدەمەوە، کە حەزدەکەم سەد بەرانبەر چاکەی بدەمەوە، ئیدی سەرەتا ئەو سەد مویدورەم بۆ رەت کردەوە کە پێی دابووم. ئەوجا ناردم بە شوێن بەرپرسی نووسینگەی سەنەدەدانداو پێمگوت کە سەنەدێك سەبارەت بە بەخشینی ئەو قەرزی چوار سەدو هەفتا مویدورەی کە کاپتن گوتبووی بە من قەرزارە، ئامادە بکات و پاشان وەکاڵەتنامەیەك ئامادە بکات کە بەپێی ئەو وەکاڵەتنامەیە ، ئەو قازانج و سوودی ساڵانەی مەزراکەی من بۆ خۆی وەربگرێت و بە شەریکەکەم گوت کە حیساب و کیتابەکان بەو بڵێت و دەرامەتەکان، بە ناوی منەوە بە کەشتی بۆ ئەو بنێرێت. و لە کۆتاییدا رستەیەکم زیاد کرد کە بەپێی ئەو رستەیە تا لە ژیاندا بێ، هەموو ساڵێك سەد مویدور لە دارایی من بەو بدەن و دوای مردنیشی، ساڵی پەنجا مویدور بە کوڕەکەی بدەن، بەمجۆرە قەرەبووی ئەو زەحمەتانەم کردەوە کە پیرەمێرە ئازیزەکەم بۆ منی کێشا بوو.

هەنووکە دەبوایە بڕیار بدەم کە چ رێگەیەك بگرمە بەرو چ لەو موڵك و ماڵانە بکەم کە خواوەند بەم شێوەیە خستبوویە بەردەستم. بە ڕاستی ئێستا لە چاو ئەو ژیانە ئارامەی کە لە دوڕگەکەدا بەڕێم دەکرد، زۆر نیگەران تر بووم، چونکە ئەوسا جگە لەوەی کە هەم بوو، هیچی ترم نەدەویست و، جگە لەوەی دەمویست هیچی ترم نەبوو، بەڵام ئێستا هەستم دەکرد بارێکی زۆرو قورسم بەسەرشانەوەیەو دەبوایە تەگبیرێکی حاڵی خۆم بکەم. ئێستا غارێکم نەبوو کە پارەکەمی تیا بشارمەوە، یان شوێنێکم نەبوو کە بەبێ قفڵ و کلیلێ پارەکەمی تیا دابنەم و تا ژەنگ هەڵدێنێ و ڕەش دەبێتەوە کەسێك نەبێ دەستی بۆ ببات، بە پێچەوانەوە، ئێستا نەمدەزانی پارەکەم لە کوێ دابنەم، یان متمانە بەکێ بکەم و پارەکەمی پێ بسپێرم. پیرە کاپتنە پشت و پشتیوانەکەی من، کە بە ڕاستی کەسێکی یەجگار ئابڕومەند بوو، تاقە پەناگایەك بوو کە شکم دەبرد.

لەلایەکی ترەوە، لە تۆ وایە ئەو موڵك و ماڵەی کە لە بەرازیلدا هەمبوو، بۆ ئەوێندەری بانگ دەکردم، بەڵام تا کارەکانی ئێرەم رێك نەخستباو سەروەت و سامانەکەم بە دەستانێکی ئەمین و

پاك نەسپاردبا، نەمدەتوانی بیر لە سەفەری ئەویّ بكەمەوە. پێش هەموو شتێك بیرم لە كۆنە دۆستەكەم، واتا خانمە بێوەژنەكە كردەوە، كە دەمزانی كەسێكی سەر راستو دروستكارەو بە ئینسافەوە رەفتار دەگەڵ مندا دەكات، بەڵام ئێستا زۆر پیر بوو بوو، هەنووكە هەژار بوو و ئەوەندەی كە من پێم دەزانی، لەگێن بوو قەرزاربار بێت، ئیدی هیچ جارێكم نەبوو جگە لەمەی كە بە خۆم بۆ ئینگلیستان بگەڕێمەوەوماڵو سامانەكەم دەگەڵ خۆدا بەرمەوە.

بەڵام ئەم قەرارو بڕیارە چەند مانگێكی خایاندو لە ئەنجامدا كە سەیرم كرد، چاكەی تەواوی كاپتن، كۆنە پشتیوانەكەمم داوەتەوەو لێم رازیە، بەرەبەرە كەوتمە بیركردنەوە لە بێوەژنە بێنەواكە كە مێردەكەی یەكەمین پشتیوانی من بوو و، بە خۆیشی ئەوەندەی لە دەستی هاتبوو، لە یارمەتیدانو رێنوێنی كردنما، درێغی نەكردبوو. بۆیە یەكەم كارێك كە كردم ئەوە بوو كە بازرگانێكم لە لیشبۆنە راسپارد كە نامەیەك بۆ هاوكارەكەی لە لەندەن بنووسێت، كە نەك هەر بڕە پارەیەك حەواڵەی ئەو خانمە بكات، بەڵكو بچێ بیدۆزێتەوەو بە ناوی منەوە سەد پاوەندی بۆ ببات و قسەی دەگەڵ بكات و هەوڵبدات، كە هەڵبەتە بە هەژاری دەژی، دڵخۆشی بداتەوەو پێی بڵێ ئەگەر من بمێنم و عەمر باقی بێ، پارەی زیاتری بۆ دەنێرم. لە هەمان كاتدا سەرو سەد پاوەندیشم بۆ هەر خوشكێكم لە لەندەن حەواڵە كرد، هەرچەندە ئەوان ئاتاج نەبوون، بەڵام وەزعیانیش زۆر باش نەبوو. یەكێكیان شووی كردبوو و بێوەژن كەوتبوو و، دووەمیان مێردێكی هەبوو كە لەگەڵیا باش و میهرەبان نەبوو.

بەڵام لە نێو كەسوكارو ئاشنایانی خۆمدا كەسێكم شك نەدەبرد جێگای متمانەبێ تا ماڵو سامانەكەمی پێ بسپێرمو بە خۆم بۆ بەرازیل بڕۆم، ئەم مەسەلەیە زۆری نیگەران و ناڕەحەت كردبووم.

جارێك هات بەسەرما كە بۆ بەرازیل بڕۆم و لەوێندەر بژیم، كە كاتی خۆی بوو بووم بە هاووڵاتی ئەویّ، بەڵام لە دڵی خۆما، بڕێك دەربارەی رەوشی ئاینی ئەویّ دوو دڵ بووم، كە ئەمە تۆزێ ساردی دەكردمەوەو، هەنووكە زیاتر لەو بارەیەوە قسان دەكەم. ئێستا ئاین و مەزەب رێگر نەبوو كە بۆ ئەوێندەر بڕۆم، بەو پێیەی كە مودەتێك لەویّ، لە ناو ئەواندا بووم، ئاینی باوی ئەو وڵاتە، بۆ من كێشەیەكی گەورە نەبوو، ئێستاش هەروا بوو. تەنیا لەو دواییانەدا هەندێجار لە چاو ڕابردوودا پتر بیرم لەم مەسەلەیە دەكردەوەو بیرم لە ژیان و مردن لە نێو ئەواندا دەكردەوە، خەفەتم لەوە دەخوارد كە چوو بوومە سەر مەزەبی كاتۆلیك و وام هەستدەكرد ناخۆشە پیاو بە كاتۆلیكی بمرێت.

بەڵام وەكو گوتم، ئەم مەسەلەیە كۆسپ و لەمپەری سەرەكی چوونم بۆ بەرازیل نەبوو، بەڵكو كۆسپی سەرەكی ئەوە بوو كە نەمدەزانی سەروەت و سامانەكەم بەكێ بسپێرم. بۆیە سەرەنجام بڕیارم دا سەروەت و سامانەكەم دەگەڵ خۆدا بەرمو بۆ ئینگلیستان بڕۆمو ئەگەر بۆم كراو توانیم ئەوا لەوێندەر، لە نێو خزمەكانمدا، كەسێكی ئەمین و دەستپاك بدۆزمەوە. ئەنجام بە هەموو سەروەت و سامانەكەمەوە بەرەو ئینگلیستان وەڕێكەوتم.

بۆ ئەوەی خۆم بۆ سەفەر ئامادە بکەم، سەرەتا لێبڕام (چونکە کاروانی کەشتیانی بەرازیل، خەریك بوو دەکەوتە ڕێ) وەڵامێکی لە بارو گونجاوی ئەو نامە بە ئینساف و پڕ دڵسۆزیانە بدەمەوە کە لەوێندەرەوە بۆم هاتبوون، سەرەتا نامەیەکی پڕ لە سوپاسم بۆ سەرۆکی دێری سانت ئوگوستین نووسی و لە نامەکەدا باسی ئەو حیساب و کیتابە پڕ ئینسافە و پێشنیازی ئەوەی کە بڕی ٨٧٢ مویدورم بۆ بنێرێتەوە کردو، تکام لێکرد کە پێنج سەد دانەی بدات بە دێرەکەو باقیەکەی کە سێ سەدو هەفتاو دوو مویدور بوو، بەسەلاحیەتی سەرۆکی دێرەکە بدەن بە هەژاران و تکام لە پاپای بەڕێز کرد کە دوعای خێرم بۆ بکات... هتد.

دوای ئەوە سوپاسنامەیەکم بۆ هەردوو وەکیلەکەم نووسی و زۆرم سوپاس کردن کە ئەو هەموو ئینساف و ڕاستگۆیی و وەفادارییەیان نواند بوو، بەڵام ئەوان ئەوەندە بەڕێز بوون کە نەدەشیا دیاریەکیان بۆ بنێرم.

سەرەنجام نووسراوێکم دا بە شەریکەکەم، زۆرم سوپاس کرد کە ڕەنجێکی زۆری دابوو و خزمەتی فرەی مەزراکەی کردبوو و، ئەو هەموو کاروبارەی بەڕێوە بردبوو و سەبارەت بە بەڕێوەبردنی پشکەکەی من لە ئایندەدا هەندێ پێشنیازم بۆ کردو پێمگوت کە چ دەسەڵات و سەڵاحیەتێکم بە پیرە پشتیوانەکەی خۆم داوەو، داوام لێکرد هەر دەرامەتێکم پێ دەبڕێت، مەگەر خۆم پێشنیازێکی دیکەی بۆ بکەم، بۆ ئەوی بنێرێت و دڵنیام کرد کە نەك هەر بە نیازم بۆ لای ئەو بڕۆم، بەڵکو دەمەوێ باقی تەمەنیشم لەوێ بەسەر بەرم. وەکو دیاری چەند پارچەیەك حەریرو ئاوریشمی زۆر پەسندی ئیتاڵیاییم بۆ هاوسەرەکەی و هەردوو کیژەکەی نارد، کە کوڕەکەی کاپتن گوتبووی هەیەتی، بەشی دوو دەستە جل ماهووتی پەسندی ئینگلیزیم، کە لەوە باشتر لە لیشبۆنەدا دەست نەدەکەوت، بەشی پێنج دەست، مەخمەلی ڕەش و ژمارەیەك تۆڕی فالاندری بەنرخیشم بۆ نارد.

دوای ئەوەی ئەم کارانەم ئەنجام دا، کاڵاکانم فرۆشتن و، هەر چیم هەبوو و نەبوو کردم بەپارە، کێشەی دواترم ئەمە بوو کە لە چ ڕێگایەکەوە بۆ ئینگلیستان بڕۆم. شارەزایی تەواوم لە دەریادا هەبوو، بەڵام سەبارەت بەوەی کە لەو کاتەی ساڵدا لە ڕێگەی دەریاوە بۆ ئینگلیستان بڕۆم، هەستم بە نیگەرانیەکی زۆر دەکرد، هەرچەندە هیچ هۆیەکی تایبەتیش بۆ ئەم نیگەرانیە نەبوو، بەڵام ئەم کێشەیە بە جۆرێ ئازاری دەدام، هەرچەندە جارێك ساك و جانتاکانیشم لە کەشتی بارکردن کە بڕۆم، ڕەئیم گۆڕی و ئەم کارەم نەك یەك چەل بەڵکو دوو سێ چەلان دووبارە کردەوە. ڕاستە کە لە دەریادا، زۆر مەینەتیم بەسەردا هاتبوو و یەکێك لە هۆیەکانی نیگەرانیەکەشم ئەمە بوو، بەڵام هەقە پیاو لەم جۆرە کاتانەدا حیسابی ئەنگێزە بەهێزەکانی زەینی خۆی بکات. دوان لەو کەشتیانەی کە هەڵم بژارد بوون لەگەڵیاندا بڕۆم، یانی ئەو دوانەی کە لەوانی دی پتر دڵم گرتبوونی و تەنانەت شتەکانیشم لە یەکێکیان بار کردوو و دەگەڵ کاپتنی دووەمیانیشدا قەول و قەرارم کردبوو، دوان لەم کەشتیانە دووچاری کارەسات بوون، یانی یەکێکیان جەزایریەکان گرتیان و، ئەویتریان لە ستارت، نزیکی توربی، دووچاری کارەسات بوو و سەرنشینەکانی، جگە

لە سێ نەفەریان، هەموو خنکان، بۆیە سواری هەر یەکێك لەو دوانە ببوایەم، بەدبەخت دەبووم، هەڵبەتە زەحمەتە بڵێم لە کامیانا بەدبەخت تر دەبووم.

لە کاتێکا بە دەم ئازاری ئەم بیرو خەیاڵاتەوە دەتلامەوە، کاپتنە پیرەکەم کە هەموو شتێکم پێی دەگوت، دڵسۆزانە لە سەفەری دەریایی ژێوانی کردمەوەو گوتی یان لە ڕێی زەمینییەوە بۆ گروین بڕۆمو لە کەنداوی (بیکی) یەوە بۆ روشل بڕۆم، کە لەوێوە تا پاریسو پاشان تا کالەو دوڤێر ڕێگایەکی خۆشو سەلامەتی هەبوو، یان بڕۆم بۆ مادریدو بە ڕێگای زەمینیدا هەموو فەرەنسا تەی بکەم.

بە کورتیەکەی، ئەوەندە مکووڕ بووم لەسەر ئەوەی جگە لە ڕێگای کالە بۆ دوڤێر، هیچ سەفەرێکی دەریاییم نەیەتە ڕێ، کە بڕیارم دا هەموو ڕێگاکان، لە ڕێگای زەمینییەوە تەی بکەمو هیچ پەلەیەکیشم نەبوو و، پارەشم بەلاوە مەبەست نەبوو و ئەم ڕێگایەم بەلاوە خۆشتر بوو و، جا بۆ ئەوەی لەوەش خۆشتربێ پیرە کاپتنەکەی برادەرم، کابرایەکی ئینگلیزی پێ ناساندم کە کوڕی بازرگانێکی لیشبۆنە بوو و، حەزی لێبوو ببێ بە هاوسەفەری من. پاشان دوو بازرگانی ئینگلیزی دیکەو دوو پیاوی گەنجی پرتوگالیش کە یەکێکیان تاپاریس دەهات، هاتنو بووین بە شەش نەفەرو پێنج خزمەتکار. دوو بازرگانەکەو دوو پرتوگالیەکە، لەبەر سرفەجۆیی بە دوو نەفەرو یەك خزمەتکاریان هەبوو و منیش دەریاوانێکی ئینگلیزم وەکو خزمەتکار بەگەڵ خۆ خستبوو، هەڵبەتە جگە لە جوعمە کە چونکە ژینگەکەی زۆر لا غەریب بوو، نەیدەتوانی لە سەفەرەکەدا دەوری خزمەتکار ببینێ.

## له كۆساران تێده پەڕین

بەمجۆرە لە لیشبۆنە دەرچووم. گروپەکەمان باش خۆیان ئامادە کردبوو، ئیدی بۆ خۆ بوو بووین بە گروپێکی بچکۆلەو ئەم شانازیەیان بە من دا کە بە فەرماندە ناوم بەرن، چونکە هەم لە هەموویان بە تەمەنتر بوومو هەم دوو خزمەتکارم هەبوو و لە ڕاستیا من دامەزرێنەری ئەم سەفەرە بووم.

وەکو چۆن بە گێڕانەوەی بیرەوەریانی سەفەرە دەریاییەکانم سەرم نەیەشاندبوون، ئێستاش سەرتان بەگێڕانەوەو باسی ئەم سەفەرە زەمینییەم نایەشێنمو تەنیا چەند بویەرو واریقاتێك دەگێڕمەوە، کە لەم سەفەرە سەختو دژوارەدا روویان دا.

کاتیٚ گەییشتینە مادرید، چونکە کەسمان شارەزای ئەسپانیا نەبووین، حەزمان دەکرد ماوەیەك لەوێندەر بمێنین تا دەرباری ئەسپانیاو دیمەنەکانی ئەویٚ بدینین، بەلاّم چونکە ئاخرو ئۆخری هاوین بوو پەلەمان بوو و، لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەردا لە مادرید دەرچووین. لیٚ وەختیٚ گەیینە قەراخی ناوچەی نابارا، خەڵکی شارەکانی سەر ڕێگاکەمان ئاگاداریان کردینەوە کە بەدەستی فەرەنسادا، لە کێوەکاندا ئەوەندە بەفر کەوتووە کە گەلیٚ لەو ڕێبوارانەی ریسکیان کردبوو کە لە کۆساران رەت بن، ناچار بوون بۆ پامپیلونا بگەڕێنەوە.

کاتیٚ گەییشتینە پامپیلونا، سەیرمان کرد بە ڕاستی وابوو، سەبارەت بە من کە خووم بە هەوای گەرمەوە گرتبوو و لە ڕاستیا لە شوێنێکا ژیا بووم کە بنیادەم بە زەحمەت تەحەمولی هەر جۆرە جلو بەرگێکی دەکرد، سەرماکە یەجگار ناخۆش، تاقەتبەرو چاوەڕوان نەکراو بوو، چونکە هەمووی دە رۆژ بوو لە کاستیلی کۆن دەرچوو بووین، کە هەواکەی نەك گەرم، بەڵکو زۆر گەرم بوو، هەرکە لەویٚ دەرچووین، بای کۆسارانی پیرنە هێندە توندو سارد بوو کە تەحەمول نەدەکراو پیاو لەوە دەترسا سەرما، قامکی دەستو پێی ببەستیٚ.

جوعمەی بەلەنگاز، کاتیٚ چاوی بە کۆسارانی بەفرپۆش کەوت وهەستی بەو سەرما بەترەفە کرد، تەواو ترسی لێنیشت، چونکە لە ژیانیا هەرگیز نە دیاردەی وای بینی بوو و نە هەستی پێکردبوو.

کاتیٚ لە ترسا بو پامپیلونا گەڕاینەوە، بەفرێکی هێندە توندو بە درێژا دەباری کە خەڵکی دەیانگوت ئەمساڵ زستانەکەی زوو هاتووە، و جادەو بانەکان، کە پێشترش باش نەبوون، ئێستا وایان لێهاتبوو هاتوچۆیان پێدا نەدەکرا. بە کورتیەکەی، لە هەندیٚ شوێندا، بەفرەکە هێندە قورس بوو کە نەماندەتوانی درێژە بە سەفەرەکەمان بدەینو چونکە بەپێچەوانەی وڵاتانی باکوورەوە، بەفرەکە نەی بەستبوو، لەگین بوو لەگەڵ هەر هەنگاوێکا بکەوینە ژێر بەفرەوەو زندە بەگۆڕ ببین، کاتیٚ دیتمان کە زستان بەڕێوەیەو ئومێدی ئەوە نیە هەوا خۆشتر ببێتو ئەمە بە

بیرەوەری خەڵکی ئەوروپا تووشترین زستان بوو، پێشنیازم کرد کە هەموومان بۆ فانتارابیا بڕۆین و لەوێوە بە سواری کەشتی بۆ بوردۆ بڕۆین، کە ڕێگای دوورمان بۆ نزیك دەبێتەوە.

ئێمە هێشتا خەریکی تاوتوێ کردنی ئەم پێشنیازە بووین کە چوار بەڕێزی فەرەنسایی هاتن، کە ئەوانیش وەکو چۆن ئێمە لە دیوی ئەسپانیای ڕێگا کوێستانیەکان پەکمان کەوتبوو، ئەوانیش بەو ئاوایە لە دەستی لای فەرەنساوە پەکیان کەوتبوو، ئەوان ڕێنوێنێکیان پەیدا کرد بوو کە لە نزیکی لوتکەی لانگ دۆك، بەجۆرێ پەڕاندبوونیەوە کە بەفرەکە زۆر سەغڵەتی نەکردبوون و لەو شوێنانەشدا کە کەوتبوونە ناو بەفرەوە، بەفرەکە بەستبووی و خۆیان و ئەسپەکانیان نەچەقی بوون و دەرچوو بوون.

ناردمان بە دوای ئەم ڕێنوێنەداو پێی گوتین ئامادەیە کە لە هەمان ڕێگاوەو بەبێ مەترسی بەفر دەربازمان بکات، بەو مەرجەی چەکی پێویستمان پێ بێ تا لە گیانلەبەرانی دڕندەمان بپارێزیت، چونکە دەیگوت دوور نیە لەو کەش و هەوا بەفراویەدا، گەلە گورگ لە قەد پاڵەکاندا پەیدا ببن و پەلامارمان بدەن، چونکە بەفرێکی زۆر کەوتووەو خواردنیان دەست ناکەوێ و برسین، گوتمان تۆ خەمی ئەم جۆرە گیانلەبەرانەت نەبێ، خۆمان چاریان دەکەین، تۆ تەنیا لە شەڕی گورگێن دوو پێ، کە لە گورگی ڕاستی مەترسیدارترن، بە تایبەتی کە لە قوڵی فەرەنسای کێوەکانەوە هەن، بمان پارێزە، ئەویتری لەسەر خۆمان.

دڵنیای کردین کە بە ڕێگایەکی زۆر ئەمینا دەمانبات و بە هیچ جۆرێ ئەو چەشنە مەترسیانەمان نایەتە ڕێ. بۆیە یەکسەر قاییل بووین کە دوای ئەو بکەوین. دوازدە نەفەری دیکەش بەخۆو خزمەتکارەکانیانەوە هەمان کاری ئێمەیان کرد، کە هەندێکیان فەرەنسایی و هەندێکی دیکەیان ئەسپانیایی بوون و وەکو باسم کرد، ویستبوویان بڕۆن، بەڵام ناچار بوو بوون بگەڕێنەوە.

ئەنجام، ڕۆژی ١١/١٥ هەموومان دەگەڵ ڕێنوێنەکەماندا لە پامپیلوناوە بە ڕێکەوتین. زۆرم پێ سەیر بوو، کە سەیرم کرد لە جیاتی پێشڕەوی بکات، گەڕایەوەو دروست لە هەمان ڕێگاوە کە ئێمە لە مادریدەوە هاتبووین، ڕۆیی و، پتر لە بیست میل بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتین. لە دوو ڕووبار پەڕینەوە و گەیینە نشێویەك و دووبارە خۆمان لە گەرمە سێرێکدا بینییەوەو ئەو دەڤەرەش زۆر جوان بوو و هیچ شوێنەوارێکی بەفری تیا نەبوو. لێ گزوگوم بە سەمتی چەپا پێچی کردەوەو لە ڕێگەیەکی ترەوە لە کۆسارانەکە نزیك بووە، ئەگەرچی گردو هەڵدێرەکانی ترسناك دەهاتنە بەرچاو، بەڵام کابرا هێندەی پێچە بە دەورە کردو بەو پێچاو پێچانەدا بردینی، کە بە بێئەوەی تووشی بەفرێکی ئەستوور ببین، لە بەرزایی چیاکانی پەڕاندینەوەو، لە ناکاوا شارە سەوزەڵان و بە پیتەکانی لانگ دوك و گاسکوینی نیشان داین کە یەکپارچە سەوزەڵان و ئاوەدانی بوون. هەڵبەتە یەجگار دوور بوون و هێشتا دەبوایە زۆر ڕێگای سەخت بڕین.

هەڵبەتە کاتێ کە شەو و ڕۆژێکی تەواو لە یەکبینە بەفر باری و نەمان توانی درێژە بە سەفەرەکەمان بدەین کەمێك نیگەران بووین، بەڵام کابرای ڕێنوێن گوتی کە خەیاڵمان ئاسوودە بێت و ئەم وەزعە زوو بەسەر دەچێت. دوای ئەوەی چەند ڕۆژێك بە چیایەکدا داگەڕاین و لە جاران

پـتر بـەرەو بـاکوور بووینـەوە، سـەیرمان کـرد کـابرا راسـتی دەکـرد، بـەمجۆرە بـە پشـتیوانی ڕێنوێنەکەمان درێژەمان بە ڕێگادا.

هێشتا دوو سەعاتێکی بۆ شەو مابوو، ڕێنوێنەکەمان کەمێك لە پێش ئێمەوە بوو و لێمانـەوە دیـار نـەبوو، کـە گزوگومـەت سـێ گـورگی دڕنـدەو ئـەوجا ورچـێك لـە کـونێکی کـەنار چـڕە دارستانێکەوە دەرهاتن، دوان لە گورگەکان پەلاماری ڕێنوێنەکەیان داین، ئەگەر نیو کیلۆمەترێك لـە ئێمـەوە دوور بایـە، بـەر لـەوەی بتـوانین فریـای بکـەوین گورگـەکان دەیـانخوارد. یـەکێك لـە گورگـەکان پـەلاماری ئەسـپەکەی داو ئـەویتریان هێنـدە کـوت و پـڕ پـەلاماری خـۆی دا، کـە نـەی پەرژایە سەر ئەوەی دەست بداتە دەمانچەکەی، هەر ئەوەندەی پێکرا کە بەرەو ئێمە هاواری کرد. جوعمە، بە تەنیشت منەوە بوو، پێمگوت سواری ئەسپەکەی ببێت و بڕوات بزانێ چی بووە، جوعمە هەرکە چاوی بە ڕێنوێنەکە کەوت، ئەویش بەدەنگی بەرز هاواری کرد "ئاە ئەرباب! ئاە ئـەرباب!" بـەڵام بوێرانـە یەکسـەر بـەرەو کـابرای دامـاو ڕۆیـی و بـە دەمانچـە لـەو گورگـەی دا کـە پەلاماری دا بوو.

کـابرای تـاین بـەختی هـەبوو کـە جوعمـە بـە هانایـەوە چـوو، چـونکە لـە وڵاتـی خۆیـدا سـەرو سەختی دەگەڵ ئەمجۆرە دڕندانەدا هەبوو و بە هیچ جۆرێ نەدەترسا. لە گورگەکە نزیك بووەوەو، وەکو گوتم، تەقەی لێکرد، لە کاتێکا ئەگەر هەر یەکێك لە ئێمە لە جێی ئەو بوایەین لە دوورەوە تەقەمان دەکردو لـەوە بـوو فیشـەکەکەمان بـە خەسـار چووبا یـان بـە هەڵـە تەقـەمان لـە ڕێنوێنەکـە کردبا.

بەڵام ئەم بویەرە خەڵکانی لە من ئازاتریشی دەخستە ترسەوەو، بەڕاستی کاتێ دەگەڵ دەنگـی دەمانچەکەی جوعمەدا لە هەردوو لاوە گوێمان لـە لوورەی گورگـەکان بوو کە لـە چیاکاندا دەنگـی دەدایـەوە، تێکـڕای گروپەکـە هەسـتمان بەمەترسـی کـردو، وامـان دەزانـی گەلـە گورگێـك دەوری داوین، بەڕاستیش پێنە دەچوو ژمارەیان هێندە کەم بێ کە جێی ترس نەبێ.

بە هـەرحاڵ کاتێ جوعمـە ئەم گورگـەی کوشـت، گورگەکـەی دیکـەش کە پـەلاماری ئەسپەکەی دابوو، یەکسەر وازی لە ئەسپەکە هێناو ڕۆیـی، خۆشبەختانە پەلاماری سـەری ئەسپەکەی دابوو، ئاسـنی سـەرو کەللـەو لغـاوی ئەسـپەکە بـەر کەڵبـەو ددانـەکانی کـەوتبوو و ئەسـپەکە ئاسـیوێکی زۆری پێنەگـەیی بـوو. بـەڵام ڕێنوێنەکـە بـە سـەختی برینـدار بـوو بـوو، چـونکە گورگەکـە لـە دوو شوینەوە گازی لێگرتبوو، جارێك بازووی گرتبوو و وجارێك کەمێك سەرووی ئەژنۆی گرتبوو، کە جوعمـە گـەیی بـووە سـەری و تەقـەی لـە گورگەکـە کردبـوو، لـەزەگ بـوو لـە ئەسـپەکەی بکەوێتـە خوارێ.

کە گوێمان لە دەنگی تەقەی دەمانچەکەی جوعمە بوو، هەموو پێمـان هـەڵگرت و هێنـدەی بۆمـان کرا بلەز خۆمان گەیاندە ئەوێ تا بزانین چی بووە (کە هەڵبەتە ئەمە کارێکی قورس بوو) هەرکـە لـە درەختەکان، کە بەرچاویان گرتبووین، ڕەت بووین، بە ئاشکرا دیتمان کە چی بووەو چۆن جوعمە ئەو پیاوە نەگبەتەی ڕزگار کرد بوو، ئەگەرچی یەکسەر بۆمان بەدیار نەکەوت کە چ جانەوەرێکی کوشتبوو.

بەڵام ئەو شەڕەی دواتر لە نێوان جوعمەو ورچەکەدا رووی دا شەڕێکی دژواری بێ وێنە بوو و هەر هەمووومان (هەرچەندە لە سەرەتاوە غافڵگیر بووین و خەمی ئەومان بوو) زۆرمان لەزەت لێبینی، چونکە ورچ گیانلەبەرێکی قورس و سست و خاوەو وەکو گورگ بە راپەڕو سووك نیە، جوڵەی کەمە، لەبەر ئەمە دوو تایبەتمەندی هەیە کە بە کردەوەکانیەوە دیارە، یەکەم: ئادەمیزاد خواردنی دڵخوازی ئەو نیە. هەڵبەتە ئێستا چونکە بەفر عاردی گرتبوو و یەجگار برسی بوو، دەنا لە وەزعی ئاساییدا پەلاماری بەشەران نادات، مەگەر بەشەرەکە شەڕی پێبفرۆشێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر لە بێشەیەکدا تووشی ببی، ئەگەر کارت بەکاریەوە نەبێ، ئەویش کاری بە کاری تۆوە نابێت، بەڵام دەبێ وریا بی، کە زۆر بە نەرم و نیانی رەفتاری دەگەڵ بکەیت و لە سەر رێگای لابچیت، چونکە زۆر بە خۆی دەنازێت و تەنانەت رێگای شازادەیەکیش نادات، لە راستیا ئەگەر لێی ترسایت باشتر وایە بڕوانیتە لایەکی دیکەو بە رێی خۆتا بڕۆیت، چونکە ئەگەر بوەستیت و لە جێی خۆت نەجوڵێیت و چاوی تێبڕیت هەندێجار بەمە توڕەو پەست دەبێت. بەڵام ئەگەر شتێکی تێ بسرەوێنێ و بەری بکەوێت، تەنانەت چیلکەیەکی بەقەد قامکێکیش بێت، ئەمە بە سووکایەتی وەردەگرێت و تا تۆڵەی خۆی نەکاتەوە وازناهێنێ، چونکە تەنیا بە تۆڵەکردنەوەی ئابرووی خۆی سوکنایی دێت. ئەمە تایبەتمەندی یەکەمیەتی. تایبەتمەندی دووەمی ئەمەیە کە ئەگەر یەکجار رقی لێت هەڵگرت، ئیدی قەت وازت لێناهێنێ. شەوو رۆژ تاقیبت دەکات تاتۆڵەی خۆی بستێنێ، کۆڵ نادات تا دەستی خۆیت لێنەوەشێنێ.

جوعمە، رێنوێنەکەی رزگار کرد بووین و کاتێ چووم بۆ لای، خەریك بوو یارمەتی دەدا کە لە ئەسپەکەی دابەزێت، چونکە یارۆی رێنوێن هەم زامدار بوو بوو و هەم ترسا بوو و لە راستیا ترسەکەی لە زامەکەی، زیاتر بوو. لێ لە ناکاو دیتمان ورچێك لە بێشەکەوە هاتە دەرێ. ورچێکی زەلامی ترسناك بوو، بە عەمراتم ورچی وا گەورەم نەبینی بوو. کە ورچەکەمان بینی، هەموو کەمێك غافڵگیر بووین، بەڵام جوعمە کاتێ ورچەکەی بینی نەك غافڵگیر نەبوو، بەڵکو شادی و بوێری بەسیمایەوە دیار بوو. جوعمە بەدەم ئاماژە کردنەوە بۆ ورچەکە سێ جار گوتی: "ئۆهـ! ئۆهـ! ئۆهـ!" ئەوجا گوتی: "ئەرباب! رێم بدە با زۆرانێکی دەگەڵ بگرم، کارێ بکەم تۆ بۆ خۆت پێ بکەنی."

زۆرم پێ سەیر بوو کە دیتم ئەوەندە خۆشحاڵە. گوتم: "گەوج مەبە. دەتخوا." جوعمە دووجار گوتی: "من بخوات! من بخوات! من ئەو دەخۆم، من کارێ دەکەم کە دڵی تۆ خۆش بکەم ،بت هێنمە پێکەنین. ئێوە لێرە بن، بزانن چۆن پێکەنینێکتان نیشان دەدەم!" ئەوجا دانیشت، لە چاوتروکانێکا پێڵاوەکانی داکەندو جووتێ پێڵاوی بن تەختی، لەوانەی کە خۆیان لە پێی دەکەن، لە بەرکی دەرهێناو لە پێی کرد. ئەسپ و تفەنگەکەی دایە دەستی خزمەتکارەکەی دیکەی من و وەکو با بۆی دەرچوو.

ورچەکە خەریك بوو بەکاوەخۆی دەهاتە پێشێ و بەنیاز نەبوو دەگەڵ کەسدا بە شەڕبێت، تا ئەوە بوو کە جوعمە زۆر لێی نزیك بووەوەو گازی کرد، وەکو ئەوەی ورچەکە زمانزان بێ و لە زمان تێبگات. گوتی: "گوێ بگرە، گوێ بگرە، لەگەڵ تۆمە." ئێمەش دووراو دوور لە دووی

جوعمه دەهاتین، چونکه ئیدی گەیی بووینه دیوەکەی تری کۆسارەکەو گەیی بووینە گاسکوین و بەناو بێشەیەکی گەورە کەوتبووین کە کەوتبووە تەختانیەکی هەموارو کراوەوە، هەرچەندە درەختەکانی چڕ بوون.

جوعمە کە زۆر لە ورچەکە نزیك بوو بووەوە، یەکسەر خۆی گەیاندیٚ و بەردێکی گەورەی هەڵگرت و سرەواندیە ورچەکە، بەردەکە ڕێك بە سەری ورچەکە کەوت، بەڵام وەکو ئەوەی بەر دیوارێك کەوتبیٚ، هیچ ئاسیوێکی نەگەیاندیٚ. بەڵام جوعمە گەییە ئامانجی خۆی، ئەوەندە نەترس بوو، کارێکی کردبوو کە ورچەکە واداربکات کە دوای بکەویٚ و خۆی گوتەنی پێکەنینێکی باشمان نیشان بدات.

ورچەکە هەرکە هەستی بە جەزرەبەکە کردو جوعمەی بینی، گەڕایەوەو دوای کەوت. هەنگاوی ئەهریمەنی گەورەی دەنا، هێندە خێرا دەڕۆیی، لە تۆ وایە ئەسپێکە و داویەتیە چوارناڵە. جوعمە دەستی بە غاردانیٚ کردو بەرەو لای ئێمە هات، وەکو ئەوەی هانا بۆ ئێمە بێنیٚ. لەبەر ئەمە هەموو بڕیارمان دا یەکسەر تەقە لە ورچەکە بکەین و خزمەتکارەکە (جوعمە) رزگار بکەین، هەرچەندە زۆری لیٚ پەست بووم کە ورچەکەی لێمان هاڕوژاند، لە کاتێکا ورچی داماو بە ڕێی خۆیدا دەڕۆیی. بە تایبەتی لەوە توڕە بووم کە ورچەکەی بەرەڵلای گیانی ئێمە کرد بوو و خۆی رای کردبوو، هاوارم کرد: "هەی سەگی بیٚ حەیا، ئەمە شۆخی و سوعبەتەکەت بوو؟ وەرە ئەسپەکەت بگرە، تا ئێمە بتوانین تەقە لە ورچەکە بکەین." گویٚی لە دەنگم بوو و هاواری کرد "تیرەندازی نا، تیرەندازی نا، ئێوە وەستان، پێکەنین."و چونکە بە خێراییەکی دوو هێندەی خێرایی ورچەکە رای دەکرد، لە ناکاو لەلایەکی ئێمەوە پەیدا بوو و کە چاوی بە دار بەڕوویەك کەوت، خێرا بۆ ژێر درەختەکە تاوی داو ئاماژەی بۆ ئێمە کرد کە دوای بکەوین، کە گەییە بن دارەکە، تفەنگەکەی لە پێنج شەش شەقاوی درەختەکە داناو، بە درەختەکەدا هەڵزنا.

ورچەکە خێرا گەییە ژێر دارەکە، ئێمەش دوور بە دوور دوای کەوتین، یەکەم کاریٚ کە کردی ئەمە بوو کە بە دیار تفەنگەکەوە وەستا، بۆنێکی پێوە کرد، بەڵام بە دەقی خۆیەوە وازی لێهێنا، ئەوسا وەکو پشیلە، هەرچەند زۆر زەلام و قورس بوو، بە دارەکەدا هەڵزنا، سەرم لەو بیٚ ئەقڵیەی جوعمە سووڕما بوو و، هیچ شتێکی کۆمیدیم لەم شتەدا نەدەبینی، تا ئەوە بوو سەیرم کرد ورچەکە چووەتە سەر دارەکەو ئێمەش لێی نزیکتر بووینەوە.

کاتیٚ ئێمە گەیینە لای دارەکە، جوعمە خۆی بۆ کۆتایی باریکی، شا لقێکی درەختەکە کوتاو ورچەکەش تا نیوەی لقەکە دوای کەوت، هەرکە ورچەکە گەییە هەمان ئاستی لقەکە کە باریکترو سست تر بوو، جوعمە پێی گوتین "ئەها تەمەشا بکەن، بزانن چۆن مام ورچ فێری سەما دەکەم"و دەستی بە هەڵبەزو دابەز کردو کەوتە هەژاندنی لقەدارەکە. ورچەکە کەوتە دوو دڵی، لە جێی خۆی وەستا، ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە تا بزانیٚ چۆن بگەڕێتەوە. ئێمەش هەموو بە کوڵی دڵ دەستمان بە پێکەنین کرد. بەڵام کاری جوعمە هێشتا دەگەڵ ورچەکەدا تەواو نەبوو بوو. کە بینی ورچەکە لە جێی خۆی وەستاوە، دووبارە کەوتە قسە کردن دەگەڵیا، وەکو ئەوەی ورچەکە ئینگلیزیەکی باش بزانێت، گوتی: "چ بوو؟ بزانم نەهاتیتە پێشتریٚ؟ تکایە وەرە پێشیٚ."

بەمجۆرە دەستی لە هەڵبەزو دابەزو هەژاندنی لقەکە هەڵگرت و ورچەکە وەکو ئەوەی لە قسەکانی ئەو حاڵی بووبێ، کەمێ چووە پێشترێ. ئەوجا جوعمە دووبارە کەوتە بازدان و ورچەکە وەستا.

وامان هەستکرد، ئەمە دەرفەتێکی لە بارە کە گوللەیەك بنەین بە تەپڵی سەری ورچەکەوە. بانگم لە جوعمە کردو گوتم لە جێی خۆی نەجوڵێت، تا تەقە لە ورچەکە بکەین. بەڵام جوعمە، زۆر بە جدی گوتی: "ئاه، تکا دەکەم! ئاه تکایە! تیرەندازی نا، من دوایی زوو تیرەندازی بکەم." هەڵبەتە مەبەستی ئەمە بوو کە "لە کاتی خۆیدا تیرەندازی دەکات." بە هەرحاڵ، بە کورتیەکەی جوعمە هێندەی سەما کردو بە پیرە ورچی رابوارد کە هەموو خەریك بوو لە پێکەنینا دەبوارینەوە، بەڵام هێشتا نەمان دەزانی نەخشەکە چیە، چونکە لە هەوەڵەوە وامان وێنا دەکرد گەرەکیەتی بەم هەڵبەزو دابەزە ورچەکە بخاتە خوارەوە، بەڵام دەرکەوت ورچەکە لەو زیرەکترە بە ئاسانی پێ لە تەختەی چرووك بنێت، چونکە ئەوەندە نەدەهاتە پێشەوە کە بەلانس و هاوسەنگی تێك بچێت، بەڵکو بە چنگ و لاقە زەلامەکانی توند خۆی دەگرت. بۆیە نەماندەتوانی وێنای ئەوە بکەین کە ئەم مەسەلەیە چۆن تەواو دەبێت و ئاقیبەتی ئەم گەمەیە بە کوێ دەگات.

بەڵام جوعمە، زوو لەم گومانەی دەرکردین، کە دیتی ورچەکە توندو مکووم خۆی بە لقە دارەکەوە گرتووەو ناتوانێت واداری بکات بێتە پێشترێ، گوتی: "باشە، باشە، تۆ مەیە پێشێ، من بێم، تۆ مەیە لای من، من دێم بۆ لای تۆ." بەدەم ئەو قسەیەوە خۆی گەیاندە سەرە باریکەکەی لقە دارەکە، کە بە هۆی قورسی کێشی ئەوەوە، داهاتەوەو خۆی پێدا شۆڕکردەوەو بەڕادەیەك لقەکە شۆڕ بووەوە، کە دەیتوانی خۆی هەڵداتە خوارێ و لەسەر پێیان خۆی بگرێتەوە، بەو جۆرە هاتە خوارێ و بەغار خۆی گەیاندە تفەنگەکەی، پیرە تفەنگی هەڵگرت و لە هەمان شوێندا وەستا. گوتم: "دەی جوعمە، ئێستا دەتەوێ چ بکەی؟ بۆچی تەقەی لێناکەی؟" جوعمە گوتی: "تیرەندازی نە، هێشتا نە، من ئێستا تیرەندازی، من نەکوژم، من بمێنم، دەمەوێ جارێکی دیکە پێکەنینەکەتان دەرچێ." بەڕاستیش وای کرد، کە ئێستا بۆتانی دەگێڕمەوە. کە ورچەکە بینی دژمنەکەی رۆییوە، پاشەو پاش بەسەر لقەکەی ژێر پێی خۆیدا گەڕایەوە، زۆر بە ئەسپایی ئەم کارەی دەکردو دەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ئاوڕێکی پاشەوەی دەدایەوەو پاشەوپاش دەڕۆیی تا گەییە قەدی درەختەکە، پاشان بە هەمان وریایی و هێواشی، لە کاتێکا بە چنگ و پەنجەکانی توند قەدی درەختەکەی گرتبوو، پێیدا هاتە خوارەوە، هەرجارەی پێیەکی دادەناو زۆر بە ئەسپایی دادەبەزی. رێك لەم کاتەداو پێش ئەوەی پێی بگاتە سەر عاردی، جوعمە لێی نزیك بووەوەو لوولەی تفەنگەکەی نا بە کونی گوێیەوەو پلی پێوەناو ورچەکە وەکو تاشە بەردێك کەوتە سەر عاردی.

ئەوجا جوعمەی فێڵباز ئاوڕی دایەوە تا ببینێ کە ئێمە پێدەکەنین یان نا، کە بەسەرو سیماماندا بۆی دەرکەوت کە خۆشحاڵین، خۆیشی بەدەنگی بەرز دەستی بە پێکەنین کردو گوتی: "ئێمە لە وڵاتی خۆمانا بەمجۆرە ورچ بکوژین." من گوتم: "بەمجۆرە دەیکوژین؟ خۆ ئێوە تفەنگتان نیە." گوتی: "نا، بە تفەنگ نا، بەڵام بەتیرو کەوانی زۆر بە قوەت."

بەڕاستی ئەمە گەمەیەکی خۆش بوو، بەلاّم هێشتا لە شوێنێکی ترسناکدا بووین و ڕێنوێنەکەمان بە سەختی بریندار بوو و نەمان دەزانی چیبکەین، لوورەی گورگەکان لە مێشکمدا دەنگی دەدایەوەو پیاو راست بڕوات، جگە لە دەنگێك کە جارێك لە کەنارێن ئەفریقیا گوێم لیّ بوو بوو، کە پێشترش باسم کردووە، ئیدی بە عەمراتم دەنگی وا ترسناکم نەبیستبوو.

بە دەم ئەم قسەوباس و وەزعو حالاّنەوە شەومان بەسەرا هات و، درەنگ دەکەوتین دەنا ئەگەر بە حەزی جوعمەمان بکردایە، دەیویست ئەو حەیوانە دێو ئاسایە کەولّ بکەین، چونکە پێی وابوو کەولّەکەی بەکەڵکمان دێت. بەلاّم هێشتا سیّ فەرسەخ ڕێگامان لەبەر بوو و ڕێنوێنەکەمان داوای لێدەکردین کە پەلە بکەین. بۆیە ورچەکەمان بە جێهێشت و درێژەمان بە سەفەری خۆدا.

بەفر هێشتا زەوی داپۆشی بوو، بەلاّم بەفرەکە بە ئەندازەو بە ترسناکی بەفری کۆسار نەبوو، وەکو پاشان بیستمان گیانلەبەرانی دڕندە، لە برسا، لە چیاکانەوە داگەڕابوون و بە دەشت و دەرو جەگەلاّنا وەر بوو بوون و لە گوندەکاندا خەسارەت و زیانی زۆریان دابوو و خەڵکی گوندەکانیان غافڵگیر کردبوو، مەڕو مالاّت و ئەسپێکی زۆریان خواردبوو و تەنانەت چەند کەسێکی خەڵکی دێهاتەکانیشیان کوشتبوو.

ئێمە هێشتا ڕێگایەکی ترسناکمان لەبەر بوو و، ڕێنوێنەکەمان گوتی ئەگەر گورگمان لیّ پەیدا بن، لەو دەڤەرەدا پەیدا دەبن، ، ئەویّ دەشتێکی بچووك بوو کە لە هەر چوارلاوە جەنگەلّ و بێشە دەورەی دابوو و بۆ گەیشتن بە جەنگەڵەکە دەبوایە بەراگوزارێکی باریك و درێژدا تێبپەڕین، تا دوای ئەوە خۆمان بە گوندێك بگەیەنین کە قەرار بوو شەو لەوێندەر رۆژ بکەینەوە.

کە خۆمان بە یەکەم جەنگەڵدا کرد، نیو سەعاتێکی بۆ خۆرئاوا مابوو، کەمێك پاش خۆرئاوا گەیینە دەشتایی. لە جەنگەڵی یەکەمدا هیچ شتێکی تایبەتیمان نەبینی، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە تەختانییەکی ناو جەنگەڵەکەدا، کە تیرەکەی هەر چارەکە میلێك دەبوو، پێنج گورگی زەلاممان بینی زۆر بەلەزو یەك لە دوای یەك لەجادەکە پەڕینەوە. لەوە دەچوو تاقیبی نێچیرێك بکەن و لە دوورەوە بەدیان دەکرد. هیچ ئاوڕێکیان لە ئێمە نەدایەوەو لە زەرفی چەند ساتێکدا ون بوون.

ڕێنوێنەکەمان، کە کابرایەکی بیّ باشارو ترسنۆك بوو، کە گورگەکانی بینی، ئاگاداری کردینەوە کە ئاگامان لە خۆبیّ، چونکە پێی وابوو گورگێن دیکەمان لێپەیدا دەبن. چەکەکانمان خستە سەر پیّ و خۆمان ئامادەو تەیار کرد، لیّ ئیدی تا لە جەنگەڵەکە دەرچووین و گەیینە دەشتانی، کە نیو فەرسەخە ڕێیەك دەبوو، هیچ گورگێکمان نەبینی، کە گەییشتینە دەشتەکە، بەرچاومان روون بووەوەو تەمەشایەکی دەوروبەری خۆمان کرد، یەکەم شتێك کە دیتمان ئەسپێکی تۆپیو بوو. بە گوتەیەکی دی ئەسپێکی بەستەزمان بوو کە گورگان کوشتبوویان و بەلای کەمەوە یەك دەرزەن گورگ تێی وڕوکا بوون، ناکریّ بڵێی دەیانخوارد، چونکە پێشتر هەموو گۆشتەکەیان خواردبوو و هەنووکە خەریك بوو ئێسقانەکانیان دەکڕاندەوە.

ئێمە خەیاڵمان نەبوو ئەم خوان و زیافەتەیان لێتێکبدەین. ئەوانیش خۆیان لە ئێمە نەگەیاند. جوعمە دەیتوانی تەقەیان لێبکات، بەلاّم ئەو تەکلیفەم لێنەکرد، چونکە پێم وابوو لەوەیە کاری لەوە پێویست ترمان بێتەڕێ. هێشتا نیوەی دەشتەکەمان تەی نەکرد بوو کە گوێمان لێبوو ئەو

گورگانەی کە لە  جەنگەڵەکەی دەستە چەپماندا بوون، دەلورێنن و هەر دوای ئەوە دیتمان کە سەد گورگ خەریکن یەکڕاست بەرەو لای ئێمە دێن. بە کۆمەڵ ڕێیان دەکردو زۆربەیان بە ریز دەهاتن، وەکو سوپایەك کە ئەفسەرانی ئەزموونداری رێبەری بکەن. تیا مابووم و نەمدەزانی دەبێ چۆن رەفتاریان دەگەڵ بکەم، تەنیا ئەوەم بە خەیاڵدا هات، کە بە ریزو نزیك لە یەکترەوە رێ بکەین. ئەنجام بلەز ریزمان بەست. جا بۆ ئەوەی ماوەی نێوان تەقەکانمان زۆر نەبێت، دەستوورم دا بە نۆرەو هەر جارەی گروپێك تەقە بکەین و ئەوانەی کە تەقە ناکەن، ئامادە بن کە ئەگەر پێشڕەوی گورگەکان بەردەوام بوو، یەکسەر ئامادەی نۆرەی دووەمی تەقەکردن لە گورگەکان ببن و، ئەوانەی نۆرەی یەکەم نابێ وا بنوێنن کە خەریکن تفەنگەکانیان پڕ دەکەن، بەڵکو دەبێ هەر یەکێکیان دەمانچەیەکی ئامادەو سواری، حازر بێ. بەمجۆرە دەمانتوانی تێکرا شەش نۆرە تەقە بکەین و هەر جارەی نیوەمان بە جارێ تەقە بکەین. بەڵام جارێ پێویستی بەم کارە نەدەکرد، چونکە لەگەڵ یەکەم نۆرە تەقەدا، دژمن بە تەواوەتی وەستا، چونکە تەنانەت لە دەنگی تەقەکانیش ترساو سڵەمیەوە. چوار گورگ کە گوللە بەر سەریان کەوتبوو تەختی زەوی بوون و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون و مەیدانەکەیان چۆڵ کرد، بەدەم رۆییشتنەوە خوێنیان لەبەر دەڕۆیی و بەفرەکەی سوور دەکرد. هەستم کرد کە گورگەکان وەستان، بەڵام یەکسەر پاشەکشەیان نەکرد. ئیدی بیرم کەوتەوە کە بیستبووم تەنانەت دڕندەترین گیانلەبەریش لە دەنگی بەشەر دەترسن، بە هەموو گروپەکەم گوت تا دەمیان دەگرێت بە دەنگی بەرز هاوار بکەن و یەکسەر دەرکەوت کە بە هەڵە نەچوو بووم، چونکە لەگەڵ هاوارەکەی ئێمەدا گورگەکان دەستیان بە پاشەکشە کرد. ئەوجا دەستوری نۆرەی دووەمی تەقەکردنم دا، ئەوە بوو گورگەکان بە دەم پاشەکشەوە کەوتنە هەڵاتن و خێرا لە بێشەو جەنگەڵەکەدا ون بوون.

ئەم کارە دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساندین کە دووبارە تفەنگەکانمان پڕ بکەین و، بۆ ئەوەی کات بە فێڕۆ نەدەین و درەنگمان بەسەرا نەیات، درێژەمان بە حەرەکەتی خۆمان دا، بەڵام هێشتا تازە لە پڕ کردنی تفەنگەکانمان بوو بووینەوەو کەوتبووینە رێ، لە هەمان جەنگەڵی سەمتی چەپەوە گوێمان لە دەنگێکی ترسناك بوو کە تۆزێ لە پێشەوەو لە هەمان رێڕەوی ئێمەوە دەهات.

خەریك بوو شەو دادەهات، بولێڵی ئێوارە بوو، کە ئەمە بە قازانجی ئێمە نەبوو. دەنگەکە خەریك بوو بەرزتر دەبوو، مەزەندەمان بۆ ئەوە دەچوو کە لورەو دەنگی هەمان جانەوەرانی موزیرە، لە ناکاوا دوو سێ کۆمەڵە گورگمان بینی، کۆمەڵێکیان لە سەمتی چەپ، دووەمیان لە پشتەوەو سێیەمیان لە پێشمانەوە بوو، وا دیار بوو کە ئابڵوقە درا بووین. بەڵام کاتێ دیتمان هێرشیان بۆ ئێمە نەهێنا، هێندەی لە تواناماندا بوو ئەسپەکانمان تاوداو درێژەمان بەڕێی خۆدا، بەڵام چونکە رێگاکە زۆر ناهەموار بوو، رەوتی ئەسپەکان لە لۆقەو یورغە تێ نەدەپەڕی و بەمجۆرە گەیینە بەر ڕاگوزاری جەنگەڵێك کە دەبوایە پێیدا رەت ببین و کەوتبووە کۆتایی دەشتێکەوە، بەڵام کاتێ لەو راگوزارە نزیکتر بووینەوە، بەوپەڕی سەرسامی دیتمان چەندین گورگ رێك لەبەر راگوزارەکەدا وەستاون.

لە ناکاوا، لە کەلێنێکی تری جەنگەڵەکەوە، گوێمان لە دەنگی تەقەی تفەنگێك بوو، کاتێ سەیری سەمتی تەقەکەمان کرد، ئەسپێك بە زین و هەوسارەوە، بە هەشتاو لەوێندەرەوە دەرپەڕی وەکو با تاوی دەدا، شازدە حەڤدە گورگیش بەوپەڕی تین و تاوەوە دوای کەوتبوون و لە راستیا هیچ بەینێکیان نەبوو، بەڵام پێمان وابوو کە ناتوانێت بە هەمان خێرایی درێژە بە راکردنەکەی بدات و گومانمان لەوە نەبوو کە ئەنجام گورگەکان دەیگەنێ، کە هەر واش دەرچوو.

بەڵام لە هەمان کاتدا تووشی دیمەنێکی یەجگار ترسناك بووین، کاتێ گەییشتینە ئەو کەلێنەی کە ئەسپەکەی لێ هاتبووە دەرێ، لاشەی ئەسپێکی دیکەو جەندەکی دووی پیاومان بینی کە ئەو گورگە برسیانە خواردبوویانن و، بێگومان یەکێك لەو دوو پیاوە هەمان ئەو کەسە بوو کە گوێمان لە دەنگی تەقەکەی بووبوو. چونکە تفەنگێکی لەلاوە کەوتبوو کە دیار بوو تەقەی پێکراوە. بەڵام سەرو لە ناو قەند بەسەرەوەی خودی ئەو پیاوە خورا بوو.

ئەم دیمەنە زۆری ترساندین و نەماندەزانی چ ڕێگەیەك بگرینە بەر، بەڵام گورگەکان ناچاریان کردین کە خێرا بڕیاری خۆ بدەین، چونکە بلەز بە ئومێدی ئەمەی کە بمان خۆن، دەوریان داین و لێم نەبێ بە درۆ سەد گورگ دەبوون. بە ڕێکەوت شتێك هاتە پێشەوە کە زۆر بە قازانجی ئێمە شکایەوە، ئەوەش ئەمە بوو کە لە نزیکی جەنگەڵەکەدا ، بەر لەوەی بگەینە ناو جەنگەڵەکە، کۆمەڵێك درەختی گەورە هەبوون کە، هاوین بڕابوونەوەو پێموایە بۆ بارکردن دانرا بوون، من گروپە بچووکەکەمانم بە نێو ئەم دارانەدا بردو لە پشت درەختێکی بەرزەوە ریزمان بەست. پێمگوتن کە لە ئەسپەکانیان دابەزن و لە پشت ئەو درەختەوە سەنگەر بگرن و لە شێوەی سێگوشەیەکدا کۆببنەوە، بە جۆرێ کە ئەسپەکانمان بکەونە ناوەڕاستی سێگۆشەکەوە.

ئەو کارەمان کرد، بە ڕاستی کارێکی دروست و بەجێ بوو، چونکە لێرەدا، ئەو حەیوانە دڕندانە، زۆر پیس تێمان ئاڵان، بەدەم نەڕە نەڕەوە بۆمان هاتن و لە کۆمەڵە دارە بڕاوەکە (کە وەکو گوتم کردبوومان بە سەنگەر) سەرکەوتن، دەتگوت زۆر بە پەلەنە بگەنە نێچیری خۆ. لەوە دەچوو زیاتر لەوە توڕە بن کە ئەسپەکانیان لە ناوەندماندا بینی بوو، چونکە پتر تەماحیان لە خواردنی ئەسپەکان بوو و، بۆ ئەوە هاتبوون. بە هاوسەفەرەکانم گوت واتە وەکو جارەکەی پێشوو، بە نۆرە تەقە بکەن، یەکێك تەقە بکات، یەکێك نەیکات، ئەلهەقی هێندە بەچاکی نیشانەیان گرتەوە کە بە ڕاستی توانیان لە نۆرەی یەکەمی تەقە کردنەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە گورگەکان بکوژن، بەڵام پێویست بوو بە بەردەوامی تەقە بکرێت، چونکە گورگەکان وەکو شەیتان بۆمان هاتبوون و، ئەوانەی دواوە، ئەوانەی پێش خۆیان پاڵدەنا کە پەلامارمان بدەن.

کاتێ لە نۆرەی دووەما بە ساچمە زەنەکانمان دەستمان بە تەقە کرد، هەستمان کرد کەمێك سڵەمینەوەو بە هیوا بووم کە ڕۆیی بن، بەڵام ئەم خۆزگەو هیوایە تەنیا یەك سات بەردەوام بوو چونکە گورگەکانی دیکە دیسان بۆمان هاتنەوە. لەبەر ئەمە بە دەمانچە، دوو نۆرە تەقەمان کرد، پێموایە لەم چوار نۆرە تەقەیدا هەڤدە هەژدە گورگمان کوشت و دوو ئەوەندەشمان بریندار کردو پەك خست، بەڵام هێشتا هەر کۆڵیان نەدەداو هێرشیان دێنا.

من حەزم نەدەکرد، بەپەلە لە دوا نۆرەدا تەقە بکەین. بۆیە خزمەتکارەکەی خۆم گاز کرد، جوعمە ناڵێم، چونکە جوعمە بە کاری گرینگترەوە خجڵ بوو و بە چالاکیەکی بێ وێنەوە، لە کاتێکا کە هێشتا مژولی تیرەندازی بووین، ساچمەزەنەکەی خۆی‌ومنی پڕکردبووەوە.بەڵێ خزمەتکارەکەی دیکەم بانگکرد، کیسەیەك بارووتم دایەو گوتم بیڕێژێت بە سەرانسەری یەکێك لە دارە بڕاوەکاندا، بە خەستی پێیا بڕێژێت. وایکرد، هەر ئەوەندە فریاکەوت لەگەڵ هاتنی گورگەکاندا خۆی نەجات بدات و هەڵێت.هەندێ لە گورگەکان لەسەر دارەکە بوون، کە من هەڵم کێشایە دەمانچەو فیشەکێکم نا بە دارەکەوە، بارووتەکە گڕی گرت. گورگەکانی سەر دارەکەش لەگەڵ دارەکەدا گڕیان گرت و سووتان، شەش حەوتێکیان لە ترسی ئاگرەکە خۆیان بە ناو ئێمەدا کرد. ئێمەش هەر لە جێوە ئەم چەند دانەیەمان کوشت.چونکە دنیا بەرەو تاریکبوون دەچوو وئاگرەکەش ترسناکتر دەینواند، گورگەکانی دی لە گڕ و بڵێسەی ئاگرەکە ترسان و کەمێك سڵەمینەوەو پاشەکشەیان کرد.

کە ئەم دیمەنەم بینی، دەستوورم دا کە دوا دەمانچەکان نۆرەیەکی تریش تەقە بکەن.دوای ئەوە هەر هەمووومان بە کەرەتێك و بە یەك دەنگ هاوارمان کرد. کە ئەنجام گورگەکان کلکیان لە گەڵۆزیان نا و رۆییشتن، ئێمەش یەکسەر هێرشمان بۆ ئەو بیست گورگە برینداره‌ی کە لە ئەرزەکەدا کەوتبوون برد و بە شمشێر دامان پاچین وشتەکە بە گوێرەی پێشبینییەکەی ئێمە کەوتەوە،چونکە گورگەکانی دی کە گوێیان لە ناڵەو قروسکەی هاورێکانیان بوو، بەند نەبوون و خێرا قووچانیان.

تێکڕا نزیکەی شەست گورگێکمان کوشت . ئەگەر رۆژ بووایە زیاتریشمان دەکوشت. پاش ئەوەی شەڕ تەواو بوو،چونکە هێشتا نزیکەی قۆناخە ڕێیەکمان لەبەر مابوو، دووبارە ملی ڕێگامان گرت و ڕۆییشتین.بە دەم ڕێکردنەوە چەندین جاری دی گوێمان لە لووره لووری ئەو گورگە برسیانە بوو کە لە نێو جەنگەڵ و لێرەوارەکەوە دەهات،هەندێجار وامان هەستدەکرد کە ژمارەیەکیان دیارن، بەڵام چونکە سپییەتی بەفرەکە چاوی بە رێشکەو پێشکە خستبووین، زۆر دڵنیا نەبووین. دوای نیو سەعاتێك گەییشتینە گوندێك کە قەرار بوو لەوێندەر لابدەین و بمێنینەوە. سەیرمان کرد خەڵکەکە هەموو شپرزەو چەکدارن، دیاربوو دوێشەو گەلەگورگ و چەندین ورچ هێرشیان بۆ گوندەکە بردبوو و خەڵکەکەیان زۆر ترساندبوو و، ئیدی ناچار بووبوون شەو وڕۆژ ئێشك بگرن. بە تایبەتی بە شەو تا پارێزگاری لە ماڵات و خەڵکەکەش بکەن.

بۆ بەیانی، ڕێنوێنەکەمان، هێندە نەخۆش بوو و هەردوو زامەکەی هەویان کردبوو و باسك و لاقی بە جۆرێ ئاوسا بوون کە نەیدەتوای ڕێ بکات.بۆیە ناچار بووین لەوێوە ڕێنوێنێکی دی بگرین و بەرەو تۆلۆز بڕۆین کە کەش وهەواکەی گەرمتر و خاکێکی جوان و پڕ باخی میوەی هەبوو و، نە بەفری لێبوو نە گورگ و نەهیچ دڕندەیەکی دی.کاتێ بەسەرهاتەکانی خۆمان لە تۆلۆز گێڕایەوە، گوتیان ئەم بویەرو واریقاتانە لە جەنگەڵە گەورەکەی بناری کۆجاڕدا ئاساییە، بە تایبەتی ئەگەر بەفر کەوتبێت. بەڵام چەندین جار ئەوەیان لێ پرسین ئەمە چ ڕێنوێنێك بووە کە

بەم وەرزی سەرماو سۆڵەیە بەو ڕێگا ترسناکەیدا هێناوین و گوتیان زۆر بەختمان یاربووە کە گورگ هەمووومانی نەخواردووە.

کاتیێ پێمان گوتن کە چۆن خۆمان سازداوەو ئەسپەکانمان خستووەتە نێوان خۆمان، کۆڵێك گاڵتەیان پێکردین و گوتیان خوا ڕەحمی کردووە کە گورگ هەمووومانی نەخواردووە.چونکە گورگەکان بۆیە وا شێلگیربوون کە ئەسپەکانیان دیتووە، ئەسپ خواردنی دڵخوازی گورگە.گوتیان گورگ لە کاتی ئاساییدا زۆر لە تفەنگ دەترسن، بەڵام کە برسیان دەبێت و چاویان بە ئەسپ دەکەوێت ئیدی ترسیان دەڕەوێتەوەو سڵ لە هیچ ناکەنەوە.خۆ ئەگە ئێمە بە زەبری تەقەی بەردەوام و بە فێڵی هەڵڕشتنی باروتەکە بەسەر دارە وشکەکاناو ئاگر تێبەردانی نەبوایە، لەگێن بوو هەر هەموومان ببین بە خۆراکی گورگ. خۆ ئەگەر بەوە ڕازی باین بەسەر ئەسپەکانەوە تەقەمان لێکردبان، گورگەکان نەیاندەتوانی لە ئەسپەکان نزیك ببنەوە.هەروەها گوتیان ئەگەر ئەسپەکانمان بەرەڵڵا کرباو هەموو بەیەکەوە مابایین، ئەوا گورگەکان هێندە بە تاسەوە بەر دەبوونە خواردنی ئەسپەکان کە دەمانتوانی بە سەلامەتی دەربچین، بە تایبەتی کە هەم چەکداربووین وهەم ژمارەمان زۆر بوو.

من بەش بە حاڵی خۆم تا ئەو کاتە هەرگیز ئەوەندە هەستم بە مەترسی نەکردبوو.چونکە بە چاوی خۆم دەمبینی کە پتر لە سێ سەد گورگ بە دەمی کراوەوە، بەرەو ڕووومان دێن تا بمانخۆن و هیچ پەناو پەناگەیەکمان شك نەدەبرد. یانی بە تەواوەتی دەستم لە خۆ شۆردبوو و،خۆم بە مردوو دەژمارد. هەڵبەتە هەرگیز ئامادە نیم جارێکی دی بەو کۆجاڕەدا گوزەر بکەم. ئامادەم هەزار فەرسەخی دەریایی ببڕم، ئەگەر سوور بزانم هەموو هەفتەیەکیش تووشی زریان دەبم، بەڵام جارێکی دی بەو کوێستانەدا نەڕۆم.

## جارێکی دی سەردانی دورگەکەم دەکەمەوە

تێپەڕبوونم بە فەرەنسادا شتێکی ئەوتۆی تیا نەبوو کە شایانی گێڕانەوە بێت. دەتوانم هەمان ئەو شتانە بگێڕمەوە کە هەر ڕێبوارێکی دی گێڕاویانەتەوە و بگرە لە منیش باشتریان گێڕاوەتەوە .لە تۆلـۆزەوە بـۆ پـاریس ڕۆییشـتم. لـەوێ زۆر نەمامـەوە، بـەرەو کالـە وەڕێکـەوتم. ڕۆژی ١/١٤ گەییمە دۆڤیر و ئەم سەفەرە زستانییە سەخت و ساردەم کۆتایی هات.ئیستا گەیی بوومە شوێنی خۆم، لە ماوەیەکی کەمدا هەموو داراییە تازە کەشف بووەکەم وەرگرتەوە. ئەو پارەیەشم کە دەگەڵ خۆ هێنابوو، گۆڕییەوە بە پارەی باوی ڕۆژ.

ڕێنمای سەرەکی و شیرەتکاری تایبەتیم هەمان دۆستی کۆنم، پیرە بێوەژنەکە بوو. چونکە ئەو پارەیەی لەبەرچاو بوو کە دابوومێ، ئامادە بوو بێهیچ چەند و چوونێك بە کەماڵی ئارەزووی خۆی کارم بۆ بکات.منیش بەوپەڕی دڵنیایی کردم بە ئەمینداری هەموو سەروەت و سامانەکەم. لە ڕاستیا هەر لە هەوەڵەوە تا ئیستا و تا کۆتاییش زۆر لە دۆستایەتی بێ غەل و غەش و بێ ریای ئەم خانمە ئابڕوومەندە ڕازی بووم.

کەوتمە بیری ئەمەی کە سەروەت و سامانەکەم بەو خانمە بسپێرم و بەرەو لیشپۆنە بڕۆم و لەوێندەرەوە بۆ بەرازیل. لێ کۆسپێکی تازەم هاتە ڕێ. ئەویش ئاین بوو، چونکە کەمێك لە مەزەبی کاتۆلیکی ڕۆمی بە گومان بووم، تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە هەندەران بووم، بە تایبەتی لە ساڵانی تەنیایی گۆشەگیریشدا ئەم گومانەم هەر هەبوو. لەبەر ئەمە دەمزانی چوونم بۆ بەرازیل، نەخاسما مانەوەم لەوێ بۆ من دەست نادات، مەگەر بێهیچ مەرجێك بچمە سەر مەزەبی کاتۆلیکی ڕۆمی، یان بریار بدەم خۆم بکەمە قوربانی ئاین و ببمە شەهیدی ڕێگەی مەزەبەکەی خۆم و لە دادگای تەفتیشی باوەڕان حوکمی مەرگم بەسەرا بدەن.بۆیە بریارم دا لە وڵاتی خۆم بمێنمەوەو ئەگەر ڕێگەیەکم دۆزییەوە کێڵگەو مەزراکانی بەرازیلم بفرۆشم.

بەو مەبەستە نامەیەکم بۆ دۆستە کۆنەکەی لیشپۆنەم نووسی، وەڵامی دامەوە کە بە ئاسانی دەتوانێت موڵکەکەم بۆ بفرۆشێت. بەڵام پرسیاری ئەوەی کردبوو ئایا ئامادەم بە ناوی منەوە بە دوو بازرگانی بفرۆشێت کە لە پاشماوەی وکیل و ئەمیندارەکانی منن،چونکە لە بەرازیل دەژین و وەکو ئاگادارم زۆر دەوڵەمەندن ، وا هەستدەکات حەزیان بە کڕینی هەیەو گومانی لەوەدا نییە کە دەتوانم موڵکەکان بە چوار پێنج هەزار دۆلاری ئەسپانی گرانتر بەوان بفرۆشم.

قاییل بووم و گوتم پێیان بڵێت نیازی فرۆتنی موڵکەکانم هەیە، ئەویش وایکرد.دوای نزیکەی هشت مانگ کە کەشتییەکە گەڕایەوە، خەبەری دامێ کە ئەوان پێشنیازەکەیان قەبووڵ کردووەو بڕی سی و سێ هەزار دۆلاریان بۆ دۆستەکەی لیشپۆنەم حەواڵە کردووە تا وەری بگرێت.

لە وەڵادا، من سەنەدو قەباڵەی فرۆشەکەم کە لە لیشپۆنەوە ناردبوویان مۆرو ئیمزا کرد و بۆ دۆستە کۆنەکەمم ناردەوە، ئەویش سی و دووهەزارو هەشت سەد دۆلاری بەهای موڵکەکەی بۆ ناردم. منیش وەکو قەولم دابوویە، کارێکم کرد کە تا لە ژیانابێ ساڵانە سەد مویدوری بدرێتێ و دوای خۆیشی ساڵانە پەنجا مویدور بە کوڕەکەی بدرێت کە هەقی کرێی موڵکەکە بوو.بەمجۆرە

هاتمە کۆتایی گێڕانەوەی بەشی یەکەمی ژیانی پڕ یەغباڵو فرە بەسەرهاتی خۆم ، ژیانێك کە مەشیەت و خواستی خوایی، وەکو گەمەی شەترەج بۆی دانابووم، ژیانێکی هێندە هەمەجۆر بوو کە ڕەنگە دنیا جارێکی دی شتی وەها بە خۆیەوە نەبینێت.دەسپێکی ژیانم زۆر بێ سەرو بەرو گەوجانە بوو، بەڵام کۆتاییەکەی گەلێك لەوە خۆشتر و باشتر بوو کە وێنام دەکرد.

هەڵبەتە هەمووتان وا بیردەکەنەوە کە نەدەبوو دوای ئەم خۆشییە، هیچ سەرکێشیەکی دیکە بکەم، خۆ ئەگەر هەلومەرجەکە جۆرێکی دی بوایە، هەر وام دەکرد و خۆم لە قەرەی هیچ ریسکێکی دی نەدەدا. بەلأم من دەگەڵ ژیانی سەرگەردانیدا ڕاهاتبووم،خێزانم نەبوو و خزم و کەسوکاریشم زۆر نەبوون،هەرچەندە سەروەت و سامانێکم هەبوو، ئاشناو دۆست و بناژۆی زۆرم نەبوون.هەرچەندە موڵکەکانی بەرازیلم فرۆشتبوون، بەلأم خەیاڵی ئەو ولأتەم هەر لەسەر دەر نەدەچوو.لە بیری ئەوەدا بووم کە دووبارە بچمە سەفەر، بە تایبەتی زۆر تاسەی دیداری دوڕگەکەمم دەکرد و حەزم دەکرد بزانم ئایا ئەسپانییە بێچارەکان هێشتا لەوێندەرن و ئەو کەسە دەغەڵبازانەی کە لەوێندەر مابوونەوە، چۆن ڕەفتاریان دەگەڵ دەکەن.

دۆستە دڵسۆزەکەم، خانمە بێوەژنەکە، دڵسۆزانە ئامۆژگاری دەکردم کە ئەم سەفەرە نەکەم،توانی بۆ ماوەی نزیکەی حەوت ساڵان ئەم سەفەرەم دوا بخات و، لەم ماوەیەدا من بووبووم بە سەرپەرشتیارو سەروەسێتی دوو فرزەندی کوڕی یەکێك لە برایەکانم. کوڕە گەورەکەم کە بە خۆی شتێکی هەبوو کرد بە کەسێکی گەورەو دیار و جگە لەو موڵکانەی کە هەیبوو، مووچەیەکیشم بۆ بڕییەوە کە لە دوای مەرگم بۆ خۆی وەری بگرێت. کوڕە بچووکەکەم نارد بۆ فێربوونی دەریاوانی و کەشتیرانی و دوای پێنج ساڵ مەشقی دەریاوانی و کەشتیرانی لەسەر کەشتییەکی باش دامنا و بۆ دەریام نارد. هەر ئەو کوڕە گەنجە، پاشان کاتێ کە پیر بووم سواری کەشتییەکەی خۆی کردم تا دیسان بکەومەوە ڕیسك و سەرکێشی.

منیش لەم ماوەیەدا تا ڕادەیەك خۆم گرتەوە، چونکە بەر لە هەر شتێك ژنم هێنا،کە کارێکی زۆر باش بوو وبووم بە خاوەنی سێ منداڵ، دوو کوڕ و کچێك.بەلأم ژنەکەم مرد و کاتێ برازاکەم پاش سەفەرێکی سەرکەوتوو بۆ ئەسپانیا،بۆ ولأت گەڕایەوە، ئارەزووی سایکۆلۆژی سەفەردۆستی خۆم و سووربوونی ئەو کە بە کەشتیەکەی ئەوودەگەڵ ئەودا سەفەر بکەم، بەسەرما زاڵ بوون و،بە سەفەرێکی بازرگانی، دەگەڵ کەشتیەکەی ئەودا بۆ هیندی رۆژهەلأتی کەوتمە ڕێ. ئەم ڕێکەوتە لە ساڵی ١٦٩٤دا رووی دا.

لەم سەفەرەدا سەرێکی دوڕگەکەی خۆم دایەوە.ئەو ئەسپانیاییانەم بینی کە جێگای منیان گرتبووەوەو بە دوورو درێژی گوێم لە سەربهووردو چیرۆکی ژیانی ئەوان و ئەو چەند کابرا شەرەنگێزە گرت کە لەوێم بەجێهێشتبوون:بۆیان گێڕامەوە کە چۆن لە هەوەڵەوە سووکایەتیان بە ئەسپانیاییە بەلەنگازەکان کردبوو، چۆن پاشان لێکدی تۆرابوون و ئاشتبووبوونەوە، یەکیان گرتبوو و جیابووبوونەوەو، چۆن ئەسپانیاییەکان لە ئەنجاما ناچار بووبوون پەنابەرنە بەر زۆر و چۆن ئەوان ملیان دابووە خەت و ئەسپانیاییەکان چۆن پیاوانەو مەردانە ڕەفتاریان دەگەڵ کردبون، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی درێژ بوو و ئەگەر بچووینایە ناوی، وەکو

بەسەرهاتەکەی من جۆرەها لق و پۆپی سەیرو سەمەرەی لێدەبووەوە، بە تایبەتی چیرۆکی شەڕەکەیان دەگەڵ کاریبییەکاندا، کە چەند جارێك بۆ دوڕگەکە هاتبوون. هەروەها چیرۆکی ئەو پێشکەوتنانەی کە ئەسپانیاییەکان لە دوڕگەکەدا دروستیان کردبوو.هەروەها ئەمەی کە چۆن پێنج کەسیان هەوڵیان دابوو بگەنە وشکانی ئەسڵی و چۆن لەوێ یازدە پیاو و پێنج ژنیان بە دیلی هێنابوو..کە من گەییمە ئەوێ سەیرم کرد نزیکەی بیست منداڵ لە دوڕگەکەدا هەن.

نزیکەی بیست رۆژ لە دوڕگەکەدا مامەوە، هەموو شتێکی پێویستم لەگەڵ خۆما بۆ بردبوون، وەك: چەك، باروت، فیشەك، جل و بەرگ، ئامێرو، دوو کرێکار کە لە ئینگلیستانەوە دەگەڵ خۆما هێنابوومن و لەگەڵ دارتاشێك و ئاسنگەرێکدا.

سەرباری ئەمەش بووم بە شەریکیان، مۆڵکایەتی دوڕگەکە بۆ من مایەوە، بەلاّم بە گوێرەی رێکەوتن، هەندێ بەشی دوڕگەکەم دا بەوان. پاش ئەوەی لەسەر هەموو شتێکی پێویست رێککەوتین، بەڵێننامەیەکم لیوەرگرتن کە دوڕگەکە بەجێ نەهێڵن، ئەوسا ئەوێم بەجێهێشت.

لەوێوە سەرێکی بەرازیلم دا، لەو ولاّتەوە کەشتییەکم ڕەوانەی دوڕگەکە کرد تا خەڵکی زیاتر بۆ ئەوێندەر ببات، جگە لە کەرەسە وشتی پێویست، حەوت ژنیشم بە کەشتییەکەدا بۆ ئەوێ نارد کە پێموابوو بۆ خزمەتکردن یان زەماوەند دەگەڵ دانیشتوانی ئەوێدا زەرورین. بەڵێنم بە پیاوە ئینگلیزەکان دا کە شتی پێویستیان بۆ بنێرم، بەو مەرجەی کاری کشتوکاڵی بکەن و پاشان بەڵێنەکەی خۆم بردە سەر. ئەوانیش پاش ئەوەی جووتیاری کارامەو لێهاتوویان لێدەرچوو، سەلماندیان کە خەڵکانی زۆر دروستکارو کۆشیارن و زەوییەکانیان دابەش و پارچەپارچە کرد.جگە لەمانە لە بەرازیلەوە پێنج سەر چێڵم بۆ ناردن کە سێ سەریان ئاوس بوون و هەروەها ژمارەیەك مەڕو بەرازیشم بۆ ناردن، کە جاری دووەم بۆ دوڕگەکە هاتمەوە سەیرم کرد ژمارەیان زۆر زیادی کردووە.

وێڕای ئەمانە، ئەم حیکایەتەشیان بۆ گێڕامەوە کە چۆن سێ سەد کاریبی هاتوون بۆ دوڕگەکەو ئەوێیان داگیر کردبوو و مەزراکانیان وێران کردبوون و چۆن دووجاران دەگەڵیان بەشەڕ هاتبوون و جاری یەکەم شکابوون و سێ نەفەریان کوژرابوون، بەلاّم لە ئەنجاما گەرداوو زریان بەلەم و لۆتکەی دژمنەکانیانی غەرق کردبوو و دژمنەکانیان یا لە برسا مردبوون یان بە دەستی خەڵکی دوڕگەکە کوژرابوون و خەڵکی دوڕگەکە دووبارە مەزراو کێڵگەکانیان وەرگرتبووەوەو سەرلە نوێ دەستیان بە کار کردبووەوەو تا ئیستاش لە دوڕگەکەدا دەژیان.

ڕەنگە لە ئایندەدا هەموو ئەم ڕووداوانەتان دەگەڵ چەند واریقاتێکی سەیری دیکەدا، کە لە ماوەی سەرکێشییەکانی دەساڵی دواتری تەمەنمدا ڕوویان دا، بۆ بگێڕمەوە.

تێبینی: لە ٢٠١٤/٨/١٨ دا لە گەڕەکی ڕزگاری/ سلێمانی، لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

رابینسون کروزو/ دانیل دفو/ ترجمەی: مرجان رضایی/نشر مرکز/ چاپ اول/١٣٩٠

# فەرهەنگۆك

## ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قورگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاّ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەكید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری كەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داكردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسكەمیل: كورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوه هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشه: کێشه، گرفت

ئاودڕکه: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووک و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك ،ئێزنگ وقەلأشکەری

ئەرخایەن: دڵنیا، خاترجەم

ئۆفیس: نووسینگه، ژووری کار

ئاخاوتن:قسەکردن، پەیڤین

ئیش: کار

ئاوەژوو: بەرەواژ، سەروخوار، پێچەوانه

ئێزنگ: داری سووتاندن

ئاشچی: چێشت لێنەر، ئاشپەز

ئاوێزه: چلچرا،پلپلەو سلسلەی خشلی ژنان

ئاوارته: ریزپەڕ، جیاکراوه، دوورخراوه، پەڕێنراو

ئەمەك: وەفا، ئەمەگ، نمەکناسی

ئیفترا: بوختان

ئەزبەرکردن: لەبەرکردن

ئەشقی: شەقاوه، بەرەلأ، یاخی، ملهوڕ

ئەرباب: خۆش مەشرەف، رووخۆش، خۆش مامەڵه

ئاچەر: هاچەر، کلیل

ئاڵدۆزی: رۆکێشی زێڕو زیوو، سورمه ڕێژ، سورمه چن

ئۆردووبەز: جێگەی دابەزین و ئیسراحەتی لەشکر

ئەڵها: ئارەزوو، کەڵکەڵه.

ئەسپەك: نەخۆشییەکی مێشکه، ماخولیا و جۆره شێتییەکه.

## ب:

باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی

باب: باوك

بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالأڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەله، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشه

بێنەوا: هەژار، بێچاره، داماو

به تۆبزی: به زۆر، به خورتی

به روحم : به بەزەیی ، دلۆڤان

برنجه: جۆره کانزایەکه، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم، ڕەخ

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلانس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بە سوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: رووداو

باژێرۆك: شارۆچکە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو

بەرجەوەن: دیمەن

بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە

بوودڕ: ڕەهۆڵ، دادڕاوی زەوی، کەند

بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ

بەڵخ: بەڵغ، کەڕوو

باسریشك: بەفرو باران پێکەوە

بوخچە: پارچەیەکی چوارگۆشەیە بۆ کەل و پەل تێنان

بەدخوا: دڵپیس، لە چاکە بەدوور

بەعزکردن: تۆران. زیزبوون، قسە دابڕان

بن عام: خزمی دوور

بەگەن: پەسند

باپەڕ:نەخۆشی لە سەرماوە، سەرمابوون

بۆز: ڕدێنی ماش و برنج، شینی ئامال سپی

بیژی : زۆڵ ،حەرامزادە، شەیتان و وریا

بەتڵ: بەشێك

بوری : تێپەڕی

بادیهەوا: بە خۆڕایی، بەفیز و دەعیە

بزە: زەردەخەنە

بە خۆی نەوەستا: خۆی پیٚ زەوت نەکرا

بە خورتی: بە زۆر، بە تۆپزی

بنیچە: ڕەچەڵەك

بەور: دڕندەیەکی بە سامە

بالوکە: شتێکە وەك زیپکە و، زیپکەش نییە

بیٚ زات: بیٚ زاخ، ترسنۆك

بە غار: بە ڕاکردن

بڕێك: کەمێك ،تۆزێك، هەندێك

بەد ڕا: بیرخراپ، نیاز خراپ

بژوێن: زەوی پڕ گیا و لەوەڕ، بژوون، زەمەند

باخفم: قسەبکەم.

## پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤرا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەلاّمەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێلاّو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبوونەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بیٚ مانا

پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشك

پەتۆ: بەتانی

پەرکەم:فیٚ، خوودار، پەتاو هەلاّمەت پێکەوە، ئەنفلۆنزا

پێشهات: قەومان، بەسەرهات

پشتیر: گەوڕ، تەویلە

پەتەڕی: پەتیارە، شێتۆکە

پڕکێشی:پێداگری، سووربوون، جورئەتکردن

پاکەن: کەوش کەن، جێگەی پێلاّو داکەندن

پەیڤ: وشە

پسۆك: قرچۆك، بەنێك زوو بپسێت.

پاخوا:بەشی رۆژە سواغێك قوڕ، کلۆشی بەر پیٚ بۆ گێرە

پوشپار: گیای وشك

## ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆڵا: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلاّن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، تویێڵ،جەمین

تۆرینۆک:تووڕەو دڵناسک

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسک

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو، تاوەسووت

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەک: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریک

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

toوک: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەک

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

تەوسخەن:ژارخەن، پێکەنین بە تەوسەوە، پێکەنینی تەوسامێز

تاراوگە : مەنفا

تیز: تەوس، توانج، گاڵتە پێکردن

تامپۆن: دەعم، پێکدادان

تازەمۆد: نۆباو

تەشقی ئاسمان: بڵندایی ئاسمان

تەرە: تاراو، لە لانە تۆراو، ئاوارە

تەرزەکوت: تەرزەشکێن، درەخت یان زەرعاتێك تەرزە لێی دابێت.

تلیانە: قەرتاڵە، سەبەتە، سەبەتەی میوەچنی

تەنی: هیس، ڕەشایی نیشتووی دووکەڵ

تۆغیان: هەڕەمە، هەڕەت

تابان: درەوشاوە، بە درەوشین

تەشپی: بادیە، کاسەی دارین

## ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولا، بزوا

جڤاکی: کۆمەلایەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

جیازی: کەلوپەلی بووك بۆ ماڵی زاوا.

جنزەدە: کەسێك جنۆکە دەستیان لێوەشاندبێت

جوونیێ: تاقمێك، دەستەیەك، کۆمەڵێك

جەوەندە:مەتارە، کوندەی بچووك بۆ ئاو تێدا هەڵگرتن، دێمکە

جوابە جەنگی: بە دەمدا هاتنەوە.

جەنگە: گەرمە، هەڕەمە، هەڕەت

## چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنكال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقە هاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسكێش، جاسووس، سیخوڕ

چەلیپا: خاچ، سەلیب

چاوگ: دەستە چیلە

چوون: وەك،

چپەدوو: دووان بە چپە

چەقەن: زەوی تمتم، ڕەقەن.

## ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

حێل: گەورە، زۆر گەورە

## خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشكۆك: دەلال، جوانكیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنكاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاٚم، نۆكەر، خزمەتكار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ کەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمڕە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

خۆشکێنی: بێ فیزی، خۆ بە زل نەزان

خوو: فێ ، پەرکەم

خۆیبوون: سەربەخۆیی

خڕ: هەموو، گشت، تێکڕا

خاترجەم: دڵنیا، ئەرخایەن

خوارنگە: خواردنگە، چێشتخانە

خاکرێز: قوڵکەیەك کە خاك و خۆڵی تێ فڕێ دەدرێ

خانەزا: نۆکەرێك کە لە ماڵی ئاغاکەی لە دایك دەبێ

خاترخوازی: خاترخازی، دوعاخوازی، خواحافیزی

خاراو: ڕاهاتوو لە کار، قاڵبووی کاران

## د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر توڕە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەلاَت و بورجان)

داپیره: دایە گەورە، نەنك
دەلیڤە: دەرفەت ، هەل
درەخت: دار
دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی
درِوو: درِك، چقلْ، درِی
دلْرِەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دلْرەق، رِکوونی
دامە: مۆر
دنگ: دینگ، ئامرازی چەلْتووك كوتان
دەلەكدان: پالْنان
دردۆنگ: دوودلْ، بە گومان
دوونیەتی: خوێرِیەتی، بچووكی
دەلْەچە: مەرایی كەر، ماستاوچی
دۆنكی: داردەستی حەسحەسی ناو بازارِ
دیرۆكنووس: مێژوو نووس
دەرِەڤی: هەلْەهات، رایدەكرد
دەرۆزە: گەدایی، سوالْ
داشۆ: كاكە، براگەورە
دەهری : زۆر تورِە
دەخەبتن : خەبات دەكەن
دۆغری : راست ، دروست
داغان : رووخان، وێرانكردن
دەغوول: دەسبرِ،خاپینۆك، فێلْباز، گزیكار
دوئێل: مبارەزە
دۆتمام: كیژەمام، ئامۆزا (بۆ كچ)
دەسەنە: بەخشین،
دورِ: ناوەند، ناوەرِاست، چەق
دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەلە
دەست قلْپ: مالْ بەفیرِۆدەر
دۆتمیر: كیژەمیر، شازادەخانم
دەقەتاند:بەسەردەبرد
دلاْوا: بەخشندە، دلْ تێر، بە دەست و دلْ
دادڤانی: دادوانی، قەزایی
دەمە قالْە:دەمبۆلْە، دەمقرِە، دەمەقالْێ
دێر: جێگەی رِەبەنی خاچ پەرست
دمۆر: دومۆر، شووم، نەحس
دەماوەر: قسە زان، وتە پاراو، چەقاوەسوو
دەقەتێ:دەبورێ
دەحكە: مشت و مرِ، گەنگەشەی توند

**دایەن: ئەو ژنەی شیر دەدات بە منداڵی خەڵکی، ژنی بەخێوکەری منداڵی خەڵکی**

**دەخەلەساین: رزگار دەبووین**

**دەساوێز: بیانوو، پەڵپ**

**دەڵەمە: دۆڵەمە، شتێك بە تەواوەتی نەمەیی بێت**

**دزێو: ناحەز، ناشیرین**

**دەسەجەمی: بە کۆمەڵ**

**داشدار: لایەنگر و پارێزەر، پاسەوانی قەلاّ**

**دوم: کلك**

**دین: شێت**

**دەلال:جوان و ڕەزا سووك**

**دەخمە: گۆڕ، قوڵکەی ژێر زەمین**

**دەسومشتاق: دەسومۆچ**

## ڕ:

**ڕەقسین: سەما، هەڵپەڕین**

**ڕنەك: قەشەو**

**ڕدێن: ریش**

**روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین**

**رۆحانی: پیاوی ئاینی**

**راز: نهێنی**

**ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز**

**ڕك : کووڕ، ڕژد**

**رابوون: هەستان**

**رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو**

**ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك**

**رمووده: ئالووده، هۆگر**

**رادەست: خۆ بە دەستەوەدان**

**رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە**

**رەقیب: نەیار، خەنیم**

**ریسك: مغامەرە**

**ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بیٚ نموود**

**رۆنیشت: دانیشت**

**رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی**

**راموسان: ماچ**

**رەهەنە: رەهەندە، عەوداڵ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ**

**رەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب**

**رەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن**

**ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشکار**

ڕیشخەن: گاڵتە پێکردن

رەعیەت: ڕایەت، مسکێن

رەزا سووک: ئێسک سووک، رەزا شیرین، دەلال.

راجفرین: لەرزین، ڕاچڵەکین

ڕەدا: رازی بوون، قاییل بوون

رەخ: رۆخ، قەراخ، لا، کەنار

رازگر: مەحرەمی راز، نهێنی پارێز

رۆزا: جۆرە گوڵێکە، گوڵی پیرۆز

رو‌ودار: بێ شەرم، رووقایم، بێ چاو ورو‌و

ڕاڤە: واتا شیکردنەوە، تەفسیر

ڕایە: حەدد، شیاوی

ڕەتبلاو: هزرو بیر بلاو، پەرتحەواس

ڕەقاڵ: رەقەڵە، داڵگۆشت، لەڕو لاواز، لەجەر

## ژ:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیارە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆلاو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕپییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: رەژوو، خەڵووز

زگرەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆک : بچیکان ، منداڵان

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆک: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

زەحف: زۆر، فرە، مشە

زۆڵ: بیژ، حەرامزادە، زۆرزان

زەرگاڵ: پێلاوی لە موو چندراو، بەلەک پێچ، گۆرەوی تا ئەژنۆ

زێبا: جوان، خشیک، ڕند، خشکۆک

زراڤ: باریک، شووش.

## ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی ، پێکەنینی تەوسامێز

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

## س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك، لاوژە

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، ترۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل: پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: ڕێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سوێ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسکی گیا

سەرگەڤار:سەرۆکی خێزان، گەورەی خێزان

سۆر: سوور، ڕەنگی سوور

سەوقاتی: دیاری

سالول: ژووری ئینفیرادی زیندان

سایمەل: جۆرێ نەخۆشی ئاژەڵ و ماڵاتە

سوتلی: قەپاتمە، ژنی بێ مارەیی بۆ ڕابواردن

سەربهوورد: سەربردە، بەسەرهات

سیپاڵ: جلك، بەرگ و کول و پەڵ، کۆنە پەڕۆ

سۆزانی: جندە، قەحپە

سیقال نەگر: مشت و ماڵ نەگر

سوخەت: سیفەت

سڵۆك: سرك، ڕەوەك، سڵ، بەپارێز

سفتە: چەك، کومپیالە، پسوولەی حەواڵە

ساپیتە: ساپیتك، میچ

سۆزە: گۆرانی خەمبار، سۆز، گۆرانی بە دەنگی نزم

سرووش: سەرۆ، ئیلهام، وەحی

سەرەوگرد: سەروەسێت

سندم : پێوەندی ئاسن.

# ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەپیور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە

شەواك: گەمژە، گێلۆکە، دەبەنگ، سائەقڵ

شێلو: لێڵ

شلك: ناسك و تورت، سست و خاو

شەجەرە: سەجەرە، لیستی ناوی باب و باپیران

شەلاق: شەلاخ، قامچی ، جەڵدە

شەوبێری: شەونشینی، شەوکۆڕو مەجلیسی دۆست و برادەران، شەڤڕونك

شەقڵ: مۆرك

شەڤرونك: شەونشینی، شەوکۆڕ، مەجلیس و ئاهەنگی شەوانە

شەڕاشو: شەڕانی، جنگن، جینگن

شەپلە: نەخۆشی ئیفلیجی

شکستۆك: نزیکە شکان، شکستەنی، شتی ناسکی نزیکە شکان.

شەهلەوەند: سوارچاك، لاوی شۆخ و شەنگ.

شاختیز:باروودانی راوچی، شاخ

شوورەنگێو:شیر وەشێنی کارامە

## ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

عال: نایاب

## غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە، نامۆ، ئاوەکی

## ف:

فەرمایشت: فەرمووده، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بیّ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل، بە فیز و ئیفادە

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

فەسات: گاینی ژنی بێگانە بە زۆر

ڤیان: خۆشەویستی، ئەڤین، ئەوین، دڵداری

فەرتووس: زورهان، پیری پەککەوتە

فەزیحەت: نەنگ، ریسوایی، مایەی ریسوایی

فیزماڵك: خۆ دزینەوە

فیوداڵ موڵکدار، دەرەبەگ

فەڵە: دیان، مەسیحی

## ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕه، وەرەز، سڵ ، رەوەك
قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی
قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان
قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك
قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە
قەلآیی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە
قژاوڵە: تاق تاقکەرە
قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ
قەساس: سزا، تۆڵە
قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت
قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك
قامبێژ: گۆرانی بێژ
قەساو: قەساب
قەلەزراو: ترسنۆك
قەتاندن: بەسەربردن
قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ
قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان
قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان
قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن
قەموور: کووڕ، پشت کۆم، قەمبوور
قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر
قەبە : گەورە
قۆشەن: لەشکر
قرێر: بڕیار، قەرار
قەوماو: بویەر، رووداو
قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی
قیرات: گەرماپێو
قرێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان
قاپووت: پاڵتۆ، ساقۆ، بالآپۆش
قەواڵە: سەنەد، بەڵگەنامە
قەوغا: زۆر قەرەباڵغ و ئاوەدان
قرێتە: قرێدە، قلآدەی ملی سەگ، ئەڵقەی ملی تاژی
قۆشمە: حەنەکچی، گاڵتەچی
قوڕنە: گۆشە، سووچ، قوژبن، سیلە
قەیچی: مقەست
قاودان: دەرکرن، جواوکردن.
قەبرغە: برك، قەبرخە، خالیگە
قووچاندن: راکردن، هەڵآتن. ڕەڤین.

**قاقەز قوشی : کۆلارە.**

**قازان: مەنجەڵی گەورە.**

**قار: ڕق، غەزەب، تۆران**

**قەرەوڵ: پاسەوان، ئێشکگر، یاساوڵ**

**قەتران: دەرمانێکی ڕەشە لە کولاندنی داری سنۆبەر دەگیرێت**

## ك:

**کوت ومت: ەقاودەق**

**کوانگە: کوانوو، ئاگردان**

**کارمامز: بەچکە ئاسك**

**کودەڵە: بێچووە بەراز**

**کوختە: کۆخ، خانووی چکۆڵەو خراپ**

**کوڵکە: موو، توك**

**کولۆ: کولله**

**کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت**

**کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی**

**کێوە: بۆ کوێ**

**کەپەك: سۆس**

**کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری**

**کلۆر: ناوبەتاڵ**

**کوریژگە: کوڕی بچووك**

**کەپوو: لووت، دفن**

**کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار**

**کەسك: سەوز**

**کۆمیدی: پێکەنیناوی**

**کامکردن: نەوس تکان**

**کەزی: پرچ، زڵف**

**کڵاوخود: کڵاوی ئاسنینی شەڕڤان**

**کەرب: رق و کینە**

**کان: مەعدەن**

**کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ**

**کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە**

**کەمدوو: کەم قسە**

**کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان**

**کەوی: ماڵی، دەستەمۆ**

**کەڤر: بەرد**

**کەڤرۆك: بەردەلان**

**کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ**

كێشكچی: پاسەوان، نیگابان

كۆ : سڵ، سڵكردنەوە

كەپوو : لووت، دفن

كارگە : وەرشە

كەرپووچ : خشتی سوورەوەكراو

كوند: بوەكوێرە، كوندە پەپوو، بایەقوش

كەودەن: گەوج

كاژستان: بێشەی داركاژان

كرێت: ناشیرین، كاری خراپ

كەتواری: ریالیستی، واقیعی

كەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

كنوكۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

كسۆك: سەگ

كەستەك:سندە گڵ، كڵۆ قوڕی وشكەوە بوو

كۆشیار: چالاك، پڕكۆشش

كینەكێش: ڕك هەڵگر، ڕكونی

كەت: تەختەخەو

كەرەمكە: بفەرموو

كەوە رۆژ: رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

كۆما: كۆمەڵێك

كەترەخانە: خانەی پیران

كەشم و نەشم: جوانی و نازو عیشوە

كۆرفام: گێل، گەمژە، دەبەنگ، گەلحۆ، گەلۆر

كەپەنك: فەرەنجی، قاپووتی لباد

كلكە سووتە: ڕووپامایی، كلكە لەقێ، ڕیایی و زمانلووسی

كۆجاڕ: كێوسات، كۆسار

كارەكەر: قەرەواش، خزمەتچی مێوینە، جێری

كەڵگیت: كەركیت، هەپك ، شانەی پۆ كوتانی تەون.

كەنیزەك: كارەكەر، كەنیز، قەرەواش.

كەوێڵ: كۆخ، كۆختە،خانووی چكۆلەی یەكچاوە. ئەشكەوت.

كوچەماڵ: كەناس

كەڵەموست: قامكی گەورە،كەڵە ئەنگوست، ئەنگوستە گەورە.

كەڵەباب: كەڵەشێر، دیكل

كەمەند:پەت، كندڕ، حەبل

كتك: پشیلە

## گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵكەر، دەرۆزەكەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەكمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، كایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانكە

گازكردن: بانگكردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵكە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگكردن

گرۆز: وڕكن

گڵكۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

گێچەڵ: گەڕ، تەشقەڵە

گەمشەك: گەمژە، گەوشەگ، گەمشۆ، شەواك، گێل، دێوانە

گاڵدان: هاندان بۆ كاری خراپ

گۆڵمەز: زەنا زەنا، هەراو زەنا، دەنگەدەنگ

گەوشەك: بڕوانە گەمشەك

گەمشۆ: گێل، دێوانە، كەمفام، كاڵفام

گەوڕ: پشتیر، ئاغەڵ، تەویلە

گۆڵ : سەگی نێر.

# ل:

لە كەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلاّن

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو، نزیك بوو

ڵێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لە هەنبەر: بەرانبەر

ڵێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ ، مەتەڵۆك

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:ڕەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، بڕۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

لێبۆك: لەودە، حەنەکچی، فێڵباز، موهەڕیج

لچ: لێوی خوارەوە

لوشکە: لوشك، جووتە

لاتریسکە: لادان لە ڕێگە

لات: نەدارو فەقیر، بێنەوا، پەریشانحاڵ

لەلە: نۆکەری زارۆك بەخێوکەر

لاڤە: پاڕانەوە

لە عەلەیی: لە دژ

لە یەکبینە: بەردەوام، پەیتاپەیتا، لە پەستاو بێ بڕانەوە

لەزێکە: پەلە بکە، خێراکە، بلەزە

لوقمان: دکتۆر، حەکیم

لەغەم: نەفەق، ڕێگەی ژێر عاردی

## م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

مالیجە: چارەسەر، عیلاج، معالەجە

مەدام: خا، خاتوون، خانم، خات، یا

مجێز: میزاج، مەجاز

مەحتەل: ماتەڵ، دێرکەوتن

ماخۆلیا: ئەسپەك، نەخۆشیەکی مێشکە، گێژوحۆل

مەکتەبلی: قوتابی

مەخسەرە: گەپجاڕ

مۆڕە: خێسە، روانین بە چاوی زەق و تورەیی

مەچیر: داوەبەن، دەزوو، تاڵ

مێردەك: بۆرە پیاو

مێژەڵۆك: لقی بڕاوەی ڕەز

مەعاف: بەخشراو، ڕەوا

موزیڕ: زیانۆك، زەرەردەر

میانساڵ: ناڤساڵ

مۆزە مۆز: دەورو خولدان بە مەبەست و تەمایەك

مۆرانە: جانەوەری دارخۆر

مەردمازار: ئەزیەتدانی خەڵکی

مشە: زۆر، فرە

مامێز:مامزە.

مامز: ئاسك، کەژاڵ

مەهوەش: وەك مانگ، مانگ ئاسا.

## ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵاَن

نسیبەت: بەلاَ، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

**ناڤسالّ : میانسالّ**

**نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا**

**نەخاسما: بە تایبەتی**

**نەسرانی: فەڵە، مەسیحی، دیان**

**ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە**

**نۆبەرە: یەکەم مندالّ، یەکەم بەر**

**نەپەرژان: دەست نەگەییشتن، فریا نەکەوتن، پێڕانەگەییشتن**

**نێرەوەز: نێرینە، نێر ڕەگەز**

**نەپرینگانەوە: سلّ نەکردنەوە، کۆنەکردنەوە، سلّ نەکردن**

**نیونەخت: یەك دەم، یەك سات**

**نێش: چزوو**

**نەساغ: نخۆش**

**نمەك ناسی: ئەمەگداری، وەفاداری**

## و:

**وەمێنیّ:بمێنێتەوە**

**وەکرد: کردەوە**

**وەشێرت: شاردەوە**

**وێنا: تەسەور**

**وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن**

**واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو**

**وێدەدەم: دەدەمیّ**

**وەقف کردن : تەرخان کردن**

**وەردەوەدان : لە جاریّ پتر کێلاّن**

**وەردیان : زیندانەوان**

**وەشانخانە: بلاّوەخانە، دارالنشر**

**وەشانکار: بلاّوکەرەوە، ناشر**

**وڕاوە: وڕێنە**

**ودم:مومبارەکی، پیرزی**

**وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو**

**وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە**

**وێمدە : بمدەیە**

**واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن**

**وەزەن: ئازار**

**وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول**

**وازوازی: دەمدەمی مجێز**

**وێلّ: ماریفەت**

**وانێك: یارۆ، هین**

وڵە: نەمەییوی تەواو

وشت: وشەی دنەدانی سەگ

## ه:

هانکە هانك: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربە هەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو، هەڕەت، جەنگە، تاف

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەرە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەلأیەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفیر

هەلأویێردن: جیاکرنەوە

**هاته وەشاندن ، بلأوكرایەوە**

**هزرڤان: بیرمەند، زانا**

**هەنیە: تەویڵ، ناوچەوان**

**هەلاكەت: گیانەڵلا، ئاویلكە، ئاوزینگ، حاڵی مردن**

**هەلأژیان: ڕاكشان**

**هاژۆتن: لێخوڕین**

**هێم: بناخە، بناغە**

**هاوسونح: هاوساڵ، هاوتەمەن، هاوزا**

**هاو وازی: هاوگەمە، هاوكایە، هاوبازی**

**هەوسار: ڕێشمە، دەستە جڵەو**

**هاوقەتار: هاوكارو پیشە، هاوڕێ، دۆست**

**هەمێز: ئامێز، باوەش**

**هزرین: بیركردنەوە**

**هەڵەت: زەردو ماهی زۆر سەخت.**

**هەراشتر: گەورەتر، پێگەییوتر**

**هەڕە: مشار.**

**هۆشی: گوڵەوەچنی.**

## ی:

**یاڵ: تووكی سەر ملی شێرو یەكسم**

**یەكهاوی: یەكجۆر، یەكدەست، بێگۆڕان**

**یارۆ : فلأن**

**یاتاخ : پێخەف ، نوێن**

**یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو**

**یونیفۆرم: جلكی فەرمی یەكچەشن**

**یاوەگۆیی: وڕاوە، وڕێنە**

**یا: خا، خات، خاتوون، خانم، وشەی ڕێزە بۆ ژنی گەورە.**

**یەغدان: یەخدان، سەنوقیداریینی گەورە.**

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جیّ پیّ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(         )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەیێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

**٨٤–وقفات فى رحاب الپقافه الكورديه، حەمه كەریم عارف**

**٨٥–هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسكی**

**٨٦–دەیڤد كۆپەرفیلد، (ڕۆمانی كورتكراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیكنز**

**٨٧–ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس**

**٨٨–ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی**

**٨٩–شازادە و گەدا، ڕۆمان، مارك توین**

**٩٠–توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی**

**٩١–سفرەی فەقیران   حەمە كەریم عارف**

**٩٢–باڵندەكەی من    ڕۆمان، فریبا وفی**

**٩٣– نامەكانی تولستۆی**

**٩٤– جەمیلە، ڕۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف**

**٩٥– حەفتا چیرۆكی چینی بۆ منالانی كورد**

**٩٦– الرحیل الدامی....تقدیم وترجمه: جلال زنگابادی**

**٩٧– كۆڵوانە سوور... كۆچیرۆك بۆ مندالان**

**٩٨– ئەو پیاوەی كە سێبەری خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ**

**٩٩– دكتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ**

**١٠٠– با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی**

**١٠١– دۆزەخی پیرۆز، ڕۆمان ،برهان شاوی**

**١٠٢– من و نەنكم و ئیلاریون و ئیلیكۆ / ڕۆمان / نودار دومبادزە**

**١٠٣– یادگارییەكانی خانەی مردووان/ دۆستویفسكی**

**١٠٤–مێژووی ڕۆمانی توركی**

**١٠٥– دیوار...كۆچیرۆك................كۆمەڵێك نووسەر**

**١٠٦– كۆكۆرۆ...............ڕومان.........ناتسومی سوسكی**

**١٠٧– كانییە قارەمان....كۆچیرۆك بۆ مێرمندالان /حەمەكەریم عارف**

**١٠٨– ئەودیوی مەرگ...........حەمەكەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موكریانی**

**١٠٩– قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەكی و پاچڤەی: حەمەكەریم عارف**

**١١٠– گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسكی**

**١١١– دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...**

**١١٢– ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...**

**١١٣– تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل**

**١١٤– لە زمانی چیرۆكنووسانەوە**

**١١٥– جیهانی چیرۆك ( كۆمەڵێك دەق ورەخنە)**

**١١٦– ڕۆبینسۆن كرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ**

**١١٧– هەزار پیشە................حەمەكەریم عارف**

*** لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاكانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی كوردی دەكات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە كردن و وەرگێڕان) بڵاودەكاتەوە..**

*** ئەو بەرهەمانە و زۆری دیكەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپكردنەوە و هەر كەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو كردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بكات...**